# ڕۆحی سیاسەت

گۆستاڤ لۆبۆن

وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفوور

**عەقڵ زانست بەرهەم دێنێ، هەست و بیروباوەڕیش مێژوو ئاراستە دەکەن**

**دانەر**

## ناوەرۆك

*** دەروازەی یەكەم: مەبەست و شێواز**

١- رۆحی سیاسەت

**٢-** خواستەكانی ئابووری و تیۆرەكانی سیاسەت

**٣-** رێبازەكانی لێكۆڵینەوە لە رۆحی سیاسەت

**دەروازەی دووەم: فاكتەرە فیكریەكان لە دنیای سیاسەتدا**

١- سەرچاوەی یاساكان و وەهمەكانی یاسادانان

٢- خراپیی یاساكان

٣- رۆڵی ترس لە جیهانی سیاسەتدا

٤-پەیدابوونی مافە ئیلاهیەكان لەكاتی ئێستادا

٥- فاكتەرە دەروونیەكان لە جەنگدا

٦- فاكتەرە دەروونیەكان لە جەنگی ئابووریدا

٧- خوێندنی زانكۆ و كاریگەریی دەروونی

**دەروازەی سێیەم: حكومەتی میللی**

١- دەستەبژێری پیاوان و گرووپەکان

٢- قایلکردن

٣- سایکۆلۆژیای کرێکاران

٤- شێوە نوێکانی ویستی گەل

٥- موزایەدەی هەڵبژاردن و رق لە سیستمی پەرلەمانی

٦- تیراوێبوونی تاکڕەوی

**دەروازەی چوارەم: وەهمەکانی سۆشیالیزم و وەهمە سەندیکاییەکان**

١- وەهمەکانی سۆشیالیزم

٢- وەهمە سەندیکاییەکان

٣- پەرەسەندنی فەوزەویانەی سەندیکایی

**دەروازەی پێنجەم: هەڵەکانی رۆحی سیاسەت لە ماددەی کۆلۆنیالیزمدا**

١- پرنسیپە کۆلۆنیالیستیەکانمان

٢- ئەنجامی پیادەکردنی پەروەردەی ئەورووپی لەسەر گەلانی دواکەوتوو

٣- ئەنجامی پیادەکردنی سیستمەکانی ئەوروپا و پرنسیپە ئاینیەکانی

لەسەر گەلانی دواکەوتوو

٤- بۆچی شارستانێتیی ئەورووپی ناتوانێ گەلانی دواکەوتوو بگۆڕێ؟!

٥- رێگە نوێکانی کۆلۆنیالیزم

**دەروازەی شەشەم: پەرەسەندنی پاشاگەردانی و بەگژاچوونەوەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی**

١– پاشاگەردانیی کۆمەڵایەتی

٢– تەشەنەسەندنی تاوان

٣– کوشتنی سیاسی

٤– چەوساندنەوەی ئاینی

٥– کێشەی کۆمەڵایەتی

٦– قەدەرە نوێکان و لەناوبردنی قەدەر

٧– بەرگریی کۆمەڵایەتی

## دەروازەی یەکەم

# مەبەســـت و شـێواز

## بەشی یەکەم

## رۆحی سیاسـەت

لە رواڵەتەکانی پێشکەوتنی زانست لەم سەردەمەدا پشتکردنی زانایانە لەو شەرحە سادانەی جاران بەوەندە وازیان دەهێنا. ئەوەی لە رابردوودا پێیان وابوو راستیەکەیان زانیوە، لەم رۆژانەدا وردە وردە زەحمەتیەکەی دەردەکەوێ. ئەمە شتێکی گشتییە و سەرجەم توێژینەوەکان لەمەڕ گۆڕانی ژیانی گەلانی گرتۆتەوە، ئێستا مێژوونووسان زیاتر چاویان دەکرێتەوە و دەزانن لە توێژینەوەکانیاندا زیاتر وەهم بەسەریاندا زاڵ بووە ئەگەرچی پێشتر دەیانگوت گوایە رووداوەکانیان راستگۆیانە باس کردوە.

ئەمڕۆ دەبینین رووداوە کۆمەڵایەتیەکان فرە ئاڵۆز و توند پێکەوە بەستراون و هاوشێوەی رووداوەکانی ژیانی جەستەیی زۆر لە سادە و ساکارییەوە دوورن. بۆیە پێویستە ئەو زانایەی لە بواری گەڕان بەدوای ئەو یاسایانەدا کە جۆرەکانی پێ دەگۆڕێن و دەگونجێن، تێدەکۆشێ، بەدوای یاساکانی پەیدابوونی کۆمەڵایەتیشدا بگەڕێ، کە زانست شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە دەزانێ.

لەو رووەیشەوە لێکۆڵینەوە لە رەگەزەکانی کۆمەڵگە لە سنووری بازنەی ئیدیعا نادروستەکان تێنەپەڕیوە، لەبەرئەوە زانینی راستیی شتەکان بەناتەواوی ماوەتەوە و چاوساغانی زانستە تیۆریەکان لە ژیانی نەتەوەکاندا تەنیا بایەخ بەو بابەتانە دەدەن کە جێسەرنجن. لێرەوەیە بەلایانەوە ئامانجی مێژوو کۆڵینەوەیە تەنیا لە کار و شەڕ و شۆڕەکانی پاشاکان. تا ئەم دواییانەیش خۆ نەبانکردنیان لە ژیانی گەلان و بەسووك سەیرکردنیان بەردەوام بوو.

زانستی نوێ بەو کورتە وەڵامانە داناکەوێ کە زانایانی رابردوو سەبارەت بەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە ژیانی سیاسیی گەلانەوە هەیە داویانەتەوە، لەوانە: بۆچی زۆر گەل لەپڕ سەریان هەڵدا و دنیایان پڕ کرد لە قەپوقاڵ و مەزنی؟ بۆچی پاش ئەو مەزنییە ئەستێرەی ئەو گەلانە ئاوا بوو و چەندین سەدە سۆراخیان نەما؟ خواوەندەکان، سیستمەکان و زمانەکان چۆن چۆنی سەرهەڵدەدەن و دەگۆڕێن و پاشان دەمرن؟ ئایا ئەم فاکتەرانە کار لە کۆمەڵگەکان دەکەن یان ئەمانن کار لەوان دەکەن؟ بۆچی هەندێ ئاین، وەك ئیسلام، لەپڕ بڵاو بوونەوە لەکاتێکدا بڵاوبوونەوەی هەندێ ئاینیدی چەندین سەدەی ویست؟ بۆچی ئیسلام پاش نەمانی دەسەڵاتە سیاسیەکەیشی ژیا لەکاتێکدا هەندێ ئاینی وەك مەسیحی و بوودایی خەریکە لەنێو بچن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەمان لەدەست دەرناچێ، بەڵام ئاشکرایە زانست ئەو شەرحانەی لە قۆناغی گەنجێتیی خۆیدا پێیان رازی بووە، لە تەمەنی کامڵبوونیدا پێیان رازی نابێ.

ئەو سەردەمە بەسەرچوو تێیدا خواوەندەکان مێژوویان سەرکردایەتی دەکرد، ئەستێرەی ئەو قودەرتە بێوێنەیە ئاوا بوو کە بەڕێوەی دەبردین و ئیتر دەستکراوەیە و ناچارە لەنێو کۆمەڵێ هێزی نەناسراو(مجهول)دا کە دەوریان داوە گرنگی بە چارەنووسی خۆی بدات. ئەو هێزانە هێشتا

بەسەریدا زاڵن، ئەگەرچی وردە وردە خەریکە بەسەریاندا زاڵ دەبێ. بەو زاڵبوونە سەرەمرەیش دەڵێین "پێشکەوتن".

هەر ئەوە بەس نیە مرۆڤ دەست بەسەر سروشتدا بگرێ، بەڵکو بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا بژی پێویستە بزانێ چۆن خۆی جڵەو بکات و ملکەچی یاسا گشتیەکان بێ. ئەرکی سەرکردەکانی گەلانە ئەو یاسایانە بەسەر خەڵکدا فەرز بکەن و ناچاریان بکەن ملکەچیان بن.

زانینی شێوازەکانی حوکمڕانی —واتە زانینی رۆحی سیاسەت— لە سەختترین بابەتەکانە لە هەموو رۆژگارێکدا بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە قورسایی خواستەکانی ئابووری کە زادەی داهێنراوەکانی زانست و پیشەسازین باری سەرشانی نەتەوەیان قورس کردوە و وای لێهاتوە حکومەتەکان هیچ کاریگەریەکیان تێیدا نیە. رووداوەکان ناچارمان دەکەن پەنا بۆ هونەری سیاسەت ببەین ئەگەرچی رێسای ساغنەکراوەیشی تێدایە. ئەو رێوشوێنانەی لەو رووداوانەوە پەیدا دەبن بەزۆری گرنگیی گەورەیان هەیە، دەگونجێ لە ئەنجامی هەڵەیەکدا چەندین نەوە گرفتار ببن، رووداوە زۆرەکانی سەدەی رابردوو بەڵگەی ئەمەن.

کاریگەری گرنگترین رێساکانی حوکمڕانییە، هونەری سیاسەتیش لە مەزەندەکردنی کات و چۆنێتی و سنوورەکانی ئەو کاریگەرییە پێکدێ.

بە سەرنجدانی ورد لەو چورتمە سیاسیانەی لە مێژوودا روویان داوە دەبینین بەرهەمی بێئاگایی بوون لە دەروونناسی. جا وەك چۆن هونەر و زانستەکان ملکەچی رێسایەلێکن ناکرێ هەڵبوەشێنرێنەوە، بەهەمان شێوە قیادەکردنی خەڵکیش کۆمەڵێ رێسای هەیە حورمەتشکاندنیان ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە. دۆزینەوەی ئەو رێسایانەیش زەحمەتە، بەبەڵگەی ئەوەی ژمارەی ئەوانەیان تا ئێستا داڕێژراون زۆر کەمن.

تاکە کتێبی راستەقینە کە لە رۆحی سیاسەتی کۆڵیوەتەوە ئەو کتێبەیە فلۆرەنسییەك چوار سەدە لەمەوبەر دایناوە و بەهۆیەوە ناوی بەنەمر مایەوە. تەرمی ئەو نووسەرە لەژێر گومەزی کەنیسەی خاچی پیرۆز (سنتا کروشیا)ی بەناوبانگ لە شاری فلۆرەنسادا نێژراوە. ئەم کەنیسەیە کە ناونیشانی شانازیەکانی ئیتاڵیایە کۆمەڵێ گۆڕی جوانی تێدایە کە وەك یادەوەریی مەزنانی ئیتاڵیا دروست کراون وەك مایکڵ ئەنجلو و گالیلۆ و دانتی و ...هتد. باسی شاکارەکانی ئەو پیاوانە بە پیتی زێڕ نەخشێنراوە، لەنێو گۆڕەکانیاندا تەنیا یەکێکیان وا بینراوە درێژەدان بە وەسفی خاوەنەکەی سوودی نیە و تەنیا ئەم رستەیەی لەسەر نووسراوە: "ماکیافیلی ١٥٢٧، باڵاترین شکۆ ناگاتە پایەی ئەم ناوە".

ئەو بەرهەمەی ماکیافیلی بەهۆیەوە شایستەی ئەو مێژووە شکۆدارە کورتە بوو بریتییە لە کتێبەکەی بەناونیشانی "میر"، کە ئەو کتێبە کۆمەڵێ رێسای وردی سەبارەت بە رابەرایەتیکردنی خەڵکی ئەو سەروەختە لەخۆگرتوە. ئەگەر ئەو کتێبە تایبەت نەبوایە بەو سەروەختە ئەوا پاش پەرەسەندنی فیکر و

نەریتەکان کە وای کرد کتێبەکە گوزارشت لە خواستەکانی ئەم ڕۆژانە نەکات، ئەو ناوبانگە خراپەی وەرنەدەگرت و ناوی "ماکیافیلی" نەدەبووە هاومانای ناپاکی و فێڵ و تەڵەکە.

ئەو بیرمەندە گەورەیە بە بیرتیژیی خۆی راستیی شتەکانی دەبینی، بەشوێن شتە مومکینەکاندا دەگەڕا نەك کەماڵ، ئەوەی دەیەوێ بزانێ ئەو پیاوە چەندە بلیمەت و زرنگ بووە با بەخەیاڵ لەو سەردەمە خراپە بڕوانێ کە ژیانی مرۆڤ لای کەسانیتر هیچ نرخێکی نەبوو، بەشێوەیەك بەلای خەڵکەوە شتێکی سروشتی بوو پیاو کاتێ دەچوو بۆ ناخواردنی ئێوارە لەسەر سفرەی کاردینالێك یان هاوڕێیەکی، لەترسی ئەوەی نەوەك ژەهرخوارد بکرێ شەرابی خۆی لەگەڵ خۆی ببات. لەبەرئەوە وەك چۆن شەرحکردنی جەنگەکانی خاچپەرستی و جەنگە ئاینیەکان و داستانی (سان بارتلمی) بە پرنسیپەکانی ئەم سەردەمەمان هەڵەیە، راڤەکردنی سیاسەتی ئەو سەردەمەیش بە فیکری ئەمرۆمان هەڵەیە.

میکیافیلی لە چاوساغانی زانستە تیۆریەکان نەبوو، بەڵکو —لەڕێی ئەو پۆستە زۆرانەی وەریگرتبوون— لە سیاسەتی کرداریی وڵاتەکەی کۆڵیبوویەوە، ئەو ئاشوبە خوێناوییە بەردەوامانەی باڵیان بەسەر کۆمارەکانی ئیتاڵیادا —کە خاوەنی سیستمی سەندیکایی بوون— کێشابوو، ئازاری پێ گەیاندبوو، ساڵی ١٥٠٢ بەچاوی خۆی بینی فلورەنسا چووە ناو سیستمی حوکمی رەهای هەمیشەیی، ئەویش بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەو سیستمە لە هەموو سەردەمێکدا لە حکومەتە میللیەکان پەیدا دەبێ. لەوەیشدا خەیاڵپڵاو نەبوو، چونکە دەردەکە هاوشێوەی فلورەنسا، سەرجەم کۆمارەکانی ئیتاڵیا و ئەسینا و رۆمایشی گرتەوە.

ئەگەرچی بۆچوونەکانی "ماکیافیلی"ی مەزن هیچ سوودێکیان لە سەرکردایەتیکردنی خەڵکدا نەماوە، بەڵام چوار سەدە بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی کەسێك هەوڵ بدات کاریگەریی ئەو رێبازە لە رۆحی سیاسەتدا نوێ بکاتەوە، کە بۆ کاربەدەستان پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە. لەڕاستیدا رۆحی سیاسەت — یان بڵێ هونەری حوکمڕانی— گرنگە بۆیان، بەڵام کەمیی دەستووورە راشکاوەکان وای کردوە قەیرانی سەرکردایەتیکردنیان بە هەڵچوونەکانی سات و کۆمەڵێ کورتە رێسای تەقلیدی کە کورتیەکەیان عەیبدارە، ئەمەیش دەبێتە مایەی سەرلێشێوانی هەندێ سەرکردە، بۆ نموونە ناپلیۆن —کە شارەزای باری رۆحیی فەرەنسیەکان بوو— هیچی لەبارەی میزاجی فیکریی رووس و ئیسپانیەکان نەئەزانی، لەبەرئەوە جەنگی لەدژیان بەرپا کرد، کە توانا جەنگییە نائاساییەکانی نەیانتوانی لەبەردەم نیشتمانپەروەریی راستەقینەیاندا کە هیچ هێزێك نایشکێنێ، رێگەی شکستهێنانی لێبگرن. میراتگری ناوەکەیشی کە بەباشی ئامۆژگاری نەکرابوو، کۆمەڵێ هەڵەی فیکری لە قریم و مەکسیك و ئیتاڵیا و وڵاتانیتر ئەنجام دا، ئیتر وای لێهات لە کۆتاییدا دوژمن پەلاماری فەرەنسا بدات.

سەرکردەکانی خەڵك بەزەرورەت لەو کەسانە دەبن کە ئاگەداری باری فیکریی خەڵکن، ئەگەر "بسمارك" بە باری دەروونیی تاك و گەلان ئاشنا نەبووایە سوپاکانی ئەڵمانیا بەشی بنیاتنانی تەلاری یەکێتی ئەڵمانیایان نەدەکرد.

رۆحی سیاسەت کۆمەڵێ پێکهێنەری هەیە گرنگترینیان بریتین لە: رۆحی تاکەکان و رۆحی کۆمەڵەکان و رۆحی گەلان، ئەم زانیارییانە لە دیدی مامۆستایانی قوتابخانەکانماندا شتی بێسوودن، بەڵگەیش باسنەکردنیانە لە پرۆگرامەکانیاندا، قوتابخانەی زانستە سیاسیەکانیش ئاگای لە بوونیان نیە. ئایا سەیر نیە خوێندکار نازناوی (دکتۆر)یان تێدا بەدەست بێنێ بەبێ ئەوەی هەندێ زانیاری ببیستێ کە بناغەی راستەقینەی جیهانی سیاسەتن؟

هەموو کالای سیاسەتمەدارانی کەمتفاق لە بواری دەروونناسیدا لە چەند بنەمایەکی تەقلیدیدا قەتیس دەبێ کە هیچ بە کەڵکی چارەسەری کێشە نوێکان نایەن. لە بارێکدا هەڵچوونەکانی حزبە بێبارەکان بووەتە چاوساغیان لەبەرئەوە چورتمە فیکریەکانیان زیادیان کردوە، یەکێك لەو چورتمە مەترسیدارانە جیاکردنەوەی کەنیسەیە لە دەوڵەت و بەخشینی سەربەخۆیی و دەسەڵاتێکی وایە بە ئیکلیرۆس کە کاسۆلیکیترین پاشاکانمان رێگەیان پێ نەداوە. یەکێکیتریان بریتییە لە بنەماکانمان لە پەروەردەدا کە پێچەوانەی بنەماکانی پەروەردەی ئەڵمانین لەکاتێکدا ئەو بنەمایانە نهێنی داهێنراوەکانی زانست و پیشەسازی و ئابوورین لە ئەڵمانیا. دیسان لەوانە: سیاسەتی تواندنەوە (الادغام) و نواندن (التمثیل) کە بەسەر داگیرگە (مستعمرة/کۆلۆنی)ـەکانمانیدا پیادە دەکەین، بەوەیش پاشەکشە و دواکەوتنمان بەسەریاندا سەپاند + بڕیاری حکومەت بە وەرگرتنی کەسانی شەقاوە لە ریزەکانی سوپادا لەکاتێکدا پێشتر لەترسی گواستنەوەی پەتاکەیان بۆ غەیری خۆیان لە هەندێ کەتیبەی تایبەتدا نەبێ وەرنەدەگیران + ملکەچبوونی حکومەت بۆ یەکەمین مانگرتن کە فەرمانبەرانی پۆستە ئەنجامیان دا + دانانی زۆر یاسا کە دەوترا گوایە لێوانلێون لە مرۆڤدۆستی + ئەو باوەڕە وەهمیەی دەڵێ: کۆمەڵگەکان بەدەرکردنی یاسا و بڕیار نوێ دەبنەوە و نەتەوە لە کاریگەریی رابردوو رزگاری دەبێ.

گومان لەوەدا نیە ئەو فاکتەرانەی نەتەوە ئاراستە دەکەن فرە ئالۆزن، لەوانە فاکتەرە سروشتیەکان، فاکتەرە ئابووریەکان، فاکتەرە مێژووییەکان، فاکتەرە سیاسیەکان و... هتد، دواجار ئەم فاکتەرانەن رێڕەو و ئاراستەی فیکرمان دیار دەکەن، واتە وەك ئەنجام دەگۆڕێن بۆ فاکتەری فیکری.

هەندێ جار کێشەکانی نێوان گەلان توند دەبن و بە تۆپ نەبێ چارەسەر نابن، ئەوکات هەق لەلای لایەنی بەهێزترەوەیە، کێشەی نێوان بروسیا و نەمسا، نێوان ترنسفال و ئینگلتەرا، نێوان ژاپۆن و رووسیا بەم شێوەیە چارەسەر کرا، بەڵام دەکرێ کێشە لاوەکیەکان لەباتی ئاگر و ئاسن بەشێوازی دەروونی چارە بکرێن، تەنیا بەهێزەکانیشن کە لە دوژمنانیان بەهێزترن بەسوك تەماشای ئەم رێگەیە دەکەن —وەك

ناپلیۆن و بسمارك– و تەنیا شمشێر بە حەکەم دادەنێن، ئەوکاتە دەبێ دوژمنەکان بێدەنگی هەڵبژێرن تا ساتی زەنگی کاتژمێری تۆڵە لە کاتی حەتمی خۆیدا لێدەدات.

ئێستا کەس نابینین بتوانێ ئەو ئامرازە بنبڕانە بەکار بێنێ، چونکە هاوپەیمانێتیەکانی نێوان گەلان رێگرە لە بەکارهێنانیان، ئیتر هیچ پاشایەك نیە بەخەیاڵیدا بێ خۆی بە تاکە سەردار دابنێ. رووداوەکانی مەراکیش گەلانی فێر کرد کە چ چارەنووسێکیان دەبێ ئەگەر بۆ بەرگری لەخۆکردن هاوپەیمانی نەکەن.

کەواتە وتوێژ لە کاروبارەکانی ژیانی رۆژانەدا لەنێوان ئەو هێزانەدا روودەدات کە بەنزیکەیی هێزی هاوتان، دەروونناسی رۆڵێکی گەورە و جەمسەرەکانی سیاسەتیش کاریگەریەکی گەورەیان لە چارەسەری ئەو بابەتانەدا هەیە، ئەم کاریگەرییە ئێستا لە رابردوو کەمترە، ئەو جەماوەرەی زانیاریەکانی لە تێلیگراف (البرقیة) و تەلەفۆن و رۆژنامەکانەوە وەردەگرێ وردترین رووداوە سیاسیەکان گەنگەشە دەکات، لەکاتێکدا سیاسییەکان یاداشتە تەمومژاویەکانیان بەخاوی ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئەوەیش ناچاریان دەکات هاودەنگیی رای گشتی بکەن و بەئاشکرا شوێنپێی هەڵبگرن، نەك وەك جاری جاران پێشی بکەون.

ئەمە رێگر نیە لەوەی بڵێین رۆڵی سیاسەت کە بەناهەق بەسووك تەماشای کراوە، هێشتا گرنگە، زۆر کێشەی گەورە لەرێی جموجوڵە سیاسیەکانەوە چارەسەر کراون، لەوانە: کێشەی لێدانی کەشتیەکانی راوی ئینگلیز لە سەرەتاکانی جەنگی رووسی ژاپۆنیدا لەلایەن بارجە رووسیەکانەوە، کێشەی دارولەبەیزا، هەروەها ناکۆکیی نێوان رووسیا و نەمسا سەبارەت بە سرب و... هتد. خۆ ئەگەر پێش جەنگی حەفتا سیاسەتوانی وامان هەبووایە کە هیچ نەبێ کەمێك لە راستیی شتەکان شارەزا بوونایە ئەو جەنگە لەو کاتەدا کە دوژمن دیاری کرد رووی نەدەدا و بۆ رۆژێك دوادەکەوت تێیدا ئێمە هاوپەیمانمان هەبووایە.

ئاشنابوون بە رۆحی سیاسەت کاربەدەستان (اولو الامر) فێر دەکات چۆن چۆنی ئەو کێشانەی رۆژانە دێنە رێگەیان چارەسەر بکەن و بزانن چ کاتێك پێویستە بەدەم ویستی گەلەوە بچن و چ کاتێکیش پێویستە بەرەنگاری بکەن. جێی داخە ئەو کاربەدەستانە بەگوێرەی میزاجی خۆیان ئەو ویستانە پەسەند یان رەفز دەکەن لەکاتێکدا پێویستە بەگوێرەی بارودۆخ بڕیار بدەن کە ئاخۆ بەرەنگارییان بکەن یان ملکەچیان بن، هیچیش لە جیهانی سیاسەتدا لە زانینی ئەوە سەختتر نیە و دەشێ نەزانینی خراپترین ئاکامی لێ بکەوێتەوە. لەوانەیە شۆڕشی فەرەنسی رووی نەدایە –یان لانیکەم بەتوندیەکی کەمتر رووی بدایە– ئەگەر خانەدانانساڵی ١٧٨٨ سوور نەبوونایە لەسەر رەتکردنەوەی بنەمای یەکسانی لە باجەکاندا، مەبەستم رۆژانی قەیرانی کشتوکاڵی و داراییە کە نەهامەتیی چینە کرێکارەکانی پتر کرد. رق و تووڕەیی ئەو چینانە لە خانەدانان کۆمەڵێ ئاشوبی لێکەوتەوە، کە بە داڕوخانی پایەکانی رابردووی دوور و درێژ نەبڕانەوە.

نەبوونی کتێب لەمەڕ رۆحی سیاسەت هەڵوەستەی پێکردم، لەبەرئەوە خوازیار بووم بتوانم ئەو بۆشاییە پڕ بکەمەوە، دوای بەسەربردنی دە ساڵ لە ئەنجامدانی کۆمەڵێ ئەزموون لە حیکمەتی سروشتیدا و دانانی

کتێبی "پەیدابوونی مادده" لەو ماوەیەدا، ناچار بووم لەبەر خەرجی زۆریان واز لەو ئەزموونانە بێنم و دەست بە توێژینەوە لە کۆمەڵناسی "سۆسیۆلۆژیا"دا بکەم. خوازیار بووم ئەو پرنسیپانەی لە زۆر لە کتێبەکانی پێشوومدا شەرح کرابوون بەسەر سیاسەتدا پیادە بکەم، لەبەرئەوە داوام لە هاورێی رێزدارم مامۆستا "ریبو" کرد لەو تێزە نوێیانەی سەبارەت بە رۆحی سیاسەت بڵاو بوونەتەوە ئاگەدارم بکات، ئەویش پێی راگەیاندم کە هیچ لەوبارەوە نەنووسراوە، بەوە سەرم سورما وەك کە پازدە ساڵ پێشتریش سەرم سورما کاتێ دەستم کرد بە توێژینەوە لەبارەی رۆحی حەشامات، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکم لە هیچ کتێبێکدا لەبارەیەوە بەرچاو نەکەوت.

مەڵێ کتێبی سیاسی کەمن، راستیەکەی لە سەردەمی ئەرستۆتالیس و ئەفلاتونەوە ژمارەیەکی زۆر کتێب لەوبارەوە دانراون، بەڵام دانەرانیان بەزۆری لە هەوادارانی زانستە تیۆریەکان بوون کە هیچیان نەدەزانی جگە لەو کەسە وەهمیانەی لە خەوندا بینیبوونیان، لەبەرئەوە کارێکی بێهوودەیە بەتەما بین شتێك لەبارەی دەروونناسی و هونەری سیاسەت لە کتێبەکانیاندا بدۆزینەوە.

نەبوونی کتێب لەم بابەتەدا لەنێو کتێبە مەنهەجیەکانی قوتابخانە و نەخوێندنی بەڵگەی ئەوەیە هێشتا موتاڵاکەران لە سوودەکەی بێئاگان و گرنگە ئەو سوودە لە کتێبێکدا روون بکەینەوە کە لە رۆحی سیاسەت بکۆڵێتەوە.

پێشتر وتم ماکەکانی رۆحی سیاسەت بریتین لە رۆحی تاکەکان و کۆمەڵەکان و گەلان و وانەکانی مێژوو، زۆر لەوانەیش ئیتر زانراون، بەڵام هەمان بنیات نەبوون، چونکە سیاسەت –بەگوێرەی ئەو مەعریفەیەی تائێستا پێی گەیشتوین– بریتییە لە گونجاندن لەنێوان رەوت و جوڵە لەگەڵ خواستەکانی کات، جا ماقووڵ بن یان ناماقووڵ. لەوانەیە عەقڵ بڵێ دابونەریتە بۆماوەکانی گەل و بیروباوەرەکانی بەتاڵ و پرو‌پوچن، بەڵام سیاسەتکاری راستەقینە بەگژیاندا ناچێتەوە لەبەرئەوەی دەزانێ ئەو کارە هیچ سوودێکی نیە، واتە ئەو بەپێچەوانەی هەوادارانی زانستە تیۆریەکان هەنگاو دەنێ، کە –لەبەر بێئاگاییان لە راستیی شتەکان– باوەڕیان وایە عەقڵ (لەئایندەدا) حوکمی جیهان دەکات و پیاوان دەگۆڕێ. بەڵێ راستە عەقڵ پلەبەپلە ئەو فاکتەرانە ئامادە دەکات کە دەروونمان دەگۆڕن، بەڵام کاریگەریی راستەوخۆی زۆر لاوازە و ئەو شتانەی لەپڕ بەو دەگۆڕێن زۆر کەمن.

لەگەڵ ئەوەی هونەری سیاسەت هێشتا لە قۆناغی گومان و راڕاییدایە، بەڵام رێساکانی هەموو رۆژ روونتر دەبن، نرخی ئەو رێسایانەیش نەك بە داڕشتنیان، بەڵکو بە روونکردنەوەی ئەو ئاکامە خراپانە دەردەکەوێ کە لە نەزانینیان دەکەونەوە، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم کتێبەیش روونکردنەوەی ئەوەیە.

ئەو پرنسیپانەی کردونمان بە رێپیشاندەر وردکردنەوەی زیاتریان پێویستە کە لەم کتێبەدا جێی نابێتەوە، پێویستە خوێنەر لە کتێبەکانی پێشوومدا موتاڵایان بکا، لەم کتێبەدا خۆم تەرخان کردوە بۆ

پراكتیزەكردنی ڕێساكانی ڕۆحی سیاسەت بەسەر ڕووداوەكانی سەردەمی ئێستادا، لەگەڵ كورتیی ئەم قۆناغە و فراوانیی ئەو بابەتەی لە دەرگایمان داوە ناچارم تەنیا هەندێ سەرنجی كورتی تێدا بخەمە ڕوو، چونكە دیراسەكردنی پێگەی ڕۆحی سیاسەت لە مێژووی نەتەوەكان، لە پێكهێنانی بیروباوەڕەكانیان و لە جەنگەكاندا كە بەهەموویان تانوپۆی ڕابردوویان پێكدێ، پێویستی بە تەرخانكردنی چەندین بەرگە كتێب هەیە، لەبەر وشكیی بابەتی ڕۆحی سیاسەت كە لەوانەیە خوێنەر بترسێنێ و كاتەكەی بەفیڕۆ بدات، هەوڵم داوە بەپێی توانا خۆم لە داڕشتە قوتابخانەییەكان بەدوور بگرم و پرنسیپەكان لە بۆتەیەكدا دابڕێژم كە بچنە دڵەوە.

ئەو بەشەی تایبەتمان كردوە بۆ كۆڵینەوە لە فاكتەرەكانی قایلكردن (ئیقناع)، پیشانی دەدات دووبارەكردنەوە چ ڕۆڵێكی گەورەی هەیە، جا لە ڕوانگەی باوەڕم بەسوودی دووبارەكردنەوە، هەندێ جار شتێكم بە دەربڕینی جیاواز دووبارە كردۆتەوە، بەداخیشەوەم كەمیی دەرفەت ڕێگر بووە لەوەی لەوە زیاتریش بكەم. ناپلیۆن زیادەڕەوی نەكردوە كاتێ دەڵێ: "دووبارەكردنەوە ڕواڵەتی بنچینەیی ڕەوانبێژییە"، چونكە كاریگەرترین فاكتەرەكانی ئیقناعكردنە، سەرجەم گەورە سیاسییەكان دەسەڵاتی بەهێزی دووبارەكردنەوەیان دیوە، هەر بەوە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا توانی ڕەعیەتەكەی قایل بكات بە زەرورەتی تەرخانكردنی بودجە بۆ دامەزراندنی كەشتیگەلێكی جەنگیی گەورە.

جا ئەگەر دووبارەكردنەوە بۆ بڵاوكردنەوەی ڕاستییە زانراوەكان پێویست بێ، ئەوا بۆ بڵاوكردنەوەی ڕاستییە نوێكان زۆر پێویستترە، خۆم ئەوەم چەندین جار تاقی كردۆتەوە، پێغەمبەران لە سەدەكانی ڕابردوودا هەر بە دووباركردنەوەی بەردەوامی شتەكان توانیویانە فیكر و باوەڕی خەڵك بگۆڕن، پاشان شێوازی ڕاستەقینەی ئیقناعكردن تەواو جیاوازە لەوەی لە كتێبەكاندا هاتووە. عەقڵ و بەڵگە كە بۆ سەلماندنی پرسە زانستیەكان بەكەڵكن، كاریگەریی كەمیان لە پێكهێنانی بیروباوەڕەكانماندا هەیە، خەڵك لەبەر ئەوە مل بە بۆچوونەكان نادەن كە ڕاستن، بەڵكو كاتێ ملیان دەدەنێ كە ئەو بۆچوونانە —بەپرۆسەی دووبارەكردنەوە و پەتای فیكری— بەسەر بازنەی لاشعوردا زاڵ دەبن، كە سەرچاوەی جوڵەمانە.

## بەشی دووەم

## خواستەکانی ئابووری و تیۆرەکانی سیاسەت

کاریگەریی ئەو وێنە و خەیاڵانەی هەواڵەکان لە دەروونماندا دروستیان دەکەن زۆر کزە، مرۆڤ ناتوانێ شتە ئەبستراکت (مجرد)ەکان وەك ئەوەی پێویستە وێنا بکات تا قیاسیان نەکات لەسەر ئەو شتانەی پێشتر خۆی هەستی پێکردون. ئەو کەسەی شەڕ یان نوقمبوونێکی دیبێ هەرکات هەواڵی شەڕ و نوقمبووان ببیستێ کاری تێدەکات.

بەڵگەهێنانەوە لەسەر رابردوو بەئێستام ئەو رۆژە بۆ دەرکەوت کە لە گەشتێکمدا بەرێکەوت بە ئۆتۆمبیل لە پردی سەر ئەو روبارە پەڕیمەوە کە شاری (هوی) بەلجیکی دەکات بە دوو بەشەوە. ئەو تەمە چڕەی شارەکەی داپۆشیبوو ناچاری کردم بوەستم، لە ئۆتۆبێلەکە دابەزیم و پاڵم دا بە بەربەستی پردەکەوە، لەو کاتەدا لەناو تەمەکەوە شوێنەوارێکی شارەکەم بەدیدەکرد، پاشان تیشکی خۆر ئەو تەمەی رەواندەوە و دوو جیهانم لێوە دەرکەوت —یان بڵێ دوو رواڵەتی بەرانبەر لە رواڵەتەکانی عیمرانی بەشەری— کە روبارەکە کردبوونی بە دوو بەشەوە، پێویستم بە بیرکردنەوەیەکی زۆر نەبوو تا لە یەکەم نیگادا هەست بکەم یەکێکیان هەڕەشە لەویتر دەکات و لەبەر جیاوازیی توندیان ئومێدی پێکەوە گونجاندنیان نیە، لە بەری چەپیدا کۆمەڵێ بینای کۆن هەن کۆشکێکی گەورە و تۆکمە بەسەریاندا دەڕوانێ، لەگەڵ کاتیدرائیەکی مەزن کە نەوە و سەدەکان رازاندویانەتەوە، لە بەری راستیشدا دیواری کارگەیەکی بەرینی خشت دروستکردن هەیە، کە ژمارەیەك دوکەڵکێشی درێژی لەسەردایە دوکەڵی رەشی بڵێسەدار فڕێ دەدەنە دەرەوە، لە هەندێ کاتی دیاریکراودا لە یەکێك لە دەرگاکانیەوە هەندێ پیاوی زبری چاو زەق و روومەت گرژی ئارەقکردوو دێنە دەرەوە. ئەو خەڵکانە —کە نەوەی باپیرانێکن کاتی خۆی خواوەند و پاشاکان کردبوونیان بە بەندە— گەورەکانیان نەگۆڕیوە، هێندە هەیە بوونەتە بەندەی ئاسن.

ئەو دوو جیهانە ملکەچی کۆمەڵێ فاکتەری جیاواز دەبن بەگوێرەی جیاوازیی ئەو ئومێدانەی لە دەروونەکاندا دەیانچێنن، یەکەمیان جیهانی رابردووە کە سەرەڕای مردنیشی هێشتا بەدەست نوشتەکانیەوە دەناڵێنن، دووەمیشیان جیهانی ئێستایە کە لەبەر ئەو ئایندە نەزانراوەی لە هەناویدا هەڵیگرتوە پڕ نهێنییە، ئێستا و رابردوو لە هەموو زەمانێکدا هەبوون، بۆشاییەکیان لەنێواندایە کە باوەڕێکی هاوبەش و کۆمەڵێ هەستی لێکچوو پڕی دەکەنەوە. لەم رۆژانەدا هەستەکان بزر بوون و باوەڕ نەماوە، تەنیا رق و کینەی ریشەداکوتاوی نێوان دەوڵەمەند و هەژار ماوە. کاتێ کرێکاران لەم سەردەمەماندا وردە وردە بەرەو رزگاربوون لە کۆتی بیروباوەڕەکان (المعتقدات) و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی رابردوو هەنگاویاننا، لە جاران ملهوڕتر بوون و تاکڕەوییە سەرتاپاگیرەکەیان هەڕەشە لە شارستانێتی دەکات، بەشێوەیەك وا لە خەڵك دەکات خۆزگە بۆ تاکڕەویی سەرسەختترین دیکتاتۆرەکان بخوازن. ئەوان ئێستا وەك چۆن گەورەی

کار فەرمان بەسەر کرێکارەکەیدا دەسەپێنێ فەرمانەکانیان بەسەر یاسادانەراندا دەسەپێنن، ئەوانیش یاسادانەرانە هیچیان بۆ نەماوەتەوە جگە لە مەرایی بۆکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا، بەم شێوەیە دەبینین هێزی ژمارە زیاتر لە جاران جێگەی زیرەکی دەگرێتەوە.
ژیانی سیاسی بریتییە لەوەی مرۆڤ گونجاندن لەنێوان هەستەکانی و ئەو ژینگەیەدا بکات کە تێیدایە، گۆڕانی شێنەیی سروشتی مرۆڤ وا دەکات ئەو هەستانە کەم بگۆڕین لەکاتێکدا ژینگەی نوێ بەخێرایی و پێ بەپێی پێشکەوتنی بەردەوامی زانست و سنعەت دەگۆڕێ، کاتێ ژینگەکە بەو خێراییە کەوتە گۆڕان کرد گونجان لەگەڵی دژوار بوو، سەرەنجامەکەی ئەو شڵەژان و ڕاڕاییەیە ئەمڕۆ ئەیبینین.
سەردەمی نوێ بە فیکر و ڕێگەکانی ژیانی لە سەردەمی کۆن جیاوازە، ئەو ماکانەی ژیانی نوێ کە ڕابەرایەتیمان دەکەن لە بەڵگە عەقڵییە رووتەکان داناتاشرێن و بەگوێرەی ئومێد و بنەما لۆژیکیەکانمان ناگونجێن، بەڵکو ئەنجامی خواستەکانی ئەو زەمەنەیە کە بەدەستیەوە دەناڵێنین بەبێ ئەوەی دەستێکمان لە پێکهاتنیاندا هەبێ. سەردەمی ئێستا بەو رکابەری و ململانێیەی تێیدایە لە سەردەمی رابردوو جیاواز نیە، چونکە سەرچاوەی ئەو رکابەری و ململانێیە ئەو پەرۆشییە جێگیرەیە کە ناگۆڕێ، بەڵکو بەگوێرەی جیاوازیی ئەم سەردەمە بەوەی: دەسەڵاتی فاکتەرە ئابووریەکان جێگەی دەسەڵاتی پاشاکان و یاساکانیان گرتۆتەوە، هەروەها بە ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی لەنێوان ئەو گەلانەی جاران لەیەکتر جیا بوون، جیا دەکرێتەوە. ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی گرنگیەکی گەورەی هەیە، ئەو نەتەوانەی لە رابردوودا پەیوەندیی بازرگانی بەیەکیەوە نەبەستبوون ئەمڕۆ ناتوانن بەبێ هاوکاریکردنی یەکتر بژین. ئەگەر ئینگلتەرا شوورەیەکی بەرز چواردەوری بگرێ و پەیوەندی بە جیهانی دەرەکیەوە بپچڕێ کە بەو کاڵایانەی دروستیان دەکات ئەو مادده خۆراکیانەی پێویستی پێیانە دەکڕێ، ئەوا هەر زوو برسێتی بەرۆکی دەگرێ. ئەو ئەنجامانەی لە شێوەژیانی ئەمڕۆ کەوتونەتەوە ئەوە دەگەیەنن، کە چەندە تەوژمی پیشەسازی و بازرگانی ژیانی گەلان بگۆڕێ ئەوا رۆڵی حکومەتەکان لەچاو رابردوودا کەمتر دەبێ، حکومەتەکان هەستیان بە دەستەپاچەییان لە ئاست ئەم تەوژمەدا کردوە، لەبەرئەوە شوێنپێی هەڵدەگرن بەبێ ئەوەی کاری تێبکەن. شەست ساڵ لەمەوبەر پاشا خۆی (بکوژ و ببڕ) بوو و توانی سیستمی ئازادیی ئاڵوێر لە مەملکەتەکەیدا پیادە بکات، بەڵام ئەمڕۆ کەس ناوێرێ هەوڵی ئەوە بدات، چونکە گەلان ئێستا حەزیان لە سیستمی پاراستنە —کە زۆربەی زانایانی ئابووری سەرکۆنەیان کردوە کردوە، کە تێیدا زەرورەتەکان وایان کردوە کاربەدەستان بەئێستاوە خەریك بن نەك بەئایندەوە.
بەزۆری دەبینین ئەو کاربەدەستانە سەبارەت بە ئەنجامی لێدوانەکانیان وەهم دەیانگرێ، مسیۆ (میلین) لە دانیشتنی ئەنجومەنی پیراندا کە لە ١١ی ئاداری ١٩١٠ بەسترا رایگەیاند، سیستمی ئازادیی ئاڵوێر کشتوکاڵی ئینگلتەرای لەناو بردوە و بەرهەمی گەنمی کەم کردۆتەوە، بەڕێژەیەك گەیشتە ٥٠٪ لە نیو سەدەدا، ئەمە

لەكاتێكدا سیستمی پاراستن لە فەرەنسا بەروبومی وڵاتی زیاد كرد بەشێوەیەك گەنمی هەناردەی دەرەوە دەكرد دوای ئەوەی پێشتر بڕێكی بەرچاوی لێ هاوردە دەكرد.

ئێمە جیاواز لە بۆچوونی ئەو ئابووریناسە بەناوبانگە دەڵێین ئەو زیادەیە زادەی پێشكەوتنی كشتوكاڵ بووە لە فەرەنسا لەڕووی تەكنیكیەوە. ئەگەر ئینگلیز بەو شێوەیە پێشنەكەوتوون، لەبەرئەوەیە پێیان وابووە دروستكردنی كاڵا و فرۆشتنی، پاشان كڕینی پێویستیەكانیان لە گەنم لە دەرەوە بەبەشێك لە داهاتەكەی، باشترە لەوەی گرنگی بە كاروباری كشتوكاڵ بدەن.

سیستمی پاراستن بەكەڵك بووبێ یان بەزیان، روونكردنەوەی لە دەرەوەی بابەتی ئێمەیە، لە دنیای سیاسەتی ئێستایشدا گەڕان بەشوێن باشتردا نیە بەڵكو بەشوێن ئاساندایە. كەس لەم رۆژانەدا ئەو هێز و دەسەڵاتەی نیە بتوانێ وڵاتێك ناچار بە جێبەجێكردنی سیستمێك بكات كە حەزی لێی نیە، ئەگەر گەلێك لە مەزەندەكردنی ئەوەدا هەڵەی كرد باجی ئەنجامەكانی هەڵەكەی دەدات، سەرەنجام هەر ئەزموونیش ئەوەی پیشان دەدات.

لەمەی رابورد رادەی جیاوازیی فاكتەرەكانی ئێستا لە فاكتەرەكانی رابردوو دەردەكەوێ و تێدەگەین تیۆرە سیاسیەكان چەندە كاریگەرییان لە گۆڕینی گەلاندا كەمە، لە داهێنراوەكانی زانست و سنعەت و پەیوەندیی نەتەوەكان بەیەكدییەوە هەندێ فاكتەر دەردەكەون كە پێویستە گەلان و پاشایان ملكەچیان بن.

وتمان ماكەكانی ژیانی ئابووری هێمان بۆ كۆمەڵێ زەرورەت كە پێویستە گەلان خۆیانیان لەگەڵدا بگونجێنن، ئێستا زەرورەتە دروستكراوەكانیش بۆ ئەم زەرورەتە سروشتییانە زیاد دەكەین كە هەوادارانی زانستە تیۆریەكان لە سیاسەت و حكومەتەكاندا دەیانهێنن:

فاكتەرەكانی گۆڕانی گەلان لێك جیاواز دەبن، وەك لە خوارەوە روونی دەكەینەوە:

زانایانی زیندەزانی —سەرباری پەنابردنیان بۆ هەموو ئەو كەرەستانەی لە تاقیگەكانیاندان— نەیانتوانیوە هیچ گیاندارێك بگۆڕن، ئەو گۆڕانە رووكەشە كەمەی لە هونەری پەروەردەكردنی ئاژەڵ دەكەوێتەوە لاواز و تەمەنكورتە، جا ئاخۆ گۆڕینی كۆمەڵگە لە گۆڕینی گیاندار ئاسانترە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە ئەرێ زیاتر لە سەدەیەكە سیاسەتی ئێمەی ئاراستە كردوە و هێشتایش ئاراستەی دەكات. ئیمكانی نوێكردنەوەی كۆمەڵگەكان لەڕێی دانانی سیستمی نوێوە بەلای پیاوانی شۆڕش و ئاشوبەكانی هەموو سەردەمەكانەوە بە شتێكی حاشاهەڵنەگر دانراوە، نەخاسمە بەلای رابەرانی شۆڕشی فەرەنسی و سۆشیالیست (ئیشتراكی)ـەكانی ئەم سەردەمەمانەوە، هەریەكە چاوی لەوەیە بەگوێرەی هەندێ پلان كە زادەی عەقڵی تیۆرین، كۆمەڵگەكان نوێ بكاتەوە.

بەڵام چەندە زانست پێش بكەوێ زیاتر قەڵبیی ئەو باوەڕە دەردەكەوێ، زانست بە پشتبەستنی بە زیندەزانی و دەروونزانی و مێژوو دەیسەلمێنێ كاریگەریمان لەسەر كۆمەڵگە زۆر كزە، گۆڕانە گەورەكان

بەتێپەڕینی کات روو دەدەن، سیستمەکان تەنیا بەرگێکی دەرەکین بۆ گیانێکی ناوەکی، کە لەو پۆشاکە دەچێ بۆ لەشێك گونجاوە بەبێ ئەوەی بتوانێ ئەو لەشە پێکبێنێ، هەروەها ئەوەی بۆ گەلێك گونجاوە لەوانەیە بۆ گەلێکیتر گونجاو نەبێ.

نکولّی لە رۆڵی سیستم و کەسەکان لە رەوتی رووداوەکاندا ناکەین، چونکە هەر لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی مێژوو بەلگەیە لەسەر گەورەیی ئەو رۆڵە، هێندە هەیە مێژوو زیادەڕەوی لە مەزەندەکردنی ئەو رۆڵەدا دەکات و سەرنجی ئەوە نادات کە سیستم و کەسەکان بەزۆری بریتین لە فراوانبوونی رابردوویەکی دوور و درێژ و ئەگەر لە کاتی گونجاودا دەرنەکەوتن کارێکی تێکدەرانە دەبێ، وەك کاری وڵاتگران (الفاتحین).

باوەڕ بەوەی رۆحی گەل بەگۆڕانی سیستم و یاساکانی دەگۆڕێ بووەتە عەقیدەیەك، لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا شەڕ لەگەڵ ئەو عەقیدەیە دەکەین، نەتەوە لاتینیەکان مکوڕ بوون لەسەری، ئەوەیش هۆی لاوازییان بوو، وەهمەکانیان سەبارەت بە توانای سیستمەکان بەرەو هەڵگیرساندنی گەورەترین شۆڕشی خوێناوی بردین کە مێژوو بەخۆیەوە دیبێ، کە بووە مایەی کوشتنی ملیۆنان کەس و پاشکەوتنی کۆلۆنیەکانمان بەشێوەیەکی خەمناك و بڵاوبوونەوەیەکی ترسناکی سۆشیالیزم لەناوماندا.

هیچ شتێك نەیتوانی ئەو عەقیدە گەورەیە بلەخشێنێ، هێشتا بەوردی بەسەر دانیشتوانی کۆلۆنیەکانمانیدا پیادە دەکەین، کە چارە رەشییان خستونیەتیە ژێر دەستی ئێمە تا بەشێوەیەك لەگەڵیان بجولێینەوە رق و یاخیبوونیان لێمان زیاتر بکات. رۆژنامەکان لەم دواییەدا چەند رستەیەك لەو بڵاوکراوەیەیان بڵاو کردەوە کە حاکمی کەناری عاج بەسەر کارمەندانیدا بڵاو کردەوە و بووە مایەی یاخیبوونی ئەو کانتۆنە و کوشتنی زۆر لە ئەفسەران و پەلکێشکردنی سوپایەك لە فەرەنساوە بۆ گێڕانەوەی سیستم.

بڵاوکراوەی ناوبراو دەستەپاچەیی کوشندەی ئێمە دەسەلمێنێ لە تێگەیشتن لەو راستیەی رۆحی گەل بەزەبری مەرسوم دەرکردن ناگۆڕێ، هەروەها ئەو سیستمەی سوود بە نەتەوەیەك دەگەیەنێ لەوانەیە زیان بە یەکێکیتر بگەیەنێ، بزانە چی دەڵێ: "دانیشتوانی کۆلۆنیەکانمان خۆشیان بێ و ترشیان بێ پێویستە پێش بکەون، ئەگەر قەناعەت پێهێنان و بەلگە نەیانتوانی کاریان تێبکەن ئەوا هێز دەیکات، با زنجیەکان میزاجیان بگۆڕن تا لێمان تێبگەن، بەگوێرەی عاتیفە مامەڵەیان لەتەك مەکەن، حەز و ویستەکانیان بەتەختی دیواردا بدەن، با لە کاری خۆمان بەردەوام بین و نەترسین تا دەگەینە مەبەست و لە ئەنجامی کارەکەمان نەترسین تەنانەت ئەگەر سووکایەتی بە دابونەریتەکانیشیان بکەین، کە پێچەوانەی هەموو پێشکەوتنێکن".

بەلای منەوە پێویستە هزری بەرپرسە ئیداریەکان بگۆڕدرێ کە زات دەکەن پێش لە گۆڕینی هزری زنجیەکان شتی لەو جۆرە بڵاو بکەنەوە. حاکمی ئەو کانتۆنە کە "لە ئەنجامی کارەکەی نەدەترسا" لەو رووداوانەی روویان دا وانەیەکی سەختی وەرگرت، بەڵام سوودی ئەو وانەیە نەگشتێنرا، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی

بیروباوەڕ ئەوەیە بە بەڵگە و ئەزموون ناگۆڕێ، لەوەیشدا هیچ جیاوازیەك لنێوان بیروباوەڕی ئاینی و بیروباوەڕی سیاسیدا نیە، ئەگەرچی تەمەنی ئەمەی دوایی لەوەی یەکەم کورتترە.

پێشکەوتنی دەروونناسی لە ئێستادا بۆمان دەسەلمێنێ عەقڵ چ رۆڵێکی لاوازی لە سیستمی کۆمەڵگەکان و بیروباوەڕ و رەوتیاندا هەیە با سەرجەم حکومەتەکانیش لافی ئەوە لێبدەن لە کارەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن. لە کتێبی (الاراء و المعتقدات)دا روونم کردۆتەوە لۆژیك (مەنتیق)، بەپێچەوانەی ئەوەی لە کتێبە فەلسەفیەکانی قوتابخانەدا هاتووە، چەندین جۆری هەیە کە تەواو لە لۆژیکی عەقڵی جیاوازن، لەوانە بەتایبەت ئاماژە بە لۆژیکی ئاینی و لۆژیکی عاتیفی دەکەین، بە هیچکام لەوانەیش گوزارشت لە یەکێکیتریان ناکرێ. هەرچی لۆژیکی عەقڵییە پایەی مەعریفەکانە نەخاسمە زانستەکان، بەڵام لۆژیکی عاتیفی و لۆژیکی ئاینی بیروباوەڕیان لەسەر دادەمەزرێ، واتە فاکتەرەکانی رەوت و جوڵە لە تاکەکان و گەلاندا. لۆژیکی عەقڵی بەسەر بازنەی شعوردا زاڵە، کە کارەکانمان لەوێدا تەفسیر دەکرێن، لە بازنەی لاشعوریشدا –کە لۆژیکی عاتیفی و لۆژیکی ئاینی تێیدا زاڵە– پاڵنەرە راستەقینەکانی ئەو کارانە گەشە دەکەن.

ساویلکەیی بێسنووری ریفۆرمخوازان رێگرە لەوەی دەرك بەوە بکەن سیستمەکان لەسەر بەڵگەی عەقڵی دانامەزرێن، بەڵام ئەم راستییە لەم رۆژانەدا بۆ سەرانی سیاسەتی ئینگلیزی دەرکەوتوە، لەم دواییەدا وەزیرێکی بەریتانی رایگەیاند گەورەترین جیاکەرەوەی دەستووری ئینگلتەرە ئەوەیە لەسەر عەقڵ و بەڵگە دانەمەزراوە، ئەمەیە نهێنیی هێزی ئەو دەستوورە، هۆی لاوازیی دەستوورە زۆرەکانی فەرەنسایش کە زادەی ئەو شۆڕشانەن ماوەی سەدەیەکە بەرپامان کردوون، ئەوەیە لەسەر خواستی عەقڵی تیۆری دامەزراون.

ئەم راگەیاندنە دەروونی لاتینیەکان قبوڵی ناکات و زۆر وتن تێیدا بێسوودە، من تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەو ئاین و حکومەتانەی تانوپۆی ژیانی نەتەوەیان لێ پێکدێ لەسەر بەڵگە و دەلیل دانەمەزراون، رۆڵی بەرپرسانی سیاسەت لە زانینی چۆنێتیی موداراکردنی هەست و شعوری خەڵکدا کورت دەبێتەوە بۆ کارکردنە سەر رای گشتی. بەڵێ رواڵەتەکان وادەگەیەنن بەو ماقوولێەی لە وتارەکانیاندایە کار لە خەڵك دەکەن، بەڵام پاشتر دەبینین ئیقناعکردن سەرچاوەیەکیتری هەیە، چونکە کۆمەڵەکان بە هارمۆنیەتی لۆژیکی وتارەکان کاریان تێناکرێ، بەڵکو بەو وێنە عاتیفییانە کاریان تێدەکرێ کە هەندێ وشە لە دەروونیاندا بەجێی دێڵن، ئەگەر دانمان بەوەدا نا وتاری عەقڵیی ساف لەوانەیە دەروون ئیقناع بکات، ئەوا ئەو ئیقناعکردنە زۆر ناخایەنێ و نابێتە بزوێنەر بۆ رەوت و جوڵە.

بەڵام ئەگەر لۆژیکی عەقڵی نەبێ کە سەرکردایەتیی پیاوان دەکات و دەبێتە مایەی گۆڕینی بیروباوەڕیان، ئەی ئەو گۆڕانە بنچینەییانەی لە بنەما عەقڵییە باوەکانی شۆڕشی فەرەنسی کەوتنەوە، بەچ شتێك روون بکەینەوە؟!

پێش ئەوەی بیسەلمێنین ئەم دژەکییە رواڵەتییە دەڵێین: شۆڕشی فەرەنسی یەك زانای تیۆریی خاوەن کاریگەری و هەژموونی نەبوو جگە لە (جان جاك رۆسۆ)، هەرچی کاریگەریی (مۆنتسیکۆ)یە کە سەرەتا کاریگەریەکی گەورە بوو، زۆری نەبرد تەواو دای لەکزی، پاشان مۆنتسیکۆ بەتایبەت کاری لەسەر روونکردنەوەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیانە دەکرد کە هەبوون بەپێچەوانەی رۆسۆ کە پێشنیاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێی دەکرد. رۆسۆ باوەڕی وابوو مرۆڤ کاتێ لەسەر فیترەت بووە بەختەوەر بووە پاشتر سیستم تێکیداوە و بەدبەخت بووە، لەبەرئەوە واچاکە ئەو سیستمانە بگۆڕدرێن، هەروەها باوەڕی وابووە جیاوازی (التفاوت) سەرچاوەی هەموو خەوشێکە لە کۆمەڵگەکاندا و رقی نێوان دەوڵەمەند و هەژار هۆی بەدبەختییە، بۆ چارەسەریشی داکۆکی لە سەروەریی میللی دەکرد، ئەمە بوو کە شوێنکەوتەکانی هەوڵیاندا بە ئامرازە باوەکانیان بەدیبێنن کاتێ بەرەنگاریکردنی پاشا و خانەدانان و ئیکلیرۆس وروژاندنی و جڵەوی کاروباریان گرتە دەست.

کاریگەریی رۆسۆ بەتەواوبوونی شۆڕشی فەرەنسی بەسەر نەچوو، مسیۆ (لانسون) راستی وتوە کە دەڵێ: ئەو پێشکەوتنەی چەند سەدەیەکە ئاسانکاری بۆ دیموکراسی و یەکسانی و هەڵبژاردنە گشتیەکان و چەوساندنەوەی کەمینەکان و ئارەزووی حزبە پەڕگیرەکان و بۆسەگرتن لە سامان و موڵکداری، دەکات، لەگەڵ ئەوەی لە کتێبەکەیدا هاتووە گونجاوە". پاشتر دەبینین رۆسۆ لەڕاستیدا زیاتر بەڵگەیەکە و بەبەڵگە دەهێنرێتەوە تا ئەوە تەلقینکەرێکی رۆحی بێ.

خێرایی بڵاوبوونەوەی بنەماکانی رۆسۆ لە رۆژانی شۆڕشی فەرەنسیدا مایەی سەرنج و هەڵوەستەیە، ئەوە بوو لەو سکاڵا گشتیانەی زۆرینەی فەرەنسیەکان ساڵی ١٧٨٩ خستیانە بەردەم پاشا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتە دەرەبەگیەکان و دانانی یاسای جێگیر و دادپەروەریی هاوشێوە و ...هتد کرا، واتە نزیك لەوەی ناپلیۆن لە یاساکانیدا بەدیهێنا، ئەگەر خەڵك تێیاندا داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشایەتییان نەکرد، لەبەرئەوە بوو پاشایەتی لای هەمووان رێزدار بوو، بەڵام ئەو بنەما ناوبراوانە —لەوانە هەڵوەشاندنەوەی پاشایەتی— دوای سێ ساڵ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا کاتێ رۆڵی ترس سەرجەم ئەوانەی لەناو برد کە ئینکارییان دەکردن.

کەواتە دژیەکیەك هەیە لەنێوان ئەوەی ئێمە دەیڵێین سەبارەت بە کارکردی کەمی بنەما عەقڵیەکان لە رەوتی رووداوەکاندا، لەگەڵ کاریگەریی خێرای ئەو بنەمایانە لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیدا، ئێمە ئەو دژیەکییە زیاتر دەکەین بەوەی دەڵێین خەڵك لە هەموو نەوەیەکدا بەهەندێ بنەمای کۆن بەڕێوە دەبرێن کە

بەهێواشی گەڵاڵە بوون، ئەو بنەمایانەیش تا نەگۆڕاون بۆ هەست و شعور نەبوونەتە بزوێنەری رەوت و جوڵە.

لەڕاستیدا سەرباری ئەوەی بەرواڵەت دیارە ئەم دژیەکییە ئەسڵ و ئەساسی نیە، ئەگەر پرنسیپەکانی هەوادارانی زانستە تیۆریەکان لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا بەئاسانی لە رۆحی حەشاماتەکان (الجموع)دا چەسپاون، ئەوە لەبەرئەوەیە کۆنن نەك تازە، بنەما شۆڕشگێڕیەکان تەنیا هێندەیان کردوە بە هێزی یاسا پشتگیریی ئەو تەما و ئارەزوانەیان کردوە کە پێشوەخت هەبوون و لەوانەیە خواستەکانی کۆمەڵایەتی سەرکوتیان بکەن، یان بڵێسەیان کەم بکەنەوە بەبێ ئەوەی بیانکوژێننەوە.

میللەت لە سەردەمی رابردوودا دانی بە دەسەڵاتی پاشاکان و جیاوازیی ئاستی گوزەراندا نابوو کاتێ قەوارەی کۆمەڵگەی کۆن ئەوەی خواستوە و خەڵك ئیتر ئەو دوو بنەمایەیان بە شتێکی سروشتی داناوە، بەڵام کاتێ کاربەدەستان کە هەژموونی خۆیان لە پاشاکانەوە وەردەگرت بەئاشکرا رایانگەیاند گەل حاکمی راستەقینەیە و پێویستە تاکڕەویی گەل جێگەی تاکڕەویی پاشاکان بگرێتەوە، هەروەها جیاوازیی لە ساماندا ستەمە و پێویستە سامانی گەورەکانی رابردووی بەسەر تاکەکانی گەلدا دابەش بکرێ، ئیتر گەل باوەڕی بە راستی ئەم بنەمایانە هێنا و وای لێهات هەرکەس ببێتە بەربەست لەبەردەم بەدیهاتنیاندا بە دوژمنێك دابنێ کە شیاوی کوشتنە. ئەگەر حکومەتێك لەم سەردەمەدا بە پشتبەستن بە گوتەکانی هەندێ لە فەیلەسوفان یاسایەك دابنێ رێگە بە کوشتن و تاڵانکردن بدات، ئەوا دەستبەجێ ژمارەیەکی بەرچاو هەواداری بۆ پەیدا دەبن و هوتافی بۆ دەکێشن وەك کە هوتافیان بۆ ئەو حکومەتە کێشا کە فەرمانی کرد دەست بەسەر سامانی یەسوعیەکاندا بگیرێ تا لەنێوان کرێکاران و هاوڕێیاندا دابەش بکرێ، بەڵام پیادەکردنی ئەم جۆرە پرنسیپانە کورتخایەنە، چونکە خەڵك زۆر نابات دەرك بەوە دەکەن –وەك چەندساڵێك دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی دەرکیان پێکرد– پاشاگەردانی (واتە فەوزا) وێرانەی بەدووادا دێ نەك دەوڵەمەندی، ئەوکاتە نەتەوە وەك چۆن بەدوای ئەو شۆڕشەدا گەڕا، بەدوای حاکمێکی رەها (موتڵەق)ی چالاکدا دەگەڕێ کە بتوانێ لە زۆنگاوی شڵەژان و بێسیستمی رزگاری بکات.

زۆرجار خەڵك سەبارەت بە سوودی رۆڵی حکومەت و سنوورەکانی ئەو رۆڵە تووشی وەهم دەبن و نازانن حکومەتەکان بەکەمی خێر و بەزۆری شەڕ دێنن، نابێ ئێمە ئەمڕۆ تەنیا لەبەرانبەر خواستەکانی ئابووریی توند بەتەنیادا بەرگری لە خۆمان بکەین، بەڵکو پێویستە لەئاست تێکدانی یاسادانەرانیشدا بەرەنگاری بکەین کە بەکاریگەریی هەڵچوونە ئانییەکان سیستم و یاساکان دادەنێن وەك پاشتر روونی دەکەینەوە. لە کارەکانیشیان: ئەو یاسا کۆمەڵایەتیانەی پیشەسازی پەك دەخەن بەبێ ئەوەی ببنە مایەی دەوڵەمەندکردنی کەس + ئەو یاسایانەی فێربوونی پیشە سنووردار دەکەن و دەبنە هۆی دەرکردنی پیشەکارە بچوکەکان لە کارگەکان و گۆڕانی ژمارەیەکی بەرچاویان بۆ چەتە و پیاوکوژ، کە زیادبوونی ئەو

تاوانانەی منداڵان ئەنجامی دەدەن ئاماژەیە بەوە + چەوساندنەوە ئاینییە لەدوای یەکەکان و داماڵینی
سامانی ئیکلیرۆس + یاسا گومرگیەکان کە بازرگانیی دەرەکیمان لەبەین دەبات لەو رووەوە وادەکات
بێگانەکانیش بەهەمان شت رووبەڕووی ببنەوە.
ئەم یاسایانە کە زادەی کورتبینین، کۆمەڵێ مسیبەتی دەستکردن و خرانە سەر ئازارە سروشتیەکانمان کە
ناچارین بەرگەی قورساییان بگرین.
با خوێنەر وا تێنەگات ئێمە لێرەدا خوازیاری دژبەریکردنی عەقڵین، نەخێر! بەڵکو دەمانەوێ سەرلێشێواویی
ئەو یاسادانەرانە بخەینە روو کە بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی رووداوەکان — کە عەقڵ دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێ
— پشتی پێ دەبەستن ، چونکە عەقڵ تەنیا بەرهەمهێنی زانست و مەعریفەیە، لەکاتێکدا ئەوەی رابەرایەتی
خەڵك دەکات و مێژوو دروست دەکات هەست و بیروباوەڕەکانن، نەك عەقڵ.

## بەشی سێیەم

## ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە لە ڕۆحی سیاسەت

وەك باقی زانستەکان یاساکانی ڕۆحی سیاسەت لە کار و ڕووداوەکان و پاشان لە ڕاڤەکردنیان هەڵدەهێنجرێن، لە دنیای سیاسەتیشدا بینین و تاقیکردنەوەی ڕووداوەکان لە ڕاڤەکردنیان، واتە دەستنیشانکردنی هۆکانیان و ئاشکراکردنی ئەنجامەکانیان بەر لە ڕوودانیان، ئاسانترە. شکانی سوپاکانمان لە جەنگی ساڵی ١٨٧٠ لە کەس شاراوە نیە، بەڵام ئەی هۆی ئەو شکانە چییە؟ چ چاکسازییەك بۆ خۆپاراستنمان لەو جۆرە شکانە گونجاوترە؟ لێرەدا ڕاڤە و ڕوونکردنەوەکان جیاواز دەبن و زەحمەتیەکە دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی خوێنەر باوەڕ بە ڕاستیی ئەوە بکات با لەو تیۆرە دژیەکانەی لە ماوەی بیست ساڵدا سەبارەت بە سیستمەکانی سوپا وتراون، یان لانیکەم ئەو ڕاپۆرتانەی پسپۆڕان نووسیویانن، بکۆڵێتەوە. ئەگەر لێکدانەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان ئاسان بوایە هەموو لەبارەیەوە ڕێك دەکەوتین و ڕاجیایی تێیدا ڕووی نەدەدا.

چەندە تێبینیکردنی ڕووداوە سیاسیەکان –کە بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانە– ئاسان بێ ناسینەوەی هۆکانی زەحمەت دەبێ، زەحمەتیەکە زیاتریش دەبێ کاتێ بەشەکانی ئەو ڕووداوەی هەستی پێدەکەین بەشێکی کەمی (ئەو ڕووداوە) بێ، لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا کردنی ئیلهام بە ڕێنوێن بەس نیە، بەڵکو پێویستە وردترین ڕێگەی تێدا بگرینە بەر هاوشێوەی زانستەکانیتر نەخاسمە مێژووی سروشتی، واتە پێویستە زانای دەروونی جێپێی زانای سروشتی هەڵبگرێ کە زۆر شتی بە ڕواڵەت جیاواز لەژێر یەك خێزاندا کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە لەباتی ئەوەی نەهەنگ بەجۆرێك لە ماسی بژمێرێ بە یەکێك لە مەمکدارەکانی دادەنێ، خۆ ئەگەر زانایانی سروشت لە بابەتەکە ورد نەبوونایەتەوە نەهەنگیان سەر بە خێزانی قرش دادەنا نەك لە خێزانی سمۆرە، لەکاتێکدا ڕاستیەکە پێچەوانەی ئەوەیە.

ئەو دەربڕینانەی سەرەوە ئاماژەن بەوەی سەختترین شت لە ڕۆحی سیاسەتدا بریتییە لەوەی فاکتەرە دوور یان نزیکەکانی ڕووداوەکان بدۆزینەوە و ئەوەی بەرهەمی زۆر فاکتەر بووە نەدەینە پاڵ یەك فاکتەر، زۆر درێژە بە قسەکردن لە ڕوونکردنەوەی ئەو سەختییە نادەم، بەڵکو بۆ سەلماندنی چەند فاکتەرێك باس دەکەم کە سۆشیالیزم بەهۆیانەوە بڵاو دەبێتەوە.

سۆشیالیزم (ئیشتراکیەت) پێش هەر شت لەسەر بنەمای ئومێد (ئەمەل) دادەمەزرێ، واتە ئومێدی چاککردنی قەدەر و پێکهێنانی ئایندەیەکی بەختیار، ئومێد ئەگەرچی کێشەی بەختەوەری بەناتەواوی چارەسەر دەکات، بەڵام یەکێکە لە گرنگترین بزوێنەرەکانی جوڵە کە مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا ناسیوێتی. خەڵك هیچ کاتێك هێندەی ئەم سەردەمە پێویستیان بە باشکردنی گوزەرانیان نەبووە، پێشتر ئومێدیان هەبوو ئەوەیان لە دنیاکەیتر بۆ بەدیبێ کە هیچ گومانیان لێی نەبوو، بەڵام ئێستا کە ئیتر باوەڕیان بەو ژیانە

نەماوە دەبینی هەوڵ دەدەن لە ژیانی ئەم دنیایەدا بەختەوەری بەدەست بێنن، بەمە یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی سۆشیالیزممان بۆ روون دەبێتەوە.

ئەو بڵاوبوونەوە زیاتر روون دەبێتەوە ئەگەر زانیمان سۆشیالیزم ئاینێکە و خەریکە جێگەی ئەو ئاینانە دەگرێتەوە کە ئەستێرەیان روو لە ئاوابوونە. دەروونزانیی نوێ پیشان داوین هەستی ئاینی —واتە پێویستیی مرۆڤ بە ملکەچکردن بۆ ئەحکامی ئیمانێك کە چاوساغی هزر و خەیاڵی بێ— یەکێکە لە لایەنەکانی رۆحی بەشەری، بانگخوازانی سۆشیالیزم قەشەی دیندارن کە تەنیا ناوی خواوەندەکانیان گۆڕیوە. لە رواڵەتەکانی ئەو دیندارییە ئەوەیە لە رۆژنامەی (ئۆمانیتە)دا —لە ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٠٩ دەرچووە— کە مامۆستای لاو لە کۆلێژی (سۆربۆن) لە ئاهەنگی کردنەوەی قوتابخانە ئیشتراکیەکەدا "ئامۆژگاریەکی چاکی دا و تێیدا پەنای بۆ خواوەندەکانی عەقڵ برد".

ئەو فاکتەرە دەروونییانە گشتین لە سەرجەم نەتەوەکاندا، بەڵام سۆشیالیزم بەپێی جیاوازیی وڵاتان فۆرمی جیاوازی هەیە، کە یەکێك لە هۆکانی ئەوەیش فاکتەرە رەگەزە (العنصر)، واتە سیفەتە بۆماوەکانی گەلان، لەبەر ئەو جیاوازییەی بەگوێرەی گەلان لەنێوان ئەو سیفەتانەیشدا هەیە، سۆشیالیزم بووەتە یەك ناونیشان بۆ زۆر ویست و ئارەزووی جیاواز، جا چۆن ئەو سیفەتانە یەك سروشتیان دەبێ لەکاتێکدا ئێمە دەبینین غەریزەکانی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە هەریەکەیان لە ژیاندا پشت بە چالاکیی شەخسیی خۆی و هێزی هەڵێنجانی تاکەکەسی خۆی دەبەستێ، پێچەوانەی غەریزەی رۆڵەکانی نەتەوە لاتینیەکانن، کە پێویستیەکی ئەبەدییان بە گەورەیەك هەیە بیانپارێزێ.

جگە لە سیفەتی رەگەز باسی فاکتەرێکیتری دەروونی دەکەین، ئەویش رابردووە. دیارە زۆر گەل بۆ چەندین سەدە لەسەر سیستمێکی مەرکەزی رۆیشتوون، بەسەرۆکایەتی حکومەتێك کە وردترین کاروبارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و بازرگانی و تەنانەت ئاینییانی بەڕێوە بردوە، ئەو گەلانە لە ویست و ئاراستە و مەیلیاندا وەك هەندێ گەلیتری لاو نابن کە رابردویەکی سیاسیی کورتیان هەیە، کە قورساییەکی زۆری لەسەریان نیە.

سەرجەم حکومەتە پاشایەتیەکانمان رێبازی ئیشتراکیەتی حکومییان پیادە کردوە کە بەردەوام بەسەرماندا زاڵ دەبێ. ئەگەر تەماشای سیستمە وردەکانی "کولبەر" بکەین وەك بەشێکی کتێبێکی دەبینین کە لەو رێبازە دەکۆڵێتەوە. جا لەو رووەوە ئێمە لەم سەروەختەدا حکومەت بە خواوەندێکی پارێزەر و رۆزیدەر دادەنێین، دەبینی سەرجەم حزب و چینەکانمان داوای لێدەکەن دەست لە کاروباریان وەربدات تا بەرگری لە بەرژەوەندیەکانیان بکات، خاوەن کارخانەکان یەکەم کەس بوون داوایان لێکرد بیانپارێزێ تا لە زیادکردنی باجی گومرگەکان و بەخشینی خەڵات و کۆمەکی پێیان...هتد سوودمەند بن، پاشان کاتێ کرێکاران سێبەری خۆیانیان دی و زۆریی ژمارەیان پۆزی پێبەخشین داوایان لە حکومەت کرد لە خاوەن

پیشەسازیەکان بیانپارێزێ، چەندە حکومەت زیاتر بەدەم ئارەزووەکانیانەوە –کە زادەی سیستمی پاراستنە– بچێ، ولآت لە سۆشیالیزم نزیکتر دەبێتەوە.

حکومەتیش بۆ ئەوەی ئەو زێدە داواکارییە جێبەجێ بکات رێگەیەکی زاڵمانەی گرتەبەر لە تالآنکردنی ماڵی خەڵك، لەبەرئەوە کۆمەڵێ یاسای دانا کە خاوەنکارەکان ناچار دەکات مووچەی خانەنشینی بدەنە کرێکاران، هەروەها بۆ کڕینی هێڵەکانی ئاسن و قۆرخکردنی زۆر لە بەرهەمەکان، لەوەیش بەردەوام دەبێ تا کرێکاران دەبنە فەرمانبەری دەوڵەت.

پاشان یاسادانەران لەڕێی سەپاندنی باجی قورسەوە وردە وردە بەرەو رووتکردنەوەی خەڵك لە سامانەکانیان هەنگاویان هەڵگرت، بەبێ ئەوەی بزانن ئەو کارە دەبێتە هۆی وێرانکردنی پیشەسازییە گەورەکان و یەکسانبوونی خەڵك لە نەهامەتی و بەدبەختیدا، واتە روودانی ئەوەی زۆر لە خاوەن دەروونە پڕ لە کینەکان سەبارەت بە باشترینەکان (الافضلیات) خەونی پێوە دەبینن.

ئەو فاکتەرانەی باسمان کرد هەموو ئەوانە نەبوون کە سۆشیالیزمیان پێ دەگۆڕێ، بەڵکو پێویستە لە چۆنێتیی بڵاوبوونەوەیشی لەنێو حەشاماتەکان، هەروەها لە هۆی ئەو دەسەڵاتە گەورەیەی هەندێ لەفز و دارشتە بەسەر دەروونەکاندا هەیانە بکۆڵینەوە، پاشان سۆشیالیزم جگە لە بڵاوبوونەوەی لەنێوان گرووپە نەزانەکاندا، لەناو مامۆستایان و زەنگینانی چینی ناوەڕاستیشدا کە بە بەشی خۆیان رازین، بڵاو دەبێتەوە.

لێرەدا فاکتەری رۆحی کۆمەڵەکان و فاکتەری پەتای دەروونیش کە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە گەورەکانی لەکاتی دەرکەوتنیاندا پێ راڤە دەکەین، بۆ ئەو فاکتەرانە زیاد دەکەین.

پاش زانینی ئەوەی زۆر فاکتەر رۆڵیان لە دەرکەوتنی یەکێك لە رووداوە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، وای دەبینین زانینی کاریگەریی دووسەرەی نێوان ئەو فاکتەرانە زۆر سەختە، بۆ گەیشتن بەوەیش دوو رێگە هەیە: یەکێکیان سادە و ئەویتریان ئاڵۆزە. رێگە سادەکە –کە لەبەر سادەییەکەی زۆر بەکار دێ– بریتییە لە مەزەندەکردنی یەك عیللە بۆ رووداوەکان و دۆزینەوەی دەرمانێکی گونجاو بۆ چارەکردنی هەموویان، جا ئەگەر کرێکاران بێزاریی خۆیان بە بەختەوەشییان دەربڕی، بەگوێرەی ئەم رێگەیە چارەسەرەکەی بەوە دەبێ لەبەر ئەوان باجێك لەسەر داهاتی دەوڵەمەندەکان فەرز بکرێ، هەروەها ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەك کەمی کرد، چارەسەرەکەی بە کفتکردنی هەرزەکاران و قورسکردنی باری سەرشانی ئەوانەیە کە منداڵیان نیە بە غەرامە و...هتد.

شێوەی بیرکردنەوەی سیاسییە کورتبیەکان ئابەم شێوەیە، لە ساویلکەیی ئەوانەوە زۆر یاسای زیانبەخش سەپێنراون،

سیاسەتکارە خاوەن دەروونە دیدە سنووردارەکان بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، ساویلکەییان دانانی زۆر یاسای زیانبەخشی سەپاندوە، ئێستا با بزانین ئەو کەسەی لە رۆحی سیاسەت دەکۆڵێتەوە دەبێ چ رێگەیەك بگرێتە بەر:

لەو رووەوە هەر رووداوێکی کۆمەڵایەتی بەزۆری زادەی زۆر فاکتەرە —جا فاکتەری نزیك بن یان دوور— پێویستە توێژەر یەکەم شت بزانێ چۆن ئەو فاکتەرانە لێك جیا بکاتەوە، پاشان بەهای هەریەکەیان بەرانبەر ئەویتریان مەزەندە بکات، زانای سروشتی لەگەڵ رووداوێك کە لە زۆر هۆ گەڵاڵە بووبێ بەم شێوەیە دەکات، بەڵام هەوڵەکەی لە هەوڵی زانای کۆمەڵایەتی سووکترە، چونکە بەئەزموونە دووبارەکانی دەتوانێ راستیی ئەنجامگیرییە بەراییەکانی ساغ بکاتەوە، لەکاتێکدا رێبەری زانای کۆمەڵایەتی لە رووداوە کۆمەڵایەتیەکاندا بینینە نەك ئەزموون. بەڵێ ئەزموونە کۆمەڵایەتیەکان کەم نین، بەڵام بەبێ ئەوەی ئێمە رۆڵمان لە روودانیاندا هەبێ روودەدەن، ئێمە لەبەرئەوەی ناتوانین دووبارەیان بکەینەوە ناچارین تەنیا روونیان بکەینەوە، لای هەمووانیش ئاشکرایە ئەم روونکردنەوەیە چ راجیایی و ناتەواویەك لە ئیعتیباری کۆمەڵناسیدا دەسەپێنێ.

ناکرێ بەهای فاکتەرێك بگۆڕدرێ تا نەبینرێ کاریگەریی هاوشێوە لەسەر زۆر گەل لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا دەکات، لەکاتێکدا باقی فاکتەرەکان جێگیر بن و نەگۆڕێن. ئەم رێبازەیش لەبەرئەوەی تەنیا لەسەر هەندێ باری زۆر سادە پیادە دەکرێ، تەنیا هەندێ راستیی موبتەزیلیان پێ هەڵدەهێنجرێ کە سوودێکی ئەوتۆیان نیە، وەك ئەوەی دەڵێ: فەوزا حوکمی موتڵەقی بەدوادا دێ، گەلە بەهێزەکان بەسەر گەلە لاوازەکاندا زاڵ دەبن...هتد.

بەدیدی من لەم حاڵەتەدا شیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی رووداوێکی کۆمەڵایەتی دەخولقێنن ئاسان دەبێ ئەگەر زانیمان رووداوی کۆمەڵایەتی ئەنجامی کۆمەڵێ فاکتەری جیاوازە کە هەندێکیان هەمیشەیی و هەندێکیتریان کاتین، هەرچی فاکتەرە هەمیشەییەکانن کاریگەریەکی نەگۆڕ و بەردەوامیان لە سەرجەم روداوەکاندا دەبێ، لەو فاکتەرانە فاکتەری رەگەزە، واتە سیفەتە بۆماوەکان، هەروەها فاکتەری رابردوو، واتە هەستە ئاینی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکان کە لە رابردوویەکی دوور و درێژدا لە رۆحی نەتەوەکاندا جێگیر بوون. هەرچی فاکتەرە کاتیەکانن بەپێچەوانەوە بەبەردەوامی دەگۆڕێن، بەڵکو بە کارتێکردنیان لە فاکتەری بۆماوە کە کەم دەگۆڕێ، بەحەتمی سیمای ئەو فاکتەرە هەڵدەگرن، ئەمەیش وا دەکات ئەو گەلانەی سەر بە رەگەزی جیاوازن بەشێوەی جیاواز بەڕێوە دەچن کاتێ لە یەك زەمەندا ملکەچی هەمان کۆمەڵە فاکەری کاتی دەبن، پاشان مێژوو لەگەڵ ئەوەی بەزۆری ئەوەی لێ دەخوێنێتەوە کە هەر نەتەوەیەك دەتوانێ بیروباوەڕ و سیستم و هونەرەکانی—با لە رواڵەتیشدا بێ— بگۆڕێ، بەڵام لەڕاستیدا

رابردوو لەژێر ئەو گۆڕانانەوە دەردەکەوێ و دەستبەجێ ئەو وێنە و شێوانە دەگۆڕێ کە شۆڕشە توندوتیژەکان فەرزیان کردون.

کەواتە پێویستە لە فاکتەری رەگەز و فاکتەری رابردوو بکۆڵرێتەوە کە واباوە لەبەر نادیارییان فەرامۆش دەکرێن، چونکە ئەوانە بەکردار کار لە پەیدابوونی نەتەوەکان دەکەن، ئەگەر بۆ نموونە تەماشای فەرەنسا بکەین، دەبینین لەژێر ئەو ئاشوبە سیاسیانەی تێیدا هەڵگیرسان دوو بنەمای جێگیر هەن کە لەناو نەتەوە لاتینیەکاندا هاوبەشن و کارەکانیان بەهەمان شێوە بەڕێوە دەبەن، ئەوانیش بریتین لە باوەڕ بە توانای حکومەت بۆ چاککردنی هەمووشت + باوەڕ بە دەسەڵاتی رەهای یاساکان. بەفیتی ئەم دوو بنەمایە کە لە زۆر بەشدا لەسەریان دەوەستین رێبازی حکومی فراوان بوو و رێبازی سۆشیالیزم گەشەی کرد کە ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی ئەو رێبازە.

وەسفە گشتیەکانی فاکتەری رەگەز کەمن، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە تێیدا زۆر زەحمەت نەبوو، زۆر شتمان سەبارەت بە دۆخی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئایندەیان زانی کاتێ تێبینی هەندێ لە ئاکارە سەرەکیەکانمان کرد وەك چوست و چالاکی، پشتبەستن بە کرد و کۆششی شەخسی، گەشبینی، پێویستی بە ئازادیی تاکەکەسی و راهاتن لەسەر هەڵێنجانی شەخسی کە پێویست بە دەستوەردانی حکومەت ناهێڵێ، ئەنجا زانیمان پێویستە مرۆڤی ئەمەریکی سەربەخۆ لە حکومەتەکەی دیراسە بکرێ نەك یەکەم جار دیراسەی ئەو حکومەتە بکرێ بۆ زانینی حەقیقەتی ئەو. بابای ئەمەریکی کاتێ ئازادی بەدەست هێنا لە گۆڕەپانی ژیاندا هاتە پێش بەبێ ئەوەی پشت بەکەس ببەستێ و خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات. بەهەمان شێوە ئەگەر لە کۆمارە خەمۆکەکانی ئەمەریکای لاتین کە ناتوانن لەو پاشاگەردانیەی باڵی بەسەریاندا کێشاوە دەربچن، بکۆڵینەوە، دەبینین ژمارەیەکی کەم وەسفی بنچینەیی دەروونی بەسەر رێڕەوی مێژوویاندا زاڵە.

لەو روونکردنەوەی رابردوو دەردەکەوێ زانینی فاکتەرە گەورە گشتیەکان کە ئاراستەی فاکتەرەکانیتر دیاری دەکات، دەمامك —با کەمێکیش بێ— لەسەر رۆحی سیاسەت لادەدات، زەحمەتیش بەوە زۆر سووك نەبووە، چونکە لەپاڵ فاکتەرە هەمیشەییەکاندا چەند فاکتەرێکی کاتییش هەن کە هەموو عەقڵ و مەنتیقێك لەبەردەم ئاڵۆزبوونیاندا سەرگەردان دەبێ، جا چۆن کاریگەریی ئەو فاکتەرە کاتییانە دیاری بکەین؟!

دیارە بە تێبینیکردنی ئەوە دەبێ کە لە هەموو قۆناغێکدا —جگە لە فاکتەرە گەورە جێگیرەکان کە ئاماژەمان بۆ کاریگەرییان کرد— ژمارەیەکی کەم پرنسیپی رێکخەر هەن کە فیکر و کارەکان بەرەو یەك مانا ئاراستە دەکەن، بەم شێوەیە پرنسیپی نەتەوەکان ئاراستەی سیاسەتی لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتی دووەمدا دیاری کرد، بنەمای یەکسانی لەنێوان ئاستە کۆمەڵایەتیەکانیش ئاراستەی سۆشیالیزم لەم سەردەمەدا دیاری دەکات و...هتد.

لە تێبینیەکانی رابردووەوە دەبینین هەر رووداوێك چەندین فاکتەر، هەریەکە بە گرنگیی جیاواز، رۆڵیان لە پێکهاتنیدا هەیە، کاری رۆحی سیاسەت بریتییە لە دەستنیشانکردنی گرنگیی ئەو فاکتەرانە، هەروەها جیاکردنەوەی فاکتەرە بنچینەییەکان و دەرکردنی لاوەکیەکانیان.

دەرکردنی فاکتەرە لاوەکیەکان لە رۆحی سیاسەتدا –وەك لە زانستەکاندا– گرنگە، نەخاسمە لە فەلسەفەی سروشتی و گەردووونناسیدا، کە سەرەڕای ئەو رێژەیە لە زەرورەتیش زۆر زەحمەتە، چونکە پێشکەوتنی زانست لە سەردەمی نوێدا پێویستی کردوە هەر رووداوێك بە زۆر ئاڵۆز دابنرێ، ئەوە کە خەڵك جاران هۆکانی شتەکانیان بەسادە داناوە لەبەر کەمیی ئامرازەکانی بینین و تاقیکردنەوەی بەردەستیان بووە.

زرنگیی زانایش لە خستنەڕووی فاکتەرە بنچینەیەکانی یەکێك لە رووداوەکان و چاوپۆشینی لەوانیتردا دەردەکەوێ، کیپلەر نەیتوانی یاساکانی روون بکاتەوە بە وەلانانی خەلەلە لاوەکییەکە نەبێ کە کاریگەریی لاوازی لە جوڵەی تەنە گەردوونیەکاندا هەیە، بەهەمان شێوە سیاسیی راستەقینە وەك زانای گەردووونناس کار دەکات و هەمیشە ئەوەی لەیادە کە ئەو هۆکارەی لە سەردەمێکدا هیچ گرنگیەکی نیە لەوانەیە لە سەردەمێکیتردا گرنگ بێ.

هەرچی بۆچوونی زانایانی سەدەی رابردووە (سەدەی نۆزدەیەم–وەرگێڕ) کە باس لە بوونی یاساگەلی رەها دەکات وردە وردە بەرەو بەرتەسك دەبێتەوە، بنەماکانی رۆحی سیاسەت لە یاساکانی جەستە –کە وەك زانراوە دەگۆڕێن– جێگیرتر نابن، پاشان بنەما سیاسیەکان بەکاریگەریی زۆر فاکتەری چاوەڕواننەکراو بەبەردەوامی لاواز دەبن، لم رووەوەیە هەندێ جار بزربوونی کاریگەریی هەندێ فاکتەری باو لەئاست رێچکەبەستنی لەناکاوی بۆچوونەکاندا دەبینین، پیاوی سیاسی کە بە سیستمی ئەم رێچکەبەستنە ئاشنایە دەتوانێ بەرهەمی بێنێ یان لانیکەم ئاراستەکەی دیاری بکات، وەك بسمارك توانی ساڵی ١٨٧٠ ئەوە بکات.

رێچکەبەستنی لەناکاوی بۆچوونەکانیش هێزێکی ئەدەبییە کە هەندێ جار هیچ هێزێك ناتوانێ لە بەردەمیدا بوەستێ، ناپلیۆن دەرکی بەوە کردبوو و دەڵێ: "ئەوە رێچکەبەستنی شتەکانە قسە دەکات، هەر ئەویش رابەرایەتی ئاراستەی رای گشتی دەکات، هەرگیز گەورەی خۆم نەبووم، هەموو کات دۆخەکان منیان پەلکێش کردوە".

دەسەڵاتی رێچکەبەستن و هەڵبەز و دابەزی بۆچوون لە هەموو لاپەڕەیەك لەلاپەڕەکانی مێژووی نوێماندا بەرچاو دەکەوێ، چیرۆکی ئیمپراتریەتی یەکەم و پاشان گێڕانەوەی سیستمی پاشایەتی، پاشان قۆناغی ریوائی ئەنجا ئیمپراتۆریەتی دووەم، پاشان رووداوی (بولانجیە) و...هتد تەنیا چەند نموونەیکن لەوە. ئەو "میر"ەی ماکیفیلی باسی کرد ئەمرۆ پێی دەوترێ کۆمەڵ "جەماعە"، توانای کۆمەڵیش ترسناك دەبێ کاتێ هەموو عەزیمەتەکان روو لە یەك ئامانج دەکەن، ئەگەر ئەو ئاراستەیە زۆر درێژە ناکێشێ ئەوا پێویستە پیاوانی سیاسەت ئەوە بزانن.

بەزۆری پیاوانی قۆناغێك لە قۆناغەكان لەو ڕێچكەبەستن (جریان)ـە تێناگەن كە لەوانەیە لە بۆچوونەكانی گەل لە قۆناغەكەیاندا روو بدات، كەس لە سەرەتاكانی شۆڕشی فەرەنسیدا نەیدەتوانی پێشبینی ئەو ئایندە تۆقێنەرە بكات كە لەوانەیە ئەو شۆڕشە سەری لێوە دەردەچێ. لە شۆڕشی ناوبراودا راستیی ئەو پەندە دەركەوت كە دەڵێ: "لەكاتێكدا كەشتیەكە نوقم دەبوو گەشتیاران پیرۆزباییان لە یەكتر دەكرد بەبۆنەی نوقمبوونەوە". خاتوو دوجانلیس بەخێوكەری شازادەكانی بنەماڵەی "ئورلیان" پێشرەوی دەكردن تا روخاندنی قوڵای (باستیل) ببینن، خانەدانەكانیش بەچاوی سۆز تەماشای ئەو ڕێچكەبەستنەیان دەكرد وەك چۆن رۆڵە كوێرەكانی چینی ناوەڕاست (چینی بۆرژوان) تەماشای مانگرتنی یەكەمی فەرمانبەرانی پۆستەیان دەكرد، خۆ خەڵكی ئەوكاتەیش لە هی ئێستا زاناتر نەبوون كە بزانن رووداوە فیكریەكان پەیوەندیەكی توندوتۆڵیان بەیەكەوە هەیە و هەریەكەیان زۆر نابات دەبێتە هۆ بۆ زانیاریتر.

لەم روونكردنەوەوە دەبینین كە پێویستە ئەو سەرۆكانەی خوازیارن بە حیكمەت و لێزانیەوە حوكمڕانی خەڵك بكەن بەرگەی چ زەحمەتیەك بگرن، ئەو زەحمەتیانەیش بەئەندازەی دووریيان لە هزری كۆمەڵ و ملكەچبوونیان بۆ هەندێ فاكتەریتر كە لە تێگەیشتن لەو هزرانە و دواندنیان دووریان دەخاتەوە، توندتر دەبن.

مرۆڤ ناتوانێ رۆڵەكانی چینێك بەباشی بناسێ ئەگەر خۆی لەو چینە نەبێ، ئەمەیە نهێنی ئەوەی سەرانی "یەكێتیی كرێكاران" كە لە چینی كرێكارانن دەزانن چۆن وا لەوانە بكەن بەو شێوەیەی پێویستە گوێڕایەڵیان بن. ئەو سەركردانە لەو رووەوە بێموبالاتن بە پرنسیپە گەورە و تیۆرە جوانەكان لە مرۆڤایەتیدا، دەزانن حەشاماتیش گوێیان پێنادات، هەروەها ئەو حەشاماتە كورتبینە بەبێ مشتومڕ بەو بیروباوەڕانە رازی دەبێ كە لە كۆمەڵێ دەستەواژە (سیغە)ی كورت و حەماسیدا داڕێژراون، هەروەها بەبێ ئەوەی فززەیان لێوە بێ مل بۆ توندترین فەرمان كەچ دەكەن ئەگەر ئەو فەرمانانە كەس یان لیژنەی خاوەن هەژموون و كاریگەر كردبێتیان.

ئەو سەركردانە تەنیا زانیاریەكی كەموكورتیان سەبارەت بە بارەكانی دەروون هەیە، بەڵام بەو زانیارییە كەم و كورتەوە كە لەگەڵ هزری ئەو خاوەن دەروونە ساویلكانەدا گونجاوە، توانیویانە خەڵكی سادە بكەنە كۆیلە، ئەوان ئەزانن بۆ كوێ دەچن و چییان دەوێ و لە هەڵەكانی پیاوانی سیاسەت بێئاگا نین، جا زۆر جێی خۆیەتی كاربەدەستانی ئێمە چاویان لێ بكەن.

لە سەرجەم ئەو فاكتەرانە —دوور بن یان نزیك، هەمیشەیی بن یان كاتی— ئەوە پێكدێ كە ناوی دەنێین "هاوكێشەی یەكێك لە قۆناغە كۆمەڵایەتیەكان"، ئایندەی نەتەوە بەزۆری لەسەر حەلكردنی ئەو هاوكێشەیە بەشێوەیەكی راست و دروست دەوەستێ، دیارە زەرورەت حەلی دەكات ئەگەر یاسادانەرەكان نەیەنە سەر خەت بۆ هێنانەكایەی ئەو فاكتەرانەی یاساكانی گەردوونی تێدا هاوسەنگ دەكەن.

لە ژماردنی فاكتەرەكانی گۆڕان (التحول) لە یەكێك لە رووداوە كۆمەڵایەتیەكاندا بۆمان روون بوویەوە ئەو فاكتەرانە هەمەجۆرن، هەروەها بۆمان دەركەوت كاریگەرترینیان شاراوەترینیانە، لە سەرجەمیان چەپكێك هێزی شاراوە پێكدێ كە چارەنووسی گەل بەڕێوە دەبات، مرۆڤ زۆر لە گەمەیەك دەچێ كە ئەو دەزوانەی دەیجوڵێنن دیار نین.

دەسەڵاتی ئەو هێزانە هەرچەند بن، نابێ بەگیانی خۆبەدەستەوەدانی كوێرانە بەرخوردیان لەگەڵ بكەین،

خۆ ئەگەر ئەم هەستە بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵ بووایە ئەوا لە قۆناغی هەمەجیەتی بەرایی دەرنەدەچوون و نەیاندەتوانی سروشت ژێربار بکەن، کە لە سەرەتادا زۆر بەسەختی بەکۆیلەی کردبوون.

بەمە تەقە لە دەرگایەکیتر لە رۆحی سیاسەتدا دەدەین، ئەگەر رۆحی سیاسەت تەنیا بەدیهێنانی شتەکان بوایە شتێکی بێهوودە دەبوو، لەبەرئەوە دوو سوود لە رۆحی سیاسەتدا دەبینین: سوودی ئاشکراکردنی ئاکام + سوودی بەدەستهێنانی مەبەست. بەم دوو سوودە کاری سورپرایزەکانی ئایندە و کاریگەرییان بەتاڵ دەکەینەوە.

چۆن دەگەینە ئەوە لەکاتێکدا زانست —وەك لە ترادیسیۆنە ئاینیەکاندا هاتووە— پشتگیری کەوتنی مرۆڤ دەکات لە کەوتنە ناو داوی قەدەر لە هەموو زەمەنێکدا؟ لە بەشێکی دواتردا دەبینین کە دەکرێ کاری قەدەرەکان بەتاڵ بکرێتەوە، ئەویش لەرێی شیکردنەوەی ئەو رەگەزانەی لێیان پێکدێن.

## دەروازەی دووەم

# فاکتەرە فیکریەکان لە دنیای سیاسەتدا

## بەشی یەکەم
## سەرچاوەی یاساکان و وەهمەکانی یاسادانان

زۆر رووداوی سیاسی ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە ژمارەیەکی کەم پرنسیپ کە لە دەروونندا ریشەیان داکوتاوە، گەشەیان کردوە، باوەڕ بە دەسەڵاتی رەهای یاساکانیش کاریگەرترینی ئەو پرنسیپانەیە.
لە فەرەنسا جەماوەرێکی زۆری خەڵك پێیان وایە گوایە لە کۆتی هەوو بیروباوەڕێکی دینی رزگاریان بووە، ئینکاریی خواوەندەکان و گاڵتە بە خورافات و ئەفسانەکان دەکەن و لە پێشبینیەکانی خەوێنەرانی موگناتیسی یان کاریگەریی ژمارە سیازدە زیاتر لە هیچ ناترسن، بەڵام لە فەرەنسا —کە وتراوە وڵاتی ئازادیی فیکرە— هیچ شتێك لە رێکەوتن لە خەڵکانێك زەحمەتتر نیە کە ئەگەر کەمێکیش بێ گومانیان لە توانای دەستوور و یاساکان هەبێ، هەموو کەس باوەڕی وایە دەقە یاساییەکان لەتوانایاندایە دۆخی کۆمەڵایەتیی گەل چاك بکەن، هەروەها دەتوانن لەسەر حسابی دەوڵەمەند هەژار دەوڵەمەند بکەن، یەکسانی لەناو خەڵکدا بێننە کایە و بەیداخی بەختەوەری لە جیهاندا بڵاو بکەنەوە.
ئەو رێبازەی باوەڕی بە دەسەڵاتی یاساکان هەیە خەریکە بڵێین تاکە رێبازە کە هەوادارانی زانستە تیۆریەکان تەقدیسی دەکەن، ئەگەر لە راستیی شتەکان ورد بینەوە دەبینین سەرجەم حزبەکانمان یەکدەنگن لەسەر تەماشاکردنی وەك بەهای باڵای خۆیان، هەموویان بەدوای چاککردنی کۆمەڵگەوەن بەزەبری سیستم و مەرسومەکان و فشار دەخەنە سەر حکومەت بۆ دەستوەردان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان. کەسێك ئەگەر بەرێکەوت لەگەڵ فەرەنسیەك کۆ ببێتەوە نازانێ ئاخۆ ئەو کەسە دیندارە یان نادیندار، بەڵام لە هەموو بارەکاندا بۆی هەیە بە حکومەتگەرای دابنێ.
باوەڕ بە کاریگەریی رەهای یاساکان لە گەورەترین فاکتەرەکانە لە مێژووماندا، پیاوانی شۆڕشی فەرەنسی باوەڕیان بەوە قایم بوو کە کۆمەڵگە بەزەبری سیستمەکان دەگۆڕێ، زۆری نەبرد عەقڵیان کردە خواوەند، کە مەرسومەکان بەناوی ئەوەوە رادەگەیەنران.
زۆر هۆ هەن وایان لەو نەتەوانەی خاوەن فیکری دینیی گەشەکردوو کردوە بەشوێن ئەو ئامرازانەدا بگەڕێن کە چارەسەری نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکانیان پێدەکەن، لەوانە ئەوەیە ئەو نەتەوانە کاتێ لەوە دڵنیا بوون داواکردنی موعجیزە لە خودا بێسوودە، روویان لەوە کردوە ئەو داوایە لە یاسادانەران بکەن، بەوە دەسەڵاتی یاساکانیان خستە جێگەی دەسەڵاتی ئیلاهی.
ئەو شکستەی دووچاری ئەو یاسایانە بوو کە لە کۆنگرەیەکی میللیدا دانران باوەڕی خەڵکی بە توانای یاساکان نەلەخشاند، بەڵکو پارێزگاری لە هەژموونی خۆی کرد کە رکابەریی رێبازی ئاینەکانی پێ دەکرد، ئەوانیش وەك خواوەندەکان فەرمان دەکەن بەبێ ئەوەی تەفسیری ئەو فەرمانەیان بکەن، وەك زانراویشە فەرمان ئەگەر تەفسیر کرا حورمەتی لەدەست دەدات.
ئەوەیش دەڵێ یاساکان کۆمەڵگە چاك دەکەن —وەك پێشتر روونم کردەوە— لە گەورەترین هەڵەکانە کە مێژوو تۆماری کردوە، ملیۆنان کەس بەنەهامەتی و کوێرەوەری لەپێناویدا مردن، دەستی کاولکاری گەیشتە زۆر شاری رازاوە، زۆر دەوڵەتی مەزن بوونیان سڕایەوە، کەچی هێشتا ئەو وەهمە لە هەر کات زیاتر پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی دەکات.

هەندێ فەیلەسوف هەوڵیان داوە پڕوپوچیی ئەوە بسەلمێنن، منیش لە زۆر لە کتێبەکانمدا کەمتەرخەمیم نەکردوە لە پەردە هەڵماڵین لەسەر راستیی بابەتەکە، بەتایبەت لە کتێبی "نهێنیی پەرەسەندنی نەتەوەکان"، بەڵام کتێب چی لە حەشاماتێکی بێبار دەکات کە جگە لە رابەرە ئاژاوەچییە ساختەچیەکانی گوێ بۆ کەسیتر ناگرن؟

یاسادانەر باوەڕی بە توانای بانئاسایی (خارق)ی یاساکان هەیە، لەبەرئەوە دەبینی یاسا دادەنێ بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی هۆکانیان نازانێ، یاسا دادەنێ و زیادەڕەوی تێدا دەکات هەرکات بینی ئەو یاسایانەی دایناون بێکەڵك بوون یان ئەنجامی پێچەوانەی مەبەستیان لێ کەوتەوە، پاشان یاسا دادەنێ و زیاتر هەڵدەچێ، داوای روونکردنەوە لە وەزیرەکان دەکات و لیژنە بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی مەرسومەکان دادەنێ و بەبێ ماندووبوون دەست وەردەداتە وردترین کاروباری ئیدارە، بەم شێوەیە سیستمە پەرلەمانیەکەمان بەرەو سیستمێك دەڕوات کە سیستمی قۆناغی عەهدمان بیر دەخاتەوە و بۆمان دەسەلمێنێ نەتەوە لاتینیەکان لە کۆتی تاکڕەویەك دەرناچن دەچنە ژێر باری تاکڕەویەکیتر، هەروەها حوکمی رەهای کۆمەڵەکان وردە وردە جێگەی حوکمی تاکەکان دەگرێتەوە.

ئەوەی چاو بە مێژووماندا بخشێنێ دەبینێ پڕە لە ئەنجامی وێرانکەر کە لە کۆمەڵێ یاسا کەوتونەتەوە دانەرانیان مەبەستیان لە دانانیان تەنیا سوودی گشتی بووە، ئەوەبوو حکومەتی کۆماری ساڵی ١٨٤٨ گومانی وابوو کارێکی باشی کردوە کاتێ یاساکانی کرێکارانی دانا، هەروەها کۆمەڵێ کارگەی نیشتمانی دامەزراند تا بێکارانی وڵات بژێویی ژیانیان لێوە دەسەت بخەن، بەڵام کاتێ خواستەکانی ئابووریی باڵادەست ناچار بە داخستنی ئەو کارگانەی کرد شۆڕشێکی خوێناوی بەرپا بوو کە خەڵکێکی زۆری تێدا کوژران، هەروەها هەر لە ئەنجامی ئەوەدا سیستمی ئیمپراتۆری گەڕێنرایەوە، یەکێکیتر لە کۆستانەی ئەو ئەو سیستمە لەگەڵ خۆی هێنا شکانمان بوو لە (سیران) و پەلاماردانی وڵاتەکەمان بوو لەلایەن بێگانەوە.

تاقمی مرۆڤدۆستان چەند شوومن! یاسا مەترسیدارەکان بەزۆری لەژێر کاریگەریی ئەواندا دادەنرێن، ئەو رێوشوێنانەی یاسادانان کە ئەنجامی پێچەوانەی مەبەستی یاسادانەرەکانیان لێ کەوتۆتەوە لە ژمارە نایەن، لەوانە یاسای خەڵاتەکانی دەریاوانی کە بووە مایەی دواکەوتنی کەشتیگەلی بازرگانیمان وەك پاشتر روون دەکرێتەوە. بەکاریگەریی ئەو پرنسیپەی بەهۆیەوە توانایەکی رەها دەدەینە پاڵ یاساکان وامان پێ چاکە سیستمە تایبەتەکانمان بەسەر سەرجەم ئەو نەتەوانەدا پیادە بکەین کە هاتونەتە ژێر قەڵەمڕەوی ئێمە، بێئاگا لەوەی ئەم رێچکەیە ژیانی کۆلۆنیەکانمان بەیەکجاری لەناو دەبات.

باوەڕی لاتینەکان بە توانای مەرسومەکان بۆ گۆڕینی شتەکان پاڵ بە یاسادانەرانەوە دەنێ –لەژێر فشاری گەل کە عەزیمەتێکی بێباری هەیە– یاسای بارگران دابنێن بێ گوێدانە ئەو ستەم و ناهەقیەی تێیاندایە.

دوای سامانی یەسوعیەکان کە بەیەك ملیار فرەنك مەزەندە کرا، کەوتە بەرچاوی چینەکانی کرێکاران، پەرلەمان لەبەردەم گێروگازی ئاژاوەچییاندا ناچار بوو یاسایەك بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو ملیارەدا دابنێ، یاسادانەران بەو کارە وەحشییە کە ناهەقیەکی زەقە، پێشینە (سابیقە)یەکی تۆقێنەریان لە وڵاتدا هێنایە کایە. با رێکەوتەکانی هەڵبژاردن رۆژێ لە رۆژان جڵەوی کاروبارەکان بخاتە دەست سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان ئەوکاتە دەبینین چۆن لەو پێشینەیە فێری داماڵینی سامانی هەندێ چینی نەتەوە لەپێناو

هەندێکیتردا بوون، بۆ ئەوەیش بنەمای دەسەڵاتی ڕەهای حکومەت یان بنەمای مافی بەهێزتر دەکەنە بیانوو.
کۆمەڵگەکەمان ئەگەر بۆ کەمێکیش بێ لەو فەوزایەی مەرسومەکانی یاسادانەرانمان سەپاندویانە ڕزگاری نەبوو مەگەر لەکاتی نەکرانی پیادەکردنیان لە هەموو کاتێکدا، چونکە هەر یاسایەك پێویستی بە لەشکرێك فەرمانبەر هەیە تا جێبەجێ بکەن و پاشان خەرجکردنی مووچەیەکی مشە زۆر بۆ ئەو فەرمانبەرانە، حکومەت ڕاڕا بوو لە پێکهێنانی سوپایەکی پێنجسەد هەزار پشکنەری بۆ پارێزگاریکردن لە یاساکانی کار، تەنها ئەم مەحاڵییە ژمارەییە پیشەسازیەکەمانی لەو داڕوخانە گەورەیە ڕزگار کرد کە لە دەستوەردانی فەرمانبەران لە کاروبارەکانی کارگەکان دەکەوێتەوە.
لەلایەکیترەوە دەبینین حکومەت خۆی واز لە هەندێ یاسا دێنێ کە پیادەکردنیان مەحاڵە لەبەرئەوەی هەموو خەڵك حورمەتیان پێشێل دەکەن، هەروەها لەبەرئەوەی تاوان ئەگەر بوو بەگشتی دەگۆڕێ بۆ هەق. بەم شێوەیە ئەو مەرسومانە شکستیان پێهێنرا کە بۆ پەکخستنی ئاڵوگۆڕی دارایی و کۆمپانیاکانی (ئانونیم) و باقی ئەو گرێبەندانەی لە گۆڕانی ئابووریی نوێ دەکەونەوە، دانران.
لە تێبینیەکانی ڕابردوو بەو ئەنجامە دەگەین کە پێویستە چاکسازیەکان لەڕێی ئەنجومەنەکانی یاسادانانەوە دانەنرێن، هەروەها پێویستە کاربەدەستان لەئاست ڕێچکەبەستنی شتەکاندا بەدەستبەستراوی دانەنیشن، بەڵێ مانەوەی یاسادانەرانی ساڵی ١٨٤٨ بەدەست بەستراوی باشتر بوو لەوەی یاسای زیانبەخش دابنێن وەك باسمان کرد، بەڵام ئەم ئەنجامە لەسەرجەم دۆخەکاندا جێبەجێ ناکرێ، چونکە هەندێ یاسا هەن زۆر بەسوودن ئەگەر زادەی زەرورەتێکی زاڵ بن و سەربەخۆ بن لە ویستی یاسادانەران.
ئەوەی خوازیارە بزانێ سەبارەت بە یاساکان پێویستە چی بکرێ و چی نەکرێ، با لە چۆنێتیی پێکهاتنیان بکۆڵێتەوە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیش پێش هەموو شت ئاماژە بەوە دەکەین هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ سوود لە دەستوور و یاساکانی نەتەوەیەکیدی وەربگرێ ئەگەر فیکری هەردوو نەتەوە جیاواز بوون، با ئەو یاسا و دەستوورانەیش لەوپەڕی تەواویدا بن، بەم پێیە پێم وایە هەوڵدانی فیقهناسان بۆ قایلکردنی خەڵك بەوەی هەندێ وڵات سیستمی مافەکانیان لە ڕۆمانەوە وەرگرتوە و هەندێ وڵاتیتر دەستووریان لە ئینگلیزەوە وەرگرتوە، بەڵگەیە لەسەر کەمتفاقییان لە بواری دەروونناسیدا، ئەگەر ڕووی دا نەتەوەیەك — بۆ نموونە وەك نەتەوەی ئەڵمانی– باوەڕی بە مافە ڕۆمانیەکان هێنا، ئەوا زۆر نابات ئەو مافانە تایبەت دەبن بەو نەتەوەیە. ئەگەرچی زۆر لە گەلن یاسای بنچینەیی ئینگلیزیان کردۆتە دەستوور، بیرمان نایەت یەکێکیان توانیبێتی ئەو دەستوورە پیادە بکات.
پێکهێنانی یەکێك لە مافەکان پێویستی بە بڕینی سێ قۆناغ دەکات، کە بریتین لە عادەت و قەزا و یاسا، قسەی یاسادانەر تەنیا لە قۆناغی سێیەمدا بەکەڵکە واتە قۆناغی یاسا، بەزۆریش یاسا لە کۆکردنەوەی عادەتەکان و بەتاڵکردنیانە لە بۆتەی ماددەکاندا، بەوە ڕۆڵە ڕاستەقینەکەی دەردەکەوێ، ئەگەر لە یاسا مەدەنیەکەمان ورد بینەوە —زۆر کەس وتویانە گوایە لە داهێنراوەکانی ئەنجومەنی فەقیهانە کە ناپلیۆن سەرۆکایەتی دەکرد– دەبینین بریتییە لە کۆمەڵێ عادەتی فەرەنسی کە بەشێوەی یاسا کۆکراونەتەوە و کۆتا قۆناغە لە ئاراستەگرتنی وڵاتەکەمان بەرەو یەکێتیی قەزایی، واتە لەڕاستیدا یاسای ئێستا نیە بەڵکو یاسای ڕابردووە.

عادەتیش لە خواستە رۆژانەکانی کۆمەڵایەتی پەیدا دەبێ جا پیشەسازی بێ یان یان ئابووری، قەزا دیاری دەکات و یاسایش پشتگیری دەکات، ئەوەی یاسا پشتگیری بکات ئەوە قۆناغی کۆمەڵایەتیی ئێستایە، لەو رووەیشەوە پەیدابوونی شارستانێتیەکان –بەتایبەت شارستانێتی ئێستا– لە پەیدابوونی یاساکان خێراترە، ئەوا قەزا دێتە سەر خەت بۆ گۆرینی یاساکان بەو پێیەی عادەتە نوێیەکان دەیخوازن.

لەو وڵاتانەی قازی تێیاندا بەستراوەتەوە و ناچارە لە حوکمدانەکانیدا رەچاوی دەقەکانی یاسا بکات، پێویستە یاسا تێیاندا لەگەڵ عادەت بچێ و بەگۆرانی بگۆرێ، هەرچی ئەو وڵاتانەن قازی تێیاندا دەستکراوەیە وەك ئینگلتەرا ئەوا پێویست بە دەستدان لە یاساکانی ناکات، چونکە قازی خۆی لە جێبەجێکردنیاندا رەچاوی گۆرانی شتەکان دەکات.

قەزا –کە عادەتەکان دیاری دەکات– لای سەجەم نەتەوەکان شەوکەتی لە یاساکان زیاترە، چونکە نوێبوونەوەی پێویستییە کۆمەڵایەتیەکان لە نوێبوونەوەی شەریعەت و یاساکان خێراترە. لەگەڵ ئەوەی هیچ گەلێك نەبووە لە رێزگرتنی دەقەکانی شەریعەتەکاندا شان لە شانی رۆمان بدات "دەبینین ئەو یاسایەی لەرووی پیادەکردنیەوە پشتگیریی قەزایی کراوە –وەك کرویە دەڵێ– لە هیچ شوێنێك وەك رۆما زیادەرەوی لە بەزاندنی سنووری دەقەکانی نەکراوە و هیچ شەریعەتێکی نووسراو لە داوەریکردن لەنێوان خەڵکدا وەك شەریعەتی ئەو سەرپێچی کراوە، ئەوەیش نەبووەتە رێگر لەوەی خەڵك لەم سەردەمەی ئێستادا مافەکانی رۆما کە تایبەتن بە کۆمەڵگەیەکی مردوو بە نموونەی یاسادانانێکی گشتیی نەمر دابنێن!".

پاشان ئەو کۆمەڵگەیەی مافەکانی چەقبەستوو بن و نوێ نەبنەوە بەزوویی لە بوون دەسرێتەوە، ئەمەیش حاڵەتێکە هەرگیز رووی نەداوە، تەنانەت شەریعەتی ئیسلامی کە قورئان سنوورەکانی دیاری کردوە زۆری نەبرد ئەو سنوورانەی تێپەراند، چۆن دەکرێ مافەکان جێگیر بن لەکاتێکدا هەموو شت لە دەوروبەریاندا دەگۆرێ، کە ئەوە وا دەکات پیادەکردنیان شتێکی مەحاڵ بێ؟ لەوانەیە خەڵك لە رێزگرتنی دەقەکنی شەریعەت بەردەوام بن بەڵام زۆر نابات دەست لە رەچاوکردنی ئەحکامەکانی بەردەدەن، رۆمانەکان رێزی یاسای دوازدە لەوحەکەیان دەگرت بەبێ ئەوەی جێبەجێیان بکەن، هەروەها موسڵمانان کە قورئانیان بەلاوە پیرۆزە بەو تەفسیر و تەئویلانەی دەیانکەن حوکمەکانی لە خۆیان لادەدەن.

بەم شێوەیە قەزا بەگۆرانی عادەت سەربەخۆ لە یاسا و هەندێ جار دژ بە یاسا، دەگۆرێ، یاسا لە هیچ زەمەنێکدا هێندە بەهێز نەبووە لەبەردەم عادەتدا بوەستێ. دۆرکایم دەڵێ: "ئەگەر ژیانی خێزانی بەرەو زیناکردن لەگەڵ خزمانی ببردینایە، یاسادانەر نەیدەتوانێ رێگە لەوە بگرێ". هیچ شتێك لەم قسەیە رۆشنتر نیە، چ دادگەیەك ئەمرۆ دەوێرێ پیاوێك بە کاری قورس سزا بدات کە دژبەرەکەی لە زۆرانبازیدا کوشتوە وەك یاسا فەرمان دەکات؟ لەگەڵ ئەوەی یاسا بەرخستن (لەباربردن) قەدەغە دەکات بەڵام قازیەکان وازیان لە سزادانی ژنەی تاوانکار هێنا کاتێ بینییان سوێندخۆران بەبەردەوامی بەبێتاوان دەریدەکەن، کەواتە نابێ قازیەکان خەڵك بە رێسا حقوقیەکانی خۆیان پابەند بکەن، بەڵکو پێویستە بەو شێوەیە رەفتار بکەن کە هەست و شعوری کۆمەڵگە دەیسەپێنێ.

ئەگەر قەزا نەبوایە کە بەگوێرەی هەڵبەز و دابەزی عادەت بەرێوە دەچێ، سەرەنجام دەبووە شتێکی ستەمکارانە، ئەوە بەتایبەت قەزایە کە ژنی ئەو کەشتیەوانەی لە گەشتێکی دووردا سۆراخی نامێنێ، لە بێوەژنکەوتنی ئەبەدی رزگار دەکات کە یاسا فەرمانی پێدەکات کاتێ نەتوانێ بەڵگەنامەیەکی خەتی پیشان

بدات لەسەر مردنی مێردەکەی. هەر قەزایە پیاوی لەخشتەبەر ناچار دەکات بە زەمانکردنی زیانی ئەو ئافرەتەی فریوی داوە و پەروەردەکردنی منداڵەکەی ئەگەرچی یاسا لەم بارەدا باوکایەتی حەرام دەکات. بەم جۆرە شتانە چۆنێتی پێکهاتنی یاسا روون دەبێتەوە و رۆڵی راستەقینەی یاسادانەر دەردەکەوێ، پێویستە یاسادانەر کاری تەنیا پشتگیریکردنی یاساکان بێ دوای ئەوەی عادەت دەیانخاتە روو و قەزا سنوورەکانیان دیاری دەکات، هەموو یاسایەك لەناکاو دەربچێ بەبێ ئەوەی ئەو دوو قۆناغە ببڕێ، شکستی لەناوچاوان نووسراوە.

با ئەنجومەنی راوێژەکەمان —کە هەموو رۆژێك دەسەڵاتی لە پێشتر زیاتر دەبێ— بە نموونە وەربگرین لەسەر مافگەلی نوێ کە ئێستا بەحوکمی عادەت و کاریگەریی قەزا گەڵاڵە دەبن. ئەم ئەنجومەنە جاران بریتی بوو لە دەستەیەکی ئیداری، هەندێ واجباتی کەمبایەخی هەبوو، پلەبەپلە بوو بە خاوەن دەسەڵاتێك کە سەرجەم دەسەڵاتەکان لەبەردەمیدا دەچەمێنەوە، چونکە وای لێهاتووە هەندێ ئەحکامی بنبڕ دەردەکات کە سەر بە تێهەڵچوونەوە نین لە هەندێ بابەتی جیاوازدا، وەك هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی والی و وەزیرەکان و گێڕانەوەی ئەفسەرانی دوورخراوەی دەریایی بۆ سەر کارەکانیان و لادانی فەرمانبەرە دامەزرێنراوەکان.

ئەی سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە چییە؟ سەرچاوەیان عادەتە کە زادی زەرورەتە و قەزا سنوورەکانی دیاری کردوە، ئەنجومەنی راوێژ بەخەیاڵیدا نەدەهات دەست بۆ باقی دەسەڵاتەکان درێژ بکات، جەماوەر وای لێکرد پەنای بۆ ببات لەبەرئەوەی دەیویست ئارەزووی وەزیران و باقی پیاوانی دەوڵەت ببەستێتەوە، هەروەها لەبەر پەرۆشی بۆ هێنانەکایەی هێزێك لەدژی فەوزای گشتی بیپارێزێ. جگە لەوە، سەرجەم سیستمە دیموکراسیەکان پلەبەپلە بەرەو پێکهێنانی هەندێ دەسەڵاتی باڵا دەچن تا ببنە ناونیشان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراوی، وەك دادگەی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە پێدەچێ ئەنجومەنی راوێژەکەمان پاش ماوەیەکی کەم هەمان رۆڵی ئەو دادگەیەی دەبێ. ئەوەی پاساو دەداتە ئەوەی لێرەدا سەبارەت بە پێکهاتنی مافەکان و دەرکەوتنی غەریزییانەی ئەو دەسەڵاتانە وتمان ئەوەیە، ئەگەرچی لەو هێزەی هەیانە پشت بە دەقێکی یاسایی نابەستن و سیستمێك پاڵپشتی نەکردون، کەچی هەژموون و دەسەڵاتی ئەوتۆی پێ بەدەست دێنن کە بۆ یاسا نووسراوە راشکاوەکان فەراهەم نابێ.

نموونەی ئەوە لە ئینگلتەرایش دەبینرێ، لەو مەملەکەتەدا بنەما بنچینەییەکانی حوکم پشت بە ماددەی یاسایی نابەستن، یاسایەکی تێیدا نیە فەرمان بکات بە دابەشکردنی پەرلەمان بۆ دوو ئەنجومەن و سپاردنی یاسادانان پێیان و وابکات پاشا لەرێی وەزیرانی بەرپرسەوە حوکم بکات و...هتد، لەگەڵ ئەوەی دەستوورێکی نووسراوی نیە[1]، بەڵام بە سەرتۆپی حکومەتە دەستووریەکان دێتە هەژمار و پلەبەپلە بوو بە کۆمارێك کە پاشایەك سەرۆکایەتی دەکات. ئەگەر کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیستیسنا بکەن دەبینین

---

[1] ئەم قسەیە ئەوانە تووشی سەرسوڕمان دەکات کە هیچ نرخێك بۆ جگە لە یاسای نووسراو دانانێن، بەڕێکەوت وتارێکی وەزیری ئینگلیزی مستەر (اسکویث)م دی کە لە یەکی ئەیلولی ١٩٠٩ لەبەردەم ئەنجومەنی لۆردانی بەریتانیادا پێشکەشی کردوە، بینیم قسەکانی پشتگیری قسەکەی منی تێدایە. دەڵێ: چەندین سەدەیە بەبێ دەستوورێکی نووسراو بەڕێوە دەچین، بەڵێ کۆمەڵێ سیستمی نووسراومان هەن وەك دەستووری (ماگناکارتا)، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو ئازادی و نەریتە دەستوورییانە بکەین کە لە وڵاتەکەماندا هەن، دەبینین تائێستا پەسەندکردنێکی دەسخەتی بنبڕی پاشا یان ئەنجومەنی لۆردەکان یان ئەنجومەنی نوێنەرانیان لەگەڵدا نیە، واتە ئێمە لەژێر دەسەڵاتی عورف و عادەت و ئەو بەڵگەنامانەدا دەژین کە وردە وردە هێزیان پەیدا کردوە و بەتێپەڕینی رۆژگار لای هەمووان رێزیان پەیدا کردوە.

سەرجەم کۆمارەکانی جیهان لە ئازادیدا شان لە شانی نادەن، رۆڵەکانی ئازادن لە سەردانی بەردەوامی کەنیسە، دەتوانن کۆمەڵە دابمەزرێن و لەرێیانەوە موڵك بکرن بەبێ ئەوەی مەترسی لەدەست دەرهێنانیان لەسەر بێ.

لە ئینگلتەرا هەموو شت پێچەوانەی بنەماکانمانە لە سیستم و عەقڵ و قیاس و لۆژیکدا، مافەکانی لە کۆمەڵێ رەگەز و ماك (مقومات) پێکدێن کە زۆر جیاوازن. وەزیر (شامبرلن) لە پەرلەمانی ئینگلتەرا وتی: "گەورەترین جیاکەرەوەی سیستمەکانمان ئەوەیە نالۆژیکین". ... .. چونکە یاساکان ئەگەر دەستبەرداری رێساکانی لۆژیك بوون لەبەرئەوەیە زادەی کۆمەڵێ هەست و شعورن کە لە زەرورەتی سەربەخۆ لە عەقڵەوە پەیدا بوون.

ناخۆشبەختانە لەو جۆرە فیکرانە دوور بووین و سوودمان لە ئەزموونەکان وەرنەگرتوە، وەهمەکانمان سەبارەت بە گەڵاڵەبوونی یاساکان و دانانیان بوونە مایەی چەندین شۆرش و وێرانکردنی چەندین شار و رشتنی خوێنێکی زۆر، کەسیش ناتوانێ پێشبینی بکات لە ئایندەدا چەند لەسەرمان دەکەوێ.

هیچ ئاماژەیەکیش نیە لەسەر نزیککەوتنەوەی ئەو کاتەی ئەو وەهمانەی تێدا دەرەوێنەوە، بەبەڵگەی ئەوەی هێشتا لەناو خاوەن دەروونە روناکەکاندا کەسانێك دەبینی کە بەرگرییان لێدەکەن. یەکێك لە قوتبە سیاسیەکانمان لە پێشەکیی کتێبێکدا کە تازە دەرچوە، جەخت دەکات لەسەر "زەرورەتی رێکخستنی کۆمەڵگە لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بەو شێوەیەی عەقڵ و یاساکان دەیخوازن". ئەو قوتبە لە قسەکەیدا جگە هیچیتری نەگوت جگە لە دووبارەکردنەوەی ئەو قەناعەتە پروپوچە ریشەداکوتاوانەی چەندین سەدەیە لەناوماندا باون و بوونەتە مایەی هەڵگیرسانی چەندین شۆرشی ترسناك لە وڵاتەکەماندا. ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە واز لە یاسادانان و رێکخستن و چاکسازی بێنین بەناوی ئەو عەقڵە کوێرەوە کە نە خواستەکانی سروشت و نە خواستەکانی ئابووری و نە هیچ زەرورەتێك نازانێ؟ ئاخۆ رۆژێك دێ بزانین کۆمەڵگەکان بەو شێوەیە نوێ نابنەوە کاربەدەستانمان دەیانەوێ؟ مافەکان دروست ناکرێن بەڵکو خۆیان خۆیان دروست دەکەن، ئەمە پەیڤێکی کورتە کە هەموو مێژووی مافەکانی لە ژێریدا حەشار داوە.

## بەشی دووەم
## خراپیی یاساکان

لێکۆڵینەوە لەو ئاکامانەی لە هەندێ یاسا کەوتونەتەوە کە زادەی هەوا و ئارەزووی یاسادانەران بوون، روونکردنەوەکەی ئێمە لە بەشی رابردوودا دەسەلمێنێ.

لە کتێبەکانی چیرۆکدا هاتووە (سەرخەس) شەلاقکاریی دەریای کرد وەك سزایەك لەسەر تێکشکاندنی کەشتیەکانی و ئاگەدارکردنەوەی لە جارێکیتر گەڕانەوە بۆ ئەو کارە. ئەگەرچی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە بیرکردنەوەی ئەو پاشا بەناوبانگە بە منالانە دادەنێن، بەڵام بەلای منەوە دوور نیە لە بیرکردنەوەی یاسادانەرانی ئەمڕۆ کە دەڵێن گوایە دەتوانن چۆنیان بوێ فاکتەرەکانی پەیدابوون لە کۆمەڵگەکاندا بگۆڕن. ئەمە دەڵێم چونکە دەبینم ئەو فاکتەرانە وەك جێگیریی یاساکانی پەیدابوونی جەستەیی جێگیرن، ئەگەر زۆربەی جار لە ئێمە شاراوەن بەڵام ناچار دەکرێین بەبەردەوامی بەدەستیانەوە بنالێنین، کارێکی بێهوودانەیە هەوڵ بدەین بە هەندێ یاسا بەرەنگارییان بکەین کە دانانیان ئاماژەیە بەوەی لە راستیی شتەکان بێئاگاین.

تەنیا ئایندەیە رادەی ئەو مەترسیانەمان بۆ دەردەخات کە لە هەوڵەکانی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان و یاسادانەراندا بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگە هەیە، وەهمی لەم شێوەیە تەنیا ئەو رۆژە دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات کە ئەنجامەکانی دەربکەون، ئەوەتا سەلماندنی مەترسیەکانی رژێمی ئیمپراتۆریی رەها شکانمانی لە شەڕێکی وەك شەڕی (سیدان)دا خواست. بەهەمان شێوە لەناوچوونی ئیشتراکیەتی رەهایش بەم جۆرە ئەزموونە نەبێ بەچاو نابینرێ.

لەکاتی لێکۆڵینەوەمان لە وەهمەکانی یاسادانان ماکە گشتیەکانی مافەکان و چۆنێتیی پێکهاتنی یاساکانمان بەکورتی روون کردەوە، سەلماندمان یاساکان چۆن چۆنی لە عادەتەوە پەیدا دەبن و بە کاری قەزا و بەپێی پێویست پلەبەپلە دەگۆڕێن، ئەوکاتە وا هاتە بەرچاومان کە یاسا ناونیشانێکی کاتییە بۆ هەندێ ماف کە بەبێ پچڕان نوێ دەبنەوە، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی –بەپێچەوانەی تەسەوری سۆشیالیستەکان، هەوادارانی زانستە تیۆریەکان– بە دەرکردنی هەندێ مەرسوم کە خەیاڵپڵاوان پێشنیاریان دەکەن ناکەوێتە سەر سکە، بەڵکو بەکاریگەریی خواستەکانی ئابوری و ئەخلاقی گەلان رێك دەبێ.

بەڵێ لەوانەیە هەوادارانی ئەم زانستانە وەڵاممان بدەنەوە بەوەی بڵێن زۆر لە یاساکان –لە سەردەمی سۆلۆنەوە تا رۆژانی ناپلیۆن– لەپڕ لە مێشکی یاسادانەرێکەوە دەرچوون، بەڵام ئەگەر لەو یاسا ناوبراوانە ورد بینەوە –بۆ نموونە وەك یاسای ناپلیۆن– بۆمان دەردەکەوێ بەپێچەوانەوە ئاماژەن بۆ گونجاندن و کۆکردنەوە لەنێوان کۆمەڵێ عادەتدا کە بەکارهێنان بوونیانی سەلماندوە، ئەو یاسایانەی دەوترێ نوێن هیچ ناکەن جگە لە پشتگیریکردنی هەندێ عادەت کە پێشتر هەبوون، هەروەها شتێکی نوێ ناهێنن کاتێ زەرورەت دەخوازێ چەند هەرێمێکی لێك جیا و خاوەن مافی تایبەت بە هەندێ یاسای گشتی ئیلزام بکرێن، ئەوە لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا بەسەر فەرەنسا و لەم ساڵانەی دوواییدا بەسەر ئەڵمانیا و سویسرادا هات، ئەو مەملەکەتە گەورانە یاساکانی هەرێمەکانیان –کە سەرەتا جیاواز بوون– لە یەك قاڵبدا دارِشت، دوای ئەوە لەیەکتر نزیك بوونەوە و پاشان سەرەنجام بەرژەوەندییە هاوبەشەکان یەکی خستن.

واپێدەچێ هەوادارانی زانستە تیۆریەکان لەوکاتەوە سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕی دەستی بە بڵاوبوونەوە کردوە بنەمایەکی حقوقییان بۆ خۆیان پەسەند کردوە کە جیاوازە لەوەی باسمان کرد، بەلای ئەوانەوە یاساکان دەتوانن کۆمەڵگە نوێ بکەنەوە، هەمان ئەو قودرەتە نائاساییە دەدەنە پاڵیان کە جاری جاران خەڵك دەیاندایە پاڵ خواوەندەکان.

ئەم باوەڕەیش تەنیا لە زەمەنێکی وەك ئەو زەمەنەدا بەرگری لێدەکرێ کە تێیدا زانایانی لاهوت دەیانوت خواوەندەکان کە خاوەن کاریگەریی بەردەوامن لەسەر مرۆڤ فەرمانەکانیان لەڕێی پاشاکانەوە رادەگەیەنن، ئەمڕۆیش سۆشیالیزم گوێ بە یاساکانی گەردوون نادات، پەیامبەرانی ئەم باوەڕە نوێیە – هاوشێوەی قەشەکانی خواوەندە کۆنەکان– لە خواستەکانی کۆمەڵایەتی (اجتماع) نازانن.

ئێمە بەپێچەوانەی رێبازە وەهمیەکان وای دەبینین گرنگترین رووداوە مێژووییەکان لە کۆمەڵێ هۆی دوور و بچوکەوە کە پەیوەندیی توندوتۆڵیان بەیەکترەوە هەیە، سەرچاوەیان گرتوە، لە کۆبوونەوەی هۆ بچوکەکان گەورەترین ئەنجامەکان دەردەچن، ئەو فاکتەرانە کە بەهەزاران دەژمێرێن و لەبەر بچوکییان شاراوەن بەرەو یەك ئاراستە دەڕۆن، ئەویش بەپێی هەندێ یاسا (ناموس)ی ورد وەك ئەوانەی وا لە تەنێکی ئاسمانی دەکەن لەسەر هێڵێکی دیاریکراو بڕوات، یان ئەو یاسایانە رووەکی بەڕوویان پێ دەگۆڕدرێ بۆ مازوو. دوای ئەوەی فاکتەرە بچوکە رۆژانەکان بەم شێوەیە ئاراستە وەردەگرن، کۆمەڵێ رێژگەی لاوازیان لێ بەرهەم دێ کە لە سەرەتادا گۆڕینیان ئاسانە، بەڵام کاتێ لە کۆتاییدا هێزیان زیاد دەکات بەرپێگرتنیان زەحمەتە، ئەوکاتە بەربەستە کۆمەڵایەتیەکان دەشکێن و پەرەسەندنی گەل دەگۆڕێ بۆ شۆڕش.

رۆڵی عەقڵیش لە سەرجەم ئەو گەورە گۆڕانانەی بەهێواشی روویان داوە زۆر لاوازە، سەرکردە راستەقینەکانی مێژوو –مەبەستم دامەزرێنەرانی ئاینە گەورەکان و دەوڵەتە گەورەکانە– بەم راستییە ئاشنا بوون، لەبەرئەوە هەوڵیان نەداوە کار لە عەقڵی مرۆڤ بکەن، بەڵکو هەوڵیان داوە بچنە ناو هەستیان و دڵیان بەدەست بێنن، بەڵام ئەو رۆڵەی پاڵەوانێتی خەریکە لە وجوددا نەمێنێ، چونکە قۆناغی زانست و پیشەسازی کە خەڵك پێیان تێناوە، پێویست دەکات یاساکانی خواستەکانی ئابووری جێگەی شەریعەتە ئاینیەکان –کە توانایان نەماوە– بگرنەوە.

نابێ ئەو بنەما کۆنەی دەڵێ گەلان بەگوێرەی ئارەزووی خواوەندەکان بەڕێوە دەچن لە فۆرمێکی ئیشتراکیدا زیندوو بکرێتەوە، گەورەترین وەهم کە بەسەر ریفۆرمخوازاندا زاڵ بوو ئەوە بوو وایان تەسەور دەکرد یاساکان ئەو توانا سیحریەیان هەیە کە ئێمە ئێستا بۆ خواوەندەکان دانی پێدا دەنێین، خەیاڵیان سەبارەت بە نوێکردنەوەی کۆمەڵگە لە بینینی خواستەکانی سروشت نابینای کردن، بەڵام ئەگەر خواوەندە کۆنەکان عوزرێکمان لە لاوازیماندا بۆ دەبیننەوە و رەحممان پێدەکەن، ئەوا یاساکانی سروشت لەگەڵمان رەقن و نامانبەخشن، مەترسی گەورەیش لە بەرەنگاریکردنی ئەو یاسا سروشتیانەدایە بە هەندێ مەرسومی دانراو، کە لە ڕاستیدا کاریگەریەکەی لە کاریگەریی وتارەکان لەسەر راگرتنی شەمەندەفەر زیاتر نیە.

ئەوە ئەو کارەیە لەڕێی دانانی کۆمەڵێ یاساوە کە یاسادانەرانی بێئاگا رۆژانە دایاندەنێن، شانمان داوەتە ژێر تەواوکردنی. تەنیا ئەزموونیش کار لە خاوەن دەروونە دیوانە (متهوس)ـەکان دەکات، ئەوەتا ئەزموونەکان زۆر دەبن و ئەنجامی ئەو سیستم و رێکارانە دەبینین کە بۆ چارەسەری ناتەواویەکانی

کۆمەڵگە کەڵەکەیان دەکەین، دەبینین ئەو ڕێکارانە ئەو نەخۆشیانەیان زیاتر کردوە کە دەمانەوێ لێیان چاك بینەوە، چونکە ئەو ڕێکارانە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ڕێچکەی سروشتیی شتەکاندا.
ژماردنی ئەو یاسا زیانبەخشانە و باسکردنی ڕەنگدانەوەیان کتێبێکی گەورەی دەوێ، لەبەرئەوە تەنیا بەکورتی و بەوشێوەیەی لەگەڵ قەبارەی ئەم کتێبە بگونجێ باسی هەندێکیان دەکەم. لێرەدا من قسە لەسەر نەیت و مەبەستی یاسادانەران ناکەم کە بێگومان نیەتیان باش بووە، بەڵکو لە ئەنجامی کارەکانیان دەکۆڵمەوە:
* یاسای خەڵاتی دەریاوانیی بازرگانی: ئەو یاسایانە ساڵانە چل و یەك ملیۆن فرەنك لەسەر گەنجینەی حکومەت دەکەوێ، کەچی دەریاوانیی ئێمە بەخێرایی دووا دەخات و رەواج بە کۆمپانیا ئەڵمانیەکان دەدات. لێرەدا من ئەم وردەکارییەی خوارەوە لە کتێبێك کە (جول هورە) تازە بڵاوی کردۆتەوە دەگوێزمەوە و تێیدا لە ئەڵمانیا کۆڵیوەتەوە. ئەو وردەکارییە لە وتوێژێکدا باس کراوە لەنێوان دانەر و مسیۆ (بلاتە) بەڕێوەبەری کۆمپانیای (نوردوشر لوید)، کە یەکێکە لەو سێ کۆمپانیایەی بە گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهان دەژمێردرێن. جول هورە دەڵێ:
لە مسیۆ (بلاتە)م پرسی: چۆن هۆی وەستانی ئێمە و پێشکەوتنی خۆتانم بۆ روون دەکەنەوە، چونکە ئێوە ئاگەداری سەرکەوتنی بێوێنەی بەندەرە ئەڵمانیەکانن؟ (وتی): هۆی ئەوە سیستەمی خەڵاتکردنیماڵییە کە پاڵپشتیی کەشتیەوانیتانی پێدەکەن، ئەم سیستەمە دەبێتە مایەی وەستانی کار و مکوڕنەبوون لەسەری، مایەی پێکەنینە ئەڵمان و ئینگلیز سوود لەو پارەیە دەبینن کە بەو پێیە دابەشی دەکەن، خۆی نابێ من ئەوە رابگەیەنم، چونکە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەم سوود لە هەڵەکانی ئێوە وەردەگرن، بەڵام مادام ئێوە پرسیارم لێدەکەن منیش بەئەمانەت و راستگۆیانە رای خۆمت پێ ئەڵێم.
پاشان مسیۆ (بلاتە) وتی: "وەك دەزانن حکومەتی فەرەنسی بەپێی ئەو ماوەیەی دەیبڕن خەڵات دەداتە خاوەن کەشتیەکان، با باریشیان هەڵنەگرتبێ، ئەمەیش مانای ئەوەیە ئەو کەشتیانە لەسەر حسابی بودجەی فەرەنسا بەدەوری زەویدا دەسوڕێنەوە". مسیۆ بلاتە باسی ئەوەی کرد هەندێ کەشتیی فەرەنسی بۆ بەدەستهێنانی کات رازی نابن بار هەڵبگرن، چونکە دەبینن هاتن و چوون بەبەتاڵی بۆ ئەوان باشترە لەوەی بەبارەوە بن.
کاتێ مسیۆ (هورە) ئاماژەی بەوە کرد یاسای خەڵاتەکان هەموار کراوە، مسیۆ بلاتە بۆی روون کردەوە کە لەڕاستیدا هیچ گۆڕانێك رووی نەداوە، چونکە بەپێی ئەو هەموارە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە ئەوەندە بەسە چارەکی کەشتیەکە بار بکرێ.
مسیۆ (بلاتە) ئاماژەی بەوەیش داوە هەندێ لە ئەڵمانەکان هاوشێوەی ئەوانەی لە فەرەنسا خەڵات وەردەگرن، داوای خەڵاتیان کردوە، بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گەورەکان ئەوەیان رەفز کردوە "چونکە خەڵاتدان بە لەناوبردنی توانای هەڵێنجان و چالاکی لە ئەڵمانیا و نیشانەی نەمانی ئازادیی خۆیان دادەنێن".
* یاسای ساڵی ۱۹۰۰ کە کاری منداڵان لە کارگەکاندا دیاری دەکات، ئەنجامەکانی ئەو یاسایە بریتییە لە: کەمکردنی دەرچوون لە پیشەسازیەکان و سەرهەڵدانی قەیرانێکی مەترسیدار تێیدا، زیادبوونی ئەو تاوانانەی منداڵان ئەنجامیان دەدەن. مسیۆ (تورون) ئەندامی ئەنجومەنی پیران لە راپۆرتێکدا ئەو ئەنجامانەی باس کردوە و دەڵێ: "جێبەجێکردنی ئەو یاسایە وای کرد خاوەن کارەکان کرێکارە تەمەن

بچوکەکان دەربکەن". پاش ئەوەی ئاماژەی بەوەدا ژمارەی ئەو نەوجەوانانەی پاش بڵاوکردنەوەی یاساکە بوونەتە دز و چەتە دووقات بووە، بەشێوەیەك لە (١١٧٤) حاڵەتەوە بووەتە (٢٢٧٣) حاڵەت. هەروەها رووني کردەوە "یەکێك لە هۆکانی ئەو دۆخە سیستمی کارە کە نەوجەوانانی لە کارگەکان دوور خستەوە و فرێی دانە سەر جادەکان و رووبەڕووی هەموو مەترسی و خراپەیەکی کردنەوە".

* یاسای ئیمتیازی دڵۆپێنەرانی مەستکەرەکان: ئەم یاسایە ماف دەداتە خاوەن باخەکان ئەوەی پێویستیانە لە مەستکەر بدڵۆپێنن بەبێ ئەوەی باج بدەنە حکومەت، ئەوەیش گەنجینەی حکومەتی ساڵانە لە سەد ملیۆن فرەنك بێبەش کرد، هەروەها بووەتە مایەی زیادبوونی مەی خواردنەوە لە خێزانەکاندا کە ئەگەر ئەو یاسایە نەبووایە ناچار بوون لە مەیفرۆشانی بکڕن.

* یاسای داماڵینی موڵکەکانی ناوەندە ئاینیەکان: ئەگەرچی حکومەت بەتەما بوو لە داماڵینی ئەو موڵکانە یەك ملیار فرەنك داهات بەدەست بێنێ، بەڵام تەنیا دە ملیۆنی دەست کەوت، پاشان یاسای ناوبراو حکومەتی ناچار کرد ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و دامەزراوەی تەندروستی دابمەزرێنێ، بەو هۆیەیشەوە هەر ساڵێك لەباتی ئەو ملیار فرەنکەی بەتەما بوو دەستی بکەوێ، سەدان ملیۆن فرەنك خەرج دەکات. ئەم یاسایە کە پێچەوانەی ئەدەب و زەوقی ساغە ئاکامی کۆمەڵایەتی زیانبەخشی لێکەوتەوە، وەك وورووژاندنی تووڕەیی هەزاران لە رۆڵەکانی نیشتمان و بەهێزکردنی ئەو بنەما سۆشیالیستیەی دەڵێ حکومەت دەتوانێ بەدانانی یاسایەك دەست بەسەر ماڵ و موڵکی تاکەکان و کارگەکانیاندا بگرێ، هەروەها داماڵینی سامانی یەکێك لە چینەکانی گەل بووە مایەی رقی نەتەوە بێگانەکان و شێواندنی ناوبانگمان، لە بەشێکیتردا دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

* یاسای خەڵاتەکانی دروستکردنی شەکر: ئەم یاسایانە پاش ئەوەی ملیۆنان فرەنك لەسەر گەنجینە کەوتن هەڵوەشێنرانەوە. یەکێك لە ئەنجامەکانی زیادبوونێکی ناسروشتیی بەرهەمهێنانی شەکر بوو لە وڵاتەکەماندا و فرۆشتنی لە فەرەنسا لەلایەن بەرهەمهێنەرانیەوە پێنج قات گرانتر لەوەی لە ئینگلتەرا دەیانفرۆشت و سامانێکی زۆریان لە بەکاربەران کۆ دەکردەوە.

* یاسای ئازادیی کردنەوەی قاوەخانە و مەیخانە و فرۆشتنی مەستکەرەکان: ئەم یاسایە بەڕواڵەت هیچ لەسەر دەوڵەت نەکەوت، بەڵام وڵاتی دواخست لەبەرئەوەی بووە مایەی زیادبوونی خواردنەوەی مەستکەرەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و بێهێزکردنی خەڵك.

* یاسای کڕینی هێڵی ئاسنینی خۆرئاوایی: لەبەرئەوەی ئەم یاسایە نوێیە چەند ساڵێکی دەوێ تا ئەنجامەکانی بەڕوونی دەربکەون، ئێستا تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین کە کارمەندانی ئەو هێڵانە لە رۆژی دووەمی دانانی یاساکەوە داوایان لە حکومەت کرد مووچەکانیان زیاد بکات، ئەگەرچی داواکەیان سەرینەگرت، بەڵام خەرجی بەڕێوەبردنی ئەو هێڵانە، وەك لە راپۆرتێکی مسیۆ (دومەر)دا هاتووە، ساڵی ١٩١٠ پەنجا ملیۆن زیادی کرد. ئەمە سەرەتای کارەکەیە. لەڕێی ئاکامی بەرژەوەندیەك کە کەسانێکی نارەسمی بەڕێوەیان دەبرد و پاشان کەوتە دەست فەرمانبەرانی حکومی، دەتوانین پێشبینی زانینی ئەوە بکەین کە لە شارەوانیی پاریس روودەدات. مسیۆ (دۆلۆمبەر) لەم دواییەدا وتوێتی: "هەر جارێك شارەوانیی پاریس پرۆژەیەك قۆرخ بکات داهاتی ئەو پرۆژەیە کەم دەکات، هەروەها مووچەی بەکارهێنەران و خەرجییە لاوەکیەکان زیاد دەکەن، ئەی نەماندی خەرجی نەخۆشان لە هەندێ پرۆژەدا کە ئەو

شارەوانییە قۆرخی کردون سێ قاتی خەرجیەکەیان بووە پێش قۆرخکردنیان و کردنی پیاوانی بە فەرمانبەری رەسمی؟".

* یاساکانی چارەسەری قەیرانی رەزەمێو لە باشوری فەرەنسا: ئەم یاسایانە دەیسەلمێنن یاسادانەر ناتوانێ بەگژ خواستەکانی سروشتدا بچێتەوە، بزانە چۆن؟: دانیشتوانی باشوری فەرەنسا پاش ئەوەی بێئەندازە ترێ رەشەیان چاند بەرهەمهێنانی ئارەقیان زیاد کرد، ئەی لەو بارەدا دەبێ چی بکەن؟ دەبێ چاو لە چێنەرانی روەکی خوومی سوور (الفوة) بکەن کە پاش دۆزینەوەی سووریی خووم وازیان لە چاندنی هێنا و لە جێیاندا درەختیتریان چاند. خۆشبەختانە خەڵك لەو کاتەدا کەم پشتیان بە حکومەت دەبەست، لەبەرئەوە پەنایان بۆ نەبرد تا بێت و لەپێناو رەگی گرانبەهای روەکەکەدا دروستکردنی سبوغی سووری هەرزانبەهای خووم لەناو ببات ، ئێستا کە خەڵك بەهۆی بڵاوبوونەوەی رێبازی حکومی (حکومیبوون) لەناویاندا گۆڕاون دانیشتوانی باشور داوایان لە حکومەت کردوە ئەو ئارەقەیان لێ بکرێ کە خەڵك نەیانکڕیوە، واتە خەڵاتی قەرەبووکردنەوەیان بداتێ، حکومەتیش بەدەم داواکەیانەوە هات. مێژووی قەیرانی باشور بە نموونەیەکی نەمر لەسەر هزری نەتەوەیەك دەمێنێتەوەکە رێبازی حکومی تێیدا گەشەی کردوە. دیارە لە ئینگلتەرا و ئەمەریکا کە خەڵك وا راهاتوون پشت بە چالاکیی خۆیان ببەستن نەك حکومەت، قەیرانێکی لەو جۆرە روو نادات.

* یاسای پشووی ئیلزامیی هەفتانە: ئەم یاسایە نرخی شتەکانی ١٠٪ بەرز کردەوە و شڵەژانێکی لە پیشەسازی و بازرگانیدا دروست کرد، کە وای لە حکومەت کرد هەندێ رێوشوێن بۆ سووککردنی بارگرانیەکەی بدۆزێتەوە. ئەگەر لە واقیعەکە وردبینەوە دەبینین ئەوانەی زیانیان پێگەیشتوە کرێکارانن، هەموو ساڵێك لە زۆربەی پیشەسازیەکاندا بەتاڵەیەکی دوور و درێژ روودەدات تێیاندا کرێکاران پشوو دەدەن، پاشان یاسای ناوبراو مووچەی رۆژانی یەکشەممە لە کیسی کرێکاران دەدات کە لە مەیخانەکاندا بەسەری دەبەن، لە هەندێکیانم بیستوە کە یاساکە چوارسەد فرەنکی لە داهاتی ساڵانەیان کەم کردوە.

* یاسای خانەنشینیی کرێکاران: ئەم یاسایە —کە هێشتا بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە— لە ئایندەدا سەرچاوەی زۆر پشێوی دەبێ لەبەر رەفزکردنی لەلایەن زۆربەی کرێکارانەوە، چونکە ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانەی تاکەکان دایانمەزراندبوون بەسن بۆ بەخشینی مووچەی خانەنشینی بە کرێکاران و هەموو پاشەکەوتێك لە سندوقەکانیاندا سوودی دەبێ و هیچ بەفیڕۆ ناچێ. ئەوە بەپێچەوانەی ناچارکردنی خاوەنکار و کرێکارانە لەلایەن یاسادانەرانەوە بەدانی پارەیەکی زۆر بە گەنجینە، واتە باجیان دەخاتە سەر و بەبێ سوود سەرشانی پیشەسازیەکەمان قورس دەکات. لە رۆژنامەی "تان"دا هاتووە: "پێویستە کرێکار تەمەنی بگاتە شەست و پێنج ساڵ تا مووچەی خانەنشینی بەدەست بێنێ، واتە ئەوەی داویەتی بە گەنجینە بیگێڕێتەوە، جا مردنی بەر لەو تەمەنە لەو پاشەکەوتەی بێبەشی دەکات، ئەوە چ حەزەرێکی سەرشێتانەیە ! پاشان یاساکە فەرمان بە خاوەنکاران دەکات ئەندازەی دیاریکراو لە مووچەی کرێکاران — جا رازی بن یان نا— بگێڕنەوە لەترسی ئەوەی نەوەك کرێکارەکان دڵنیایی (تامین)ی خۆیان نەکەن، ئەوەیش کێشەی چینایەتی دەخولقێنێ و سەرچاوەی یاخیبوون و بەرەنگاریکردنە لە هەر وڵاتێکدا".

با هێندە نموونە لە یاساکان بەس بێ، ئەگەرچی زۆر یاسایتریش هەن باس بکرێن.

جگە لەو ئەنجامانەی ئاماژەم پێدان، ئەنجامێکیتری دۆخێکی لەو جۆرە زیادبوونی رقی خەڵکە لە سیستمی پەرلەمانی وەك لە پاشتر روونی دەکەمەوە، ئاخر نەخۆش لەو پزیشکە خۆش نابێ کە دەرمانەکەی بەکەڵکی نایەت. دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو یاسایانەی گوایە خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی بەسەر یاسادانەرانی کورتبیندا فەرزی کردون، بەرەنجامی زیانبەخش و وێرانکەریان هەبووە، سەرەتا کاریگەرییان سنووردار بووە، بەڵام – وەك ئامارە باوەرپێکراوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن– لەم رۆژانەدا بوونەتە گشتی و سەرتاپاگیر.

ئەو لاوازیەی بەسەر پیشەسازیدا دێنن قورساییەکەی دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران کە بێکاری و جێپێ لێژکردن لەلایەن بێگانەوە زیاتر لە جاران هەرەشەیان لێدەکات. سەرەنجام دەبنە قوربانیی یاساکانی سروشت کە یاسادانەرانی نابینا دەرکیان پێناکەن.

خراپیەکانی ئەو یاسا زیانبەخشانە تەنیا لەوەدا قەتیس نابێ کە باسمان کرد، بزانە (پۆڵ دولومبەر) چی دەڵێ: "باجە گەورەکان –کە زادەی ئەوەیە پێی دەڵێن سیاسەتی کۆمەڵایەتی– هێمنی لە دەروونداا دروست ناکات و دەبێتە مایەی هەڵشکان (ئیفلاسبوون) بەر لەوەی تووڕەیی سۆشیالیستە ئاژاوەچیەکان دابمرکێنێتەوە، نوێنەران کە کوڕانی رای گشتین هیچ ناکەن جگە لەوەی پشتگیریی خراپییان بکات". مسیۆ (جۆل رینە) دەڵێ: خاوەن دەروونە ماددیەکان کە گاڵتە بە (لۆرد) و شتە بانئاساییی (خارق)ـەکانی دەکەن، چاوەڕوانی خەواریقی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیرتر لە خواریقەکانی (لۆرد) دەکەن، باوەڕیان وایە پەرلەمان لەتوانایدایە ئاو بگۆڕێ بۆ مەی و مس بۆ ئاڵتون و نان بۆ شیرینی و بەدبەختی بۆ خۆشبەختی، بەلای ئەوانەوە ئەگەر رووادانی ئەم گۆڕانە سەرسوڕهێنە دواکەوت ئەوە لەبەر خاوەخاوی ئەنجومەنی پیران یان خەمساردیی ئەنجومەنی نوێنەرانە، ئەگەر نوێنەران و پیران هەندێ بایەخدان و خێراییان لە دانانی سیستم و یاساکاندا زیاتر بکەن، فەرەنسا دەستبەجێ دەگۆڕێ!".

ئێمەیش دەڵێین وەك چۆن خواوەند مشتەری لە سەدە کۆنەکاندا چاوی ئەوانەی کوێر کرد کە دەیویست لەناویان ببات، شاکامەکانی ئەو یاسایانەیش کە ئێستا دانراون وردە وردە بەسەر دانەرانیاندا دەشکێتەوە، مێژوو پڕە لە شتی لەم چەشنە، زەینی مرۆڤ –وەك بوسیە دەڵێ– "کەم رووودەدات خۆی ببورێرێ لە هەوڵدان بۆ هەندێ ئامانج کە لە سەروو وزەی ئەو و پێچەوانەی مەبەستەکانین".

## بەشی سێیەم
## ڕۆڵی ترس لە جیهانی سیاسەتدا

لەگەڵ داننانم بە کەمتفاقیم سەبارەت بە مەسەلەکانی سیحر و عادەتە بانئاساییەکان، خۆم لە قەرەی بابەتەکە نادەم ئەگەر وەهمەکانم پۆلبەندی کرد و لە هۆکانی پێکهاتنیان کۆڵیمەوە، بۆ پتەوکردنی ئەو پۆلبەندییە پێویستە دەسەڵاتی تایبەتی هەر وەهمێك دیاری بکرێ.

وەهم بناغەی زۆر لە ڕووداوە مەزنەکانی ڕابردووە، دیراسەکردنی وردی مێژوو پێمان دەڵێ (مێژوو) بریتییە لە هەوڵدانی نەتەوە و گەلان بۆ خەلقکردنی هەندێ وەهم و ڕەواندنەوەی هەندێکیتر، سیاسەتیش لە ڕابردوو و ئێستادا هیچ نەبووە جگە لە ململانێی وەهمەکان، بەڵام وەهمەکان لە هێزدا یەکسان نین، بەڵکو ئاستیان زنجیرەییە و ناچارین پۆلبەندیان بکەین.

لەمسەری ئەو زنجیرەیەدا ژمارەیەکی کەم وەهم هەن خاوەن هێزێکن هیچ دەرەقەتیان نایەت جگە لە زەمەن، ئەوانیش ئەو وەهمانەن دامەزرێنەرانی ئاینە گەورەکان دەیانهێنن، ئەو دامەزرێنەرانە لەناو گۆڕەکانیانەوە ڕێنماییەکانیان بەسەر ملیۆنان مرۆڤدا فەرز دەکەن، لەپێناویاندا خەڵك چەندین شارستانێتیی گەشاوەیان دامەزراندوە، گەلان ململانێ توندیان کردوە، هەر بەم نزیکانە سی هەزار ئەرمەنی لە چەند ڕۆژێکدا کوژران.

دوای ئەو وەهمە ترسناکانە ئەو وەهمانە دێن کە پاڵەوانان لە دەرووندا بەجێیان دێڵن، هەندێکیان دەبنە مایەی خولقاندنی هەندێ ئەفسانە و خورافە کە بەها باڵاکانی نەتەوەکانیان تێدا دەدرەوشێتەوە، هەندێکیتریان هێزێکی وایان هەیە کار لە ڕەوتی ڕووداوە دوورەکان دەکەن، جا هەندێکیان کاریگەریی بەفەڕ و هەندێکیان کاریگەریی بەدفەڕ و شووم، وەك ئەو وەهمەی ناپلیۆن هێنایە ناو نەتەوە و بووە مایەی سەرکەوتنی برازاکەی بۆ سەر تەختی ئیمپراتۆریەت و شکانمان لە شەڕی (سیدان).

لەوسەری زنجیرەکەیشەوە هەندێ وەهمی بچوکی هەڵوەشاوەی کاتی هەن کە بەهەرا و هۆریان، ئەم وەهمانە هەندێ جار کەسانی ترسنۆك و بێ غیرەت دەتۆقێنن، بەڵام هەر کە بەهەندێ جەسارەت و چاونەترسیەو دەستیان بۆ برا وەك بڵقی سابون دەتەقن و نامێنن.

ئەو وەهمە بچوکە بەتاڵانە لە وەهمێکی ئەبەدیی جێگیرەوە سەرچاوە دەگرن، کە ترسە، ترس لەسەرەتای دنیاوە پارێزگاری لە کاریگەریی خۆی کردوە و بەتێپەڕینی کات لەناو نەچووە، نازانم ئاخۆ تارمایی ترس – وەك شاعیری گەورە (لوکریس) دەڵێ– خواوەندەکان هێناویانە یان نا، بەڵام من باوەڕم وایە ئەگەر ترس بەسەر گەلان و سەرکردەکانیاندا زاڵ نەبوایە ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕا، هەروەها ئەگەر ترس بەسەر پەرلەماندا زاڵ نەبوایە ئەوا سیستەم، کە هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ ئەو ناژی، جێگەی ئەو پاشاگەردانییە ترسناکەی دەگرتەوە کە تێی کەوتوین.

سیاسییە گەورەکان کاریگەریی ترس و ئەو وەهمانەی لە دەرووندا دروستی دەکات دەزانن، لەبەرئەوە بە لێزانیی خۆیان دەتوانن سوودی لێ وەربگرن، هەرچی سیاسییە کورتبینە گیرۆدەی دەبن، مێژووی مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستە دەریخست چۆن ترس بەسەر ئەو بڕیاربەدەستانەدا زاڵ دەبێ کە نابلیمەتن،

سەلماندی بۆمان کە وەهمەکان کاتێ چاوپۆشی لە جڵەوکردنیان بکرێ گەشە دەکەن و زۆر دەبن، هەرکاتێکیش دەستێکی بەهێز پێشی پێ گرتن مەحو دەبنەوە.
ئەو وەهمەی فەرمانبەرانی پۆستە فەرزیان کرد سەرەتا بچوك بوو، ئەوکاتە لەناوبردنی ئاسانی ئاسان بوو، رووداوەکە خۆی پاڵپشتی راستی ئەو بۆچوونەمی کرد کە لە وتارێکدا ئاماژەم پێدا بوو کە لە (ئوبینیون) بڵاوم کردەوە، بەڵام حکومەت کە دەسەڵاتی ترس زاڵەترەکی کردبوو زۆری نەبرد بەشێوەیەکی ئابڕووبەرانە ملکەچی بریکارانی فەرمانبەرانی پۆستە بوو کە بەئاشکرا باسیان لەوە دەکرد "وەزیرەکان لێیان پاڕاونەتەوە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان". بەڵام ئەو خۆ زەلیلکردنە لەکۆتاییدا بێسوودیش نەبوو، ئەوە بوو کاتێ فەرمانبەرانی پۆستە بەسەرسوڕمانەوە بینییان ترس و بیمیان خستۆتە ناو پەرلەمان و دادگە و سوپا و ئەو باوەڕەیان لەلا دروست بوو کە ئیتر هێز نیە بیانشکێنێ، ویستیان سوود لەو سەرکەوتنە وەربگرن و بڕیاریان دا مانگرتنێکی نوێ بکەن و بیانوویەکیان بۆ دۆزیەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم جارەیان ملکەچکردن بۆ سەندیکای پۆستە مانای رادەستکردنی جڵەوی کاروبارەکانی فەرەنسا بوو پێی لە ئایندەدا، پێویست بوو بەرەنگاریی ئەو مانگرتنە بکرێ، کاتێ بەرهەڵستی کرا وەك بڵقی سابون لەیەکەم بەرکەوتندا پوکایەوەو نەما، بەدوای ئەوەیشدا وەهمی مانگرتنی گشتیش رەویەوە کە وەزیرەکان زۆر لێی دەترسن.
براوە و دۆڕاوان بەوە دەریانخست نەیانزانیوە مامەڵە لەگەڵ وەهمەکاندا بکەن لەبەرئەوە زۆر هەڵەی دەروونییان ئەنجام دا، لەوانە: هەڵەی ملکەچکردنی یەکەم جاری حکومەت و پاشان هەڵەی کارمەندانی پۆستە کە سەرکەوتنی یەکەمیان کوێری کردن، لەبیریان کرد ئەو جۆرە سەرکەوتنە دووبارە نابێتەوە و شکستی پاش سەرکەوتن برینەکەی سارێژ نابێ، هەروەها هەڵەی ئەندامانی سەندیکای یەکێتیی کرێکاران کە تەنیا بە جوڵاندنی تارمایی مانگرتنی گشتی وازیان نەهێنا، بەڵکوبەکردەوە رایانگەیاند و بەوە پەردەیان لەسەر بێتواناییەکەیان هەڵماڵی، وەك ئەوەی هەمووئەوانە بەزمانی حاڵ داوا لە ئەستێرەناسان بکەن پیشانیان بدەن دەسەڵاتی تارماییە بەهێزەکان لە تاریکی نوتەکدا لەبەردەم سوپای روناکیدا چۆك دادەدات.
شکستی مانگرتنی کارمەندانی پۆستە و ئەو مانگرتنە گشتیەی سەندیکای یەکێتی کرێکاران فەرمانی پێکرد فێری سوودی بەرەنگاریکردنی کردین، چیرۆکی ئەو شکستە ئابڕووبەرانەیە پیشانی داین وەهمەکان گەشە و زیاد دەکەن کاتێ خاوەنەکانیان هەست بکەن بەهێز و بەهەیبەتن، لەهجەی کارمەندانی پۆستە لەو کاتانەدا گۆڕانێکی جێسەرنجی بەخۆوە بینی کە پڕ بوو لە زانیاریی فیکری کە پێویستە کاربەدەستان زۆر بیریان لێ بکەنەوە، حکومەت لە سەرەتای مانگرتنی یەکەمدا هەندێ رێزی لای ئەو فەرمانبەرانە هەبوو، بەڵام کاتێ حکومەت ملی بۆ کەچ کردن و ئەو وەهمەیان لەلا دروست بوو ئەوان خاوەن هێزێکن بەرەنگاری ناکرێ، لەهجەیان گۆڕا و لەپڕ بوونە شۆڕشگێڕی نانیشتمانی و چوونە پاڵ سەندیکای یەکێتی کرێکاران کە رایدەگەیەنێ ئامانجی هەڵتەکاندنی پایەکانی کۆمەڵگەیە، خوێنەر دەتوانێ لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا کە لە دەقی دیمانەی وەزیرێك وەرمان گرتوە، ئەوە بخوێنێتەوە:
کارمەندانی پۆستە وتاری شۆڕشگێڕانەی لەو شێوەیەیان لە کۆبوونەوەی گشتیدا نەداوە وەك ئەوەی من کورتی دەکەمەوە، ئەی مەگەر یەکێك لەو کارمەندانە لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا داوای "زەرورەتی

کارکردنی توند و هاوبەشی نەکردوە لەدژی خاوەنکار و سەرمایەکان و دەسەڵاتدارانی گشتی"؟ ئەو بەڵێنە دەزانن کە لە کۆبوونەوەی ناوبراودا بڕیاریان دا؟ "ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بەڵێنی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی ناکۆك لەگەڵ بەسەربازکردنی زۆرەملێ و خاپوورکردنی قەڵای سەرمایەکان و شکاندنی شکۆی دەسەڵاتدارانی گشتییان دا".

لاوازیی حکومەت هۆی زیادبوونی فەوزایە لەناو حەشاماتدا، جا ئایا لە کۆتاییدا هەندێ پەند لەو وانە توندانە وەردەگرین کە زۆر دووبارە دەبنەوە؟ ئاخۆ ڕۆژێك دێ حکومەت هەندێ چالاکی و توندی لەخۆی پیشان بدات دژی ئەو باندە بچوك و تووڕانە، کە بەناوی ئازادیی فیکرەوە ڕێگەی پێداون بنەماکانی تێکدان و سوتاندن و یاخیبوون و لەبەریەك هەڵتەکاندنی پایەکانی کۆمەڵگە لەناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە؟

بەڵام ترساندنی ئەو یاخیبووانە تادێ زەحمەت دەبێ و حوکمدانیان بە سزای جۆراوجۆریش بێهودەیە، چونکە دەستبەجێ دەبەخشرێن، لە دووەم ڕۆژی کۆتاییهاتنی مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستەدا هەندێ پەرلەمانتاری ترساو پێشنیاری دەرکردنی لێبوردنێکی گشتییان دەکرد لە یاخیبووان و توانییان زۆر لە پەرلەمانتاران بەرەو دەنگدان لەگەڵ خۆیان ببەن، من وا تەسەور دەکەم پاشتر ڕووی ئەوانە لە ترسنۆکی و دەروون بچوکییاندا سوور هەڵگەڕاوە.

سەرکردەکانی ئێستا جێی مەترسیی زۆرن، ئەویش بەو ڕووداوو کردارانەی دەبنە بایسیان و بەو بنەمایانەی لە دەروونی گەلدا دەیانوەشێنن، کە پاش گەشەکردنیان دەبنە مایەی بەرپابوونی شۆڕش، ئەوەی لەمە گومانی هەیە با ڕۆڵی (کومون)ی بیر بکەوێتەوە کە بووە مایەی سوتاندنی بەشێك لە پایتەخت، تا ببینێ گرووپەکان بەرەو چ ئاقارێك دەچن کاتێ وتاری فریودەر دەیانبزوێنن، کەواتە با ئامۆژگاریی کاربەدەستان بکەین بەبەرگریکردن ئەگەرچی لەبەر زاڵبوونی تارمایی ترس بەسەریاندا بێئومێدین کار بەو ئامۆژگارییە بکەن.

ترس بەتایبەت لە سەروەختەکانی فیتنەکاندا گەشە دەکات، ترس لەو کاتانەدا ڕۆڵە بەستەزمان (مسالم)ەکانی چینی ناوەڕاست دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵێ وەحشی دڕندە، جگە لە ترس چی وای لە (کاریە) کرد ئەوان نوقم بکات کە گومانی لێیان هەبوو و تۆمەت و گومانەکانی بەگوێی (فوکیە تنفیل)دا بچرپێنێ؟ فوکیە تنفیلیس –کە لە سەردەمی پێشوودا بە پشوودرێژ ناسرابوو– کاتێ بەو قسانە ترس بەسەریدا زاڵ بوو کەوتە سەربڕینی خەڵك، دڵڕەقی ئەو پیاوە گەیشتە ڕادەیەك بۆ زیاتر تۆقاندنی قوربانیەکانی، بەر لەوەی لەگەردنیان بدات شەق (فصد)ی دەکردن.

هێشتا ئەو بەرزەخەمان نەبڕیوە کە دەمانگەیەنێتە شۆڕش، دەبا سەرەڕای هەڕەشەی هەندێ لە سۆشیالیستەکان هیوا بخوازین لەو پردە نەپەڕینەوە و بزانین ئەو ڕێگەیەی تارمایی ترس مرۆڤی بۆ دەبات خلیسگەیەکە بواری گەڕانەوەی تێدا نیە.

ئەمڕۆ تارمایی تۆقێنەری ترس لەوەدا کورت دەبێتەوە وا لە حکومەت بکرێ نەزۆکترین یاسا و زیانبەخشیترینیان بۆ ئایندەی پیشەسازی دەربکات، بۆ کوشتنی پیشەسازیش تەنیا ئەوەندەی بەسە چەند کەسێکی ئاژاوەگێڕی فریودراو بە کۆمەڵێ دارِشتە و پرنیسپ کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی یەکناگرنەوە، هەڵبنێ. ئاخۆ لەناو هەر سەد هەزار دەنگدەرێکدا کەسێك دەدۆزینەوە بۆ نموونە خوازیاری کڕینی هێڵی ئاسنینی خۆرئاوایی بێ؟ دەنگدەر زۆر گوێ بەو یاسایانە نادات کە زادەی پرنسیپن و بایەخ تەنیا بە

بەرژەوەندییە راستەوخۆکانی دەدات، ئەگەر دەنگیشی دا کەسەکان هەڵدەبژێرێ بەبێ گوێدانە پرنسیپ و بۆچوونیان.
لەناو ئەو فاکتەرانەی لە رۆژانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیدا کاریگەرن باسی بەڵێن و لەفزی سیستم و دەستەواژە سیحریەکان دەکەین، وەك بەگژاچوونەوەی سەرمایەی بێنرخ و پاڵپشتیکردنی بنەمای دامالێنی مولکایەتی و...هتد، ئەم پەرستراوانە کە لە یانە و لیژنە و سەندیکا و مەیخانەکاندا دروست کراون، لەو شتانەن ترس و بیمێکی وا دەخەنە دڵ، کە خۆشەویستترین وتاریێژانی لای گەل ناوێرن پێشیان پێ بگرن.
بەلام ئەو دەستەواژانە قسەی قۆڕ و بێنرخن، ئەو پیاوەی ئاشنای رۆحی گرووپەکانە، ئەگەرچی هەندێ جار دووبارەیان دەکاتەوە بەلام هەرگیز کاریان پێ ناکات، چونکە دەزانێ حەشامات ملکەچی حوکمی لۆژیکی هەستەکانە کە لۆژیکی عەقڵی هیچ کاریگەریەکی تێدا نیە و (ئەو حەشاماتە) –ئەگەرچی هوتاف بۆ بروتس دەکێشن بۆ کوشتنی یۆلیۆس قەیسەر– زۆری نەبرد ویستی چارەنووسی یەکەمیش بە دووەم بگەیەنێ.
گەورە سەرکردەکان جەوهەری رۆحی میللی دەناسن، لێرەیشەوەیە کە دەزانن چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ شتە کتوپڕەکانی بکەن، ئەوان رێك پێچەوانەی سیاسەتوانە سادەکانن، کە لەکاتی هەڵبەز و دابەزەکانی ئەو رۆحەدا سەریان لێ دەشێوێ و لۆژیکە عەقڵییە لاتینیەکەیان کە ترس بنکۆڵی کردوە، هیچی پێناکرێ جگە لەوەی پاڵیان پێوە بنێ بۆ دانانی یاسای دێرین لە وەهمدا، کە مزگێنی نەهامەتی و هەڕەشەی وێرانکردنی پیشەسازی و بازرگانی و سامانەکەمانیان پێیە.
ئەو سیاسەتەی تارمایی ترس سەپاندویەتی پرۆژەیاسایەکی لە مووچەی خانەنشینی کرێکاراندا فەرز کرد، ئەگەرچی هەموو پەرلەمانتارێك دەیزانی جێبەجێکردنی مەحاڵە چونکە ساڵانە خەرجکردنی هەشت سەد ملیۆن فرەنکی پێویستە، کەچی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی کرد، دەیشیزانی ئەنجومەنی پیران هەڵەکەی راست دەکاتەوە. (دولومبەر) وتی:"مووچە ئیلزامیەکانی خانەنشینی کە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی پێدا بریتییە لە هەرەسهێنانی دارایی دەوڵەت و لەناوبردنی پیشەسازیی نیشتمانی".
تارمایی ترس زۆر تۆقێنەرە، تۆقێنەریەکەیشی زیاتر دەبێ کاتێ تارمایی رق و ئیرەییشی بۆزیاد دەبێ، ئەم سێ تارماییەن ئێستا سیاسەتمان بەڕێوە دەبەن، کاریگەریشیان لە پرۆژەیاسای باجی داهاتدا دەردەکەوێ، ئەوەی لە دانانی ئەو پرۆژەیاسایەدا مایەی پێکەنینە ئەوەیە دەوترێ گوایە تاسەی ویژدان و خۆشەویستیی غەیر فەرزیان کردوە، هەموو کەس دەزانێ کەس لە حوکمی ئەو باجە رزگاری نەبووە، ئەگەر رزگاریش بووبێ بە ئەنجامدانی زۆر ستەم و ناهەقی بووە.
لەڕاستیدا خۆشەویستیی دادپەروەری هیچ رۆڵێکی لە سەپاندنی باجی داهاتدا نەبوو، بەڵکو پشتیان بەهەردوو تارمایی رق و ئیرەیی بەست تا وا لە خەڵك بکەن وابزانن ئەوانەی دەیدەن پێنجسەد هەزار کەسن، پاشان تارمایی ترس هات و زۆربەی هەرەزۆری پەرلەمانتارانی ناچار کرد دەنگی پێبدەن.
بەلام وەك پێشتر باسم کرد تارماییەکان لە روناکی دەترسن، زۆری نەبرد جەماوەر دەرکی بە رادەی ئەو ناهەقی و هەژارییە کرد کە لەئەنجامی گوێڕایەڵیکردنی کەمینەیەکی ئیشتراکی دەمارگیر و ئاژاوەگێڕدا، کە زەنگینبوونی ژمارەیەکی کەم لە خاوەن پیشەسازیەکان شێتگیری کردون، بەرۆکی دەگرن. ئاخۆ بۆچی حزبی پەڕگیر هێندە لەسەر ئەم باجی داهاتە سوورە؟ ئایا خۆشەویستیی وڵات و ئینساف و مرۆڤایەتی ئەوەی دەخەنە مێشك؟ هەی داد و بێداد! بەم جۆرە هەستانە ئامۆژگاری دەکات بەبێ ئەوەی پێگەیەکی لە

دڵی واعیزاندا هەبێ. زانای دەروونیی ورد (ئیمیل فاگیە) هۆی ئەو باجەی روون کردەوە و دەڵێ: "دۆخەکان وا دەگەیەنن ئەوەی وا دەکات هەندێ حزب زۆر دەست بە باجی داهاتەوە بگرن ئەوەیە جێبەجێکردنی ئەو باجە هەندێ ستەم و زۆرداری دەخوازێ، باجی داهات ئامێرێك دەبێ بۆ لێدانی ئەوەی دڵی نایگرێ و پاراستنی ئەوەی بەدڵیەتی".

هیچکام لە بەڵگەکان کاریگەری لەسەر نوێنەران (پەرلەمانتاران) نەبوو کە تارمایی ترس هەڕەشەی لێ دەکردن، ئەوان دەنگیان بە باجی داهات دا لەکاتێکدا دەیانزانی وەك (جول روش) دەڵێ: "ئەوەی وەك چاکسازیەکی دیموکراسی خراوەتە بەردەمیان لەڕاستیدا پرۆژەیاسایەکی زۆر تاکڕەوانە و مەترسیدارە و بۆنی وێرانکردن و شەڕی ناوخۆی لێدێ، چونکە سامانی رۆڵەکانی نیشتمان دەخاتە ژێر رەحمەتی سوپایەك لە فەرمانبەران، کە کرێکاری حزبێکی سیاسین کە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتوە". مسیۆ (ریمۆن پوانکارە) دەڵێ: "ئەو پرۆژەیاسایە مەترسیەکی ترسناکی تێدایە هەڕەشە لە دارایی دەوڵەت دەکات، دەبێتە مایەی تەخشان و پەخشانکردنی داهات و ستەمکردن لەوانەی باریان مامناوەندە، مەترسیی لەناوچوونی سامانی نەتەوە و سیستمی کۆماری و سەرهەڵدانی ئاشوبێکی گەورە لە وڵاتی لێ دەکرێ". هیچ لەو قسەیە راستتر نیە، بەڵام ئەی نوێنەران چی دەکەن لەکاتێکدا هەڕەشەی سەختی تارماییەکان زاڵەترەکی کردون؟ ئەی مامۆستایان و مەیفرۆشان و لیژنە ئیشتراکیەکان بیر لە چی دەکەنەوە ئەگەر نوێنەران رازی نەبوون دەنگ بەو پرۆژەیاسایە بدەن؟

بەکاریگەریی ئەو تارماییانەیە –بەتایبەت تارمایی ترس– حکومەت ماوەی بیست ساڵە کاروباری دەوڵەت بەشێوەیەك بەڕێوە دەبات سوود تەنیا بە چینی کرێکار بگەیەنێ، لەو کاتەدا بۆ ساتێك لە بێزارکردنی پیشەسازی و بازرگانی بەیاسای ستەمکارانە و باجی زۆردارانە نەوەستاوە.

تەنیا ترسە پەرلەمان ناچار دەکات لەپێناو یەك چیندا و لەسەر حسابی هەندێ چین کە نهێنی مەزنی و هێزی وڵاتن، یاسا دابنێ، جا ئەگەر هەندێ چین بەبیانووی ئاین بڕوتێنێتەوە و هەندێکیتر بەبیانووی سامانی بەدەستهاتوو بچەوسێنێتەوە، ئەوە ترسە ناچار بەو کارانەی دەکات، بەڵام ئایا حکومەت دڵی ئەو کرێکارانەی بەدەست هێناوە کە لەپێناویاندا زۆر لەو یاسا ستەمکارانەی داناوە؟ لەڕاستیدا تەنیا رقیانی بەدەست هێناوە، چونکە کۆمەڵەکان سوپاسی کەس و لایەنێك ناکەن کە بەزەبری هەڕەشە و گوڕەشە شتێکی لێوە بەدەست بێنن.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو حکومەتە ئابڕوو تکاوە هەر ماوە، هۆی مانەوەیشی ئاستەمیی دۆزینەوەی بەدیلێکە جێگەی بگرێتەوە. مسیۆ (دوریاك) –کە لە والییە ناسراوەکانیەتی– لە کتێبەکەیدا "فەرەنسای نوێ" ئاماژەی بەم راستییە داوە و دەڵێ: "ئەوە کە حکومەتەکەمان ماوەی چل ساڵە کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات، لەبەر لاوازیی نەیارەکانیەتی نەك چاکیی خۆی".

وا خەریکە راستیی ئەو بۆچوونە بۆ هەموولا دەردەکەوێ. لەبەرئەوە جێی خۆیەتی حکومەت واز بێنێ لە پشتبەستن بەو هۆیانەی دوژمنانی سیستمی ئێستا زیاد دەکەن، ئەوانیش بریتین لە لاوازی و تاکڕەوی و نالێبوردەیی و چەوساندنەوە، جامەکە پڕ دەبێ و ئیتر کەس بەرگەی ئەو فاکتەرانە ناگرێ و حکومەت کەسێك نادۆزێتەوە پاڵپشتی بکات.

## بەشی چوارەم
## پەیدابوونی مافە ئیلاهیەکان لەکاتی ئێستادا
### حکومیبوون

ڕێبازی حکومی یاخود حکومیبوون (الحکومیة) —کە بەحوکمی سروشت سۆشیالیزمی لێ سەوز دەبێ— ئاینی نەتەوەیی گەلانی لاتینییە کە هەموو لەسەر ڕێزگرتنی کۆك بوون، ئەم ئاینە زۆر بەهێز و بەدەسەڵات و جێگیرە لە گرووپی بیروباوەڕە کاتیەکان نیە کە عەقڵ و تەلقین و سۆز کاری تێدەکەن، ئەوە دوای ئەوە بەبۆماوە لە ناخەکاندا چەسپاوە و وای لێهاتووە کەس مشتومڕی لەبارەوە ناکات جگە لە تاقمێکی کەمی مولحیدان کە هیچ هەژموونێکیان نیە و قسەیان هیچ بایەخێکی نیە.

حکومیبوون لەو ڕووەوە ئاینێکی گشتییە حزبە سیاسیەکانیشمان بەیەك حزب دادەنێین با لە ڕواڵەتیشدا چەند حزبێك بن. دەمارگیرترین پیاوانی ئیکلیرۆس و پاشکەوتووترین پاشایەتیخوازان و پەڕگیرترین سۆشیالیستەکان، بەندەی حکومەتن، هیچ گومان لە جیاوازیی هەندێ لەوانە لە هەندێکیتریان نیە لە هەڵبژاردنی قەشەکانی بیروباوەڕی حکومیبوون، بەڵام هەرگیز لە بنەماکانیدا لێك جیا نابنەوە.

ڕوونکردنەوەی ئەو بنەمایانە ئاسانە، حکومەت لای نەتەوە لاتینیەکان —نەخاسمە فەرەنسیەکان— بریتییە لە هێزێکی زەبەلاح کە بەڕێوەبردنی هەموو شت و دروستکردنی هەموو شت و ڕێکخستنی هەموو شت و بەخشینی ڕۆڵەکانی نیشتمانیان لە کۆششی زاتی با زۆر کەمیش بێ، پێ سپێردراوە. پلەبەپلە جێگەی خواوەندە کۆنەکانی گرتۆتەوە کە ئەخلاقی ئاینیی بۆماوەمان لێی بێنیاز نیە، ئەگەر ڕەزەوان نەیتوانی بەرهەمەکەی بفرۆشێ یاخی دەبێ ئەگەر حکومەت لێی نەکڕێ، ئەگەر خاوەن کەشتیەکان نەیانتوانی ڕکابەری بیانیەکان بکەن داوای قەرەبووکردنەوەی دارایی لێدەکەن، ئەگەر کرێکار بێکاری بەسەر کارکردندا هەڵبژارد، پەنا بۆ حکومەت دەبات تا پێی ببەخشێ.

دەسەڵاتی خواوەندانەی حکومەت بەکاریگەریی تەوژمە گشتیەکە زیاد دەکات، هەموو ڕۆژ دەست بەسەر کارگەکان و هێڵەکانی ئاسن و کۆمپانیاکانی کەشتیەوان و...هتددا دەگرێ، سۆشیالیزم (ئیشتراکیەت) کە دواین ڕواڵەتی حکومیبوونە خوازیارە حکومەت سەرجەم پیشەسازیەکان قۆرخ بکات، بۆ بەلای سۆشیالیستەکانەوە کەس هەیە لەحکومەت بەتواناتر بێ لە بڵاوکردنەوەی بەیداخی بەختەوەری لەنێوان مرۆڤەکاندا لەڕێی یاساکانەوە؟

حکومیبوون کە ناونیشانی نوێی مافە ئیلاهیەکانە قودرەتی خواوەند و پاشاکانی بەمیرات بۆ ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی لویسی چواردەیەم دەمێکە مردوە، بەڵام حکومەت پارێزگاری لە شێواز و بنەماکانی لە حوکمڕانیدا کردوە، ئەگەر ڕۆحدوێنێك قسەی لەگەڵ ڕۆحی ئەو پاشا مەزنەدا بکردایە هەواڵی دەدایە کە سەرجەم جێنشینەکانی دڵسۆزانە شوێن ڕێبازەکەی دەکەون و لە جێبەجێکردنی شێوازکەی لە مەرکەزیەت و نەهجی لە حوکمی موتڵەقدا زیادەڕەوییان کردوە، بگرە لەوانەیە ئەوەی بۆ باس بکات ئەو سیاسەتەی بووە مایەی دەرکردنی پیاوانی ناوەندە ئاینیەکان لەم سەردەمەمان و دەرکردنی پرۆتستانت لە ڕابردوودا لە وڵات لە یەك بنەماوە سەرچاوە دەگرن، پێویست بە بیرکردنەوەیەکی گەورە ناکات تا بیسەلمێنین یەعقوبیەکان بەدامەزراندنی سیستمی کۆماری لەجێی سیستمی مەلەکی ڕەها ئەوەیان بەو زەبروزەنگەوە

که هەیەتی، ئامادە کردوە. پاشان کاتێ جیروندیەکان ویستیان وا لە دەوڵەت بکەن کەمتر مەرکەزی و کەمتر تاکڕەو بێ، خۆیان بەفەتارەتدا دا و لەگەردنیان درا.
هەروەك دەشێ ئەو رۆحە بڵێ: بەڕێوەبردنی دەسەڵات بە پابەندبوون بە گوێڕایەڵیکردنی کۆمەڵەکان زەحمەتە. ئاماژە بەوەیش بکات کۆمەڵەکان زیاتر مەراییکار و خەڵەتێنەرن لەوەی لێیان نزیك دەبێتەوە کاتێ دەگەنە لوتکەی شکۆی خۆیان. لەوانەیە بڵێ پاشاکان کاتی خۆی بەزۆری رەچاوی بەرژەوەندیی گشتییان دەکرد، کە پیاوانی دەوڵەت ئێستا زۆر بەکەمی لەخەمیدان و چرکەیەك لە دەنگدان بە یاسای زۆر مەترسیدار دوا ناکەون ئەگەر بزانن ئەو کارە جارێکیتر هەڵبژاردنەوەیان بۆ مسۆگەر دەکات...
پێم وایە ئەو تێبینیانە لەو شتە راستانەن کە پێویستیان بە سەلماندن نیە، کەس ملەجورێ لەوە ناکات کە دەوڵەت توانای هەیە هەموو شتێك بکات، ئەوەیش خەمێکی لە دڵی فەرمانبەرە رەسمیەکانیشدا دروست کردوە. ئەوەتا والی (دوریاك) دەڵێ: "دانیشتوانی هەرێمەکان بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن کە دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکان و خەڵکی کۆلۆنییە دوورەکان و ئەو کەسانەی سەر بە هیچ گەلێك نین مامەڵە لەگەڵ سەرکردە و دەسەڵاتدارانیان دەکەن، پێویستە ئەوانە داوا لە پاریس بکەن تا رێگەیان پێ بدات بچوکترین شت ئەنجام بدەن وەك دروستکردنی بازاڕێك و دامەرزاندنی کانیاوێك...هتد".
سیستمی ئێستای دەوڵەت چاو لە سیستمی پاشایەتیی رەهای رابردوو دەکات، بگرە لەویتر توندترە، چونکە ئێستا یاسادانەر –کە دەبینێ ماوەی دەسەڵاتەکەی کاتییە– گوێی لە ئەنجامی ئەو یاسایانە نیە کە لەژێر فشاری حەشاماتی بێباردا دایاندەنێ و تەنیا تەماشای سوودی رواڵەتیی ئەو ساتەی یاساکان دەکات، بێئاگا لەو ئاکامە خراپانەی لە ئایندەدا لێیان دەکەونەوە. "عیسو" بەوە بەناوبانگ بوو کە قاپێك نیسکی ئامادەی لە مافی نۆبەرەبوونی دوور(حق البكورية البعيد))ی بەباشتر داناوە. ئای یاسادانەرانی نەتەوە لاتینیەکان چەندە چاو لە عیسۆ دەکەن!.
حکومەت لەبەر راڕایی بەردەوامی و یاسادانانی بەرێکەوتی و چەوساندنەوەی بۆ زۆر لە چینەکانی نەتەوە، بووەتە بارێکی قورس و گران و بێزراو لای ئەوانەی دەستدرێژی کردونەتە سەر، خۆ ئەگەر –لەگەڵ پێشێلکردنی بۆ بیروباوەڕەکان و شەکەتکردنی بەرژەوەندیەکانی خەڵك و گاڵتەکردنی بەگەل لەڕێی ئەو وەهمانەی دەیانخاتە ناویەوە و بەدیهێنانیان مەحاڵە– توانی بە خاوەن ئەمر و نەهی بمێنێتەوە، ئەوە لەبەر ئەو رکابەری و شانەخڕێیە دەیخاتە ناو ریزەکانی نەتەوە، لەبەرئەوە دەبینین دەسەڵاتی بەرواڵەت فراوانی و لەراستیدا پێچەوانەی هەموو بەهایەکی باڵا، لەژێر رەحمەتی رێکەوت و بارە لەناکاوەکاندایە.
بنەما سایکۆلۆژییە گشتییە باسکراوەکان زۆر شت روون دەکەنەوە کە بە لێڵی دەمێننەوە ئەگەر تەماشای هۆکانیان نەکرێ، لەوانە ریسواییەکانی چاپخانەی میری و ریسواییەکانی دەریاوانیمان کە هێشتا لیژنەکانی لێکۆڵینەوە لە هۆکانیان دەکۆڵنەوە.
وترا نوێکردنەوەی چاپخانەی میری کە پێویست پێی نەماوە (٤٤٢٣٥٠) فرەنك لەسەر بودجەی دەوڵەت دەکەوێ، لیژنەی چاودێری هات و روونیکردەوە ئەم نوێکردنەوەیە پێویستی بە خەرجکردنی دە ملیۆن فرەنك هەیە، ئەگەرچی وتیان ئەو کارە لە چوار ساڵدا تەواو دەبێ، بەڵام حەوت ساڵ بەسەر دەستپێکردنیدا تێپەڕیوە و هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ ئەوەی لە کاتێکی نزیکدا تەواو دەبێ.

ئەو شتانەی لیژنەکە ئاماژەی بۆ کردون پیشانمان دەدات فەرمانبەرانی دەوڵەت چەندە خەمسارادانە پرۆژەکانی دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، بەشێوەیەك ئەگەر پرۆژە تایبەتەکان بەو کەمتەرخەمییە بەڕێوە ببرانایە لە ماوەیەکی کەمدا مایەپوچ دەبوون، کاتێ پلیکانەیەك بۆ بینای چاپخانەکە دروست کرا دەرکەوت رازاندنەوەی کەمە، جا تێکدرا تا سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە، کاتێ زەمینەی بیناکە چەوژێر کرا و بەشەکانی بە گیراوەیەکی پتەو بەیەك گەیەنران، بەڕێوەبەری دیوانی چاپخانەکە —کە گیرۆدەی نەخۆشیی ئازاری جومگەکان و دەست و پێ بوو— وتی: ئەو گیراوەیە پێ دەگرێ و بۆریی سی تووشی هەوکردن دەکات، لەبەرئەوە ئەرزییەکە دەستبەجێ هەڵکەنرایەوە و بە تەخت فەرش کرا، کە زۆری نەبرد دەرکەوت جۆرەکەی خراپە و گۆڕدرا بەهیتر، پاشان کاتێ هەندێ ئامێر بەنرخێکی گران کڕدران و ئەوە بەبیردا نەهات چاڵیان بۆ هەڵبکەنن بەشێك لە بیناکە روخا، بەم شێوەیە گەنجینە بەبەرچاوی کۆمەڵێ لە فەرمانبەرانەوە ملیۆنان فرەنك زیانی بەرکەوت، بەبێ ئەوەی موویەکیان ببزوێ.

نموونەی لەم جۆرە زۆر زۆرن، بێگومان ئەوانە ئیشتراکیەکان ناگێڕنەوە لە سپاردنی ئەو جۆرە پرۆژانە بە حکومەت لەباتی سپاردنی بە پیشەسازیی تایبەت، کە چاوپۆشی لە کەمتەرخەمیی فەرمانبەران ناکات.

نموونەی بەفیڕۆدانی پارە لە دامەزراندنی چاپخانەی میری شتێك نیە شایانی باس بێ لەپاڵ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە هێزی دەریایی جەنگیماندا سەلماندویەتی. خەڵك بەسەرسوڕمانەوە تێبینی ئەوەیان کرد خراپیی باری دەریاوانیمان وای کرد لە چەند ساڵێکدا لە پلەی دووەمەوە بۆ پلەی پێنجەم دابەزێ، لە راپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە لە دەریاوانیماندا نە یەکێتی لە تێڕوانین و نە پێکەوە بەستران لە کۆششەکان و نە بەرپرسیارێتیەکی دیاریکراو نیە، بێئاگایی و بێسیستمی و شپرزی تێیدا باڵادەستن".

مسیۆ (ئەجام) —کە ئەندامی ئەو لیژنەیەیە— ئەو ئیسرافەی بە حەوتسەد ملیۆن فرەنك مەزەندە کردوە، ئەو بڕە دوو هێندە دەبێ ئەگەر ئەو ٦٩٣ ملیۆن فرەنکەیشی بخەینە سەر کە دەریاوانیی بازرگانیمان لە ساڵی ١٨٩٩ تا ساڵی ١٩٠٩ وەك خەڵات بەخشیوێتی، ئەمە بەپێی گێڕانەوەی مسیۆ (کایو) کە لە ئەنجومەنی نوێنەران گوتی: "ئێمە بەگرتنەبەری ئەو رێگەیە سواری پشتی هەڵە و خلیسکان بووین".

بەڵێ ئێمە بەو رەفتارەمان سواری پشتی هەڵە بووین، بەڵام وادیارە ئەو وەزیرەی تێبینی ئەوەی کردوە هۆی شتەکە نازانێ، نەزانینێك بەڵگەیە لەسەر کەمتفاقی لە دەروونناسیدا، کە نەیزانی سەرچاوەی هەڵەکە بڵاوبوونەوەی رێبازی حکومیبوونە لە وڵاتدا، ئەگەر ئەوەی بزانیایە پێشنیاری نەدەکرد حکومەت دەستی لە ئیدارەکردنی کۆمپانیا دەریاییە گەورەکانمان و وەبەرهێنانیاندا هەبێ.

ئەو بێموبالاتی و بێنیزامیەی بەکارهێنەرانی دەریاوانیی دەوڵەت دەیکەن عەقڵ باوەڕی پێ ناکات، ئەوەتا مسیۆ (ئەجام) باسی ئەوە دەکات زرێپۆشێك قەڵغانێکی زۆر قورسی بۆ کراوە، پاشان گۆڕدراوە بۆ قەڵغانێکی زۆر سووك، پاشان پێویستی کردوە دیسان بگۆڕدرێ بە قەڵغانێکیتر، بەشێوەیەك زرێپۆشەکە سێ ملیۆن لەسەر دەوڵەت کەوتوە.

ئینگلتەرا خەمساردیی لەو شێوەیەی بەخۆوە نەدیوە کە بووەتە مایەی بەفیڕۆدانی سامانی وڵات، ئەو زرێپۆش ٣٠٪ کەمتر لەو نرخە لەسەری دەکەوێ کە ئێمە دەیکڕین، لای ئەوان دامەزراندنی دوو ساڵ دەخایەنێ، لەکاتێکدا تەواوکردنی لە خانە پیشەسازیەکانی ئێمەدا پێنج ساڵی دەوێ. مسیۆ (ئەجام) دەڵێ:

"ئەو چۆنێتیەی کەشتی پێ دروست دەکەین وا لە مرۆڤ دەکات بێزی لە ڕێبازی حکومی ببێتەوە و رقی لەو بنەمایە بێ کە دەڵێ با حکومەت پیشەسازیەکان قۆرخ بکات".

کاری لەو جۆرە لە هەموو لایەکی وڵاتەکەماندا دەبینرێ، کاتێ حکومەت لە تۆلۆن زۆر لە بەڵێندەرانی خانەی پیشەسازی دەستگیر کرد، دەرکەوت سەرجەم کاڵاکان بیست و پێنج ساڵە لەکاتی داخڵبوونیاندا نەبینراون، بەڵێندەرەکانیش لەو ڕووەوە ئەوەی خۆیان ویستویانە رادەستی خانەکانی پیشەسازییان کردوە، بەو شێوەیە ملیۆنان فرەنکیان لە گەنجینەی دەوڵەت دەرکێشاوە بەبێ ئەوەی ئەو کارە غیرەتی کەس بجولێنێ.

بێباکی و خەمساردی بنەمای راستەقینەی هەر فەرمانگەیەکی حکومییە، کە شتی وا لە پیشەسازیی کەرتی تایبەتدا نیە، چونکە ئەو خاوەن کارەی خەمسارد بێ و چاودێری نەکات، هەر زوو مایەپوچ دەبێ. پاشان شپرزی بەرەنجامی بنەمای حکومییە، مرۆڤ خەریکە تەسەوری رادەی ئەو شتە خراپانەی پێ نەکرێ کە ئەو بنەمایە لەو کۆلۆنیانەدا دەیانهێنێتە کایە، کە دەستی چاودێریکردنیان ناگاتێ. مسیۆ (مسیمی) باس لەوە دەکات خراپ رەفتارکردنی فەرمانبەران لەو کۆلۆنییانەدا سنووری نیە و کارێك دەکەن خەڵکەکانیان رقێکی گەورەیان لە ئێمە هەبێ، ئەویش بەوەی ئەو خەڵکە بەکۆیلە دادەنێن کە شیاوی ئەوەن سیستمی سوخرەیان بەسەردا جێبەجێ بکرێ و ماڵیان زەوت بکرێ، ئەی ئەو پارەیە بۆ کوێ دەچێ کە فەرمانبەرانمان بە زوڵم و زۆر لە کۆلۆنیەکان تالانی دەکەن؟ دیارە لە فەخفەخەی ناڕەوادا خەرجی دەکەن.

ئەمەی خوارەوە پوختەی راپۆرتەکەی مسیۆ (مسیمی)یە کە لە رۆژنامەیەکدا بڵاو کراوەتەوە:

"لە هیندی چینی کاری رێکخستنی بودجە بە کۆمەڵێ فەرەنسی سپێردراوە کە جگە لە بەرژەوەندییە شەخسیەکانیان گوێ بەهیچ نادەن، لەوێ بودجەیەکی هەڵەشە دادەنرێ کە مووچەیەکی خەیاڵی و قەرەبووی گەورە دەبەخشێتە پیاوە ئیدارییە فەرەنسیەکان، کە بەهۆیانەوە دەتوانن چۆنیان بوێ پارە لە رواڵەتەکانی مەزنیی پوچ و بەتاڵدا خەرج بکەن. یەکێك لەو پیاوانەی ئیدارە ١٣٢٠٠ فرەنکی لە بودجەدا بۆ روناککردنەوەی کۆشکەکەی بەکارەبا جێگیر کردوە، بەزۆری هەر یەکێکیان شەش ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەیە، ئەگەر تەماشای پاسەوانی ئەهلی بکەین کە لە ١٦٠٠٠ پیاو پێکدێ، دەبینین ژمارەیەکی زۆریان لە ماڵی ئەو فەرەنسییانەدا خزمەت دەکەن، لەنێو سەرۆکانی ئەو پاسەوانەدا باسی پشکنەرێك دەکەین کە نۆزدە پیاوی تەرخان کردوە بە ئەنجامدانی کاروباری چێشتخانەکەی و لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکانی و چاندنی باخچەکەی و شۆردنی جلەکانی خۆی و ژنەکەی و...هتد".

رۆژنامەکەیش ئەمەی بۆ ئەم قسەیە زیاد کردوە: "بەکارهێنانی مەستکەرەکان کە هۆی دووقاتکردنی باجە بڕیاردراوەکانە نامێنێ ئەگەر ئەو باجانە بەشێوەیەکی ماقووڵ و دادپەوەرانە فەرز بکرێن". من گومانم هەیە لەو توانایەی دەدرێتە پاڵ سیستمەکان، چونکە سیستم تیماری ئەو بێسەروبەرییە گشتییە ناکات کە زادەی کۆمەڵێ هۆی قووڵن.

هۆی شپرزیی دەریاوانیەکەمان و چاپخانە میریەکەمان و سەرجەم پرۆژەکانی حکومەتەمان ئەوەیە پێشتر باسمان کرد، لەو ڕووەوە ئەو کارانەی حکومەت بەڕێوەیان دەبات هەزاران فەرمانبەریان دەوێ، دەبینین بەرپرسیارێتی لەناو ئەوانەدا ون دەبێ، کە بەسەر کۆمەڵێ دیوانی جیاوازی بێکەڵکی و حەسود بەیەکتر و ناچالاکدا دابەش دەبن، جا ئەگەر یەکێك لەو دیوانانە فەرمانی کرد بە دروستکردنی زرێپۆشێك، ئەوا

بەشێوەیەك دروست دەكرێ لەگەڵ دیواری ئەو ئۆتۆمبیلەدا ناگونجێ كە دیوانێكیتر فەرمانی بە دروستكردنی كردوە. ئەگەر ئەو فەرمانبەرانە لە كۆمەڵێ پرۆژەی تایبەتدا بەكار بهێنرابان كە بەرپرسیارێتی تێیاندا روونە، بەشێوەیەكی جیاواز لەوەی لە پرۆژەكانی حكومەتدا هەیە دەجوڵانەوە.

دەریاوانیی بێگانەكان لەبەر پشتبەستنیان بە پیشەسازیی تایبەت لە پێشكەوتندایە، بەڵام ئێمە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێین دەریاوانیەكەمان بكەینە حكومی، ئەگەر گەلانیتریش رێبازی حكومییان پەیرەو بكردایە دەریاوانیەكەیان بۆ ئاستی دەریاوانی ئێمە دادەبەزی.

گۆڤارە سیاسییەكەی پەرلەمان وتارێكی مستەر (هرولد كوكس) ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیزی بڵاو كردەوە. لەڕێی ئەو نموونە دیارانەی ناوبراو هێناونی، رۆژنامەكە ئەوەی پیشان داوە كە حكومەتی ئینگلیزی لەو سەروەختە دەگمەنانەی تێیاندا هەندێ پرۆژەی بەڕێوە بردوە زیانێكی گەورەی بەركەوتوە، لەكاتێكدا ئەو پرۆژانە قازانجێكی گەورەیان كردوە كاتێ بەدەست تاكەكانەوە بوون، لەو نموونانە دروستكردنی نامەگۆڕیی تێلیگرافی كە تا ساڵی ١٨٧٠ كۆمپانیایەكی تایبەت بەڕێوەی بردوە و ٦٪ی نرخی پشكەكانی بۆ بەشدارانی دەگێڕایەوە، بەڵام كاتێ حكومەت قۆرخی كرد، قازانجەكە گۆڕا بۆ زیان و كورتهێنانی ساڵانەی بوو بە ٢٥ ملیۆن.

ئەم ئەنجامانەمان هیچ بەلاوە سەیر نیە، چونكە زادەی كۆمەڵێ یاسای دەروونی راستن، یەكێك لەو یاسایانە ئەوەیە مرۆڤ ئەگەر لە بەرپرسیارێتی بەخشرا و داوای هەڵێنجانی لێنەكرا، زۆر نابات بەها زەینیەكەی و توانای بەرهەمهێنانی زۆر دادەبەزن، وای دەبینم سۆشیالیستەكان مەعزورن ئەگەر خۆیان لە تێگەیشتن لەم یاسایە لابدەن، چونكە هەركات ئەوەیان زانی و بوو بە بەڵگەنەویست لایان، سۆشیالیزم تۆزیشی نامێنێ.

هەرچۆن بێ رێبازی حكومیی ئیشتراكی بەخێرایی لەنێو نەتەوە لاتینیەكاندا بڵاو دەبێتەوە، ئەنجامە زیانبەخشەكانی كڕینی هێڵی ئاسنینی غەربی رێگر نابێ بۆ حكومەت لە كڕینی هێڵیتر و ئەنجامدانی قۆرخكاریی نوێ كە ژمارەی فەرمانبەران زیاد دەكات، وادیارە گەردەلولی شێتی لەم كاتەدا وەزیرەكانی داراییمان بەڕێوە دەبات، یەكێكیان لە ئەنجومەنی نوێنەران –لەنێو هیتافی ئیشتراكیەكاندا كە بوونەتە گەورەی– رایگەیاند بیر لەوە دەكاتەوە پێشنیار بكات حكومەت دروستكردنی مەستكەرەكان و كاروبارەكانی بیمەكردن قۆرخ بكات، بەو بۆنەیەوە رۆژنامەی (دیبا) بڵاوی كردەوە:

"لەمڕۆ بەدواوە دەبینین سیاسەتی قۆرخكارییە داراییەكان رۆڵێكی گەورەیان لە بەرنامەكانی هەڵبژاردن و كاروبارەكانی یاساداناندا دەبێ، ئەمەیش جۆرە شێتییەكە، چونكە لە زەمەنێكدا كەسانی خاوەن زەوق و سەلیقە و دید ترسی ئەوەیان هەیە وردە وردە بەرەو سیستمی توندی مەركەزی بڕۆین كە هێزی هەڵێنجانی تاكەكان تووشی ئیفلیجی دەكات، لە زەمەنێكدا ژمارەی فەرمانبەرانمان بەشێوەیەكی بەردەوام زیاد دەكات و باری سەرشانی بودجەی وڵاتەكەمان قورستر دەكات، هیچ راست نیە داوا لە حكومەت بكرێ لەپاڵ ئەركەكانی ئێستایدا كە لە ژمارە نایەن ئەركێكیتری بۆ زیاد بكرێ ،وەك قۆرخكردنی دروستكردنی مەستكەرەكان و كاروبارەكانی بیمەكردن، سەرباری ئەمە حكومەت –پاش ئەوەی بەناوی سۆز و بەزەییەوە دەستی لە هەموو لقەكانی كار وەردا– بەناوی قۆرخكردنی سەرمایە لەپێناو كۆمەڵگەدا، زۆر كار قۆرخ دەكات .

باجی داهات سەرەتای داماڵینی سەرمایەیە لەلایەن حکومەتەوە، جا چۆن حکومەتە ئیشتراکیەکە خۆی جڵەو دەکات لە رۆچوون لەم چەپاوکردنە یاساییەدا؟ مووچەی خانەشینی کرێکاران سەرەتای هەندێ سەدەقەیە کە حکومەت کاروبارەکانی رێك دەخات، جا چۆن لەم رێگە کۆمەڵایەتییە مرۆڤدۆستانەدا چاوەڕوان دەکرێ؟ قۆرخکردنی فێرکردن سەرەتای کۆکردنەوەی کاروبارەکانی زانست و زانیارییە لەژێر سایەی دەوڵەتدا، ئیتر دان بەخۆداگرتن (التأني) لە رێگەی یەکسانی عەقڵیدا چۆن دەبێ؟ هەرکات کانیاوی توانای هەڵێنجان کە سەرچاوەی هێزە لە نەتەوەدا وشکی کرد، سۆشیالیزم تەلارە کۆمەڵایەتیەکەی لەسەر زەمینە بۆگەنەکردوەکەی پوکانەوە راست دەکاتەوە".

دامەزراندن ناونیشانی حکومەت و کۆڵەکەیەتی، ئەگەر بویسترێ دەسەڵاتی حکومەت سووك بکرێ پێویستە دەست بە کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران بکرێ، حکومەت لەبەرئەوەی پلەبەپلە زۆر لە پیشەسازیەکانی قووت داوە، خۆی بە ناچار دیوە گرنگیی لقە ئیداریەکانی زیاد بکات، ئەو لقانە لەم سەروەختەدا بوونەتە کۆمەڵێ باندی دەرەبەگی، کە دەتوانن حکومەت بەپێی ویستی خۆیان ئیلزام بکەن. فەرمانبەران ئەمڕۆ داوای دانانی سیستمێك دەکەن زیاتر گەرەنتیی زیاتریان بکات و ئیمتیازاتی زۆریان بداتێ، پەرلەمانیش لە گەورەکانیان دەترسێ و دەنگ بەو سیستمە دەدات کە ئاکامەکەی لە سەرجەم ئەو سیستم و رێوشوێنانەی دانراون خراپتر دەبێ، چونکە دەبێتە مایەی پێکهێنانی باندێك لە فەرمانبەران کە سەرکردایەتیی فەرەنسا دەکات.

داننان بەهەندێ مافی تایبەت بۆ فەرمانبەرانی یاخیبوو و ئەوانەی پاڵپشتیان بوون بریتییە لەوەی لە نزیکترین دەرفەتدا بکرێتە سەروەر، تا ئێستایش پشکێکی باش لە سەروەرییان بەدەست هێناوە، بڕوانە، بێنرخترینیان –کە خۆی وا دەبینێ نوێنەرایەتی بەشێك لە دەوڵەت دەکات– باوەڕی وایە لە فەسیلەی پاشاکانە و بەو شێوەیەی ئەو باوەڕە دەیخوازێ مامەڵە لەگەڵ جەماوەر دەکات. باشترین خەڵك بەلای ئەوەوە تەنیا تاکێکە "ملکەچی"، لە نامەگۆڕینەوە رەسمیەکاندا بە "سی فلان" ناوی دەبات و ئەگەر لەپشت پەنجەرەیەکەوە پێی بگات یان گفتوگۆی لەگەڵ بکات، بەچاوی سووك تەماشای دەکات.

بۆ باشکردنی دۆخەکە پێویستە حکومەت بەپێچەوانەی ئەوەی ئێستا سەرکردایەتی دەکرێ بەرێوە بچێ، با واز بێنین لە دانانی سیستمێك فەرمانبەران دەکاتە هەمیشەیی بەشێوەیەك ئیتر لانەبرێن و وەزیران و پیاوانی پەرلەمان بخاتە بارێك نەتوانن کاریگەرییان لەسەریان هەبێ، حکومەت –ئەگەر بیەوێ دەسەڵاتی بەسەر فەرمانبەرانیدا بشکێ– پێویستە چاو لە خاوەن پیشەسازییە تایبەتەکان بکات، ئایا کۆگایەکی گەورە یان کارگەیەکی گەورە هەیە سیستمێك بە بەکارهێنەرانی ببەخشێ، کە هەندێ ئیمتیازاتیان بۆ مسۆگەر بکات؟ پارێزگارییان لێدەکات مادام لێهاتوو بن، ئەگینا لە کار دووریان دەخاتەوە.

پێویستە حکومەت لەگەڵ ئەوانەی کاریان پێ دەکات گرێبەست بۆ ماوەی جیاواز بکات کە لە چەند ساڵێك تێنەپەڕێ، ئەویش تەنیا لە کاروبارە تەکنیکیەکاندا وەك مەسەلەکانی ئەندازە و بەرق...هتد، لەوانەیە رەخنە لەمە بگیرێ بەوەی حکومەت بە فەراهەمنەکردنی شتێك لە بەردەوامی و سەقامگیری بۆ فەرمانبەرانی وا دەکات تەنیا خاوەن لێهاتنە مامناوەندەکان خزمەتەکانی بخەنە بەردەمی، ئەگەر ئەم رەخنەیە دروست بێ ئەوا وڵات سوود لە بەدیهێنانی ئەوە دەبینێ کە فەرزی دەکات، چونکە ئەوکاتە گەنجە زیرەکەکان روودەکەنە پیشەسازی و بازرگانی.

ئێمە بەداخەوەین کە ئەو ئەگەرە دوورە، پاڵێوراوان بۆ وەزیفەکان ئەوکاتە لەڕووی ژمارەوە هەروەك ئەمڕۆ دەبن، لەگەڵ ئەوەی مووچەی فەرمانبەری بچوك لە دیوانەکانی حکومەتدا لە شەش فرەنك لە رۆژێکدا تێناپەڕێ، دەبینی کاتێ وەزیفەیەکی بێنرخ لەو دیوانانەدا بەتاڵ بێ، پەنجا کەس لە هەڵگرانی بەکالۆریا داواکاری دامەرزاندن پێشکەشی حکومەت دەکەن.

حکومیبوون کە سەرچاوەی ئیشتراکیەتە بەرەو بەکۆیلەکردنێکی دەروونیی گەورەمان دەبات، تاکڕەویی حکومی لە ستەم و شەکەتکردندا بەجۆرێکە سەرجەم بەرژەوەندییە زیانپێکەوتوەکان لەدژی یەك دەگرن، خەڵك ئیتر خەریکە دەزانن ئەرکی حکومەت نیە پیشەسازی بەڕێوە ببات و خۆی لە وێنەی مرۆڤێکدا پیشان بدات کە مرۆڤی خۆش دەوێ و یەقین و بێباوەڕی و ئەدەب و کەلتووری خۆی بەسەر رۆڵەکانی نیشتماندا بسەپێنێ، بەڵکو ئەرکی راستەقینەی ئەوەیە حەکەم بێ لەنێوان حزبە جیاوازەکاندا و شەونخونی بۆ ئاسوودەیی و سەلامەتیی دانیشتوان بکێشێ، لە ناوخۆدا لەڕێی پۆلیسەوە و لە دەرەوەدا لەڕێی سوپاوە.

ئەوانە راستیی دانپێدانراون، بەڵام کەم بڵاون، دەبا ئومێدی رزگاربوونی پلەبەپلەمان بخوازین لە کۆتی تاکڕەویی حکومی، بەڵام لە سنووری ئەم ئومێدەدا نەوەستین، چونکە دەستکاریکردنی یاساکانی نەتەوە لەسەر کاغەز ئاسان بێ، بەڵام گۆڕینی رۆحی نەتەوە زەحمەتە.

## بەشی پێنجەم
## فاکتەرە دەروونیەکان لە جەنگەکاندا

سەرباری پێشکەوتنی شارستانێتی و لێکۆڵینەوەکانی فەیلەسوفان جەنگ بەبەردەوام مێشکی گەل و نەتەوەکانی سەرقاڵ کردوە، ئێمە گومانمان هەیە داهێنانەکانی زانست لە ئایندەدا بتوانن لەچاو رابردوو کەمتری بکەنەوە، بەڵکو ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە ئەو داهێنانانە وایان لێکردوە خوێنرێژانەتر بێ، گۆڕەپانی شەڕ لە هیچ زەمەنێکدا —تەنانەت ئەو سەردەمانەیش جەنگیزخان و ئاتیلا جیهانیان وێران کرد— وەك ئەم سەردەمەمان کە ناومانناوە سەردەمی هەڵم و کارەبا، هێندە ئێستا لە ژمارە و کەرەستەی شەڕدا پڕ نەبووە.

رووداو ئەگەر بەرێکی و بەبەردەوام سەری هەڵدایەوە، ئەوا ئەو رووداوە زادەی زەرورەتێکی زاڵە، لەبەرئەوە ناڕەزایی دەربڕین لەدژی ئەو چارەنووسە هەروەك یاخیبوون لە پیری و مردن کارێکی نەزۆکە،

لەلایەکیترەوە دەبینین ململانێی گەلان گرنگترین سەرچاوەی پێشکەوتنە، ئەوە نەبوایە باپیرانی بەراییمان لە قۆناغی هەمەجی دەرنەدەچوون و چەندین دەوڵەتی گەورە گەورە بمەزرێنن کە زانست و هونەرەکان و پیشەسازی تێیاندا گەشەیان کردوە، ئاخر چ شارستانێتیەك هەبووە تێر (مشبع) نەبووبێ بە رۆحی جەنگی؟ چ گەلێکی ئاشتیخواز رۆڵێکی لە مێژوودا پیشان داوە؟

بەڵام هێشتا کاتی لێکۆڵینەوە لە چاکی و خراپیەکانی ململانێی دەوریی گەلان نەهاتووە، بەڵکو تەنیا لەو ململانێیە دەکۆڵینەوە و هۆ دەروونییە زۆرەکانی روون دەکەینەوە، گرنگترینیان ئەو غەریزە سروشتیەیە کە پاڵ بە بەهێزەکانەوە دەنێ بۆ لەناوبردنی بێهێزەکان. بەڵێ، شارستانێتی هەندێ لە تین و تاوی ئەو غەریزەیە سووك دەکات، بەڵام ئەوەی دەرەقەتی نایەت، کەمکردنەوەی ئەو رقە قووڵەیە کە بەهۆی میزاجی دەروونییانەوە لەنێوان گەلە جیاوازەکاندا هەیە.

زۆربەی کێشەکان لەم جیاوازییەوە پەیدا بوون، سەرجەم جەنگەکانی بەشەر وەك جەنگەکانی فتوحات و خێڵەکان و ئاینەکان و بانگەشەکان بریتین لە جەنگ لەنێوان گەلانی جیاوازدا، شەڕی نێوان فارس و ئاشوریەکان کە بۆ یەکەم جار بووە مایەی گواستنەوەی سەروەریی جیهان لە سامیەکانەوە بۆ ئاریەکانیش هەر جەنگێك بوو لەنێوان دوو نەتەوەی جیاوازدا، هەروەها جەنگە کۆنەکان لەنێوان گریك و دانیشتوانی ئاسیا، لەنێوان رۆمان و ئەڵمان ولەنێوان ژاپۆن و رووس دیسان جەنگ بوون لەنێوان گەلانی جیاوازدا. ئەو جەنگە ئاینییانەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەڵگیرسان هەر جەنگ بوون لەنێوان چەند ئوممەتێکی جیاوازدا، واتە لەنێوان ئەو ئوممەتانەی حەزیان لە رێبازی تاکەکەسی و ئازایی فیکر هەبوو، لەگەڵ ئەو ئوممەتانەی وابەستە بوون بە تاکڕەویی ئاینی و سیاسی و ئەو بنەمایانەی لێیان دەکەونەوە، بەتایبەت لە دەسەڵاتی رەهادا (السلطة المطلقة).

ئایا ژیرانەیە بڵێین داهێنراوەکانی شارستانێتی و پەیوەندیی کۆکەرەوەی نێوان نەتەوەکان بەیەکترەوە دەتوانێ ئەو رقە دەروونیەی گەلان لێك جیا دەکاتەوە سووك بکات؟ رەوتی رووداوەکان وەڵامی ئەمە دەداتەوە.

له زەمەنێکی نزیکدا کاتێ ئامرازەکانی گواستنەوە دەگمەن و زەحمەت و زانینی زمانە بیانیەکان کەم بوو، ئەو جیاوازییە دەروونییانەی گەلانیان لەیەك جیا دەکردەوە بەرچاو نەبوون، بەڵام ئەمڕۆ لەبەر ئاسانیی گواستنەوە و تێکئاڵانی بەرژەوەندییە بازرگانیەکان پەیوەندیەکانی نێوان نەتەوەکان زیادیان کردوە، لێرەوە جیاوازیی میزاجی دەروونیشیان دەستی بەدەرکەوتن کردوە، لەبەرئەوەی تاکەکانی گەلانی جیاواز بەشێوەی جیاواز بۆ شتەکان دەڕوانن، ئاستەمە لەسەر هەر بابەتێك ڕێك بکەون و بەردەوامی پەیوەندیەکانی نێوان جگە لە زیادکردنی جیاوازییان هیچیتریتری لێ سەوز نابێ.

کەواتە لەکاتێکدا بەرژەوەندیەکان گەلان لەیەکتر نزیك دەکەنەوە، دەبینین ڕۆحی ئەو گەلانە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، لەباتی گەلان بەرەو برایەتیی ڕاستەقینە بچن، زیاتر لە جاران ڕق و پشت لەیەکترکردن بەسەریاندا زاڵ دەبێ، ئەو ڕقەیش دەرەنجامی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆری هەیە. دوای ئەوەی گەلان بە هەڵم و کارەبا ماوە درێژەکانیان کورت کردەوە، ئەمڕۆ زیادەڕەوی لە خۆ پڕچەککردندا دەکات، هەروەها لە دانانی بەربەستی گومرگیدا ڕۆدەچێ، کە دەبێتە مایەی بڕینی پەیوەندیەکان و چوارچێوەدانی هەر وڵاتێك بە شوورایەکی وەك شوورای چین. پاشان زۆربەی گەلان ئەو شوورایەیان پێ بەس نیە و بیر لەوە دەکەنەوە بەناوی سیستمی گشتیەوە بیانیەکان دەربکەن. دوای ئەوەی ئەمەریکا شوێنپێی ئوسترالیای هەڵگرت و بڕیاریدا چینیەکان لە وڵات دەربکات، بیری لەوە کردەوە ڕێگە لە هاتنەژوورەوەی کۆچبەرانی هەژار بۆ ناو وڵاتە بگرێ، ئەمڕۆ سەندیکا پیشەییە ئینگلیزەکان داوای دەرکردنی کرێکارانی بیانی دەکەن لە ئینگلتەرە. حکومەتی ڕووسیا ملکەچی ویستەکانی گەل بوو –کە بەزۆری ئیرادەیەکە لە ئیرادە پاشا ڕەهاکان توندترە– و جولەکەکانی لە شارە گەورەکان دەرکرد، لە ئەڵمانیا حزبێکی گەورە داوا لە حکومەت دەکات جولەکەکان دەربکات، حکومەتی برووسیایش دوانەکەوت لە دەرکردنی ئەو پۆڵۆنی و ئیتاڵیانەی لە هێڵەکانی شەمەندەفەردا کاریان دەکرد. دوای ئەوەی حکومەتی سویسرا ساڵی ١٨٩٢ ئەو پرۆژە یاسایەی ڕەت کردەوە کە داوای بەکارنەهێنانی کرێکارانی بیانی دەکات، کردویەتی بەمەرج لەسەر بەڵێندەرانی جەنگی تەنها کرێکاری سویسری بەکار بهێنن.

ئەم جۆرە هەوڵانە لە فەرەنسا و وڵاتیتریش دەبینرێن، لەبەرئەوە پێمان وایە دانانی سەدەی بیستەم بە سەدەی برایەتی ڕاست نیە، چونکە گەلانی جیاواز تەنیا کاتێ برایەتییان لەنێواندا دروست دەبێ کە یەکتر نەناسن، نزیککردنەوەی گەلان لە یەکتر لەڕێی کەمکردنەوەی ماوەی نێوانیانەوە، تەنیا یەکتر ناسینیان و لەوێشەوە کەمیی ئاسانکاریکردنیانی لێ دەکەوێتەوە.

لەلایەکیترەوە، دەبینین جوڵەی گشتیی گەلان دژی پەلاماری بێگانە هێشتا لە یەکەم قۆناغیدایە، جا ئەگەر ئەو حکومەتانەی لەسەر بنەماگەلی دژیەك دامەزراون گەیشتنە گرتنەبەری یەك ئامرازی وەك ئەوە، ئەوا لەبەرئەوەیە زەرورەت بەسەریاندا دەسەپێنێ، کاتێ کاریگەریی بێگانە توند ببێ دەبێتە مایەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتان و ڕۆحی ئومەت لەبەین دەبات. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەنموونە وەربگرە، دەبینی کاتێ ژمارەی بێگانەکان تێیدا زۆر بوو لەناوچوو، هەروەها بڕوانە نەتەوەیەکی وەك نەتەوەی فەرەنسی، دەبینی ژمارەی دانیشتوانی کەم دەکات لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی نەتەوە دراوسێکانی زیاد دەکات، دیارە لە بارێکی وادا ئەوەی لە دانیشتوانی ئەو نەتەوە بێگانانە زیاد بێ بەحەتمی کۆچ دەکات بۆ فەرەنسا، کە لەوێ ناچار ناکرێن نە بە بوونە سەرباز، نە بە دانی باجی گەورە و کرێی باشتریش بەدەست دێنن لەوەی

له وڵاته ئەسڵیەکەی خۆیان بەدەستی دێنن، ئیتر چۆن دوودڵ دەبن له کۆچکردن بۆ فەرەنسا لەکاتێکدا دەبینن سەرجەم وڵاتان دەرگایان بەڕوودا داخستوون؟

ئەگەرچی کۆچی ئەو خەڵکانە مەترسیدارە لەبەرئەوەی بەحوکمی سروشت ئەوانه له چینه نزمەکانن که بەشی تێرکردنی سکیان نیه، پرنسیپه ئینسانیەکانمان رێگرن لەوەی رێگه له هاتنیان بۆ ناو وڵاتەکەمان بگرین، لەبەرئەوەیه مەرسیلیا به دانیشتوانەکەی بووەتە کۆلۆنیەکی ئیتاڵیا، ئیتاڵیا کۆلۆنیەکی نیه هێندە ئیتاڵی تێدا بێ وەك له مەرسیلیا هەیه. ئەگەر رێگه لەو شەپۆلانه نەگیرێ سێیەکی دانیشتوانی فەرەنسا دەبنه ئیتاڵی و سێیەکیشیان ئەڵمانی. قەوارە و یەکێتیی نەتەوە لەئاست ئەم شەپۆلانەدا چی دەبێ؟ خراپترین داستان له گۆڕەپانی شەڕدا لەوانه باشترە بۆی.

لەمەی پێشوو بەو ئەنجامە دەگەین داهێنراوەکانی شارستانێتی دەستەپاچەن لەئاست سووککردنی ململانێی گەلان، ئەم دەستەپاچەییە روونتر دەردەکەوێ ئەگەر زانیمان لەپاڵ هۆ ئەو هۆ دەروونییانەی ململانێدا که ئاماژەمان پێدان شارستانێتی هۆی ئابووریشی بۆ زیاد دەکات، لەبەرئەوە فەیلەسوفان و مرۆڤدۆستان هەقیانە پێشوەخت بگرین بۆ ئەو نەهامەتیانەی جەنگ تووشی مرۆڤیان دەکات، بەڵام خەمەکەیان سووك دەبێ ئەگەر زانییان ئاشتی گشتی دەستبەجێ هەموو شارستانێتی و پێشکەوتنێك لەناو دەبات و مرۆڤ بەرەو کێوییبوون (التوحش) پەلکێش دەکات، ریشەداکوتانی ئاشتی —وەك مسیۆ دوفوغیە دەڵێ: "له ماوەی نیو سەدەدا هێندە خراپە و دواکەوتن لەناو بەشەردا بڵاو دەکاتەوە، که به توندوتیژترین جەنگ ناکرێ".

گومان لەوەدا نیه جەنگ بەبێ خراپە نیه، بەڵام ئەگەر خراپیەکانیمان له تایەکی ترازوودا دانا و سوودەکانیشی له تاکەیتردا، کامەیان قورس دەبێ؟

خراپیەکانی جەنگ سیانن: فەوتانی ماڵ + لەدەستدانی پیاوان + لاوازبوونی گەل. هەرچی فەوتانی ماڵە زۆر گرنگ نیه، مێژوو بۆمان دەسەلمێنێ سێبەری دەوڵەمەندترین گەلان لەبەردەم گەلانی هەژاردا بچوك دەبێتەوە، هەژارکردنی گەل مانای ئازاردانی نیه، دەوترێ ئەڵمانیا ناچار بوو زیاتر له یەك ملیار فرەنك بۆ پارێزگاریکردن له ئیلزاس و لورین خەرج بکات، هەروەها دەوڵەتانی ئەوروپا بەشێکی گەورەی داراییان لەسەر سوپاکانیان خەرج دەکەن، ئەو خەرجانەیش هیچ ئەنجامێکیان نیه جگه له جوڵاندنی چالاکیی گەلان و راهێنانیان لەسەر کەمخەرجی (تقشف) و پاراستنیان له پەلامار و دەستدرێژیی دوژمن، ئاخۆ له ئەوروپا دەوڵەتێك هەیە بتوانێ یەك رۆژ بەبێ سوپا بمێنێتەوە؟ ئەگەر دەوڵەتێکی ئەوروپی وازی له سوپاکەی بهێنایە، نەتەوەیتری بەهێز لەسەر بەشکردنی رێکدەکەوتن و زیاتر لەو خەرجەی بۆ خۆ پڕچەککردن پێویستیەتی باجی قورسیان بەسەردا فەرز دەکرد.

حکومەت و گەلان ستایشی باشیەکانی ئاشتی دەکەن و سەرانیان له وتارەکانیاندا پێیدا هەڵدەڵێن، کەسیش باوەڕی به بوونی ئەو ئاشتییه نیه که خەڵك هەموو ستایشی دەکەن، چونکه هەموو دەزانن هەرکات نەتەوەیەك بەلاوازی دەرکەوت دەبێتە نێچیری نەتەوە بەهێزەکانی دەوروبەری، راستیی ئەو بۆچوونەمان له رۆژی دووەمی شەڕی (موکدن)دا بینی که هێزی روسیای هاوپەیمانمان تووشی ئیفلیجیەکی گەورە هات، ئەڵمانیا له مەراکیش گژبەری (تەحەددا)ی کردین تا ناچارمان بکات جاڕی جەنگی لەدژ بدەین، ئەو بروسکانەی لەنێوان ئێمە و ئەواندا ئاڵوگۆڕکران دەریدەخەن چەندە هیچوپوچانە مامەڵەی لەگەڵ

کردین، ئەوەی وای لە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا کرد خۆی لەو جەنگە لابدات ترسی بوو لەوەی کەشتیگەلی ئینگلتەرە —کە بەدڵنیاییەوە پشتی دەگرتین— لە بەندەرەکانی وڵاتەکەی بدات.

نەتەوەکان سوودیان لەم وانەیە وەرگرت و توانای جەنگیی خۆیان بەشێوەیەکی بەردەوام زیاد کرد، زەرورەتی خۆ پڕچەککردن وای کرد باج لە ئینگلتەرە زیاد بکرێ و زیاتر لە ملیارێك فرەنك لە هێزی دەریاییدا خەرج بکات.

هەرچی لەدەستدانی پیاوانە کە دووەم خراپیی جەنگە، لەویشدا عیبرەت بە ئەنجامە دوورەکانیەتی، جەنگەکانی ناپلیۆن بوونە مایەی لەناوچوونی سێ ملیۆن پیاو، بەڵام کاتێ بەهۆی ئەو جەنگانەوە فەرەنسا بۆ ماوەی بیست ساڵ دەستی بەسەر چارەنووسی گەلاندا گرت و ئەفسانەیەکی شانازییان بۆ بەجێهێشت و پێویستیی روخاندن و تێکدانی سروشتی پێ جێبەجێ کرد، ئیتر وانابینین زۆر جێی رەخنە بێ، هەموو ئەو ئەنجامە خراپانەی لە جەنگەکاندا دەیانبینین ئەوەیە بەهێزترین پیاوانی نەتەوە لەناو دەبەن، ژمارەی دانیشتوانیان کەم دەکەنەوە و لاوازتری دەکەن، بەڵام ئەم جۆرە ئەنجامانەیش زۆر مەترسیدار نین بۆ ئەو گەلانە نەبێ کە ژمارەی دانیشتوانیان لە سوڕی وەستاندا بێ.

پیاوانی ئامار خەرجی گرانی جەنگەکانمان بۆ روون دەکەنەوە خۆ لەو سوودانە نەبان دەکەن کە لێیان دەکەونەوە بۆ مرۆڤ، لەوانە بەخشینی رۆحێکی نەتەوەییە بەگەل، بە جەنگ ئەو رۆحە دروست و سەقامگیر دەبێ، زانراویشە گەلان بەبێ ئەو رۆحە نابنە خاوەن شارستانێتی.

جەنگ لەکاتی سەرکەوتندا پایەکانی رۆحی نەتەوەیی قایم دەکات و لەکاتی شکستیشدا بەهێزیان دەکات، ئێمە بەپێچەوانەی ئەوەی جەماوەر لەسەری کۆکن وا دەبینین شەڕی (ینا) نسکۆیەك نەبوو تووشی ئەڵمانیا بوو، چونکە ئەو شەڕە نەبوایە لەوانەیە دامەزراندنی جامیعەی ئەڵمانی و شەوکەتی ئەڵمانیا دوا بکەوتنایە، ئەگەر تەماشای ئەنجامە دوورەکانی رووداوەکان بکەین دەڵێین شەڕی (ینا) لەڕاستیدا کارەساتێك بوو دووچاری فەرەنسا بوو نەك ئەڵمانیا.

با واز لە کارتێکەرە ناڕاستەوخۆکانی جەنگ لەسەر گەلان بێنین، هەندێ کارتێکەری راستەوخۆی گرنگ هەن کە ناکرێ ئینکاری بکرێن، ئەم جەنگانەی دوایی بنەمای خۆ پڕچەککردنی گشتییان لە ئەوروپا لێ کەوتەوە، ئەنجامی ئەو بنەمایە چی بوو؟ ئامارکاران دەڵێن بووەتە مایەی شڵەژانی باری دارایی دەوڵەتان، بەڵام دەروونناسان وەڵامیان دەدەنەوە کە باڵاییەکی ئەخلاقی بە گەلان بەخشیوە، ئەگەر ئەو سیستمی بەسەربازکردنی زۆرەملێ (التجنید الالزامی)یە نەبوایە کە بەشی نێرینەی دانیشتوانی ئەوروپا دەگرێتەوە پاشاگەردانی و ئیشتراکیەت و هەموو فاکتەرەکانی لەبەریەك هەڵوەشانی شارستانێتیی نوێ بڵاو دەبوونەوە، هەروەها پایەکانی ئاین هەرەسیان دەهێنا کە حاڵی حازر کۆمەڵگەکانیان لەسەر دامەزراوە، بەبێ ئەوەی شتێکمان هەبێ جێگەیان بگرێتەوە، ئەو سیستمە ئەندازەیەك لە ئارامگرتن و خۆڕاگری و حەزی قوربانیدانمان فێر دەکات و ناخمان پڕ دەکات لە بەهای باڵا با بەشێوەیەکی کاتیش بێ، خۆی بەتەنیا بەگژ ئاکاری خۆپەرستی و حەزکردن لە ژیانی ناز و نیعمەت لە گەلاندا دەچێتەوە.

سیستمی خزمەتی سەربازی (نظام الجندیة) گرنگیەکی گەورەی لە ئەخلاقی نەتەوەکاندا هەیە، کە مارشاڵ (مولتکە) لەم رستەیەدا روونی کردۆتەوە کە لە یاداشتەکانیدا هاتووە و دەڵێ: "کاریگەریی قوتابخانە لەسەر گەنجان کورتخایەنە، خۆشبەختانە هەر هێندەی قۆناغی فێرکردنی قوتابخانەکانمان تەواو دەبێ

دەچینە ناو قۆناغی پێگەیشتنی راستەقینە، واتە قۆزناغی خزمەتی سەربازی کە هیچ نەتەوەیەك وەك ئێمە سوودی لیێ نابینیێ، دەڵێن مامۆستایانی قوتابخانەن بەرگی سەرکەوتنیان لەبەر کردوین، راستیەکەی بەتەنیا زانست بەس نیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدەبیی مرۆڤ بەشێوەیەك پاڵی پێوە بنیێ بۆ قوربانیدان بەژیانی لەپێناو پرنسیپ یان واجب یان نیشتماندا، بەڵکو ئەوە سیستمی جەنگیمانە کە لە شەڕەکاندا سەری خستین و رۆڵەکانی نیشتمانی لە جەستە و عەقڵدا بەهێز کرد و سیستم و وردی و پاکی و گوێڕایەڵی و نیشتمان و چالاکی لەلا خۆشەویست کردن".

سوودی سیستمی جەنگی تەنیا لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاکاردا نیە، هەر ئەو بوو پیشەسازی پێش خست بەتایبەت پیشەسازیی کانزاکان، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی بەمەبەستی باشترکردنی چەکەکان ئەنجامیدان وردیەکی زانستی و تەکاندانێکی تەکنیکی ئەوتۆی بە پیشەسازی بەخشی کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا بەخۆیەوە نەدیوە، هەروەها خواستەکانی گواستنەوەی سوپا بووە مایەی فراوانکردنی تۆڕەکانی هێڵی شەمەندەفەر و باشکردنی کەشتییە جەنگیەکان.

کەواتە گەلان لە جەنگ و مەترسیەکانیدا بزوێنەرێکی ماددی یان ئەدەبییان بۆ جوڵە هەیە، رۆحی جەنگی کۆتا پایەیە کە کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمە پشتی پیێ دەبەستن، جا با گەلان لەباتی نەفرەت لێکردنی دان بەچاکەیدا بنێن.

جا ئەگەر بەڵگەکانی رابردوو کاریان لە هیچوپوچان، ئاشقانی مرۆڤ نەکرد، ئەوا ئەنجامەکانی ئاشتیەکیان بیر دەخەینەوە کە بەزۆر بەسەر نەتەوەیەکدا دەسەپێنریێ:

هیند –کە لە گەورەترین وڵاتانی سەرزەوییە لە رووبەر و دانیشتواندا– ماوەی سەدەیەکە لە نیعمەتی دڵنیاییەکی رەها بەهرەمەندە، لەئەنجامی ئەم ئاشتییە زۆرەملێیەیشدا کە دەستی ئاسنینی ئینگلتەرە سەپاندی ژمارەی دانیشتوانی هیند لە ماوەی بیست ساڵدا سی ملیۆن کەس زیادی کرد، وای لێهات ژمارەی ئەو دانیشتوانەی لە یەك کیلۆمەتری چوار گۆشەدا دەژین دووهێندەی ئەوە بیێ کە قەرەباڵغترین وڵاتانی ئەورووپا تێیدا دەژین، ئەم زیادبوونە هیندی تووشی نەهامەتیەکی گشتی کرد، کە ئەو برسێتیانەی روویان دا سەختتری کرد و کێبڵەکانی تێلیگراف و هێڵەکانی شەمەندەفەر لە بارگرانییان کەم نەکردەوە، بەشێوەیەك ساڵی ١٨٦٦ لە هەرێمی (ئوریسا) ملیۆنێك کەس لەناو چوون، لە (بەنجاب) ساڵی ١٨٦٨ ملیۆنێك و ٢٠٠ هەزار کەس،

لە (دەکن) ساڵی ١٨٧٤ ملیۆنێك و ٣٠٠ هەزار کەس، جا ئایا جەنگەکانمان لەچاو ئەم داستانانەدا شایانی باسن؟ ئایا مردن لەبرسا لە مردن بە تۆپ باشترە؟!

بەڵام لێکۆڵینەوە لە سوود و خراپیەکانی جەنگ تەنیا سوودێکی تیۆری هەیە، چونکە هەڵبژاردنیان لە دەست ئێمەدا نیە، ئێمە دەیانچێژین بەبیێ ئەوەی کاریگەریمان تێیاندا هەبیێ، باشترین رێگە بۆ خۆ ئامادەبوون بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە و جەنگانەی لەوانەیە رووبدەن گشتاندنی رۆحی جەنگاوەرانەیە لەنێوان تاکەکانی نەتەوەدا، چونکە ئەو رۆحە نهێنی هێزە لە سوپاکاندا، بەبیێ ئەوە نەتەوە –جا چەکەکانی هەرچی بن– وەك گەلە خەڵکێکی بێبارە کە بەرگەی سیخورمەیەك ناگریێ، لەبەرئەوە ئەو نووسەر و وتاربێژانەی زات دەکەن ئەو رۆحە وێران بکەن بە دوژمنی نیشتمان و تێکدەری کۆمەڵگە دەزانم،

ئەو رۆژەی رۆحی جەنگاوەرانەی تێدا لەدەست دەدەین بێگانە پەلاماری وڵاتەکەمان دەدات، قەوارەکەمان لەناو دەبات و لە مێژوو دەیسرێتەوە.

با ئەو روونکردنەوەیە دووبارە بکەینەوە و بیر لە ئەنجامەکانی ئەو جەنگەی داهاتوو بکەینەوە کە نووسەرانی سەربازی پێشبینی رووداني دەکەن، ئەوەیشمان لەبیر نەچێ ئەو جەنگە یەکلاکەرەوە دەبێ وەك ئەوەی مێژوو گێراویەتیەوە و دەڵێ بە لەناوچوونی یەکێك لە دوولایەنەکە تەواو بووە، واتە جەنگی داهاتوو جەنگێکی بێ رەحمە و دەبێتە مایەی وێرانکردنێکی سیستماتیکی زۆر ناوچە، بەشێوەیەك نە ماڵ نە دار و درەخت نە مرۆڤ ئاسەواریان نەمێنێ.

کاتێ رۆڵەکانمان پەروەردە دەکەین و سەربازەکانمان مەشق پێدەکەین، نابێ بۆ یەك چرکەیش ئەم زانیاریانەمان لەیاد بچێ، با وتارە بەتاڵەکانی ئاشتی و برایەتی بۆ شۆڕەسوارانی دەربڕین بەجێ بهێڵین، کە لەو دەمەقاڵەیە دەچێ خەڵکی بێزنتە لەوکاتەی محەمەد ئەلفاتح شوورەی شارەکەیانی دەبڕی، پێوەی سەرقاڵ بوون.

پاشان ئەوەی دەیەوێ لە جەنگ دوور بێ یان رێگە لە هەڵگیرسانی بگرێ پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئامادە بێ، کاتێکیش جەنگ بەردەرگات پێدەگرێ و دەتەقێتەوە سەرکەوتن یاوەری ئەو سوپایە نابێ کە بەژمارە زۆرە، بەڵکو یاوەری ئەوەیانە خۆڕاگر و چوست و چالاکە.

جەنگ شتێکی دەروونییە هەروەك زانینی گواستنەوە و ئامادەکردنی سوپایە، گەورە سەرکردەکان لەم راستییە بێئاگا نەبوون، ناپلیۆن دەڵێ: "چارەنووسی جەنگ لەسەر رادەی هێزی مەعنەویی سوپا دەوەستێ، هێزی مەعنەوی نیوەی حەقیقەتە". نابێ جەنگاوەران تەماشای ژمارەی کوژراو و بریندارانیان بکەن، سەرکەوتن لای ئەو لایەنە دەبێ کە دەزانێ چۆن لەبەردەم ئەوەی تووشی بووە ئارام دەگرێ. هەر سەبارەت بە هێزی مەعنەوی دەڵێین ئەو سوپایانەی هێزی مەعنەوییان دادەبەزێ دەبنە تاقمی تێکەڵەکانی (سەرخەس)، ئەوانەیش هێزی مەعنەوییان بەرز دەبێتەوە لە جۆری وڵاتگرانی ئەسکەندەر دەبن.

ئەگەر زانیمان سەنگی سوپاکان زیاتر بە هێزی مەعنەوی و ئاستی ئەخلاقییانەوە بەندە تا زۆریی ژمارەیان، بۆمان روون دەبێتەوە جەنگ پێش هەر شت مەسەلەیەکی دەروونییە، بەم بەڵگەبەندییە سادەیەی خوارەوە بەگرنگی فاکتەرە دەروونیەکان لە جەنگەکاندا ئاشنا دەبین: نووسەرانی جەنگی کۆکن لەسەر ئەوەی بەرگەگرتنی سوپا بۆ زیان سنوورێکی هەیە، ئەزموونەکانی چەندین سەدە سەلماندویانە هەرکات سوپایەك ٢٠٪ی سەربازەکانی لەدەستدا خۆی بە دۆڕاو دادەنێ، ئەمە ئەو رێژەیەیە ناوی دەنێین سنووری تێکدەر لە هێزی مەعنەویدا، بێگومان شکان ئەنجامی کارتێکەرێکی دەروونییە نەك زەرورەتی توانا، چونکە ئەو سوپایەی ٢٠٪ی ئەندامانی لەدەست دەدات هێشتا چوار لەسەر پێنجیانی بۆ ماوەتەوە، واتە بەشی هەرەزۆری سوپاکە، ئێستا با وا دابنێین هێزێکی سیحری کاری لە هێزی مەعنەویی ئەو سوپایە کرد و وای لێکرد جەربەزەیی لە شەڕەکەدا بنوێنێ، ئەوا تەنیا رووداني گۆڕانێك لەباری دەروونیدا شکستەکەی دەگۆڕێ بۆ سەرکەوتن با چەك و ئامادەکاریەکانیشی هیچ نەگۆڕابن، روونکردنەوەی ئەمەیش ئەوەیە، بەردەوامیی شەڕەکە دەبێتە هۆی ئەوەی براوەی یەکەم پێنجیەکی سوپاکەی لەدەست بدات، واتە گەیشتن بەو سنوورە مۆلەقەی کار لە هێزی مەعنەوی دەکات، جا لەو رووەوە دوای گەیشتنی بەسنووری دیاریکراو ئەو

هێزە مەعنەویەی بۆ فەراهەم نابێ کە دوژمنەکەی هەیەتی و ئەو هێزە سیحریەی بۆ یەکەمیان گریمانەمان کرد دەیبەخشێ، ئەوا دەشکێ و دەبەزێ، لەکاتێکدا پێشتر براوە بوو.

ئەو توانا سیحریەی هێزی بەرەنگاری لە سوپادا دووقات دەکات شتێکی وەهمی نیە، ئێمە مەبەستمان پێی ئەو پەروەردەیەیە بە سەربازانی دەبەخشێ و ئەو رۆحەیە تێیانیدا دەچێنێ، مێژوو بۆی سەلماندوین لەوانەیە هەندێ هەست و شعور هێزێکی وایان هەبێ بەرەنگاری نەکرێ و زۆریی ژمارە ئەو هێزەی نەبێ. قایمیی ئاکار تاکە فاکتەری دەروونی نەبووە لە سەرکەوتنە جەنگیەکاندا، لەپاڵ ئەوەدا فاکتەرێکیتریش هەیە گرنگی هیچی لەو کەمتر نیە، ئەویش یەکێتیی جموجوڵە، یەکێتیی جموجوڵ ئەنجامی پەروەردەیەکی تایبەتی دوور و درێژە، بەرهەمەکەیشی نادات تا هەندێ پرنسیپ بەشێوەیەکی لاشعوری لە ئەفسەرانی سوپادا ریشە دادەکوتێ، بەو پرنسیپانە ئەو ئەفسەرانە بەهەمان تێڕوانین تەماشای لەناکاوترین دۆخ و بارە نائاسایی و کتوپڕەکان دەکەن. ئەنجامەکانی یەکێتیی جموجوڵ لە خوێندنەوەی یاداشتەکانی مارشاڵ (مولتکە)دا بەڕوونی دەردەکەوێ. خوێنەر لە هەموو لاپەڕەیەکیدا دەبینێ هەرکات پەلاماردانە لەناکاوەکانی دوژمن لە جەنگی فەرەنسی ئەڵمانیدا دەستەی ئەرکانی جەنگی ناچار کردبێ فەرمانی نوێ بدەن، ئەفسەرانی ئەڵمان بەر لەوەی ئەو فەرمانانەیان پێ بگات خۆیان بەو شێوەیە دەجوڵانەوە. ئەوەیش پێچەوانەی یاداشتەکانی سەرکردەکانمانە لە جەنگی ساڵی ١٨٧٠ کە پێمان دەڵێن ئەفسەرانمان لە چاوەڕوانکردنی گەیشتنی فەرمان و رێنماییەکاندا وەك یەك بوون و پێش گەیشتنیان یەك بست نەدەجوڵانەوە، هۆکەیشی ئەوەیە ئەفسەرانی ئەڵمان پەروەردەیەکی لاشعورییان هەبوو کە پاڵی بە هەریەکەیانەوە دەنا بەهەمان شێوە بیر لە جوڵان بکەنەوە، ئەفسەرانی ئێمەیش تەنیا سیستمی دەرەکییان دەزانی، سیستمی دەرەکی بۆ سوپا بچوکەکان بەس بوو، بەڵام سوپا گەورەکان پێویستیان بە سیستمی ناوەکی (باطني)ش کە زادەی پەروەردەی دروستە[٢].

[٢] پێم خۆشە خوێنەر کتێبی (رۆحی سوپا و سەرکردایەتی" بخوێنێتەوە کە فەرماندە "غوشیە" دایناوە، ئەو وتارانەی تێدا کۆکردۆتەوە کە بۆ ژمارەیەك لە ئەفسەرانی داوە و پشتی بەو بنەمایانە بەستوە کە لە هەردوو کتێبی رۆحی کۆمەڵەکان و رۆحی پەروەردەدا بەدرێژی باسم کردون.

## بەشی شەشەم
## فاکتەرە دەروونیەکان لە جەنگی ئابووریدا

گومان نیە لەوەدا جەنگەکان بەردەوام دەبن، ئەوەیش دەیکاتە قەدەری مرۆڤایەتی رق و کینەی نێوان گەلان و جیاوازیی بەرژەوەندیەکانیانە هەرکات یەکترییان ناسی، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتیدا هەندێ جەنگی ئابووریش دەچنە پاڵ ئەو جەنگانە کە مرۆڤکوشتنیان لەوان کەمتر نیە، لە کتێبێکدا ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش بڵاوم کردەوە ئاماژەم بەوە دا نزیکبوونەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەهۆی هەڵم و کارەباوە دەبێتە مایەی بەریەککەوتنی رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکان، سەرباری ئەو رەخنە توندەی ئەو پێشبینییانە بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوەتا بە ململانێی رووس و ژاپۆن خەریکە دێتەدی.

ئەوروپا زەمەنێکی زۆر بەرهەمەکانی بۆ رۆژهەڵات هەناردە دەکرد، ئێستا دەبینین بارەکە وردە وردە دەگۆڕێ، پاش ئەوەی پێشتر رۆژهەڵات وڵاتی بەکاربردن بوو، ئێستا دەستی کردوە بەوەی ببێتە سەنتەری بەرهەمهێنانێکی فراوان، بە بەرهەمە پیشەسازی و کشتوکاڵیەکانی بەسەر بازاڕە بازرگانیەکانماندا زاڵ دەبن، کە ئەو کرێکارانەی بەرهەمیان دێنن لەبەر پێداویستییە کەمەکانیان بە کرێیەك رازی دەبن کە زۆر لە کرێی کرێکارانی ئەوروپی کەمترە، ئەوروپا هیچ رێگەیەکی نەبینیەوە بۆ رێگرتن لە بەرهەمەکانی رۆژهەڵات جگە لە دروستکردنی بەربەستە گومرگیەکان بەڕوویاندا. لە بەشەکانی پاشتردا دەبینی بەهای ئەو بەربەستانە لە ئایندەدا چی دەبن.

ئینکاری لەوە ناکەین ململانێی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەم کاتەدا تەنیا لەسەر هەندێ بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵییە، بەڵام ئێمە دەڵێین مەودای ئەو ململانێیە بەخێرایی فراوان دەبێ، رۆڵەکانی هیند و ژاپۆن و چین لەرێی تەنگ پێهەڵچنینمان لە سەرجەم بازاڕە بازرگانیەکاندا هەڕەشەمان لێدەکەن، ئەمڕۆ —بەپشتبەستن بەهاوشێوەی ئامێرەکانی ئێمە— ئەو کاڵایانە دروست دەکەن کە پێشتر ئەوروپا دروستکردنیانی قۆرخ کردبوو، ئەگەر بۆ نموونە بەرهەمەکانی لۆکە وەربگرین دەبینین هیند بۆ ئینگلتەرە هەناردەی دەکات پاش ئەوەی پێشتر لە (مانشستەر) هاوردەی دەکرد، بەهەمان شێوە رستنی لۆکە کە چین لە (مانشستەر) هاوردەی دەکرد ئێستا خەریکە لە (بۆمبای) دەیکڕێ، بەهای ئەو بەرهەمانەی کرێکارانی هیند و چین —کە بەکرێیەکی رۆژانەی کەم رازی دەبن— لەوانە کەمتر نیە کە کرێکارانی ئەوروپا بەرهەمیان دێنن، تەنگ پێهەڵچنینیان بۆ غەیری خۆیان گەیشتە رادەیەك وای لە ئەمەریکا و ئوسترالیا کرد دەریان بکات.

تەنگ پێهەڵچنین لەلایەن ژاپۆنیەکانەوە لە بازاڕە بیانیەکاندا زۆر مانگرتنی لێکەوتەوە، بەتایبەت مانگرتنی بەرهەمهێنەرانی قۆپچە لە (میرو)، کاتێ ژاپۆنی و هیندی و چینیەکان کارگەی زۆریان دامەزراند و پشتیان بە خەڵوزی بەردینی وڵاتەکەیان بەست و جیهانیان پڕ کرد لە بەرهەمە هەرزانەکانیان، ئیتر چ بەربەستێك رێگە لە بڵاوبوونەوەی چالاکیی بازرگانییان دەگرێ؟ ئەوکاتە کرێکارانی ئەوروپا دەبینن کرێکانیان دادەبەزێ بەڕادەیەك هاوشێوەی کرێی کرێکارانی هیند یان چین یان ژاپۆن بێ، واتە کرێی ئەوروپییەکان سەرباری خەونەکانی سۆشیالیستەکان بەرێژەیەکی شایانی باس دادەبەزێ.

کاتێ پێش بیست و پێنج ساڵ لەم تیۆرانەم کۆڵیەوە رۆژنامەکانی دنیا نەخاسمە رۆژنامەکانی هیند ئینگلیزی –لەگەڵ داننانی بە راستی بۆچوونەکانمدا– وتیان زۆر نابات کرێکارانی رۆژهەلاتیش پێویستیەکانیان زۆر دەبن و ناچار دەبن لە داواکانیاندا چاو لە کرێکارانی رۆژئاوا بکەن، ئەو رۆژنامانە لەبیریان چوو ئاکاری دەروونیی زۆربەی ئەو گەلانە بەشێوەیەك جێگیرە ناگۆڕێ، ئەو ئەزموونانەی ئێستا روودەدەن راستی روونکردنەوەکەی من دەسەلمێنن. لەگەڵ ئەوەی چینیەکان لە زووەوە دەستیان بە کۆچ بۆ ئەمەریکا کردوە، بەلام ژیانی شتە گرانبەهاکان و عەیش و نۆشی ئەمەریکی تەرزی ژیانی کەسیانی نەگۆڕیوە، ئایا سیستمی ژیانی ئەوروپی جێگەی خواردنی رۆژانەیانی گرتەوە، کە سینییەك چای و مشتێك برنجە؟ شارستانێتیەکەی ئێمە لەگەڵ میزاجی گەلانی رۆژهەلاتیدا ناگونجێ و کاری تێناکات، ئەوەی کار بە کرێکارێکی هیندی بکات دەزانێ ئەو کرێکارە هەرکات پێنج شەش دونقی دەست کەوت کە سکی پێ تێر بکات، چاوی لە گوژمەی گەورە نیە.

ئەگەرچی ئەو شۆڕشە ئابوورییە –کە لەوانەیە شەرەفی بەرهەمهێنان بۆ نەتەوەکانی ئەمەریکا و ئاسیا بگوێزێتەوە و ببێتە مایەی وێرانبوونی ئەوروپا– هێشتا لە سەرەتایدایە، بەلام ئەو ساتە نزیك بووەتەوە کە ئەوروپا کەمکردنی هەناردەکانی دەبینێ، بەرهەمەکانی ئەمەریکا جێگەی بەرهەمەکانی ئەوروپای گرتۆتەوە، بەلام لەو رووەوە کرێکارانی ئەمەریکا لە ئەوروپیەکانن و ئەمانیش هەمان پێویستیەکانی ئەوانیان هەیە نرخی بەرهەمەکانیان بەو شێوەیە دانابەزێ هەڕەشە لە بەرهەمەکانی ئەوروپا بکات، خۆ ئەگەر وا رێکەوت ئەوروپا ناچار بوو واز لە هەناردەکردن بۆ ئەمەریکا بێنێ، ئەوا هیچ پێویست بەوە ناکات لە غەزوی بەرهەمەکانی ئەمەریکا بترسێ، بەلام ژاپۆن و چین و هیند پێچەوانەی ئەوەن، چونکە ئەو وڵاتانە جگە لەوەی دەست لە کرینی بەرهەمەکانمان هەڵدەگرن بازاڕەکانیشمان بە بەرهەمەکانی خۆیان نوقم دەکەن، یان لانیکەم بەشێوەیەك تەنگمان پێ هەڵدەچنن لە بازاڕە بیانیەکاندا زیانمان پێ دەگەیەنن. وانەزانی ئەوروپا بەدامەزراندنی بەربەستی چڕ لە باجی گومرگی لە باقی جیهان دادەبڕێ و دەتوانێ لە تەنگپێهەڵچنین لەلایەن رۆژهەلاتەوە رزگاری ببێ، ئەو رزگاربوونەی بۆ فەراهەم نابێ تا بەشی پێویستیی خۆی خۆراك بەرهەم نەهێنێ، دیارە لەبەر زۆربوونی دانیشتوانەکەی خۆراك بەشی ناکات.

زانایانی ئابووری –کە بینیویانە زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپا واز لە بەرهەمهێنانی ئەو خۆراکەی پێویستیانە دێنن– پێمان دەڵێن گۆشەگیربوونی ئەوروپا دەبێتە مایەی برسیبوونی، سروشتییە ترس لە لەبرسا مردن وا لەو دەوڵەتانە بکات باجە گومرگیەکانیان کەم بکەنەوە، بەلان ئەی بەچی نرخی بەرهەمە خۆراکیەکان دەدەن لەکاتێکدا نەتوانن کالاکانیان هەناردە بکەن؟ دۆخی ئەوروپای پیر چی دەبێ کاتێ لەژێر باری قورسی باجەکان و قەرزەکانیدا دەنالێنێ کە بە چەندین ملیار مەزەندە دەکرێ؟ دوور نیە پێ بنێتە قۆناغی پووکانەوە کە چارەنووسی هەموو شارستانێتیەکی پیرە، هەروەها پاش کۆمەڵێ کێشەی خوێناوی ژمارەی دانیشتوانیان کەم دەکات بۆ رادەیەك بەهۆیەوە بتوانن بژین، ئەوکاتە ئابووریناسانی کەللەڕەق دەرك بە مەترسیەکانی زۆربوونی دانیشتوان و باشیەکانی دەوڵەتانی کەم خەڵك و رەعیەت دەکەن.

دیارە لەو ململانێ ئابووریەی روودانی دەبینین نابێ باشتربوونی عەقڵی ئەوروپا وەك فاکتەرێك پشتگوێ بخرێ، بەلام ئێمە دەزانین ئەم باشترییە کەلەپووری دەستەبژێرێکی کەمی خەڵکە و زۆربەی گەلان لە کارە دەستیەکاندا وەك یەکن و لە ژاپۆنی و چینیەکان باشتر نین.

ئەگەر کێشەی نێوان رۆژهەلاَت و رۆژئاوا بریتی بووایە لە کێشەیەکی عەقڵی لەنێوان چینە بالاَکاندا ئەوا هیچ گومانمان لە ئەنجامەکەی نەدەبوو، بەلاَم ئەی چی بکرێ لەکاتێکدا کێشەی ناوبراو کێشەیەکی ئابوورییە لەنێوان چینە ناوەڕاستەکان کە لە میزاجی عەقڵیدا یەکسان و لە پێویستیەکانیاندا جیاوازن، ئایا هیچ گومان هەیە لەوەی بردنەوە یاوەری ئەو لایەنە دەبێ کە پێویستیەکانی کەمن؟
بەلاَم ئەو تێبینییانە تایبەتن بە ئایندەی دوور، ئەو کێشە هەنوکەییانەی هەمانە وامان لێدەکەن واز لە کۆڵینەوە لە کێشەکانی ئایندە بێنین.

## بەشی حەوتەم
## خوێندنی زانکۆ و کاریگەریی دەروونی

(لیبنز) دەیوت "پەروەردە دەتوانێ لە سەد ساڵدا گەل بگۆڕێ"، دەبوو ئەوەیش بڵێ پەروەردەی نالەبار میزاجی دەروونیی خەڵك لە ماوەیەکی کەمتر لەوەدا خراپ دەکات.
ئەو گەشە زانستی و پێشکەوتنە پیشەسازی و سەرکەوتنە ئابووریەی خوێندنی زانکۆکان ماوەی سەدەیەکە لە ئەڵمانیا هێناویانەتە کایە راستیی دیدەکەی لیبنز دەسەلمێنێ، بەڵام ئەوەی من دەیڵێم کە پەروەردەی نالەبار میزاجی دەروونیی خەڵك خراپ دەکات، بەڵگەکەی لەو پاشکەوتنەدایە کە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکانمان ئێمەی بۆ دەبەن. پرۆگرامێك ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بێنرخ و شۆڕشگێڕ و وڕێنەکەر و چەنەباز دروست دەکات، کە بەکەڵکی تاقیگە و کارگەکان نایەن و کاریان تەنیا بووەتە دووبارەکردنەوەی ئەو بەڵگانەی لە کتێبە کورتکراوەکاندا دەیانخوێننەوە، پرۆگرامێکی لەم چەشنە مایەی خەم و خەفەتە.
پەروەردە پێش هەموو شت بابەتێکی دەروونییە، ئەو بنەما بنچینەییانەی قوتابخانەکانی ئێمە –چ سەرەتایی بن یان باڵا– لەسەریان دەڕۆن لەسەر کۆمەڵێ هەڵەی دەروونی دامەزراون، هەربۆیە زانکۆکانمان بوونەتە یەکێك لە هۆ سەرەکیەکانی ئەو فەوزا کۆمەڵایەتیەی دەمانخوات و ئەو پووکانەوەیەی هەڕەشەمان لێدەکات.
لە رۆژێکی زستاندا پیاوێکی پیری سەروسیما جوان و چاوتیژ هاتە ماڵەکەم و دانەیەك لە چاپی نۆیەمی کتێبەکەم "رۆحی پەروەردە"ی بەدەستەوە بوو، پێی وتم: "بۆ فەرەنسا وا شیاوترە لەسەر پرۆگرامی ئێستای پەروەردەی بەردەوام نەبێ، چونکە زانکۆکان بەرەو بنی بنەوەی پاشکەوتن پەلکێشی دەکەن، من ئەندامم لە ئەنجومەنی پیران و لە ئەکادیمیای زانستەکان و ئەکادیمیای پزیشکی و مامۆستای پێشوو بووم لە زانکۆ، واتە وەك دەبینی پۆستی زۆرم هەیە و دەتوانم سەرنج بۆ ئەو بنەما و فیکرانە رابکێشم کە لە کتێبەکەتدا خستوتە روو، لەبەرئەوە داوات لێدەکەم کۆمەڵێ تێبینی و یاداشت و زانیاریم بدەیتێ بۆ دانانی وتارێکی موقنیع پشتیان پێ ببەستم، کە لە ئەنجومەنی پیران بیخوێنمەوە".
من پێشتر ئەو پیاوەم بەشەخسی نەناسیبوو، بەڵام دەزانم ئەو یەکێکە لە بەتواناترین جەڕاحانی سەروەختی خۆی کاتێ پیشەکەی ئەنجام دەدا، وەسفکردنەکەی بەو شێوەیە بەس بوو بۆم تا ناوەکەی دیاری بکەم، زانای ناوبراو چەند جارێك سەردانی کردمەوە، ئەنجامی گفتوگۆکانمان ئەوە بوو بۆ گۆڕینی رێگەکانی فێرکردنمان پێویستە یەکەم شت نەفسیەتی سەرۆك زانکۆکانمان بگۆڕین پاشان نەفسیەتی مامۆستاکانمان، دووەم شت گۆڕینی فیکری باوك و دایك و قوتابیان، ئەو ئەندامە بەناوبانگە کاتێ ئەو راستیانەم بۆ روون کردەوە وازی لە وتارەکەی هێنا.
ئەو مەسەلانەی –هاوشێوەی مەسەلەی پەروەردە– پێویستیان بە نووسینی کتێبی زۆر و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی زۆر و دانانی زۆر تێزیان هەبووە زۆر کەمن، بەڵام هیچ شتێك وەك ئەم مەسەلەیە سەختگیریی بنەما بۆماوەکان و هاوئاهەنگییان بە کاریگەریی رابردووی سەرسەخت، ناسەلمێنێ.
لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی پەروەردەی فەرەنسی روونکردنەوەی دوو شتی فەرز کردوە کە بریتین لە:
زەرورەتی چاکسازی + ئاستەمیی بەدیهاتنی. یاسادانەر و مامۆستایان و زانایان و نووسەران یەکدەنگن

لەسەر ئەوەی میتۆدی فێرکردنمان بێکەڵکە، ئەو کاتەی قوتابیان لە قوتابخانە سەرەتایی و ئامادەییەکاندا بەسەری دەبەن بەفیڕۆ دەڕوات، کەس نیە نەزانێ ئەو کەسەی دەیەوێ لە گۆڕەپانی ژیاندا سەربکەوێ پێویستە خۆی فێرکردنی نوێ بکاتەوە، هەروەها بەشی دووەمی تەمەنی تەرخان بکات بۆ سڕینەوەی ئەو وەهم و چەواشەکاری و شێوازی بیرکردنەوانەی لە بەشی یەکەمدا بەدەستی هێناون. وێڕای کۆدەنگی لەسەر ئەوە و ئەو کۆششەی هەموو ڕۆژ دەکرێ، شێوازی فێر کردنمان یەك هەنگاو پێش نەکەوتوە و هەر گۆڕانێك دەکرێ تا دێ ناتەواویەکانی زیاتر دەکات.

جێی خۆیەتی هۆکانی ئەو بێتواناییە سەیرە روون بکەینەوە، پرنسیپێکی نارێك هەیە بناغەی هەموو شکستەکانە لە چاکسازیەکانماندا، ئەویش ئەوەیە باوەڕمان وایە گۆڕینی پرۆگرامەکان سەرلێشێواویی دەروونەکان ناهێڵێ.

ئەگەر ئێمە سیستمەکانی قوتابخانەمان دەگۆڕین بەبێ ئەوەی هیچمان دەست بکەوێ، لەبەرئەوەیە نازانین ئەوەی پێویستە دەستکاری بکرێ شێوازەکانی فێرکردنە نەك پرۆگرامەکانی. مامۆستاکانمان تائێستا نەیانتوانیوە لەوە تێبگەن، ئەوان لە وانەوتنەوەیاندا پشت بە شێوازەکانی لەبەرکردن و هەڵێنجانی تیۆریی رووت دەبەستن کە پشت بە راستیی شتەکان نابەستێ، قوتابیش بەو رێگایانە فێری تێبینیکردن و رامان و باش حوکمدان نابێ و شێوازێکی تایبەت بەدەست ناهێنێ.

ئەو خوێنەرەی دەیەوێ لە بێتوانایی پیاوانی زانکۆکان لە دەرککردن بە هۆکانی لاوازی لە پەروەردەماندا تێبگات، با ئەو دوو وتارە بخوێنێتەوە کە یەکێك لە مامۆستایانی کۆلێژی زانستەکان لە پاریس مسیۆ (لیپمان) و سەرۆکی زانۆکەکە مسیۆ (ئەبیل) لەبەردەم کۆمەڵەی پێشکەوتنی زانستە فەرەنسیەکاندا پێشکەشیان کرد و تێیاندا لە سیستمی فێرکردن کۆڵیبوونەوە:

مسیۆ (لیپمان) وتارەکەی بە باسکردنی لە دابەزینی خوێندن لە فەرەنسا بۆ ئاستێکی زۆر نزم، هەروەها ستایشکردنی خوێندنی ئەڵمانی و کاریگەری لە جیهاندا دەستی پێکرد، پاش ئەوەی بەدرێژی لەو بارەوە دووا، تیشکی خستە سەر هۆکانی ناتەواویەکە و چارەکردنی، بەڵام جەرگەی راستی نەپێکا.

ئەنجامگیریەکانی ناوبراو رادەی بێتوانایی پسپۆڕانی پیشان دا لە تێبینیکردن و رامان کاتێ لە بازنەی پسپۆڕیەکەیان دوور دەکەونەوە، دەبێ چارەنووسی نەتەوەیەك چی بێ کە کۆڕ (مەجمەع)ێك لە زانایان کاروبارەکانی هەڵبسوڕێنن، وەك هەندێ فەیلەسوفی دڵناسك پێشنیاریان کردوە.

ئەگەر مسیۆ (لیپمان) کە خۆی کەسێکی سەنگینە قسەی بۆ کەسانێکی بەویقاری گەورە نەکردایە، تۆمەتبارمان دەکرد بەوەی گاڵتە بە ئامادەبووان دەکات کاتێ وتی: "هۆی خراپیی سیستمی فێرکردنمان ئەوەیە لەڕێی یەسوعیەکانەوە لە چینەوە هاوردەی دەکەین!". هەروەها وتی: "چاککردنی ئەو سیستمە ئاسانە، هێندە بەسە زانکۆکان لە کۆتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن رزگار بکرێ و دەسەڵاتی دانانی پۆستەکانی لەدەست دەربهێنرێ". ئەمە چ سەرلێشێوانێکی گەورەیە! مەگەر کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەنیا لە ئیمزاکردنی ئەو بڕوانامەدا کورت نەبووەتەوە کە زانکۆکان دەیانبەخشن؟ مرۆڤ دەبێ زۆر کوێر بێ تا بکرێ حاڵەتێك کە تەنیا و تەنیا زادەی شێوازەکانی فێرکردنی خۆمانە، بداتە پاڵ ئەو هۆیانە.

بیرۆکەکانی مسیۆ (لیپمان) ساویلکەیی پیشان دەدەن، بیرۆکەکانی مسیۆ (ئەبیل)یش کە لە وتارەکەیدا هاتبوون بەڵگەن لەسەر ڕاڕاییەك لە زەیندا، مسیۆ ئەبیل وتی: "ئیدارە نەخۆشیەکە دەبینێ و بەشوێن تیمارکردنیدا دەگەڕێ، بەلای منەوە عیلاج ئەوەیە چەند پردێکی بەیەکگەیشتن لەنێوان قوتابخانەکانی مامۆستایانی سەرەتایی و خوێندنی باڵادا دابمەزرێ! ".

زۆری نەبرد ئەم نووسەرە هەستی بە لاوازیی بیرۆکەکانی کرد، لەبەرئەوە لە وتارێکیتردا گەڕایەوە سەر بابەتەکە، کە تێیدا دەڵێ: "یەکەم شت پێویستە بکرێ بریتییە لە پۆلبەندیکردنی مادەکانی پرۆگرامەکان بەگوێرەی سوودیان، پاشان پراکتیزەکردنی ئەو پۆلبەندییە بەسەر کاروبارەکانی فێرکردن و کارگێڕی لە زانکۆکاندا، ئەویش بە فراوانکردنی وانەوتنەوەیەك و بەرتەسککردنەوەی یەکێکیدی، داهێنانی وانەی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی هەندێکیدی".

لەمەی پێشەوە دەردەکەوێ ئەو پسپۆڕە بەڕێزانە نازانن ئەوەی پێویستە بگۆڕدرێ شێوازەکانی فێرکردنە نەك پرۆگرامەکانی، ئەگینا باسکردن لە کورت و درێژکردنی پرۆگرام و زیاد و کەمکردنی وانە تەنیا قسەی پڕوپوچ و بێمانایە.

لەو گۆڤارەی ئەو وتارەی تێدایە وتارێکی مسیۆ (لوشاتلیە) بڵاو کراوەتەوە، کە بەسە بۆ ئەوەی بەرچاوی مامۆستایانی زانکۆ روناك بکاتەوە سەبارەت بە جیاوازی لەنێوان ئەو کەسەی پەروەردەی کرداری بەهرەی تێگەیشتنی لەلا برەو پێداوە، لەگەڵ ئەو کەسەی لە چوارچێوەی فێربوونی کتێبی کورتکراوە و تیۆری رووتدا قەتیس کردوە. تێیدا دەڵێ: ئەگەر ئێمە دوو ئەندازیار بۆ دامەزراندنی هەندێ فرنی کارەبایی بەرهەمهێنی گەرما رابسپێرین، گوێ بەوەیان نادەین کە هەندێ تێبینی دێنێ لە کتێبدا خوێندونیەتیەوە، بەڵکو بەگوێرەی قسەی ئەو ئەندازیارە کار دەکەین کە پشت بە مەحفوزاتەکانی قوتابخانە نادات و لە زانیاریەکانیدا پشت بە راستیی ئەزموونی دەبەستێ، لەڕێیانەوە مەزەندەی ئەنجامەکانی هەر گۆڕانێك دەکات بەسەر ئەو فرنانەدا بێ، هەریەکەیان چەندی پێویست بێ سووتەمەنی تێدەکات و بەشێوەیەکی رێکوپێك کاری پێدەکات و دەست بە کات و خەرجەوە دەگرێ.

هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو پەروەردەیەکی نوێ دەخوازێ، ئەوەیش بۆ گۆڕانی ژینگە و دۆخ و ئەو زەرورەتانەی لێیان دەکەونەوە، دەگەڕێتەوە.

عەیبی سیستمی پەروەردەی ئێمە ئەوەیە بەپێی دۆخ پێش ناکەوێ، وەزیری پێشوو مسیۆ (هانوتو) دەڵێ: "پەروەردەی فەرەنسی لەسەر خەریکبوون بە کتێبەوە دامەزراوە، لە قوتابخانەکانماندا قوتابیان دەگەنە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی و شەرواڵەکانیان لەسەر کورسی خوێندن دەڕزن جگە لە دووبارەکردنەوەی ئەو وانانی لەبەریان کردون و لەگەڵ خواستەکانی ژیان ناگونجێن هیچیتر نازانن، بەم شێوەیە تەمەنی دەستەبژێری نەتەوە لە بەرکردنی کتێب و شیتەڵکردنی داڕشتە رزیوەکاندا بەسەر دەچێ".

مامۆستاکانمان هەوڵ نادەن ئەو سیفەتە ئاکارییانە ببەخشنە قوتابیان کە بەهای مرۆڤی راستەقینەیان لە گۆڕەپانی ژیاندا لەسەر دەوەستێ، ئەم سیفەتانە ئەگەر سوود بە مامۆستایان و فەرمانبەرانی دیوانەکانیش نەگەیەنن، بەڵام پیشەوەران لێیان بێنیاز نین، ئینگلیزەکان ئەزموون فێری کردن لە کۆلۆنیەکانی خۆیاندا گرنگیەکی زۆر بەو سیفەتانە بدەن. لەگەڵ ئەوەی زەینی بانئاسایی هیندۆس دەرچوونیانی لە

تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی وەزیفە باڵاکانی هیند بۆ ئاسان کردبوون، بەڵام چەندین ئەزموون ڕەوشتنزمییانی بۆ ئینگلیز دەرخستبوو، لەبەرئەوە هەوڵیان دەدا وردە وردە دووریان بخەنەوە.

بۆ دەرخستنی جیاوازی لەنێوان فێرکردنی عەقڵی و ئەخلاقی لای ئینگلیز، وتەیەکی مسیۆ (شایی) لە کتێبی "هیندی بەریتانی" دەگوێزمەوە، کە دەڵێ: "هیندۆس بایەخ بە جگە لە بابەتەکانی زەین و زیرەکی نادەن، هەرچی ئینگلیزە بەتایبەت بایەخ بەو ئاکارە دەدەن کە بەهای ئەدەبیی مرۆڤی پێ دەپێورێ، مەبەستیشیان لە ئاکار (خلق) بوێری و دامەزراوی لە بڕیارداندا، تیژڕەوی لە ڕۆیشتندا، سەرسەختی لە بەرەنگاریکردن، توندی لەکاتی مەترسی و زانینی ئەرکی سەرشانە بەرانبەر تاک و نەتەوە، ئەمە بەو مانایە نیە کە تەماشای بابەتەکانی زیرەکی و خوتبە بەهێزەکان و وتارە پاراوەکان ناکەن، بەڵام ئەوانە بەپلەی دووەم دێن، لۆرد (لۆرانس) کارامەترین پیاوانی وەختی خۆی و بەتواناترینیان بوو لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئەوەیشدا لەبەر دامەرزاوییە بێ ئەندازە و ئیرادە پۆڵایینەکەی بە جێگری پاشا هەڵیانبژارد".

ئەو خوێنەرەی دەیەوێ بەو ڕێگە و شێوازانە ئاشنا بێ کە لەڕێیانەوە مەسەلەکان لە دەروونتدا دەچەسپن، پێشنیاری بۆ دەکەم سەردانی پەیمانگەکانی فێرکردن لە ئەڵمانیا بکات، بەڵام لەترسی ئەوەی نەوەك لە گەشتەکەیدا لە ئەڵمانیا هەست بە جۆرە کزییەك بکات، ئامۆژگاری دەکەم کتێبی (بیز) بخوێنێتەوە، کە لە سیستمی خوێندن لە ئەمەریکای کۆڵیوەتەوە. مامۆستا (جاکمان) بەم شێوەیە پوختی کردۆتەوە و دەڵێ: پەروەردە و فێرکردن لە ئەمەریکا لەسەر کۆششی تاکەکان دەوەستێ و سیستمی فێرکردن بەگوێرەی تەمەنی قوتابییە، ئەزموونە کرداریەکان بەرزترین پێگەیان لە مەعریفە و ئەدەبیاتیاندا هەیە کە لەڕێی ڕەسم و وێنەوە دەوترێنەوە، تێیدا قوتابیان لەسەر هەنگاونانی ئازاد ڕادەهێنرێن وەك ئەوەی جگە لەوان کەس لە جیهاندا نەبێ، زانستە کرداری و تیۆریەکان وەردەگرن و پشت بە دەزگا و ئامێرە ماددیەکان دەبەستن، کە بەهۆیانەوە نهێنی و یاساکانی ڕووداوەکان هەڵدەهێنجن.

ئەوەی لە سیستمی خوێندن و فێرکردنی ئەمەریکیدا باوە لە فێرکردنی ئینگلیزیشدا باوە، بڕوانە ئەم دەقە کە لە ڕاگەیەنراوێك وەرمگرتوە بەڕێوەبەرایەتیی فێرکردنی ئیسکوتلەندی بەسەر مامۆستاکانیدا دابەش کردوە، تێیدا هاتووە: "ئامانجی سەرەکیی فێرکردن بەدەستهێنانی هەندێ پرس نیە، بەڵکو ڕاهێنانی قوتابییە لەسەر گەڕان و لێکۆڵینەوە، کە دەشێ لە پێگەیاندنی خۆی بەشێوەیەکی ڕێکخراو سوودی پێ بگەیەنێ، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە پێویستە هەر قوتابییەك خۆی لە تاقیگەکاندا هەموو مەسەلەیەك بکۆڵێتەوە و بەڵگەکانی مامۆستایان تەنیا پێگەیەکی دووەمییان هەبێ. جێی خۆیەتی خوێندن لە تاقیگەکاندا پێشوەخت ڕوونکردنەوەیەکی لەلایەن مامۆستاکانەوە لەگەڵ بێ لەبارەی ئەوەی قوتابی تێیاندا دەیبینن، بەدوایشیدا ئەو ئەنجامانەی تێیاندا فێر بوون قیاس بکرێن و ئەو جیاوازییانەی لەنێوان ئەنجامەکاندا بوون تاوتوێ بکرێن، جا ئەگەر مامۆستایان بەڵگە و دەلیلیان هێنایەوە، ئەوە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەنجامەکان و شەرحکردنی حاڵەتە شازەکانی بێ".

ئەم شێوازانەی خوێندن نوێ نین، سەرجەم وڵاتان پەیڕەویان کردون جگە لە وڵاتانی لاتینی، ئەوانە یارمەتیی پێشکەوتنی زانستی و ئابووریی ئەڵمانیان دا، ئەگەر ئێمە نامانەوێ پەیڕەویان بکەین، ئەوە لەبەرئەوەیە —وەك پێشتر ڕوونم کردەوە— پێویست بە گۆڕینی ڕۆحی مامۆستا و پاشان ڕۆحی باوك و دایك

و ئەنجا رۆحی قوتابیەکان دەکات. ئەوەی پێویستە بگۆڕدرێ بەتایبەت رۆحی مامۆستاکانە، ئایا دەتوانن شێوازێکیتر بگرنەبەر جگە لە شێوازی لەبەرکردن کە لەسەری پیر بوون؟ ئەو هەوڵانەی بۆ گۆڕینی رۆحی مامۆستایان دراون بەبا چوون وەك ئەوەی ئەو رۆحەی فێرکردنی قوتابخانە سازی کردوە بۆ هەتاهەتایە چەسپابێ، وەك ئەوەی ئەو مامۆستایانەی لەسەر کتێبەکان دەرچوون و کردونیان بە رێبەر، بەسەر موتاڵاکردنیانەوە دوور لە جیهانی راستەقینە دەمرن.

ئەی بۆچی پاش گۆڕینی نەفسیەتی مامۆستایان پێویستە نەفسیەتی باوك و دایك و نەفسیەتی قوتابیان بگۆڕدرێ؟ چونکە ئەوانیش هیچ لە مامۆستایان داوا ناکەن جگە لە ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بڕینی تاقیکردنەوە، ئاسانترین رێگەیش بەلایانەوە بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوە بریتییە لە لەبەرکردنی ژمارەیەك کتێبی کورتکراوە، ئەگەرچی کتێبە کورتکراوەکان تەنیا هەندێ زانیاریی کاتی و ناجێگیر دەبەخشنە گەنجان.

ئەم کەمە مامۆستایانەی رێگەکانی فێرکردنی ئەزموونیی وزەبەخشیان پێ باشترە، لە پیشەی وانەوتنەوە دوور دەخرێنەوە، سەرۆکەکانیان هەمیشە ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە وا باشترە قوتابی ئەو کاتەی لە تاقیکردنەوە (اختبار) و ئەزموونکاریدا بەسەری دەبات لە لەبەرکردنی کتێبدا بەسەری ببات تا کاتی تاقیکردنەوە بە دڵێکی دامەزراوەوە ئامادە بێ بۆ وەڵامدانەوە.

ئامانجی مامۆستاکانمان ئەوە نەبووە پیاوان پێبگەیەنن بەڵکو ئەوە بووە فێری باش دەربڕینیان بکەن، مسیۆ (دومیك) لەو وتارەیدا کە لە ئاهەنگی وەرگرتنی وەك ئەندام لە کۆڕی زانستی پێشکەشی کرد وتی: "هەمووومان دەزانین قوتابخانەکانمان کۆمەڵێ ئەدیب پەروەردە دەکەن کە بەدیار پێکهاتەی کتێبە کۆنەکان و بەهای هونەرییانەوە بچەقن، بتوانن فیکرەکانیان لە قاڵبی رێکخراودا دابڕێژن و بەزمانێکی بێ خەوش دەریبانبڕن، زۆر جار رەخنە لەم جۆرە رۆشنبیرییە گیراوە بەبێ ئەوەی جێگرەیەکی بۆ بدۆزنەوە".

لەبەر ئەو لاوازییەی کوشندەیەی لە مامۆستاکانماندا هەیە ئەمە لە فەرەنسا نادۆزرێتەوە، خوێنەر دەزانێ زۆر لە مەملەکەتەکانیتر پێی گەیشتون، هەندێ جار بیرۆکەی دروست سەبارەت بە شێوازەکانی پەروەردە هێندە لای مامۆستا بچوکەکان هەیە لای پیاوانی کۆڕی زانستی نیە، وەك بەڵگەیش ئاماژە بە پەرەگرافێك لە راگەیەنراوێکی نوێی کۆمەڵەی مامۆستایانی (مارن) دەکەم، کە تازە بڵاویان کردۆتەوە، دەڵێ:

"وانەوتنەوە بە ئاشناکردن (الاطلاع) نیە بەڵکو بەوەیە قوتابی فێر بکرێ چۆن ئاشنا ببێ، بە دەرخستن نیە بەڵکو بە فێرکردنە، بە زۆرکاری نیە بەڵکو بەدیاریکردنی مەبەستە، بە لەبەرکردن نیە بەڵکو بەوەیە وا لە خوێندکار بکات توانای هەڵبژاردن و بیرکردنەوە و بڕیاردان و کەوتنەڕێی هەبێ".

زۆرجار پێیان سەیرە ئیشتراکیەتی شۆڕشگێڕی لەناو ئوستاد و دەرچووانی خانەی مامۆستایاندا بڵاوە، بەڵام ئەگەر لە بنەما باوەکانی قوتابخانەکانمان ئاگەدار بین ئەوە هیچ سەیر نابێ، لەو بنەمایانە رێبازێك گەڵاڵە دەبێ کە پێی وایە نرخی پیاو بەو بڕوانامەیە هەڵیگرتوە، لە سەرووی ئەو بڕوانامانەوە بڕوانامەی وانەوتنەوە (تەدریس) دێ، ئەنجا دکتۆرا ئەنجا لیسانس ئەنجا بەکالۆریا. ئوستادیش لەو رووەوە هەڵگری هەموویانە ئیتر خۆی بە جەوهەرێکی باڵا دەزانێ، جا دروستبوونی ئەم گومانە لەلای و پاشان هەستکردنی بە کەمبایەخبوونی لە ژیان و بەو مووچە کەمەیەوە، وای لێدەکەن بیر لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ بکاتەوە کە تێیدا پایەیەکی بەرز بەدەست بێنێ شایان بە چاکەکانی. بەڵام ئەگەر ئوستاد لە راستیی

شتەکان ورد بوایەتەوە دەیزانی خەڵك لە جیهاندا جیاوازییان لە هەندێ سیفەتدایە جیاواز لە سیفەتی زاکیرە، کە بەهۆیەوە بڕوانامەکان بەدەست دەهێنرێن.

ڕووداوەکانیش هیچ گۆڕانکاریەك لە عەقڵی مامۆستاکانمان دروست ناکەن، بەڵکو تەنیا حەیف و جەور لەو ڕووداوانەدا دەبینن، کە ئاکامەکەیان تەنیا رقبوونی زیاتریانە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ کە خۆیان بە قوربانیەکانی دادەنێن، رق و تووڕەییان لە کۆمەڵگە زیادی کرد کاتێ —بەپێی یاسایەکی نوێ— ناچار کران لە کامپەکاندا لەژێر فەرمانی ژمارەیەك عەریفی رەق و بەزۆری ناسەنگیندا بمێننەوە، جا کۆمەڵگەیەك رێگە بەوە بدات هەڵگرانی بڕوانامەی لیسانس یان دکتۆرا بخرێنە ژێر فەرمانی کەسانێکی نەزان، ئەوە سیستمێکی خراپ و شایانی گۆڕینە !.

ئێمە ناچارکردنی پیاوانی زانست و قەڵەم بە مانەوە لە کامپەکان بەیەکێك لە توندترین فاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی بنەما نانیشتمانیەکان دادەنێین، کە داوای تەسریحکردنی سوپا دەکەن، ئەو بنەمایانە لە باڵاترین ئوستادەکانەوە بۆ بچوکترین مامۆستاکان پەلیان هاویشتوە، پۆل ئادەم دەڵێ: "چموچار و ئۆقرەلێبڕانی مامۆستا لە ژوورەکەیدا بەرەو رقبوون لە سەربازیکردنی دەبات، هێندە ساویلکەیە ناتوانێ تەسەوری ئەو مەترسییە بکات کە لەئەنجامی تەسریحکردنی سوپادا روو لە وڵات دەکات لەکاتێکدا لایەنگرانی جامیعەی ئەڵمانی بودجەی هێرشی ئەڵمانی زیاد دەکەن تا بە سوپا زەبەلاحەکەیان سنوورەکانمان ببەزێنن، هێندە سادەیە نازانێ بڵاوبوونەوەی بنەمای سەربازینەکردن دەبێتە مایەی رادەستکردنی چارەنووسی نەتەوە بە دوژمن".

بەم شێوەیە مامۆستایان وردە وردە بەرەو ئامێزی رێبازە فەوزەوی (ئانارشیست)ـەکان دەچن، وەزیرەکانیش بوێرییان نەبوو لەبەردەم ئەم تەوژمە مەترسیدارەدا بوەستن کە نەهێشتنی عەزمێکی بەهێزی دەوێ، بەڵام من لەگەڵ ئەوە نیم رەخنە لەو مامۆستایانە بگیرێ، چونکە ئەوان تەنیا ئەوە دەڵێن کە لە قوتابخانە باڵاکاندا دەیخوێنن و ئەو کتێبە کورتکراوانەی ناچار بە وتنەوەیان دەکرێن، کە لەلایەن ئوستادانی زانکۆکانەوە دانراون، نەخاسمە ئەندامانی کۆڕی زانستی و کۆلێکەکانی (سۆربۆن). جێی داخە زۆربەی ئەو کتێبانە شیاوی نرخپێدان نین، سەیرترین شتیش تێیاندا ئەوەیە سیخناخن بە دەمارگیریی دەروونی، رۆژنامەکان لەم دواییەدا ئاماژەیان بەو شەرحە خاوەن مەسحە یەسوعییانە لە کتێبێکی مێژوودا کرد، کە یەکێك لە مامۆستا ناسراوەکانی (سۆربۆن) دایناوە، هەوادارانی دەمارگیری لە نموونەی ئەم ئوستادە، چاو لە پیاوانی سەردەمی دادگەکانی پشکنین دەکەن، خۆ ئەگەر ئەو کتێبانە زۆر بێتام و وەڕسکەر نەبوونایە کاریگەریی مەترسیداریان لە خەیاڵی نەوەی نوێ دەکرد و نەوەیەکی یاخییان لێ پێکدەهات، کە هیچ مانایەکی نیشتمانپەروەری نەزانێ.

خەم داماندەگرێ کاتێ دەبینین ئوستادانی سۆربۆن و هەندێ ئەندامی کۆڕی زانستی حەزی رازیکردنی سەرۆك زانکۆکان لەلایان گەیشتۆتە رادەیەك، بێن رووداوە مێژووییەکانی رابردوو بەگوێرەی بنەماکانی ئێستا لێکبدەنەوە، هەندێکیان ترس وای لێکردون ناوی خوا لە کتێبە کورتکراوەکانیدا نەهێنن و نەسڵەمنەوە لە شێواندنی نموونەکانی (لافونتێن). هەموو چیرۆکی ماسییە بچوکەکە دەزانن کە لافونتێن لەبارەیەوە دەڵێ: "ئەگەر خوا تەمەنی درێژ بکات گەورە دەبێ"، جا تازە نووسەرەکان دێن و ئەم رستەیە دەگۆڕن بەوەی دەڵێ: "ماسی بچوك گەورە دەبێ ئەگەر تەمەنی درێژ بوو".

دەكرێ چەندین جار چاپكردنەوەی ئەو كتێبەم –كە تێیدا بەدرێژی باسی بنەماكانی پێگەیاندنی دەروونیم كردوە– وەك ئاماژەیەك بۆ زۆریی ژمارەی خوێنەرانی وەربگیرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا كاریگەری لەسەر پیاوانی زانكۆكان لاوازە، لەبەرئەوەی خۆیانیان لە بازنەی پرۆگرامە ماندوكەرەكاندا لەبۆتە داوە و تەنیا دەتوانن ناوەرۆكی ئەو پرۆگرامانە پێی ئەو شێوازانەی دەیخوازن، بڵێنەوە، بەڵام توێژینەوەكانم دەنگدانەوەیەكی باشی لە قوتابخانەی جەنگیدا هەبوو كە وەك زانراوە لە كۆتی زانكۆ رزگاری بووە، ئەوە بوو ژەنراڵ (بونال) و كۆلۆنێل (مودی) قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵماڵی و كەوتنە چاندنی ئەو بنەما بنچینەییانەی لە كتێبی "رۆحی پەروەردە"دا باسم كردون لە دڵی ئەفسەرانی دەستەبژێرماندا، كە بەلامەوە گرنگترینیان ئەو بنەمایەیە دەڵێ: "پەروەردە بریتییە لە گۆڕینی شعوری بۆ لاشعوری". زیاد لەوەیش فەرماندە (غوشیە) بەپشتبەستن بەو رێگایانەی پەروەردە كە ئاماژەم پێداون كتێبێكی سەبارەت بە رۆحی سوپا و سەركردایەتی بڵاو كردەوە، ئەم سەركەوتنە –كە چاوەڕوانم نەدەكرد– دەیسەلمێنێ دەبێ ئەوەی پێویستە بوترێ با ئەوە رای ئەو كەسەیش بێ بەتەنیا[٣].

رەنگە زۆر زانیاریی گەورە لە مێژووی ئەو هەوڵە نەزۆكانەوە بەدەست بێنین كە بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردەمان بەخەرج دراون، ئەگەر ئەزموون –نەك بەرژەوەندیی هەنووكەیی– پاڵنەری یاسادانەرانمان بوایە بۆ كاركردن، دەیانزانی ئەو پرۆژانەی چاكسازی كە دەیانهێنن بەتاڵن، هەروەها دەیانزانی رۆحی گەل بە یاسا نوێ ناكرێتەوە، چونكە یاسا سوودبەخش و كاریگەر نابێ ئەگەر لە رۆحی وڵاتەكەوە سەرچاوەی نەگرتبێ، نایشتوانێ ئەو رۆحە پێكبێنێ.

روودانی قەیرانی ئابووریی زۆر و چەندین كودەتا وا دەخوازن بزانین زانست و سنعەت جیهانیان بەرەو قۆناغێك بردوە تێیدا هەندێ سیفەتی ئەخلاقی رۆڵی گەورەیان لە ژیانی نەتەوەكاندا هەیە و ئەوانەی جڵەوی زانست و پیشەسازی و بازرگانی دەگرنە دەست، ئەو پیاوانەن خاوەن بەهرەی هەڵێنجان و تاقیكردنەوە و هێزی ئیرادە و تێگەیشتنی دروست و دان بەخۆداگرتنن، لە شێوازەكانی پێگەیاندنی رەسمیشمان ناوەشێتەوە بمانكەنە هەڵگری ئەو سیفەتانە.

مسیۆ (ریبو) سەرۆكی لیژنەی لێكۆڵینەوەی پێگەیاندنی پەرلەمان باوەڕی وایە سیستمی فێركردنمان لەو خراپانەی لە كۆمەڵگەی فەرەنسیدا هەن بەرپرسیارە. منیش پاش ئەوەی زۆر لەو بابەتەم كۆڵیوەتەوە، دوودڵ نیم لەوەی بڵێم مامۆستایانی قوتابخانەكانمان بناغەی هەموو بەڵایەكن لە فەرەنسا.

---

[٣] ئەو بنەمایانەی لە كتێبی "رۆحی پەروەردە"دا باسم كردون ئەگەرچی سەركەوتنیان لە فەرەنسا كز بوو، بەڵام لە وڵاتانی بێگانە پێشوازیەكی گەرمیان لێكرا، بەبەڵگەی ئەوەی دۆقی گەورە (قوستەنتین قوستەنتینوس) سەرۆكی كۆڕی زانستی رووسی و مامۆستای گەورەی قوتابخانە جەنگیەكان، كتێبەكەی وەرگێڕا تا لەو قوتابخانانەی ئەو بەرێوەیان دەبات بخوێنرێ.

# دەروازەی سێیەم

# حکومەتی میللی

## بەشی یەکەم
## دەستەبژێری پیاوان و گرووپەکان

جیهان لەم کاتەدا رووبەرووی پرسێك دەبێتەوە کە بەتێپەڕینی سەدەکان گەشەی کردوە و گرنگە چارەسەر بکرێ، تا گەلان نەکەونە قۆناغی هەمەجیەت.
یەکێك لە جیاکەرەوەکانی شارستانێتی لەم سەردەمەماندا جیاوازیی پلەبەپلەیە لەنێوان جۆرەکانی زیرەکی و لێرەیشەوە لەنێوان پلە کۆمەڵایەتیەکاندا، سەرباری ئەو تیۆرانەی لەبارەی یەکسانیەوە دەوترێن و ئەو ئامانجانەی یاساکان بۆیان دەکۆشن، ئەو ئاستجیاییە زەینییەی باس کرا زیاد دەکات، هۆکەیشی ئەوەیە لە خواستەکانی سروشتەوە هاتووە، کە لە دەسەڵاتی یاساکان رەهایە.
داهێنراوەکانی زانست و هونەر بوونەتە بزوێنەری مەدەنییەتە نوێکان، کارکردن بەو داهێنراوە ئاڵۆزانە پێویستی بە زانیاریی تیۆری و پراکتیکیی فراوان و توانایەکی بەهێزی هەڵێتجان و مەلەکەیەکی وردی ناسین هەیە، کە شتی وا تەنیا لای خاوەن پرنسیپە باڵاکان هەیە، لەچاو زیادبوونی کارامەیی سەرکردەکاندا ئەهلیەتی کرێکاران کەمی کردوە، بنەمای دابەشکردنی کار و وردیی ئامێرەکان وای کردوە رۆڵی کرێکاری ئاسان و تەواوکردنی خوێندنی بێهوودە کردوە.
بەو شێوەیە چەندین چینی جیاواز پێکهاتوون، کە کەلێنێك لێکیان جیا دەکاتەوە تادێ قووڵتر دەبێ، پەروەردە بەکەمی نەبێ وا لە مرۆڤ ناکات ئەو کەلێنە تێبپەڕێنێ، پەروەردە تەنیا کەمێك لەو سیفەتانە بەپیاو دەبەخشێ کە لەم کاتەدا بۆ سەرکەوتن گرنگن.
ئەوەی هەوادارانی یەکسانی تووڕە دەکات ئەوەیە دەستەبژێرانی پیاوان گەیشتونەتە ئاستێك کە باقی خەڵك لێی بێنیاز نین، بەڵام ئەوە هەر دەبێ ببێ، جا لە رەگەزەکانی شارستانێتی ورد بینەوە دەبینن دەستەبژێری پیاوان سەرچاوەی داهێنانەکانی زانست و هونەر و پیشەسازیەکان و چاوگەی خۆشگوزەرانیی ملیۆنان کرێکارن، جا ئەگەر ئەمڕۆ کرێکار سێ هێندەی ئەوەی دەست دەکەوێ کە پێش سەدەیەك دەستی دەکەوت و ناز و نیعمەتی وای لەبەردەستدایە بۆ میرە دەرەبەگەکانی لویسی چواردەیەمیش بەردەست نەبووە، ئەوە بەفەزڵی باشترینی پیاوانە کە زیاتر لە خۆیان کار بۆ کرێکار دەکەن.
لەبەرئەوەیە رۆڵی دەستەبژێری پیاوان گەورە دەبێ و کۆششەکانیان زۆر دەبن، کۆششەکانی گەورە پیاوانی پیشەسازی بەتایبەت بنچینەی دۆزینەوە و داهێنانەکانە، ئەو گەورە پیاوانە ئەگەرچی بەزۆری سامانێکی گەورە بەدەست دێنن کە یەکسانیخوازان زۆر پەرێشان دەکات، لەڕاستیدا ئەوان هەمیشە لەنێوان دەوڵەمەندی و ئیفلاسبووندا دێن و دەچن بەبێ ئەوەی ئومێدیان هەبێ حاڵەتی ناوەڕاست بەدەست بێنن، دەوڵەمەندبوونەکەیان پاش وردبوونەوەی زۆریان لە ئاکامەکان و وردیی بەڕێوەبردن و رێکخستنی کارەکانەوە دێتە کایە، کاتێکیش کەمێك لە راستە رێ لایاندا دووچاری هەڵشکان دەبن، وەك ئەوەی مافی هەڵەکردنیان نەبێ، زۆرجاریش لەژێر عەزەمەتە رواڵەتیەکەیاندا خەمێکی زۆر هەیە، کاتێ کارگەیەك دروست دەکەن و باشترین ئامێری بۆ دابین دەکەن، هەر زوو دۆزینەوەیەکی نوێ یان تەنگ پێهەڵچنینێکی چاوەڕواننەکراو ناچار بە تازەکردنەوەی ئەو کەرەستانەیان دەکات، دیارە تەنگ پێهەڵچنینەکانیش توند

بوون و دۆزینەوەكانی تاقیگەكان بوونەتە شۆكی لەناكاو و ناسەقامگیری بووەتە گشتگیر، بەشێوەیەك ئەو پیاوانەی پرۆژەكان بەڕێوە دەبەن لە ئارامیی مێشك و دەروون مەحروم بوون[٤].

خەڵك لە سەدە دێرینەكاندا دەوڵەمەند نەدەبوون پاش ئەوە نەبێ زیانیان بەوانیتر بگەیاندایە، بەڵام ئێستا ئاستەمە كۆمەڵێك دەوڵەمەند ببن بەبێ ئەوەی ببنە هۆی دەوڵەمەندبوونی ئەوانیتریش، مسیۆ (دافنیل) لەم چەند دێڕەدا ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێ: "لە سەردەمەكانی دەرەبەگایەتیدا دوای چەندین جەنگی تاكەكەسی دەبوو كە دەبوونە مایەی وێرانكردنی هاوسێكان، پاشان لەڕێی سووكاری و ئەنجا لەڕێی دەستگرتن بەسەر ماڵی دەوڵەتدا، لەم رۆژانەیشدا بە دەوڵەمەندكردنی هاوسێكان و دەوڵەت دەبێ، ئێستا سامانی بەدەستهاتوو بە لووشدانی ماڵی میللەت یان پاشا نیە، بەڵكو زانست لەسەر دەستی پیاوانی تایبەت لە عەدەم دەریهێنا و هەمووان لێی سوودمەند بوون".

كەواتە مەدەنییەتە نوێكان كە دەستەبژێرانی پیاوان خولقاندونیان، بەبێ ئەو دەستەبژێرانە ناتوانن لە ژیان و نوێبوونەوە بەردەوام بن، ئەمەیش راستیەكی زەرورییە بۆ تێگەیشتن لەم گرێكوێرەیەی خوارەوە:

لەكاتێكدا داهێنراوەكانی زانست وا پێویست دەكەن دەستەبژێرانی پیاوان جڵەوی ژیانی نوێ بگرنە دەست، پێشكەوتنی بنەما سیاسیەكان پلەبەپلە مافی حوكمڕانی دەبەخشێتە حەشاماتە ئاست نزمەكان بەو میزاجە دەروونیەی هەیانە و رێگەیان پێ دەدات لەسەر دەستی نوێنەرانیان دەست بۆ مەترسیدارترین ئارەزووەكان ببەن.

خۆ ئەگەر حەشامات دەستەبژێرانی پیاوانیان كە جڵەوی شارستانێتی بەڕێوە دەبەن بەسەركردە هەڵبژاردایە، ئەو گرێكوێرەیە دەكرایەوە، بەڵام كەمینەیەك نەبێ چانسی ئەم هەڵبژاردنەیان نابێ، چونكە حەشامات بە دەستەبژێرانی پیشەسازی قایل نابن لەبارێكدا ئەوان لەڕێی نوێنەرانیانەوە لە پەرلەمان، لە هەوڵی ئەوەدان دەست بەسەر ماڵ و سامانیاندا بگرن.

بەم شێوەیە كۆمەڵگەكانی ئێستا بۆ چینی جیاواز دابەش بوون و لە ئایندەدا ململانێ لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات، جا چۆن ئەم جیاوازییانە پێكەوە دەگونجێنرێن؟ چۆن تایبەتە خەڵك (الخواص) كە هیچ نەتەوەیەك بەبێ ئەوانە نامێنێتەوە، لەگەڵ ئاپۆرای كرێكاراندا دەژین كە خوازیارن ئەو چینە تایبەتە بهاڕن، وەك بەربەریەكان لە رۆما كردیان؟

---

[٤] گەرە پیاوانی پیشەسازی هەوڵ دەدەن لەڕێی گۆڕینی كارگەكانیان بۆ كۆمپانیای پشكداری خۆیان لە بەرپرسیارێتی رزگار بكەن، لەو كۆمپانیاییانەیشدا كەسانی خاوەن قابلیەتی بەرز دەردەكەون، لێكۆڵینەوە لە سەرجەم پرۆژەكانی جیهان —نەخاسمە پرۆژەكانی بەلجیكا— دەریخستوە قازانجی ئەو كارگانەی خاوەنەكانیان بەڕێوەیان دەبەن (١٠٪)ـە، لەكاتێكدا ئەو كارگانەی تایبەتن بە كۆمپانیاكانی پشكداری تەنیا چوار لەسەدی قازانج بۆ خاوەن پشكەكان دەگەڕێننەوە و زۆرجاریش تووشی هەڵشكان (واتە ئیفلاس) دەبن. لەگەڵ ئەوەی پێویستە مووچەكان لە كاروبارە پیشەسازی و داراییەكاندا بەگوێرەی شایستەیی بێ، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەیە، لە رۆژنامەیەكدا هاتووە هەریەك لەو دوازدە بەڕێوەبەرەی كۆمپانیایەكی اعتمادی گەورەی وڵاتەكەمان بەڕێوە دەبەن، مانگانە سێسەد هەزار فرەنك لەسەر حسابی پشكداران وەردەگرن، با ئەو كارەی دەیكەن زۆر كەمیش بێ.

بەڵێ، گرێکوێرەکە سەختە، بەڵام کردنەوەی مەحاڵ نیە، چونکە مێژوو فێری کردوین حەشامات سەرباری غەریزە شۆڕشگێڕانە بەرچاوەکانی، زۆر موحافیزەکارە و زۆر نابات ئەوەی روخاندبووی بینای دەکاتەوە، بەم پێیی حەزی تێکدان لەناو گەلدا هەرچەند بێ، بۆ ماوەیەکی زۆر رێگە لە پەرەسەندنی نەتەوە ناگرێ، بەڵام لەو رووەوە نوێکردنەوەی ئەوەی لە رۆژێکدا روخاوە هەندێ جار بە چەندین سەدە تەواو نابێ، وای لێهاتووە رای پەسەند ئەوە بێ رێگە لە روخاندن بگیرێ.

ئاسانترین رێگە بۆ چارەسەری ئەوە بریتییە لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی میللی، بەڵام پەرەسەندنی دیموکراسیانەی حکومەتەکان لە سەرجەم وڵاتان ئاماژەیە بەوەی دەسەڵاتی میللی زادەی هەندێ زەروراتی دەروونییە کە سەرکۆنە و لۆمەکردنی بێسوودە، بۆیە پێویستە دەستەبژێری پیاوان تێکەڵ بە حکومەتە میللیەکان بن و لەرێی ئەو بەربەستانەی دایاندەنێن رێگە بگرن لە جێبەجێکردنی هەواو ئارەزوی کۆمەڵەکان، وەك ئەوەی ئەندازیاران لە چارەسەرکردنی لافاو لەرێی دروستکردنی بەنداوەوە دەیکەن.

با بزانین رێبازی سەروەریی میللی لەگەڵ عەقڵ دژیەك نیە زیاتر لە دژیەکبوونی عەقڵ لەگەڵ رێبازە ئاینیەکان کە مرۆڤ لە رابردوودا پێیان ژیاوە و هێشتایش زۆر خەڵك لە سایەیاندا دەژین، لە موتاڵاکردنی کتێبەکانی مێژوو بۆمان دەردەکەوێ مرۆڤ لەگەڵ هەر شتێك زیاتر ئولفەت دەگرێ تا لەگەڵ مەعقول، ئولفەتگرتنی دەستەبژێری خەڵك لەگەڵ حەشامات زۆر ئاسان دەبوو ئەگەر سەرانی حزبەکان تۆوی رق و کینە و چەواشەکارییان لە دەروونی خەڵکدا نەوەشاندایە، کە هۆی ئەو رق و کینەیەن لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدایە.

ئەو رقەیش کاتێ نامێنێ حەشامات دەرك بەوە دەکەن لەناوچوون یاخود لاوازبوونی دەستەبژێری خەڵك دەبێتە مایەی هەژارکەوتن یاخود فەوتانی ئەوانیش، ئەگەرچی سەلماندنی ئەم راستییە بۆ جەماوەری خەڵك ئاسان نیە، بەڵام من ئەوە زۆر بەڕوونی دەبینم کە بەڕێوەبردنی کارگە بەبێ سەرۆك، یان بەڕێوەبردنی لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوودا مومکین بوو کاتێ کاروبارەکانی تەکنیك لە قۆناغی سەرەتایاندا بوون، بەڵام ئەمڕۆ مەحاڵە.

بەڵام سۆشیالیستەکان –کە لە راستیەکانەوە دوورن و لە وەهمدا سەرگەردان بوون– بێپەروا لەناو خەڵکی سادەدا هەندێ خەیاڵات بڵاو دەکەنەوە کە بەدیهاتنیان پێش هەموولا خەڵکە سادەکەی تێدا دەفەوتێ، ئەو وەهمانەی لە دڵی خەڵکی عامدا دەچەسپن لەو قسەیەدا یەکێك لە راسپێراو (مفوض)ی کرێکاراندا دەردەکەوێ کە لەو کۆنگرەی ئیشتراکیەی لە شوباتی ١٩١٠ بەسترا، وتی: "بۆ رزگارکردنتان تەنیا هێندەی دەوێ موڵکی سەرمایەدارە موڵکدارەکان بگۆڕدرێ بۆ موڵکی ئیشتراکی کە خۆتان و بۆ خۆتان بەڕێوەیان ببەن، بەوە ئەی گرۆی کۆیلەکانی سەرمایەداران رزگار دەبن و دەبنە بەرهەمهێن و هاوبەش".

چارەنووسی کارگەیەك کرێکاران بەڕێوەی ببەن وەك چارەنووسی کەشتیەکە ستافی کەشتیەوانی بەبێ سەرۆکی کەشتیەوانان بەڕێوەی ببەن، بێگومان ئەجەلی ئەو کارگەیە هەندێ درێژ دەبێتەوە کاتێ جڵەوی کاروبارەکانی بکەوێتە دەست راسپێراوێك کە لەلایەن حکومەتێکی سۆشیالیستیەوە دابنرێ، جا لەبەرئەوەی ئەو راسپێراوە دەست بۆ گۆڕینی هیچ شتێك لە کارگەکەدا نابات، کارگەکە لەباتی ئەوەی پێش بکەوێ دادەتەپێ، بەوەیش کرێ کەم دەکات.

داوای لێبوردن ناکەم لە درێژدادڕیم لە بەرگریکردن لەم ڕاستییە سادانە، چونکە هێشتا بەلای ملیۆنان خەڵکەوە نەزانراون، وا لە زۆر وڵاتی وەك ئینگلتەرە و بەلجیکا دەستی بە بڵاوبوونەوە کردوە، بەوهۆیەیشەوە ئیشتراکیەت لەو مەملەکەتانە فۆرمی ستەمکارانە و دەستدرێژیکارانەی وەرنەگرتوە وەك لە وڵاتانی لاتینی هەیە، کە ئیشتراکیەت گۆڕاوە بۆ جەنگی نێوان چینەکان.

لەبەر بێئاگایی خەڵك لە هەندێ پرنسیپی بەرایی، داکۆکی لە پێویستیی هێنانەکایەی پەروەردەیەکی نوێ دەکەین لە دیموکراسیەکەماندا، بەو مەرجەی مەبەستی یەکەمی ئەو پەروەردەیە ئەوە بێ خەڵك فێری بەیەکگەیاندنی سێ ڕەگەزەکەی جوڵەی ژیان بکرێ کە بریتین لە: زیرەکی + سەرمایە + کار.

تا ئەوکاتەی ئەو چاکسازییە ڕوودەدات کە هێشتا تروسکاییمان نەدیوە، لەنێو ئەو گرووپانەدا دەژین کە لەبارەیانەوە دەڵێین:

حکومەتی میللی مانای حوکمکردن نیە لەڕێی گەلەوە بەڵکو مانای حوکمکردنە لەڕێی سەرکردەکانیەوە، ئەوە جەماوەر نیە کە ڕا دروست دەکات بەڵکو بەدەست ڕا–وە گرفتار دەبێ، پاش ئەوەی دەیخەوێنێ هەوڵ دەدات بەزۆر بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێ، ئەمەیە پێی دەڵێن ڕێچکەبەستنی ڕا.

لەڕاستیدا کۆمەڵەکان نابنە هۆی ڕێچکەبەستنی ڕا، تەنیا ئەوەیە هێزێك دەبەخشنە ڕا کە بەرەنگاری ناکرێ، کاتێ (فیرێر)ی ئانارشیست کە خەڵکی پاریس هیچیان لەبارەوە نەبیستبوو لەسێدارە درا، هەندێ لە سەرکردەکان توانییان هەزاران کەس گەرم بکەن تا هێرش بکەنە سەر باڵیۆزخانەی ئیسپانی. ئەو سەرکردانە دوای ئەوەی بەوتارەکانیان ئاگریان لە هەناوی ئەو هەزاران کەسە بەردا، وایان لێکرد جۆرەها ستەم ئەنجام بدات لەوانە کوشتن و تاڵانکردن، ترس وای لەو سەرکردانە کرد لە ڕۆژی دووەمدا فەرمانیان پێ بکەن بەئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی ئاشتییانە، ئەوانیش بەگوێڕایەڵیەوە بەپیر داواکەیانەوە هاتن. دەستەمۆیی حەشامات بۆ کەسێك بزانێ چۆن جڵەوی دەکات بێسنوورە، گەورە سەرکردەکان لەم سەردەمەدا باش لە هەڵسوڕاندنی دەزانن، بەمە دەزانی حکومەتی حەشامات لەڕاستیدا حکومەتی سەرکردەکانە.

لەو ڕووەوە ئەوە سەرکردەکانن ڕا بەرهەم دێنن، گرنگە بزانین چۆن بەرهەمی دێنن، لێرەدا گرنگی ڕۆحی حەشاماتمان بۆ دەردەکەوێ، لە سیستمێکی دیموکراسی وەك سیستمەکەی ئێمەدا کاربەدەستان لە هەموو شت زیاتر پێویستیان بە ناسینی ڕۆحی حەشامات هەیە، پازدە ساڵ لەمەوپێش ئەو پێویستییە بوو بەجێسەرنجم، لەبەرئەوە کتێبی "ڕۆحی حەشامات" (روح الجماعات)م دانا کە ئەوکاتە بابەتەکانی نەزانراو بوون و بوو بە بناغە بۆ زۆر توێژینەوە.

لێرەدا نامەوێ سیفەتەکانی حەشامات و قۆناغەکانی ئاکار و ڕەفتاری دووبارە بکەمەوە، بەڵکو تەنیا ژمارەیەکی کەمیان باس دەکەم کە بەڕوونی لە هەندێ ڕووداوی نوێدا دەرکەوتن. من پێش هەموو شت دەڵێم ئەگەر خەڵك دەستیان کردوە بە ناسینی ڕۆحی حەشامات ئەوە لەو ڕووەوەیە ئەفسەرانی سوپا ئەو ڕێسا و بنەمایانەی لە کتێبەکەمدا هاتوون بڵاو دەکەنەوە، هەروەها بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی جەنگیدا بخوێنرێن، بەڵام سیاسیەکانمان پێناچێ شتێکی ئەوتۆی لێ بزانن بەبەڵگەی ئەوەی هێشتا وازیان لە سەرسامی بە حیکمەتی حەشامات و ڕاستیی فام و دروستیی زەوقی حەشامات نەهێناوە، لەکاتێکدا زۆر لەو

سیفەتانەوە دوورە. بەڵێ لەوانەیە حەشامات هەندێ جار قارەمانی و دڵسۆزیەکی تەواو بۆ هەندێ ئامانج پیشان بدات، بەڵام فامکردنی دروستی هەرگیز لێ چاوەڕوان ناکرێ.

بێگومان بۆچوونی یاسادانەرانمان لەبارەی سایکۆلۆژیەتی میللەت لەگەڵ حەقیقەت یاکناگرێتەوە، کاتێ ئەوان پێیان وابوو سوپاسکردن فەزیلەتێکی کۆمەڵایەتییە دەستیان دایە زیادکردنی دانانی هەندێ یاسای نەرۆك و مەترسیدار تا ئافەرینی حەشامات بەدەست بێنن. ئەوان لەبەرئەوەی نازانن حەشامات رقی لە لاوازییە، دەرك بەوە ناکەن ئەو دیارییانەی پێشکەشی حەشاماتیان دەکەن لەبەرانبەر ئەو هەڕەشانەی لێیان دەکەن، سەرەنجام هیچ سەنگ و هەژموونێکیان لەلای ئەو خەڵکە ناهێڵێ، هەموو کارکردێکی ئەو دیارییانە لە دەروونی سەرکردەکانی حەشاماتدا ئەوەیە ئەو باوەڕەیان لەلا دروست دەکات کە پەنابردن بۆ توندوتیژی بەسە بۆ بەدەستهێنانی مەرام و ئامانجەکان.

لێرەدا باسی جیاوازیی رۆحی حەشامات لە رۆحی تاك لەڕووی تەرزی بیرکردنەوە و بزوێنەری جوڵە و سوودەوە ناکەم، بەڵکو ئاماژە بەوە دەکەم حەشامات توانای بەکارهێنانی عەقڵی لاوازە و بابەتە عەقڵیەکان کەم کاری تێدەکەن، بە سادەیی و هەڵچوونی توند و خۆشباوەڕی دەناسرێتەوە، فیکر کاری تێناکات تا لە چوارچێوەی هەندێ دەستەواژەی کورتکراوی خەیاڵبزوێندا دانەڕێژرێن، وەك ئەوەی کاتێ باسی سەرمایەی بۆ دەکرێ بە دەوڵەمەندێکی مشەخۆر و ورگشۆڕ ئاماژەی بۆ بکرێ، کە لەسەر بەری رەنجی گەلەکەی دەژی. هەروەها وەك ئەوەی حکومەت ئاماژە بێ بۆ پۆلیس و سوپا، کەهەنوت بۆ حکومەتی قەشەکان، سۆشیالیزم بۆ حکومەتێك ماڵ و سامان لە دەوڵەمەندان دادەماڵێ و وادەکات کرێکاران بخۆن و بخۆنەوە بەبێ ئەوەی هیچ بکەن.

پیاوانی سیاسی بە غەریزەی خۆیان دەزانن حەشامات ناتوانێ زۆر هزر بەیەك جار دابڕێژێ، هەروەها دەستەواژە زۆر رۆشنەکان کاریگەریی گەورەیان هەیە، لەبەرئەوە لە رۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەدوای هەندێ وشەدا دەگەڕێن کە سەرسامی بکات و دڵی بەدەست بێنێ، وەك وشەی "مەترسیی ئیکلیروسی" و "باجی داهات" و...هتد.

ئینگلیز لەم رووەوە پێشڕەون، هەڵبژاردنەکانی ئەم دووابیەیان سەلماندی دەستەواژە سادە پێداگرەکان چ کاریگەریەکیان لەسەر دەروونەکان هەیە، ئینگلتەرە سەروەختێك بە رێکلامی وێنەیی خاڵی لە هەر لێدوانێکی دوور و درێژ کە کاندیدانی وڵاتانی لاتینی زۆر بەکاری دێنن، داپۆشرابوو، لەو رێکلامانەی موحافیزەکاران بڵاویان کردنەوە تەنیا چەند دەستەواژەیەکیان باس کردوە، وەك ئەوەی دەڵێن هەڵبژاردنی کاندیدانی ئازادیخواز(احرار) دەنگدانە لەدژی هێزی دەریایی ئینگلتەرە. زانینی کاریگەریی ئەم جۆرە گوتەیە لە وڵاتێکدا خەڵکەکەی هێزی دەریایی بەهۆی سەروەری و مەزنی دەزانن، دژوار نیە.

وێنەیش ئەو دەستەواژە بنبڕانە بەهێزتر دەکات. یەکێك لەو رێکلامانەی پێمان وایە ژمارەی دەنگەکانی یەکێك لە حزبەکانی زۆر کرد ئەو رێکلامە گەورەیە بوو کە کرابوو بە دوو بەشەوە: بەشێك مێژووی ساڵی ١٩٠٠ تێدایە، لەگەڵ زرێپۆشێك کە هێزی کەشتیگەلی ئینگلیزی لەسەر نەخشێنراوە، هەروەها کەشتیەکی بچوك کە ئاماژەیە بۆ کەشتیگەلی ئەڵمانی. لە بەشەکەیتردا مێژووی ساڵی ١٩٠١ تێدایە لەگەڵ زرێپۆشێکی ئەڵمانی گرنگی وەك زرێپۆشی ئینگلیزی. بەوە رێکلامکەران رادەی مەترسیی ئەڵمانی و سووربوونی حزبەکەیان بۆ بەرەنگاریکردنی پیشان دابوو، بەوە سەرنجیان بۆ کاندیدەکانیان راکێشابوو.

ئەم شێوازانە لەسەر ناسینی رۆحی میللی، چۆنێتیی بزواندنی و خۆشباوەڕیەکەی و کاریگەریی لەفزە دووبارەکان لەسەری، دادەمەزرێ. جا ئەگەر ئەنجامە ویستراوەکان لە هەموو کاتێکدا لە ئینگلتەرە بەدینایەن، لەبەرئەوەیە سەرجەم حزبەکانی دەست بە شێوازی هاوشێوەوە دەگرن کە دەبنە مایەی شلەژانی دەنگدەران و وایان لێدەکات بەپێی تەلقینی حزبەکەیان بجولێنەوە.

حەشامات لەبەر هەستیاریی زۆری بەئاسانی دەوروژێنرێ، لەبەر هەڵبەز و دابەزی خێرایشی گۆڕینی زەحمەت نیە، ئەو حەشاماتەی بەجۆش و خرۆشەوە لە پەرستگەی (کاپیتول)دا رێز لە پاڵەوانێك دەنێ، لەوانەیە بەهەمان جۆش و خرۆش لە بەرزایی (تاربیان) بەریبداتە خوارەوە. رۆبسبیر کە رۆژێك بەر لە کەوتنی گەلی پاریس دەیانپەرست، لە رۆژی دووەمی کەوتنیدا لەناو فیك و هوڕ و جوێنی ئەو گەلەدا بەرەو ملقرتێن (المقصلة) راپێچ کرا. (مارا)یش بەهەمان شێوە کە لەناو هەلهەلەی حەشاماتدا لە (بانتیون) بەخاك سپێردرا، دوای چەند ساڵێك هەر لەلایەن ئەو حەشاماتەوە تەرمەکەی فڕێ درایە ئاودەست، چارەنووسی تەرمەکەی (کرومویل)یش لەوە باشتر نەبوو.

سەرکردەی راستەقینە لەبەرئەوەی دەزانێ حەشامات خاڵییە لە عەقڵ، تەنیا هەوڵ دەدات کار لە عاتیفەکانی بکات، لەبەرئەوەی دژبەرەکەیشی —بەحوکمی زەرورەت— هەمان کاری ئەو دەکات، سەرکەوتنی کۆتایی یاوەری ئەوەیان دەبێ ئاژاوە و توندوتیژیی زیاتر بنوێنێ.

توندوتیژی گەیشتۆتە رادەیەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا بینیمان هەندێ وەزیری ئینگلیز کە بە راساڵی بەناوبانگ بوون، لە وتارە جەماوەریەکانیاندا بەهەمان شێوەی جوێندانی یەعقوبیەکان بە دژبەرانیان لە رۆژانی شۆڕشی فەرەنسیدا، جوێنیان بە نەیارانیان دەدا. وەزیری دارایی مستەر (لوید جۆرج) لە وتارێکی گشتیدا دەڵێ: "ئەنجومەنی لۆردات بریتییە لە کۆمەڵێ کەسی بێنرخ و سووك و سەلیمن، کە نە هێندە مەردن چاکە بکەن، نە هێندە بوێرن خراپە بکەن". وەزیران لە بازنەکانی هەڵبژاردنیاندا رۆژانە جوێنی لەم شێوەیە دووبارە دەکەنەوە.

هەستکردنی حەشامات بە هێز و دەسەڵاتی خۆی و نابەرپرسیاربوونی وای لێدەکەن زۆر هەڵەشە و لوتبەرز بێ، ئەو رووداوانەی لەم رۆژانەی دواییدا روویاندا و لەم کتێبەدا ئاماژەم پێدان بەڵگەن لەسەر راستی ئەم قسەیە. پاشان هەستی حەشامات بەردەوام پەرگیرە، لێرەوەیە حەشامات ئەگەرچی زۆر لەخۆبایی و بوغرایە، بەڵام کاتێ پیاوێکی هەژموندار سەرۆکایەتییان بکات گوێڕایەڵی و نزمییان سنووری نیە، باسمان کرد گرووپەکانی کرێکاران چەند بەئاسانی رێزی ئەو فەرمانە نەرۆك و توندانەیان دە گرت کە پیاوانی شۆڕش فەرمانیان پێ دەکرد.

با لەپاڵ خەوشەکانی حەشاماتدا، باسی باشیەکانیشی بکەین.

کاتێ حەشامات ناتوانێ عەقڵ بەکار بێنێ، ئەمە خۆشەویستی ئەوانیدیکەی لەلا بەهێز دەکات، کە ئەو هەستە —لەگەڵ ئەوەی فەزیلەتێکی کۆمەڵایەتیی بەسوودە— عەقڵ لاوازی دەکات. ئەو پیاوەی بەچاوی عەقڵ تەماشای شتەکان بکات پیاوێکی خۆپەرستە، زۆر بەکەمی وای لێدەکات لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا قوربانی بەخۆی بدات لەکاتێکدا حەشامات ئەو جۆرە قوربانییە دەدەن، هەر بە فەزڵی حەشاماتەکان گەورەترین دەوڵەتان سەریان هەڵداوە و دەسەڵاتیان جێگیر بووە، شارستنێتیەکانیش بەو قارەمانێتی و دڵسۆزی و ئاکارە جوانانەیتر دەژین کە لە حەشاماتدا هەن.

یەکێك لە سیفەتەکانی زهنیەتی گەل خۆشباوەڕییە، خۆشباوەڕیی حەشاماتیش سنووری نیە، بەدیدی ئەو هەموو شت مومکینە، ئەگەر داوای مانگی کرد دەبێ بەڵێنی پێ بدرێ، پیاوانی سیاسەتیش لە پێدانی ئەم بەڵێنانە لەبەردەمیدا دوا ناکەون، لە شەڕێکی هەڵبژاردندا ئەگەر دژبەرەکەتان بە ناماقووڵترین بوهتان تۆمەتبار کرد هەر زوو باوەڕتان پێ دەکرێ، من ئامۆژگاریتان دەکەم تۆمەتی گرنگی نەدەنە پاڵ نەوەك ببێتە مایەی بزواندنی سۆزی گوێگرەکانتان، چونکە حەشامات بەگشتی جۆرە سەرسامی و رێزێك بۆ گەورە تاوانباران پیشان دەدات. ئەو زیادەڕەوییەی حەشامات لە خۆشباوەڕیدا تەنیا بەو تایبەت نیە. بێگومان زوو باوەڕکردن زیاتر لەگەڵ سروشتماندا دەگونجێ، راستە هەندێ هەستی رەخنەگرتنمان هەیە لەو بابەتانەی پەیوەندیان بە پیشەکەمانەوە هەیە، بەڵام هەر کە بازنەی ئەو پیشە بەرتەسکەمان تێپەڕاند هەستی رەخنەگرتنمان زۆر کەم دەمێنی، لەبەرئەوە ئاگەداری خوێنەر دەکەمەوە لە شوێنکەوتنی گومانی نازانمگەراکان (اللاأدريين)، چونکە ئەوان بەزۆری تەنیا شوێنگۆڕکێ بە خۆشباوەڕیەکەیان دەکەن، بەهەشتەکانی سۆشیالیزم لای ئەوان جێگەی بەهەشتی کتێبەکانی چیرۆکی گرتۆتەوە، لە دیدی ئەواندا مێزە جوڵاوەکان و خەواندنی موگناتیسی و پیاوپەرستی جێگەی خواوەندە کۆنەکانی گرتۆتەوە.

کاتێ بڵاوکارێك تەماعی قازانجی گەورە دەخاتە بەردەم خەڵکی سادە بە بڵاوکردنەوەی رێکلامێك بەو شێوەیەی دەیخوازێ، قازانجێکی گەورەی دەست دەکەوێ، ئەوەتا یەکە داراییەکان لەپشت ئەو بەڵێنە بریقەدارانە دەژین کە بڵاویان دەکەنەوە، رازاندنەوەی ئەو بەڵێنانەیش خەیاڵێکی فراوانی ناوێ، بۆ سەرکەوتنیان هێندە بەسە بەیەك لەفز دووبارە بکرێنەوە.

رۆژنامەی (لوگلوب) مێژووی پشکەکانی هەندێ لە کانەکانی لە کۆماری ئەرجەنتینی گێڕایەوە و رایگەیاند، هەڵگرانی ئەو پشکانە هێشتا هیچیان بەدەست نەهێناوە. هەر شەش مانگ جارێك ملیۆنان ئاگەدارینامە بڵاو دەکرێنەوە کە خاوەن پشکەکان قازانجی پشکەکانیان دەدرێتێ، جا کاتێ نرخی ئەم پشکانە دە قات زیاد دەکات وا لە جەماوەر دەکات بیکڕن، لەو رووەیشەوە جەماوەر خۆشباوەڕە زوو پەلاماری دەدەن نەوەك دەرفەتەکەیان لەکیس بچێ، ئەگەرچی پێنج ساڵ تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی هیچ قازانجێك بەسەر خاوەن پشکەکاندا دابەش بکرێ، بەڵام جەماوەر لەو ماوەیەدا بەهای دوازدە ملیۆن پشکی لەو کانانە کڕیوە، کە لەڕاستیدا نرخەکانیان ناگاتە کێشی کاغەزەکەیان.

شتی لەم بابەتە زۆر زۆرن، ئەو رۆژنامەیە ئەمەی خوارەوەیشی بۆ گێڕانەوەکەی زیاد کردوە: "جەماوەر زۆر خۆشباوەڕە، جەماوەر داوای بەڵگە ناکات و مەحاڵیش ناناسێ، بەلای ئەوەوە بەڵێن و جەختکردنەوەکان جێگەی بەڵگە دەگرنەوە، ئەوەی لە هەموو شت زیاتر کاری تێدەکات ئەو رێکلامانەن قسەی بێمانا و زۆربلێییان تێدایە، گوێ بەوە نادات کە رووداوەکان ئەو ئومێدانەی بەدرۆ دەخەنەوە کە لەو ئاگەدارینامانەدا هاتوون، بەڵکو وەك ئەوەیە (نە بای دیبێ و نە باران)، دوورتر لە لوتی خۆی نابینێ".

بە پیادەکردنی ئەوەی باسمان کرد لە دنیای سیاسەتدا نهێنی سەرکەوتنی هەندێ کەس و رێبازمان بۆ روون دەبێتەوە، سەرکەوتن لە گۆڕەپانی سیاسەتدا لەسەر بەڵێنی وەهمی و پێداگرتن بەبێ بەڵگە و دووبارەکردنەوەی بەردەوامی بەڵێنەکان و زەمکردن بەسەر رکابەران تێیدا، دامەزراوە.

لەگەڵ هەموو ئەوەی باسمان کرد، بەو خۆشباوەڕیەی جەماوەر زۆر ناڕەحەت نین، چونکە ئەو فاکتەرانەی کار لە پێکهاتنی مەدەنیەتەکان دەکەن وەك فاکتەری خۆشباوەڕی زۆر کەمن، بەهۆی ئەم فاکتەرەوەیە

ئاینەکان لە نەبوونەوە پەیدا بوون و گەورەترین دەوڵەتان دامەزراون، زوو باوەڕکردن وا دەکات ئیمان مومکین بێ و ئەو دابونەریتانە دەپارێزێ کە مەزنی وڵات پشتیان پێ دەبەستێ. ئاخر جگە لە زوو باوەڕکردن چی هەیە بەرگری لە باوەڕ بە نیشتمان و بە بەها باڵاکان و بە ئایندە بکات؟ ئەو گەلەی هەموو باوەڕێکی لەدەست دەدات خۆی و بزوێنەرەکانی جوڵانی لەدەست دەدات، بە پاشکەوتنێکی بەردەوام دەگاتەوە بە کاروانی ئەو گەلە دێرینانەی گومان پایەکانی بەچۆکدا هێنا.

## بەشی دووەم

## ڤایلکردن ( ئیقناع )

کارتێکەرە میللیەکان بەزۆری دەبنە مایەی قەومانی هەندێ رووداوی سیاسی بەشێوەیەکی لەناکاو، کە جەماوەر و کاربەدەستان تووشی سەرسوڕمان دەکەن، ئەو شتە لەناکاوەیش لەو کودەتا تورکیەدا بەڕوونی دەرکەوت کە حکومەتێکی نەریتیی ریشەداکوتاوی ژێراوژوور کرد، هەروەها لە مانگرتنی کارمەندانی پۆستە کە لە چرکەیەکدا راگەیەنرا، دیسان لە یاخیبوونی بەرشلۆنەدا کە لەپڕ زۆر کەسی پەپولە گۆڕان بۆ شەقاوە و خوێنڕێژ، دێر و کەنیسەیان سووتاند و گۆڕیان هەڵتەکاند.

ئەو شەرحە تیۆریانەی بۆ روونکردنەوەی ئەو کودەتایانە وتران راستییان نەپێکا، بۆ ناسینی کرۆکی کودەتاکان پێویستە لۆژیکی عەقڵی بخرێتە لاوە، چونکە لۆژیکی عەقڵی ئەگەرچی بۆ وێناکردنی هەندێ هۆی وەهمی بۆ تەفسیری رووداوەکان بەکەڵك دێ، بەڵام هەرگیز ناتوانێ رووداوەکان بدۆزێتەوە.

بێگومان ئەو بزوتنەوە میللییانە هەروا بەرێکەوت پەیدا نەبوون، ئەو هۆکارە لاشعورییانەی بوونی ئەو بزوتنەوانە فەرز دەکەن وابەستەی ئەحکامی کۆمەڵێ یاسان کە هێشتا بەباشی دیراسە نەکراون، بەڵام کودەتا لەناکاوە باسکراوەکان بەزۆری لەژێر کاریگەریی هەندێ سەرکردەدا پەیدا دەبن، لەبەرئەوە جێی خۆیەتی لە چۆنێتیی هەنگاوانی ئەو سەرکردانە و هۆی ئەوەی بۆچی هەندێ جار کاریگەرییان خێرا و سەرکەتووە، بکۆڵینەوە، ئەگەرچی ئەو ئامرازانەی بەکاریان دێنن بەلای ئێمەوە وەك شتێکی بێنرخ دێنە بەرچاو.

هێشتا منداڵ بووم لە گۆڕەپانێکی یەکێك لە شارە بچوکەکاندا بۆم هەڵکەوت وانەیەکی دەروونیی کاریگەر لە بابەتەکەدا وەربگرم، دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ ئەنجا لە مەغزاکەی تێگەیشتم.

ئەوەی ئەوکاتە کاری تێکردم وانەکە خۆی نەبوو، بەڵکو داهێنەری وانەکە بوو کە جلێکی بەزێر سواقدراو و بەبەردی پیرۆز رازاوەی لەبەردا بوو، ئایا ئەم پیاوە یەکێك بوو لە کیسراکان یان لە مەرزبانەکان یان لە شازادەکانی هیند کە لە کتێبەکانی چیرۆك و ئەفسانەکاندا باسیان هاتووە؟ تەختە بریسکەدارەکەی لەسەر عارەبانەیەك بوو کە چەند ئەسپێك رایاندەکێشا زینی ئەرخەوانییان هەبوو، دوو جەنگاوەر لە پشتیەوە بوون چەکێکی بریسکەداریان پێ بوو، کە بە بوقە زیوینەکانیان بانگیان دەکرد، بانگێکی بە زرینگە زرینگە و نهێنی، خەڵك لە هەموو لاوە روویان لە شوێنەکە دەکرد، تا وای لێهات لە گۆڕەپانەکەدا جێیان نەبێتەوە، جا پیاوەکە ئاماژەی دایە دوو بانگکەرەکە کە بێدەنگ بن، بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەر هەمووان‌دا کێشا، لە ناوەندی ئەوەدا پیاوەکە هەستایە سەرپێ وتارێکی پێشکەش کرد کە خەڵکەکە وەك گوێگرتنی سیحرلێکراو بۆ ساحیرەکەی گوێیان بۆ شل کرد.

من لەبەرئەوەی لێی دوور بووم نازانم چی گوت ، بەڵام ئەوەندەم زانی ئەو پیاوە لە شوێنێکی دوورەوە هاتووە تا هەندێ قوتوی سیحری بەخەڵك بفرۆشێ، کە هاراوێکی تێدایە دەتوانێ هەرچی نەخۆشی هەیە چاکی بکاتەوە و بەختەوەری  بە مرۆڤ ببەخشێ.

ئەنجا پیاوەکە بێدەنگ بوو و دوو بوقەکە کەوتنەوە بانگەبانگ، خەڵکە سیحرلێکراوەکە بەپرتاو کەوتنە کڕینی قوتوەکان، خۆ ئەگەر منیش پارەم پێ بوایە وەك ئەو خەڵکە دەمکڕی.

بەڵێ دەرمانسازە لاوەکەی شارەکە روونی کردەوە ئەوەی لە قوتوەکاندایە تەنیا شەکرە، بەڵام قسەکەی چ نرخێکی هەیە لەبەرانبەر قسەی پیاوێك کە جلێکی زێڕپۆشکراوی لەبەرە و دوو جەنگاوەری بەهەیبەتی لەپشتەوەن؟

ساڵان تێپەڕین و یادەوەریی ئەو جادوگەرەی بەمنداڵی سەرسامی کردبووم کەمی کرد، پاشان بوومە قوتابی لە قوتابخانەی ئامادەیی و هەندێ زانیاریی بەسەرچووم تێدا بەدەست هێنا، لەوانە زانستی مەنتیق کە وەك مامۆساکانمان پێیان دەوتین، بەهۆیەوە باوەڕ دێنین و بەڕێوە دەچین. بەڵام من هەرگیز ئەو جادوگەرەم لەبیر نەکرد، ئەگەرچی هاڕاوەکەی ماددەیەکی بێنرخ بوو بەڵام کاریگەر بوو، دەبێ نهێنیی ئەو کاریگەرییە چی بێ؟ دوای ئەوەی بەقووڵی بیرم لەو تەلیسمە کردەوە گەیشتمە ئەو باوەڕەی جادوگەری ناوبراو بەغەریزەی خۆی پشتی بەو هۆکارە بنچینەییانە بەستوە کە ژیانی گەلان و ڕێڕەوی مێژوویانی لێ ساز دەکرێ، ئەوەی ئەو دەیفرۆشت بریتی بوو لە ئومێد (ئەمەل)، واتە ئەو رەگەزە ناماددییە نەمرەی جیهان بەڕێوە دەبات، ئەی مەگەر زانایانی ئاینەکان و پیاوانی سیاسەت لە هەر نەوەیەکدا جگە لە ئومێد چیتریان فرۆشتوە؟!

ئەگەر ئەو پیاوە زرنگە –هاوشێوەی سەرجەم دامەزرێنەرانی بیروباوەڕەکان– توانی کارێك بکات گوێگرانی باوەڕ بە راستیی قسەکەی بێنن، ئەوە لەبەر پشتبەستنی بووە بەو چوار فاکتەرەی ئیمان دەبنە دڵی حەشامات، کە بریتین لە: هەژموون (النفوذ)، کە بابەتەکە دەخاتە دڵ و پابەندی دەکات پێی + جەختکردنی بێ بەڵگە، کە جەدەل لەکۆڵ دەکاتەوە + دووبارەکردنەوە، وادەکات مرۆڤ دان بە راستیی شتە جەختلێکراوەکاندا بنێ + تەنینەوەی دەروونی (العدوی النفسية)، کە بەهۆیەوە یەقینی لاوازی تاك دەگۆڕێ بۆ یەقینێکی بەهێز.

رەگەزە سەرەکیەکانی ئیقناعکردن لەم چوار فاکتەرەدان، ئەگەر مامۆستایانی مەنتیق (لۆژیك) وتیان رەگەزی عەقڵ–یشی بۆ زیاد بکەن گوێیان مەدەنێ. ئەوانە بەسەر دۆخی جۆراوجۆردا جێبەجێ دەبن. تێیاندا ئیکسیر فرۆشان و خاوەن کاغەزە داراییە نرخ شکاوەکان و ئەو ئیمپراتۆرەی بەمەبەستی دامەزراندنی گەشتیگەلێکی جەنگیی گەورە دەیەوێ باجی گەورە بەسەر رەعیەتەکەیدا بسەپێنێ، لەڕێیانەوە کاری خۆیان دەکەن.

فاکتەرەکانی ئیقناعکردن تەنیا کار لە هەست و شعور دەکەن، واتە بزوێنەرەکانی جوڵانمان، زۆر بەکەمی بەسەر عەقڵ و زیرەکیدا زاڵ دەبن، لەبەرئەوە سوودیان بۆ ئەو مامۆستایەی بەڵگە دێنێتەوە و ئەو زانایەی تاقیکردنەوەیەك شەرح دەکات، نابێ، چونکە مامۆستا و زانا لە مەعریفە دەکۆڵنەوە نەك لە بیروباوەڕ. مەعریفە جیایە لە بیروباوەڕ (معتقد)، ئەفلاتون تێبینی ئەوەی کردوە و ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو دووانە لەسەر یەك بناغە دانامەزرێن، چونکە مەعریفە بەڵگە و دەلیلی تێدایە، بەڵام (معتقدات) هیچ لەوانەی تێدا نیە، ئەمەیە هۆی ئەوەی هەموو خەڵك (معتقد)یان هەیە بەڵام ئەوانەیان بۆ ئاسمانی مەعریفە بەرز دەبنەوە زۆر کەمن.

هەروەها رەگەزەکانی ئیقناعکردن تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی را و بیروباوەڕی دامەزراو لەسەر هەست و شعور بەکەڵك دێن، زۆربەی کردەوەکانیشمان لەو را و بیروباوەڕانە دادەتاشرێن، ئەوەی بتوانێ بیاندۆزێتەوە هەر ئەویش دەبێتە گەورەمان.

ئەو وتاربێژەی عەقڵی بیسەرانی دەدوێنێ وەك زۆر لە زانایانی مەنتیق پێیان وایە، کەسی پێ ئیقناع ناکرێ و گوێی بۆ ناگیرێ، کاتێ دڵیان داگیر دەکات و دەست بەسەر هەست و شعوریاندا بگرێ کە هەندێ دۆخ و جوڵە و دەستەواژە و وشە بەکار بێنێ کە کۆمەڵێ وێنە و خەیاڵات لە دەروونیاندا دروست بکات، ئەو شوێنەی پێویستە وتاربێژ دەستی بۆ ببات بریتییە لە پانتایی نەست (لاشعور)، کە درەختی هزرەکانمان لەوێدا دەڕوێ، نەك پانتایی عەقڵ و زیرەکی.

بەو ئامرازانەی باسم کردن کار لە نەست دەکرێ کە بریتین لە هەژموون و تەلقین...هتد، فاکتەری شەخسیشی بۆ زیاد دەکەین، کە لە زۆر رەگەزی جیاواز پێکدێ و زەحمەتە لەژێر رێسایەکدا زەبت بکرێ، چونکە ئەو خەتیبەی کار لە دڵەکان دەکات، زیاتر بە کەسایەتیی خۆی دڵی خەڵك دەگرێ تا بە قسەکانی، وەك ئەوەی رۆحی بیسەرانی عوودێك بێ بەکەمترین ژەنین کاری تێ بکرێ، ئەو دەزانێ پێویستە چی بڵێ و چۆن بیڵێ، وتاربێژی عامی و سیاسیی ترسنۆك تەنیا مەراییکردنی بێنرخانە بۆ حەشامات و ملکەچکردن بۆ فەرمانەکانی دەزانن، واتە ئەوان بەپێچەوانەی سەرکردە راستەقینەکان، کە سیحر لە حەشامات دەکەن تا بیانهێننە سەر ئەو را و بڕیارەی خۆیان هەیانە.

وادیارە  ئەو سەرکردانە هەندێ کارتێکەری سەرنجڕاکێشی شاراوەیان لێ دەردەکەوێ، هەرکەس هەندێ لەو کارتێکەرانەی هەبێ ئیتر پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگە نیە و تەنیا قسەی جەختکراوی بەسە، ئەگەر گەورە وتاربێژان جاروبار پەنا بۆ شیکردنەوە و راڤەکردن دەبەن کاتێ دەبینن وتارەکانیان بڵاو دەکرێنەوە، لەبەرئەوەیە دەزانن ئیقناعکردن بەنووسین جیایە لە ئیقناعکردن بەخوتبە، لەوانەیە هەژموونی شەخسیی سەرکردە کاریگەری لە خوتبە نووسراوەکانیشیدا هەبێ، ئەگەر سەیری گەورە نووسەران بکەین —وەك رۆسۆ— دەبینین زیاتر بەو هەژموونەی هەیانە خەڵك قایل دەکەن تا بەبەڵگەکانیان، کە لەوانەیە بەزۆری لاواز بن.

گەورەترین دوژمنی وتاربێژ بیروباوەڕی پتەوی ریشە داکوتاوە لە دەروونی گوێگرانیدا. هەرکات ئەو بیروباوەڕە دەستی بەسەر بازنەی دەرك و فامی مرۆڤدا گرت، هەموو شت لەبەردەمیدا تێکدەشکێ، بیروباوەڕ قەڵایەکە کەس ناتوانێ بیبڕێ.

هەندێ جار هەژموونی شەخسی بەسە بۆ ئیقناعکردن، بەڵام نەك بەبەردەوامی، هەندێ سیفەتیتر هەن پێویستە لە وتاربێژدا هەبن، وتاربێژ بۆ ئەوەی توانای قایلکردنی هەبێ پێویستە لە بازنەی بیرکردنەوەی خۆی دەربچێ و بچێتە ناو بازنەی بیرکردنەوەی گوێگرانی و کاتێ کار لەوان دەکات خۆیشی کاری تێبکرێ. ئەمە بەسەر ئەنتونیوسدا هات، ئەوە بوو کاتێ وتارە زیرەکانەکەی لەبەردەم تەرمی قەیسەردا پێشکەش کرد، گوێگرانی لە چەند خولەکێکدا لە کەسانی سەرسام بە بکوژانەوە گۆڕی بۆ تۆڵەسێن و ئامادە بۆ سەربڕینی ئەو بکوژانە.

ئەو رەگەزانەی ئیقناعکردن کە باسمان کردن لەناو گرووپە عامیەکان و هەروەها لە مەجلیسە بەرزەکانیشدا بەبەردەوامی کاریگەرن، لە هەموویاندا پێویستە وتاربێژ بتوانێ پێشبینی بکات چی لە خەیاڵی خەڵکەکەدایە و سەرەتا وەك ئەوان بیر بکاتەوە تا بتوانێ وایان لێبکات وەك ئەو بیر بکەنەوە.

مسیۆ(تاردیو) لە وتارێکیدا سەبارەت بە وەزیری ئەڵمانی (بیلۆف) کە بەیەکێك لە گەورەترین وتاربێژەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێ، ئاماژەی بە سوودی ئەم بنەمایە کردوە و دەڵێ: "هونەری وتاربێژی لە ئەنجومەنە

سیاسیەکاندا لەسەر ئەوە دەوەستێ وتاربێژ بزانێ گوێگرانی چی لێ چاوەڕوان دەکەن، هەرکات ئەمە زانرا و وتاربێژ بەگوێرەی ئەوەی کرد ئەوە مژدەی سەرکەوتنی بدەرێ. وەزیر (بیلۆف) هەرکات وتاری بدایە ئەوەی باش دەزانی، کەس هێندەی ئەو بە غەریزەی خۆی هەستی نەدەکرد پێویستە چی بە جەماوەر بوترێ، لە وتار و رستەکانیدا رەچاوی زەوقی ساتەکەی دەکرد، وەك وتنەوەی شتە دووپاتەکان سەبارەت بە هێزی ئەڵمانیا، لەوانە "ئەڵمانیا رازی نابێ لەسەر هەردوو پێی بڕوات، ئەڵمانیا رازی نابێ بەوەی بخرێتە لاوە، ئەڵمانیا رازی نابێ گۆشەگیر بێ". ئەگەرچی وتنەوەی ئەم دووپاتانە شتێکی سواوە، بیلۆف دەیزانی لەگەڵ زەوقی بیسەرانی لە پەرلەمانتاران و خەڵکیتردا دەگونجێ، لەبەرئەوە وەك یاریکردن لەسەر تەختی شەترەنج یاری پێ دەکردن".

بینیمان حەشامات خۆشباوەڕیەکی بێسنووری هەیە، بەڵام ئەم بۆچوونانەی تەلقینی دەکرێن زۆربەی جار کاتی و مۆلەقن و هێز و بەردەوامییان نیە، حەشامات لە هەندێ قۆناغی مێژوویی دەگمەندا هەندێ بیروباوەڕی بەهێز بەدەست دێنن، کە بەهۆیانەوە، وەك لەسەرەتاکانی جەنگەکانی خاچپەرستی و جەنگە ئاینیەکان و لە ڕۆژانی شۆڕشی فەرەنسیدا، دەگۆڕێ بۆ لافاوێك دنیا ژێراوژوور دەکات، ئەم جۆرە کودەتایانە لە پیاوە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕە دەمهەراشەکان لەبەردەم پارێزەرانی سیستمی کۆمەڵایەتی و ترسنۆك لەبەردەم حەشاماتدا، ناوەشێتەوە، چونکە باوەڕی ئەمانە لەسەر هەوا و ئارەزوویەکی زۆری شەخسی دامەزراوە کە هەرگیز بیروباوەڕی هەمیشەییان لەسەر دانامەزرێ.

ئەگەرچی دەمێکە رۆڵی سەرکردەکان زانراوە، بەڵام دەروونناسان مافی خۆیان لە لێکۆڵینەوە پێ نەداوە، بێگومان هەر بەو شێوەیەش دەمێننەوە تا بەقووڵی دەچنە ناو پانتایی شاراوەی لاشعور، کە هۆی کردە و شێوەکانی بیرکردنەوەکانی تێدا گەشە دەکەن.

زیادەڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم دەروونی جادوگەر و جاودولێکراو، سەرکردە و بنکردە بەپێی یاسایەکی تەمومژاوی بەیەکەوە چپە دەکەن، ئەو جۆرە چپەکردنە بەرەو دەروازەی ئەو پانتاییە نەزانراوەمان دەبات کە جیهان بینیویەتی، بەبێ ئەوەی بچێتە قووڵایەکەی.

لە پانتاییە تاریکەکەوە دێین بۆ ئەو پانتاییانەی تێبینیکردنیان ئاسانە، وا لە خوارەوە روونی دەکەینەوە:

ئاماژەم بۆ ژمارەیەکی کەم لە رەگەزەکانی ئیقناع کرد، ئیقناعکردن زۆر رووی هەیە: ئیقناع بەکاریگەریی ژینگە، ئیقناع لەڕێی رۆژنامەکانەوە، ئیقناع لەڕێی لیژنە نهێنیەکانەوە، ئیقناع بە رێکلام، ئیقناع بەکاریگەریی بەرژەوەندیی شەخسی و...هتد. لەگەڵ ئەوەی وردبوونەوە لە ئیقناعکردن پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، بەڵام هێشتا زانایانی دەروون لەو دەرگایەیان نەداوە، ئەگەرچی ئەم دەروازەیە لە دەمەتەقێ بەتاڵەکانیان سەبارەت بە گوتەزاکانی (کانت)، یان سروشتی کات و شوێن، بەسوودترە.

لەنێو فاکتەرەکانی ئیقناعدا فاکتەری پەتای دەروونی وام لێدەکات بڵێم ئەو فاکتەرە بکەری سەرەکییە لە بڵاوبوونەوەی ئەو رووداوانەی پێشتر ئاماژەم بۆ کردن، وەك مانگرتنی کارمەندانی پۆستە و یاخیبوونی

بەرشلۆنە و...هتد، ئەم ڕووداوانە کە پاش ئەوەی دۆخەکە بۆیان لەبارە —وەك بێزاریی گشتی— سەرکردەکان فەرزیان دەکەن، لەڕێی پەتای دەروونییەوە بەخێرایی بڵاو دەبنەوە، ئەم پەتایە ڕۆڵێکی گەورەی لە زۆربەی ڕووداوەکانی مێژوودا هەیە، ئەو نەبوایە ئاینە گەوەکانی وەك مەسیحیەت و ئیسلام و بوودایی بڵاو نەدەبوونەوە، بەوە شۆڕشە گەورەکان و ڕێچکەبەستنی را و هەموو ئەوەی پێی دەڵێین ڕۆحی کات تەشەنە دەسێنن، پێدەچێ ئەمڕۆ کاریگەری لە هەر وەختێکیدی زیاترە، ئێستا بووەتە ڕۆژی ئەو حەشاماتەی پەیوەندیەکانی رابردوو پێکیانەوە نابەستێ.

بۆ جیاوازیکردن لەنێوان فاکتەرەکانی جوڵان لە تاکەکان و گرووپەکاندا، پێویستە جیاوازیی نێوان هەست و زیرەکی لەبیر نەکەین، ئەم راستیەم لە زۆر لە کتێبەکانمدا لەبەرچاو گرتوە، پاشان فەیلەسوف (ریبو) هات و بەدرێژی باسی گرنگیەکەی کرد.

ئێمە بە دەستەواژەی عەقڵی گوزاشت لە هەست و شعور دەکەین، تێکەڵبوونی هەست و شعور بە عەقڵ بەو شێوەیە وای کردوە لێك جیاکردنەوەیان دژوار بێ، پاش وردبوونەوە و پشوودرێژیەکی زۆر ئەنجا توانیمان هەست و عەقڵ لێك جیا بکەینەوە، بەوە زانیمان لەپاڵ لۆژیکی عەقڵیدا لۆژیکێکیش هەیە بۆ هەست و شعور، کە هیچ پەیوەندی بەوەی یەکەمەوە نیە، هەروەها دروست نیە ئەمیان بۆ تەفسیرکردنی ئەو کردەوانەی لەویتریانەوە دەردەچن بەکار بهێنرێ.

ئەو مێژووەی ئێستا لەبەردەستدایە و لەسەر دەستی هەندێ مامۆستا دانراوە کە جگە لە لۆژیکی عەقڵی هیچیتر نازانن، شتێکی دروستکراوە، ئەوان گەورەترین ڕووداوەکان کە چارەنووس و شارستانێتیی گەلانیان لەسەر دەوەستێ بە لۆژیکی عەقڵی لێکدەدەنەوە، ئەوان نازانن عەقڵ زانست بەرهەم دێنێ، بەڵام هەست و شعور سەرکردایەتیی مێژوو دەکەن.

## بەشی سێیەم

## سایکۆلۆژیای کرێکاران

نکوڵی لە سوودی توێژینەوە نوێکانی دەروونناسی ناکەم، من دەڵێم وردبوونەوە لە خۆشەویستیی ئەوانیدی لای بۆق و لاوازیی هەستی هاوسەرایەتی لای جاڵجاڵۆکە شتێکی بەسوودە، بەڵام من زۆرجار وای دەبینم زانایانی دەروونی خزمەتی گەورەتر لەوانە دەکەن ئەگەر روو بکەنە لێکۆڵینەوە لە رووداوە رۆژانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی هۆکانیان، رەنگە بەوە بگەنە زانینی هەندێ یاسای کۆمەڵایەتیی گرنگ.

ئەو بابەتانەی پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوە و تێبینیکردن هەیە زۆر بوون، ئەگەر بەزۆری دەبنە مایەی سەرسوڕمانێکی گەورە، لەبەرئەوەیە دەروونناسی نوێ هێشتا یاساکانی دیاری نەکردون.

لە (درافی) و شوێنانیتر یاخیبوونێکی گەورە روویدا، کە لە جۆری ئەو بزاوتە میللییە کتوپڕانەیە کە خەڵك بەلایانەوە سەیرە لەبەرئەوەی لەو یاسا دەروونییانە بێئاگان کە لێیانەوە پەیدا بوون، سەرانی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران فەرمانیان بە ئەنجامدانی کرد و سەربازەکانیان ناچار کرد لەبەردەم مەترسیی کوشتنیاندا بەرگری لە خۆیان بکەن. لە ئاکامەکانی چوونی زۆربەی سەندیکاکانی کرێکاران بوو بۆ پاڵ ئەو کۆمەڵەیە، مانگرتنی کرێکارانی چاپخانەکان تا رێگە لە دەرچوونی رۆژنامەکان بگرن، هەروەها مانگرتنی کارەباییەکان کە پاریسی لە روناکی شەوێك بێبەش کرد.

ئەم رووداوانە بەشاراوەیی دەمێننەوە بەلای ئەو کەسەی دیراسەی رۆحی گەل نەکات، ئەو ئامرازانەیش خوێندەواران پێشنیاریان ئەکەن بۆ ئەوەی جارێکیتر روونەدەنەوە، بەڵگەن لەسەر ئەوەی تا چ رادەیەك لە رۆحی حەشامات بێئاگان.

رووداوەکەی درافی لەو رووداوە دیارانەیە هەق تێیدا لای یەکێك لە دوو لایەنەکەیە، هێمایە بۆ یاخیبوون لە یاساکان و هێرشێکی توندە بۆ سەر ئەو یەکە سەربازیانەی ئەرکی پاراستنی موڵکە شەخسیەکانیان پێ سپێردراوە، دامرکاندنەوەی ئەو یاخیبوونە زەروری بوو، هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نیە چاوپۆشی لە شتی لەو جۆرە بکات، بەڵام مامەڵەی شیاوی حکومەت لەتەکیدا جێگەی سەرزەنشتی سەرجەم چینەکانی کرێکاران بوو، بۆچی؟

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دووبارەی دەکەینەوە کە حەشامات ملکەچی حوکمی هەندێ هەڵنێر دەبێ کە لەگەڵ عەقڵ ناکۆکن، گفتوگۆ سەبارەت بەم هەڵنێرانە بێسوودە، ئەوەی پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە ئەو کاریگەرییەیە لە دەروونداا دروستی دەکەن.

بۆ ئەوەی بزانین ئەو دنەدانانە چ کاریگەریەکیان هەیە، با لەبیرمان بێ وەهمەکان چ دەسەڵاتێکیان بەسەر رۆحی گەلدا هەیە، ئینکاریکردن لەو دەسەڵاتە نەناسینی مێژووە، لەو رووداوانەی مێژوو بۆمانی باس کردوون هەمیشە رۆڵی عەقڵ بەکزی و رۆڵی خەیاڵ گەورە دەبینین، ملیۆنان کەس لەپێناو وەهمدا

لەناوچوون، بەوەهم بەهێزترین دەوڵەت دامەزراون، وەهم هێشتا وەك رابردوو ڕۆڵی هەیە، ئەوەتا ئەمڕۆیش سیحر لە جەماوەر دەكات وەك چۆن لە مێژوودا سیحری لێ كردون.

بۆ لێكۆڵینەوە لە هزری كرێكاران پێویستە سەرەتا وەسفە گشتیەكانی حەشاماتمان لەیاد بێ، پاشان ئەو هزرانەی كرێكاران ئاراستە دەكەن و جوڵەیان ڕێك دەخەن.

كۆمەڵ (الجماعة) مەرج نیە بریتی بێ لە كۆمەڵە كەسێك لە یەك شوێندا كۆ بووبنەوە، دەكرێ لە دوورەوە لەڕێی میدیا و تێلیگرافەوە تەلقینی خەڵكانێكی لێك دوور بكرێ تا ببنە هەڵگری سیفەتەكانی كۆمەڵ، واتە سیفەتەكانی زوو هەڵچوون، بێباری، هەڵمەتبردنن خۆشباوەڕی، لەدەستدانی هەستی رەخنەگرتن، ناعەقڵانیبوون، زێدە پیرۆزكردن و پێویستبوون بە گەورەیەكی گوێڕایەڵیكراو. جوڵە توندەكانی كۆمەڵ بەتایبەت بەهۆی هەڵنانی هەندێ سەركردەوە دەبێ، ئەمڕۆیش وەك رابردوو ئامادەیە بۆ كڕنووشبردن لەبەردەم هەموو تاكڕەوەكاندا. (تارد) دەڵێ: "كۆمەڵەكان بەم وەسفانەی خوارەوە لەیەك دەچن: نالێبوردەیی توند + لوتبەرزیی نامۆ + هەڵچوونی گەورە + لەئەستۆنەگرتنی بەرپرسیارێتی، كە زادەی وەهمی خۆ بەبەهێز زانین و دان بەخۆدانەگرتنیانە. حاڵەتی ناوەڕاستی لەنێوان نەفرەتكردن و پەرستن، لەنێوان ترس و حەماسەت، لەنێوان بەرزكردنەوە و نزمكردنەوەدا، لەلا نیە.

ئەم سیفەتە دەروونییانە لە سەرجەم ئەو جموجوڵە جەماوەرییانەدا دەردەكەون كە تازە روویان داوە، نەخاسمە لە جموجوڵەكەی (درافی)دا، ئەوە بوو كرێكاران –وەك هەندێ لە سەركردەكان فەرمانیان پێ كردبوون– هێرشیان كردە سەر یەكەیەكی سوپا و سەربازەكانیش بەرانبەریان وەستان، ئەم بەرانبەر وەستانە چینی كرێكارانی تووڕە كرد كە –وەك هەموو گرووپێك– گومانی وابوو لەسەروو یاساوەیە، لەبەرئەوە زووبەزوو چوونە ریزی ورووژێنەران و نەفرەتیان لەو حكومەتە دەكرد كە ڕێگری لە سەربازانی نەكردوە بەرگری لە خۆیان نەكەن و ڕێگە بدەن سەریان ببڕن.

ملكەچی ئەو حەشاماتە بۆ فەرمانەكانی سەركردەكانیان تەنیا بەو دڵڕەقییەدا دەرنەكەوت كە دژی سەربازان بەكاریان هێنا، بەڵكو لەو دوو مانگرتنەیشدا دەركەوت كە پاش سەركوتكردنی ئەو یاخیبوونە روویاندا، هەرچی مانگرتنی كرێكارانی چاپخانەكانە كە مەبەست ڕێگرتن بوو لە دەرچوونی ڕۆژنامەكان، سەركەوتنێكی ناتەواوی بەدەست هێنا لەبەرئەوەی سەرانی ئەو كرێكارانە كەللەڕەقییان نەكرد و پاشەكشەیان كرد، بەڵام مانگرتنی كرێكارانی كارەبا سەركەوتنی بەدەست هێنا، لەبەرئەوەی فەرمانەكە بۆ ئەنجامدانی بێ لاموجیم بوو، ڕێگەی بە مشتومڕ و رەد و بەدەڵ نەدەدا، بڕوانە كۆپی ئەو فەرمانەی هەریەك لە كرێكاران وەریانگرتبوو: "لیژنە فەرمان بەسەرجەم ئەندامانی دەكات ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی ئابی ساڵی ١٩٠٨ لە كاتژمێر هەشتی ئێوارەوە تا دەی بەیانی دەست لەكار هەڵبگرن. ئیمزا ب."

بەشێوەیەك گوێڕایەڵیی (ب) کرا کە نە قەیسەر و نە هیچ حاکمێکی رەها گوێڕایەڵی نەکراوە، رۆژنامەکان بە ملکەچیەکی تەواوە فەرمانەکەیان بڵاو کردەوە، بۆچوونەکانی خۆی بۆ درکاندن کە رقی لە بنەمای بەسەربازکردنی گشتییە، رقی لە حکومەتە، رقی لە پاشای بەلجیکایە و رازی نیە بەوەی سەرۆك وەزیران سەرباز لەجێی کرێکارانی کارەبا دابنێ و بەم نزیکانە رێنماییەکانی خۆی بۆ دەنێرێ.

وادیارە ئەم سەرکردەیە لە مەسەلەی گاڵتەجاڕی باش تێدەگات، ئەو مانگرتن بە داری سیحری دادەنێ کە بۆ کرێکاران بەسوودە، بەڵام پێی وایە مایەی شەرەفە یەکێك لە پیاوانی حکومەت ئاگەداری بۆچوونەکەی بێ. بەڵام من –سەرەڕای ئەو سەروەریەی هەیەتی– ئامۆژگاری دەکەم پشت بە بەردوامیی دەسەڵاتەکەی نەبەستێ، چونکە ئەو لەڕاستیدا بریتییە لە رەمزێك کە رەنگدانەوەی رۆحی کۆمەڵە، کە دەشێ کەسانیتری جگە لەو بیقۆزنەوە، حەشامات سەرباری گوێڕایەڵیی توندی بێبارە و زوو گێڕ دەگۆڕێ، ماوەیەکی زۆر تێناپەڕێ دەبینین ئەستێرەی (ب) ئاوا دەبێ وەك لە سەرانی یاخیبوونی سەربازان قەوما، ئەوکاتە جێی خۆیەتی هەوڵ بدات کورسیەك لە (سۆربۆن) بەدەست بێنێ تا سەبارەت بە دەروونناسیی پراکتیکی وانە بڵێتەوە و هونەری سەرکردایەتیکردنی حەشامات فێری رێبەرانی حزبەکان و سەرانی پیشەسازی بکات.

سوودی ئەو وانانە زۆر گەورە دەبێ، بێگومان زۆر لە رێبەرانی حزبەکان و خاوەن پیشەسازیەکان تەواو لە سایکۆلۆژیای حەشامات نەشارەزان، ئەوان باوەڕیان وایە بە ملکەچکردنیان بە حەشامات سیخریان لێدەکەن، لەکاتێکدا شتەکە پێویستە پێچەوانەی ئەوە بێ، ئەوەی پشتگیری ئەو نەفامییە سەیرە دەکات ئەو نارەزاییەیە پەرلەمانتارە سۆشیالیتەکان لەئەنجامی راخیبوونەکەی (درافی) بڵاویان کردەوە، ئەو نوێنەرانە سەرباری نەفرەتبارانکردنیان لەلایەن سەرانی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکارانەوە، هێشتا شەرم نەیگرتن و رایانگەیاند ئەوان "پشتگیری لە کرێکارانی مانگرتوو و یاخی دەکەن و پشتگیری ئەو سەندیکایانە دەکەن کە ئەندامن تێیاندا و بەرگری لە هەر شتێك دەکەن نەداران (الصعاليك) بڕیاری بدەن".

ئاخۆ راگەیەنراوێکی دەستهەڵگرتن لە هەموو دەسەڵاتێك بۆ سەرانی ئەو کۆمەڵەیە؟

ئەو بۆچوونە بێنرخانە پڕن لە زانیاریی دەروونی، لە فۆرمێکی عەلمانیدا نزمترین رۆحی ئاینی بەرجەستە دەکات، لەڕاستیدا من ئەو زاهیدانەم پێ باشترە کە لەبەردەم فەرمانەکانی پاپادا سەر دەلەقێنن، لەو پیاوانەی سیاسەت کە لەبەردەم فەرمانەکانی هەندێ لە سەرکردەکانی حەشاماتدا دەچەمێنەوە، چونکە زاهیدەکان لانیکەم دوورن لە خۆپەرستی و بەرژەوەندیی شەخسی.

ئەوەی لە دەسەڵاتی ئاینیانەی رۆح بێئاگا بێ، لە نهێنی ئەوە تێناگەن کە چۆن پیاوانێکی رۆشنبیر برایەتی کەسانی ئانارشیست دەکەن، مافی کوشتنی سەربازان و رێگرتن لە دەرچوونی رۆژنامە و وەستاندنی ژیانی گشتی و هەندێ مەرامیتر بەخۆیان دەدەن کە نیرۆن و هلیوگابالیش خەونیان پێوە نەدیوە، ئەی ئەو پیاوانە

لەپشت ئەو ملکەچبوونەیان چی بەدەست دێنن؟ بێنرخبوونیان لەلایەن ئەو سەرکردانەی حەشامات خزمەتیان دەکەن، بەدەست دێنن.
بەڵێ نوێنەرە سۆشیالیستەکان بەو رەفتارەیان سەلماندیان لە بارەکانی دەروون بێئاگان، بەڵام زۆر لە پارێزەرانی سیستەمەکەیش حەزەر و بەرچاوڕۆشنیی زیاتریان لەوانەیان لێوە نەبینرا. یەکێك لەو سیستمپارێزانە پەرلەمانتارێکە، لە یەکێك لە رۆژنامەکاندا نووسیویەتی "رووداوەکانی (درافی) بەهۆی خەمساردی پەرلەمانەوە لە پەسەندکردنی سەرجەم ئەو پرۆژەیاسایانەی سەندیکاکان پێشکەشیان دەکەن روویان دا، لەبەرئەوە پێویستە پەلە بکرێ لە پەسەندکردنیان". ئەم جۆرە قسەیە ئەوە دەگەیەنێ حکومەت دوای ئەوەی هێڵە ئاسنینەکانی خۆرئاوای کڕی پێویستە باج بەسەر داهاتدا بسەپێنێ، بەوە لە سامانەکان ئاگەدار دەبێ و هەرکات ویستی بەئاسانی دەتوانێ لە دەستی خاوەنەکانیانی دەربێنێ.
خوێنەر لەوەی لە حزوری سەرۆك وەزیراندا رووی دا تێدەگات ترس چ ئەنجامێکی دەبێ، ئەویش کاتێ لە دووەم رۆژی مانگرتنەکەدا بەڕێوەبەرانی شەش لقەکەی کارەبای لە پاریس کۆکردەوە، لەو رووەوە سەرۆك وەزیران رازی نەبوو شارێکی گەورە کە سێ ملیۆن کەسی تێدا دەژین —وەك شاری پاریس— بەدەست مەرامی مشتێك لە پیاوانی سەندیکاکانەوە بناڵێنێ، ئاماژەی دایە ئەو بەڕێوەبەرانە دەستبەجێ کرێکارەکانیان دەربکەن و ئەو کەتیبەیەك سەربازیان لە جێگەدا دادەنێ، بەڵام جگە لە یەکێکیان کەسیان بە پێشنیارەکەی رازی نەبوون، ئەوانیتر داواکەیان رەفز کرد و ملکەچکردن بۆ فەرمانەکانی سەرۆکی سەندیکایان هەڵبژارد، رۆژی دواتر ئەوانە دیدەوان (رائد)ێکیان نارد بۆ لای سەرۆك وەزیران تا پێشنیاری کارێکی بخاتە بەردەم بە مووچەی چوار هەزار فرەنك. من چیرۆکی ئەو ترسنۆکیەم نەدەگێڕایەوە —کە خەریکە جێی باوەڕ نەبێ— ئەگەر شایەتێکی جێمتانە کە بەچاوی خۆی رووداوەکەی دیوە، بۆی باس نەکردمایە.
ئەو ترسنۆکییە گەورەیەی بەڕێوەبەرانی کارەبا لە پاریس کۆمەڵێ ئەنجامی لێکەوتەوە، کە دەکرا خۆیان لێ لابدرێ ئەگەر با بۆ ماوەیەکی کورتیش بوایە، کرێکارەکانیان دەربکردایە. حەشامات هەردەم رقیان لە لاوازییە و رێزی هێز دەگرن، لە مێژوودا بەهایەك نیە بەسەرکزکردن و ترسنۆکی بەدیهاتبێ، ئەوەی دەرکردنی کرێکارانی کارەبای ئاسان دەکرد ئەوە بوو ئەو مەکینانەی لە لقەکانی پاریس بوون بە میکانیکی کاردەکەن، لەبەرئەوە راهێنانی سەربازان لەسەریان ماندووبوونی زۆری نەدەویست.
زۆر رۆژنامە رەخنەیان لە رەفتاری شەرمهێنانەی ئەو بەڕێوەبەرانە گرت، رەخنەیەك شیاوی سوپاسە. لە (تان)دا هاتووە: "لە روودانی قەیرانە کۆمەڵایەتیەکەوە هیچ شتێك هێندەی ئەو لاوازییە مەترسیدار نەبووە، یاخیبوونی کرێکاران لەپاڵ ئەو ترسنۆکییە ئابرووبەرانەی ئەوانەدا هیچ نیە، حکومەت بەئەرکی خۆی هەستا و ئامادەیی بۆ یارمەتیدانیان دەربڕی، بەڵام ئەوان سەرشۆڕکردنیان بەچاك زانی". لەبەرئەوە دەڵێین ئەگەر

خاوەن کارەکان بەرگری لە خۆیان نەکەن و رۆحی حەشامات نەناسن، شایانی ئەو کەوتن و بەدچارەنووسیەن کە هەڕەشەیان لیَ دەکات.

سایکۆلۆژیای کرێکاران —جگە لە سیفەتە گشتیەکانی حەشامات— هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە بەکاریگەریی دووبارەکردنەوە و پەتا لە چەند بنەمایەك بەدەستی هێناون، ئەو بنەمایانە لەم وشانەی خوارەوەدا کورت دەبنەوە کە حزبی یەکێتیی کرێکاران دایانڕشتوون و دەڵێ: "کرێکار سامان پەیدا دەکات بەبێ ئەوەی سوودی لێ ببینێ، ئەوانەی سوودی لێ دەبینن خەڵکانێکیترن کە پەیدایان نەکردوە". دیارە چارەسەرکردنی ئەو ناهەقیەیش بە لەناوبردنی کۆمەڵگەی ئێستا دەبێ لەپێناو چینی کرێکاران و "بەهێزکردنی هەندێ گرووپ بەمەبەستی داماڵینی سەرمایە لەدەست خاوەنەکانیان و رێکخستنی کۆمەڵگە بەپێی پلانی کۆمۆنیزم".

تا ئەوکاتەی ئەوە روودەدات لیژنە فەرمان بە دووبارەکردنەوەی مانگرتن دەکات کە دەبێتە هۆی زیادبوونی کرێ، لێرەیشەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قازانجی پرۆژە کۆنەکان، چونکە ئەو ترسنۆکیەی بەڕێوەبەرانیان و خەمساردییان لەئاست بەرژەوەندیەکانی خاوەن پشکەکاندا وایان لێدەکات بەدەم داوا دووبارەکانی کرێکارانەوە بچن، تا وای لێدێ قازانج و نرخی پشکەکان وەك نەبوویان لیَ بێ.

یەکێك لەو ئاکامانەی نزیکە روودەدات دۆزینەوەی پشکداران بۆ پرۆژە تازەکان ئاستەم دەبێ، ئەوەتا لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەمان پێدان رۆڵەکانی وڵات پشکداری لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بەباشتر دەزانن، ئەگەر بمانەوێ باسی ئەو بەرهەمانە بکەین کە لە فەرەنسا دەفرۆشرێن و لە دەرەوە دروست دەکرێن، ئەم کتێبە بەشی نەدەکرد، کرێکاریش لەبەر هەستنەکردنی بەوەی رووی داوە خەریکە مریشکی ئاڵتون سەربڕێ، هەروەها لەبەرئەوەی ناتوانێ ئاکامی شتەکان بخوێنێتەوە، چاوی تەنیا ئەو شتانە دەبینێ کە دەستودەم سوودی پیَ دەگەیەنن و کار بۆ شتێك دەکات کە سەرەنجام دەبێتە مایەی هەژارکەوتن و لەبرسا مردنی خۆی.

ئەوەی کەوتنی چینەکانی کرێکاران خێراتر دەکات خۆهەڵکێشان و پۆزلێدانی کەسانی بێنرخی نیمچە نەزانە کە بەم نزیکانە بەیداخی یاخیبوون هەڵدەگرن، ئەو بێنرخانە کە —لەبەرئەوەی ئەو بڕوانامانەی لە لەبەرکردنی کتێبەکانی قوتابخانە دەستیان کەوتوە پایەی بەرز نەکردونەتەوە— لە بەختڕەشیی خۆیان تووڕەن، نەفرەت لە کۆمەڵگەیەك دەکەن چاوی بلیمەتیی ئەوان نابینێ و گوێ بە چارەنووسی کرێکاران نادەن، ئەوان لەبەر دوورییان لە راستیی شتەکان و خواستەکانی ئابووریی باڵادەست بەسەر شارستانێتییە نوێکاندا، وای دەبینن کۆمەڵگەی داهاتوو بەڕێزەوە لەبەردەم بەهرە نایابەکانی ئەواندا، کە کۆمەڵگەی ئێستا نرخی نەزانیوە، دەچەمێتەوە.

ئەو کرێکارەیش ئەو دۆڕاوانە –کە بەرهەمی زانکۆکانمانن– چەواشەیان کردوە، وا ئەو باوەڕەی لەلا دروست دەبێ قوربانیی ستەمێکی گەورەیە، لەبەر ئەو باوەڕەیشی تەنیا بیر لە یاخیبوون دەکاتەوە، بەم شێوەیە دەبینین مێشکی خەڵکی سادە پڕ دەکرێ لە وەهم، یەکێك لەو وەهمانە ئەوەیە کرێکاری سادە وا تەسەور دەکات ئەو بەرهەمهێنی ئەو کاڵایانەیە کە خۆی سوودیان لێ نابینێ، ئەگەر باش بیری بکردایەتەوە دەیزانی بەدیهێنەرانی سامان خاوەن کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئەندازیار و زانایانن کە خاوەن توانا و کارامەیی ئەوتۆن کرێکار نیەتی، کرێکار هیچ رۆڵێکی لەو داهێنانە گەورانەدا نەبووە کە لەسەریان دەژی، راستە کاری کرێکار یارمەتیدەرە لە سوودبینین لەو داهێنراوانە، بەڵام بەرهەمە تەکنەلۆژیەکان تادێ رۆڵ و کاریگەریی ئەو کەم دەکەنەوە، وای بەشێوەیەك ئیشی کرێکاران لە زۆربەی سنعەتەکاندا –بەتایبەت لە پیشەسازیی ئۆتۆمبێلدا– ناگاتە زیاتر لە پێنجیەکی نرخی شتە دروستکراوەکان.

دەوترێ کرێکاران کرێی شایستەیان نادرێتێ، بەڵام ئایا ئەمە راستە؟ نەخێر، زۆربەی کرێکاران ئەمڕۆ کرێی زیاتر بەدەست دێنن لەوەی زۆر لە رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست (واتە چینی بۆرژوازی) دوای بیست ساڵ هەوڵ و تێکۆشان بەدەستی دێنن، لەناو ئەوانەدا ژمارەیەکی زۆر لە دادوەران و ئەفسەران و پزیشکان و ئەندازیاران و فەرمانبەران و هیتر هەن کە پەروەردەیەکی باڵایان بەدەست هێناوە، لە زۆربەی کارگەکانی پاریسدا –بەتایبەت لەکارگەکانی ئۆتۆمبێل– نزمترین کرێکار کرێکەی شەش فرەنکە لە رۆژێکدا، کە لە کرێی هەندێ لە فەرمانبەرانی قوتابخانەکان زیاترە، هەرکات کاری کرێکار هەندێ کارامەیی تێدا بێ کرێی رۆژانەی دەگاتە چواردە فرەنك لە رۆژێکدا.

یەکێك لە وەهمە میللیەکان ئەو وەهمەیە دەڵێ خەڵك لە عەقڵدا یەکسانن، لەبەر ئەم وەهمە کرێکاران دەسکەوتەکانی سەرۆك کارگەکان بە ناڕەوا دادەنێن، لە دیدی گرووپەکاندا کرێکاری سادە وەك کەسی پسپۆڕ دەتوانێ کارگە بەڕێوە ببات یان کاروبارەکانی کۆمپانیا رێك بخات، بەڵام ئاخۆ ژمارەی ئەو پرۆژە پیەشسازییانە چەندن کە ئەنجامیان داون و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە؟

رق لە باشترینەکان (الافضلیات) لەم کاتەدا گەیشتۆتە رادەیەك زۆر لە شارە گەورەکان وەك شاری بریست و دیجون و روبیە و تولوز و...هتد ئەنجومەنی شارەوانی خۆیان لەناو کرێکاران و بەکارهێنەرانی وێستگەکان و وردەفرۆشاندا هەڵبژێرن، بەڵام کاتێ ئەوانە کەوتنە بەفیڕۆدانی پارەی شارەوانیەکان خەڵك لە یەکەم هەڵبژاردندا خۆی لێیان رزگار کرد، هەمان شت لە ئەلزاس و لورین روویدا و بوو بەمایەی خستنی ئەندامانی کرێکاران لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانیان، نەخاسمە لە شارەوانیی ستراسبۆرگ و مولهوز.

لەو رووەوە گەلان تەنیا ئەزموون فێریان دەکات، دەبینین روودانی ئەو شتانەی ئاماژەمان پێدان، سەرباری ئەو زیانانەی لێیان دەکەونەوە، پێویستن، دەستگرتنی کرێکارانی ئیشتراکی بەسەر کاروباری سەرجەم شارەوانیەکانی فەرەنسادا، بەحەتمی دەبێتە مایەی رقی خەڵك لە ئیشتراکیەت، ئیتر رەنگە ئەوکاتە

حەشامات بۆیان دەربکەوێ سروشت رازی نەبووە مرۆڤ بەیەکسانی خەلق بکات و لێوەشاوەیی بناغەی هەموو شتێکە، هەروەها بەدیهێنەرانی هێز و سامان و مەزنیی نەتەوە خاوەن عەقڵە گەورەکان و هزرە رۆشنەکانن لە زانایان و خاوەنکاران و هونەرمەندان و ئەندازیاران و ...هتد. بەپێەوانەی خواستی زۆر لە دەرمارگیرە بێنرخەکان، حەشامات دەست بەسەر سەرمایەدا ناگرن، چونکە سەرمایەی راستەقینە زیرەکییە و ناتوانرێ کەس لەم سامانە بەنرخە دابماڵرێ.

بەشی چوارەم

## شێوە نوێکانی ویستی گەل

ئەگەر تەماشای ئەنجامە راستەوخۆکانی مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستە بکەین بە مانگرتنێکی ئاسایی دادەنێین، بەڵام ئەگەر تەماشای هۆ دوورەکانی بکەین، ئەوا بە یەکێك لەو رووداوانەی دەبینین کە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی گەلدا دەکاتەوە.

لەڕاستیدا خەڵك بۆ یەکەم جار بینییان کۆمەڵگە بەرەو پوکانەوە و دابەشبوون دەچێ بۆ چەند دەستە و تاقمێکی بچوکی لێکچوو، هەروەها ئامادە بۆ قوربانیدان بە بەرژەوەندیی گشتی کاتێ تروسکایی بەرژەوەندیەکی تایبەتیان لێ دەربکەوێ، لەڕاستیدا جیهانی شارستانی بینی فەرمانبەرانی پۆستە وەك شارێك مامەڵەیان لەگەڵ باقی نەتەوە دەکرد کە دوژمن گەمارۆی داوە تا لە جیهانی دابڕێ و ناچاری بکات لەبرسا خۆی بەدەستەوە بدات.

ئەو خۆپەرستییە سەرنجی زۆر لە بێگانەکانی راکێشا، لە "تایمس"دا کە گرنگترین رۆژنامەی ئینگلتەرەیە نووسراوە: "ئێمە خەمبارین لەو دیمەنە شوومەی لەئەنجامی ئەو مانگرتنەی ئێستادا بەسەر هەندێ لە ماکەکانی ژیان لە فەرەنسادا هاتووە، خۆ ئەگەر قەیرانە ئەوروپییەکە لەم رۆژانەدا بە راگەیاندنی جەنگ کۆتایی پێ بهاتایە، هێزی فەرەنسا لە ماوەیەکی کورتدا ئیفلیج دەبوو، بەحەتمی نسکۆیەکی نەتەوەیی بەسەردا دەهات، جا تاقمێك لە فەرمانبەران لەم دۆخەدا کە ئەوروپا بە ساتەوەختێکی سەختدا تێدەپەڕێ، ئاوڕ لەم شتانە نادەنەوە، یان ئەوەتا عەقڵ و زیرەکییان ناتەواوە، یان لە هەر هەست و سۆزێکی نیشتمانی شۆراونەتەوە".

سووکایەتیکردنی دەستەیەك لە رۆڵەکانی وڵات بە بەرژەوەندیی گشتی هیچ نیە جگە لە رواڵەتێك لە رواڵەتەکانی ئەو مانگرتنە. روودانی لەناکاو بوو، ئەویش لەئەنجامی دروستبوونی کۆمەڵێ تاقمی کۆمەڵایەتی بەهێز و شاراوە لە سەروەختێکی زووەوە، کاتێ یەکێك لەو تاقمانە هەستی بە هێزی خۆی کرد، رووبەرووی حکومەتی دەستووریی وڵات وەستایەوە و سەلماندی لە ئایندەدا چ رۆڵێکی دەبێ، وەستانی ئەو تاقمە دژی حکومەت وەستانە بەڕووی سۆشیالیزمدا، کە زادەی رێبازی حکومییە، لەبەرئەوە سۆشیالیستەکان بە خۆشحاڵبوونیان بە سەرکەوتنی مانگرتنێك کە مەوداکەی نازانن، هەڵە دەکەن.

ئەوەی سەرکەوتنی کارمەندانی پۆستەی فەرز کرد رقی خەڵك بوو لە پەرلەمانێك هیچی نەکردوە جگە لە دانانی کۆمەڵێ یاسای دژبەیەك و چەوساندنەوەی تەواوی هەندێ چین لە رۆڵەکانی وڵات، بەسەرهاتی ئەو جابیەی لە مەسڵەحەی پۆستەدا کاری دەکرد و یەکێك لە بەڕێوەبەرەکان داوای لابردنی کردبوو لەسەر ئەوەی بەبەردەوامی دەچێ بۆ نوێژ، بێزاریی جەماوەر و هاوسۆزبوونی لەگەڵ مانگرتووان لێ کەوتەوە.

ئەو پەرەسەندنە نوێیە لە ئارەزووەکانی خەڵکدا بەرەو قۆناغی پاشاگەردانی و پاشەکشەمان دەبات، کاتێ شۆڕشی فەرەنسی ئازادی لە جێگەی گرووپەکانی گرووپەکانی کرێکاران دانا، دەبینین ئەو گرووپانە زیندوو دەبنەوە، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بۆ باجی شەخسی بۆ خۆلادان لە چەوساندنەوەی میری، هەوڵ دەدەین باجێکی قورستر لە هەر چەوساندنەوەیەك فەرز بکەین، کەواتە جۆرەکانی تاکڕەویی رابردوو بەناوی نوێوە دەردەکەونەوە، لە ئایندەدا ئازادی دەبێتە هێما بۆ رق و کینەی رۆڵەکانی نیشتمان بەرانبەر یەکتر.

مانگرتنی لەناکاوی کارمەندانی پۆستە بەبێ پاساو بۆمان دەسەلمێنێ ئەوە زادەی سایکۆلۆژیەتی حەشاماتە، لەکاتی راگەیاندنیەوە ئەو کارمەندانە هۆیەکی پەسەندکراویان بۆ نەدۆزیوەتەوە، لە بەیاننامەیەکدا کە لیژنەی ناوەندیی مانگرتن دەریکردوە و لە رۆژنامەی (ماتان) لە ١٩ی ئاداری ١٩٠٩دا بڵاو کراوەتەوە، هاتووە: "بۆ ئەوە مانمان نەگرتوە تا بەرگری لە بەرژەوەندییە پیشەییەکانمان بکەین، بەڵکو جوێنەکانی مسیۆ (سیمیان) بۆ هاوکارە خاتونەکانمان بووەتە مایەی تووڕەیی سەرجەم کارمەندانی پۆستە".

بەڵام مانگرتووان هەر زوو هەستیان کرد ئەو هۆیە بەس نیە بۆ پاساودانی وەستاندنی ژیان لە وڵاتدا، لەبەرئەوە کەوتنە گەڕان بەدوای هۆیتردا و هۆیەکی تەموژاوییان دۆزیەوە، ئەویش ئەوەیە حکومەت خاتری هەندێ کارمەندی گرتوە و سێ مانگ پێش لە ماوەی دیاریکراو پلەی بەرز کردونەتەوە.

لەڕاستیدا ئەو مانگرتنە هۆیتری هەبوو، هەڵوێستی فەرمانبەرانی پۆستە هیچی وای تێدا نیە پاڵپشتی بکات و بەڕاستی دابنێ، ئەوان لە بارێکی زۆر باشدا بوون، نەخاسمە دوای ئەوەی پازدە ساڵ لەمەوبەر سەرجەم داواکانیان جێبەجێ کران و مووچەیان لە هی زۆر لە فەرمانبەرانیتر و کرێکارانی دەستەبژێر زیاترە، کە لە ئاستی فێربووندا لەگەڵیان یەکسان و لە کاردا لەسەروو ئەوانەوەن.

ئەو فەرمانبەرەی مانگرتنەکەی بەڕێوە دەبرد مووچەکەی شەش هەزار فرەنکە، ئەو فەرمانبەرەی نیشانەی خراپی هەبێ دوای تێپەڕبوونی چل و پێنج ساڵ بەحەتمی مووچەکەی دەبێتە ٤٤٠٠ فرەنك ئەگەر لە ئۆفیسی جێگیردا کار بکات، هەروەها ٥٥٠٠ فرەنك ئەگەر گەڕۆك بێ. مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرانیش لە دوو لەسەر سێی مووچەی کاتی کارکردنیان کەمتر نیە، ئەوانەی لێوەشاوەن سێ ساڵ جارێك پێش دەکەون، ئەوانەیش لێوەشاوەییان لەوان کەمتر بێ سێ مانگ پاش ئەوان. کاتێ رێنماییەکانی پێشکەوتنی فەرمانبەران بڵاو کرایەوە، رۆژنامەکان رەخنەی ئەوەیان لە ئیدارە گرت کە ئاسانکاری کردوە، بەوەی پلەی فەرمانبەران بەپێی لەپێشبوون (قیدەم) بەرز دەکاتەوە بەچاوپۆشین لەوەی نیشانەکانیان چەند خراپە.

کەوابێ هۆی ئەو مانگرتنە چی بوو؟ هۆکەی بایەکی لەخۆباییبوون بوو لای تاقمێك لە فەرمانبەران کە هەست بە بەهێزییان دەکەن، حکومەتیش چاوی لەئاست بەدەستهێنانی ئەو هێزەدا نوقاندبوو. لە رۆژنامەی (تان)دا هاتووە: "وەزیرەکان و راوێژکارانیان کە دوازدە ساڵە دەستیان بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا

گرتوه، درێژەیان بە سیاسەتی سۆزبزواندنی ژێردەستەکانیان داوە، لەبەردەم گوێیان بۆ سەرجەم داواکانیان گرتوە و جێبەجێکردنیان بەئاسان داناوە، بێئاگا لەو قاڵبەی ئەو داوایانەی تێدا بەتاڵ کراوەتەوە".

دەسەڵاتیش سەرکزانە مەرایی بۆ بریکارانی سەرجەم فەرمانبەران دەکرد، دەرکەوتوە "سەرۆکەکەیان هەموو هەفتەیەك لەگەڵ راوێژکاری دەوڵەتدا نانی ئێوارە دەخوات، کە سەبارەت بە خشتەی پلەبەرزکردنەوە (تەرقیە)ی فەرمانبەران و دامەزراندنی بەڕێوەبەران راوێژی پێدەکرد".

لەئەنجامی گفتوگۆیەکدا،بەهۆی بەشنەکردنی بودجە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییە زیادەکان، لەپڕ گرژی کەوتە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا، جا لەبەر ئەوەی ئەو بریکارانە وا راهاتوون بەزمانی "بکە و مەکە" لەگەڵ سەرۆکەکان بدوێن، کاتێ بەرهەڵستییان کرا شێتگیر بوون و کەوتنە هەڕەشەلێکردنیان. شتێکی بەلگەنەویستە ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان کاتێ دەسەڵاتە فشۆڵەکە یەکەم جاری بێ داواکانیان رەفز دەکات.

کێشمەکێشەکە بەم شێوەیە بووە:

کاتێ شاندی پیاوانی پۆستە لە ١٣ی ئادار گەڕانەوە بەبێ ئەوەی وەزیر داواکەی سەبارەت بە پلە بەرزنەکردنەوە بەبژاردە پەسەند بکات، چوون بۆ فەرمانگەی ناوەندیی تێلیگراف وکەوتنە هات و هاوار و دروستکردنی پشێوی، رۆژی دوای ئەوە فەرمانبەرانی پۆستە و تێلیگراف لە (تیفولی فوهال) کۆبوونەوە بەکۆی دەنگ بڕیاری مانگرتنیان دا.

ئەی دوای ئەوە چی رووی دا؟ دوای ئەوەی حکومەت بەرەنگاریەکی لاوازی کرد کە چەند رۆژێك بەردەوام بوو، خۆی ریسوا کرد و چەکی فرێدا ئەگەرچی ئەنجومەنی نوێنەرانیش پشتی گرتبوو. راسپێراوی فەرمانبەرانی پۆستە زانی چۆن باسی بەزینی حکومەت بۆ هاوڕێکانی –کە حەماس گرتبوونی– بکات، بەم شێوەیە: "کاتێ کاربەدەستانم لە ژووری سەرۆك وەزیراندا بینی لەسەر ئەژنۆ کەوتبوون و تکایان دەکرد کێشمەکێشەکە تەواو ببێ، هەستم کرد ئێمە چەند بەهێز و قایمین".

مانگرتووان کاتێکی زۆریان نەویست تا لە ئەنجامەکانی سەرکەوتنەکەیان بگەن، چونکە یەکێك لە راسپێراوەکەیان ئاماژەی پێدا و وتی: "ئێمە بە مانگرتنمان نرخی وشەی سەروەر (سید)مان زانی، لەمەودوا لای ئێمە کەس سەروەر نیە، لە داهاتوودا ژێردەست نابین، هەموومان یاریدەدەرین".

ئەو راسپێراوە لە قسەکەیدا لەخۆبوردە بوو، خۆ ئەگەر بیوتایە: "ئێمە سەروەرین، ئەوەمان سەلماند و لە ئایندەیشدا دەیسەلمێنین" ئەوا قسەکەی لە واقیع و راستیەوە نزیکتر بوو.

ئیتر چ ترسێکی ئەدەبی ئەمڕۆ دەتوانێ جڵەوی فەرمانبەرانێك بکات کە دەزانن بۆ بەدەستهێنانی داواکانیان هێندە بەسە خۆیان رابوەشێنن و هەڕەشە و گوڕەشە بکەن؟ هەموو کەس لەم کاتانەدا داواکانی زیاد دەکات و زیادەڕەوی لە ئارەزووەکانیدا دەکات، دیارە مەرجی شارەکانیش هەرگیز لەوانە جیا نەبووە.

وادیاره (ب) سەرۆکی ئەندامانی سەندیکاکان زانیاریەکی پراکتیکی باشی لەبارەی سایکۆلۆژیای خەڵکەوە هەیە، چونکە لەومانگرتنە خەمناکە وانەیەکی گەورەی وەرگرت، وتی: "کاربەدەستان خراپەیەکی گەورەیان کرد بەوەی وایان لە مەئموران کرد هەست بەو هێزە شاراوەیەیان بکەن، کە بەخەیاڵیاندا نەدەهات". (ب) لە بەهای سیستم بێئاگا نیە، دەزانێ چۆن چۆنی لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەوە کە حکومەت کاریان تێناکات گوێڕایەڵی دەکرێ. ئەو بەئاشکرا رایگەیاند ئەگەر فەرمان بدات سەرجەم فەرمانبەرانی پۆستە فڕێ بدرێنە ناو مەنجەڵ، ئەوا فەرمانەکەی دەستبەجێ جێبەجێ دەکرێ.

رۆژنامەکانی سۆشیالیستەکانیش تێبینی ئەنجامەکانی سەرکەوتنی ئەو مانگرتنەیان کرد، لە گرنگترینی ئەو رۆژنانەاندا هاتووە: "لە ئێستاوە نەداران دەتوانن هەست بە (هێز)ی خۆیان بکەن، کە زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئامرازەکانی هەواڵنێریی پۆستە و تێلیگراف و تەلەفۆنی لەدەستی ئەواندایە، نەك لە مانگرتنێکی وەك ئەو مانگرتنەی ئێستاوە، کە پەیوەندی بە هەندێ داواکاریی تایبەت یان لادانی راوێژکارێکەوە هەیە لە وەزارەتێکدا، (هێزەکە) لە کێشمەکێشێکی گشتیدایە کە بۆ رزگارکردنیان روودەدات".

هەرکات لە ترسنۆکیدا رێگەی بەخشینی ئیمتیازات گیرایە بەر، پێویستە وردە وردە بۆ نزمترین خاڵی شۆڕ ببیتەوە، هەر ئەمەیش روودەدات، ئەوەتا رۆژنامەکان ئاماژەیان بۆ هەڵەیەکی گەورە کرد کە خەریکە عەقڵ باوەڕی پێ نەکات، ئەویش ئەوەیە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی هێڵە ئاسنینەکانی حکومەت بڕیاری داوە یەکێك لە نهێنپارێزانی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکارانی شۆڕشگێڕ بێنێتە ناو ئەنجومەنەکە، کە لێبڕانی خۆی بۆ بەتوندی هەڵتەکاندنی پایەکانی کۆمەڵگە نەشاردۆتەوە، لە بارێکی وادا ئاخۆ دەبێ چارەنووسی سەرۆکانێك چی دەبێ کە پشت بە رەحمەتی ژێردەستەکانیان دەبەستن.

لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنی یاخیبوونی فەرمانبەران کاتییە، دەبینین ئەنجامی دوورمەودای دەبێ، کە من لێرەدا تەنیا بەشوێن نزیکترینیاندا دەگەڕێم: خەریکە بەچاوی خۆمان لە جڵەو دەرچوونی ئەو فەوزا گشتییە ببینین کە دەمێکە روودانیمان بینیوە، لە بارێکدا کەوتنی دارایی دەوڵەت و بەرژەوەندییە گشتیەکانی بەسستی دەچێ دەبێ ئەو کەوتنە بەتەواوی رووبدات، ئەوەی ئەمڕۆ بەئاشکرا دەکەوێ بریتییە لە ماکە ئەدەبیەکان، واتە پایەکانی کۆمەڵگە، کاری لەم جۆرەیش بەرهەمی رۆژێك دووان نابێ، ئاخر سەرانی حزبەکان و سیاسیەکان ساڵانێکی زۆرە کەمتەرخەمییان نەکردوە لە پڕکردنی دڵی دەنگدەران بەکۆمەڵێ بەڵێن کە بەدینایەن، هەروەها لە پیاهەڵدانی نزمترین غەریزەکانیان بۆ بەدەستهێنانی دەنگیان لە شەڕەکانی هەڵبژاردندا. بەم شێوەیە ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردن و مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەرەتایی و خاوەن مەیخانەکان بوونەتە گەورەی راستەقینەمان، چ بەهایەکی باڵا لەمەوە پەیدا دەبێ؟

دیاره لەناوبردنێکی پلەبەپلەی زنجیرەیەندیی ئاستەکان و سیستم و دڵسۆزی بۆ بەرژەوەندیی گشتی لێ پەیدا دەبێ.

ئەو پاشاگەردانیەی دەیبینین شتێکی حاشاهەڵنەگرە، ئیتر خەریکە ئەو کاتە بەسەردەچێ تێیدا پەندەکانی مێژوو سوودمان پێدەگەیەنن، یەکێك لەو پەندانە ئەوەیە پاشاگەردانی لە هەر وڵاتێکدا سەری لە حوکمی موتڵەقی زۆردارەوە دەردەچێ، وەك لە رۆما وئەسینا و کۆمارەکانی ئیتاڵیا رووی دا.

نکوڵی لەوە ناکەین کاربەدەستان بەشوێن دەرمانی دەردی ئەو حاڵەتەدا گەڕاون کە لە مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستە کەوتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بەو وەهمە لاتینییە سیخناخ بوون کە دەڵێ یاساکان دەتوانن هەموو شت بکەن، پێیان وابوو لەڕێی دانانی سیستمەوە بەگژ فەوزادا دەچنەوە، لەبەرئەوە حکومەت بەخێرایی کەوتە دانانی یاسایەك سەبارەت بە ئەرکەکانی فەرمانبەران، کە سزای ئەوانەیان دەدات مان دەگرن، بەوەیش ساویلکەیی سەرسوڕهێنی خۆی دەرخست، ئەگینا ئاخۆ دەکرێ دە هەزار فەرمانبەر فەسڵ یان بەند بکرێن کاتێ پێکەوە مان دەگرن؟ ئەوەتا حکومەت لەکاتی مانگرتنەکەی دوواییدا هەڕەشەی فەسڵکردنی لێ کردن، هەڕەشەکە چ کاریگەریەکی لەسەریان هەبوو؟ هیچ!

تەنیا ئەم تەگبیرە پێشنیار نەکرابوو، بەڵکو لەو گفتوگۆیانەی لە پەرلەمان کران رای زۆر سەخیفیش وتران، وەك ئەوەی نوێنەرێکی دڵ سادە لە ئەنجومەنی نوێنەران پێداگری لەوە دەکرد شتەکان دەگەڕێنەوە سەر رێچکەی خۆیان و سیستم باڵادەست دەبێ ئەگەر مەسڵەحەتی پۆستە کرا بە وەزارەتێك! پاش مانگرتنی دووەم تەنیا یەك دەرمان هەیە بۆ چارەسەری دۆخەکە، واتە پێویستە حکومەت بەو شێوەیە بکات کە لەکاتی مانگرتنی کرێکارانی کارەبادا کردی، کە ترسنۆکی بەڕێوەبەرانیان هانی فەرمانبەرانی پۆستەی دا بۆ مانگرتن.

کاتێ دوو سوپا بەرانبەر یەکتر دەوەستن ئیتر هیچ رێگەیەك نیە بۆ هەڵاتن، پێویستە هەریەکەیان یەکێك لەم دووانە هەڵبژێرێ: یان چەکی فرێدا و ببێتە دیل، یان ئەوەتا بجەنگێ. ئەگەر بەدیل گیرا دەکەوێتە ژێر رەحمەتی سوپای براوە و مەرجەکانی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ، ئەگەریش جەنگا لەوانەیە سەربکەوێ، لەوانەیشە بشکێ، بەڵام شەرەفی دەپارێزێ.

کەواتە بڕیاری دروست و واجب ئەوە بوو حکومەتی پشتئەستوور بە پەرلەمان شەڕ لەگەڵ سەرجەم ئەو هێزانەدا بکات کە لەدژی بوونەتە هاوپەیمان، بەڵێ دەکرا کرێکارانی کارەبا و بەکارهێنەرانی هێڵی ئاسنین و هیتریش بچنە پاڵ فەرمانبەرانی پۆستە، هەروەها هەندێ پێکدادانی لە شەقامەکانی پاریسدا روو بدات و بۆ چەند رۆژێك برسێتی تێبکەوێ، بەڵام هەر دەبێ حکومەت لەوەدا سەربکەوێ، بەڵام ئەوە کە حکومەت بەکزۆڵی و ملکەچی چەك فرێ بدات ئەوا شەڕەکە لە ئایندەدا دەبێتە شتێکی حەتمی، کەسیش نازانێ کێ

تێیدا براوە دەبێ، سوپا ئەگەرچی لەم کاتەدا پاڵپشتی حکومەت دەکات، بەڵام لەوانەیە دوای چەند ساڵێکی کەم پشتگیری نەکات.
لەبەرئەوە پێویستە قۆناغێکی سەخت ببڕین تا خۆمان لە قۆناغی شلۆقتر لەوە بەدوور بگرین، دوو پرنسیپی دژبەیەك هەن کە هەرگیز لەیەك کاتدا نابن ئەوانیش: سیستم و شۆڕشن، گەلان بەدەست کودەتای زۆرەوە ناڵاندویانە، بەڵام بیرمان نایەت بۆ یەك جاریش لە قۆناغێکی شۆڕشگێڕیی بەردەوامدا ژیابێ، وەك ئەوەی وادیارە ئێمە تێی کەوتوین.
زۆرگوتنیش سەبارەت بە شتێکی راست کە حکومەت ناوێرێ خۆی لە قەرەی بدات، بێسوودە، حکومەتێك گەورەترین وەزیرەکانی بوونەتە بزوێنەری چەندین مانگرتن و دەستیان لەگەڵ پیاوانی تێکەڵ کردوە بەر لەوەی جڵەوی کاروبارەکان بگرنە دەست، ئێمە تەنیا تێبینییە فەلسەفییە سافەکان باس دەکەین، ئەگەرچی ئەوەیش بێهوودە دەڕوات.
ئایا ناکرێ هێزە کۆمەڵایەتییە ناکۆکەکان پێکەوە کۆبکرێنەوە؟ ئەوە لەڕووی تیۆریەوە مومکینە، بەڵام لەڕووی کرداریەوە نەکردەیە، لەبەرئەوەی عەقڵ دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێزە ناکۆکانەدا ناشکێ کە لە هەست و شعورەوە سەرچاوەیان گرتوەکاندا، رق و حەسودی و سیحری وشە و دەستەواژەکان هێزی ئەوتۆن لۆژیك کاریان تێناکات. ئەوە دەروونەکانن پێویستە دەستکاری بکرێن نەك سیستمە سیاسیەکان، کارمان بەمەی دوواییەوە نیە لەبەرئەوەی زادەی روانگەی خواستەکانی ئابوورییە، گۆڕینی وێنە دەروونییە شێواوەکان کە حەشامات بە حەقیقەتیان دەزانن ئاسان نیە، ئێمە هێشتا دوورین لەو رۆژەی سیاسییەکانمان تێبگەن کۆمەڵگە بەو شێوەیە دانامەزرێ کە ئەوان حەزیان لێیە و حکومەت لەتوانایدا نیە هەموو شت بگۆڕێ، پێشکەوتنی نەتەوە بە پێشکەوتنی دۆخی دەروونیی ئەو تاکانە دەبێ کە لێیان پێکدێ.
رێبازی سەندیکایی (المذهب النقابي) کە مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستە بەیەکێك لە رواڵەتەکانی دادەنێین، مەترسیدارە نەك لەبەر ئامانجە وەهمیەکانی، بەڵکو لەبەر رێکخراویی کاروبار و چالاکیەکەی، کە پەرلەمانی کەمبایەخ لەبەردەمیاندا جگە لە ترسنۆکی و شلەژاوی هیچی لەخۆی پیشان نەدا.
ئەزموونەکانی رابردوو سەلماندویانە جیهان ملکەچی بوێرەکان دەبێ کاتێ خاوەن بەهای باڵا بن ئیتر بەهاکەی هەرچی بێ، هەر کەسانی بەجەرگ و ئیمان قایم بوون گەورەترین دەوڵەتیان لەناوبردوە و ئاینی گەورە گەورەیان دامەزراندوە، کە خەڵکی بەکۆیلە کردوە.
کەواتە دژیەکیی رێبازە نوێکان بۆ عەقڵ رێگە لە بڵاوبوونەوەیان ناگرێ، ئەو رێبازانە لەسەر شانی ئەو پیاوە بەجەرگ و چالاکانەی خەباتیان لە پێناودا دەکەن گەورە و مەترسیدار دەبن، هێندە بەسە لەسەر پێ بوەستن تا هەقێکی نوێ بێننە کایە، چونکە هەق هێزێکی بەردەوامە.

## بەشی پێنجەم

## موزایەدەی هەڵبژاردن و رق لە سیستمی پەرلەمانی

لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسیدا کوشتنی نەیاران بۆ رزگاربوون لێیان دیاردەیەکی ریشەدار نەبوو، (سان گۆست) پیلانی بۆ (کامیل دیمولان) دادەنا بەبێ ئەوەی بتوانێ لە سەری بدات، ئەمەی دووایی –کە یەکێکە لە جەدەلچییە بەناوبانگەکان– سوودی لە رۆژانی پشووی وەرگرت و یاداشتەکانی کۆتایی بە زمانێکی حەماسی نووسیەوە و لە رۆژنامەی (لوفیکوردیلیە)دا بلاوی کردەوە.

ئاشکرایە ئێوە ئەو رۆژنامەیەتان نەخوێندوەتەوە، منیش لێی بێئاگا بووم تا ئەم رۆژانەی دووایی کە بەرێکەوت دانەیەك لە ژمارەی رۆژی ٢٠ی مانگی سێی سەردەمی کۆماری دووەمم کەوتە بەرچاو. لە موتالاکردنی ئەو ژمارەیە بۆمان دەردەکەوێ بنەمای موزایەدەی هەڵبژاردن کە دەردی سیستمی دیموکراسییە لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسیەوە بەگوڕ بووە، ئەم بنەمایە ئازاری (کامیل دیمولان)ی داوە و زۆر خەفەتی پێ خواردوە، ئەوەیش وای لێکردوە ئامرازێك بۆ بەگژاچوونەوەی رابگەیەنێ، کە لە چیرۆکێکی کۆنی ناسراوی سەردەمی رۆمانی وەرگیراوە.

(کامیل دیمولان) دەڵێ: لە رۆما نوێنەرێکی ئیشتراکی هەبوو بەناوی (گراکوس)، بەڵێنی وای بە کرێکاران دەدا بەدیهاتنیان ئاستەم بوو، بەهۆی ئەو بەڵێنە دڵبەرانەوە لەسەر حسابی ئەنجومەنی پیران لای خەڵك خۆشەویست بووبوو، کاتێ ئەنجومەنەکە بەو هۆیەوە نیگەران بوو فەوزەویەکی بەناوی (دروزوس) بەکرێ گرت تا لە هەموو پێشنیارەکانیدا موزایەدە بەسەر گراکوسدا بکات، جا ئەگەر گراکوس پێشنیاری بکردایە رەتڵێك نان بە چوار دونق بفرۆشرێ درووزوس پێشنیاری دەکرد بە دوو دونق بفرۆشرێ، بەم شێوەیە تا گراکوس خۆشەویستی خەڵکی لەدەست دا و موریدەکانی پێشووی خەمساردانە کوشتیان.

ئەوە لە رۆژنامەی (لوفیوکوردیلیە)دا هاتووە و کەس لە مەغزای قسەکەی ((کامیل دیمولان) تێنەگەیشت، لەبەرئەوە سیستمی کۆماری بەکاریگەریی موزایەدەکانی هەڵبژاردن بەرەو هەڵدێری توندوتیژی و دڵرەقی و پاشاگەردانی و لەوێیشەوە بەرەو هەڵدێری حوکمی موتڵەق خلۆر بوویەوە.

موزایەدەی هەڵبژاردن باشترین رێگەیە بۆ بەزاندنی رکابەران، گومانی تێدا نیە ئەو نوێنەرە سۆشیالیستەی بەڵێنی داهاتی شەش هەزار فرەنك لەبەرانبەر سەعاتێك کارکردن لە رۆژێکدا بە هەموو دەنگدەرێك دەدات، پێویست نیە لە ئاکامی موزایەدەکەی بترسێ، بەڵکو دەتوانێ بەئاسانی لەوە زیاتریش بکات و بەڵێنی دوازدە هەزار فرەنك و ئۆتۆمبێلێك کە یەکێك لە کوڕانی چینی ناوەڕاست لێی دەخوڕێ بە هەموو دەنگدەرێك بدات، بەلام موزایەدەی هەڵبژاردنیش سنوورێکی هەیە کە تێپەڕاندنی بێ مەترسی نیە. لەبەر ئەوەی موزایەدەکردن کارێکی ئاسانە سیاسییەکان زیادەڕەوی لە بەکارهێنانیدا دەکەن، لەکاتی ئەم زیادەڕەویەیشدا مەترسییە زۆرەکانیان بۆ دەردەکەوێ:

گفتدان كارێكی قورس نیه، دەكرێ بەپاساوی بەرهەڵستیكردنیشی لەلایەن حزبەكانەوە ساتی جێبەجێكردن و بەدیهێنانی دوو بخرێ، بەڵام دەنگدەر لە ساتێكی دیاریكراودا هەست دەكات ئەو بە وەهم فریو دراوە، وەهمەكانیش وەك زانراوە بەبێ توورەكردنی مرۆڤ لە دەروونی دەرناچن.

ئەمڕۆ دەبینین خەڵك رقی لە زۆر لە پەرلەمانتارانە لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەكاندا بە بەڵێن و موزایەدەی جۆراوجۆر چەواشەیان كردوە، ئەمە بەو مانایە نیە ئەو پەرلەمانتارانە هەوڵی خۆیان نەداوە بۆ بەدیهێنانی گفتەكانیان، بەڵكو هەوڵی زۆریان بۆ جێبەجێكردنیانداوە، بەڵام كێشە ئەوەیە ئەوان بەڵێنی مەحاڵ دەدەن، مەحاڵیش لە بەدیهاتن یاخییە.

هەر یاسایەك دابنرێ و لەگەڵ خواستەكانی سروشتدا لێك بدات تەنیا زیادبوونی خراپەی لێدەكەوێتەوە كە گوایە بۆ چارەسەریان دانراوە، ئەوەتا پەرلەمان بەكاریگەریی موزایەدەی هەڵبژاردن رازی بوو لەسەر بەخشینی مووچەی خانەنشینی ئەوتۆ بە كرێكاران كە ساڵانە ٨٠٠ ملیۆن فرەنك خەرجی دەوێ، هەروەها بەخشینی مووچەی خانەنشینی ئەوتۆ بە فەرمانبەرانی هێڵی ئاسنین كە ساڵانە ٢٠٠ ملیۆن فرەنك خەرجی دەوێ، بەڵام كاتێ هەموو زانییان جێبەجێكردنی ئەو رەزامەندییە مەحاڵە، ئەنجومەنی پیرانیان ئازاد كرد ئەو ژمارانە بۆ ئاستێكی ماقوڵ دابەزێنێ.

گەل دوای ئەوەی بەڵێنە بریقەدارەكان چەواشەیان كرد زانی ئەوەی بەزیندوویی لە دڵی سەركردەكانیدا دەمێنێتەوە بەریەككەوتنی هەوا و ئارەزووەكانە، هەروەها هەوڵی ئەوان بۆ تێركردنی ئەو شەهوەتانەیە، دەبینی ئەو كاندیدانەی لە رۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردندا خاكی و لەخۆبوردەن، زۆر نابات دەبنە بەڵا لە خەڵكی داماو و لە هەر جۆرە ئیمانێك دادەماڵرێن، بەشێوەیەك خۆ نابوێرن لە داڕشتنی نەزۆكترین بەرنامە و مەحاڵترین بەڵێن.

ئەمڕۆ پەرلەمانتار كۆیلەی لیژنە هەڵبژاردنەكەیەتی، بەڵایە بۆ ئەوانەی لە رۆژانی دەنگداندا پشت بە دەنگیان نابەستێ، واتە پێویستە بەگوێرەی بەرژەوەندیەكانی دەنگدەرە كاریگەرەكانی و رق و كینەكانیان بجوڵێتەوە. ئەوەی باش ورد بێتەوە دەبینێ شوێنەكەی هیچ جێی ئیرەیی نیە، دەكرێ ئەوەی مسیۆ (ریمۆن پوانكارە) لە خوارەوە باسی دەكات بەڵگە بێ لەسەر ئەم بۆچوونە، كاتێ باس لە دادنووسێكی هەرێمەكان دەكات كە بووەتە پەرلەمانتار و پاشان بە وەزیر و دەڵێ: ئەو نووسەرە پڕ بوو لە وەهم و بەخێرایی لەناوی بردن، بەم شێوەیە:

پێش هەموو شت بەدەست ژیان لەگەڵ لیژنەی هەڵبژاردن و داواكاریەكانیەوە گرفتار بوو، دوای ئەوەی بوو بە پەرلەمانتار هەوڵیدا سەربەخۆ بێ، تێیان گەیاند پێویستە ئەو رێگە سەختە نەگرێتەبەر و ژیرانە ئەوەیە سەر بە یەكێك لە حزبەكان بێ. ئاخۆ ئەو نامە زۆرانەی خاوەنەكانیان تێیاندا داوای ویسام و كۆمەكی و پۆست و وەزیفەی لێدەكەن ناچاری ناكەن پشت بە حزبێك ببەستێ؟

پاشان بوو بە وەزیر، زۆری نەبرد دەیان گەنج دەوریان دا کە پەرۆشی ئەوە بوون سواری پشتی بەختەوەری ببن، ئەویش کردنی بە سەرۆك دیوان و یاریدەدەری سەرۆك و یارمەتیدەر و پاشکۆ، لەگەڵ ئەوەیشدا دەیویست جڵەوی دەسەڵات لە دەستیدا بمێنێ، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران زوو لە مەبەستەکەی دووری خستەوە، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی نوێدا شکستی هێنا بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوەبۆ شارە بچوکەکەی تا خۆی ئیش و کاری کێڵگەکەی بەڕێوە ببات.

سەرباری ئەوە، لەناو پەرلەمانتاراندا کەسانی دڵساف هەن، بەڵام ئەوانە پاش ئەوەی کۆدەبنەوە و سیفەتەکانی کۆمەڵ بەدەست دێنن ئیتر هیچیان پێناکرێ ، مسیۆ(لابوری) یەکێك لە پەرلەمانتارانی حزبە چەپەکان لە وتارێکیدا کە پاش پاشگەزبوونەوەی لە جارێکیتر خۆ کاندیدکردنەوەی بۆ پەرلەمان بڵاوی کردەوە، ئاماژەی بەمە داوە و دەڵێ:

"ئەو کارانەی پەرلەمان پێشنیاریان دەکات شتێکی ئەوتۆ سوودیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی نابێ، کارەکان لە پەرلەمان بەشێوەیەکی دوور لە دڵسۆزی و بە ناڕێکی ئەنجام دەدرێن، شتێکی تێدا نیە بەمانای راستەقینەی چاودێری، نوێنەران مودارای وەزیرەکان دەکەن لەبەرئەوەی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی دەنگدەران پێویستیان پێیانە، وەك ئەوەی پەرلەمان و حکومەت لەنێو ئارەزووەکانی دەنگدەران و مەرامە داراریيەکانیاندا –کە لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتدا ناکۆکن– سوورِ بخۆن.

ئەنجومەنی نوێنەران یاساکان بەگوێرەی سوودە ئانییەکانیان پەسەند دەکات، لە ماوەی بەسەربردنی چوار ساڵ لە پەرلەمان فێر بووم هەوڵەکانی کەسانی راستگۆ و راساڵ بەفیڕۆ دەچێ".

موزایەدەی هەڵبژاردن یەکێکە لەو هۆیانەی خەڵك رقیان لە پەرلەمانە، دەبا سەرەتا لەو شێوازە حکومییانە بکۆڵینەوە کە رێگەیان بۆ خۆش کردوە:

موزایەدەی هەڵبژاردن وا لە نوێنەر (پەرلەمانتار) دەکات لەبەردەم هەڕەشەدا زۆر ملکەچ بێ، نوێنەر زوو ملکەچ دەکات لەترسی ئەوەی نەوەك هاوڕێکانی لەوەدا پێشی بکەون، لەو رووەیشەوە هەڕەشەی بەهاتوهاوار تەنیا لەلایەن چینی کرێکارانەوەیە، پەرلەمان لەپێناو ئەو چینەدا یاسا دادەنێ بەبێ گوێدانە ئەو رق و کینانەی لەنێوان چینەکانی نەتەوەدا دروست دەبێ.

هەر بەڕاستی ئەو یاسایانە تۆوی دابەشبوون و دووبەرەکییان چاندوە، باری داراییان قورس کردوین و بوونەتە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی پیشەسازیماندا، بەناچارکردنی خاوەنکاران بە هەڵوەشاندنەوەی دەرچوون (تخرج) ئایندەی پرۆژە پیشەسازیەکانمانی سنووردار کرد، هەزاران گەنجی فڕێ دایە سەر شەقامەکان کە زۆریان بوونە تاوانکاری مەترسیدار، یارمەتیدانی بەتەمەنانیش هیچ نەبوو جگە لە بەخشینی نەوەد ملیۆن فرەنك ساڵانە بە دەنگدەرانی دەستڕۆیشتوو، وەك لە راپۆرتە رەسمییە نوێکاندا هاتووە. خۆ ئەگەر سەد ملیۆنیتر زیاد بکەین کە بە پاڵفتەکارانی مەستکەرەکان دەدرێ، لەگەڵ سەدان ملیۆن کە وەك

مووچەی خانەنشینی کرێکاران خەرج دەکرێ، ئەوکاتە دەتوانین مەزەندەی بکەین قورسایی موزایەدەی هەڵبژاردن لەسەر بودجەی وڵات و پیشەسازی چەندە.

یاسادانەران بەکەمی نەبێ گوێ بە ئەنجامی یاساکانیان نادەن، ئەوەتا لە راپۆرتێکدا کە یەکێك لە ئەندامانی شارەوانی پاریس لە ٢ی نیسانی ١٩٠٨ بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: یاسا نوێکانی کرێکاران شارەوانی پاریس ناچار دەکات ساڵانە ٦٠٠ هەزار فرەنك بداتە ئەو کۆمپانیایەی خەڵوز بۆ پەیمانگەکانی ئاو دابین دەکات. شارەوانیەکان هەقیان نیە ئاخ و ئۆف بکەن، چونکە لە گرتنەبەری رێگەی موزایەدەی هەڵبژاردندا هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان نیە. رۆژنامەی (گلۆب)کە یەکێکە لە رۆژنامە داراییەکان باسی لەوە کردوە ئەو رێکارانەی شارەوانیی پاریس بەناوی مرۆڤایەتیەوە گرتونیەتیە بەر، زیاتر لە ٧٥ ملیۆن فرەنك لەسەر پشکدارانی کۆمپانیاکانی ترامی پاریس کەوتوون، کاتێ ئەو کۆمپانیایانە بینویانە سەرمایەکانیان زیان دەکەن ناچار بوون دەست لە دابەشکردنی پشکەکانی قازانجەکان بەسەر پشکداراندا هەڵبگرن، بێگومان ئەوە سۆشیالیستەکان خۆشحاڵ دەکات، بەڵام خەمبار دەبن کاتێ دەبینن پشکداران مان دەگرن و شارەوانیەکان ناچار دەکەن لە داهاتی ئەو باجانەی بەسەر هەموو خەڵکیان سەپاندوە گەرەنتی قازانجەکانی پشکەکانیان بکەن، ئەوکاتە دەزانن یاسا ئابووریەکان چ توانایەکی زاڵیان هەیە. چیدی گلەیی و بناشت داد نادات، ئیتر موزایەدەی هەڵبژاردن و هیومانیزم و ترس بوونەتە چاوساغی رێمان، مسیبەتی لەم جۆرە لای ئەو نەتەوانە توندتر دەبێ کە میزاجی دەروونییان ناجێگیرە و پوکانەوە هەڕەشەی لێدەکات.

ئێستا دەتوانین وێنای هۆکانی رق لە پەرلەمان بکەین: کۆمەڵێ وەهم بەهۆی زیادەڕەویکردن لە بەڵێندانداپەیدا بوون، پاشان هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئەم بەڵێنە مەحاڵانە، پاشان سەرهەڵدانی بێسەروبەرییەك لە کاروباری بازرگانی و پیشەسازی و داراییدا، پاشان چەوساندنەوەی چەند چینێکی نەتەوە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەدا، پاشان بێئومێدبوونی سەرجەم باوەڕداران بە توانای رێبازی حکومی.

با دوای ئەوە هەوڵ بدەین لە بڵاوبوونەوەی رقی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە سیستمی پەرلەمانی بکۆڵینەوە: درێژدادڕی لە باسکردنی رقی ئیکلیروس لەو سیستمە بێسوودە، ئاخۆ خەڵکانێك پەرلەمان سامانی تاڵان کردبن و راوی نابن و جۆرەها ناهەقی و چەوساندنەوەی دەرهەق کردبن، لێیان چاوەڕێ دەکرێ سۆزیان بۆ ئەندامانی هەبێ کە بەئاشکرا دوژمنایەتیان دەکەن؟

رقی مامۆستایان و زۆر لە فەرمانبەرانیش لە سیستمی نوێنەرایەت (پەرلەمانی) لەوان کەمتر نیە با پاساوێکیش بۆ ئەوە نەدۆزرێتەوە، چونکە هیچ حکومەتێك ئەوەی بۆ مامۆستایان نەکردوە کە حکومەتی کۆماری ئێستا بۆی کردون، مامۆستایان هێندەی رقیان لەم حکومەتەیە رقیان لە هیچ حکومەتێکیتر

نەبووە، چوونی سەندیکاکانی مامۆستایان بۆ پاڵ کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکارانی شۆڕشگێڕ، کە تازە دامەزراوە، بەڵگەیە لەسەر ئەمە.

هەرچی رقی فەرمانبەرانە —کە ژمارەیان نزیکەی هەشتسەد هەزار کەسە— لە سیستمی ناوبراو، بەپێی ڕێژەی بەدەمەوەهاتنی داواکانیان زیاد دەکات، ئەگەرچڵەو نەکرێن نەك هەر باری سەر شانی بودجە گران دەکەن، بەڵکو لەناو دەوڵەتدا چەندین دەوڵەتی بچوك بچوك لە شوێنی دەسەڵاتەکانیتر دادەمەزرێنن، ئەوان گوێڕایەڵی حکومەت دەکەن تا وەڵامی داواکانیان بداتەوە، بەڵام بۆ ساتێکیش لە هەڵگێڕانەوەی مەنجەڵەکە دواناکەون ئەگەر لەبەر هۆیەکی دارایی ئەوە نەکرا، ئەوەی ئێستا فەرمانبەران دەیانەوێ "لەناوبردنی دەسەڵاتی وەزارەتەکان و دابەشکردنیەتی لەنێوان دیوانەکانی ئیدارەدا". بەمە تاکڕەوییەکەیان دەچەسپێنن کە لە تاکڕەویەکەی (هلیو گابال) و (تیبریوس) کەمتر نیە، رزگاربوون لە حوکمێکی تاکڕەو مومکینە، بەڵام چۆن ئومێدی رزگاربوونمان هەبێ لە کۆتی تاکڕەیی شاراوەی دیوانەکان؟

خەریکە دەسەڵاتەکە هەموو دەچێتە دەستی ئەوان، ئاخر لە فەرەنسا لە ماوەی سەد ساڵدا زۆر رژێم و سەرۆك دەوڵەت و وەزیر سەرەونگون کران بەبێ ئەوەی هیچ زیان بە فەرمانبەران بگات، ئەو دەسەڵاتە لەسەر داروپەردووی کەڵەکەبوو زیاد بووە، تا وای لێهاتووە ئەو رۆژە ببینین کە تێیدا تەنیا ئەوان گەورەی وڵاتن.

لەگەڵ ئەوەی سۆزی یاسادانەران بۆ چینی کرێکاران لە سۆزیان بۆ هەردوو چینی مامۆستایان و فەرمانبەران کەمتر نیە، بەڵام کەس وەك کرێکاران بەو دەمهەراشی و چەقەچرۆییە دژایەتیی یاسادانەرانیان نەکردوە، پێویست بە (ماکیافیلی) ناکات بۆ شەرحکردنی ئەم بابەتە، کە زادەی سایکۆلۆژیای حەشاماتە، چونکە حەشامات تەنیا ڕێزی حکومەتە بەهێزەکان دەگرێ، هەروەها سوپاسگوزاری ئەوە نابێ کە بەزەبری هەڕەشە داواکانی پێ جێبەجێ دەکات، بەڵکو بەچاوی سووك سەیری دەکات.

گومان لەوەدا نیە کرێکاران رقیان لەپەرلەمانتارانە، ئەوان رقیان لە سەرجەم حزبەکانە نەخاسمە سۆشیالیستەکان، ئەگەر هەندێ جار لەگەڵ پیاوانی ئاینی نەرمن، لەبەرئەوەیە لێکچوونێك لەنێوان میزاجی دەروونیی هەردوولادا هەیە.

ئەمڕۆ دنیا خەون بە دامەزراندنی سیستمێکی میللیی رەهاوە دەبینێ دژی سیستمی یەعقوبی، قەناعەتیشی وایە نەداران ئەو بەختەوەرییە گشتییە بەدیدێنن کە رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست نەیانتوانی بەدیبێنن، سۆشیالیستەکان هەستیان کردوە کرێکاران رقیان لە هەموانە، لەبەرئەوە هەوڵیان داوە بەجۆرەها موجامەلە و ماستاو بۆکردن خۆیان لە شەڕی ئەو رقە لابدەن، بەڵام ئەو شکستەی تووشیان بوو وای لێکردن نەوێرن بەشداریی کۆنگرەی کرێکاراندا بکەن، ئەگەر روویدا بەشدارییان تێدا کرد با بەخراپترین روو پێشوازی بکرێن.

بەهەمان شێوە خاوەن سەرمایە و پیشەسازیەکان –واتە بەرهەمهێنەرانی راستەقینەی سامانەکەمان– سۆزیان بۆ کاربەدەستان نیە، هۆکەیشی ئەوە نیە ئەمان لە دەستدرێژیی کرێکاران و سوتاندنی کارگەکان و پەنابردنیان بۆ جۆرەها توندوتیژی و دڵڕەقی ناپارێزن، بەڵکو لەبەرئەوەی هەموو رۆژ پیشەسازیەکانیان بە یاسای کۆمەڵایەتیی زۆردارانە دەبەستنەوە، تا ئەوکاتەی دەتوانن بەو باجە ستەمکارانەی بەسەریاندا دەسەپێنن سامانەکەیان لەبەین ببەن.

لەوانەیە هەندێك پێیان وابێ پێویست نیە مودارای ئەو خاوەنانە بکرێ، مسیۆ (بیار پودان) لە کتێبی "سیاسەتی راستەقینە"دا دەڵێ: "کۆمەڵگەکان لەمەودووا پێویستیان بە دەستەبژێری خەڵك نیە".

قسەیەکی لەم شێوەیە تەنیا لەگەڵ رواڵەت دەگونجێ، هەرچی حەقیقەت ئەوەیە کۆمەڵگەکان هەرگیز وەك ئەم رۆژانە پێویستیان بە کەسە تایبەتەکان نەبووە، لە ئایندەیشدا رۆڵیان زیاتر دەبێ، ئەوان نەبوونایە هیچ زانست و پیشەسازی و پێشکەوتنێکی ماددی پەیدا نەدەبوون و سیستمی دواکەوتووی سۆشیالیزم، کە بەرهەمەکەی یەکسانیی خەڵکە لە نەهامەتی و بەکۆیلەکردندا، رەگی دادەکوتا.

کەواتە زۆرن ئەوانەی رقیان لە سیستمی نوێنەرایەتییە، سەرجەم چینەکان رقیان لێیەتی جگە لە چینی ناوەڕاست کە گوێ نە بەو و بە غەیری ئەو نادات، مسیۆ (دوریاك) کە چەند جارێك ئاماژەم بە قسەکانی کردوە، دەڵێ: "چینی ناوەڕاست (بۆرژوازی)ی فەرەنسی کە لە رەگەزی جیاواز پێکدێ و شۆڕشەکان لاوازیان کرد، گوێ بە هیچ سیستمێکی حکومی نادات، واتە نە پاشایەتییە نە ئیمپراتۆری نە کۆماری، دەنگ بە سیستمی کۆماری دەدات لەبەرئەوەی کۆمار بەرقەرارە، پشتگیریی هەرکەس دەکات ئاشتی و دڵنیایی پێ ببەخشێ، خۆ ئەگەر ئەو بەخشندەیەیش کەوت، تەماشای ناکات چونکە ئیتر ناتوانێ خزمەتی ئەو بکات".

یەکێك لە گەورەترین هۆکانی رق لە سیستمی نوێنەرایەتی ئەو تاکڕەوییەیە نوێنەرانی هەرێمەکان دژی رۆڵەکانی وڵات کە سەر بە حزبەکەیان نین دەیکەن، مسیۆ (لوبە) کە پێش ئەوەی ببێتە سەرکۆمار نوێنەر بوو– لە چەند تێبینیەکدا کە لە رۆژنامەی (جورناڵ) بڵاوی کردەوە، ئاماژەی بەوە داوە، دەڵێ:

"چۆن ئەتانەوێ پارێزگاری لەو شێوازە بکەین کە دەڵێ هەر بازنەیەك یەك نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ، لەکاتێکدا رێگەی ناوبراو کۆمەڵێ خەوشی هەیە کە لە هیچ کەسێکی بینا شاراوە نین؟ دانیشتوانی پاریس رادەی ئەو داڕوخانە نازانن کە ئەو رێگەیە لە ئەخلاقی رۆڵەکانی هەرێمەکانیدا دروست کردوە و ئەو فشارەی لێی کەوتۆتەوە، دروشمی هەموو کاندیدێك لە هەرێمەکاندا ئەوەیە ئەوەی هەڵینەبژاردوە دوژمنیەتی، ئەو کاندیدەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەردەکەوێ گرنگی بە زوقمبردنی رەزی دژبەرەکانی و قڕتێکەوتنی ماڵاتەکانیان نادات، بەڵکو هەوڵ دەدات قەرەبووی زیانەکانی لایەنگرانی بکاتەوە، بۆ دژبەرەکانیشی دەست بە سینگیدا بێنێ و بە قەرەبوونەکردنەوەیان هەناسە ساردیان بکات، ئەویش وەك سزادانێك بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا پشتیان تێ کردوە. لە وڵاتانی مەرکەزی وەك فەرەنسادا ئەم جۆرە ئەخلاقە

ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشیّ، بەلاّم غەریزەی دادخوازیی ناو ناخمان تا سەر بێدەنگ نابیّ، بەڵکو سەرەنجام دەتەقێتەوە، جا هاوار بۆ ئەو کەسەی هەستی هەقخوازی لە فەرەنسا دەبزوێنیّ".

کار گەیشتە ئەوەی کەسانی ژیر و دانا حوکمێکی قورس لەسەر ئەنجومەنی نوێنەران بدەن، ئەو بەیاننامەیەی بەناوبانگترین پیاوانی کۆڕی زانستی و کۆلێژی سۆربۆن و سەندیکای پارێزەران بلاّویان کردەوە، لەوانە کارنو و بوشار و کروازە و داستر و بنلفیە و هارمان و دیهل و فرنان فور، ئاماژەیە بۆ ئەوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە ئەو شێوازەی دەڵیّ هەر بازنەیەك یەك نوێنەری هەڵبژێریّ وایکردوە بەرگەگرتنی نەریتەکانی هەڵبژاردن و سیاسەتمان زەحمەت بیّ. ئەو شێوازە بووە نادادپەروەریی لە رەوتی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی یاساکاندا دروست کرد و مەحسوبیەت جێگەی هەق و ئینسافی گرتەوە، بێسەروبەری لە دیوانەکانی دەوڵەتدا تەشەنەی سەند و کورتهێنانی لە بودجەی گشتیدا دروست کرد، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نوێنەران لە کۆتی کۆیلایەتی رزگار بکرێن کە لەپێناو کورسیەکانیاندا ناچار بە موداراکردنی هەوا و ئارەزووەکانیان دەکات. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سیستمی نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) هەندیّ کەرامەت و ئەخلاقی تێدا بیّ و خەبات لەپێناو پرنسیپەکان جێگەی رکابەریی شەخسی بگرێتەوە.

ئەی چۆنە وا سیستمی نوێنەرایەتی سەرباری رق و بێزاریی زۆر لە چینەکانی نەتەوە هەر ماوە؟ ئەو سیستمە دەمێنێتەوە لەبەرئەوەی تاکە سیستمی مومکینە لای نەتەوە شارستانییەکان، هەموویان باوەڕیان پیّ هێناوە جا چ پاشایەك لەسەریەوە بیّ وەك لە ئینگلتەرا و بەلجیکا و ئیتاڵیا، یان سەرۆکێکی هەڵبژێردراو وەك لە فەرەنسا و ئەمەریکا، لەم ولاّتانەدا پەرلەمان یاسا دادەنیّ و وەزیرەکان حوکم دەکەن، لەم رۆژانەی دواییدا هەردوو دەوڵەتی موتڵەقی رووسیا و تورکیایش ناچار بوون سیستمی نوێنەرایەتی پەسەند بکەن کاتیّ بینییان چاریان ناچارە.

کاتیّ سیستمێکیش دەبێتە حاشاهەڵنەگر وا باشە قبولّ بکریّ و هەوڵی چاککردنی بدریّ، سیستمی نوێنەرایەتیش بەوە چاك دەکریّ هەندیّ سەربەخۆیی بدرێتە نوێنەران لەبەرانبەر دەنگدەرانیان، بەو رێکارانە چاك دەکریّ کە پێویستە دژی ئۆردوی فەرمانبەران بگیرێنە بەر وەك پێشتر باسم کرد، هەرکات فەرمانبەران وەك یارمەتیدەر تەماشا کران کە حکومەت لەکاتی دامەزراندنیاندا هیچ بەڵێنێکی پێنەداون، ئیتر خۆیان بە کرێگرتە دەژمێرن کە بەئاسانی دەگۆڕدرێن، بەوەیش ئیتر ناوێرن خۆیان لە شێوەی براگەورەی ملهوڕ پیشان بدەن. بەوە چاك دەبیّ کاربەدەستان هەندیّ حەزم و چوستی بنوێنن و نەبنە هاوپەیمانی کەسانی هەرچی و پەرچی، ئاخر چۆن ئەوانەی فەرمان و قەدەغەکردنیان بەدەستە دوای ئەزموونێکی زۆر و دووبارە لەوە تێنەگەیشتوون کە لاوازیی بەردەوامیان و لێبوردنی هەمیشەییان جگە لە زیادبوونی لەشکری یاخبووان کە سوتاندن و تێکدان بۆ خۆی حەلاّلّ دەکات، هیچیتری لیّ ناکەوێتەوە؟.

چەندە چاوپۆشی و لێخۆشبوون زیاد بن ئاشوب زیاتر دەبێ، گرتنەبەری رێگەی لێخۆشبوون لەلایەن حکومەتەوە لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی هەڵگیرسانی ئاشوبەکەی ساڵی ١٩٠٧ بوو لە دوو لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باشور و یاخیبوونی فیرقەیەك، لە یاخیبوونی (درافی) ساڵی ١٩٠٨، لە مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستە و پیاوانی هێزی دەریایی و مانگرتنە شۆڕشگێڕان لە (میرۆ) و (مازارە)، ئەنجامدانی جۆرەها تێکدان و وێرانکاری و بەکارهێنانی دینامیت بۆ نوقمکردنی کەشتیەکان ساڵی ١٩٠٩، هەروەها مانگرتنی دەریاوانانی مەرسیلیای نوێ ساڵی ١٩١٠ و...هتد.

لاوازی لەو شێوەیەی سەرکردەکانمان پیشانی دەدەن زۆر ناخایەنێ، ئەگەر فەوزا زیادی کرد و حزبی دەسەڵاتدار لە لاوازیی خۆی بەردەوام بوو، سەرەنجام فەوزا سەردەکەوێ.

## بەشی شەشەم

## تیراوێبوونی تاکڕەوی

یەکێك لە جیاکەرەوەکانی ئەم سەروەختە پەرەسەندنی سۆشیالیزم و کای سەندیکاییە بەشێوەیەکی تاکڕەوانە، یەکێك لە رۆژنامە گەورەکان لەنێو هەزاران نموونەی هاوشێوەدا ئەم نموونەیەی خوارەوەی هێناوەتەوە:

"لە (سیت) دیمەنێك لە دیمەنەکانی تاکڕەویی سەندیکایی بێزراو روویدا، ئەویش کاتێ سەندیکا دوازدە کرێکاری خستە دۆخێك تێیدا نەتوانن بژێویی ژیانیان دابین بکەن، گوناهیشیان چی بوو؟ گوناهیان ئەوەی بوو لەکاتی مانگرتنە تازەکەدا کە ئەنجامدانیان بەباش نەزانیوە، لەسەر کارکردن بەردەوام بوون.

تاکڕەویی سەندیکایی ئەو تێکدان و وێرانکارییەی لە شاری (سیت)دا بەرپای کردوە لە هیچ شوێنێکیتر نەیکردوە، ئەو شارەی بەدەست قەیرانی درێژخایەنی ئابوورییەوە کفت بووە، کرێکارانی شارەکەیش لەرێی پەنابردن بۆ حەزی پەرگیرانە و مانگرتنی بەردەوامەوە، قسوریان نەکرد لە خاپورکردنی ئەو تۆزە ژیانەی تێیدا مابوو، لەو شارە هەژاری و نەهامەتی تا دێ زیاد دەکەن. هەژاری تێیدا گەیشتۆتە رادەیەك زیاتر لە پاپۆرێك نابینی کە جاروبار رووی تێدەکات، لەکاتێکدا بە دووەم بەندەرمان لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دادەنرێ.

ئەوە تەنها لە شاری (سیت) روونادات، بەڵکو لە سەرتاسەری فەرەنسادا روودەدات. پاش ئەوەی رووداني شتێکی شاز بوو ئیتر وا بووەتە ئەسڵ، ئەمەیش کۆمەڵێ هۆی دوورمەودای هەیە:

وتاربێژە سیاسیەکانمان لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسیەوە تا ئەمڕۆ جەخت لەوە دەکەن رقیان لە تاکڕەوییە و ئازادییان خۆش دەوێ، لەکاتێکدا مێژووی ئەم قۆناغە پێمان دەڵێ خەڵك رقیان لە ئازادییە و تامەزرۆی تاکڕەوین، لە سەردەمی لویسی چواردەیەمەوە نەگۆڕاوین، دەوڵەت لە سەردەمی ئەودا پرۆتستانت و لایەنگرانی (جانسینیوس)ی دەچەوساندەوە، ئەمڕۆیش دەوڵەت زوڵم لەو کەسانە دەکات وەك ئەو بیر نەکەنەوە و دەست بەسەر ماڵ و سامانیاندا دەگرێ.

سەرجەم حزبەکانی فەرەنسا سیخناخن بە مەیلی زۆرداری و نالێبوردەیی، یەکەمین شت منداڵان لە وڵاتدا فێری دەبن، وەك (فاغیە) روونی کردۆتەوە، بریتییە لە رقبوون لە هەندێ چینی نەتەوە و بەسووك سەیرکردنیان، ئەو هیممەتەی مامۆستایانی قوتابخانەیش دەیکەن تا ئەو هەستە ببەنە ناو دەروونی خەڵك، شاراوە نیە.

لە بارێکدا پەرۆشی بۆ تاکڕەوی و رق لە ئاسانکاری لەو هەستانەیە بە چینە جیاوازەکانی نەتەوەوە دیارە، پێویستە بەرگەی بگیرێ و شان بدرێتە ژێر قورساییەکەی، کاتی خۆی خانەدان و پاشاکان تاکڕەوییان دەکرد، ئەنجا رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست هاتن و دەستیان بە تاکڕەوییەوە گرت، وا ئەمڕۆیش چینەکانی

عەوام دەستی پێوە دەگرن، شتێکی سروشتییە بەرخوردکردنی ئەو سنفانە لەگەڵی تێکەڵ بەو توندوتیژی و دڵڕەقییە ببێ کە تێیاندایە، پاشان دڵڕەقی سۆشیالیستەکان تووڕە ناکات، ئەوان یەکبین مەرایی بۆ گەورەکانیان دەکەن، وەك کە جاران زنجیەکان مەراییان بۆ پاشاکانیان دەکرد.

بەرێزەوە گوێ بۆ ئەو بڕیارانە شل دەکرێ کە هەندێ لە سەرکردەکان لە مەیخانەکاندا دەریاندەکەن و ملکەچانە گوێڕایەڵی دەکرێن، لەو رووەیشەوە سەرکردەکان و ئەو حەشاماتەی شوێنیان دەکەون زۆر هەڵمەت (مندفع)ن، رازیکردنیان ئاسان نیە با بە چەمانەوەی بەردەوامیش بێ لەبەردەمیاندا، چونکە دەروونە ساویلکەکان حەیف و نەزۆك و مەحاڵ نازانن، خۆلادان لە بەرگەگرتنی ئارەزووەکانی حەشامات نیە، کە بەندەکانی گوزارشتی لێدەکەن تا زۆرینەی نەتەوە لە حەشامات پێکبێ، بەکاریگەریی حەشامات پەرلەمانەکەمان دژیەکترین یاسا دادەنێ، پێ بە دابونەریتدا دەنێ و سووکایەتی بە خواستەکانی ئابووری دەکات، بەرهەڵستی یاساکانی سروشت دەکات و تەنیا ملکەچی بەرژەوەندیەکانی ساتی ئارا و تەکانەکانی دەبێ.

ئەو تەکانانە ناونیشانی عەزیمەتی سەندیکاچی و شیوعییە شۆڕشگێڕەکانن، کاریگەرترین سەرکردەکان سەرانی کۆمەڵەی یەکێتی کرێکارانن، بەو نەفسییەتە نزمەی هەیانە دەسەڵاتی رەهایان دەسەڵاتی سەرکردە سۆشیالیستەکانی لاواز کردوە، مسیۆ (دیشانیل) لە وتارێکدا حەقیقەتی ئەو نەفسیەتەی روون کردۆتەوە و دەڵێ:

"ئەو سەرکردانە هەم قەیسەری هەم ئەریستۆکراتی و هەم دیندارن، قەیسەرین لەبەر سووکایەتیکردنیان بە سیستمە دەستووریەکان و بەڕێوەبردنی رەهایان بۆ کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران، ئەریستۆکراتین لەبەر سووکایەتیکردنیان بە هەڵبژاردنی گشتی و دیموکراسی، هەروەها دیندارن لەبەر باوەڕیان بە کودەتایەك کە دنیایەکی نوێی لێ دەردەچێ، شانازی دەکەن بەوەی ئینکاریی ئەفسانەکان دەکەن کەچی دەستیان بە ئەفسانەیەکەوە گرتوە لە جۆری ئەفسانەکانی سەدە بەراییەکان، لای ئەوان بانئاسایی (خوارق) تەنیا شێوەکەی گۆڕیوە، واتە بەشێوەیەك خۆی پیشانیان دەدات کە بتوانێ سروشتی مرۆڤ بگۆڕێ و لەپڕ کۆمەڵگەکان نوێ بکاتەوە".

نموونەی باڵای ئەو پیاوە فیترییانە بریتییە لە پاشەکشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گەڕانەوە بۆ هەمەجیەتی سەدە بەراییەکان، کە شیوعیەتێکی ساف باو بوو و مرۆڤ پاش چەشتنی تاڵاوێکی زۆر ئەنجا لە چنگی قوتار بوو، لەڕووی میزاجی دەروونی و مەبەستەکانەوە لێکچوونێك لەنێوان ئەوان و پێشینانی مەسیحیەکاندا هەیە، پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل هەڕەشەیان لە دەوڵەمەندان دەکرد و مزگێنیی مەلەکوتی دادپەروەری و یەکسانییان دەدا، بابانی کەنیسە لەگەڵ قەشە (بازیل) و قەشە (جان کریزوستوم) دەیانگوت دەوڵەمەندەکان دز و جەردەن، بەلای قەشە (جیروم)ەوە سامان بەرهەمی لرفدان (اختلاس) و دزییە،

سەرجەم ئەوانە پێیان وایە پێویستە ماڵ بۆ کۆمەڵگە بگێڕدرێتەوە و لەنێوان خەڵکدا بەیەکسانی دابەش بکرێ.

پێویستی بە تاکڕەوی عاتیفەیەکی نەتەوەییە و وابەستەی میزاجی دەروونیمانە، سەلماندنی ئەوە بە خستنەڕووی ئەنجامەکانی یەك سیستم لە گەلانی جیاوازدا ئاسان دەبێ. ئەگەر تەماشای سیستمی سەندیکایی بکەین کە زادەی گرووپەکانی کرێکارانە لە سەرجەم وڵاتاندا دەبینین لە فەرەنسا بووەتە ئامرازی زەبروزەنگ و رق و یاخیبوون و خەمساردی بەرانبەر نیشتمان و بەسەربازکردن و هەڵوەشانێکی کۆمەڵایەتی کە هەڕەشە لە ژیانی نەتەوە دەکات. لە ئینگلتەرە سیستمێکی باش لە رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان کرێکاران و خاوەنکاراندا هەیە، رێگەی لە رق و یاخیبوون بەسەر هەر مرۆڤێکدا گرتوە. ئەمەی لە ئینگلتەرە هەیە کاری لە شاندێك کردبوو کە لەم دوواییەدا کرێکاران رەوانەی ئینگلتەرەیان کرد، تا لە سیستمی کار لەوێ بکۆڵێتەوە. لە بەشێك لە راپۆرتەکەیدا هاتووە:

"رۆحی نەتەوەیی هاوڕێیانمان لە ئینگلتەرە زۆر سەرنجی راکێشاین، هەموو کەسێکیان بەو هەستی برایەتییە گشتیەی لە هەناویدا دەکولا لەگەڵمان دەدووا، لەوێ کەس شتێکی نەدی گوزارشتی پێ بکات لە دژایەتیکردنی حکومەت، لە زۆر شوێن –بەتایبەت لە بازاڕی کار لە مانشستەر– ئەندامانی سەندیکاکان بۆ پێکی شەرابیان بۆ تەندروستیی پاشا نۆش دەکرد".

نازانم ئاخۆ نەوەی ئێستا دەرکەوتنی دیانەتێکی نوێ دەبینێ، وەك هەندێ نیشانە ئاماژە بەوە دەکەن، بەو ئاینە سەرسام دەبین ئەگەر بتوانێ گیانی لێبوردەیی لەلامان خۆشەویست و تاکڕەوی لەلامان بێزراو بکات. ئەنجامەکانی تاکڕەوی سەرانی کرێکاران دەرناکەوێ تا شێوەی مانگرتن و یاخیبوون وەرنەگرێ وەك لە (درافی) روویدا، مەترسیدارترینیان بەچاو نابینرێ، کەڵەکەبوونی ئەنجامە شاراوەکان دەبێتە مایەی هەڵوەشانەوەی لەسەرخۆی بەرژەوەندییە گشتیەکان و پیشەسازی و سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی.

ئەمڕۆ هەندێ لە سەرۆك و سەرکردەکان کە حکومەت نەیپاراستون تەسلیمی سەرجەم ئارەزووەکانی کرێکاران دەبن، هەروەها رازی دەبن بە کەمکردنەوەی بەردەوامی بەرهەمیان و دەڵێن سەرەنجام فەرمانبەران و خەزێنەی دەوڵەت بەرپرسیارێتی ئەوە دەگرنە ئەستۆ. ئەوەی کەمبوونەوەی کارکردن و لێرەیشەوە زیادبوونی خەرج دەسەپێنێ ترسە، ترس بەسەر لقەکانی کارەبا لە پاریسدا زاڵ بووە، کەس لە توانایدا نیە رێکارێك لەو لقانە بگرێتەبەر بەبێ ئەوەی رای نهێنپارێزی سەندیکا وەربگرێ، کە کرێکارانی کارەبا بە فەرمانی ئەو مانیان گرت. بەرهەمهێنان لە خانەکانی پیشەسازی بەشێوەیەك کەمی کردوە کە دروستکردنی زرێپۆشێك پێویست بە پێنج ساڵ کارکردن دەکات، لەکاتێکدا دروستکردنی لە ئینگلتەرە کاری دوو ساڵ و خەرجی کەمتریشی دەوێ.

بەکاریگەریی پەتاکە دەسەلات لاواز بووە، سەرانی دەسەلاتیش لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە بێدەسەلاتن گوێ بە کاروبارە گشتیەکان نادەن و تەنها بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە، ناوبەناو ئەم وازلێهێنان و بێسەروبەرییە نسکۆیەکی نوێی لێ دەکەوێتەوە، نوقمبوونی ژمارەیەك کەشتیی گرنگ لە کەشتیگەلی جەنگیمان وەك ینا و سوللی و جانبار و شانزی و نیف و لبرتە لە چەند ساڵێکدا، هەر لەخۆوە نەبووە.

لەپاڵ تاکڕەویی میللیدا جۆریتری تاکڕەوی هەن، تاکڕەویی یەعقوبیانەی سۆشیالیستەکان ستەمەکەی لەوە کەمتر نەبوو، ڕۆژ بەڕۆژیش قووڵتر دەبێتەوە، کە ئێمە چەوساندنەوەی هەمەجیانەی ئاینی و داماڵینی سامانی چینێك لە نەتەوە و ئەو یاسا زاڵمانەی لەگەڵ بازرگانی و پیشەسازیدا ناگونجێن، بە یەکێك لە بەرەنجامەکانی دەژمێرین.

ئەمڕۆیش یەعقوبیەکان ئامێری ستەمێك ئامادە دەکەن فەرەنسا چەند سەدەیەکە شتی وای بەخۆوە نەدیوە، ئەویش باجی داهاتە، کە سەرجەم زانایانی ئابووریەن هەروەها (پۆڵ دولومبەر) لە زۆر لە وتارەکانیدا جەختیان لەوە کردوە داراییمان لاواز دەکات. ئەگەرچی ئیشتراکییە حکومیەکان ئەوە دەزانن، کەچی دەبینی بە فەرزکردنی دڵخۆشن، لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی چەوساندنەوەی ئەوانەی لە حزبەکەیان نین، دووەم لەبەئەوەی بەهۆیەوە سامانی خەڵك دەزانرێ، تا لێیان دابماڵرێ جا یان پلەبەپلە بێ یان بەیەك جار، هەرکات ئەوەی ئیشتراکیەکان دەیانەوێ ڕوویدا یاسای باجی داهات ئامرازێك دەبێ بۆ قورسکردنی سەرشانی نەیاران و سووککردنی هی دۆست و ئەحباب. ئیشتراکیەکان چووزانن ئەم سیستەمە ستەمکارانەیە زۆر نابات لەبەرچاو دەکەوێ و یاخیبوونێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە کە بە کۆتاهاتنی کۆمارەکە نەبێ ناکوژێتەوە. بەڵام خۆشەویستیی تاکڕەوی (ئیستیبداد) بەڕادەیەك بەسەر هەندێ دەروونەدا زاڵ بووە کە لە دەرککردن بە ڕاستیی شتەکان نابینایان دەکات.

ئەگەر مەیلی تاکڕەوی و بەسووك سەیرکردنی ئازادی لە فەرەنسا گشتییە، بەڵام نکوڵی لەوە ناکەین ژمارەیەك ئازادیخوازیشی تێدایە کە پێیان وایە پێویست بە چەوساندنەوەی ئەو کەسانە بکات لەسەری رای ئەوان نین، بەڵام کەمیی ژمارەیان وایان لێدەکات کاریگەرییان کەم بێ، لێرەدا دەپرسین: بۆچی ژمارەی ئەو کەسە تایبەتانە کەم دەکات؟ چۆنە وا لەنێو نوێنەران و دەنگدەراندا مامۆستا و پزیشك و ئەندازیار دەبینین کە بە دانایی و بێزیانی ناسراون، کەچی پاش هەڵبژاردنیان بوونەتە بەرگریکەر لە تێکدەرترین و ڕوخێنەرترین ڕێباز؟ بۆچی پرنسیپەکانی شیوعیەت شۆڕش و ئەو پرنسیپانە کۆدەکاتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی نیشتماندا ناگونجێن؟ هەروەها سەران و قوتبەکانیان لەنێو پیاوانی زانکۆکاندا سیستمی سەربازیکردن بەباش نازانن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەوەندە بەس نیە بوترێ زەوقی ساخلەم هەموو کات زادەی فێرکردن نیە، بەڵکو هەندێ هۆ هەن رووداني ئەو دۆخە زەینییە فەرز دەکەن، کە ترس بە یەکێك لەوانە دادەنێین، ترس — وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا— بووەتە بکەرێکی ئەسڵی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا.

کاتێ هاواری لیژنەکانی هەڵبژاردنەکان نوێنەر دەترسێنێ، ئەو نوێنەرە دەترسێ لەوەی لە بەرگی کەسێکی بوێر و جەسوردا دەرنەکەوێ، واتە لە دیمەنی ئەشەدوبیللاکردن بۆ حەز و ئارەزووەکانی حەشاماتدا و تێکۆشان لەپێناو بەدیهێنانیاندا. بۆ ئەوەی قسەبیستراویش بێ لە رکابەرەکانی زیاتر قیژ و قاو دەکات، زۆر نابات بەکاریگەریی دووبارەکردنەوە باوەڕ بە راستیی وتارە تایبەتەکانی دەکات.

لەپاڵ ترسدا هۆیەکیتریش دادەنێین: ئەویش ئەو وەهمە لاتینییە کۆنەیە کە پێی وایە دەکرێ لەڕێی شەریعەت و یاساکانەوە کۆمەڵگەکان بگۆڕێن. لەو روەوە سەرجەم حزبەکان کۆکن لەسەر ئەوەی مەرسومەکان لەتواناياندایە چارەی ئەو خراپە و نەخۆشییە کۆمەڵایەتیانە بکەن کە بەدەستیانەوە دەناڵێنین، بابای نوێنەر لێبڕاوانە هەوڵ دەدات کارێك بکات، جا لەبەر بێئاگابوونی لەو ئاڵۆزیەی لە خوستەکانی کۆمەڵایەتیدایە —وەك کە پزیشکەکان لە ئاڵۆزیی پێکهاتەی جەستەیی شارەزا نەبوون— بەو شێوەیە تیماری بنیاتی کۆمەڵایەتی دەکەن کە جاران پزیشك نەزانانە تیماری نەخۆشەکانی بە خوێنگرتن و شۆرە یاخود رەوانکردن دەکرد، چەندین سەدە بەسەر پزیشکاندا تێپەڕین تا دۆزییانەوە باشتر وایە دەست بۆ نەخۆش نەبەن، رێگە بدەن یاسا سروشتیەکان بە رێچکەی خۆیاندا بڕۆن و خۆیان دوور بگرن لە دەستدان لە بنیاتێکی ئاڵۆز کە زۆر بەکەمی ناسراوە.

بەڵگە و دەلیلەکان نەیانتوانیوە ئەو باوەڕە فەرەنسییە لاواز بکەن کە دەڵێ حکومەت بە دانانی یاسا دەتوانێ هەموو ش بکات، ئەو باوەڕە وەك بەشێك لە عەقیدەی ئاینی لێهاتووە کە لایەنگرانی مشتومڕ لەسەر راستییان ناکەن، ئەوەی وتارەکەی مسیۆ (بوردو) ئاماژەی پێداوە لەم چەشنەیە کە تێیدا قسەی لسەر کتێبی یەکێك لە مامۆستایانی زانۆکی کردوە. بەلای ئەوەوە پێویستە حکومەت گەرەنتی بەختەوەریی نەتەوە و رزگاربوونی لە ژیانی دنیادا بکات و رەوتێکی هاوشێوەی رەوتی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بگرێتە بەر. ئای ئەو پیاوانەی سیستمە دیموکراسیەکەمان بەرهەمی هێناون چەندە مەترسیدارن! چەند شوومن ئەو مامۆستایانەی لە دەریای وەهمدا چەقیون و لەو راستییانەوە دوورن کە جیهان بەڕێوە دەبەن!

بنەمای دەسەڵاتی رەهای حکومەت لای سۆشیالیستەکان بەشێوەیەك ریشەی داکوتاوە وای لێکردون پێیان وابێ حکومەت لەسەری نیە رێزی پەیماننامە و مافەکان بگرێ، ئەم زهنیەتە تائێستا لای پاشا زنجیەکانی ئەفریقیایش نەبینراوە. ئەو پاشایانە هەندێ جار خاوەنی قسەی خۆیان بوون، کەچی سۆشیالیستەکان پێیان وایە حکومەت ناچار نیە خاوەنی قسەی خۆی بێ و بپارێزێ، سەرۆکی حزبی سۆشیالیست دوودڵی نەکرد لە راگەیاندنی ئەوە لە گفتوگۆیەکدا کە لە پەرلەمان بەڕێوە چوو، بەڵام

وەزیرێك بەم شێوەیە وەڵامی قسەکەی دایەوە: "چۆن دەتەوێ تەنیا حکومەت تەفسیری دەقەکانی بەڵگەنامەیەك بکات کە لەگەڵ کۆمپانیایەکدا ئیمزای کردوە؟ شەرەفی دەوڵەت چی دەبێ ئەگەر پاش ئیمزاکردنیان حاشا لەو گرێبەستانە بکات کە بەناوی وڵاتەوە کردونی؟".
بەڵگەنەویستی وەك ئەم شتانە کە پێویستیان بە موناقەشە نیە و پاشان زەرورەتی بەرگری لێکردنیان، پیشانمان دەدات رێبازە تاکرەوانەکەمان تا چ رادەیەك زۆر کەسیان لەخشتە بردوە.
تێبینیەکانی رابردوو سایکۆلۆژیەتی یاسادانەرانمان بۆ روون دەکەنەوە، کەواتە لایەنە شۆرشگێریەکانی کوری چینی ناوەراست لەکوێوە هات؟ لەو رووەوە ئەو کورە بەگشتی توانای رامان و تێگەیشتنی نیە، وەك چاولێکەری خۆی بە چەند دەستەواژەیەکی باو سپاردوە و بەهۆیانەوە پروپوچیی هزرەکانی دەشارێتەوە، لەوانە:
"دەبێ مرۆڤ لەگەڵ زەمەندا بروات، پێویستە پیاو بەگوێرەی دۆخ خۆی بگونجێنێ" و بەم شێوەیە، ئەو نازانێ چی لەژێر ئەو دەستەواژانەدایە، بیسەرانیشی نازانن مانایان چییە.
پاشان ئەو کورە وەك سەرجەم فەرەنسیەکان لە هەموو روویەکەوە حکومییە، ئەمەیە نهێنی رێکەوتنی حزبەکانی چینی ناوەراست –ئیکلیروسی بن یان سۆشیالیست یان پاشایەتی– کۆکن لەسەر داواکردن لە حکومەت بۆ دانانی یاسا بۆ نوێکردنەوەی جیهان، جا لەو رووەوە سۆشیالیزم پوختەی ئەو مەیلە گشتییەیە بەخێرایی لەنێوان رۆڵەکانی چینی ناوەراستدا بڵاو دەبێتەوە، با خۆی بریتی بێ لە گەرانەوە بۆ قۆناغی هەمەجیەتی یەکەم و هەرەشەی تاکرەوییەکمان لێ بکات کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە.
رقی رواڵەتی چینی ناوەراستیش لە دابونەریت دەخرێتە پاڵ ئەو هۆیانەی باسمان کردن. هیچ چینێك نیە وەك ئەو چینە دابونەریت پەرۆشی سەرهەڵدانی نین، هیچ چینێکیش نیە وەك ئەو رقی لە دابونەریت نیە، لە رقەکەیشیدا لە دابونەریت، وەك رقی کۆیلە بۆ گەورەکەی ناچارە گوێرایەڵیشی بکات.
لەبەر ئەو هۆیانەیە کەسانێکی بەگوێرەی توانا خوێندەوار دەبینین بەکزۆڵی لەبەردەم سەرانی نوێی کەنیسەکاندا چۆك دادەدەن وەك چۆکدادانی دەستوپێوەندەکان لەبەردەم پاشا موتڵەقەکانی رۆژهەڵاتدا، لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا هەندێ کەسی خاوەن سەربەخۆیی فیکری دەبینین خۆیان لە خزمەتکردنی ئەو سەرگەورانە لادەدەن، بزانە مسیۆ (ئیدمون بیکار) یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی بەلجیکا لەبارەی هەڵگەرانەوەی لە حزبی سۆشیالیستی چی دەڵێ: "من واز لە حزبی کرێکاران ناهێنم، بەڵکو واز لە حزبی دەمارگیر و ئاژاوەگێر و لوتبەرزان دێنم، کە موزایەدەی هەڵبژاردن ئاراستەیان دەکات و دەترسن لە شێوەی ژێری پشوودرێژدا دەربکەون، من رقم لە نالێبوردەییە و دژی ملکەچکردنم بۆ بنەما زاڵمانەکان، با سۆشیالیزم بەشوێن کۆیلەیتردا بگەرێ بۆ خۆی جگە لە من".

قەشەکانی سۆشیالیزم زۆر زەحمەت نابینن بۆ پەیداکردنی کەسانێك ڕێبازەکەیان بپەرستن، پەرەسەندنی بارە دەروونیەکان لەم سەروەختەدا دەرکەوتنی خەڵکانێك ئاسان دەکات کە ئامادەن بۆ چەشتنی تاکڕەوییەکی توندتر لە تاکڕەویی پاشا کۆنەکان، بەڵێ ئازادیش لایەنگری لەناو هەوادارانی زانستە تیۆریەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەی بەدڵی گرووپەکان و سەرکردەکانیانە تاکڕەوییە.

# دەروازەی چوارەم

# وەهمەکانی سۆشیالیزم و وەهمە سەندیکاییەکان

## بەشی یەکەم

## وەهمەکانی سۆشیالیزم

پێویستە جیاوازی بکرێ لەنێوان ئەو ئیشتراکیەتەی ئێمە لە رێبازەکانی بەگومانیان، لەگەڵ ئەو بزوتنەوەی هاوکارییە کۆمەڵایەتیەی بڵاوبوونەوەی لە هەمو شوێنێك دەبینین، بزوتنەوەی هاوکاریی کۆمەڵایەتی زادەی تیۆرە سۆشیالیستیەکان نیە، بگرە سەرکەوتنی ئەو تیۆرانە کۆسپە لەبەردەمیدا.

کەواتە لە بەگژاچوونمان بۆ تیۆرەکانی سۆشیالیزم بەرهەڵستی بزوتنەوەی هاوکاریی کۆمەڵایەتی ناکەین، کە کەس بەخەیاڵیدا نایەت رێگەی لێ بگرێ، چونکە پێشکەوتنی چینەکانی کرێکاران لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە لەو بابەتانەیە جێبایەخی هەموو خەڵکە، بەڵگەیش لەسەر ئەوە خۆشحاڵی هەمووانە بە پرۆژەکانی دڵنیایی دژی مەترسیەکانی کار، دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێکاران، پێدانی مووچەی خانەنشینی بە کرێکاران، فێرکردنی کرێکاران و بایەخدان بە تەندروستییان و کردنەوەی سەرچاوەی دارایی بۆ جوتیاران و رێکخستنی کاروبارەکانی قەرەبووکردنەوە و...هتد.

سۆشیالیزم چەندین رێبازی جیاوازی هەیە کە ئەوەی بەیەکیانەوە دەبەستێ تەنیا رقی گەورەیانە لە سیستمی ئێستا، وادیارە سۆشیالیزمی حکومی جێگەی ئەو رێبازانە دەگرێتەوە، چونکە خاوەن دەنگی بیستراوە لە پەرلەمان و زۆر لە بڕیارەکانی بەسەریدا دەسەپێنێ، بەڵام سەرکەوتنی زۆر بەردەوام نابێ، چونکە رێبازێکی نوێ لەنێو کرێکاران لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و وڵاتانیتر دەستی بە بڵاوکردنەوە کردوە ناوی رێبازی سەندیکاییە (المذهب النقابي)، ئەو رێبازە دڵیان لە سۆشیالیزمی حکومی وەردەگێڕێ.

جیاوازیەکی روون لەنێوان هەردوو رێبازەکەدا دەبینین، هەوادارانی رێبازی سەندیکایی ئەو جیاوازییە ناشارنەوە، بەڵام سۆشیالیستە حکومیەکان دەیشارنەوە لەبەرئەوەی دەزانن پێچەوانەی تیۆرەکانیانە، هەروەها لەبەر هەستکردنیان بەوەی رۆحی گەل لێیان تۆراوە. سەرباری خۆکزکردنیان بۆ سەندیکاییەکان، ئەوان لە رۆژنامەکاندا یەکبین باسی ئەو جیاوازیانە دەکەن کە لەوانیان دوور دەخاتەوە. ئەوەتا لە کۆنگرەی (ئەمیان) کە چوار سەد نوێنەری هەزار سەندیکا تێیدا ئامادە بوون "پێشنیار کرا سەندیکاکان پەیوەندییان بە حزبی سۆشیالیستیەوە هەبێ، ئەوەیش بە نزیك لە کۆدەنگی رەت کرایەوە".

سەندیکاییەکان گرنگی بە روونکردنەوەی ئەو وەهم و خەیاڵانە دەدەن کە لە سۆشیالیزمی حکومیدا هەن، لە کۆنگرەیساڵی ١٩٠٧دا یەکێك لە ئەندامە دەستڕۆیشتوەکانی رێبازی سەندیکایی بەم شێوەیە لەگەڵ یەکێك سەرۆکە سۆشیالیستەکان دووا: "پرنسیپەکانی ئێوە وەهمین، لەبەرئەوەی توانایەك بۆ خەلقکردن و پێگەیاندن دەدەنە پاڵ هێزی بەهێزی حکومەت کە تێیدا نیە، ئێوە ناتوانن کۆمەڵگەیەکی نوێ بێننە کایە، هەروەك ناتوانن لێوەشاوەییەك ببەخشنە کرێکاران کە بتوانن کاروبارەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە (مقایضة) بەڕێوە ببەن. بەڵێ بۆ ماوەیەك دەبنە سەردار، دەسەت بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن کە لە دەستی

رۆڵەکانی چینی ناوەڕاستدایە و مەرسومی زۆر دەردەکەن، بەڵام موعجیزە ناهێنن، کە وابکەن کرێکاران ئامادە بن بۆ جێگرتنەوەی خاوەن سەرمایەکان، پێمان ناڵێن چۆن چۆنی دەستگرتنی چەند کەسێك بەسەر کاروبارەکانی دەوڵەتدا میزاجی دەروونی و هەستی حەشامات دەگۆڕێ، لێوەشاوەیی زیاد دەکات و رێسای نوێ بۆ ژیان دێنێتە کایە؟".

جیابوونەوەی سەندیکاییەکان لە سۆشیالیستە حکومیەکان تەنیا لە فەرەنسا رووی نەدا، بەڵکو لە ئەڵمانیایش روویدا، ئەوە بوو لە کۆنگرەی (مانهایم) کە لە ساڵی ١٩٠٦ بەسترا، سۆشیالیست (بیبل) و حزبەکەیان خۆیان لەبەردەم هەندێ کەس لە لایەنگرانی رێبازی سەندیکاییدا بینیەوە، بیبل ناچار بوو –بۆ پارێزگاریکردن لە نفوزی خۆی– سەرباری لێدوانەکانی پێشووی مل بۆ داواکارییە سەندیکاییەکان نەوی بکات.

سەندیکاییەکان هاوپەیمانیکردن لەگەڵ سۆشیالیزم رەت دەکەنەوە، یەکێکیان نووسیویەتی: "سۆشیالیزم هەوڵ دەدات سیستمە ئیداریەکان فراوان بکات، ئەو بنەمای بێزاری و لاوازییە کە دەیەوێ حکومەت ناچار بکات لە کاردا جێگەی تاکەکان بگرێتەوە، زادەی هەندێ گەلی بەساڵاچووە کە لەڕووی ئابووریەوە پاش دەکەون".

ئەم راستییانە چەند ساڵێك پێشتر لای ژمارەیەکی کەم لە زانایانی دەروونی نەبێ نەزانرابوون، ئەمڕۆ لای زۆر لە کرێکاران زانراوە، پاشان هەندێ لە سۆشیالیستە رۆشنگەرەکان گوێیان لە قسەی پڕوپوچی وتاربێژەکان بووە سەبارەت بە حوکمی رەهای نەداران و جێگرتنەوەیان بۆ رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست، (برنستاین) دەڵێ: "حوکمی رەهای نەداران لەڕاستیدا حوکمی وتاربێژانی یانەکان و شۆڕسوارانی دەربڕینە".

ئەو تیرانەی سەندیکاییەکان ئاراستەی سۆشیالیستەکانی دەکەن ئەمانەی دوایی شێتگیر دەکات و وایان لێدەکات دەست بۆ پەرگیرانەترین پرنسیپی وەك پرنسیپە نانیشتمانیەکان ببەن، یەکێك لە رۆژنامە رەسمیەکانیان لە لاپەڕەی یەکەمیدا وێنەیەکی رەمزی بڵاو کردەوە، کە هێمایە بۆ کرێکاران لەبارێکدا هەندێ ئاڵا دەدڕێنن ناوی مەزنترین پیاوانمانیان لە مێژوودا تێدایە، ئەو کارە ناقۆڵایەیش سۆشیالیزمی لە هەڵوەشانەوە نەپاراست، کە ئەمڕۆ بۆ چەندین تاقمی رەشبین پەرت دەبێ و هەریەکەیان پێی وایە ئەو راستیی رەهایە.

رۆژنامەکانی سۆشیالیزم بەدەست ئەم لێکترازانەوە دەناڵێنن، هیچ چاریشیان نیە جگە لە راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی، ئەوەتا لە ژمارەی ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٨ی رۆژنامەی "بزوتنەوەی سۆشیالیزم"دا هاتووە:

سۆشیالیزم لە دەردێکی بێدەرمانەوە دەگلێ، دەبینین رەوتی بەشکۆی ئەو بزوتنەوەیە کە لە سەدەی رابردوودا دڵەکانی پڕ لە جوانترین ئومێد کرد، ورده ورده بەرەو ئیفلاسێکی خەمناك دەچێ، چونکە لەپاڵ سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕیدا چەندین جۆر لە سۆشیالیزمی نامۆ سەرهەڵدەدەن وەك سۆشیالیزمی حکومی، سۆشیالیزمی شارەوانی، سۆشیالیزمی ماسۆنی و سۆشیالیزمی نیشتمانی و...هتد، ئاخۆ سۆشیالیزمی سەرمایەداری کەی سەرهەڵدەدات؟".

کەواتە ئەو وەهمەی دزەی کردۆتە ناو سۆشیالیزمی حکومی بۆ زۆر خەڵك دەردەکەوێ، ئەوەیش رێگر نیە لەوەی لە پەرلەمان بەهێز بێ و ببێتە مایەی دانانی زۆر یاسای زیانبەخش، لەبەرئەوە پێمان وایە ئاماژەدان بە مەترسیەکانی سوودی خۆی دەبێ، لە بەشێکی پاشتردا بەدرێژی باسی رێبازی سەندیکایی دەکەین کە لە سۆشیالیزمی حکومی گرنگترە، لەبەرئەوەی لە روانگەی خواستەکانی ئابووریی ئێستاوە سەرچاوەی گرتوە، نەك لە وەهم و خەیاڵەوە.

یەکێك لە ئامانجەکانی سۆشیالیزم لەناوبردنی جیاوازیی سروشتییە بە یەکسانکردنی خەڵك لە بژێویدا، سۆشیالیزم خوازیارە لەڕێی هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی و سامانی تاکەکان و بەڕێوەبردنی پیشەسازیەکان لەلایەن حکومەتەوە بەو ئامانجە بگات. ئەم رێبازە لە رواڵەتەکانی کێشەی ئەزەلیی نێوان دەوڵەمەند و هەژار و نێوان بەهێز و لاوازە، مرۆڤ لە سەرەتاکانی مێژووەوە ناسیویەتی و هیچ نەتەوەیەك نیە نەکەوتبێتە داوی یاساکانی، بەهۆی ئەوەوە گریك سەربەخۆییان لەدەست دا، بەهۆیەوە لە رۆما سیستمی کۆماری نەما و سیستمی ئیمپراتۆری جێگەی گرتەوە.

شۆڕشی فەرەنسی بەدڵی سۆشیالیستەکان نەبوو، شۆڕشەکە –ئەگەرچی بانگەوازی یەکسانی بەرز کردەوە– بەڵام دوای ئەوەی دەستی بەسەر سامانی خانەدانان و ئیکلیرۆسدا گرت رایگەیاند مافی موڵکدارێتی پیرۆزە و کۆڵەکەی سیستمی کۆمەڵایەتییە، پاشان هەر جۆرە مەیلێکی بۆ شیوعیەت لەناو برد، ئەویش بە لەملدانی هەوادارانی.

ئەی سۆشیالیزمی نوێ چۆن سەری هەڵدا و بڵاو بوویەوە و بوو بە ئاینێکی راستەقینە؟ لەبەرئەوەی لە کتێبی "رۆحی سۆشیالیزم"دا وەڵامی ئەوەمان داوەتەوە، لێرەدا بەدرێژی لەسەری ناوەستین.

دەستەواژە (سیغە) تەمومژاوییە کورتەکان لە دنیای سیاسەت، هەروەها لە دنیای دیندا سوودێکی گەورەیان هەیە، هەرکەس بەئارەزووی خۆی تەفسیریان دەکات، هیچیان هێندەی دەستەواژەی سۆشیالیزم لەم زەمەنەدا داخراو نیە، کە لە دیدی ئەوانەی بە بەشی خۆیان رازین گوزارشت لە پەرۆشییان بۆ باشکردنی بژێویی چینە مەترسیدارەکانی گەل دەکات، لای تووڕەکانیش ناونیشانی تووڕەییەکەیانە، لای تیۆرییەکان هێمایە بۆ سیستمێکی کۆمەڵایەتی گونجاو لەگەڵ خەونەکانیان، کە شیاوی ئەوەیە جێگەی سیستمی کۆمەڵایەتیی ئێستا بگرێتەوە.

سیفەتی سەرەکی سۆشیالیزم بریتییە لە رق لە سەرجەم باشترینەکان: باشترینی هەڵکەوتن و باشترینی سامان و باشترینی زیرەکی، سۆشیالیزم لای شوێنکەوتوانی جێگەی خواوەندە کۆنەکانی گرتۆتەوە و بووەتە هێزێکی خاوەن نهێنی کە لەتوانایدایە ناعەدالەتیی بەخت نەهێڵێ، بەدیدی ئەوان لەسەر داروپەردوی کۆمەڵگەی پیرەکەی ئێستا جیهانێکی نوێ دادەمەزرێنێ، تێیدا هەموو خەڵك بەختەوەریەکی ئەبەدی بەدەست دێنن.

ئەو مەحاڵیەی لە رێبازەکەدایە رێگە لە بڵاوبوونەوەی ناگرێ، چونکە مەحاڵی لەگەڵ زۆربەی غەریزەکانی خەڵکدا دەگونجێ. سۆشیالیزم زیاتر بەو ئومێدانەی بە خەڵکیان دەبەخشێ بەسەر دەروونەکاندا زاڵ دەبێ نەك بەو مەعقولەی بانگەوازی بۆ دەکات. پاش ئەوەی گۆڕانێك لە دەروونەکاندا دروست دەکات، سەرباری نەگونجانی لەگەڵ عەقڵ و مەنتیقدا سەردەکەوێ، رۆڵی پەیامبەرانیش هەر هێنانەکایەی ئەو گۆڕانانەیە، رێبازی سۆشیالیزم توانی ژمارەیەکی بەرچاو لەوانەی بۆ رەخسا.

سەرکەوتنی سۆشیالیزم سەرکەوتنی مەسیحیەتمان لەسەرەتای خۆیدا بیر دەخاتەوە، چونکە مەسیحیەتیش لەگەڵ ئەو لۆژیکە لاوازەی لە بنەماکانیدا هەیە و لەگەڵ ئەو رەخنانەی فەیلەسوفان لێیان گرتوە بڵاو بوویەوە، زۆری نەبرد –بەکاریگەریی تەلقین و پەتای دەروونی– خاوەن دەروونە روناکەکان و خاوەن عەقڵە زاڵەکان باوەڕیان پێ هێنا.

گرنگترین هۆی سەرکەوتنی سۆشیالیزم دەرکەوتنیەتی لەکاتێکدا مرۆڤ کفر بە خواوەندە کۆنەکانی دەکات و بەشوێن خواوەندیتردا دەگەڕێ، مرۆڤ ناتوانێ بەبێ ئاین، واتەبەبێ ئومێد بژی. لەم رووەوە جیاوازی لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا نیە، ئەگەر چینەکان کفریان بەخواوەندەکان کرد با باوەڕ بە بتەکان بێنن، ئەمەیە نهێنی ئەوەی سۆشیالیزم هاوشێوەی بڵاوبوونەوەی لەنێو رەشە خەڵك (العوام)دا لەنێو تایبەتە خەڵك (الخواص)یشدا بڵاو دەبێتەوە. ئەم باوەڕە توانایەکی وای لە سیحکردن لە خەڵکدا هەیە کە چینە خوێندەوارەکان هەموو یەقینێك بە دادپەروەریی پرسەکەیان لەدەست دەدەن و لەبەردەم هیچوپوچترین وتاربێژاندا بەرگری ناکەن، وەك ئەوەی ترس و خۆشەویستیی تەمومژاویی مرۆڤایەتی بەسەر دڵیاندا زاڵ بووبێ، کە لەڕاستیدا ئەو خۆشەویستییە –وەك (رینان) تێبینی کردوە– رواڵەتێکی تەمومژاویی بێنرخە بۆ خۆپەرستی و نیشانەی پوکانەوەیە.

بڵاوبوونەوەی سۆشیالیزم لەبەر بەهای ئەو ئایدیاڵە باڵا ماددیەی نیە کە ئێمە پێشنیاری دەکەین، بەڵکو بەچاوپۆشین لەوانەیش بڵاو دەبێتەوە،  واتە لەبەر ئەو ئومێدە ئاینییەی بەبەدیهێنانی بەهەشتێکی دنیایی لە دەروونەکانیدا دەیچێنێ بڵاو دەبێتەوە کە تێیدا سەرجەم خەڵك لە بەختەوەریەکی سەرمەدیدا دەژین، زۆر جار بۆم هەڵکەوتووە ئەوە بسەلمێنم خەڵك لە مێژوودا زیاتر لەپێناو پرنسیپ، واتە مەبدەئدا یەکتریان کوشتوە تا لەسەر بەدیهێنانی پێویستییە ماددیەکانیان. ئومێد بەکارکردن لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی

ئیشتراكیدا بۆ بەدەستهێنانی بژێوی سەرنجی كەس راناكێشێ، مسیۆ (دافنیل) لە كتێبی "دۆزینەوەكانی ئابووریی كۆمەڵایەتی"دا گەیشتە ئەنجامێكی لەم شێوەیە بەڵام بە رێگەیەكیتر، بڕوانە چۆن گوزارشت لەوە دەكات لەدڵیدایە:

خۆشگوزەرانی جێگەیەكی بچوكی لە مێژووی نەتەوەكاندا هەیە، دوای رۆژگارێكی زۆر ئەنجا گەیشتنە ئەوەی بیری لێ بكەنەوە، ماوەیەكی زۆر هەوڵیان دا بۆ بەدەستهێنانی جۆریتر لە شتی چاك، واتە شارستانێتی لە سەدە كۆنەكان و سەدەكانی ناوەڕاستدا پێش ئەوەی بەدوای بەسوودا بگەڕێ بەدوای جواندا گەڕاوە، لەبەرئەوە پێش ئەوەی لە دروستكردنی چرا و چەتر (مظال)دا هەڵبكەوێ، لە دروستكردنی پەرستگە و پەیكەردا هەڵكەوتوە، خەڵك تێیدا پێش ئەوەی لە بنەماكانی گەرمكردنەوە شارەزا بن فێری نووسین بوون، پێش چەقۆ قەڵەمیان دۆزیەوە.

خەڵك زیاتر بۆ پرنسیپ و خەیاڵ ژیاون تا بۆ ماددە، ستایشی جەنگاوەرانیان كردوە كە قارەمانیی جۆراوجۆریان نواندوە، یادی هەندێ رابەری فیكر و خاوەن هونەریان زیندوو راگرتوە كە ئاسەوارەكانیان سوودێكی كردارییان نەبووە، كەچی ئەوانەی ئەو داهێنان (مخترع)انەیان هێنایە كایە كە هەموو خەڵك پێویستی پێیانە، وا دیارە ناویان لە دنیای لەبیرچوونەوەدا شاراوەتەوە، وەك ئەوەی خەڵك تەنیا لەبەر پرنسیپ ژیابن و مردبن.

ئەمڕۆیش دەبینین ئەوانەی لە هەموو كەس زیاتر وابەستەی سامان و چێژەكانن، زیاتر بەشوێن بەهەشتێكی خەیاڵیدا رادەكەن تا بەدوای بەجێهێنانی پێویستیەكی جەستەییدا.

من تا قسە هەلەق و مەلەقەكانی سۆشیالیستەكانم لەمەڕ پێكهێنانی كۆمەڵگەی ئایندە نەخوێندەوە، هەستم بەو وڕێنانە نەكرد كە لە قسەكانی زانایانی لاهوتی سەدەكانی ناوەڕاستدا هەن، ئەو دووانە لە نەناسینی سروشتی مرۆڤ و خواستەكانی ئابووری، لە وەهم و خەیاڵات، لە مەیل بۆ لەناوبردنی ئێستا لەپێناو بەدیهێنانی ئەوەی وێنای دەكات، زۆر لەیەك دەچن.

لەڕاستیدا زانایانی لاهوت  میراتگریان بۆ میزاجی زهنیی خۆیان بەجێهێشتوە، وەهمەكان تەنیا ناویان گۆڕیوە، هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئەو دەمارگیری و تێكدانەی ئێستا دەیسەپێنن لەگەڵ ئەوەی لە رابردوودا دەیانسەپاند نیە. سۆشیالیزم لەبەرئەوەی ئاینێكە چەندین پەیامبەری هەیە و هەمان نالێبوردەیی زانایانی لاهوتیان هەیە، دەبینین خاوەن پرنسیپ و لەهجە و بیروباوەڕ و رێگەی بڵاوكردنەوەی هاوشێوەی ئەوەیە لە ئاینی ئەو زانایانەدا هەیە.

(ساجیرە) دەڵێ: "هەندێ ئەستێرەی خەیاڵیمان كوژاندەوە تا هەندێ ئەستێرەیتری خەیاڵی رۆشن بكەین، واتە هیچ جیاوازی نیە لەنێوان مەدەنیەتی داهاتوو لەگەڵ ئۆرشلیمی پیرۆز، هەردووكیان لاهوتین".

له مەسیحیەتی نەوە بەراییەکاندا کە لێکچوونێکی گەورەی لەگەڵ سۆشیالیزم تێدا دەبینین، فاکتەرێکی سەرکەوتن هەیە کە لە دووەمیاندا نیە، چونکە مەسیحیەت باس لە پاداشتدانەوە لە بەهەشتی ئاخیرەتدا دەکات، بەڵام سۆشیالیزم لەو رووەوە ماوەی شەست ساڵە بەڵێنی بەهەشتێکی دنیایی دەدات کە هێشتا بەدینەهاتووە، یەقینی خەڵك پێی لەق بووە و خەریکە رێبازێکی تازە جێی دەگرێتەوە کە رێبازی سەندیکاییە، کە لە وەهم و خەیاڵدا شان لە شانی ئەو نادات.

سۆشیالیزمی حکومی لەسەر زۆر وەهم دامەزراوە کە وا بەتاڵییان دەبینین و دەکرێ بگێڕدرێتەوە بۆ ئەم پێشنیارانەی خوارەوە: یەکەم دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ بەکۆمەڵێ مەرسوم کە شۆڕش دیاریيان دەکات. دووەم هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەکان کە سەرچاوەی هەموو خراپە و نەگبەتیەکن تا بەیداخی بەختەوەریی گشتی هەڵبکرێ. سێیەم دەستگرتنی حکومەت بەسەر موڵك و پیەشسازیەکاندا و بەڕێوەبردنیان لەلایەن لەشکرێك فەرمانبەرەوە و دابەشکردنی بەرهەمەکان لەڕێیانەوە بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگەدا.

کێشانی وێنەی کۆمەڵگەی وەهمی لەسەر کاغەز کە لەسەر ئەو جۆرە تیۆرانە دامەزرابن —کە گوێ نە بە هەست و سۆز، نە بە خواستەکانی ئابووری و راستی شتەکان نادەن— ئاسانە، کۆمەڵگەی لەم جۆرە بەهەشتی خاوەن دەروونە ساویلکەکانە.

ئەو وەهمانە هێشتا گوڕ و تینیان ماوە لانیکەم لە فەرەنسا، دەروون بەشێوەیەك لێدەکەن بەتەواوەتی پشت بە خاوەن قاوەخانەکان و وردە فرۆشەکان ببەستێ، کە زۆر لە لیژنەکانی هەڵبژاردنەکان لەوانە پێکدێن و یاسا زۆر مەترسیدارەکانیان ئەوان دەریاندەکەن، کەس نکولی لەوە ناکات کڕینی هەندێ هێڵی ئاسنینی گرنگ وەك باجی داهات بەکاریگەریی پرنسیپە سۆشیالیستیەکان کراوە، بەڵام ئامانج لە کڕینی ئەو هێڵانە قۆرخکردنی سەرجەم پیشەسازیەکانە لەلایەن حکومەتەوە، هەرچی باجی داهاتە ئامانجی جگە لە پلانێك بۆ زانینی بڕی سامانی خەڵك هیچیتر نیە تا هەڵپڕوکاندنیان لە دەستی خاوەنەکانیان لە ئایندەدا مومکین بێ، سۆشیالیستەکان دەزانن ئەم جۆرە باجە بەبێ هەندێ جەور و چەوساندنەوە سەرناگرێ، واتە بەشێوەیەك دەبێ دوژمن بۆ سیستمی کۆماری زیاد دەکات و کۆمەڵگە زیاتر هەڵدەوەشێنێ.

رەنگە بەتاڵترین وەهمەکانی سۆشیالیستەکان حوکمدانیان بێ بە لەناوبردنی چینی ناوەڕاست لەکاتێکدا کەفائەت و زیرەکی و سەرمایەکانی ئەو چینە ئەو پیشەسازیانەی ئاسان کردوە کە کرێکاران لەسەری دەژین. با وا دابنێین خاوەن کارێك کە لە کارگەکەیدا هەزار کرێکار ئیش پێ دەکات و ساڵانە چوارسەد هەزار فرەنك قازانج دەکات کارگەکەی بەخشییە کرێکارەکانی، ئەوا لەو بارەدا کرێی ئەو کرێکارانە لەئەنجامی دابەشکردنی ئەو قازانجە بەسەریاندا رۆژانە دە سەنتیم زیاد دەکات، بەڵام ئەو زیادەیە زۆر نابات زۆر کەم دەکات ئەویش لەبەر کەمی ئەوانەی دەتوانن پیشەسازییە گەورەکان بەڕێوە ببەن، هەروەها

لەبەرئەوەی قازانج بەپێی رادەی لاوازیی کەفائەتی سەرۆکەکانی پیشەسازیەکەدا کەم دەکات، ئەمە راستیەکی زەقە سۆشیالیستەکان نایانەوێ دانی پێدا بنێن و بزانن خاوەن ئەهلیەتەکان لە پیشەسازیەکانی ئێستادا ئامێری بەنرخن، کە بەو شێوەیەی شایستەن پاداشت نادرێنەوە.

بەڵام سەرباری ئەمە گریمان سۆشیالیزم سەرکەوت و دەست کرا بە یەکسانکردنی خەڵك لە کرێدا، ئەوکاتە دەبینین سەرجەم کەسە زیرەکەکان —لە زانایان و هونەرمەندان و داهێنەر و دۆزەرەوان و کرێکارانی کارامە— کۆچ دەکەن بۆ وڵاتانی دراوسێ و بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرێ، چونکە بلیمەتی لە هەموو شوێنێك کرێی مشە بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر دەکات، بەم شێوەیە سۆشیالیزم تەنیا لەو کۆمەڵگایانەدا باڵادەست دەبێ کە لە کەسانی زۆر ئاستنزم پێکهاتبێ.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەیش بدەین ئەو وڵاتگر (فاتح)ـەی دەیەوێ دەست بەسەر وڵاتێکدا بگرێ کە بووەتە ئیشتراکی، بۆ گەیشتن بە مەرامی خۆی هێندە بەسە پەنجەکانی بەرز بکاتەوە، سۆشیالیستەکان وەڵامی ئەمە دەدەنەوە بەوەی لە دیدی ئەواندا هیچ جیاوازییەك لەنێوان خاوەنکارێکی فەرەنسی و خاوەنکارێکی ئەڵمانیدا نیە، هەردووکیان ناونیشانن بۆ یەك شت. ئێمەیش لە پەرۆشیمان بۆ نەهێشتنی ئەو وەهمە رەوانەی لای کتێبەکانی مێژوویان دەکەین تا ببینن چارەنووسی ئەو نەتەوانە چی بووە کە ناتەبایی خستونیەتە ژێر چەپۆکی بێگانە، بۆ نموونە ئەوەی لە پۆڵۆنیا روویدا کە ئەڵمانەکان رۆڵەکانی شەلاقکاری دەکەن و دەست بەسەر موڵك و سامانیاندا دەگرن، هەروەها ئەوانەی رووسەکان پیاوانیان گوللەباران دەکەن کاتێ دەنگیان بەرز دەکەنەوە، هەروەها فێربوونی زمانی نەتەوەی دایکیان لێ قەدەغە دەکەن، بەبڕوای من ئەوەی پۆڵۆنیای تێکەوت شایانی ئەوەیە بەپیتی ئاڵتونی لەسەر هۆڵەکانی هەر کۆنگرەیەکی سۆشیالیستەکان بنەخشێنرێ، کە تێیاندا کۆمەڵێ بڕیار دەردەکەن پێچەوانەی بەرژەوەندییە گشتیەکانی نیشتمانن.

بەڵام سۆشیالیزم پاش ئەوەی سەردەکەوێ تەمەنی کورت دەبێ، چونکە هەر زوو گەل، بەهەمان خرۆش کە جڵەوی حوکمی پێ درا بەوانەی فەرەنسا لە شۆڕشی فەرەنسیەوە بەدەست حوکمیانەوە دەناڵێنێ، جڵەوی کاروبارەکان بە کۆمەڵێ تاکڕەوی رزگارکەر دەسپێرن، تا ئەوکاتەی بارودۆخیش بەم شێوەیە سەقامگیر دەبێ وڵات تووشی تاڵانی و کاولکاریەك دەبێ بەعەقڵدا نایەت، من هاوڕای (لافیلی)م لەوەی دەڵێ: "سۆشیالیزمی سەرکەوتوو بە دینامیت و زەیتی پیترۆڵ سەرمایەکانمان لەناودەبات، واتە بەهەمەجیەتێك کە پاریس لە سەردەمی (کۆمۆن)دا لە ساڵی ١٨٧١ شتی وای بەخۆوە نەدیوە".

(فاغیە) لە چۆنێتی سەرکەوتنی سۆشیالیزمی کۆڵیەوە و وەك من بەو ئەنجامە گەیشت کە لەوانەیە بەهۆی ئەو لاوازییەی رووی لە هێزی ئەدەبیی سوپا کردوە سەربکەوێ، ئەوەی رۆژانی (کۆمۆن) روویدا بۆمان دەسەلمێنێ کە دەکرێ حکومەت کتوپڕ هەرەس بێنێ، رەنگە ئەو کەوتنەیش بەشێوەیەکی سادەتر

بەکاریگەریی هەندێ ڕێوشوێنی یاسادانان ڕوویدات، بەلای نووسەری ناوبراوەوە "دەرکردنی بڕیارێکی یاسایی وەك بڕیاری ساڵی ١٧٩٠، یان خستنی پەرلەمان لەلایەن گەلەوە بەسە بۆ داماڵینی سامانی چینی ناوەڕاست و مامەڵەکردنی بەو شێوەیەی لە ڕۆژانی شۆڕشی فەرەنسیدا مامەڵە لەگەڵ ئیکلیرۆس و خانەدانان و لەم ساڵانەی دواییشدا مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵە یەسوعیەکان کرا".

وادیارە بایەکی شێتی چاوی ڕۆڵەکانی چینی ناوەڕاستی لەم ڕۆژانەدا کوێر کردوە، دەبینی کار بۆ هەڵتەکاندنی پایەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن کە دەیانپارێزێ، بەتایبەت پایەی دارایی و پایەی سوپا، واتە وردە وردە هەموو سیستمێك لاواز دەکەن و خراپترین ڕێکاری دارایی و سەربازی کە سۆشیالیستەکان پێشنیاری دەکەن بەباش دادەنێن، نازانن سەرکەوتنی سۆشیالیزم دەبێتە مایەی تاکڕەویەك توندتر لە تاکڕەویی پاشاکان.

کەواتە ڕۆڵەکانی چینی ناوەڕاست لە وەهمدا دەژین کە شوێن ئەو تەوژمەی پاڵیان پێوە دەنێ دەکەون، کە ئەگەر نەیشتوانن ڕێگری لێ بکەن دەتوانن ئاراستەکەی بگۆڕن، ئەوان هەموو هەستکردنێکیان بە باشتربوون (ئەفزەلیەت) و توانا و بەهایان نەماوە، وایان لێهاتووە نازانن کۆمەڵگە بەبێ سیستم و نەریت و زنجیرەی ئاستەکان ناژی، ئەوەی بەتایبەت نایزانن بریتییە لە هونەری دواندنی حەشامات و حەقیقەتی ڕۆحە سادەکەی، خەیاڵی کرێکار ئەوەیە ئەو لەلایەن خاوەنکارەوە وەبەر دەهێنرێ و پێویستە حکومەت کرێکەی زیاد بکات.

مسیۆ (بۆردۆ) دەڵێ: "حەشامات رایەکی تایبەتی ڕاشکاویان نیە، بەڵکو هاوڕای ئەو وتاربێژەیە لەبەردەمیدا وتار دەدات، جا کۆماری بێ یان ئیکلیرۆسی یان نیشتمانی یان دەستووری یان سەندیکایی شۆڕشگێڕی".

ڕاستیەکەی حەشامات بەگوێرەی ئەو کاریگەریەی وتاربێژان تێیدا دروست دەکەن بۆ شتەکان دەڕوانن، ئەوان تەماشای ئەو بەڵگە و دەلیلانە ناکەن کە دەیانهێننەوە، بەڵکو وەك ئافرەت دەبنە لایەنگری کەسەکان بەبێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە لە وتارەکانیاندا دێن، هەروەها تەسلیمی هەموو ڕاستیەکان دەبێ ئەگەر ئەوەی دەیناڵێ کەسێك بێ بەدڵی بێ، وتاربێژیشی بەدڵ دەبێ ئەگەر بەخرۆش و چالاك بێ، لە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باکور کە بە قەڵای سەختی سۆشیالیزم دەژمێرێ، بینراوە کاندیدێکی موحافیزەکار لەجێی سەرۆکێکی گەورەی سۆشیالیزم بە نوێنەری شوێنەکە هەڵبژێردرا، نەك لەبەر ئەو شتە ماقووڵانەی وتبوونی، بەڵکو لەبەرئەوەی زانیبووی چۆن خۆی لای حەشامات خۆشەویست بکات و وای لێبکات بەو سەردارەی ببینێ کە بەردەوام بەشوێنیدا دەگەڕێ.

حەشامات سەرباری غەریزە شۆرشگێڕانە بەرچاوەکەی، پێی وایە هەر دەبێ گوێڕایەڵی بکات، مێژوویش پڕیەتی لە بەڵگە لەسەر ئەمە، توندوتیژترین کرێکاران بەبێ سێن و جیم ملکەچی فەرمانەکانی لیژنە شۆڕشگێڕیەکان دەبن و مان دەگرن بەبێ ئەوەی تەنانەت کەمێکیش بیر لە ئەنجامەکانی مانگرتن بکەنەوە،

لویسی چواردەیەم و بۆناپارتیش جەسارەتیان نەبوو فەرمانی زۆردارانەی وا دەربکەن کە ئەو لیژنە تەمومژاوییانە دەریاندەکەن.

زیرەکیی زۆر لە سۆشیالیستەکان رێگەیان پێنادات کاتێ دەگەنە دەسەلآت پشت بە پرنسیپەکانیان ببەستن، چونکە ئەوان ئەوکاتە ئیتر سەر بە چینی ناوەڕاستن و چاویان بەو شایستەیی و سیفەتانە دەکەوێ کە لەو چینەدایە، لەوانە ئەوەیە وەزیری ش مسیۆ (فیفیانی) دەڵێ: "لەدەوری نەداران هەندێ لە رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست هەن کە خاوەن کار و بەرژەوەندی و عەزم و ئارەزوون، بێئینسافییە دووچاری تووڕەیی و سوکایەتی پێکردنی کرێکاران بکرێن، چونکە ئەوە ئەوانن بەو بیرمەند و فەیلەسوفانەی تێیاندا هەڵکەوتوون سەلماندیان مەلەکوتی ئاسمانەکان وەهمە".

ئەگەر رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست زۆر وەهمیان نەڕەواندایەتەوە شایستەی ئەو دانپێدانانە نەدەبوون، نازانم ئایا مەلەکوتی ئاسمانەکان وەهمە یان نا، هەروەك پێم وایە مسیۆ (فیفیانی)ش ئەوە نازانێ، ئینکاریکردن لە مەلەکوتی ئاسمانەکان لەسەر گریمانەیەك دامەزراوە کە زۆربەی فەرەنسیەکان بەڕاستی دانانێن، بۆیە پێویستە پیاوی سیاسیی راستەقینە بزانێ چۆن رێزی سەرجەم بیروباوەڕەکان بگرێ و نەتەوە بەپرنسیپەکانی نەتەوە حوکم بکات نەك بە باوەڕە تایبەتەکانی خۆی، ئەگەر مەلەکوتی ئاسمانەکان هێشتا جێی گومانە ئەوا داهێنانەکانی شارستانێتی هەر لە سایەی رۆڵەکانی چینی ناوەڕاستەوە هاتونەتە کایە، پێشڕەوانی هونەر و پیشەسازی و فەیلەسوف و زانایان لە هەموو سەردەمێکدا لەناو ئەوانەوە دەرکەوتوون.

مسیۆ (کلیمانسۆ) لە یەکێك لە وتارەکانیدا دەڵێ: "دیموکراسی حکومەتی حەشامات نیە، هەموو پەرەسەندنێك لە کۆمەڵگەدا رووبدات بەکۆششی شەخسیی بیرمەندان دەبێ، پێشکەوتنیش بە گونجاندنی حەشامات دەبێ لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی هەندێ کەسی بلیمەت راستییان تاقی کردونەتەوە".

مەڵێ ئەوانە راستیی سادەن و هەموو خەڵك دەیانزانێ، چونکە پیاوانی سیاسەت تا لەسەر تەختی حوکمڕانی چوارمشقی نەدەن تێیان ناگەن، هەروەها کار لە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکانیش ناکەن کە بوونی خۆیان لە بەرئەکسیکردنی کۆمەگەی ئێستادا دەبینن. کاتێ ئەمە دەڵێین دەزانین ئەو پەیامبەرە ئاژەوەچییانە بەهەندێ تێفکرین دەرك بەوە دەکەن لە گۆڕینی ئەو حکومەتەی نەفرەتی لێ دەکەن هیچیان دەست ناکەوێ، واتە ئەوانەی پاش قەسابخانەکاریەکان زیندوو دەمێنن، هەر زوو دەبینن شێوەی حوکمڕانی بەئاستەم نەبێ نەگۆڕاوە، جا دەبنە کۆنەپەرست، هەموو جار ئەمە بینراوە کە قەیسەرەکان هاتوون تا پاشاگەردانی لەناو ببەن.

پێویستە شۆڕشگێڕانی سەرکەوتوو یەکێك لەم دوو رێگەیە هەڵبژێرن: یان ئەوەتا بە شۆڕشگێڕ بمێننەوە و بەیداخی بێسەروبەری بەرز بکەنەوە، ئەوکاتە هەموو راکان دژیان رێك دەکەون و دەسەلآتیان بەردەوام نابێ، یان ئەوەتا بەشێوازێکی هاوشێوەی حوکمی رابردوو حوکمی وڵات بکەن، سەرجەم ئاژاوەگێڕانی

سەرکەوتوویش ئەمە دەکەن، هەرکەس بەر لەوەی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست بانگی خەڵك بكات بۆ یاخیبوون و مانگرتنی گشتی و بەکارهێنانی توندوتیژی و دڵڕەقی، زۆر نابات کاتێ بوو بە دەسەڵاتدار بەگژ ئەم مەیلانەدا دەچێتەوە، ئەویش نەك لەبەر ناپاکیکردن لە پرنسیپەکانی، بەڵکو لەبەرئەوەی بۆی دەردەکەوێ ژیانی نەتەوە لەسەر پارێزگاریکردن لە هەندێ ڕێسای تەقلیدی دامەزراوە.

مەترسی راستەقینە لە لاوازیی کاربەدەستانی ئێمەدایە نەك لە هەڵمەتی پیاوانی شۆڕشدا، هەرکات وڵات سیخناخ بوو لە بێسەروبەری و بەرژەوەندیەکان کەوتنەبەر مەترسی دەستدرێژی، هەرکات هیچی تێدا نەبینرا جگە لە وتاری وڕێنەئامێز و بەڵێنی درۆ و یاسای نەزۆك، ئەوکاتە دانیشتوانەکەی بەدوای حاکمێکی موتڵەقدا دەگەڕێن کە توانای گێڕانەوەی سیستم  و پاراستنی کارکردنی هەبێ. زۆر لە سیستمە دیموکراسیەکان بەم شێوەیە لە وجود سڕانەوە.

بەڵێ حوکمی موتڵەق بۆ ماوەیەك سیستم دەچەسپێنێ، بەڵام سەردەکێشێ بۆ شەڕێك وەك شەڕی واترلۆ و سیدان، پاشان بۆ پەلاماردانی وڵات لەلایەن بێگانەوە، رۆمانەکان خەمبار نەبوون بەوەی (ئۆگستس) جڵەوی کاروباری گرتەدەست، بەڵام حوکمی (ئۆگستس) وای کرد دەرکەوتنی (تیبریوس) و (کالیگولا) و پاشان دواکەوتنی پلەبەپلە و پوکانەوەی رۆما لەسەر دەستی بەربەرەکان شتێکی مومکین بێ.

گێڕانەوەی ئەو جیهانەی بەربەرەکان لەناویان برد هەزار ساڵی ویست کە تێیدا بەردەوام کوورەی جەنگ و شۆڕش لە بڵێسەدا بوو، ئەمڕۆ دەبینین بەربەرەکان لەناو شوورەکانماندان و جڵەویان بۆ شل کراوە بەئارەزووی خۆیان لە هەڵتەکاندنی بنیاتێکی کۆمەڵایەتیدا رۆبچن کە پاش زەحمەتیەکی گەورە پێی گەیشتووین، هەندێ کات کۆمەڵگە بەخێرایی لەناو دەچێ، بەڵام گێڕانەوەی پێویستی بە چەندین سەدە دەبێ.

## بەشی دووەم

## وەهمە سەندیکاییەکان

هاوکاریی بەرژەوەندییە لێکچووەکان بووەتە نەریتی نەوەی ئێستا، ئەو هاوکاریەیش زادەی پیەشسازیی گەورە نیە، بەڵکو ئەو پیشەسازییە تەنیا گەشەی پێداوە، سەرجەم وڵاتان شێوەکانی هاوکارییان بەخۆوە دیوە، لەوانە هەردوو کۆماری ئیتاڵی (فلۆرەنسا) و (سیان) کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بریتی بوون لە کۆبوونەوەی چەندین سەندیکا، هەروەها گرووپەکانی کرێکاران کە شۆڕشی فەرەنسی لەناوی بردن سەندیکای راستەقینە بوون.

سوودی ئەو کۆمەڵانە ئەوەیە هێزێك بە ئەندامانیان دەبەخشێ کە مرۆڤ بەتەنیا بۆی فەراهەم نابێ، هەروەها هەردوو ئەرکی مەلەکەی سەختی هەڵێنجان و بڕیاردانی لەکۆڵ دەکاتەوە کە لە کەم کەسدا هەن.

دەبینین پەیوەندیی سەندیکا دەبێتە تاکە پەیوەندی لەنێوان خەڵکدا، لەکاتێکدا سیستمە سیاسیەکان وایان لێدێ بێڕێز و پرنسیپی نیشتمانی و بیروباوەڕە بۆماوەکان لاواز دەبن، دەبینین پرنسیپی سەندیکایی رۆڵی گەورە دەبێ، ئیتر چووەتە ئەو قۆناغەی بەهۆیەوە مافی نوێ واجب دەکات، لەوانە ئەو گرێبەستە گشتگیرانەی خاوەنکار لەگەڵ سەندیکا نەك لەگەڵ کرێکار دەیانبەستێ.

کرێکار لە سیستمی سەندیکاییدا دەسکەوتی دەبێ بەو مەرجەی مل بە تاکڕەویەکی توندا بنێ، ئەگەر لەناو سیستمی ناوبراودا توانی پارێزگاری لە وەهمی بەهێزیی خۆی بکات، ئەوا هەرگیز ناتوانێ پارێزگاری لە وەهمی ئازابوونی بکات. مێژووی سەندیکایی بەڵگەیەکی روونمان دەداتێ لەسەر ئەو راستیەی دەڵێ سیستمەکان خۆیان باشییان نیە، هەروەها کاریگەریی سیستمەکان بەگوێرەی جیاوازی ئەو گەلانەی باوەڕیان پێ دێنن جیاواز دەبێ.

سەندیکابوون (النقابیة) بەگوێرەی جیاوازیی نەتەوەکان دوو شێوەی هەیە: سەندیکابوونی ئاشتییانە و سەندیکابوونی شۆڕشگێڕانە. یەکەمیان لای ئەنگلۆساکسۆنیەکان دەبینرێ کە سەندیکاکانیان جگە لە بەرژەوەندییە ئابووریەکان گرنگی بەهیچ نادەن و نازانن کێشەی چینایەتی چییە، بەڵام دووەمیان لای نەتەوە لاتینیەکان دەبینرێ کە سەندیکاکانیان بوونەتە ئاژاوەگێڕ هیچ خەمێکیان نیە جگە لە بنکۆڵکردنی کۆمەڵگە، ئێمە لەمەی دوواییان دەکۆڵینەوە.

لە فەرەنسا چەند سەندیکایەك —وەك لە ئینگلتەرە و ئەڵمانیا— کاریان تەنیا خەباتە لەپێناو بەرژەوەندیەکانیاندا و تائێستا هیچ مەیلێکیان بۆ روخاندن و تێکدان لێ دەرنەکەوتوە، ئەمانە کەمیی ژمارەیان وای کردوە کاریگەرییان نەبێ. بەڵام سەندیکابوونی شۆڕشگێڕانە کە کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکارانی ئاژاوەگێڕ نوێنەرایەتی دەکات رۆڵێکی جیاواز لەوەی هەیە، پێشتر روونمان کردەوە چەندە رقیان لە ئیشتراکیەتە، کە لەوەدا پێکاوێتی کە بە رواڵەتێك لە رواڵەتەکانی حکومیبوونی دادەنێ.

تەنیا چەند ساڵێك بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاراندا تێپەڕیبوو بینیمان لافی ئەوەی لێدەدا گوایە سەندیکای سەندیکاکانە ئەگەرچی تەنیا پێنج لەسەدی کرێکارانی فەرەنسا تێیدا ئەندام بوون، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هێزی ڕێباز بەژمارەی لایەنگرانی نیە. ئەو کۆمەڵەیە سەرەتا لەنێوان لاوازی و هێزدا دەهات و دەچوو، نەکەوتە ئەوەی بەهێز بێ تا ئەوکاتەی ژمارەیەك شۆڕشگێڕی زۆرزان بوونە سەرکردەی، کە دەیانزانی دەسەڵاتێکی شاراوەی چالاك و هەڵگری ژمارەیەکی کەم لە پرنسیپی نەگۆڕ، بەهۆی لاوازیی حکومەت و بێسەروبەریی گشتیەوە هەر دەبێ ببێتە هێزێکی مەزن.

مێژووی ئەو سەندیکایە لەڕووی دەروونی و سیاسیەوە زۆر بەسوود دەبینین، چونکە بۆمان دەسەلمێنێ ژمارەیەکی کەم لە پیاوانی حازم دەتوانن دەستەیەك دابمەزرێنن، کە بەپێی ڕێسای یەکسانی دانوستان لەگەڵ حکومەت بکەن و پەرلەمان ناچار بە پەلەکردن لە دانانی هەندێ یاسا بکەن، کە ملهوڕانە بەسەریدا دەسەپێین.

هەژموون لە دنیای سیاسەتدا شتێکی بەهادارە، هەندێ جار بۆ سەرکردە ئەوەندە بەسە وا بکات خەڵك وابزانن خاوەن هەژموونە. هەژموونی ساحیران هەزار ساڵ بەردەوام بوو، ئەو بەردەوامیەیش هیچ هۆیەکی نەبوو جگە لە باوەڕی خەڵك بە ڕاستیی سیحرەکەیان.

کارێکی زۆر ئاڵۆزە مرۆڤ هەژموونێکی شەخسی بۆ خۆی دابمەزرێنێ ئاڵۆزە، بەڵام ئەگەر گرووپێك پێی هەستا ئاسانە، چونکە خەڵك مشتومڕ لەبارەی هەژموونی کەسەوە دەکەن بەڵام مل بە هەژموونی گرووپ دەدەن، ئەمەیە نهێنی ڕێزگرتنی خەڵك بۆ لیژنەکانی هەڵبژاردن کە خۆی بکوژ و ببڕە لە پەرلەمان.

سیاسەتوانی گەورە (ڕیمۆن پوانکارە) لە وتارێکی ئەم دوواییەیدا ڕوونیکردەوە نوێنەرە هائیمەکان دەنگ دەدەن و هەموو یەکێکیان تەماشای بازنەی هەڵبژاردنە بێدەنگەکەی دەکات و دەپرسێ: ئایا دەنگدانەکەم لیژنەکە ڕازی دەکات؟ ئاژاوەچیترین نوێنەرە سۆشیالیستەکان و توندترینیان لە بایکۆتکردنی وەزیرەکاندا لەبەردەم لیژنەکانی هەڵبژاردنەکاندا –کە بەزۆری لە ئالوودەبووانی مەی و ئاژاوەچیی پێکدێن– قەزەم و سەرکزن، ئەوەی پشتقایم بێ بە لیژنەکانی هەڵبژاردن و بە ڕۆژنامەیەك و بە ژمارەیەکی پێویست لە مەیفرۆشان هیچ ڕێگرێك نیە ببێتە یەکێك لە سەردارانی وڵات.

بەڵام لیژنەکانی هەڵبژاردن هەندێ مەترسی دەوری داون، کاتێ ئەو لیژنانە نوێنەرانیان ناچار کرد بە دانانی هەندێ یاسا کە پێچەوانەی پێشکەوتنی پیشەسازیەکەمان بوون، بازرگانان ناچار بوون کۆمەڵەی بەرگریکردن دابمەزرێنن، کۆمەڵەی بازرگانان وای لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد لەبەردەم فەرزکردنی زۆر باجدا دوودڵ بێ.

هەرچۆن بێ ئایندەی بەرژەوەندییە سیاسیەکان و بەرژەوەندییە پیشەییەکان نەبەستراوە بە کارتێکەرە تاکەکەسیەکانەوە، بەڵکو بە کۆمەڵێ لیژنەوە بەستراوە کە هەندێ سەرکردە سەرکردایەتییان دەکەن، ئەم

راستیانەیش لە کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران شاراوە نەبووە، بەرنامەیان –ئەگەرچی لەرواڵەتدا باس لە پێکهێنانی سەندیکایەکی سەرتاسەری دەکات کە لیژنەیەکی دوور دەسەڵاتێکی بەرچاو بەڕێوەی ببات– لەڕاستیدا کۆمەڵە پێکهاتووەکان بەکۆمەڵێ فەرمانی ڕەها پابەند بکات کە لام و جیمیان تێدا نەکرێ.

لێرەدا یەکەم قەدەغە دەردەکەوێ: ئایا کرێکاران بانگ ناکرێن بۆ هەڵبژاردنی ئەو لیژنەیە پێش ئەوەی مافی دەستگرتن بەسەر کاروباری کرێکارانی هەبێ؟ ئەم قەدەغە کە عادەتەن سیاسییە سادەکان سارد دەکاتەوە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکارانی پەشیمان نەکردەوە، کاتێ ئەوانە دڵنیا بوون زۆرینە لای ئەوان نیە لەجێی دەسەڵاتی زۆرینە دەسەڵاتی کەمینەکانیان دامەزراند، هەروەها بۆ ئەوەی پاساو بدەنە کارەکەیان بڕیاریان دا –بەچاوپۆشین لە پرنسیپە دیموکراسیەکان و پرنسیپە سۆشیالیستیەکان– تەنیا کەمینەکانن مافی ئەوەیان هەیە خەڵك بە ویستەکانیان ئیلزام بکەن. یەکێك لە سەرانی ڕێبازی سەندیکایی وتی: "جیاوازی لەنێوان سەندیکایی و دیموکراسی ئەوەیە دیموکراسی لەڕێی هەڵبژاردنەوە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بە کەسانی بێهەست (فاقد الشعور) دەسپێرێ و گوێ بە کەمینەکان نادات کە ئایندەیان لەسەر دەوەستێ، سەندیکایی بەپێچەوانەوە بەهەست پەڕگیرەکان دەپارێزێ".

ئەی لێوەشاوەیی کەمینەیەکی پەڕگیر پشت بەچی دەبەستێ؟ تەنها پشت بە غەریزە دەبەستێ، سەرانی کۆمەڵەکە دەڵێن: "کەمترین کەسی ئێمە بچێتە گەرمەی جەنگەوە لە هەر ڕێبازگەرایەك باشتر دەجەنگێ". ئەو ڕاوێژانەی دەدرێنە ئەو ئەندامە وەك ئەوانەن دەدرێنە پاشا موتڵەقەکان کە گوێ بە یاسا نادەن، یەکێك لە سەرانی ئەو کۆمەڵەیە وتی: "کرێکاری فەرەنسی سەر بەو کۆمەڵەیە لەسەروو هەموو دەسەڵات و حورمەت و ئاستێکەوەیە، ئەو پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ ناپرسێ لەوەی ئاخۆ یاسا ڕێگە بە چوون دەدات، واتە بێگوێدانە هیچ دەچێ".

هەرچی ئاپۆرای کرێکارانە پاشا تاکڕەوەکانی ئاسیا هێندەی بەرپرسە تازەکان بەسووك سەیریان نەکردون، ئەوانە ڕاست دەکەن کە دەڵێن باوەڕیان بە هەموو ئەوە هەیە تەلقین دەکرێن، لەبەرئەوەی توانای ڕامان و بیرکردەنەوەیان نیە، لە ڕۆژانی شۆڕشدا مەیلیان بۆ ئەو لایەنەیە ئەندامانی بە بوێری و هەڵمەت دەناسرێنەوە، لە ڕۆژانی ئاساییشدا بێدەنگی هەڵدەبژێرن. "تەنیا بەهەستەکانن مافی ئەوەیان هەیە بەناوی چینی کرێکارانەوە قسە بکەن"، شتێکی سروشتییە کینایە بن بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران، ئەوان لەبەرئەوەی هەست بە سووکیی حەشامات دەکەن وەك گەلە کۆیلەیەك مامەڵەی دەکەن، ڕاسپێراوەکانیان زۆر بەکەمی گرنگی بە ڕوونکردنەوەی شتەکان –بۆ نموونە وەك مانگرتن– دەدەن، خۆ ئەگەر کرێکارێك هەندێ بەرەنگاری لەخۆی پیشاندا هاوڕێکانی کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی لیژنەکە دەکەن، دەیکوژن، وەك ئەوەی فەرمانی ڕاسپێراوەکە جێگەی شەلاقی ئەو عەریفەی گرتبێتەوە کە لەکاتی چاندنی درەخت و ڕووەکەکاندا چاودێریی زنجیەکانی دەکرد.

بەزۆری ناماقوولترین هەوا و ئارەزوو بەسەر ئەو مانگرتنانەدا زاڵ دەبێ. مسیۆ (ڤیکتۆر گریفول) یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران لە کتێبێکیدا بەناوی "گەشتی شۆڕشگێڕێك" بەڵگەیەکی لەسەر ئەوە هێناوە، بزانە چی دەڵێ: "لەبەردەم هەر کارگەیەك لە کارگەکانی تەنیشت شۆستەکانی مارسیلیادا راسپێراوێکی سەندیکا هەبوو، ئەو راسپێراوە دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو، کاتێ لەکاتی کارکردندا جاڕی مانگرتنی دا دەستبەجێ کرێکارەکان مانیان گرت، بەبێ ئەوەی نە ئەوان، نە خاوەنکارەکان هۆی مانگرتنەکە بزانن".

بەم دانپێدانانە تێدەگەین سەرکردەکان کاتێ دەبنە خاوەن هەژموون چەندە بەئاسانی حەشامات دەکەنە کۆیلە، لەوانەیە گوێڕایەڵیکردنی حەشامات بۆ گەورەکانیان سەربکێشێ بۆ ئینکاریکردنی خودی خۆیان ئینکاریکردنێك کە دیکتاتۆرترین دەسەڵات داوای ئەوەی نەکردوە، هەمووان بەسەرهاتی خاوەنی کارگەی خشت لە یەکێك لە گەڕەکەکانی پاریس دەزانێ، ئەو پیاوە کە هیچ میراتگری نەبوو ویستی واز لە کار بێنێ، پێشنیاری بۆ کرێکارەکانی کرد کە کارگەکەی بگۆڕێ بۆ کۆمپانیای پشکداری و پشکەکان بەسەریاندا دابەش بکات بەڵام خۆی بۆ ماوەیەك هەر بە بەڕێوەبەری کارەکە بمێنێتەوە تا کارەکان بەباشی بەڕێوە بچن، کرێکاران بەسوپاسەوە بەوە رازی بوون، بەڵام چی رووی دا؟ کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران لە عاقیبەتی رێکەوتنێك لەنێوان خاوەنکارێك لەگەڵ کرێکارەکانی ترسان، لەبەرئەوە ئاماژەی دایە کرێکارەکان ئۆفەر (عەرز)ەکەی خاوەنکارەکەیان رەت بکەنەوە، ئەوانیش بەملکەچییەوە گوێڕایەڵی بوون، خاوەنکارەکە بەوە لە عاتیفەکەی چاك بوویەوە و دەرگای کارگەکەی داخست.

شێوازەکانی کۆنترۆڵکردن کە سەرۆك سەندیکاکان دەیگرنەبەر شتێکی نوێ نیە، سەرجەم پاشاکانی رابردوو کاریان پێکردوە، ئەمڕۆیش ئەوانەی پشتبەستنی گەورەیان بە دەبەنگیی حەشاماتە دەوێرن پیادەی بکەن، ئەی کاری ئەو دەسەڵاتە نوێیە چۆن دەکەوێتە سەر سکە کە دەڵێ گوایە جێی دەسەڵاتەکانیتر دەگرێتەوە؟ لەو رووەوە سەندیکاییە شۆڕشگێڕییەکان گوێ بە عەزیمەتی میللەت و ئەو یاسایانە نادەن کە وا بۆیان خۆشە بوون، چارەسەری گرێکوێرەکەیان بەلاوە ئاسانە. ئەوان بەو هەڕەشە و گوڕەشە و تێکدان و مانگرتنە توندانەی فەرزیان دەکەن هەرچییان بوێ بەدەستی دێنن، هەرکات لە شوێنێك مانگرتنێکی ئاشتییانە کرا لیژنەکە دەستبەجێ چەند راسپێراوێکی بەئەزموون دەنێرێ تا داوا لە مانگرتووان بکەن زبری و توندوتیژی بەکار بێنن، دوای ئەوەی ئاگری فیتنە خۆش دەکەن دەچنە جێیەکیتر تا هەمان کار دووبارە بکەنەوە.

ئەم شێوازانە دڵی سۆشیالیستەکان دەگوشێ کە هێشتا باوەڕیان بە هەڵبژاردنی گشتی و شیفای یاساکان هەیە. یەکێکیان لە کۆنگرەی (نانسی) کە لە ساڵی ١٩٠٧ بەسترا وتی: "سەندیکایی (النقابیة) بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەست بە بایکۆت و تێکدان و مانگرتنی بەشەکییەوە دەگرێ، بەم چەکانەیش پێی وایە

گوایە دەتوانێ خاوەندارێتی (الملکیة) و کۆمەڵگە بگۆڕێ و جڵەوی کاروباری دەوڵەت بگرێتە دەست و تۆپەکانی خامۆش بکات، ئەو چ منداڵبازاڕی و گاڵتەجاڕیەکە ! ".

ئەوەی سۆشیالیستەکان تێبینی دەکەن ئەوەیە تەنیا ژمارەیەکی کەم دەبنە ئەندامی سەندیکا، ئێمە وانابینین ئەوە لە گرنگی کەم بکاتەوە، چونکە رێباز بۆ دامەزراندنی پێویستی بە زیادکردنی ژمارەی لایەنگران نیە، ئەو کەسەی زۆرترین رەخنە لە شێوازەکانی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران دەگرێ سەرکردەی سۆشیالیست مسیۆ (غیسد)ە، کە دەڵێ:"خوازیارم بۆم روون بکەنەوە چۆن دەکرێ خاوەندارێتی بە گلۆپ شکاندن و سەرباز کوشتن و کارگە سوتاندن بگۆڕدرێن، پێم وایە دەبێ سنوورێك بۆ ئەم تورەهاتە شۆڕشگێڕانەیە دابنرێ، چونکە پێم وایە هەر کارێك سەندیکا دەیکات چەندە توندوتیژ بێ و چەندە مانگرتن بسەپێنێ، هەرگیز خاوەندارێتی ناگۆڕێ".

سەندیکاییەکان وەڵامی ئەوە دەدەنەوە بەوەی دەڵێن شێوازەکانیان گونجاون، بەبەڵگەی ئەو ئەنجامە بەسوودانەی لێیان کەوتونەتەوە، بۆ ئەوەیش زۆر نموونە بەبەڵگە دێننەوە، نەخاسمە نموونەی نووسینگەکانی بەکارهێنان "ئەوە بوو خۆپیشاندانە توند و دووبارەکان ترسیان خستە دڵی حکومەت، لەبەرئەوە حکومەتی (کۆمب) پرۆژەیاسایەکی خستە بەردەم پەرلەمان کە لە سێ رۆژدا دەنگی لەسەر درا، ئایا سوودی ئەم وانەیە هیچ پێویستی بە روونکردنەوە هەیە؟".

سوودەکەی روون و ئاشکرایە، بەڵام ئەگەر ئەو وەزیرە لە بەرەنگاریکردنی هەڕەشەی سەندیکادا چواریەکی ئەو چالاکیەی بەخەرج بدایە کە لە داماڵینی راهیبە ژن و پیاوەکان لە سامانەکانیان و وەدەرنانیان لە فەرەنسا بەخەرجی دا، فەوزای کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە زیادی نەدەکرد.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران پشت بەهیچ نابەستێ جگە لە لاوازیی حکومەت نەبێ، لە هیچ شوێنێکیش گەشە ناکات جگە لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا، ئینگلتەرە و ئەمەریکا هاوشێوەی ئەو رووداوانە بەخۆوە نابینن کە ئاماژەمان پێدان، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجامدەرانی بەچەندینساڵ بەندکردن سزا دەدرێن بەبێ ئەوەی لەو ماوەیەدا لێبوردن بیانگرێتەوە، ئینگلتەرە لەو رووەوە سەندیکاکان لەڕووی داراییەوە بەرپرسیارن لەو زیانەی ئەندامەکانی دەیانگەیەنن، سیاسەتی وێرانکردن و تێکدانی بەخۆوە نەدیوە.

کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران لەبەرئەوەی دەزانێ لە سزا پارێزراوە لە رۆژانی مانگرتنی (درافی)دا سنوور نەما نەیبەزێنێ، کاتێ دادگەکان زانییان مانگران لەو کاتەدا ئامێرەکان تێکدەدەن و رێبواران رووت دەکەنەوە و هێرش دەکەنە سەر ئۆتۆمبیلەکان، چاریان نەما و بریاریان دا دادگەییان بکەن، کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران هەڕەشەی راگەیاندنی مانگرتنی گشتی لە حکومەت کرد ئەگەر دادگە دەستبەرداری حوکمدان نەبێ. لەو رووەوە تاڵانکردنی ئۆتۆمبیلەکان و سوتاندنی کارگەکان لە یاسای سزاکاندا باس

نەکرابوون دادگەکان بڕیاری چەند سزایەکی سووکیان بۆ هەندێ لە مانگرتووان دەرکرد، کە چەند هەفتەیەك بەسەر جێبەجێکردنیاندا تێنەپەڕی پەرلەمان حوکمدارلوانی بەخشی.

بەڵام حکومەت ئەگەرچی لەدژی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران بەرگری نەکرد، ئەو کۆمەڵەیە خۆی لەبەردەم دوژمنێکی سەرسەختر لە پۆلیس و سوپادا دەبینێ، ئەوە بوو گرووپی ئانارشیست (فەوزەوی)ـەکان کۆبوونەوە، لەبەر ئەو لێکچوونەیش لەنێوان بەرنامەی هەردوولادایە، کە بریتییە لە هەڵتەکاندنی کۆمەڵگە و دامەزراندنی شیوعیەت، ناتوانێ ئینکاریان بکات.

ئانارشیستەکان ڕێگەیەکی ماقووڵ نازانن جگە لە ڕێگەی تێکدان و سوتاندن، ئەو شێتانە خوازیارن بەیەك جار کۆمەڵگە لەناو ببەن و ئەوەی دەستیان پێی بگات پاشاکان بیانکوژن.

بەڵام کرێکاران کە کۆیلەی زۆر ملکەچن، هیچ قازانجێکیان لەو ڕێگەیەی بۆی پەلکێش دەکرێن دەست ناکەوێ، بەڵکو زیانێکی گەورەیان پێدەگات، چونکە کرێی ئەوان بەگوێرەی بارودۆخی پیشەسازییە لە وڵاتدا، جا ئەگەر بازرگانیی وڵات نوقسانی تێکەوت ئەندامێتییان لە سەندیکایەکدا یەك دانق بۆ کرێکەیان زیاد ناکات، وا دەبینین ئەو نوقسانییە ڕوودەدات، زیادیش دەکات کاتێ ترس سەرمایەکان ناچار دەکات کۆچ بکەن بۆ وڵاتانێك بەهۆی مانگرتنی توند و تێکدانی توندوتیژانە و یاسای ستەمکارانەوە کە پەرلەمان قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و یەکبین دەریاندەکات، ناتۆقێنرێ.

ئەوانەی بەرگی لە چینی کرێکاران دەکەن خۆیان لە داننان بەم ڕاستییانە دەدزنەوە، ئەوان بەتایبەت دەزانن دۆخی کرێکاران بە بوون بەخاوەنی سامانی کەسانیتر باش نابێ بەڵکو بە پێشخستنی شارەزایی تەکنیکییان باش دەبێ، کەفائەت هێزی نەوەی ئێستایە و هیچ شتێکیتر هاوتای نیە، جا با کرێکار نرخی پیشەیی خۆی زیاد بکات و هەوڵ بدات بۆ ئاستی هاوڕێ ئەمەریکیەکانی بەرز بێتەوە کە —وەك پۆل ئادەم وتی— هەموو ڕۆژ بە جلە قەشەنگەکانیانەوە دێن بۆ کارگە، لەوێ سەدریەکانیان لەبەر دەکەن، ئەوانەی دوای تەواوکردنی ئیشی ئەو ڕۆژە خۆیان دەشۆن، ئێوارە دەچن بۆ یانە، کە لەوێ جیاوازیەك لەنێوان دۆخی ئەوان و خەڵکانی گەورەدا نابینی، لەپاڵ ئەو کرێکارانەدا کە هەریەکەیان ڕۆژانە بیست و پێنج فرەنك بەدەست دێنێ، کۆمەڵێ کرێکاری نەفام و گەمژە هەن کرێی ڕۆژانەیان لە چوار فرەنك تێناپەڕێ، جا ئایا ئامانجی شارستانێتی ئەوەیە مرۆڤی سادە بۆ ئاستی خانەدان (نبیل) بەرز بکاتەوە، یان کۆمەڵگەیەکی دەستکرد خەلق بکات کە خانەدان بۆ ئاستی کرێکاری سادە داببەزێنێ؟ دەزانم سۆشیالیستەکان چۆن وەڵامی ئەمە دەدەنەوە، بەڵام دەیشزانم وەڵامی عەقڵی ڕەشید چی دەبێ، دەبا پشت بکەینە قسەی تەمومژاوی و دەمکوتان لە باسی مرۆڤایەتی کە زادەی حەسوودییە و هیچیتر، تێکۆشانمان بەئاراستەی بەهێزکردنی میزاجی دەروونیی نەتەوە بێ نەك نزمکردنەوەی ئەو میزاجە، چونکە پێشکەوتن بە ڕقبوونەوە لە چینەکان نابێ وەك ڕێبازچییەکان دەڵێن، بەڵکو بە یەکگرتنی چینەکان دەبێ.

سۆشیالیستەکان ئەمڕۆ دەبینن سەندیکاکان مەنجەڵەکەیانی سەرەونگون کردوە پاش ئەوەی ئەوان لە گرنگترین فاکتەرەکانی پێکهێنانیان بوون، ئەو هەوڵانەی بۆ خۆپاراستن لە دژبەریکردنیان دایان بەفیڕۆ چوون، سەرباری ئەو خۆکزۆڵکردنەی پیشانی دەدەن دەبینین کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران بەتەوسەوە رەفزیان دەکات، لە کۆنگرە تازەکانیدا رازی نەبووە یەك نوێنەری سۆشیالیست قبوڵ بکات.

تائێستایش ئامانجی گەورەی سەندیکاییەکان ناڕوونە، بەبەڵگەی ئەوەی تائێستا جگە لە هەوڵدان بۆ تێکدان هیچیتریان نەکردوە، بەڵام نووسەرانیان کۆمەڵگەی سەندیکاییان لە ئایندەدا بۆ وێنە کێشاوین و دەڵێن: ئەو کۆمەڵگەیە لە کۆمەڵێ سەندیکای بەرهەمهێنانی خاوەن بەرژەوەندیی دووسەرە پێکدێ، ئەم سیستمە لەسەروو سیستمی حکومییە کە سۆشیالیستەکان مزگێنی لەبارەوە دەدەن، هەردوو سیستمەکەیش هێندە لێك جیاوازن ئاستەمە پێکەوە بگونجێنرێن.

زۆر کەس دەڵێن سەندیکایی کازیوەی سەردەمە نوێکانە، وادیارە ئەو کەسانە نەیانزانیوە ئەو کازیوەیە پاشەکشەیە بەرەو سیستمێکی کۆن کە خەڵك لەبەر توندیەکەی وازیان لێ هێناوە، ئاخر سەندیکایی بۆ چەندین سەدە سیستمی کۆمارەکانی ئیتاڵیا بوو، واتە ئەو کۆمارانە بریتی بوون لە یەکگرتنی کۆمەڵێ سەندیکای پیشەسازی، کە ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لەلایەن سەندیکاکانەوە بەڕێوەی دەبردن.

مسیۆ (رینار) —یەکێکە لە مامۆستاکانی کۆلێژی فەرەنسا (کۆلێژ دو فرانس)— بەم شێوەیە باسی سیستمی سەندیکایی لە ئیتاڵیا دەکات: "کۆمارەکانی ئیتاڵیا لەوانە کۆماری فلورەنسای دلگیر هێما بوون بۆ دژبەری (الخصام) لەنێوان شارێك و شارێکیدی، گەڕەکێك و گەڕەکێکیدی و خێڵێك و خێڵێکیدی، هەروەها بۆ جموجوڵی تۆڵەکردنەوە و ئاشوب و سوتاندن و کوشتن و سەنگەرلێدان و دوورخستنەوە و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامان، ئەم بەڵایانە بەشێوەیەك تیراوێیان کردبوو خەڵك لەگەڵ (دانتی) باوەڕیان وابوو ئەوان بۆ هەندێ ناوچەی جەهەنەمی گل دەبنەوە، کە تێیاندا دێو و جنۆکە و تاوانباران هێرش دێنن".

هەروەها مسیۆ (کنتان بوشار) لە کتێبی " سۆشیالیزم لە وڵاتانی بیانی"دا روونی کردۆتەوە، سیستمی سەندیکایی لە ئیتاڵیا ستەمی زۆری تێدا بووە، کرێکار بەبەختەوەری دەبینی لێی رزگار بێ تەنانەت ئەگەر لە جێگەییدا حوکمێکی سەربازیی رەهایش بەسەریدا زاڵ بێ، وادیارە پیاوانی شۆڕشی فەرەنسی بە هەڵوەشاندنەوەی گرووپەکانی کرێکارانیان شایستەی سوپاسن، کە ستەمکارییان لە هی سەندیکا زۆردارەکانی کۆمارە ئیتاڵیەکان کەمترە.

بەدڵنیاییەوە شارستانێتی هەوڵ دەدات بەرژەوەندیی گشتی جێگەی بەرژەوەندیی تاك و تایفە ناکۆکەکان بگرێتەوە —سەرهەڵدانی دەستووری دەوڵەتە گەورەکانیش بەرهەمی ئەو هەوڵەیە— ئەمەیش وامان لێدەکات سەندیکایی بە سیستمی پاشکەوتن دابنێین نەك پێشکەوتن، شتێکی سروشتییە بەرژەوەندییە لێکچووەکان

له شێوەی سەندیکادا هاوکاریی یەکتر بکەن، ئەوە لە هەموو شوێنێك دەبینرێ، لە ئەڵمانیا سەندیکاکان لە ژمارە نایەن، پیاوانی دەوڵەت و فەرمانبەرانی و گۆشتفرۆش و مامۆستایان و دادوەران و...هتد ئەندامن لە سەندیکای ئاشتییانەدا، لەوێ وێنەکە جیاوازە لەوەی لە فەرەنسا هەیە کە سەندیکاکانی خوازیارن دەوڵەت ژێراوژوور بکەن، تا خۆیان ببنە سەرداری وڵات و سیستمێکی بۆ بگێڕنەوە، کە دەمێکە پێشکەوتنی شارستانێتی لەناوی بردوە.

ئەگەر سەندیکایی رۆژێ لە رۆژان سەربکەوێ دەبینین دەرگایەك بەرووی فەوزادا دەکرێتەوە، کە هیچ رێکارێکی کۆمەڵایەتی توانای بەرەنگاریکردنی نابێ، هەرکات گەلان بەسەر یاساکانیاندا راپەڕین دەبنە نێچیری هەوا و ئارەزووی هەندێ زۆرداری تاکرەو کە رۆژانی فەوزادا دەردەکەون، پاشان تاڵاوی داگیرکردنی وڵاتەکەی لەلایەن بێگانەوە دەچێژن، لەبەر پەیبەبردنیان بەم نهێنییە بوو گەورە نەتەوەکانی کۆن بوونە هەواڵی رابردوو، یۆنان کە لە سەدە کۆنەکاندا سەرچاوەی روناکی بوو کرایە کۆیلە و پۆڵۆنیایش لە مێژوو سڕایەوە.

سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە تەنیا ئەنجامی هەڵوەشانەوەیەکی دەروونییە، ئێمە یاخیبوونی فەرمانبەرانی پۆستە بەبەڵگەیەکی ترسێنەر لەسەر ئەو سەرکەوتنە دەبینین، چونکە ئەوانە داوای نەکردنە سەرباز و پاشاگەردانییان دەکرد، مانگرتنەکەیان کە لە سەروەختێکدا رووی داکێشەکانی بەلقان پاڵیان بە فەرنساوە دەنا بچێتە ناو جەنگێکی سەختەوە، دەیسەلمێنێ زۆر لە سەندیکاییەکان تا چ رادەیەك بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆیان بەسەر بەرژەوەندیی گشتیدا زاڵ دەکەن و سەندیکایان بە نیشتمان دادەنا.

دژبەری لەنێوان سەندیکایی شۆڕشگێڕی و سۆشیالیزمی حکومیدا زیاد دەکات، ئەم دوو رێبازەدا لە قەڵبیدا هیچ جیاوازیەکیان نیە، رەنگە بارگرانیی سەندیکاییەکە لە سۆشیالیزمە حکومییەکە کەمتر بێ، لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی پێکهێنانی گرووپی تاکرەوی بچوك بچوکی هاوسەنگ.

شەندە ئەخلاقمان لەدەست بدەین و لە تێگەیشتن لە یاسا گشتیەکانی گەردوون دوور بکەوینەوە، هێندە لە ئازاچەشتن بەدەست یەکێك لە تاکرەوەکانەوە نزیك دەبینەوە، دەبا لە ئاکامی شتەکان ورد بینەوە.

## بەشی سێیەم

## پەرەسەندنی فەوزەویانەی سەندیکایی

پێغەمبەرایەتی لە سەدە دێرینەکاندا بەخششێکی شاز بوو خواوەندەکان دەیانبەخشی، تەورات تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پێغەمبەرانی باس کردوە و بەدرێژی لە مەزنی و پیرۆزییان دواوە، بێگومان برەوسەندنی ئاکاری دینداری لەم کاتەدا وا دەکات پێشبینیکردنی ئاینده ببێتە شتێکی گشتی، کەم رووده‌دات کەسانێك ببینین لە رۆژێکدا چەند جارێك توانای پێشبینیکردنی خۆیان بەکار نەهێنن. لێرەدا ئاماژە بۆ سۆشیالیستەکان ناکەم کە بەتەبیعەتی حاڵ پێغەمبەرن لەبەرئەوەی سەرجەم فەرمانەکان بەسیغەی ئاینده تەسریف دەکەن (دەگۆڕن)، بەڵکو ئاماژە بۆ هەموو خەڵك دەکەم. خەڵك راهاتوون لەسەر گەڕانی زۆر بەشوێن هەندێ شتدا کە نایزانن، زەحمەتە بۆ ماوەی دە خولەك قسە لەگەڵ هەر مرۆڤێك بکەیت بەبێ ئەوەی لەکاتی قسەکردندا شتێك لە پێشبینیکردنی تێبکەوێ، ئەگەر ئەو پێشبینییە پەیوەندی بە فەرەنسا یان دەوڵەتانیترەوە نەبێ، ئەوا پەیوەندی بە چارەنووسی دراوسێ هاوقسەکەتەوە هەیە بۆ نموونە.

کەواتە کەس بۆی نیە خۆی هەڵبکێشێ بە شتێکەوە کە هەموو خەڵك لەم کاتەدا ئەنجامی دەدەن، منیش هەر وەك بەشێك لەو خووە گشتییە جاروبار هەندێ پێشبینی دەکەم، ئەو پێشبینیانەیش بەزۆری پەیوەندییان بە ئایندەیەکی دوورەوە هەیە، لەترسی ئەوەی نەوەك بەدیهاتنیان نەبینم.

بەڵام من سەرکێشیم کرد پێشبینی هەندێ شتم کرد پەیوەندییان بە ئایندەی نزیکەوە هەیە، لەوانە ئەوەیە لە رۆژی دووەمی لەسێدارەدانی (فیرێر)دا لە یەکێك لە رۆژنامە گەورەکاندا بڵاوم کردەوە، تێیدا پێشبینیم کرد ئەو رووداوەی هەرایەکی لە پاریس نایەوە لە ئیسپانیا نابێتە مایەی وروژان. هەروەها ئەو پێشبینیەیشم هاتەدی کە دەڵێ کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران زۆر نابات لەلایەن رەگەزە فەوزەویەکانی ناویەوە لووش دەدرێ کە بە گێل و گەمژانە هێنانیانە ریزەکانی. مسیۆ (نیال) —کە وازی لە سکرتاریەتی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران هێنا دەڵێ: "هەوڵەکانمان بۆ دزەنەکردنی سیاسەت بۆ ناو رێبازی سەندیکایی بەم ئەنجامە گەیشت، ئەویش ئەوەیە دەرگامان بەڕووی ژەهری سۆشیالیزمدا داخست بەڵام بەڕووی ژەهری فەوزەویەتدا کردمانەوە، سیاسییە فەوزەویەکان فەوزەویەتیان هێنایە ناو سەندیکایی تا سەندیکایی و فەوزەوی بوونە دوو وشەی هاومانا".

دامەزرێنەرانی رێبازی سەندیکایی کاتێکی زۆریان پێویست بوو تا لەو راستییە تێبگەن، رەنگە کرێکارانیش سەرەنجام دەرك بەوە بکەن ئانارشیزم (فەوزەویەت) رێبازێکی سیاسی نیە بەڵکو رێبازێکی دەروونی تایبەتە بە خەڵکانێکی بینرخ و بێڕەوشت، ئەوکاتە دەزانن تێکدانی ئامێرەکان و سوتاندنی کارگەکان و کوشتنی سەربازان کاری کەسانی شێتە و ژیانی کەسی پێ باش نابێ.

فەوزەویەکان کە هەڵەشەییەکەیان لەخشتەی بردوون گوێ بە باشکردنی ژیانی کرێکاران نادەن وەك لە ئینگلتەرە و ئەمەریکا لەسەر دەستی سەندیکا رەشیدەکانیان باش بووە، مستەر (سەموئیل گومبرس) سەرۆکی کۆمەڵی یەکێتیی کرێکارانی ئەمەریکی وانەیەکی بەسوودی دایە سەندیکاییەکانی فەرەنسا و باسی لەوە کرد دوو ملیۆن کرێکار لەو کۆمەڵەیەدا ئەندامن لەکاتێکدا کۆمەڵەی کرێکارانی فەرەنسا تەنیا سێ هەزار کرێکار تێیدا ئەندامن، هەروەها روونیکردەوە ئەو کرێکارانە خاوەن سامانی گەورەن و سێسەد رۆژنامە بەناویانەوە قسە دەکەن.

هەرکەس وردبێتەوە بەسووك سەیرکردنی سەندیکاییەکانی ئەمەریکا بۆ بزوتنەوە نەزۆکەکانی سەندیکاییە فەرەنسیەکان دەبینێ و پرنسیپەکانیان بە ئەوپەڕی منداڵانە دادەنێن. مستەر (گومبرس) لە وتارەکەیدا رایگەیاند: "کاتێ ئێمەیش وەك ئێوە لە قۆناغی منداڵێتیدا بووین ژمارەیەکی بەرچاو لە شیوعی و فەوزەوی و ساختەچیمان لەناودا بوو و نەماندەتوانی کەمترین ئیش بکەین، بەڵام دەرکمان بەوە کرد سەندیکایی نابێ ئامێری تێکدان و وێرانکردن بێ، بەڵکو پێویستە فاکتەری چاکسازی و بنیاتنان بێ، وێرانکردنی پیشەسازیی نیشتمانی بەچەکی مانگرتنی سەرشێتانە گومڕاییە، پێم وابێ نەدارانی فەرەنسا دەرکیان بەوە نەکردوە، لەبەرئەوە هێشتا هەڵمەتیان توندە".

گەورەترین قسە سەرۆکی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکارانی ئەمەریکی کردی و بووە مایەی رقی توندی سەندیکاییەکانی فەرەنسا ئەوە بوو وتی: "وا نەزانن هەڵوەشاندنەوەی سەرمایە پێشکەوتنە، لەژێر ئەو هەڵوەشاندنەوەیەدا گەڕانەوە بۆ قۆناغی کۆیلایەتی و بەکۆیلەکردن خۆی حەشار داوە".

ئەگەر سەندیکاییەکانمان خاوەن دەروونێکی ساخلەم بوونایە کە توانای دەرکردنی هەبێ ئەم ئامۆژگاریانەیان لە ئینگلتەرە و ئەڵمانیا دەبیست، تەنیا کرێکاری بەتوانا دەزانێ کرێ بەگوێرەی بەهای خاوەنکارەکانە.

پیاوانی سەندیکاکان لە وڵاتانی لاتینی ئەم بنەمایەیان پەسەند نەکرد، ئەگەر لەبارەی ئامانجیانەوە پرسیاریان لێ بکرێ وەڵام دەدەنەوە: "کارگە بەبێ خاوەن".

ئەوە وەهمی پیاوانی نەزەرە کە سەریان لە کارگەکان نەداوە و بەباشی وردنەبوونەتەوە بزانن چییان تێدایە، خۆ ئەگەر لەنزیکەوە لە شتەکەیان بکۆڵیایەتەوە دەیانزانی کارگە واتە خاوەنەکەی. پاش ئەوەیش زانست لەم سەردەمەدا داهێنراوە ئاڵۆزەکانی هێنایە کایە، وای لێهاتووە زەحمەتترین شت لە پیشەسازیەکاندا دۆزینەوەی سەرۆکە بۆیان نەك کۆکردنەوەی کرێکاران بۆ ئەنجامدانیان، ئەو کارگەیەی لەسەر دەستی بەڕێوەبەرێکی کارامە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئەگەر کاروبارەکانی کەوتە دەست کەسانێکی بێئەزموون زۆر نابات وێران دەبێ، کارگە بەبێ سەرۆك وەك کەشتییە بەبێ کاپتن، واتە ئەمڕۆ تووشی بێسەروبەری دەبێ و سبەینێیش هەرەس دێنێ.

روونکردنەوەی ئەم راستییانە بەلای فەوزەویەکانەوە کە جلّەوی سەندیکاکانیان بەدەستەوە گرتوە وەك گوێز ژماردن وایە، چونکە ئەوان هیچ ئامانجێکیان نیە جگە لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی سیستمێکی شیوعمی تەمومژاوی لە جێگەیدا، ئەوان لەباتی ئەوەی سوپاسی یاساکان بکەن کە رێگەی مانەوەی پێداون دەبینی ئەمڕۆ شەڕیان لەگەڵ دەکەن، لەمە زیاتر بەرگەگرتنیان ساویلکەییە.

پێشتر لە خراپییەکانی هەندێ یاسام کۆڵیەوە کە یاسادانەران سوورن لەسەر دەرکردنیان بەبێ ئەوەی بزانن بەرو چ ئەنجامێکمان دەبەن، لەپاڵ ئەوەدا باسی یاسای سەندیکا پیشەییەکان دەکەین کە ساڵی ١٨٨٤ وەزیرێك دانانی سەپاند کە وتاربێژێکی باشە، ئەگەرچی زانیاریەکی کەمی سەبارەت بە کاروبارەکانی دەروون هەیە. هۆشداریدانەکانی ئەو وەزیرە کەم نەبوون، بەڵام کاتێ ئەندامێکی ئەنجومەنی پیران رایگەیاند "لەو رۆژە دەترسێ پەرلەمان لەلایەن کۆمەڵەی کرێکارانەوە بەڕێوە ببرێ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەندیکایەکی باڵا بکات"، تەنیا بەسووکایەتیەوە ئاماژەی بەو "هێزە دا کە دەدرێتە پاڵ ئەنجومەنی گشتیی سەندیکاکان و لە هێزی گەورەترین ملهوڕەکان زیاترە!".

لەو دەستەواژە دەروونیانەی سەبارەت بەو مەترسیەی لەو یاسایە دەکەوێتەوە وتران قسەی ئەندامێکیتری ئەنجومەنی پیران بوو کە وتی: "پێویست بە کۆنترۆڵکردنی رەها دەکات، هیچ شتێك نیە پێی بوترێ قۆناغی ناوەڕاست، واتە یان ئەوەتا کۆمەڵەی سەندیکاکان پێکنەیەت، یان یەکێتیەکی خاوەن دەسەڵاتی رەها لەنێوان ئەو سەندیکایانەدا پێکبێ، ئەوکاتە لە چۆنێتیی زاڵبوونی سەرکردەکان بەسەر کرێکاراندا بێئاگا نەبین". باسی ئەوەی کرد پرۆژەیاسەکە دەبێتە مایەی رق لە نیشتمان و بەسەربازکردن بەڵام هیچ سوودی نەبوو، چونکە دڵکوێری بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا زاڵ بوو و دەنگیان بە پرۆژەیاساکەدا کە ئەنجامەکانی رۆژانە مەترسییان زیاتر دەبێ و لە سایەی ئەوەوە وای لێهاتووە کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران لەدژی نیشتمان و سوپا و کۆمەڵگە و سەرمایە دەجەنگێ، بەبێ ئەوەی سزا بدرێ.

ئەو دەرماگیرانە بەوەهمێکی توندەوە دەژین، ئەوەتا لە ئاهەنگی کردنەوەی قوتابخانەی ئیشتراکیدا مسیۆ (جوریس) کاتێ باسی کتێبی دوو لە پیاوانی سەندیکایی شۆڕشگێڕی دەکرد روونیکردەوە، ئەو ئاژاوەگێڕە یاخییانە پێشنیاری هیچ ناکەن جگە لە دامەزراندنی ئەوەی بە شۆڕشێکی توندوتیژ دەیڕوخێنن. لە رۆژنامەی (ئومانتیە) ژمارەی رۆژی ٣٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٩دا وتارێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: "یەکێك لە سیفەتەکانی شۆڕشی داهاتوو کە بۆمان باس دەکرێ ئاسانیەکی بێسنوورە، تێیدا حکومەت وەك تارماییەك بزر دەبێ و پەرلەمان وەك دوکەڵ نامێنێ و سوپا دەچێتە پاڵ گەل و هەر کەسێك چەکەکەی دادەنێ، تێیدا جوتیار کێڵگەکەی و فرۆشیار دوکانەکەی بۆ بەجێدەهێڵرێ، ئەگەر دەست بەسەر بانکەکاندا گیرا با حەواڵەی نوێ بدرێتە راسپێر (مودع)ەکان، پاشان دەوڵەت لە گۆڕەکەیدا زیندوو دەکرێتەوە و پەرلەمان لە شێوەی کۆنگرەیەی یەکێتیدا دەردەکەوێ کە تەنیا کێشەی کرێکاران چارەسەر

ناكات بەڵكو كێشەكانی جوتیاران و كێشەی دراو و زۆر كێشەیتر، ئەوكاتە رەگەزەكانی كۆمەڵگە چۆن بوون وایان لێدێتەوە و یاسای دیموكراسی زاڵ دەبێ".

تا ئەوكاتەی كۆمەڵەی یەكێتیی كرێكاران رۆڵی خۆی لە ئایندەدا ئەمرۆ جۆرەها تێكدان دەكات، ئامانجیشی لەبەریەك هەڵتەكاندنی زۆر لە پیشەسازیەكانە بەبێ گوێدانە نەهامەتیی كرێكاران كە لەسەریان دەژین، یەكێك لە كاریگەریەكانی پاشەكشەی دەریاوانیی بازرگانیمان بوو.

مسیۆ (میلین) لە وتارەكەیدا كە لە ئەنجومەنی نوێنەران پێشكەشی كرد و رۆژنامەی رەسمی لە ژمارەی رۆژی ١١ی ئاداری ١٩٩٠دا بڵاوی كردەوە، دەرەنجامی بێسەروبەریی یاسادانان و باری دەروونیی كرێكارانی بەباشی روون كردەوە، لە وتارەكەیدا هاتووە: "من لەوانەم لە جیهانی پیشەسازیدا دەژیم، رێگەم بدەن بۆتان روون بكەمەوە من مەلەكەی چالاكی و مەلەكەی هەڵێنجان تێیدا بە نائومێدییەخش دەبینم، دەرەنجامەكەیشی بریتییە لە هەڕەشە و گوڕەشەكردن لە سەرمایە و مانگرتنی بەردەوام و دەستدرێژیكردنە سەر ئازادیی كار و سەپاندنی باج لەسەر ساماندااران و هەر كەسێكە بەرێگەی پاشەكەوت پارە كۆدەكاتەوە. ئەو شۆڕشگێڕانەی بەرەو ئەم رێگەیەمان پەلكێش دەكەن بێئاگان، ئەگەر بەباشی بیریان بكردایەتەوە دەیانزانی جیهان بەبێ دەوڵەمەندان هەژار و هەژاران هەژارتر دەكەون، نەهامەتیی تەواویش لەوەدایە".

هەرچی بودجەكەمانە كە بە رواڵەت جێی خۆشحاڵییە، ئەو وتاربێژە بەئاسانی وەهمەكانی ئەو كاربەدەستانەی روون كردەوە كە ئەو حاڵەتە دەكەنە بەڵگە. ئاماژەی بەوەدا بازرگانیی زۆر وڵاتی وەك ئەڵمانیا و ویلایەتە یەكگرتووەكان و بەلجیكا لە ماوەی بیست ساڵدا دووهێندە بووە، لەكاتێكدا بازرگانیی ئێمە لە گەشە و پێشكەوتنیدا بۆ پلەی دەیەم دابەزیوە، لەكاتێكدا ئێمە بەم شێوەیە چاوەڕوان دەكەین، گەلان پیشەسازییەوە زیاد دەكات، ئەوكاتە لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغكردنەوەی كاڵاكانیان ئاستەنگیان دێتە رێ "دوور نیە رۆژێك بێت بابەتەكە لە قۆناغە ئابووریەكەی دەربچێ و ببێتە مایەی جەنگێكی وێرانكەر لەنێوان نەتەوەكاندا".

لەو هۆكارانەی وڵاتانی بێگانە بەهێزتر دەكات لەباتی لەشكری بێكەڵكان كە لە زانكۆكانماندا پێگەیشتوون "خاوەنی چینێكی لاوانی زۆری چوست و چالاكن، كە بە وڵاتانی دنیادا بڵاو دەبنەوە تا لەپێناو بەختەوەریی وڵاتی دایكیاندا رەنج بدەن". مسیۆ (میلین) خوازیارە ئێمەیش ئەو رۆژەی لە دەردی دامەزراندن (تەوزیف) رزگارمان دەبێ هاوشێوەی ئەو لاوانەمان هەبێ، بەلای منەوە دەردی زانكۆ گەورەترە، دەردی دامەزراندنیش بەرەنجامی ئەو دەردەیە.

کاتێ حزبێکی سیاسی پێکدێ، یەکێك لە ئامانجەکانی تێکدانی ئامێرەکان یان "چاندنی ئاڵای نیشتمانی بێ لە زبڵخانەدا" کۆمەڵێ خەڵکی نیمچە نەزان و بەتاڵە دەچنە پاڵی و تەماشای ئەو بنەمایانەیتر ناکەن کە تێیدان. پەروەردەی قوتابخانەکانمان خەڵکانێك پەروەردە دەکەن کە ناتوانن هیچ شتێکیتر بکەن.

لەو رووەوە تێکدانی کارگەکان و بڕینی وایەرەکانی تێلیگراف لەو کارانەن لەترسی دەسەڵاتی یاسا بەئاشکرا بانگەشەیان بۆ ناکرێ، مامۆستایانی فەوزا لەکۆتاییدا فەلسەفەیەکیان دۆزیەوە کە بەهەندێ حیلەی زمانەوانی کارەکانی سەندیکا فەوزەوییەکانیان لێ دەخوێنرێتەوە. ئێمە پێمان سەیرە ئەو پرنسیپانەی لە کۆلێژی فەرەنسا (کۆلێژ دی فرانس) لەسەرخۆترین و داناترینی فەیلەسوفان —مەبەست مسیۆ برگسۆنە— دەیانلێتەوە، دەبنە ئینجیلی رێبازی سەندیکایی شۆڕشگێڕی، ئەو رێبازە —وەك مامۆستا بوغلە دەڵێ— دەدرێتە پاڵ مسیۆ برگسۆن، نوێکەرەوان و شوێنکەوتوانی کاسۆلیکیەتی نوێ و لایەنگرانی زۆر لە رێبازەکان سوودی لێ دەبینن. "هەموو ئەوەی ئەوان لە مامۆستا جێپەسەندەکەیان دەوێ ئەوەیە هەندێ وانەی رۆحانییان پێ بلێتەوە". واتە ئیستیدلالی عەقڵی بگۆڕێ بە "هەندێ ئیلهام تا بەهۆیانەوە بتوانین بژین و لەبەرانبەر هەڵمەتی کرێکاران کە کچی هەڵمەتی ژیانە، پشتیان پێ ببەستین ".

وەك ئێوە لەوە تێنەگەیشتم، هەروەها هەوادارانی رێبازی سەندیکایی، ئەوەیش هیچ زیان بە رێبازەکە ناگەیەنێ، چونکە هێزی رێبازەکە بەو لێڵی و ئاستەمییەیە کە تێیدایە، روونکردنەوەی بابەتەکەیش ئەوەیە جماعات شەیدای ئەوەن کە تێی ناگەن، لە قۆناغی رێبازی (جانسینیوس)دا تیۆری لێخۆشبوون (نظرية الغفران) ئەورووپای سەرەونگون کرد، لەگەڵ ئەوەی هیچ زانایەکی لاهوتی نەیتوانی لێکەوتەکانی روون بکاتەوە و پەی بەوە ببات چەندە لەگەڵ ئەدەب و زەوقدا ناتەبایە.

تیۆریزەکارانی سەندیکایی هەستیان بە سوودی فەلسەفە بۆ رێبازەکەیان کرد، زۆر لە حزبە پیرەکان سوودیان لە فەلسەفەی (هیگڵ) و (ئۆگەست کۆنت) بینی، لەبەرئەوە پێویست بوو فەلسەفەیەکی نوێ هەڵبژێردرێ بەهۆیەوە ئانارشیستەکان کاتێ کارگەکان دەسوتێنن بتوانن بڵێن "ئیلهامەکانی غەریزە پێشڕەومانن".

بەمە ئاماژە بە خڵتەکانی فەلسەفەیەك دەکەین کە سووکایەتی بە عەقڵ دەکات و لەگەڵ ئەوەیە غەریزەی جێی عەقڵ بگرێتەوە. ئەو فەلسەفەیە بێئاگا بوو لەوەی مرۆڤ چەندین سەدەی بێشومار هەوڵی داوە بۆ دەرچوون لە قۆناغی غەریزی و چوونە ناو قۆناغی عەقڵ، مرۆڤ هەر بە رزگاربوونی پلەبەپلەی لە جوڵە غەریزیەکانی توانی بە پلیکانەی شارستانێتیدا سەربکەوێ، واتە شارستانێتی زاڵبوونی عەقڵییە بەسەر غەریزی و هەمەجیەتیش تۆڵەکردنەوەی غەریزییە لە عەقڵی.

ئەگەر مامۆستا بوغلە دەڵێ فەلسەفەی غەریزی دەبێتە هۆی لەناوبردنی داهێنراوەکانی عەقڵ، ئەوا ئێمە دەڵێین ئەو رۆژەی ئەو فەلسەفەیە تێیدا سەردەکەوێ ئەو رۆژەیە مرۆڤ تێیدا بۆ نزمترین ئاستەکانی توحش

دادەبەزێ، ئاخر تەنیا كێوی و چەتەكانن لە هەموو زەمەنێكدا فەلسەفەی غەریزەیان كردوەتە چاوساغی خۆیان، دەبا بۆ ئەوانی بەجێبێڵین.

لەژێر بەرەی سەندیكایی شۆڕشگێڕی و لاوازیی حكومەتدا چەندین كودەتای توندوتیژی خۆیان حەشار داوە، رەنگە كودەتاكان سەرەنجام هەندێ سوودیان لێ بكەوێتەوە، چونكە رۆحی گەلان هەندێ جار هێندە جێگیر دەبێ بەشێوەیەك روودانی كەمترین گۆڕان تێیدا پێویستی بە كاتێكی زۆر یان سەرهەڵدانی شۆڕشێكی زۆر توندوتیژ هەیە. بەڵێ شۆڕشەكان باجێكی زۆر و بەرهەمێكی كەمیان دەبێ، بەڵام هەرچۆن بێ هەندێ شتیان لەشوێن بەجێدەمێنێ، ئەوەتا بۆ ئەوەی فەرەنسیەكان هەندێ ماف و یەكسانی لەبەردەم یاسادا بەدەست بێنن، رووداني قۆناغی تۆقاندن و چەندین جەنگی خواست كە بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ئەوروپا بەردەوام بوون و سێ ملیۆن كەسیان تێدا كوژرا، وەنەبێ ئەوەیش بەبێ شۆڕش لە كیسی فەرەنسیەكان بچووایە، چونكە راكێشەر (قاطرة) زیاتر لە ملقرتێن یەكسانكەرە، بەڵام فەرەنسیەكان چۆن دان بەخۆیاندا دەگرن لەكاتێكدا خواوەندەكان دانبەخۆگرتنیان بە گەلانی لاتینی نەبەخشیوە؟.

لێكۆڵینەوە لەبارەی سەندیكایی لە جیهانی ئابووریدا لەم بەشەدا جێی نابێتەوە، لەبەرئەوە تەنیا ئەوەندە دەڵێین ئەگەر سەندیكایی لە فەوزەویەكان رزگاری بوایە دەبووە ئامرازێكی باش بۆ بەگژاچوونی ئیشتراكیەتی حكومی كە رۆژانە تێوەی دەگلێ، ئەو ئیشتراكیەتەی بەزمانی وتار بانگەشە بۆ یەكسانی دەكات لە نەهامەتی و بەكۆیلەكردندا. كەواتە با ئەوەمان لەیاد نەچێ سەندیكایی –وەك پێشتر روونمان كردەوە– دوژمنی ئیشتراكیەتە ، لەبەرئەوە دانەپاڵی یەكێك لەو دوو وشەیە بۆ لای ئەویتریان وەك ئەوەیە وەسفی مرۆڤێك بكەیت بەوەی موسڵمانێكی مەسیحیی یان مولحیدێكی دینداره. من ئامۆژگاری ئەوانەی لەم جیاوازییە بێئاگان –كە ئیشتراكیەكان سوورن لەسەر ئینكاریكردنی– ئەو تێزە بەسوودە بخوێننەوە كە خامەی سەندیكایی مسیۆ (ئێدوار بیرت) نووسیوێتی، تێیدا جیاوازیی توندی نێوان ئیشتراكیەت كە ناونیشانی حكومیبوونە، لەگەڵ سەندیكایی كە هەر جۆرە دەستوەردانێكی حكومەت رەت دەكاتەوە، دەبینن. ئەو نووسەرە بڵاوبوونەوەی سۆشیالیزم (ئیشتراكیەت)ی بەئەنجامی پاشەكشەی چینی ناوەڕاست داناوە، پاشان بەگژ فەوزادا دەچێتەوە كە دژ یان بەربەست لەبەردەم پێشكەوتنی دادەنێ، هەرچی سەرمایەیە كە ئیشتراكیەكان رقیان لێیەتی سەندیكاییەكان بەتەواوی لە رۆڵی تێدەگەن.

مسیۆ (بیرت) دەڵێ: "سەندیكایی سیستمی پارە پەیداكردن بە سیحرێكی سەرسوڕهێن دادەنێ، كە پشتئەستوور بە بوێری و توانای هەڵێنجانی تاكەكەسی و هاوكاریكردن، توانی سەرجەم ئامرازەكانی بەرهەمهێنان لە كاری كۆمەڵایەتی دەربێنێ".

لەمەی رابورد ئیشتراكیەكان كە لەبەردەم ركابەرەكانیاندا خۆیان دەشارنەوە دەزانن كە سەندیكایی "لە هەوڵی ئەوەدایە سۆشیالیزم لە دەنگدەرە كرێكارەكانی بێبەش بكات". تەنگپێهەڵچنینی لەم شێوەیە

مەترسی روودانی ململانێیەکی گەورەی لیٚ دەکریٚ، جا لەو ململانێیە مەترسە کە سروشت ئامرازێکیتری بۆ پێشکەوتن جگە لەو نەدۆزیوەتەوە. ئایا هیچ شوێنێك هەیە کێشە و ململانێی تێدا نەبیٚ؟ ململانیٚ لەنێوان جۆرەکانی ئاژەڵ، لەنێوان نەتەوەکان، لەنێوان تاکەکان، لەنێوان هەردوو رەگەز و لەنێوان خانەکانی یەك جەستەدا هەیە، کاری مرۆڤ تەنیا ئەوەیە لەکاتی ئەو ململانیٚ حاشاهەڵنەگرانەدا بەباشی بەرگری بکات، جیهانیش بەگوێرەی شێوەی خۆگونجاندنمان لەگەڵمان یان لەدژمان دیٚ، چار ناچارە هەر دەبیٚ بەرگەی خواستەکانی بگرین، ئەگەرچی نەفرەتیشیان لیٚ بکەین.

# دەروازەی پێنجەم

# هەڵەکانی ڕۆحی سیاسەت لە ماددەی کۆڵۆنیالیزمدا

## بەشی یەکەم

## پرنسیپە کۆلۆنیالیستیەکانمان

ململانێی ئابووریی نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا جێبایەخترین بابەتی مرۆڤ دەبێ لە سەدەی بیستەمدا و زیاتر لە جەنگەکانی رابردوو دەبێتە مایەی وێرانکردن و خوێنڕشتن، لەبەرئەو رۆڵە گەورەیەی کۆلۆنیەکان دەیانبێ، سوودی پارێزگاریکردنمان لە کۆلۆنیەکانمان حاشاهەڵنەگرە.

بەڕێوەبردنی ئەو داگیرگە (کۆلۆنی)یانەی نەتەوە ئەوروپیەکان هەیانە لەسەر چەند پرنسیپێك دادەمەزرێ، لەگەڵ ئەوەی پێویستە ئەو پرنسیپانە کە زادەی ئەزموونن، گشتی بن، بەڵام بەپێی جیاوازیی نەتەوەکان جیاوازن، رەنگە ئەوەی دەڵێین "ئەو پرنسیپانە بەپێی جیاوازیی نەتەوەکان جیاوازن" هەندێ زیادەڕەوی تێدا بێ، دەکرێ لەڕووی پرنسیپەکانی کۆلۆنیالیزم (ئیستیعمار)ەوە جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لە دەوڵەتانی ئەوروپادا بکەین: جۆری یەکەمیان تا رادەیەکی زۆر تەنیا فەرەنسا دەگرێتەوە، جۆری دووەمیش زۆربەی نەتەوەکانیتر دەگرێتەوە.

ئەو نەتەوانە کۆلۆنی بۆ خۆیان دروست دەکەن تا سوودیان لێ ببینن، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی خۆمان بەرزتر لەو کارە گرت و لەبیرمان نەدەکرد کە رۆڵمان لە جیهاندا ئەوەیە نیعمەتەکانی شارستانێتی بۆ نەتەوەکانی سەرزەوی ببەین، خوازیارین بەسیستم و پرنسیپەکانمان حوکمی گەلان بکەین، لەگەڵ ئەوەی ئەو سیستم و پرنسیپانە زۆری نەبرد بەکۆی دەنگ رەت کرانەوە، بەڵام باوەڕمان بەوەی ئێمە لەسەر هەقین پاڵمان پێوە دەنێ بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو رەوتەمان تا مسیبەتی جۆراوجۆر بۆمان دەسەلمێنین پرنسیپە کۆلۆنیالیستیەکانمان بریتین لە کۆمەڵێ هەڵەی خەمناك لەڕووی تیۆری و پراکیتکیەوە.

لە کتێبی "شارستانێتی هیند"دا ئەو پرنسیپانەم روون کردەوە کە ئینگلتەرە بۆ داگیرکردنی کۆلۆنیەکانی و بەڕێوەبردنیان لەسەریان دەچوو، باسی ئەوەی چۆن هیندی بە پارەی هیند و پیاوانی هیند وڕ کرد، رادەی ئەو داناییەی ئەو کۆلۆنییە گەورەیەی پێ بەڕێوە دەبرد، هەروەها ئەوەی کە رەنگە لەبەر جێبەجێکردنی پرنسیپێکی دەروونی نارێك بەسەریدا لەم دواییەدا، لەدەستی بدات.

لێرەدا –لەبەر کەمیی بوار– تەنیا لەو پرنسیپانە دەکۆڵمەوە کە فەرەنسا بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی جەزائیر، کە نزیکترین کۆلۆنیمانە، لەسەریان دەچێ، هەروەها لەو ئەنجامانەی دەشێ لە پیادەکردنیان بکەونەوە.

توێژینەوەی زۆر دەربارەی جەزائیر نووسراون، بەڵام دووانیان دوو دانەر نووسیونیان کە لە ئاستی بابەتەکەدان. ئەوانیش مسیۆ (لروابولیو) کە لە زانایانی قوتابخانەییە لە کۆلێژی فەرەنسا– (کۆلێژ دی فرانس)، لەگەڵ مسیۆ (فینیون) کە پێشتر کونسوڵ بووە، لەبەرئەوە تێکڕای ئەو فیکرانەیان تێدایە کە لە بابەتەکەدا وتراون.

لەم بەشەدا نامەویٚ بەدرێژی لە ئەنجامەکانی ئیستیعمارمان لە جەزائیر بکۆڵمەوە، بەڵکو دەمەویٚ بەهای ئەو پرنسیپە دەروونییە بنچینەییانە روون بکەمەوە کە کە لەپشت بەڕێوەبردنمانەوە بوو و پێدەچیٚ تا ماوەیەکی درێژ ئاراستەی بکەن. کەواتە رەخنە لە پرنسیپەکان دەگرم نەك لەو کەسانەی پەیڕەویان دەکەن، چونکە ئەوەی کاربەدەستان بەڕێوە دەبات خواستەکانی سیاسەتە نەك تیۆرەکان، خواستەکانی سیاسەتیش وەك زانراوە زادەی پرنسیپن، کەواتە ئەوەی پێویستە رەخنەی لیٚ بگیریٚ پرنسیپەکەیە نەك کەسەکان کە ناتوانن بەبیٚ ئەو حوکم بکەن، گۆڕینی ئەو پرنسیپەیش ئاسان نیە، ئەگەر گەلی فەرەنسی بەرواڵەت لە هەموو نەتەوەیەك زیاتر مەیلی شۆڕشی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا لە هەموویان کۆنەپارێزترە.

جەزائیر کە رووبەرەکەی هێندەی رووبەری فەرەنسایە دانیشتوانی کەمە، دانیشتوانەکەی پێنج ملیۆن موسڵمانن کە وەك لە راپۆرتە رەسمیەکاندا هاتووە بۆ سیستمەکانمان دڵسۆزن، ئەگەرچی جێگیرکردنی ئەو دڵسۆزییە پێویستی بە سوپایەکی شەست هەزار سەربازی هەیە، واتە سوپایەکی نزیك لەوەی ئینگلیز پشتی پیٚ دەبەستیٚ بۆ ملکەچکردنی ٢٥٠ ملیۆن هیندۆس و پەنجا ملیۆن موسڵمان کە لە دانیشتوانی جەزائیر مەترسیدارترن و بەسەختتریش ملکەچ دەکرێن[٥].

لە جەزائیر —جگە لە موسڵمانان— ئەوروپیش هەن کە ژمارەیان دەگاتە ٨٠٠ هەزار کەس، نیوەیان فەرەنسی و نیوەکەیتریان لە ئیسپان و ئیتاڵی و ماڵتایین، ئەم رەگەزە ئەوروپییە رەچەڵەك جیاوازانە لەنێوخۆیاندا زاوزیٚ دەکەن، بەڵام لەگەڵ موسڵمانان زاوزیٚ ناکەن، ئەو رۆژەیش دوور نیە لەو زاوزێیە گەلێکی خاوەن ئەخلاق و بەرژەوەندیی جیاواز لە ئەخلاق و بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا پێدەگات. ئێستا فەرەنسا بەلای ئەو ئەوروپیانەوە وەك (میسینی بەخشندە) دێتە بەرچاو کە دەوڵەتێکە ئامادەیە هێڵی ئاسنین بەخۆڕایی ببەخشێتە جەزائیر، لەگەڵ هەندیٚ دامەزراوەی خێرخوازی و زۆر یارمەتیتر.

موسڵمانانی جەزائیر —کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدێنن— لە وەچەی سەرجەم ئەو فەتحکەرانەن کە باکوری ئەفریقیایان فەتح کردوە، ئەگەر ئەمڕۆ تەماشای بنچینەکە بکەین دەبینین دوو سێیەکیان لە بەربەر و سێیەکیان عەرەبن، جیاوازیی نێوان هەردوو قەومەکەیش زۆر کەمە، باشترین جیاکەرەوە بۆ موسڵمانانی جەزائیر دابەشکردنیانە بۆ دانیشتوانی دەشت (بدو) و دانیشتوانی شار (حضر)، باشتر دەبینین بەپێچەوانەی بۆچوونێکی باو، لە ئەندامێییان بۆ ئەو دوو چینەدا جیاوازی لەنێوان عەرەب و بەربەردا نیە.

---

[٥] زۆر لە موسڵمانانی هیند عەرەبی رەسەنن، زیاتر لە دەوڵەتی نیزام حەیدەر ئاباددا دەبینرێن، دەمارگیری و مەترسییان لە حەیدەر ئاباد گەیشتە رادەیەك وای لە حکومەتی ئینگلیزی کرد هاتوچۆکردن بەشەقامەکانیدا بەبیٚ مۆڵەت و پاسەوان قەدەغە بکات، بەڵام رێگریکردن لە تێکەڵبوونی هیندیەکان بە ئەوروپیەکان شتێکی گشتییە، هەر شارێکی هیند دوو گەڕەکی تێدایە کە بەزۆری ماوەی چەندین کیلۆمەتر لێك جیان، یەکێکیان گەڕەکی هیندیەکان و ئەویتریان گەڕەکی فرەنجەکانە (واتە ئەوروپیەکان).

دەکرێ کتێبەکەی مسیۆ (لروا بولیو) بەیەك وشە کورت بکرێتەوە ئەویش بریتییە لە "ناچارکردنی موسڵمان بۆ بەفەرەنسیبوون"، بەوە گوزارشت لە بۆچوونە باوەکانی فەرەنسا سەبارەت بە جەزائیر دەکات، ئەو نەهجە سیاسیەی تائێستا گرتومانەتە بەر بۆ ناچارکردنی موسڵمانان تا ببنە فەرەنسی، لە هەمەجیەتدا رێك لەو نەهجە دەچێ کە ئەمەریکییە بەراییەکان بۆ لەناوبردنی سوور پێستەکان گرتیانەبەر، کە زەویەکانی راویان لە دەستیان دەردەهێنا و ئازادیی لەبرسا مردنیان پێ بەخشین.

ئەمە رێگە ئیداریەکەمانە لە شکاندنی موسڵماناندا، مسیۆ (فینیون) جوان باسی کردوە کە دەڵێ:

"حاکمەکانی جەزائیر لە هەر یاخیبوونێکدا بەشێك لە زەویەکانیان لە هۆزەکان دەسەند و دەیاندایە داگیرکەرەکان و رۆڵە رەسەنەکانی وڵاتیان دەردەکرد بۆ بیابان، چەندە ژمارەی رەگەزی ئەوروپی زیادی بکردایە ئەو رۆڵانە لە کەلەپووری باوانیان بێبەش دەکران، هۆزەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دوور دەخرانەوە، ئەنجامی ئەم سیاسەتەیش کە بۆ ماوەی سی ساڵ پەیڕەو کرا، ئەوە بوو: ئەو عەرەبەی بۆ بیابان دوور دەخرایەوە و گومانی هەبوو لەوەی بتوانێ بەری رەنج و زەحمەتی خۆی بچنێتەوە، ئیتر بیری لە باشکردنی کشتوکاڵەکەی و چاککردنی زەویەکەی نەدەکردەوە، کاتێ ئەو عەرەبەی زەویی هۆزەکەی کە بۆ کشتوکاڵ بەکەڵك دەهات لێی قەدەغە کرا و رێگەی پێنەدرا بگاتە جۆگە ئاوەکان و نەیتوانی بەرگەی قاتوقڕی و وشکەساڵی بگرێ، ئیتر بەشی پێویست گەنمی بۆ خواردن بۆ نەدەدورایەوە، دەیبینی ماڵاتەکەی کەم دەکەن یان نامێنن، هەزاران ئێش و ئازار و مەینەتی لەم جۆرە رقی رۆڵەی رەسەنی جەزائیریان لە داگیرکەران زیاتر کرد و بۆشایی نێوان دوو نەژادەکەیان قووڵتر کردەوە.

مەرسومی ساڵی ١٨٦٣ کە دەڵێ هۆزەکان خاوەنی ئەو زەوییانەن بەرێگەی دوورخستنەوە لێیان سوودمەند بوون، لەناوی نەبرا، بەڵکو شێوە و ناوی ئەو رێگەیە گۆڕا بۆ "رێگەی بەخاوەنبوون لەپێناو سوودی گشتیدا"، رێگەی ناوبراو دوو سیفەتی هەیە: نابێ هەر زەویەك دەبەخشێتە داگیرکەران لە زەویی عەرەبەکان نەبێ. دووەم هەندێ فەرمانگە بۆ ئەوروپیەکان دادەمەزرێنێ و لە عەرەب قەدەغەن، کە هەژاری و کوێرەوەرییان بەسەردا سەپێنراوە. بەگوێرەی ئەم رێگەیە خاوەن زەوییەکە بڕەپارەیەك کە دادگەکان دەیخەمڵێنن قەرەبوو دەکرێتەوە، قەرەبووەکەیش عادەتەن لەنێوان ٥٠–٦٠ فرەنکدایە بۆ هەر هێکتارێك. واتە ئەو جەزائیریەی سی یان چل هێکتار زەوی هەیە و لەتوانایدایە خۆی و خێزانەکەی بەدرێژایی تەمەنی بژێنێ، بە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ فرەنك قەرەبوو دەکرێتەوە، واتە چەردەیەك پارە کە بەشی تەنیا ساڵێك یان دوو ساڵی دەکات".

نامۆترین شت کە لە دەستوەردانی رەهای حکومەتدا لە وڵاتی جەزائیر دیمان، ئیستیعماری رەسمییە، پێویستە خوێنەر ئەو کتێبەی ئاماژەم پێدا بخوێنێتەوە تا لە چیرۆکی خەمناکی کۆلۆنیالیزم ئاگەدار بێ، تێیدا ئەنجامەکانی دابەشکردنی زەوی بەخۆڕایی بەسەر تاقمی بێنرخاندا دەبینێ کە لە خوێندنی زمانی

پیرۆزی بەراهیمەوە نزیکترن تا شارەزایی لە کشتیاری و چاندن. تێیدا دەبینیٚ چۆن گوندە رەسمیەکان چۆڵ و هۆڵ بوون و سیمایان سڕاوەتەوە. ئەو ئەزموونە ترسناکە و ئەو خەرجە زۆرەی لێی کەوتەوە بەس نەبوون بۆ رۆشنکردنەوەی هزری پیاوانی ئیدارەمان، بەڵکو حاکمی گشتی جەزائیر داوای کرد پەنجا ملیۆن فرەنك تەرخان بکریٚ بۆ دەستگرتن بەسەر موڵکی عەرەبەکان و هێنانەکایەی هەندیٚ گوند جگە لەوانەی دەستی شکستیان پێگەیشتوە، خۆشبەختانە پەرلەمان ئەو پێشنیارەی رەت کردەوە، کە ئەگەر بکرایە موسڵمانان لە جەزائیر رادەپەڕین، ئەوەیش ملیۆنان فرەنك خەرجی دەخستە سەر شانمان. ئەو پێشنیارە و تاوتوێکردنی و ئەگەری قبوڵکردنی رادەی سادەیی فەرەنسیەکانمان لە ماددەی کۆلۆنیالیزمدا بۆ دەردەخات.

پێمان سەیر نیە ئەو ئەزموونانە وابکەن جەزائیر زۆر لەسەرمان بکەویٚ، شارەزایان مەزەندە دەکەن جگە لە داهاتی خۆی ئێمە زیاتر لە چوار ملیارمان تێدا خەرج کردبیٚ. بەڵام ئایا پاش ئەم قوربانیدانە توانیمان هەڵچوونیان کپ بکەینەوە و ئاشتی تێدا سەقامگیر بکەین؟ ئەوە ئاواتمانە، بەڵام لەبیرمان نەچیٚ پارێزگاریکردنمان لە نیزام لەو ناوچەیە بەشێوەیەکی رێژەیی سوپایەکی گەورەی ویستوە و هێشتایش دەیەویٚ.

لەوەتی جەزائیرمان فەتح کردوە لەسەر دوو پرنسیپی سیاسی چووین، یەکێکیان داماڵینی ماڵ و موڵکی عەرەب و دوورخستنەوەیان بۆ بیابان، ئەویتریان بەفەرەنسیکردنیان لەرێی ناچارکردنیان بە قبوڵکردنی سیستمەکانمان، نەمانتوانی عەرەب دوور بخەینەوە بۆ بیابان کە شتێکی تێدا نیە بیخۆن، بێگومان ملیۆنان کەس رازی نابن لەبرسا بمرن بەر لەوەی هەندیٚ بەرەنگاری بکەن، هەروەها عەرەب رازی نەبوون ببنە فەرەنسی، هیچ نەتەوەیەك نەیتوانیوە میزاجی دەروونیی خۆی بگۆڕیٚ تا میزاجی نەتەوەیەکیتر پەسەند بکات.

کەواتە هەردوو پرنسیپەکە قەڵبن، گواستنەوە لە یەکێکیانەوە بۆ ئەویتریان حەزی گۆڕینیانی لەلا نەبزواندوین. ئێمە لەسەر ئەزموونە مەترسیدارەکانمان سوور دەبین تا رۆژیٚ دیٚ سەرکردەکانمان دەرك بەوە دەکەن وازهێنان لە وڵاتانی فەتحکراو کە بە سیستم و دابونەریت و شێوە ژیان و بیروباوەڕی خۆیان بژین، وەك کۆلۆنیالیزم دەیکات —بەتایبەت ئینگلتەرە و هۆڵەندا— سادەترین شێوازەکانی ئیستیعمار و ژیرانەترین و کەم خەرجترینیانە.

ئێستا گرتنەبەری ئەو رێگەیە مەحاڵە لەبەرئەوەی پێچەوانەی رای گشتییە، هەڵسوکەوتی پیاوانی ئیدارەکەمان و ئەو بۆچونانەی لە رۆژنامە و کتێبەکاندا بڵاو دەبنەوە بەڵگەن لەسەر ئەمە.

هەر هێندەی لە خۆرئاوا لە کاریگەریی بیروباوەڕی ئاینی رزگارمان بوو، ئیتر وامانزانی لە سەرتاسەری جیهانیشدا هەروایە، ئەو نووسەرە ئەوروپیانەی دەرکیان بەوە کردوە مەسەلەی ئاین لە رۆژهەڵات لەسەروو

سەرجەم مەسەلەکانەوەیە زۆر کەمن، چونکە ئاین لای شوێنکەوتوانی محەمەد هەروەها لای شوێنکەوتوانی (سیفا) یان (بوودا) بەسەر سیستمە مەدەنی و ئاینیەکان و هەروەها بەسەر ژیانی گشتی و تایبەتدا زاڵە، بەلای شەرقیەکانەوە مەسەلەکانی خواردن و خواردنەوە و خەوتن و چاندن و دورینەوە چالاکیی ئاینین، ئینگلیز لەرێی ئەو توندگیریەی لە پرۆتستانتیەکەیاندا هەیە دەرکیان بەوە کرد، لەبەرئەوە پەرستگەکانی هیندیان زیندوو کردەوە و پارێزگارییان لە کاهینەکانی (سیفا) و (فیشنو) کرد و بەزەقی پشتگیریی مزگێنیدەرەکانیان نەکرد، ئەوەی لەژێر ئاسمانی ئینگلتەرەدا بگەڕێ پارێزەرانێك نادۆزێتەوە بڵێن کۆلۆنیەکە لەناو بچێ باشترە لەوەی پرنسیپێك لەناو بچێ.

دەبوو سیاسەتی ئێمە کاری لەسەر پاراستنی ئاینی ئیسلام بکردایە و پشتی بە خاوەن تەریقەتەکانی موسڵمانان ببەستایە، هەروەها زانا و شیخەکانی موسڵمانان بەهێز بکات نەك بەگژیاندا بچێتەوە و رۆڵیان لاواز بکات، یەکەمین کۆمیسیاری فەرەنسی لە تونس توانای خۆی و ئاشنایی بە کاروباری رۆژهەڵات سەلماند، بەوەی هانی (بای)ی تونسی دەدا مەرسومی ئاینی بۆ پاساودانی ئیجرائاتەکانی لەبەرچاوی موسڵمانان دەربکات، بەڵام چی بکەین کە پاداشتی ئەو پیاوەمان دایەوە بەوەی بە پەلە لە کارەکەی دوورمان خستەوە.

ئەوەی خوازیارە رێزی نەریتە ئاینییەکانی عەرەب بگرێ با رێزی هەموو سیستمەکانیان بگرێ، چونکە ئەمانە لەوانەوە دەتاشرێن، مسیۆ (لروا بولیو) پلار لەم سیاسەتە دەگرێ کە ناوی دەنێ "سیاسەتی التمنع"، پاشان دەڵێ: "رێزگرتنی ئەوەی ناوی دەنێن قەومیەتی عەرەبی و سروشت و دابونەریتەکانی، مانای ئەوەیە وازهێنانی سوپا و کۆلۆنیستەکانمان ئەفریقیا واز لێ بێنن".

بۆچی رێزگرتنی سروشت و نەریتەکانی عەرەب دەبێتە مایەی کشانەوەی سوپاکەمان و کۆلۆنیستەکانمان؟ ئەو نووسەرە لەبیری چوو وەڵامی ئەوەمان بداتەوە، پێم وایە ناتوانێ هۆی یەکی ماقووڵ بۆ راکەی بهێنێتەوە، ئەو سیاسەتەی من خەباتی لەپێناودا دەکەم ئەو سیاسەتەیە ئینگلیز بەرانبەر موسڵمانانی هیند پەیڕەوی دەکات، بەبێ ئەوەی بەو کارە وازیان لەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە هێنابێ.

ئەو رێوشوێنانەی مسیۆ (لروا بولیر) ئاماژەیان بۆ دەکات لەگەڵ پرنسیپەکانمان سەبارەت بە یەکسانیی گشتی دەگونجێن، ئەو رێوشوێنانە داوای "تواندنەوەی رەگەزی عەرەبی لەناو رەگەزی ئەورووپی"دا دەکەن، تواندنەوەیش بریتییە لە "مل پێکەچکردنی دوو نەوەی جیاواز لە ئادەمیزادەکانە بۆ یەك سیستمی ئابووری و یەك سیستمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێ یاسای گشتی و یەك تەرزی بەرهەمهێنان".

نووسەری ناوبراو سەبارەت بە سیاسەتی تواندنەوە یاخود جۆشدانیش باسی هەندێ رێگر دەکات، بەڵام بەئاسانی بەسەریاندا باز دەدات، دەڵێ گوایە "بەربەرەکان تەنیا لە ئایندا لە ئەورووپیەکان جیاوازن"، ئای چ هەڵەیەکی زەقە! خۆ لە راستیەوە نزیکتر دەبێ ئەگەر بڵێین جیاوازی نێوان ئەورووپی شارستانی و

بەربەری لەم سەردەمەدا وەك جیاوازیی نێوان غولوی لە سەردەمی (برینوس) و مرۆڤی پاریسی ئەم سەردەمە وایە.

لەو رووەوە لای مسیۆ (لروا بولیو) بەربەر هاوشێوەی ئەوروپییەکانن داوای کردوە تەنیا عەرەب ناچار بە بوونە فەرەنسی بکرێن، هیچ زەحمەتیش لەوەدا نابینێ، دەڵێ: "بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە سیستمی خێڵ و موڵکایەتیی هاوبەش و فرەژنی بگۆڕین، ئەو وردە لق و پۆپانەی دەمێنن بەتێپەڕبوونی کات چارەسەر دەبن".

لە دیدی ئەو نووسەرەدا بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکاریانە —کە بەدڵی سۆشیالیستە رەسەنەکانە— کارێکی ئاسانە، بەڵام من بەپێچەوانەوە —وەك هەر مرۆڤێك کە دیراسەی میزاجی دەروونیی عەرەبی کردوە— پێم وایە زەحمەتیی ئەو کارە لە گۆڕینی زنجیەکی ئوسترالی بۆ ئوستادێك لە کۆلێژی فەرەنسا (کۆلێژ دی فرانس)، یان هەوڵ بردرێ بۆق فێری فڕین بکرێ، کەمتر نیە.

مسیۆ (لروا بولیو) لە حوکمدانەکەیدا لەسەر عەرەب، کە وادیارە بە کۆمەڵێ هەمەجیان دادەنێ، بەبەزەیی نەبوو، بەلای ئەوەوە سیستمەکەیان "وەك سیستمی شوانە کۆنەکانە"، پێی وایە عەرەب دەشتنشینن، بەڵام بەربەر شارنشینن، ئەوەی کتێبەکەی ئیبن خەلدون بخوێنێتەوە کە لە سەدەی چواردەیەمدا نوسیوێتی دەزانێ دابەشکردنی بەربەر بۆ خەڵکی دەشت و خەڵکی شار تایبەت نیە بەم سەردەمەمان[٦].

ئەوەی هەندێ لە نووسەران هێناویانەوە لە جیاوازیکردن لەنێوان عەرەب و بەربەر لە ئامادەییاندا بۆ بەشارستانیبوون، پشت بە کۆمەڵێ تێبینی رووکەش دەبەستێ کە ئەمڕۆ بایەخیان نەماوە، چونکە هەروەك عەرەب لەناو بەربەریشدا خەڵکی شار و خەڵکی دەشت هەیە، جا لەو رووەوە تەرزی ژیان بەگوێرەی ژینگە دەبێ، ئەوا ئەو دوو تەرزە لە سروشتی زەوییەوە سەرچاوە دەگرن نەك لە نەژادەوە، لە بیابانە پڕ لمەکاندا دەبینین عەرەب و بەربەر خەڵکی دەشتن، لە ناوچە بەپیتەکانیشدا دەبینین هەردووکیان خەڵکی شارن، لەم رووەوە جیاوازی لەنێوان عەرەبی جەزائیر و عەرەبی میسر و سوریا و دورگەی عەرەبیدا نیە.

نازانم کام ئەو دوو کەسە کامیان لە پێشکەوتنی عەقڵیدا لەسەروو ئەویترەوەیە: عەرەبی شاری یان بەربەریی شاری، خۆ ئەگەر پێویست بکات بەلای یەکێکیاندا دابشکێنین بەلای عەرەبەکەیدا دادەشکێنین کە

---

[٦] ئیبن خەلدون کاتێ باسی بەربەر دەکات دەڵێ: ئەم نەوەیە لە ئادەمیزاد دانیشتوانی مەغریبی کۆنن، دەشت و چیاکانیان پڕ کرد لە گرد و گوند و بنار و شارەکانیان، ماڵەکانیان لە بەرد و قوڕ، لە پەلکی دارخورما و درەخت و لە موو و خوری دروست دەکەن، خەڵکی خاوەن دەسەڵاتەکانیان بەشوێن دۆزینەوەوەی لەوەڕگادا کۆچ و باری کورتمەودا دەکەن، تێیدا لە سنووری گوند تێناپەڕن بۆ بیابان و چۆڵەوانیی کرێن، مەڕ و ماڵات و رەشەوڵاخە، ئەسپیش زیاتر بۆ سواربوون و زاوزێیە، رەنگە وشتر لە دەسکەوتەکانی خاوەن مێرگەکانیان بێ وەك عەرەب. بژێویی خەڵکە رەشوڕووتەکە بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵە. بژێویی خەڵکە دەسەڵاتدارە خاوەن مێرگ و کۆچەریەکانیش لەسەر بەرهەمی وشتر و سایەی رم و رووتکردنەوەی رێبوارانە".

خاوەن شارستانێتیەکی باڵایە لە مێژوودا، نەك بۆ بەربەرییەکە کە تەنیا شارستانێتیەکی سەرەتایی بۆ هەڵکەوتووە[٧].

گرنگترین چاکسازی بەلای مسیۆ (لروا بولیو)وە قەدەغەکردنی فرەژنییە، جا بەدرێژی باسی سوودەکانی یەکژنی دەکات و دەڵێ: "رێکخستنی ماڵ بەیەك ژن دەکرێ، لە فرەژنیدا رۆحی خێزان و خۆشیی ماڵ نامێنێ و کۆمەڵگەی عەرەبی پاشەکشە دەکات".

لێرەدا نامەوێ ئەو هۆیانە روون بکەمەوە وای لە رۆژهەڵاتیەکان کردوە فرەژنی پەسەند بکەن، هەروەها باسی ئەوە بکەم فرەژنیی شەرعی لای رۆژهەڵاتیەکان لە فرەژنیی قیزەون لە ئەوروپا باشترە، کە دەبێتە مایەی زیادبوونی منداڵی فرێدراو. با خوێنەر کتێبەکەم (شارستانێتی عەرەب) بخوێنێتەوە تێیدا وەك پێویست روونکردنەوە لەبارەی ئەو مەسەلانە و هیتر دراوە، هەروەها دەبینێ لە رۆژانی دەسەڵاتی عەرەبدا ئافرەتانی چاکەکار و زانا دەرکەوتون، وەك کە لەم سەردەمانەدا لای خۆمان دەردەکەون.

لەم رۆژانەماندا ئەوە سەلماوە دواکەوتنی موسڵمانان لە فرەژنیەوە پەیدا نەبووە، ئایا پێویست دەکات ئەوە یاد بخەمەوە کە هەر عەرەب بوون جیهانی گریکی و رۆمانییان بە ئێمە ناساند، هەروەها زانکۆکانی ئەوروپا —لەوانە زانکۆی پاریس— ماوەی شەش سەدە جگە لە کتێبەکانی عەرەب و پەیرەوکردنی میتۆدەکانیان سەرچاوەیەکیتری زانستییان لەبەردەست نەبووە؟ شارستانێتی عەرەب یەکێکە لەو شارستانێتیانەی مێژوو، کە لەو گەشاوەتری بەخۆوە نەدیوە. نکولی لەوە ناکەین ئەو شارستانێتیەیش وەك زۆر لە دەستەخوشکەکانی مرد، بەڵام پێم وایە ساویلکەییە هەندێ ئەنجام بدەینە پاڵ فرەژنی کە زادەی کۆمەڵێ فاکتەری لەوە گرنگترن.

نازانین هۆی رقی ئەو مامۆستا بەرێزە لە بنەمای فرەژنی چییە، کە ئەو خۆی دەڵێ تەنیا لە خێزانە زەنگینە عەرەبەکاندا هەبووە و تادێ سایەی بەرتەسك دەبێتەوە، ئەگەر گەڕانەوە بۆی دەگمەن بێ ئیتر بۆچی دەویسترێ هەڵبوەشێنرێتەوە و چۆن دەکرێ "لە هۆ گەورەکانی پاشکەوتنی کۆمەڵگەی عەرەبی بێ؟".

مسیۆ (لروا بولیو) پەروەردە لاتینیەکەمان بە باشترین ئامراز دەبینێ بۆ کارکردنە سەر عەرەب، منیش لەسەر ئەم رایە بووم تا گەشت و گەڕان و وردبوونەوە زۆرەکانم وایان لێ کردم ئەو قەناعەتە فڕێ بدەم، ئەگەرچی ئومێدم نیە بتوانم باوەڕی هیچ کەس لە خوێنەرانی کتێبەکەم بگۆڕم، بەڵام لەبەر گرنگیی بابەتەکە پێم باشە رای خۆمی لەبارەوە بڵێم و لە بەشێکی پاشتردا شەرحی دەکەم. لەوێ خوێنەر دەبینێ

[٧] بەربەر لەڕووی ئاکارەوە لە عەرەب نزمترن، لە سەدە کۆنەکانەوە بە فێڵ و تەڵەکەبازی ناوبانگیان دەرکردوە، بێگومان زۆریی ژمارەیان لە سوپاکانی قەرتاجنەدا بووەتە هۆی ئەوەی جەنگەکانی بون بە غەدر ناوبانگ دەربکەن، کاتێ یەکێك لە خەلیفەکانی بەنی ئومەیە لەبارەی بەربەرەوە —کە لەو هەرێمانەدا دەژیان ئەمڕۆ وڵاتی جەزائیریان لێ پێکدێ— پرسیاری لە موسا بن نەسیری فاتحی ئیسپانیا کرد، وەڵامی دایەوە کەس لە فێڵبازی و ناپاکی و بەڵێنشکاندندا پێیان ناگات.

پەروەردەی ئەوروپی لەباتی ئەوەی دۆخی خەڵکی موستەعمەرەکان باش بکات، کڵۆڵیی ئەدەبی و ماددییان زیاتر دەکات.

بۆ ئێمە ئاستەم نیە هۆ دەروونیەکانی کاریگەریی خەمناکی پەروەردەی ئەوروپی لەسەر گەلانی دواکەوتوو، یان لەسەر ئەوانەی بەتەواوی لە گەلانی ئەوروپا جیاوازن، بزانین. ئەم پەروەردەیە کە پاش زنجیرەیەك گۆڕانکاری کە چەندین سەدەیان خایاندوە، لەگەڵ هەست و شعور و پێداویستیەکانی ئێمەدا گونجاون، لەگەڵ هەندێ هەست و شعور و پێداویستیتردا ناگونجێ، کە لەوانە جیاوازن. لە ئاکامە سەرەتاییەکانیشی لەپڕ داڕنینی عەرەب یان هیندی یان هەر ڕۆژهەڵاتییەکە لە پرنسیپە بۆماوەکانی، کە سیستم و بیروباوەڕەکانی، واتە ماکەکانی ژیانی، لەسەریان دامەزراون. ئەگەر خەونی مسیۆ (لروا بولیو) و سەرجەم ئەو نووسەرە ئەوروپیانەی لەگەڵ ئەوەن عەرەب بە پەروەردەیەکی ئەوروپی پەروەردە بکرێ، بێتەدی، ئەوا جەزائیر بۆ ئێمە وەك ڤێنیسیا بۆ نەمسا و ئیرلەندا بۆ ئینگلتەرا و ئیلازاس بۆ ئەڵمانیا، دەبوو.

هەندێ جار مێژوونووسانان لە کتێبەکانیاندا ئاخ و ئۆفیانە بۆ لەدەستدانی هیند، کە (دوبلیکس)ی مەزن لە رابردوودا بەشێکی فەتح کرد، بەلای منەوە هیچ شتێك لەوەدا داخ و پەژارەی ناوێ، ئەگەر لە دەستماندا بمایە بەو شێوەیە دەستمان بەسەردا دەگرت کە دەستمان بەسەر (پوندیشیری) و باقی کۆلۆنیەکاندا گرت، واتە بەو پرنسیپانەی مسیۆ (لورا بولیو) باسی کردن. لەئەنجامی ئەوەیشدا زۆری نەدەبرد پاش چەندین شۆڕشی خوێناوی خۆی رزگار دەکرد لێمان.

لە هیندی چینیش[8] هاوشێوەی ئەو هەڵانەمان کرد، کە وادەکات حوکممان لە هەموو شوێنێك تێکدەر بێ و کەس بەرگەی نەگرێ. ئێمە کۆمەڵێ راسپێراوی سیاسی دەنێرین بۆ لای ڕۆژهەڵاتیەکان، کە جڵەوی کاروباریان کەوتۆتە دەست ئێمە، تا کاروبارەکانیان لەڕێی لەشکرێك لە فەرمانبەرانی فەرەنسیەوە بەڕێوە ببەن، کە هیچ لە دابونەریت و سروشتی ڕۆژهەڵاتیەکان تێناگەن. لەگەڵ ئەوەی وەك مسیۆ (هارمان) دەڵێ پێویستە ئەو کۆلۆنییە گەورەیە ساڵانە دووسەد ملیۆن فرەنك داهاتی بۆ فەرەنسا هەبێ، بەڵام ئێمە هێشتا لە ناردنی پارە و پیاوی زیاتر بۆ ئەوێ بەردەوامین، هیچمان دەست ناکەوێ جگە لە هەڵگیرساندنی ئاگری رق لەدژمان و لەدەستدانی هەموو هەژموونێك، هاوکات هێنانی بەڵگەیەکیتر لەسەر دەستەپاچەییمان لەئاست پەیبردن بە پێویستیەکانی گەلانی بێگانە و هەست و هزریان و لەوێشەوە حوکمکردنیان.

کەواتە مەترسیی گەورە لە سووربوونماندایە لەسەر ئیلزامکردنی خەڵکی کۆلۆنیەکان بە کۆمەڵێ سیستم و پرنسیپ و پێویستی کە تایبەتن بە نەتەوەیتری جیاواز لەوان. پاشان ئەو کۆششانە بێسوودن، چونکە بۆیاخکردن بە پەروەردەی ئەوروپی شتێکی ئەوتۆ لە جەوهەری دانیشتوانی موستەعمەرەکان ناگۆڕێ،

---

[8] دکتۆر (کولین) چەند وتارێکی بڵاوکردەوە کە تێیاندا لە وڵاتی سەنیگال و سودانی کۆڵیوەتەوە، هاوکات ئاماژەی بە ئەنجامەکانی سووربوونمان لەسەر ئیلزامکردنی سەرجەم گەلان بە سیستمەکانمان داوە، دەڵێ: "ئێمە بە هێرشی پێشوەختمان بۆ سەر سیستمی کۆمەڵگەی زنجی، جەنگێکی وێرانکەر ئەنجام دەدەین، تێیدا موسڵمانانی زنجی و بتپەرستانیان لەگەڵمان دەجەنگن".

کەمێك لەگەڵ ئەدیبانی هیند بدوێن کە لە قوتابخانە ئینگلیزی هیندیەکان دەرچوون، تا ببین –سەرباری زانیاریەکانیان کە هاوتای زانیاریەکانی دەرچووانی قوتابخانە باڵا و ناوەندیەکانی ئەوروپایە– بۆشایی نێوان ئێمە و ئەوان چەندە. بەربەرەکان چەندین سەدەیان پێویست بوو تا لەسەر داروپەردوی جیهانی رۆمانی شارستانێتی و زمان و هونەرێکی گونجاو لەگەڵ پێویستیەکانیان دابمەزرێنن. مەبەستم ئەوەیە تەنیا زەمەنە دەتوانێ کودەتا گەورەکان تەواو بکات.

مێژوو دەریدەخات دوو شارستانێتی جیاواز لەئەنجامی نزیکی (مصاقبة)دا تێکەڵ نابن، نەتەوە داگیرکەرەکان کە توانیویانە کار لە نەتەوەکانیتر بکەن، لە هەست و هزر و سیستم و بیروباوەڕەکانیدا زۆر لەوانە جیاواز نین. نهێنیی کاریگەریی گەورەی عەرەب لەسەر رۆژهەڵات لە سەردەمی دەوڵەتەکەیان و کاریگەریی ئێستایان لە ئەفریقیا و هیند و چیندا لەمەدایە، عەرەب توانیان وا لەو نەتەوانەی تێکەڵیان بوون بکەن باوەڕ بە ماکەکانی شارستانێتیەکەیان، واتە ئاین و زمان و هونەریان، بێنن. پێدەچێ شارستانێتی عەرەبی چووبێتە هەرجێیەك ریشەی تێدا داکوتاوە، ئاینە کۆنەکانی هیند لەبەردەمیدا پاشەکشەیان کرد، توانی میسری فیرعەونەکان کە فارس و گریك و رۆمان کاریان تێنەکرد، لە هەموو روویەکەوە بکاتە وڵاتێکی عەرەبی، ئەمڕۆ لە هیند پەنجا ملیۆن و لە چین بیست ملیۆن موسڵمان دەبینین و ژمارەکەیش هەموو رۆژ لە زیادبووندایە، لەکاتێکدا گرووپە مزگێنیدەرە ئەوروپیەکان لە ئەفریقیا تووشی شکستی گەورە دەبن، دەبینی ئیسلام بەتەواوی فەتحی دەکات، گەشتیاری ئەوروپی کە بەزەحمەت دەگاتە ناوەڕاستی ئەفریقیا کاروانەکانی عەرەب لەپشتیەوە دەبینێ ئاین و زمانەکەیان بڵاو دەکەنەوە.

لەوانەیە ئەوروپیەکان داگیرکەری کارامە بن، بەڵام ئەو نەتەوەیەی دوای رۆمان توانی گەلانیتر بەشارستانی بکات نەتەوەی عەرەب بوو. لەڕاستیدا تەنیا عەرەب توانیان گەلانیتر وا لێبکەن باوەڕ بە رەگەزەکانی شارستانێتی نەتەوەیەکی نامۆ بەخۆیان، واتە ئاین و سیستم و هونەرەکانی، بێنن.

لەوانەیە بۆ ئەوروپیەکان ئاسان بێ حوکمی گەلێکی دوواکەوتوو بکەن وەك ئەوەی ئەو کارە بۆ ئینگلیز لە هیند ئاسانە، بەڵام بەخەیاڵیاندا نایەت میزاجی دەروونییان بگۆڕن، جیاوازیی نێوان هەست و پێداویستیەکانی ئێمە لەگەڵ هەست و پێداویستیەکانی رۆژهەڵاتیەکان زۆر جیاوازە، لەبەرئەوە لەپڕ تەختکردنی ئاستەمە. شارستانێتیەکەمان کە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئێمە گونجاوە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەوان گونجاو نیە، ئەوان نە بە ژیانی بێگیانمان، نە بە خەمە هەمیشەییەکانمان، نە بە شۆڕشە زۆر و زەبەندەکانمان، نە بە پێویستییە دروستکراوەکانمان و پێویستیی کارکردنی بەردەوام بۆ دابینکردنیان، نە بەژیانی کرێکارەکانمان کە لە کارێکی قورسدا کۆت کراون و لە ئازادی جگە لە ناوەکەی هیچیتر نازانن، سەرسام نابن.

ئەوەی لەکاتی گەشتەکانمدا سەرنجی راکێشام ئەوە بوو بینیم خوێندەوارانی رۆژهەڵات کاتێ سەردانی ئەوروپا دەکەن کەمترین سەرسامییان هەیە بە شارستانێتیەکەمان، بینیم هەموو پێیان وایە مرۆڤی رۆژهەڵاتی لە ئەوروپی بەختەوەرتر و شەرەفمەندتر و رەوشتجوانتر دەبێ مادام دوور بێ لێی، تاکە ئاکامی کاریگەریی شارستانێتیەکەمان لەسەر رۆژهەڵاتیەکان ئەوەیە تێکیان دەدات و بێچارەیان دەکات.

بەدرێژی لەسەر روونکردنەوەی ئەو راستیانەی پێشتر خستنمە روو ناوەستم، چونکە لەم بەشەدا تەنیا دەتوانم هەندێ ئەفکار کورت بکەمەوە کە وردەکاریەکەیان پێویستی بە کتێبێکی گەورەیە، خوازیارم مسیۆ (لروا بولیو) بەوردی لە بابەتەکە ورد بێتەوە و لەگەڵ ئێمە دان بەوەدا بنێ کە ناچارکردنی گەلێکی دوواکەوتوو بۆ بەفەرەنسیبوون لەرێی پەروەردەکەمانەوە، لە زانایەکی وەك ئەو ناوەشێتەوە بەرگری لێ بکات، با ئەم جۆرە بنەمایە بۆ سۆشیالیستە ئاژاوەچییەکان بەجێ بێڵین، نابێ لەم سەردەمەدا هیچ بیرمەندێك ئەوە نەزانێ کە سیستمەکانی گەلێك پەیوەندیەکی زەرورییان بەیەکەوە هەیە، هەروەها ئەو گەلە ناتوانێ بەویستی خۆی هەڵیانبژێرێ، بەڵکو دەبێ لەپێناویاندا زەحمەت بکێشێ، هەروەها کارێکی بێمانایە بەشوێن ئەو شارستانێتیەدا بگەرێ کە لەرووی تیۆریەوە باشترین شارستانێتییە گەلێك هەڵیبژێرێ، بەڵکو پێویستە بەشوێن ئەو شارستانێتیەدا بگەرێ کە لەگەڵ میزاجی ئەو گەلەدا دەگونجێ.

ماوەی بیست ساڵە بێ پسانەوە ئەو راستییانە دووبارە دەکەمەوە، خەریکە دەبێتە زانیاریەك ئەگەرچی ئەوەیش بەشێنەیی بووە، باڵیۆز (گول هارمان) –کە لەو کەسە جێمتمانانەیە لە کاروباری رۆژهەڵات ئاگەدارە– لە کتێبێکی گرنگدا بەناونیشانی "دەستبەسەرداگرتن و کۆلۆنیالیزم" دەڵێ:

"لە هەڵە گەورە شوومەکان بۆ وڵاتگر (الفاتح) و رەعیەتەکەی ئەوەیە دان بە بوونی گەل و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و کاریگەریی بارودۆخدا نەنێ، هەروەها بە بوونی گەلانی دوواکەوتوو و بەوەی چەندە جیاوازی لەنێوان هەردوولادا گەورە بێ لێك نزیککردنەوەیان بە یاسای هاوبەش و یەك کەلتوور ئاستەمە. پێویستە ئەو رێسایانە رێپیشاندەر بن بۆ ئەوروپیەکان لە فراوانبوونە کۆلۆنیالییەکەیان و دەستگرتنیان بەسەر ئەو نەتەوانەی لەوان جیاوازن، ئەگەر کۆلۆنیالیستەکان پەیرەوییان کرد و لە سیاسەتی تواندنەوە و نواندن دوور کەوتنەوە، رێزی میزاجی دەروونیی گەلان و سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان گرت کە زادەی پێویستییە ماددی و مەعنەویەکانن، بەخێرێکی زۆر بەسەر خۆیان و رەعیەتەکانیاندا دەشکێتەوە.

هێشتا سیاسیەکانمان لەو بیرکردنەوانە دوورن، پیاوانی ئیدارەکەمان لەو وڵاتە دوواکەوتووانەی حوکمیان دەکەن کول نابن لە وەرگێرانی "جارنامەی مافەکانی مرۆڤ" و بڵاوکردنەوەی لەناویاندا تا وا لە رۆڵەکانی ئەو وڵاتانە بکەن قەدری نیعمەتی سیستمەکانمان بزانن، بەم نەفسیەتە منداڵانەیەوە دەیسەلمێنین لە ماددەی کۆلۆنیالیزمدا کۆڵەوارین.

جگە لە سیاسەتی تواندنەوەی زۆرەملێ کە دەیگرینە بەر، هەندێ ڕێگەی تاکڕەوانەی توند هەن کە لە کۆلۆنییە دوورەکاندا پەنایان بۆ دەبەین، بەو ڕێگایانە وادەکەین ئەوروپیەکان بەرگە نەگرن تێیدا بمێننەوە، تێیاندا بچوکترین فەرمانبەرمان خۆی بە حاکمێکی ڕەها دەزانێ و وا ڕەفتار دەکات وەك ئەوەی لە پاشا تاکڕەوەکانی ئاسیا بێ.

بڕوانە ئەوەی لە نامەیەکدا هاتووە کە گەشتیارێك لە (کویان) بۆ ڕۆژنامەی (ماتن)ی ناردوە و ئەویش لە ژمارەی ڕۆژی ٢٩ی ئاداری ساڵی ١٩١٠ بڵاوی کردەوە:

"گەورە فەرمانبەرانمان کە لە فەرەنساوە ڕەوانە دەکرێن زۆر نابات تووشی هەوەسی تاکڕەویی ڕەها دەبن، فەرمانی هەڵەشە دەردەکەن و بەئارەزووی خۆیان خەڵك دەستگیر و زیندان دەکەن و لە وڵات دەریاندەکەن، بەوە دانیشتوان دەتۆقێنن و بەرەو بێزاری و کاردانەوەیان دەبەن، هەرکاتیش جامەکە پڕ بوو حکومەتی فەرەنسا ئەو فەرمانبەرانە بانگ دەکاتەوە تا لە شوێنیتر پۆستیان بداتێ.

هەرچی خەڵکە کۆلۆنیکراوەکەیە هیچ شتێك دڵنیایی بۆ مسۆگەر بکات، چونکە لە کاروبارە بازرگانیەکانیدا مامەڵەیەکی زۆردارانەی لەگەڵ دەکرێ، حاکمەکان لەڕێی لێکدانەوەی گۆڕاو بۆ تاریفەی گومرگی لەپێناو پۆڵسدا بوترس دەفەوتێنن، لەوێ ئەنجامدانی هیچ پرۆژەیەك گەرەنتی نیە، ئەگەر زەویەکتان کڕی تا بیچێنن بە لوزەری هیندی و بەڵێنتان پێدرا لەبەرانبەر هەر ئەندازەیەك بەرهەمی دێنن هەشتا سەنتیم پاداشتتان بدرێتێ، پاشان کە پرۆژەکەتان تەواو کرد و هاتن داوای پاداشتەکەتان بکەن دەبینن ڕێژەی پاداشتەکە بۆ سی سەنتیم دابەزیوە، کە وەختی پارەدانەکەیش دێ پێت دەوترێ بودجە لە بارێکدا نیە بتوانێ ئەو بەڵێنەی پێتان دراوە جێبەجێ بکرێ، هەروەها ئیدارە لە فەرەنسا بەشوێنتاندا نەگەڕاوە، ئیتر بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟".

لە بەشێکی رابردوودا –کاتێ هەندێ دەستەواژەم لە بڵاوکراوەیەکی حاکمی (شاطيء العاج)ی ئێستا گواستەوە– هەمەجیەتی شێوازە کۆلۆنیالیەکانمان و ڕادەی ڕق خستنە دڵی دانیشتوانم ڕوون کردەوە، ڕۆژنامەی (ئەفریقان مەیل)ی ئینگلیزی لەوەدا پێکاویەتی کە دەڵێ ئەو دانیشتوانەی دەمانەوێ بەزۆر نیعمەتەکانی شارستانێتیەکەمانی بەسەردا بسەپێنین ڕۆژێك هەر یاخی دەبن. لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە:

"ئەو شەڕانەی ساڵانێکە لە (شاطيء العاج) ڕوویان داوە دۆخێکیان لێ کەوتۆتەوە کە لە مێژووی ئەفریقیای ڕۆژئاوای نوێدا هاوشێوەی نیە، لەوانەیە لەوەی ئێستا لە (شاطيء العاج) ڕوودەدات زۆر پەند وەربگرین، گرنگترینیان بێعەقڵی سەپاندنی باجە بەسەر هۆزەکانی دارستانەکاندا کە فەتحی ئەوروپی هیچ سوودی پێ نەگەیاندوون، سیاسەتی ماڵی لەم شێوەیە بەهەندێ شێوازی زاڵمانە نەبێ جێبەجێ ناکرێ، وەك سوتاندنی گوندەکان و ڕۆچوون لە داگیرکردن و کوشتن و هەموو کارێکی ئابڕووبەرانە.

ئێمە بەلامانەوە سەیر نیە خەڵکی موستەعمەرەکان ئامادەییان تێدا بێ بۆ قوربانیدان بە هەموو شتێکی بەنرخیان تا کۆتی دزێوی بێگانە لە گەردنی خۆیان دابماڵن کاتێ دەبینن پیاوانی شارستانیی ئیدارە کەللەسەری سەرۆکەکانیان لەسەر رمەکانیان نمایش دەکەن، هەروەها بەروبومە کشتوکاڵیەکانیان دەخەنە رەهن تا ئەو باجانەیان پێ بدەن کە بەسەریاندا سەپێنراون".

ئێمە وەك هەوڵێك بۆ رەواندنەوەی ئەو خەمەی لەئەنجامی شکستمان لە داگیرکردندا بەسەرمان زاڵ بووە دەڵێین ئەڵمانەکان لەوەدا لە ئێمە باشتر نین، بەلجیکیش وەك ئێمە چەند رێگەیەکی ستەمکارانەی لە داگیرکردندا گرتۆتەبەر، بەڵام باش لێزانینی لە کارەکان وای لێکرد سامانێکی زۆر لە کۆلۆنیی کۆنگۆ بکێشێتەوە، هەروەها لەبەرئەوەی دوورە لەو لافلێدانە درۆزنەی ئێمە کە گوایە ئێمە چاکە لەگەڵ مرۆڤایەتی دەکەین ئەو چاکە لەگەڵ خۆی دەکات، چاکەکردنی گەلیش لەگەڵ خۆی نەك لەگەڵ غەیری خۆی باشترین رێچکەیە لە ماددەی کۆلۆنیالیزمدا.

## بەشی دووەم

## ئە نجامی پیادەکردنی پەروەردەی ئەوروپی لەسەر گەلانی دواکەوتوو

لە بەشی رابردوودا لە پرنسیپە کۆلۆنیالیەکانمان کۆلێنەوە، ئێستا لە لایەکی دیاریکراوەوە تەماشای مەسەلەکە دەکەین و لە کاریگەریی شارستانێتی ئەوروپی و سیستم و پەروەردەکەمان لەسەر خەلکی کۆلۆنیەکان دەکۆلێنەوە.

ئەم مەسەلەیە بابەتی گفتوگۆی توند بوو لە فەرەنسا، هەموانیش ئەو رێگە شوومە دەزانن کە رای گشتی و دەسەلاتدارانی دەولەت دەیگرنەبەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆی. لەوەدا تەنیا گرنگیمان بە ناچارکردنی عەرەبی جەزائیر و دانیشتوانی هیندی چینی زەرد و زنجیەکانی مارتینیك دا بە بوونە فەرەنسی و زۆرکردن لە خەلکی ئەو کۆلۆنییانە بۆ وەرگرتنی دابونەریت و یاساکانی ئێمە، تا لە هەموو روویەکەوە ببنە ولاتێکی فەرەنسی.

بەلام فەرەنسا تاکە نەتەوە نیە گرنگی بە دیراسەکردنی ئەو کێشەیە داوە، بەلکو بابەتێکی نێونەتەوەییە و هێشتا مێشکی سەرجەم نەتەوەکان کە کۆلۆنییان هەیە، واتە سەرجەم ئەوروپا، سەرقالْ دەکات.

خەلکێکی زۆر لە فەرەنسا روویان لەو بنەمایانە نەکرد کە خەباتیان لەپێناودا دەکەم، نووسەر بۆ ئەوەی لەسەر بەرگری لێکردنیان دامەزراو بیْ پێویستە خاوەن باوەرێك بیْ کە لە چەندین گەشتەوە سەرچاوەی گرتبیْ و پیشانیان دابیْ پیادەکردنی ئەو بنەمایانە خۆشگوزەرانیەکی بەردەوامی بە کۆلۆنییە ئینگلیزی و هۆلەندیەکان بەخشیوە. جا لەبەرئەوەی ئێمە بە میتۆدی تەواو جیاواز لەوانە حوکمی کۆلۆنیەکانمان دەکەین کەم بەرەکەت بوون، وەك کە ئامارەکانی نوێنەرانیان و سکالاکانیان و ئەو ئەرکانەی باری سەرشانی بوجەکەمان قورس دەکەن، پیشانی دەدەن.

ئێستا لە پەروەردە دەکۆلمەوە، لەبەرئەوەی گرنگترین فاکتەری شارستانێتییە:

ئەنجامەکانی پەیرەوکردنی پەروەردەی ئەوروپی لەسەر خەلکی کۆلۆنیەکان قایلکەر نابن تا رەنگدانەوەی کۆمەلیْ ئەزموون نەبن کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە زۆر نەتەوەدا بەدەست هاتبن، ئەگەر لە ئێستاوە ئەو ئەزموونانە باس بکەم کە لە کۆلۆنییە تایبەتەکانمان ئەنجاممان دان وەك بۆ نموونە لە جەزائیر، ئەوە بەرپەرچ دەدرێمەوە بەوەی تەنیا لەسەر هەندیْ ولاتی کەم پەیرەو کراوە.

لەبەرئەوە پێویستە لە هەلبژاردنمان بۆ بابەتی پەروەردە لە کۆلۆنیەکانماندا پشت بەو تاقیکردنەوانە ببەستین کە لە کۆلۆنیترەوە بەدەست هاتوون، یەکەم جار قسە لەسەر ئەزموونەکانی پەروەردەی ئەوروپی کە ئینگلیز لە هیند کردویانە، دەکەین.

ئەزموونەکانی ئینگلیز لە هیند بەسەر ٢٥٠ ملیۆن مرۆڤدا پیادە کراون، ماوی حەفتا سالە هێشتا کاریان پیْ دەکریْ. پەروەردەی ئینگلیزی لە هیند سالی ١٨٣٥ بەکاریگەریی لۆرد (ماکۆلی) دەستی پێکرد، کە ئەوکات

یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتیی حکومەت لە کلکەتا. کاتێ ئەو بەرپرسە سیاسییە بینی کتێب و زانستەکانی هیند لەچاو تەورات و دانراوە ئینگلیزیەکاندا بێنرخن بەپێویستی بینی لە پرۆگرامەکانی خوێندن دوور بخرێنەوە، بەهۆی نفوزی ئەوەوە حکومەتی لۆرد (بنتنك) بڕیاریدا ئیتر لە قوتابخانە ئینگلیزیەکانی هیند تەنیا ئەدەبیات و زانستە ئەورووپیەکان بخوێنرێن.

ئەزموونەکە لەو کاتەوە بەردەوامە، ئێستا هیند چوار زانکۆی ئەورووپی، ١٣٠ هەزار قوتابخانە و سێ ملیۆن قوتابی هەیە، کە پتر لە پەنجا ملیۆنیان تێدا خەرج دەکرێ، دوو لەسەر سێی ئەو بودجەیە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکانە، باقیەکەی بۆ خوێندنی ئامادەیی و زانکۆکانە.

کەس لاری لەوەدا نیە ئەو دامەزراوانە سوودی خۆیان هەیە ئەگەر لەو ڕووەوە تەماشایان بکرێ کە لەگەڵ بەرژەوەندیی هەنووکەییدا گونجاون، واتە هەزاران فەرمانبەری بچوك پێدەگەیەنن تا لەبەرانبەر مووچەیەکی زۆر کەم لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەدا یارمەتیی ئینگلیز بدەن، ئەگینا ئینگلیز ناچار دەبوو فەرمانبەر لە ئەورووپاوە بێنێ بۆ جێگرتنەوەی هیندیەکان بەمووچەیەك کە بیست قاتی مووچەی ئەوانەیە.

بەڵام ئەی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە چی دەبێ: ئایا ئەو کەسانەی پەروەردەی ئینگلیزییان وەرگرتوە دۆست یان دوژمنی ئەو دەوڵەتە دەبن کە ئەو پەروەردەیەی پێ بەخشیون؟ پاشان ئایا پەروەردە ئەورووپیەکە ئاستی زیرەکییان بەرز دەکاتەوە و هێزی تێگەیشتنیان برەو پێدەدات؟

وەڵامی تیۆریی ئەم دوو پرسیارەپێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر نیە، کە بەم شێوەیە دەبێ: ئەی مەگەر فێرکردن بە تریاکێکی گشتی دانەنراوە؟ جا ئەگەر فێرکردن لە ئەورووپا سوودی گشتی هەبێ ئەوا لە وڵاتی هیندی خاوەن شارستانێتی پێشکەوتووی کۆن لەپێشترە سوودی مەزنی هەبێ. بەڵام ئەزموون (تەجروبە) ئەنجامی پێچەوانەی ئەوەی لێ کەوتۆتەوە کە تیۆر دەیڵێ، چونکە پەروەردەی ئەورووپی تێکچوونێکی لای هیندۆس دروست کرد و قابیلیەتی تێگەیشتنی لێ سەندنەوە و ئاستی ئەخلاقییانی دابەزاند.

لایەنگرانی پەروەردەی ئەورووپی ناتوانن ئینکاری ئەوە بکەن، بۆچوونەکانیان لە بابەتەکەدا بەم چەند ڕستەیەدا کورت دەکرێنەوە کە لە کتێبێکی مامۆستای پێشووی زمانی پیرۆزی بەرهەمیەکان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد مستەر (مۆنیرۆ ولیەم) دەیانگوزامەوە، کە ئەویش وەك من سەرتاسەری هیند گەڕاوە:

"دان بەوەدا دەنێم ئەنجامی پەروەردەکەمانم بەدڵ نەبوو، خەڵکانێکی زۆری نیمچە نەزان و کەم ڕۆشنبیریم دی، یان بڵێ ئەخلاق لاواز و ناهاوسەنگ لە میزاجی عەقڵییان، پیاوانی لەم جۆرە لەوانەیە زۆر شت لە کتێبەوە فێر بن، بەڵام بیرکردنەوەیان هیچ ئاماژەیەکی دامەزراوی و عەزیمەتی ڕاستگۆیانە ناگەیەنێ، کاتێ تەماشایان دەکەیت تەنیا وڕێنە و چەنەچەن دەزانن و فڕیان بە کۆششی بەردەوامەوە نیە، دوور لە هەر پرنسیپێك دەجوڵێنەوە و پێچەوانەی ئەوەن کە دەیڵێن و دەینووسن.

زمان و ئاداب و ئاین و حیکمەت و دابونەریتی ریشەداکوتاوی سەدانساڵەی قەومەکەیان واز لێ دێنن بەبێ ئەوەی کەڵك لە زانستەکانی ئێمە و ڕێبازەکەمان لە گومان و ئاینەکەمان وەربگرن.

ئێمە دوای کۆششێکی زۆر ئەوە پێدەگەیەنین کە پێی دەوترێ ڕۆڵەی خوێندەواری کۆلۆنیەکان، بەڵام ئەو ڕۆڵەیە زۆر نابات لێمان هەڵدەگەڕێتەوە، لەباتی ئەوەی سوپاسمان بکات لەبەر ئەو کۆششانەی بۆ پێگەیاندنی کردومانە تۆڵەی خۆیمان لێدەکاتەوە لەسەر ئەوەی بەرەنگاریی سروشتی بووینەتەوە".

دەکرێ لە تەرزی قسەکردنیەوە لە ناتەواویی ڕۆڵەی خوێندەواری کۆلۆنیەکان تێبگەیت. ئەو کاتێ کەسێکی ئەوروپی بۆ یەکەم جار دەبینێ بەئەدەبەوە لێی دەپرسێ ئاخۆ شکسپیری لە (پومسون دوترای) پێ باشترە و ئایا پاشای ئینگلتەرە لە لەندەن پڵنگ ڕاو دەکات و چەند ژنی هەیە؟

ئەو دەقاودەقنەبوونەی لە هزری ڕۆڵەی خوێندەواری کۆلۆنیەکاندا هەیە تێڕوانینیش دەگرێتەوە، لە خەیاڵی ئەودا (فیشنو) و (سیف) و (جۆپیتێر) و تەورات و شازادەی جێنشینی ئینگلتەرە و پاڵەوانەکانی یۆنان و ڕۆمان و کۆمارە کۆنەکان و شانشینە تازەکان وەك سەمای ترسناکی سراباند دێن و دەچن، هیچ دواناکەوێ لەوەی شای ئینگلتەرە و جێنشینەکەی و سەرۆك وەزیرانەکەی وەك سیانینەیەکی هاوشێوەی سیانینەی براهما و فیشنۆ و سیفا دابنێ، دواناکەوێ لەوەی ئەو سیانینەیە بەو مانایانە لەمەدا دەیانبینێ و بنەما بۆماوەکانی لە مێشکیاندا چەسپاندوە تەفسیر بکات، کە سەرباری ئەو پەروەردە ئینگلیزیەی بەدەستی هێناوە هەموو کات بۆ ئەو بنەمایانە دەگەڕێتەوە.

دوابن برگەی قسەکەی (مۆنیرۆ ویلیەم) بۆ ئەوە دەست دەدات وەڵامێك بێ بۆ ئەم پرسیارە: ئایا پەروەردەی ئەوروپی ئەو ڕۆڵانەی کۆلۆنیەکان کە پێیان دەگەیەنێ دەکاتە دۆست یان دوژمنی ئەو نەتەوەیەی پەروەردەکەی پێ بەخشیوە؟

لە هیند یەك فەرمانبەری ئینگلیز نیە باوەڕی وانەبێ سەرجەم ئەو هیندیانەی لە قوتابخانە ئینگلیزیەکان دەرچوون دوژمنی باوەکوشتەی دەسەڵاتی ئینگلیزن، بەڵام ئەوانەی لە قوتابخانە هیندیەکان خوێندویانە هیچ دوژمنایەتیەکی ناکەن، چونکە ئەوانە قەدری ئەو ئاشتییە دەزانن کە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە دەستیان کەوتوە و بارەکەی سووکتر دادەنێن لە زوڵمی مەغۆل کە لەژێر باریدا دەیانناڵاند.

ئەوەی دەیەوێ ڕای ئەو هیندۆسانەی لەسەر شێوازی ئەوروپی دەرچوون بزانێ با ڕۆژنامەکانیان بخوێنێتەوە، کە تێیاندا هێرشی توندتر لە هێرشەکانی فەوزەویەکان دەکەنە سەر حکومەتی ئینگلیز.

ئەوەی گرنگە بزانرێ ئەوەیە ئەو هیندۆسانەی بە ئارامگری بەناوبانگن زۆر نابات دەبنە توندوتیژی دڕندە کاتێ هەندێ پەروەردەی ئینگلیزی وەردەگرن، ئەگەر ئینگلتەرە لەبەردەم ئەو هێرشانەدا هێشتا پارێزگاری لە نفوزی خۆی کردوە، لەبەرئەوەیە ئەوانە دەنگدانەوەیان لەناو خەڵکدا –کە زۆربەیان نەخوێندەوارن– نابیسترێ.

دروشمی ئەو هیندۆسانەی ئینگلیز فێری کردون ئەوەیە "هیند بۆ هیندیەکانە"، ئەوەیش لە وڵاتێکی وەك هینددا کە ژمارەیەکی زۆر گەلی تێدایە و بە دووسەد زمان قسە دەکەن و هیچ یەکێتیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدا نیە جگە لە یەکێتیی خێڵ و گوند، هیچ مانایەکی نیە، بەڵام ئەگەر چینی خوێندەواران لە هیند لەم کاتەدا لەبەر کەمیی ژمارەیان مەترسییان کەمە، ئەوا کاتێ زۆر دەبن دەبنە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی بەریتانی.

ئەو شتانەی باسمان کردن بەسن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە: ئایا پەروەردەی ئەورووپی ئاستی عەقڵیی هیندۆسی بەرز کردۆتەوە؟ ئایا دەیکاتە دۆستی ئەو نەتەوەیەی پەروەردەی کردوە؟. ئێستا ماوەتەوە ئەوە روون بکەینەوە: ئایا پەروەردەی ئەورووپی برەو بە میزاجی ئەخلاقیی هیندۆس دەدات؟ پەروەردەی ئەورووپی لەبری ئەوەی ئاستی ئەخلاقیی هیندۆس بەرز بکاتەوە بەشێوەیەك نزمی دەکاتەوە هەرکەس لەگەڵیان بژی دەرکی پێدەکات، کەسە چاك و پاکەکانیان دەگۆڕێ بۆ خەڵکانێکی پیس و چاوچنۆك و بیێ ویژدان و بێبەزەیی لەگەڵ رۆڵەکانی وڵاتەکەیان و کزۆڵ و ماستاوچی لەبەردەم گەورەکانیاندا. بزانە ئەو مامۆستایەی پێشتر قسەکانیم گواستەوە چی دەڵێ:

"نکوڵی لەوە ناکەین ئەورووپیەکان ناتەواییان هەیە وەك چۆن باشەیشیان هەیە، ئەو هیندیەی بەکەمی نەبێ باشیەکانمان وەرناگرێ زۆر ئامادەیە عەیبەکانمان وەربگرێ، زۆر ئەفسەر کە ئەزموون قاڵی کردوون و فراوانبوونی پلەبەپلەی مولکمانیان لە هیند دیوە، بۆیان گێڕاومەتەوە کە لەناو رۆڵەکانی ئەو وڵاتانەی فەتح کراون هیچ گزی و دەگەلێدان و حەزی سکاڵاکردن و بوختان و چروکی و باقی خراپەکانیتریان تێدا نەدیون وەك کاتێ پاش تێکەڵبوونیان بە ئێمە تێیاندا دەیبینن".

بەسەرنجدان لەو فەرمانبەرە هیندۆسانەی لە قوتابخانە ئینگلیزیەکان دەرچوون ئەو دابەزینە ئەخلاقییە بەجوانی دەردەکەوێ، کاتێ ئیدارەی ئینگلیزی بەو راستیەیانی زانی ناچار بوو بۆ خۆپاراستن لە دەستپیسییان، لە هێڵەکانی شەمەندەفەر و فەرمانگەکانی پۆستەدا چەندین رێوشوێنی خۆپارێزی ورد بگرێتە بەر.

بۆچی ئەو ناتەواوییە ئەخلاقییە تەنیا لای ئەو هیندییانە دەبینرێ کە بەشێوەی ئەورووپی دەرچوون؟ لەبەرئەوەی پەروەردەکەمان کە لەگەڵ میزاجی دەروونیی هیندیەکان ناگونجێ دەبێتە هۆی سستکردنی ئەو ئەنجامانەی کارتێکەرە بۆماوەییەکان تێیاندا پێویستیان کردوە و لەقکردنی بیروباوەڕە کۆنەکانیان کە بزوێنەری جموجوڵ و هەڵسوکەوتیانە و گۆڕینی بەکۆمەڵێ تیۆری رووت، پاشان پێداویستیەکانیان زیاد دەکات بەبێ ئەوەی ئامرازی دابینکردنیان بۆ فەراهەم بکات، جا کاتێ لەبەر ئەم هۆیە شوێنێك لە کۆمەڵگەدا نادۆزنەوە دەبنە دوژمنی ئەوانەی ئەو پەروەردەیەیان پێ بەخشیون.

ئەوە فێرکردن خۆی نیە ئەو ئەنجامانە دەخاتەوە، بەڵکو فێرکردنێکە لەگەڵ میزاجی دەروونیی نەتەوەکەدا ناکۆکە، ئەوەیش بە بەراوردکردن لەنێوان ئەنجامەکانی پەروەردەی ئەورووپی و ئەنجامەکانی پەروەردەی هیندیدا کە بەتێپەڕینی سەدەکان جێگیر بووە، دەزانین. ئەو هیندۆسانەی لەسەر ڕێگە هیندییەکە دەرچوون کەسانێکی بەنەزاکەت و ڕێزدارن و شیاوی ئەوەن بەشداری لە ئەنجومەنە زانستیەکانی ئەورووپادا بکەن، بەئاکار و بەویقارن، تەواو پێچەوانەی ئەو بێئابڕوویی و نزمیەی بەو هیندۆسانەوە دەبینرێ کە لە قوتابخانە ئینگلیزیەکان دەرچوون.

رق و کینەی ئەوانەی لە قوتابخانە ئەورووپیەکان خوێندویانە لە گەورەکانیان تەنیا تایبەت نیە بە هیند، لە هیندی چینیش ئەو جۆرە هەڵانەمان کردن و ئەنجامی هاوشێوەمان چنیەوە. ئەمەیش بەم گوتەیە دەسەلمێنم کە لە راپۆرتێکی حاکمی هیندی چینی مسیۆ (کلوبوکوسکی) دەگوێزمەوە و لە رۆژنامەی (جۆرناڵ) ژمارەی رۆژی ٢٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٩دا بڵاو کراوەتەوە. مسیۆ (کلوبوکوسکی) دوای ئەوەی رادەی رقی ئەنامییەکان لە ئێمە باس دەکات دەڵێ:

"خوێندەوارانی خاوەن پرنسیپی پەرگیر لە چوارچێوەی دەمەتەقێ و گفتوگۆکانیاندا گوندنشینان لە حکومەتی فەرەنسی و بەرپرسە لۆکاڵیەکان کە لە کارەکانماندا یارمەتیمان دەدەن، هەڵدەنێن، لەپاڵ ئەوانەدا چینێك لە خاوەن بڕوانامە باڵاکان دەبینین دوورخستنەوەیان لە وەزیفە تووڕەی کردون و کەوتونەتە هاندانی خەڵك لەدژمان و خۆ بە نەعرەی تائیفیدا هەڵدەواسن، لەنێو ئەوانەدا هەندێ لاوی نیمچە نەزان و ئارەزووباز هەن کە بەقسەی خۆیان چاویان لەوەیە بۆ ئاستی ژاپۆن بەرز ببنەوە !".

ئەزموون نرخی پرنسیپە لاتینیەکامانی لە تواندنەوە (ادغام)دا پیشانی مسیۆ (کلوبوکوسکی)دا و بەحەسرەتەوە دەڵێ: "ئەگەر بۆ نموونە یەکێك لە مۆڵگە ئەنامیەکان کە بناغەی سیستمی کۆمەڵایەتی ئەنامییەکانە، وەربگرین، دەبینین دەستوەردانی راستەوخۆمان لە کاروباریان دەبێتە هۆی دروستکردنی بەلبەلە تێیاندا و ژیانیان پەك دەخات، کاری ژیرانە ئەوەیە بەئەسپایی نەبێ دەست لە کاری نەوە لەدوای یەکەکان نەدەین و ئەوە بۆ رۆژگار بەجێبێڵین، چونکە (ئەو کارە) لەباتی ئەوەی پایەکانی ئەو بینا سەیر دروستکراوە هەڵبتەکێنێ –مەبەست چاوگی دابونەریت گەل و یاسادانانیەتی– پایەکانی قایمتر دەکات، واباشە لە داهێنانی رێوڕەسمی سیاسی و ئیدرایی پێچەوانەی سروشت و نەریتە ریشەداکوتاوەکاندا هەڵەی پەلەکردن و کتوپڕی ئەنجام نەدەین".

با واز لەو وڵاتە دوورەدەستانە بێنین و سەیری جەزائیر بکەین کە گرنگترین کۆڵۆنیمانە، ئەوکاتە دەبینین زۆربەی سیاسەتمان کۆکن لەسەر ناچارکردنی بە بوونە فەرەنسی لەرێی پەروەردەوە، بەڵێ خەڵکی جەزائیر لەرووی نەژادەوە لە خەڵکی هیند جیاوازن، بەڵام ئایا ئەو ئەزموونانەی لە جەزائیر بەدەستمان هێنان وامان

لێدەکەن ئومێدمان هەبێ ئەنجامی باشتر لەوەی ئینگلیز لە ئیمپراتۆریەتە هیندیەکەیان بەدەستیان هێناوە، بەدەست بێنین؟

ئاستەمە بەئەزموون نرخی کاریگەریی پەروەردەکەمان لەسەر موسڵمانانی جەزائیر بەدیبێنین، چونکە هەرگیز روو لە قوتابخانەکانمان ناکەن، ئەگەرچی بازنەی تاقیکردنەوەی شتەکە بەرتەسکە بەڵام ئەوەی دەستمان کەوتوە بەسە بۆ ئەوەی حوکمێکی تێدا بدەین، بزانە مسیۆ (پۆل دوما) لە کتێبی "فەرەنسای ئەفریقی"دا چی دەڵێ:

"کاتێ ساڵی ١٨٧٠ برسێتی چنگی لە قۆرگی جەزائیر گیر کرد، مەترانی جەزائیر مسیۆ (لافیجیری) هەستی کرد دەرفەت رەخساوە بۆ پیادەکردنی شێوازەکەی لە تەبشیردا (بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی–وەرگێڕ)، چوو ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی بەجێهێڵراوی جەزائیری کۆکردەوە تا نانیان بدات و پەروەردەیان بکات، لەو کارە خێرخوازییە وانەیەکی هەم خەمناك و هەم بەسوودمان بەدەست هێنا، کاتێ ماوەیەك لەمەوبەر لە شاری جەزائیرەوە بۆ شاری قوستەنتین دەگەڕامەوە، لە شەمەندەفەرەکەدا قەشەیەکی سەنگینم بینی و لەبارەی بارودۆخی جەزائیر قسەم لەگەڵ کرد، بینیم بێئومێدە لە چاککردنی رەگەزی عەرەبی نەگبەت، وەك بەڵگەی قسەکەیشی ئاماژەی بە چیرۆکی هەتیوەکانی مسیۆ (لافیجیری) کرد و وتی: ئەو مەترانە چوار هەزار منداڵی کۆکردەوە، هەرهەموویان گەڕانەوە بۆ ناو ئاینی ئیسلام، جگە لە سەد کەسیان کە بە مەسیحی مانەوە، ئەوانەیش خراپترین سومعەیان هەبوو لە جەزائیر، کۆڵۆنیستە بەخشندەکان کە بەکاریان دەهێنان لەبەر خووگرتنیان بە دزی و سستی و ئالودەبوون بە مەیخواردنەوە ناچار بوون بەپەلە لەکۆڵ خۆیانیان بکەنەوە، پاشان بەخەیاڵیاندا هات هاوسەرگیرییان بۆ بکەن، هەندێ گوندی تایبەتیان بۆ تەرخان کردن و ماڵ و حاڵی باشیان بۆ ساز کردن، کەچی پاشتر ئابڕووبەرانەترین کاریان کرد، ساڵی ١٨٨٠ لە یەکێك لەو گوندانە قەشەکەی خۆیان کوشت، جا بیرکەوە !".

ئەم ئەزموونە کە خەڵکی جەزائیر دەیزانن لە ئەزموونە دیارەکانە، بەسەر چوار هەزار منداڵدا پیادە کرا کە خرانە بارودۆخێکی لەبار بۆ کارتێکردنیان لەڕێی پەروەردەی ئێمەوە، واتە لە ژینگەیەکی دوور لە کاریگەریی باوانیان، پەروەردە چ بە خوێندنی کتێب بێ یان بە تێکەڵی تەنیا ئەو ئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە، هیچ پەروەردەیەك نیە هێندەی سیستمی سەربازیکردن دەروون بشکێنێ، هیچ شتێك لای ئێمە نیە بتوانێ عەرەب لەگەڵ فەرەنسی جۆش بدات باشتر لە کۆکردنەوەی هەردوولا لە کەتیبەی سەربازیی هاوبەشدا، بەکردەوەیش ئەوەمان کرد و عەرەبمان لە کەتیبەکانی جەزائیردا کردە سەرباز و خستنمانە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی فەرەنسی، جا ئایا پاش ئەو تێکەڵبوونە درێژە بوونە فەرەنسی؟ نەخێر، ئێمە لەگەڵ داننانمان بەوەی ئەوان سەربازی جوامێرن، دەبینین پاش ئەوەی بەرگە رەسمیەکەیان دادەکەنن بەیەك جار خۆیان لە بۆیاخە ئەورووپییە لاوازەکەیان رزگار دەکەن.

ئەو نووسەرە دەڵێ: "پاش ئەوەی سەربازی جەزائیری تەسریح دەکەین برنسەکە لەبەردەکات و دەگەڕێتەوە بۆ خێوەتگە یان گوندەکەی، دەست بە خواردنی (کسکسو) دەکات و ئەو ئافرەتەی بەدڵی بێ دەیخوازێ و باوەڕی وایە خوا یەکە و محەمەد پێغەمبەریەتی و مەسیحیەکان سەگی کوڕی سەگن و ئافرەت لە ئاژەڵە، جەزائیری لە هەموو کەس کەمتر دەبێتە فەرەنسی، خۆ ئەگەر شتێکمان لێ وەربگرێ شتە خراپەکانمان وەردەگرێ نەخاسمە خراپەی ئارەق خواردنەوە".

من تەنیا کەس نەبووم کە پێیان وایە مەحاڵە شارستانێتیی ئەورووپی لەڕێی پەروەردەکەمانەوە بخرێتە دڵی عەرەبی جەزائیر، هەرهەموو ئەوانەی دوور لە بەرژەوەندیی شەخسی لە کاروباری جەزائیریان کۆڵیوەتەوە هەمان شت دەڵێن. رای خوێندەوارانی عەرەبیش لەو بابەتەدا هەر ئەوەیە، هەر موسڵمانێك لە هەر وڵاتێکی موسڵمانان کە لە مەراکیشەوە تا ناوەڕاستی ئاسیا درێژ دەبێتەوە بدوێنیت، دەبینی هەمان رای هەیە، هەرهەموویان دەڵێن پەروەردەکەمان وا لە موسڵمانان دەکات زۆر رقیان لە ئەورووپیەکان بێ کە پێش لە بەدەستهێنانی ئەو پەروەردەیە بە خەمساردی و بێموبالاتی سەیریان دەکەن. سەرجەم خوێندەوارانی عەرەب کە بۆچوونیانم لە بابەتەکەدا وەرگرتوە جەخت لەوە دەکەن ئەو پەروەردەیەی ئێمە تەنیا تێکدانی رۆڵەکانی وڵاتەکەیان و دروستکردنی پێویستی نوێیە بۆیان بەبێ ئەوەی توانای بەدەستهێنانیان پێ ببەخشێ، واتە بەرهەمەکەی تەنیا رقبوونیان لە بێبەختیی خۆیان و گۆڕانیان بۆ کەسانی یاخی دەبێ. هەروەها لەو شتانەی لە قوتابخانەکانماندا فێری دەبن ئەو دوورییە بەرینەیە ئێمە لەوان جیا دەکاتەوە، هیچ شتێکیش بۆ نەتەوە لەوە ریسواییتر نیە بە زاڵبوونی بێگانە بەسەریدا رازی بێ بەبێ ئەوەی بەتوندی بەڕوویدا بتەقێتەوە. بێگومان ئەگەر پەروەردەکە گشتگیر بێ لە کۆلۆنییە ئەفریقیەکانماندا ئەوا دروشمی موسڵمانانی جەزائیر دەبێتە "وڵاتی جەزائیر بۆ رۆڵە عەرەبەکانیەتی"، وەك چۆن دروشمی هیندۆسەکان کە بە شارستانێتی ئینگلیزی تێر بوون بوو بە "وڵاتی هیند بۆ رۆڵە هیندیەکانیەتی".

کاتێ ئەو ئەنجامە هاوشێوانە لە هیند و جەزائیر و وڵاتانیتر دەبینین، ئاساییە پێمان وابێ مەحاڵە نەتەوەیەك لەڕێی پەروەردەوە بگۆڕدرێ، کۆڵنەدان لەسەر ئەزموونی لەو شێوەیە سەرکێشییە لە وڵاتی نەتەوەیەکدا کە ناتوانین لافی ئەوە لێبدەین ئاشتی باڵی بەسەردا کێشاوە بەبەڵگەی هێشتنەوەی سوپایەکی گەورە تێیدا تا رێگە لە یاخیبوونی بگرێ.

با خوێنەر لەمەی پێشوو وا تێنەگات من دژی فێرکردنم، تەنیا هەوڵم داوە ئەوە بسەلمێنم ئەو پەروەردەیەی بۆ کەسێکی ئەورووپیی شارستانی گونجاوە بۆ کەسێکیدی گونجاو نیە کە سەر بە شارستانێتیەکیترە، یان کەسێك نەتەوەکەی شارستانێتیەکی نیە بەمانا راستەکەی.

لێرەدا لەو گۆڕانکاریانە ناکۆڵمەوە کە پێویستە لە پەروەردەی ئەورووپیدا بکرێ تا سوود بەگەلانی دوواکەوتوو بگەیەنێ، بەڵکو تەنیا بەسەرپێیی دەڵێم پێویستە پرۆگرامی فێرکردنی ئەو میللەتانە تەنیا

هەندێ زانستی پراكتیكی لەخۆ بگرێ وەك زانستی حساب، هەروەها هەندێ تەتبیقاتی كشتوكاڵی و پیشەسازی و كاری دەستی كە بەپێی شوێنەكان دەگۆڕێ، زانیاریی لەم جۆرە بۆ ئەوان بەكەڵكترە تا مێژووی پاشاكانی فەرەنسا و جەنگی سەد ساڵە، ئەگەر لێم بپرسیت بۆچی بەرنامەیەكی تێروتەسەلم لە بابەتەكەدا دانەناوە، وەڵامت دەدەمەوە كە هەرچی تێدا بنووسرێ سوودی نابێ.

## بەشی سێیەم

## ئەنجامی پیادەکردنی سیستمەکانی ئەوروپا و پرنسیپە ئاینیەکانی لەسەر گەلانی دواکەوتوو

لە بەشی پێشوودا روونمان کردەوە پەروەردەی ئەوروپی دەبێتە مایەی تێکدانی ئەخلاقی رۆڵەکانی کۆلۆنیەکان و گۆڕینیان بۆ دوژمنی سەرسەختی ئەوروپیەکان بەبێ ئەوەی ئاستی عەقڵییان بەرز بکاتەوە، ئێستا دەست لە پشکنینی ئەنجامەکانی پەروەردەی ئەوروپی لەسەر رۆڵەکانی کۆلۆنیەکان هەڵدەگرم — بەڵان جارێکیتر دەگەڕێمەوە سەری— و لە فاکتەرێکیدی لە سیاسەتی تواندنەوەدا دەکۆڵمەوە، واتە لە کاریگەیی سیستمە ئەوروپیەکان لەو رۆڵانەدا.

ئەو بنەمایەی دەڵێ دەکرێ نەتەوەیەك بەگۆڕینی سیستمەکانی بگۆڕدرێ لە فەرەنسا زۆر بڵاو و ریشەداکوتاوە، ئێمە لەبەرئەوەی حەزمان لەوەیە هەموو شتەکان لەسەر یەك تەرز بڕۆن سیستمەکانمان بە کامڵترین سیستم دەزانین و پێمان باشە بەسەر گەلانیترياندا فەرز بکەین، لەو رووەیشەوە ئێمە پرنسیپە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانمان لەسەر ئەبستراکت و عەقڵی تیۆری دادەمەزرێنین، وەك راستی لەئاسمانەوە دابەزیو دێنە بەرچاومان، ئەوکاتە وەك هەموو پێغەمبەران لەناخی خۆماندا هەست دەکەین پێویستە لەپێناو بەختەوەریی مرۆڤدا بڵاو بکرێنەوە.

کاتێکیش بینیمان نەتەوە شارستانیەکان کەم بایەخ بە وانەکانمان دەدەن ناچار بووین تەنیا کار لەسەر کۆلۆنیەکانمان بکەین تا ناچاریان بکەین بە زیادەڕەوی لە بەفەرەنسیبووندا، ئەو ئەنجامانەی لەم رێگەیەدا بۆمان هەڵکەوتوون شیاوی بایەخپێدانی فەیلەسوفانن.

پرنسیپەکانمان وایان لێکردوین کۆلۆنیەکانمان بە ویلایەتی فەرەنسی دابنێین و لەوەدا تەماشای بارودۆخی دانیشتوانە رەسەنەکانیانمان نەکردوە، بەڵکو پێمان وابووە زنجی و زەردەکان و عەرەب و تەنانەت هەمەجیش لە نیعمەتەکانی "جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ" بەهرەمەند بن، واتە مافی هەڵبژاردنی گشتی و پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و ئەنجومەنە گشتیەکان، هەروەها بوونی زنجیرەیەك دادگە و بەشداریکردن لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیراندا، بەم شێوەیە زنجیەکان کە هێشتا رزگار نەبووبوون و لە پێگەیشتنی عەقڵییاندا لە رۆڵەکانی چاخی بەردین دەچن بازدەدەنە ناو سیستمە ئیدارییە ئاڵۆزەکەمان.

هێندە کات بەسەر رێگەی ناوبراودا تێپەڕیوە بەسە بۆ مەزەندەی ئاکامەکانی، کە بووە مایەی ئەوەی زۆر لە کۆلۆنییە رازاوەکانمان بچنە قۆناغی پاشەکشە، ئەگەر تەماشای ئامارەکان بکەین دەبینین کۆلۆنیەکان کەوتونەتە دۆخێك پێویستیان بە کۆمەکی هەیە لە میزانیەی فەرەنسا.

سەرباری ئەو ئیفلاسەی لە سیاسەتی ئیدغام لە کۆلۆنیەکانمان کەوتۆتەوە کەچی دەبینی یەکبین داوای ئەوە دەکەین تەواوتر و سەرتاپاگیرتر پیادە بکرێ، پێت وانەبێ رەعیەتەکانمان لەودیو دەریاکانەوە سینەسافن وەك لە لەهجەیان دەخوێنرێتەوە، جا ئەگەر داوای ئەو سیاسەتەمان لێ بکەن ئەوە لەبەر سەرسامییان نیە بە سیستمە ئیداری و قەزاییە ئالۆزەکەمان، بەڵکو بۆ ئەوەیە تا لەڕووی داراییەوە سوودی لێ وەربگرن بەبێ ئەوەی ئەو باجە بدەن کە ئێمە دەیدەین، وەك ئەوەی خوازیار بن رێگەوبان و بەندەر و نۆکەندیان لە وڵاتەکەیاندا لەسەر بودجەی ئێمە نەك لە پارەی ئەوان بۆ دروست بکەین، وەك لە کۆلۆنییە ئینگلیزیەکاندا.

هەر بەڕاستی سیاسەتی تواندنەوە ئەو هەستە لە دەروونیاندا دروست دەکات کە بار بن بەسەر فەرەنسای خاوەن گەنجینەی لەبن نەهاتووەوە، ئەم ئاواتە لەم گوتەیەی سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی کۆلۆنیی (رینیو)دا کورت دەبێتەوە کە دەڵێ: "هیوادارین کۆلۆنیەکەمان پلەبەپلە لەگەڵ فەرەنسا تواندنەوە بکات، تا ببێتە بەڕێوەبەرایەتیەکی فەرەنسی، بەڵام بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی گرانکردنی باری سەرشانمان بە سەپاندنی باجی هاوشێوەی ئەو باجانەی لە فەرەنسا دەدرێن".

سیاسەتی تواندنەوە کە لەبەر سادەییە تیۆرییەکەی، کە خۆی لەڕاستیدا زۆر ئالۆزە، سەرنج رادەکێشێ، ئەگەر لە سیستمە ئیداری و قەزاییەکانمان ورد بینەوە دەزانین زۆر ئالۆزن، ئەوەیش زادەی پێویستییە ئالۆزەکانمانە کە لە شارستانێتیەکی زۆر کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی هەر لەژێر حوکمی ئەو سیستمانەدا چاومان کردۆتەوە و پێگەیشتوین دەبینی رەخنە لە خاوی و توندیی شێوازەکەی لە بەڕێوەبردن و دادگاییکردنەکان دەگرین، ئایا پێتان وایە ژمارەی ئەو فەرەنسیانەی ئەرکەکانی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی کارگێڕی و ئەنجومەنی گشتی و واجبەکاتی حاکمی سوڵح و دادگەی سەرەتایی و دادگەی تێهەڵچوونەوە و...هتد دەزانن زۆرن تا پێتان وابێ بۆ زنجی یان عەرەبی یان ئەنامی وا جوانترە ئەم سیستمە ئالۆزەی بە یەك گوژمە بەسەردا پیادە بکرێ؟ بیر لە سەرجەم ئەو ئەرکانە بکەنەوە کە —بەپێی سیستمی ناوبراو— بۆی نیە نەیانزانێ بەبێ ئەوەی غەرامەی ماڵی بکرێ، بیر لەو فەرمانبەرانە بکەنەوە کە پێویستە موراجەعەیان بکات و چاودێریی حەرەکات و سەکەناتی دەکەن، بزانن ئەو بۆی نیە بەبێ ئەوەی رەچاوی ئالۆزترین رێوڕەسم پارچەیەك زەوی بکڕێ یان بفرۆشێ، یان داوای قەرزێك لە دراوسێکەی بکات، ئەوکاتە بۆتان دەردەکەوێ سیستمەکەی ئێمە بۆ ئەو خەلق نەکراوە، ئەو تەنیا هەندێ سیستمی سادەی ناسیوە کە لەگەڵ پێویستیەکانی دەگونجێن، یەکێك لە خواستەکانی ئەو سیستمانەیش ئەوەیە قەزا سادە و هەرزان و خێرا بێ، باجەکان دوور بن لە بەسەرردادانی لەناکاو، هەروەها لەبەرئەوەی کۆت و بەند و رێگر لە ژیاندا نازانێ ئەو ئازادیەی ئێمە لافی ئەوە لێدەدەین پێی دەبەخشین، بە تاکڕەویەکی گەورە دادەنێ.

ئەم تێبینییانە بەربەست لەبەردەم رەوتی خاوەن زانستە تیۆریەکاندا دروست ناکات کە پێیان وایە ئەرکیانە مەرحەمەت لەگەڵ خەڵکی موستەعمەرەکان بکەن و سەرباری ناڕەزاییشیان سیستەمەکانمانیان پێ ببەخشین، بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیستمانەیش پۆل پۆل فەرمانبەرانیان بۆ رەوانە دەکەین، وادیارە ئەوە گرنگترین هەناردەکانمانە، لە مارتینیك کە ٩٥٪ی دانیشتوانی لە زنجیەکانە هەشتسەد فەرمانبەرمان هەیە، هەروەها لە چوار گوندە هیندیەکانماندا کە تەنیا هیندۆسی تێدا نیشتەجێن، نوێنەرێك و ئەندامێکی ئەنجومەنی پیران و سەد فەرمانبەرمان هەیە کە ٣٨یان دادوەرن، لە هیندی چینیش لەشکرێك فەرمانبەرمان هەیە.

ئەو فەرمانبەرانە کە ئەوروپا بەجێدێڵن لەو تیۆرانە تێرن، بەڵام هەر زوو دان بەوەدا دەنێن زۆرکردن لە نەتەوەیەك تا واز لە سیستمەکانی بێنێ و باوەڕ بە سیستمەکانی نەتەوەیەکیتر بێنێ، هێمایە بۆ خەیاڵێك کە لە دەرەوەی کتێب بەدیهاتنی ئاستەمە، کاتێکیش رووبەڕووی جۆرەها زەحمەتی دەبنەوە، هەریەکەیان هەوڵ دەدات رێگەیەك بۆ گونجاندن لەنێوان سەرجەم بەرژەوەندیەکاندا بدۆزێتەوە، ئەگەرچی ئەو رێگەیە بەحوکمی سروشت کەس رازی ناکات.

ناوبەناو حاکمێکی بزۆز و زیرەك دێتە موستەعمەرەکە و دەستبەرداری زۆر لەو فەرمانبەرانە دەبێ، ئەوکاتە ئەو موستەعمەرەیە بۆ تاوێك پشوو دەدات، وەك ئەوەی لە هیندی چینی روویدا کاتێ مسیۆ (کنستان) زۆر لە وەزیفەکانی هەڵوەشاندەوە، بەوە لە ساڵێکدا هەشت ملیۆن فرەنکی پاشەکەوت کرد، بەڵام زۆری نەبرد ئەو حاکمە لە کار لادرا.

نابێ شکستی فەرمانبەرانمان بدەینە پاڵ ناتەواوی لە کەفائەتیاندا، بەڵکو دەبێ بیدەینە پاڵ نەزۆکی ئەو ئەرکەی هەڵیانگرتوە، ئەوان فەرەنسا بەجێدێڵن تا سیستەمەکانمان بەسەر هەندێ نەتەوەدا پیادە بکەن کە پێیان رازی نین و نایانەوێ لە ناوەرۆکیان بگەن، پێش ئەوەی بگەنە موستەعمەرەکان پێیان وایە هیچ شتێك لە پیادەکردنی ئەو سیستمانە ئاسانتر نیە، بەڵام هەر هێندەی ئەرکەکانیان وەردەگرن خێرا هەست بە بێتواناییان دەکەن و دان بە شکستیاندا دەنێن، حاکمەکانیش لەوە بەدەر نین، چونکە لە ماوەی شەش ساڵدا پازدە حاکممان ناردوە بۆ هیندی چینی –واتە هەر پێنج مانگ جارێك حاکمێك– بەبێ ئەوەی هیچ کامیان بتوانێ لەسەر ئەو سیاسەتە بچێ، ئەگەر ئەمڕۆ ماوەی حاکم لە رابردوو درێژترە، لەبەرئەوەیە مووچەکەی ئەوەندە زۆرە کەسانی دەستڕۆیشتوو نەبێ بۆی هەڵنابژێرێن.

هەموو حاکمێکی نوێ پەند لە شکستی حاکمی رابردوو وەردەگرێ و رێگەیەکی نوێ بۆ حوکمکردن دادەهێنێ، کە لەڕووی ئەنجامەوە تەنیا فەوزای لێ دەکەوێتەوە، هەمیشەیش بۆچوونی خۆی جێبەجێ ناکات، بەڵکو بەزۆری ئەوە دەکات کە وەزیرەکانمان فەرمانی پێدەکەن، ئەو حاکمەی پێشتر ئاماژەم پێدا

له وتارێکیدا لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران رایگەیاند لە ماوەی حوکمکردنەکەیدا کە شەش مانگی خایاند، ناچار بووە ملکەچی فەرمانەکانی چوار وەزیر ببێ، کە هەریەکەیان پێچەوانەی ئەویتریان بووە.

سیاسەتی لەم جۆرە سەری لەم ئەنجامەی خوارەوە دەردەچێ: فەوزا پاشان رق پاشان شۆرش، مایەی داخە سەرجەم بەلگەکان لە ئاماژەدان بەم ئەنجامانە یەکن، لە کتێبێکدا کە تازە بلاو کراوەتەوە هاتووە: "بنەمای نیشتمانپەروەری هۆی چەتەگەری و راپەرین نیە، هەر یاخیبوونێك لێمان لە هیندی چینی ئێمەین دەیخولقێنن بەوەی دانیشتوانەکەی نارەحەت دەکەین، سوخرەیان پێ دەکەین، جوتیارانیان لە کێلگەکان دوور دەخەینەوە، گوندەکانیان دەسوتێنین و دەیانچەوسێنینەوە، سەرانەی قورسیان بەسەردا دەسەپێنین کە بەرانبەر سێ هێندەی حاسلاتەکانیانە".

سیاسەتە فاسیدەکەمان تەنیا لە هیندی چینی ئەم ئەنجامە خەمناکانەی لێ ناکەوێتەوە، بەلکو لە سەرجەم کۆلۆنییە تازە و کۆنەکانماندا شکست بەشمانە، لەبەرئەوەی هەولّ دەدەین لەگەلّ فەرەنسا ئاوێتەیان بکەین، نامەوێ ئێستا ئەوەتان وەبیر بێنمەوە کە هۆی ئەو کودەتایەی دوایی کە خەریك بوو ولاتی جەزائیر لە دەستمان هەلّپروکێنێ، ئەوە بوو بەیەك جار رەگەزنامەی فەرەنسیمان بەخشیە جولەکەکانی جەزائیر، بەلکو ئەوەتان بۆ باس دەکەم کە شایەتی عادل لە ولاتی سەنیگال دەیبینێ. مسیۆ (کولان) لە زۆر وتاردا کە بلاوی کردونەتەوە دەریخستوە چ ئاکامێك لە ئیلزامکردنی نەتەوەکان بەسیستمێك کە نایانەوێ دەکەوێتەوە، دەلّێ: "ئێمە بە ناچارکردنی پێشوەختی کۆمەلگەی زنجی بە سیستم، جەنگێکی خوێناوی و بەردەوام دەچنینەوە، کە موسلّمان و بتپەرستانی زنجی پێکەوە لەدژی ئێمە بەشداری تێدا دەکەن".

جەنگ لە سەنیگال و کۆلۆنیەکانیترمان بەردەوام نابێ مادام خاوەن هێز و جەبەروتی گەورە بین، بەلام ئەمە رێگر نیە لەوەی بلّێین ئەوە ئێمەین ئاگری رق و توورەیی رەعیەتەکەمان هەلّدەگیرسێنین و پالّیان پێوە دەنێین بۆ راپەرین ئیتر رۆلّی هەرچۆن بێ.

مسیۆ (پواتودوبلیسی) پزیشکی هێزی دەریایی –کە ماوەیەکی زۆر لە کۆلۆنیەکانمان ژیاوە– "پیادەکردنی رێگەی هەلّبژاردن لە کۆلۆنیەکان پێش لەکاتی خۆی و گۆرینی سەرجەم وەزیفە سەرەکیەکان بۆ وەزیفەی پەیوەست بە هەلّبژاردن دەبێتە مایەی ئەوەی زنجیەکان دەسەلات وەربگرن و کارێ بکرێ مانەوەی سپی پێستەکان لە کۆلۆنیەکانمان مەحالّ بێ، پاشان ئەگەر لە ژمارەی دەنگدەرانی کۆلۆنیەکان بکۆلّینەوە کە هەندێ نوێنەر لە پەرلەمانەکەمان بۆ بەشداریکردن لە کاروباری یاسادانانماندا نوێنەرایەتییان دەکەن، ئەوا دەبینین ئەو زنجیەی سەر بە موستەعمەرەی (ئەنتیل)ـە هێندەی هەشت فەرەنسی رۆلّی لە بەرێوەبردنی کاروباری ولاتدا دەبێ".

ئەوە ئەنجامی پیادەکردنی سیستمە ئەوروپیەکانمانە لەسەر دانیشتوانی کۆلۆنیەکان، ئێستا ماوە لە کاریگەریی بیروباوەر (معتقد)ە ئاینیەکانمان بکۆلّمەوە:

ئینساف نیه کاربەدەستانی ئێستامان به شوێنکەوتنی سیاسەتی بانگەواز و مزگێنیدان (تبشیر) تۆمەتبار بکەین، ئەو کاته تێپەڕی تێیدا بەهێزی چەك بەرگری له مزگێنیدەران بکەین که به ئامۆژگارییەکانیان پرنسیپه کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵات بێزار دەکەن، پاشان ئێمه ئازادیمان داوەته ڕۆڵەکانی موستەعمەرەکانمان له عیبادەته ئاینیەکانیاندا، من لەم بابەته دەکۆڵمەوه تا ڕوونکردنەوەکەم تەواو بکەم که ناکرێ ڕەگەزەکانی شارستانێتیەکی پێشکەوتوو بەسەر گەلانی دوواکەوتوودا پیاده بکرێ.

چەند ژمارەیەك بەسه بۆ سەلماندنی کاریگەریی کەمی بیروباوەڕه ئاینیەکانمان لەسەر ڕۆژهەڵاتیەکان، بەڵام ئەم ژمارانه لەچاو داننانی مزگێنیدەران خۆیاندا به شکستیان له گۆڕینی ڕۆژهەڵاتیەکان بۆ سەر ئاینەکەمان، شایانی باس نیه.

هەرچی پەیوەندی به عەرەبەوه هەیه ئاماژەم به چیرۆکی ئەو چوار هەزار هەتیوه دا که کاردینالْ (لافیجیری) گرتنیه خۆی، که ئەگەرچی ئەوانه دوور له هەر کاریگەریەکی عەرەبی پەروەردەیەکی مەسیحییانه کران، کەچی پاش ئەوەی گەیشتنه تەمەنی باڵقبوون زۆربەیان گەڕانەوه بۆ لای ئیسلام. ئەزموونەکان له ڕۆژهەڵات، نەخاسمه له هیندی ئینگلیزی لەوه فراوانترن، له کۆنگرەیەکی کەنیسەی ئەنگلیکانیدا قەشەی یاسایی (ئیسحاق تیلەر) ناچار بوو دان به شکستی مزگێنیدەرانی ئینگلیزدا بنێ، که سەرباری خەرجێکی زۆر و کۆششی چەندین ساڵ و پاراستنیان لەلایەن دەوڵەتێکی بەهێزەوه ژمارەیەکی کەم کەسی چەقاڵ و بەقاڵی خەڵك نەبێ نەیانتوانیوه بهێننه سەر ئاینەکەیان، شکستی مزگێنیدەران له وڵاتی شام گەورەتره که ئومێدیان نیه لەلایەن دەوڵەتەکەیانەوه کۆمەکی بکرێن. لەگەڵ ئەوەی مزگێنیدەران له دورگەی عەرەب و وڵاتی فارس و فەلەستین نیو ملیۆنیان خەرج کردوه و ماوەی ده ساڵ هەوڵ و تەقەلایان داوه، بەڵام نەیانتوانی جگه له ژمارەیەکی کەم له بەکرێگیراوانیان و ئافرەتێك که دەرکەوت گێلۆکه و هەست ناتەواوه، بکەنه مەسیحی. ئەگەر ئەم نموونانه بخەینه پاڵ نموونەکانیتر بۆمان دەردەکەوێ ئاستەمه به بۆچوون و پرنسیپ و شارستانێتیەکەمان کار له ڕۆژهەڵاتیەکان بکەین.

وانەزانی من دوژمنی مزگێنیدەرانم، نەخێر من لەو کەسانەم ڕێزی دامەزراوی و خەیاڵاتیان دەگرم، هەروەها ڕێزی خزمەته باڵاکانیان دەگرم له وڵاتانی دواکەوتووی وەك سوریا، که لەڕێی ئەو قوتابخانانەی دایاندەمەزرێنن زمانەکەمان بڵاو دەکەنەوه.

## بەشی چوارەم

## بۆچی شارستانێتیی ئەوروپی ناتوانێ گەلانی دواکەوتوو بگۆڕێ؟!

لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزە جیاوازەکانی شارستانێتی، نەخاسمە لە سیستم و بیروباوەڕ و ئەدەبیات و زمان و هونەر، پیشانمان دەدات هاوڕێکیەك لەنێوان ئەو ڕەگەزانە و تەرزەکانی بیرکردنەوە و هەستی ئەو ئوممەتەی باوەڕی پێ دێنێ، هەیە، هەروەها تا ئەو تەرزانە نەگۆڕێن، شارستانێتییەکەیش ناگۆڕێ.
بە پەروەردە ئەنجامەکانی شارستانێتی کورت دەبنەوە، سیستم و بیروباوەڕەکان تەنیا ناونیشانی هەندێ رووی ئەو شارستانێتیەن، جا ئەگەر ئەندازەیەك ناهاوڕێکی لەنێوان شارستانێتیەك و بیر و هەستی نەتەوەیەکدا نەبوو، ئەو پەروەردەیەی ئەنجامەکانی ئەو شارستانێتیەی پێ کورت دەکرێتەوە کاریگەری لەسەر نەتەوەی ناوبراو نابێ، هەروەها ئەو سیستمانەی بۆ هەندێ پێویستی گونجاون بۆ هەندێ پێویستیتر گونجاو نین کە لێیان جیاوازن.
کەمترین بەراورد بۆمان دەسەلمێنێ جیاوازیی دەروونیی نێوان گەلانی ڕۆژهەڵات –نەخاسمە موسڵمانان و هیندییە چینیەکان– و گەلانی ڕۆژئاوادا هێندە فراوانە کە ئیتر سیستمەکانی ئەمیان کاری لەویتریان ناکات، گەلانی ڕۆژهەڵات لە هەموو ڕوویەکەوە لە گەلانی ڕۆژئاوا جیاوازن، واتە لەڕووی فیکر و پرنسیپ و هەست و شعور و بیروباوەڕەکانەوە، لەکاتێکدا دەبینین گەلانی ڕۆژئاوا هەموو ڕۆژ هەوڵ و تەقەلا دەدەن خۆیان لە کۆتی کارتێکەرە بۆماوەکان ڕزگار بکەن، دەبینین گەلانی ڕۆژهەڵات ژیانیان تەنیا لە ڕابردووەوە وەردەگرن، ئەورووپای نوێ ئەو نەگۆڕییەی بەخۆوە نەدیوە لە دابونەریتی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، چونکە ڕۆژهەڵات بەبایەخەوە پارێزگاری لەو موعتەقەدانە دەکات کە ئێمە لەدەستمان دان، سیستمی خێزان کە لای نەتەوەکانی غەرب لاواز بووە هێشتا لای ڕۆژهەڵاتەکان تۆکمەیە، بەهەمان شێوە ئەو پرنسیپانەی کاریگەرییان لەسەر ئێمە لەدەست داوە هێشتا کاریگەرییان لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵات ماوە، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژهەڵاتیەکان خاوەن بەهای باڵای بەهێز و پێداویستیی زۆر کەمن بەها باڵاکانی ئێمە چوونە قۆناغی مۆلەقی و پێداویستیەکانمان زۆر زۆر بوون، بەکورتی دیانەت و خێزان و دابونەریت و هەموو ئەو شتانەی کۆڵەکەی کۆمەڵگە کۆنەکانن بەبێ شك لە شەرق پارێزگارییان لە نفوزی خۆیان کردوە، لەکاتێکدا پایەکانیان لە دەروونی غەربییەکاندا هەڵتەکاون، کە هێشتا بیریان لەوە نەکردۆتەوە شتێك لە جێگەیان دابنێن.
کەلێنی گەورەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەتایبەت لە سیستمەکاندا دەردەکەوێ، چونکە لای ڕۆژهەڵاتیەکان –جا عەرەب بن یان هیندی– سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە بیروباوەڕە ئاینیەکانیان دادەتاشرێن، بەڵام لە ڕۆژئاوا دیندارترین نەتەوەکان دەمێکە بیروباوەڕیان لە سیستمە سیاسیەکانیان جوێ کردۆتەوە.

شەریعەتەکانی رۆژهەڵات ئاینین نەك مەدەنی، تێیدا خەڵك روو لە شتە نوێکان هەر جۆرێك بن ناکەن مەگەر لە تەعالیمی ئاینەکەوە هەڵێنجرابن، ئینگلیز دەرکیان بەم نهێنییە کرد و لە هەژموونی خۆیان ترسان، لەبەرئەوە –سەرەڕای دەستگرتنیان بە مەزەبی پرۆتستانتیەوە– پەرستگەکانی هیندیان زیندوو کردەوە و پارێزگارییان لە کاهینەکانی (فیشنو) و (سیفا) کرد و رێزیان لە دیانەتی رەعیەتەکانیان و ئەو سیستمانەی لێیان وەرگیراون دەگرت و بەرهەڵستی شەریعەتی (مانو)یان نەدەکرد، کە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ شەریعەتی ئاینی و مەدەنیی هیند بووە، هەروەك بەرهەڵستی قورئانیان نەکرد کە لە رۆژانی محەمەدەوە بە شەریعەتی ئاینی و مەدەنیی موسڵمانان ماوەتەوە.

جیاوازیی نێوان گەلانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا تەنیا لە میزاجی دەروونی و سیستم و بیروباوەڕەکاندا نەبووە، بەڵکو لە وردترین کاروبارەکانی ژیاندایە نەخاسمە لە سادەیی پێداویستیەکانی گەلانی رۆژهەڵات لەچاو پێداویستییە ئاڵۆزەکانی ئێمەدا.

ئارەزووە کەمەکانی رۆژهەڵات و قنیاتکردنی بە هەندێ باری گوزەران کە لە ئەورووپا بە نەهامەتیی توند دادەنرێن، مایەی هەڵوەستەکردن بووە لە دیدی سەرجەم گەشتیاراندا، مرۆڤی شەرقی بە لێفێك و کوخێك، یان خێوەتێك و هەندێ یاتاخی خەو قنیات دەکات، بەڵام کاتێ بەشێوەی ئەورووپی خوێندن تەواو دەکات –بەحوکمی واقیع– هەندێ لە پێداویستیەکانی ئێمە بەدەست دێنێ، جا لەو رووەوە لەو کاتەدا هێندەی دەست ناکەوێ ئەو پێداویستیانەی پێ دابین بکات دەگۆڕێ بۆ کەسێکی تووڕە و رەشبین و یاخی.

بابەتەکە لە وڵاتی هیندی ئینگلیزی کە پەروەردەی ئەورووپی تێیدا رۆچووە، مانا و پەند و عیبرەتێکی تێدایە، هیندیی تێر (مشبع) بە پەروەردەی ئینگلیزی کە رەچاوی باری گوزەرانی دەکرێ مووچەیەکی مانگانەی سی فرەنکی وەردەگرێ، جا هەوڵ دەدات لاسایی خانەدانی ئەورووپی بکاتەوە، نەعلی فەرەنجی لە پێ دەکات و دەبێتە ئەندامی یانەیەکی نیشتمانی و جگەرە دەکێشێ و رۆژنامە دەخوێنێتەوە، بەڵام زۆر تێناپەڕێ بەهۆی ئەو مووچە کەمەوە خۆی بە کەسێکی بەدبەخت دەبینێ، ئەگەرچی بەشی بژێویی دوو خێزانی هیندیی دەکات کە پارێزگاری لە دابونەریتی هیندی دەکەن.

بەراوردکردن لەنێوان پێویستیەکانی عەرەبی جەزائیری لەگەڵ پێویستیەکانی کۆلۆنیستی ئەورووپی، بەسە بۆ دەرخستنی رادەی جیاوازی لە ئارەزووەکانی دوو گەلی جیاواز لە ئاستی شارستانێتیدا، ئارەزووەکانی عەرەبە جەزائیریەکە بریتییە لە ئازوقەیەکی کەم لە دانەوێڵە کە بەشی لێنانی خواردنی (کسکسو)، هەروەها هەندێ ئاوی پاك و خێوەتێك و برنسێك، بەڵام کۆلۆنیستی ئەورووپی –ئەگەر لە چینی نزمیش بێ– پێداویستیەکانی ئاڵۆزن، چونکە پێویستی بە ماڵێك و گۆشت و شەراب و جلوبەرگی زۆر هەیە، واتە هەموو ئەوەی لە ژینگە ئەورووپیەکەدا لەگەڵیان راهاتووە.

لەو شتە زۆرانە کە لە هەموو شوێنێك دەبینرێن ئەم یاسایەی خوارەوە دەردێنین: پیادەکردنی پەروەردەی ئەوروپی بەسەر دانیشتوانی کۆلۆنیەکاندا دەیانکاتە کەسانی هەناسەسارد، چونکە بە کۆمەڵێ پرنسیپی نوێ و شێوە ژیانی بەرز ئیلزامیان دەکات بەبێ ئەوەی ئامرازەکانی بەهرەمەندبوونیان لەوانە بۆ فەراهەم بکات، ئەمەیش مانای ئەوەیە ئامۆژگارییە نەریتیەکانی رابردوویان دەسڕێتەوە و فڕێیان دەداتە ناو ورکە و بەلبەلەیەك لەبەردەم دۆخەکەدا.

ئاخۆ پەروەردە و سیستمەکانمان لە رۆژهەڵاتیەکانمان نزیك دەکاتەوە، کە بۆشاییەکی گەورە لێکمان جیا دەکاتەوە؟ ئەو نموونانەی هێنامانەوە لەو رووەوە ئومێدبەخش نین، پاشتر تیۆرەکانیش هاتن و پاڵپشتی ئەو نموونانەیان کرد کاتێ پێیان راگەیاندین قورسترین شت بۆ نەتەوە ئەوەیە هەستە بۆماوەکانی بگۆڕێ، هەر بە هەستە بۆماوەکانیش رۆژهەڵات بەتەواوی لە رۆژئاوا جیاوازە.

کاتێ ئەو هەستانە بۆ چەندین سەدە لەلایەن یەك کۆمەڵە سیستم و بیروباوەڕە بەبەردەوامی کاریان تێکراوە، وایان لێهاتووە ئیتر پەروەردە هیچ هێزی بەسەریاندا نەشکێ، پاشان هەستەکان (المشاعر) ناونیشانی رابردووی نەتەوە و ئەنجامی ئەزموونەکانی چەندین نەوە و ناونیشانی فاکتەرە بۆماوەکانی هەڵسوکەوتن. هەروەها خاوەن دەسەڵاتی گەورەن، چونکە رۆحی نەتەوەیان لێ پێکهاتووە.

ئەو ئەخلاقە نەتەوەییە کە کەس لێی بێئاگا نیە رۆڵێکی گەورەی لە مێژوودا هەیە، رۆمانەکان بە ئەخلاقە بەرزەکەیان دەستیان بەسەر وڵاتی یۆناندا گرت و ئینگلیز لەم ساڵانەدا زیاتر بە ئارامگرتن و چالاکییان حوکمی هیند دەکەن تا بە زیرەکییان. هیچ پەروەردەیەك نیە هەندێ قەوم بۆ نموونە زنجیەکان، لە هەڵمەتبردن و وردنەبوونەوە و بێتواناییی لە بەردەوامبوون لەسەر جوڵە و تێکۆشان، بسڵەمێنێتەوە.

ئەگەر تەماشای فێرکردن وەك هونەرێك بۆ لەبەرکردنی ژمارەیەك تیۆری قوتابخانە بکەین، دەبینین ئەو گەلانەی مێژووی مرۆڤی سروشتی بە گەلانی دواکەوتوو وەسفیان دەکەن بۆ نموونە وەك زنجیەکان، دەتوانن هاوشێوەی ئەوروپییەکان پەروەردە بەدەست بێنن، مامۆستایەکی زانکۆ بەناوی مسیۆ (هیبو) لەکاتی گەڕانەوەی لە ئەمەریکا دەگێڕێتەوە لەوێ گەنجانی زنجی بینیوە بەڵگەی ئەندازەیی لەبەردەکەن، هەروەها هەندێ بابەتی بژاردە لە کتێبەکانی (توسیدید) بەباشی وەردەگێڕن، پاشان دەڵێ: "هیچ شتێك نیە هێندە ئاماژەبەخش بێ لەوەی زنجی و سپی پێستەکان رۆڵەی یەك خودان و سروشت لەو رووەوە جیاوازی لەنێوان هەردوو تاقمدا نەکردوە".

نازانم ئاخۆ زنجی و سپی پێستەکان رۆڵەی یەك خودان یان نا، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە مامۆستای ناوبراو ئەو وەهمە لە دڵیدا چەسپیوە وەك کە لە دڵی زۆر لەوانەدا چەسپیوە کە بایەخ بە پێگەیاندنی گەلانی دواکەوتوو دەدەن بۆ نموونە وەك مزگێنیدەران، دەڵێم لە دڵیاندا چەسپیوە لەبەر ئەم هۆیە: فێرکردن لە قوتابخانەکاندا لەسەر لەبەرکردنی باسە زانستیەکان و هەموو شتێك کە مێشك پڕ بکات دامەزراوە، جا

ئەگەر زیرەکیی مرۆڤ رووی لە گەشە کرد دەتوانێ سوود لەو لەبەرکراوانە ببینێ، رادەی سوودبینینەکەیشی بەگوێرەی قابیلیەتی عەقڵی و ئەخلاقیی بۆماوەی دەبێ، کە لەڕاستیدا ئەویش پوختەی ئەوەیە گەلەکەی بەدرێژایی چەندین سەدە بەدەستی هێناوە، جیاوازیی قابیلیەتیش نهێنیی جیاوازیی گەلانە، هیچ پەروەردەیەك ناتوانێ ئەو جیاوازییە نەهێڵێ.

رۆڵەی گەلی دواکەوتوو لە قوتابخانەدا دەردەچێ وەك کە ئەورووپی دەردەچێ، هۆی ئەوەیش تەنیا ئەوەیە وانەکانی قوتابخانە وانەی لەبەرکردنن و بۆ مێشکی منداڵان شیاون، جیاوازیی زهنیی نێوان گەلان بەر لە تەمەنی پێگەیشتن (الرشد) دەرناکەوێ، لێرەوە دەمانەوێ بڵێین منداڵی ئەورووپی تا تەمەنی هەڵبکشێ عەقڵە منداڵانەکەی لەدەست دەدات لەکاتێکدا منداڵی گەلی دواکەوتوو بەحوکمی یاساکانی بۆماوە لە هەندێ سنووردا دەوەستێ، وەستانێك رێگەی ئەوەی لێ دەگرێ سوود لەوە وەربگرێ کە لە قوتابخانە بەدەستی هێناوە، ئەگەر لەمە بەگومانن بەدوواداچوون بۆ ئەو سپی پێست و زنجییانە بکەن کە لەکاتی خوێندنیاندا لە یەك ئاستدا بوون، تا ئەو جیاوازییانە ببینن کە لە گۆڕەپانی ژیاندا هەردوو نەژاد لێك جیا دەکاتەوە.

قسەکەم دووبارە دەکەمەوە کە ئەنجامی کۆتایی پەروەردەی ئەورووپی ئەوەیە سیفەتە بۆماوەکانی زنجی و عەرە و هیندیەکان خراپ دەکات بەبێ ئەوەی سیفەتی ئەورووپیەکانیان پێ ببەخشێ، بەڵێ رەنگە هەندێ جار تروسکاییەك لە پرنسیپە ئەورووپیەکان بەدەست بێنن، بەڵام سوودی لێ نابینن تا لە روانگەی رامان و هەستەکانی گەلە دواکەوتووەکانیانەوە تەماشایان نەکەن. بەم شێوەیە هزری جیاواز و پرنسیپی ئەخلاقی دژبەیەك گێجیان دەدەن، هەروەها رێکەوتەکانی ژیان رایاندەکێشن بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ یەکێکیان تەخت بکەن، بەم شێوەیەیش بەردەوام دەبن تا هیچ رێپیشاندەرێکیان نابێ جگە لە تەکانەکانی زەمەن.

کەواتە ئەو بۆیاخە لاوازە فریوت نەدات کە رۆڵەکانی کۆلۆنیەکان لە پەروەردەی ئەورووپیمان بەدەستی دێنن، چونکە ئەو بۆیاخە لە جلوبەرگی ئەکتەرەکان دەچێ کە لە شانۆکاندا لەبەریان دەکەن، کە وا باشە لەنزیکەوە سەیر نەکرێن، پتر لە سەد جار قسەم لەگەڵ خوێندەوارانی هیند کە لەقوتابخانە هیندیەکان یان لە زانکۆکانی ئەورووپا دەرچوون کردوە، بینیومە ماوەی نێوان بیرکردنەوەی ئێمە و بیرکردنەوەی ئەوان، لۆژیکی ئێمە و لۆژیکی ئەوان زۆر گەورەیە.

ئایا ئەم بەو مانایەیە گەلانی دواکەوتوو ناتوانن بگەنە ئاستی شارستانێتی ئەورووپی؟ بێگومان رۆژێك پێی دەگەن، بەڵام ئەمەیان بۆ ناڕەخسێ تا پاش ئەوەی پلەبەپلە –نەك بە بازدان– بەسەرجەم ئەو قۆناغانەدا تێدەپەڕن کە لەو ئاستە جیایان دەکاتەوە، باوباپیرانی ئێمەیش قۆناغی هەمەجیەتیان دیوە، دەرچوونیان لەو قۆناغە و سوودبینینیان لە گەنجینەکانی شارستانێتی کۆن پێویستی بە کۆششی نزیکەی هەزار ساڵ هەبوو، بابەتی ئەو گۆڕانکاریانەیش کە هێنایانە ناو رەگەزەکانی ئەو شارستانێتیە، واتە لە زمان و سیستم و هونەرەکانیدا تا لەگەڵی بسازێن، شتێکی نەزانراو نیە، وەك ئەوەی شارستانێتیەکی بەرزی لەو شێوەیە

لەگەڵ عەقڵی دواکەوتوویان نەگونجابێ، وەك کە ئێستا شارستانێتیی ئێمە لەگەڵ عەقڵی گەلانی دواکەوتوودا ناگونجێ.

یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەئەندازەی پێویستیی یاساکانی گیاندارەکان پێویستن، نەمام نابێتە درەخت و منداڵ نابێتە پیاو و شارستانێتیەکان باڵا ناکەن تا دەستی گەشەکردنی پلەبەپلەی هەستپێنەکراویان پێ نەگات، مەحاڵ نیە لەڕێی ئەو توندوتیژیەی ئەنجامی دەدەین کاری پەرەسەندن لە نەتەوەکان تێکبدەین، وەك کە دەتوانن لەبەردەم گەشەی تۆودا بوەستین بەشکاندنی، بەڵام ناتوانین یاساکانی ئەو پەرەسەندنە بگۆڕین.

بەم وتەیەی خوارەوە دەکرێ یەکێك لە هۆکانی ئەوەی ناتوانین نەتەوە دواکەوتووەکان بە شارستانێتیەکەمان ئیلزام بکەین، پیشان بدەین:

"ئەم شارستانێتییە بۆ ئەو نەتەوانە زۆر ئاڵۆزە، ئەو سیستم و بیروباوەڕ و پەروەردەیەی دەتوانێ کار لە میزاجی دەروونی بکات ئەوەیە شێوەژیانەکانی سەراوژێر ناکات، ئەمەیە تەفسیری کاریگەریی موسڵمانان لە ڕۆژهەڵات، ئەو نەتەوانەی موسڵمانان دەستیان بەسەریاندا گرت بەزۆری نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی بوون کە هەست و پێداویستی و نەریتەکانیان وەك هی ئەوان بوون، واتە لەسەریان نەبوو بۆ وەرگرتنی رەگەزەکانی شارستانێتی ئیسلامی زۆر زەحمەت بچێژن وەك کە بۆ پەسەندکردنی شارستانێتییە ڕۆژئاواییە ئاڵۆزەکەی ئێمە پێویستە.

مێژوونووسان گومانیان وابوو جەرگەی ڕاستییان پێکاوە کاتێ باڵادەستیی زەینی و ماددیی موسڵمانیان لە جیهاندا دایە پاڵ هێزی ماددییان، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕەت دەدرێتەوە بەوەی، شارستانێتی ئیسلامی زەمەنێکی زۆر پاش نەمانی دەسەڵاتی موسڵمانانیش لە بڵاوبوونەوە بەردەوام بوو، هەروەها ژمارەی موسڵمانان لە چین گەیشتە بیست ملیۆن کەس لەکاتێکدا موسڵمانان هیچ کاتێك بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵ نەبوون، دیسان ژمارەی موسڵمانان لە هیند گەیشتۆتە پەنجا ملیۆن، واتە زیاتر لە ژمارەیان لە ڕۆژانی دەوڵەتی مەغۆلدا، هێشتایش ژمارەی باوەڕداران بە ئیسلام بەبەردەوامی زیاد دەکات، پاش ڕۆمان عەرەب تاکە ئوممەت بوون توانیویانە گەلانی جیاواز بەشارستانی بکەن و وایان لێبکەن بەسەرجەم ڕەگەزەکانی شارستانێتیەکەی، واتە بە ئاین و سیستم و هونەرەکانیەوە، ڕازی بن. ئەوان پاش ئەو گۆڕانەی بەسەر قەوارە سیاسیەکەیاندا هات لەباتی ئەوەی هەژموونیان بەرتەسك بێتەوە دەبینی لە جاران زیاترە و دەگاتە ئاستێك لە ڕۆژانی گەشی دەوڵەتە مەزنەکەیاندا پێی نەگەیشتوە، هۆی ئەمەیش ئەوەیە قورئان و ئەو پرنسیپانەی لێی هەڵدەهێنجرێن لەبەر سادەییان لەگەڵ پێویستیەکانی نەتەوە سەرەتاییەکاندا دەگونجێن. موسڵمانان بەهەر کوێدا تێبپەڕن و نیشتەجێ بن تەنانەت ئەگەر وەك بازرگانیش بێ، تۆوی سیستم و بیروباوەڕەکەیانی تێدا دەوەشێنن، چەندە گەشتیاران بەنێو شوێنە نەزانراوەکانی ئەفریقیادا ڕۆبچن کۆمەڵێ

خێڵ دەبینن ڕێنماییەکانی ئیسلام بڵاو دەکەنەوە، موسڵمانان بەهەوڵەکانیان گەلانی ئەفریقی بەشارستانی دەکەن و دەسەڵاتی ئەدەبییان بەسەردا دەکێشن، هەرچی ئەوروپییەکانن کە بەشەرقدا دەگەڕێن چ وەك وڵاتگر و چ وەك بازرگان هیچ شوێنەوایکی هەژموونی ئەدەبییانی تێدا بەجێ ناهێڵن.

بەکورتی ئەوروپییەکان بە پەروەردە و سیستم و بیروباوەڕە ئاینیەکانیان ناتوانن بەخێرایی کار لە رۆژهەڵاتیەکان بکەن، مێژووی نوێی ژاپۆن نابێتە بەڵگە لەدژم، لەبەرئەوەی ئەم کتێبە جێی ئەوەی تێدا نابێتەوە بەدرێژی باسی نەتەوەیەك بکرێ گە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز لە پلیکانەی شارستانێتیدا، تەنیا هێندە دەڵێم: بابای ژاپۆنی بەوەی بەیەك تەکان رووی لە داهێنراوەکانی ئەمڕۆ کردوە، یاسا بنچینەییەکان و بیروباوەڕ و ئەخلاقی خۆی نەگۆڕیوە، نموونەی وەك ئەو میرە دەرەبەگە وایە دابەزیوەتە گۆڕەپانی ژیان و فێری راکێشانی قاتیرە و بەکارهێنانی تۆپهاوێژ بووە بەبێ ئەوەی میزاجی عەقڵی بگۆڕێ، بەڵام ئەو گۆڕانە کەمە رووکەشەی لە ژیانی دەرەکیی ژاپۆنیدا رووی داوە جێگیریی ژیانی ناوەکیی ئەوی لە چاوی ئەوروپی شاردۆتەوە.

بەهەرحاڵ ئەو وڵاتانەی دەمانەوێ ئیستیعماریان بکەن کاتێ فەتحمان کردن خاوەن شارستانێتیەکی وەك شارستانێتی رابردووی ژاپۆن نەبوون، لەبەرئەوە دەڵێین ئومێدەکانمان بۆ تواندنەوەی هەر گەلێك و ناچارکردنی بە بەفەرەنسیبوون بریتییە لە وەهمێکی ترسناك، با لێگەڕێین خەڵکی کۆلۆنیەکان بە عادات و سیستم و یاساکانی خۆیانەوە بژین و هەوڵ نەدەین بە سیستمە ئیدارییە ئاڵۆزەکەی خۆمان ئیلزامیان بکەین، با تەنیا ویصایەمان بەسەریانەوە هەبێ، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە ژمارەی فەرمانبەرانمان لە کۆلۆنیەکاندا کەم بکەینەوە، ئەوانەیش دەمێننەوە داوایان لێبکەین بەوردی لە سروشتی دانیشتوانی کۆلۆنیەکان و دابونەریت و زمانیان بکۆڵنەوە، واتە بیانخەینە بارێك تێیدا بتوانن ئەو هەژموونەی پێویستیانە بەدەستی بێنن.

پرنسیپەکانی ئەو چاکسازیەم بەکورتی باس کرد لەبەر باوەڕم بەوەی هیچ سوودی نابێ، چونکە رای گشتی کاتێکی زۆری دەوێ تا بەدەست بێ، جا لەبەرئەوەی لە پرنسیپە سیاسیەکانی ئێستا پێکدێ کە پێچەوانەی ئەو پرنسیپانەن باس کران، رێچکەبەستنێکی رای گشتییە کە بەزاندنی زەحمەتە. هەستیش لەو رووەوە سیاسەتی ادغاممان بەسەردا دەسەپێنێ کە لەپێناو جێبەجێکردنیدا ماڵ و پیاوانێکی زۆر لەدەست دەدەین، لۆژیکی عەقڵی هیچ کاریگەریەکی لەو سیاسەتەدا نیە، کە ئەو لۆژیکە تا پاش ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، چونکەتەنیا مسیبەتەکانن دەتوانن بەرچاوی خەڵك، کە دڵیان پڕە لە وەهم، روناك بکەنەوە.

ئێمە –بەدڵی پڕ خەمەوە– ئەم پرسیارانە دەکەین: ئایا کارێکی راستە لەسەر سەرلێشێواوییە ترسناکەکەمان بەردەوام بین لەپێناو بەدیهێنانی هەندێ خەونی وەهمیدا، هاوشێوەی بیروباوەڕە ئاینییەکان

كه باوباپیرانمان خوێنی زۆریان لەپێناویاندا رشتوە؟ ئایا عەقڵ قبوڵ دەكات لەنێو پیاوانی سیاسیماندا كەسانێك هەبن باوەڕیان بە راستیی پەیامەكەمان بۆ بەخشینی جۆرەكانی بەختەوەری بە گەلان هەبێ، با ئەو گەلانە پێیشیان رازی نەبن؟ ئایا دروستە زۆر لە زانایانی ئابووری پێیان وابێ دەكرێ میزاجی دەروونیی گەلان —بۆ نموونە وەك میزاجی عەرەب— بگۆڕدرێ لەرێی گۆڕینی سیستمی خێزانییان و هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی لە گوند و شارەكانیاندا رێپێدراوە؟

با كەمێك بیر لەو نەگبەتییان بكەینەوە كە پرنسیپەكانمان لەبارەی مرۆڤایەتی بەسەریدا هێناوین، هەر بەناوی ئەو پرنسیپانەوە خوێنێكی زۆرمان بەخشی بۆ رزگاركردنی ئەو گەلانەی ئەمڕۆ بوونەتە دوژمنمان، هەر بەناویانەوە دەمانەوێ گەلانێكی دڵنیا و ئارام ناچار بە بەفەرەنسیبوون بكەین، ئایا لەوە جگە لە رقی گەلانی جیاواز بەرانبەرمان و دوژمنایەتیكردنیان بۆمان، هیچمان بەدەست هێناوە؟

گەشتیاری فەرەنسی سەرسوڕمانێكی گەورە دایدەگرێ كاتێ كۆلۆنیەكانمان بەجێدێڵێ تا بە كۆلۆنییە ئەوروپییەكانیتردا بگەڕێ، كە سیاسەتی وەك سیاسەتی ئێمە لە كۆلۆنیەكانمانیان تێدا پەیڕەو ناكرێ، دەبینێ ئینگلیزەكان موستەعمەرەی هیند كە دانیشتوانەكەی ٢٥٠ ملیۆن كەسە، بە هەزار فەرمانبەری ئینگلیزی و لەشكرێك كە لە شەست هەزار سەرباز تێناپەڕێ، بەرێوە دەبەن، كەچی دەبینێ لە هیند نۆكەند دەكەنەوە و بە هیلّی ئاسنین و كاریتر دایدەپۆشن بەبێ ئەوەی داوای یەك دانق لە ئینگلتەرە بكەن، بەڵێ ئەو ملیۆنان هێندییە هیچ لە سیستمی هەڵبژاردنی گشتی نازانن و ئەنجومەنە گشتیەكان و سیستمە ئاڵۆزەكانی ئێمەیان بەخۆیانەوە نەدیوە و لە پەرلەمانی بەریتانیا نوێنەریان نیە نوێنەرایەتییان بكات، بەڵام خۆیان بەپێی نەریتە كۆنەكانیان و لەژێر ویصایەی ژمارەیەكی كەم فەرمانبەری ئینگلیزدا كە تا بتوانن دەست لە كاروبارەكانیان وەرنادەن، خۆیان بەرێوە دەبەن.

ئاخۆ ئەو هیندیانە لە خەڵكی كۆلۆنیەكانی ئێمە كڵۆڵترن كە لەسەر دەستی لەشكرێك فەرمانبەر و بەگوێرەی یاسا و دابونەریتەكانمان كە بۆ ئەوان دانەنراون، بەرێوەیان دەبەین؟ كێ دەیەوێ با سەردانی ئەو ژمارە كەمەی گوندەكانمان لە هیند بكات تا ببینێ سەدان فەرمانبەری فەرەنسی بەرێوەیان دەبەن كە هیچ خەمێكیان نیە جگە لە قڵپكردنەوەی سیستمە هیندییە كۆنەكان، هەروەها لەئاكامی پیادەكردنی سیستمەكانمان لەسەریان فەوزا و شەڕی ناوخۆ جێگەی ئاشتی گرتۆتەوە، پاشان با بچێ بۆ وڵاتی هیند كە لە یەكەم ساتدا هەست دەكات بابای هیندی بەچاوی مەزنی تەماشای گەورە ئینگلیزەكانی دەكات و فەرمانبەری ئینگلیزی بەكەمی نەبێ دەست لە كاروبارە گشتی و تایبەتەكانی هیندیەكان وەرنادات، رێز لە سیستم و ئەخلاق و دابونەریتەكانیان دەگرێ و لە ئازادییەكی راستەقینە بەهرەوەریان دەكات، نەك ئازادیەكی وەهمی وەك ئەوەی خەڵكی كۆلۆنیەكانی ئێمە لێی بەهرەوەرن، ئەگەر بمتوانیایە سەرجەم

فەرەنسیەکان ناچار بکەم ئەم گەشتە بکەن، کەسیان نەدەما هەمان رای منی نەبێ و وازمان لەو پرنسیپە دەهێنا کە دەڵێ پێویستە گەلانی بێگانە بەیاساکانمان پابەند بکەین.

پێویستە سووکایەتی بەو بنەمایانە نەکەین، ئەوانە رواڵەتی بەهای باڵای نوێن هاتوون تا جێگەی وەهمە دینیەکانمان بگرنەوە کە لەدەستمان داون، بەڵکو پێویستە لەسەرمان بزانین تەنیا گەلە بەهێزەکان مافی ژیانیان هەیە لەو شەڕە ئابووریەی ئێستا جیهان وردە وردە بەرەو رووی دەچێ. هەروەها بزانین ئایندەی وڵاتەکەمان بە وەهم قایم و قۆڵ نابێ، بەڵکو بە پەنابردنمان بۆ تەویلەی وەهم و خەیاڵ ئەو ئایندەیە لەدەست دەدەین.

## بەشی پێنجەم

## رێگە نوێکانی کۆلۆنیالیزم

رێگەکانی داگیرکردن کە نەتەوەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا گرتونیانەتەبەر بۆ دوو بنەما دەگەڕێنەوە، رۆمان سەرەتا تەنیا یەك شێوازی هەبوو بۆ داگیرکردن، کە بریتی بوو لە شکاندنی گەلان بەهێزی چەك و بەتاڵانبردنی گەنجینەکانی و فرۆشتنی رۆڵە بەهێزەکانی وەك کۆیلە، باقی خەڵکەکە بەهێواشی زاوزێیان دەکرد تا بۆشاییەکەی پێشوو پڕ بکەنەوە و دەوڵەمەند ببن، جا ئەوکاتە رۆمان جارێکیتر گەنجینەکانی لێ دەسەندن، بەڵام رۆمانەکان لەکۆتاییدا دەرکیان بەوە کرد ئەو رێگەیە زۆر سوودیان پێ ناگەیەنێ، لەبەرئەوە لە سەرەتاکانی سەردەمی ئیمپراتۆریدا رێگەیەکیتریان داهێنا کە لەسەر وەبەرهێنانی دانیشتوانی وڵاتە فەتحکراوەکان دامەزراوە لەڕێی شەکەتکردنیانەوە بە سەرانە، بەڵام هێندەیان بۆ بەجێدێڵن بەشی ژیانیان بکات.

چەندین سەدە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر ئەم رێگەیەدا نەهات، هەروەها ئەو پەیوەندییە باشانەی لەئەنجامی ژیرانە پەیڕەوکردنیدا لە نێوان شوێنکەوتوو و شوێنکەوتە (تابع و متبوع)دا دروست دەبێ سەردەکێشێ بۆ ئاڵۆزکردنێکی گەورە بەهۆی ئەوەی هێزی داگیرکەر ناچار دەبێ بەرگری لە وڵاتە داگیرکراوەکان بکات لەدژی ئەو نەتەوانەی رکابەری دەکەن، پاشان ئەوە پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی رێکخراو و ژیرانە هەیە، ئەگەر بەڕێوەبردنەکە خراپ بێ هێزە داگیرکەرەکان تەنیا رق و تووڕەیی خەڵکی داگیرگەکان (کۆلۆنیەکان) و بەردەوامیی نائارامی و ناڕەزاییەکانیان بۆ دەمێنێتەوە.

ئەڵمانەکان رێگەیەکی سێیەمیشیان بۆ ئەو دوو رێگەیە زیاد کرد کە زۆر زرنگانەیە، ئەویش ئەوەیە ئەوان تەنیا بەروبومی کۆلۆنیەکان بچنەوە و ئەرکی بەڕێوەبردن و بەرگری لێکردنیان بۆ بێگانەکان بەجێبێڵن، ئەڵمان پاش ئەوەی ئەرکی داگیرکردنی کۆلۆنیەکان و پارێزگاری لێکردنیان بۆ نەتەوەکانیتر بەجێدێڵن، تێیداندا نیشتەجێ دەبن و ئیستیغلالیان دەکەن وەك  کە ئێستا لە مەراکیش وادەکەن، واتە ئەوان مرواریەکە دەبەن و گوێچکەماسیەکانبش بۆ داگیرکەرانی کۆلۆنیەکان بەجێدێڵن.

پیادەکردنی ئەم رێگەیە پێویستی بە هەندێ بەرزەسیفەت (مزایا)ی ئەخلاقی و باشتربوون لە بواری پیشەسازی و بازرگانی هەیە کە بەس بێ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرجەم رکابەرەکان، بەهۆی پەروەردەی تەکنیکی ئەڵمانەکانەوە، ئەو باشترییەیان بەدەست هێناوە و خەریکە بڵێین بەزاندنیان ئەمڕۆ ئاستەمە، ئینگلیز خۆیان لە بەگژاچوونەوەیان لادەدەن، بچنە هەر جێیەك وردە وردە ژمارەیان زیاد دەبێ و دەست بەسەر پیشەسازی و بازرگانیدا دەگرن و زۆر نابات دەبنە سەرگەورە.

بەم رێگەیە لە ماوەی کەمتر لە بیست ساڵدا بوون بە خاوەن پێگەیەکی گرنگ لەو ناوچە کەناریەی پێی دەوترێ (کوت دازور) و بەو رووداوە مێژووییە مەزنانە بەناوبانگە کە تێیدا روویان داوە، ئێستا رۆڵیان لە

سنووری دوو سەد کیلۆمەتردایە و ئەو رۆڵە رۆژانە زیاتر دەبێ، ئەڵمانەکان سەرەتا کەوتنە دەستگرتن بەسەر پیشەسازیی هۆتێلەکاندا لەو ناوچەیە، تا کەوتە دەستیان. ساڵی ١٩٠٦ لە (مانتو) لە بابەتەکەم کۆڵیەوە، بینیم هۆتێلەکانی کە ژمارەیان ٢٢ دانەیە هەزار کارگوزاریان هەیە، لەوانە (٣٥٠)یان ئەڵمانی و (٥٠)یان فەرەنسی بوون. لە (کوت دازور) هۆتێلێکم نەدۆزیەوە فەرەنسیەکان بەڕێوەی ببەن جگە لە چەند ماڵێکی پلە نزم.

ئەو کۆنترۆڵکردنە ئەڵمانییە، کە مایەی سەرسامییە لە دڵی ئەوانەی بەراورد لەنێوان دۆخی ئێستای (کوت دازور) لەگەڵ دۆخی رابردوویدا دەکەن، زیاتر بۆ هۆیەکی ئابووری دەگەڕێتەوە تا بۆ کارامەیی ئەڵمانەکان لە کاروباری هۆتێلسازیدا، ئەو ئەڵمانیەی پێش جەنگی ١٨٧٠ هەژار بوو، ئێستا پاش پێشکەوتنی لە جیهانی پیشەسازیدا، زەنگین بووە.

کەواتە بابای ئەڵمانی رەنج دەدات و دەوڵەمەند دەبێ، دوای کارێکی زۆر دێ بۆ (کوت دازور) تا پشوو بدات و کات بەسەر ببات و پاشان ناوبەناو هەندێ لە بەرهەمە دروستکراوەکانی بفرۆشێ و بازرگانی بە زەوی دەکات و...هتد.

لەو رووەوە هۆتێلسازی –نەخاسمە ئەوەی ئەڵمانی بەڕێوەی ببات– قازانجی زۆرە، خەونی هەر بەڕێوەبەرێکی یەکێك لە هۆتێلە ئەڵمانیەکان ئەوەیە هۆتێلێکی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێ، هەرکات ئەو بەڕێوەبەرە لێوەشاوەیی سەلما، یەکێك لە بانکەکانی (هامبۆرگ) یان هیتر پارەی دەدەنێ تا هۆتێلێکی پێ دابمەزرێنێ.

بانکە ئەڵمانیەکان کارگەکان چەندە پارەیان پێویست بێ بەقەرز دەیاندەنێ، لەکاتێکدا خاوەن بانکەکانی ئێمە هەوڵ دەدەن چاوی جەماوەر لەسەر ئەو جۆرە کارگانە وەربگێڕن تا پارە بەقەرز بدەنە دەوڵەت و رووبکەنە کڕینی کاغەزی دارایی بیانی، کرێی کرێکارانی خاوەن کارگەکانمان زۆر دەبێ بەرێژەیەك، ئەویش ئەو کاغەزانەیە[٩]، هیچ دەوڵەتێك –بۆ نموونە وەك دەوڵەتی ڤەنزویلا و دەوڵەتی هایتی– زەحمەتی نابینن لەگەڕان بەدوای هەندێ بانکی فەرەنسیدا کە ئامادەن بۆ تەرویجکردن بۆ قەرزلێکردنیان، ئەوەیش ئەوە ناگەیەنێ خاوەن بانکەکان لە ئەڵمانیا لە خاوەن بانکەکان لە فەرەنسا نیشتمانپەروەرترن، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ ئەوان باشتر ئەو شوێنانە دەزانن کە پێویستە پارەیان تێدا قەرز بکرێ، بۆیان گێڕامەوە بەڕێوەبەرێکی هۆتێل لە (مۆنتی کارلۆ) ٦٠٠٠ فرەنکی پاشەکەوت کردوە، خاوەن بانکێکی دۆزیوەتەوە ٢٠٠ هەزار قەرزی لێ کردوە، بەو برە پارەیە هۆتێلێکی کڕیوە کە پاش پێنج ساڵ فرۆشتویەتیەوە بە یەك ملیۆن فرەنك.

---

[٩] ئەو پێنج بانکەی لە پاریس کە تەرویجی قەرزە روسیەکەیان پێ سپێردرا کە ١٢٠٠ ملیۆن فرەنك بوو هەشت لەسەدی ئەو چەردەیەیان پێ بڕا، واتە ٩٦ ملیۆن، ئێمە خەمبارین بە چوونی ئەو پارانە بۆ ئەڵمان کە بۆ تازەکردنەوەی ئامێرە پیشەسازیەکانمان پێویستمان پێی بوو، چونکە رووسەکان ئەوەی پێویستیانە لە کەرەستەی جەنگی و ئامێری پیشەسازی و کەرەستەی دەریایی لێیان دەکڕن.

چەند ساڵێك لەمەوبەر حساباتی دوو هۆتێلی ئەڵمانیم لە (مانتون) بینی، کە لە یەکتر نزیکن، بینیم یەکەمیان ساڵی ١٩٠٤ بڕی ٣٩٧٤٤٤ فرەنك و دووەمیان لەو ساڵەدا ١٦٧١٥٣ فرەنکی قازانج کردوە، گوژمەی لەو جۆرە بەهیچ کانێکی ئاڵتون بەدەست نایەت، ئای چ گەورەیە ئەو خزمەتەی پیاوێکی بلیمەت پێشکەشمانی دەکات، کە فێرمان بکات فەرەنسا چ گەنجینەیەکی تێدایە و بێگانە وەبەری دێنێ، لەباتی ئەوەی هانمان بدات بۆ کۆچکردن بۆ شوێنە دوور دوور و چۆڵ و هەژارە تادارەکان! . بۆچی پێش لەوەی هەوڵی کۆلۆنیکردنی کۆنگۆ و مەدەغەشقەر بدەین بیر لە سوودبینین لە گەنجینەکانی فەرەنسا ناکەینەوە؟.
ئەو شەمەندەفەرەی تازە پێی گەڕامەوە فەرەنسا یەکێك لە پیرانی فەلسەفەی لە ئەڵمانیا تێدا بوو، منیش تێبینیەکانی پێشووم بۆ باس کرد و داوام لێکرد رای خۆی بەبێ خاترگرتن دەربڕێ، بۆ ئەوەیش دڵنیای بکەمەوە کەوتمە کڕوزانەوە بۆ دۆخی خراپی ئەڵمان کە قەیسەرێکی تاکڕەو و چاوچنۆك رابەرایەتی دەکات، فەیلەسوفەکە زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:
"مێژوو پێمان دەڵێ قەیسەرەکانی وەك ناپلیۆن و سیللا لە زەمەنێکدا دەردەکەون کە پەرتەوازەیی بڕستی لە نەتەوە بڕیبێ، لەبەرئەوە خەمی ئێمەتان نەبێ کە لەژێر سایەی هەندێ قەیسەردا دەژین کە تاکڕەویەکی کەمیان هەیە، خەم بۆ خۆتان بخۆن کە بەرەو لای قەیسەرەکانی پوکانەوە دەچن کە پەنایان بۆ دەبەن تا لەو پاشاگەردانیەی باڵی بەسەرتاندا کێشاوە رزگارتان بکەن، ئێمە قەیسەرێکی قەدرگرانی خۆشەویستی وەك قەیسەری خۆمانمان بەلاوە باشترە لە قەیسەرەکانی رێکەوت کە لە ئایندەدا لە وڵاتەکەتان سەرهەڵدەدەن.
دەی! ئێمە چیمان داوە لە باسی قەیسەرەکان. با لە بابەتە ئابووریەکان بکۆڵینەوە کە لە (کوت دازور) سەرنجی راکێشاون، گەیشتومەتە تەمەنێك وام لێدەکات لە پەرەسەندنی ئەڵمانیا لەکاتی جەنگی حەفتاوە ئاگەدار بم، وەك سەرنجتان داوە پەروەردەی تەکنیکی و هەندێ سیفەتی ئەخلاقی هۆی پێشکەوتنی ئەڵمانیان لە جیهانی پیشەسازی و بازرگانیدا، هەرچی زیرەکییە —کە کەم روودەدات لەناو رۆڵەکانی وڵاتەکەمدا زۆر بێ— هیچ کاری لەم پێشکەوتنەدا نیە، مرۆڤی ئەڵمانیی خەیاڵی وجودی نەماوە، تۆ ئێستا نایبینی کاتی خۆی بە موناقەشە فەلسەفیەکانەوە بەسەر ببات، بەڵکو دەیبینی سەرقاڵە بە دامەزراندنی کارگە و بانك و بەندەر و هەر شتێك رەوتی خێرا بکات، ئەو کاتەیشم دیوە تێیدا مرۆڤی ئەڵمانی هەژار بوو و خواردنی گۆشتی بەلاوە کەمالیات بوو و لە پلەی سێیەمدا گەشتی دەکرد، شەو لە هۆتێلە نزمەکاندا دەمایەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەڵمانی دەبینم دارا و خۆشگوزەرانە، ئەویش وەك هەموو ئەوانەی تازە نیعمەتیان بەسەردا دەبارێ بێئابڕوو و رەق بووە، من دان بەوەدا دەنێم بەکارهێنەرانی هێڵەکانی شەمەندەفەرتان هەقیانە لە زبریی ئەڵمانەکان بێزارن کە نەرمی شارستانێتییە پێشکەوتوەکەی ئێوەیان بەخۆیانەوە نەدیوە. ئەمە بێگومان ناتەواوییەکە، بەڵام هیچ لە بەرزە سیفەتەکانی مرۆڤی ئەڵمانی کەم ناکاتەوە. ئەڵمانی پێگەی

یەکەمی هەیە بە ئامێر و سیستم و پەروەردە تەکنیکیەکەی، وا ئێستا لەناو ماڵەکانی خۆتاندا توند تەنگتان پێ هەڵدەچنێ و پیشەسازیەکانتان یەك لەدوای یەك قووت دەدات وەك پیشەسازیی بەرهەمە کیمیاویەکان و ئاوێنە بینراوەکانی وێنەگرتن، ترازووە وردەکان و کەرەستەکانی کارەبا و...هتد، بۆ خۆلادان لە بەربەستە گومرگیەکانیشتان –کە پاش ماوەیەکیتر ئیتر هیچ سوودیان نابێ– دەستی داوەتە دروستکردنی کارگە لە وڵاتەکانتاندا.

کەواتە ئەوەی لە (کوت دازور) دەیبینن هاوشێوەی لە شوێنیتریش دەبینن، ئێستایش هەوڵ دەدەین مەراکیش کۆلۆنی بکەین وەك کە جوانترین ناوچەمان لە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست کۆلۆنی کرد، راستیەکەی مەسەلەی مەراکیش کە رۆژنامەکانتان هیچیان لەبارەوە نەزانی زۆر سادەیە، ئێمە نامانەوێ ئەو وڵاتە بگرین و پارەیەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە خەرج بکەین، بەڵکو شەرەفی ئەوەمان بۆ ئێوە بەجێهێشت و تەنیا دەتانترسێنین لەوەی رێگەمان نەدەن بازرگانی لەگەڵدا بکەین، ئەرکی ئەڵمانیا نیە بچێتە قوڕگی جەنگێکەوە تا بەو ئامانجە بگات، بەڵکو بۆ ئەوە تەنیا ئەوەی بەسە هەڕەشەتان لێ بکات، چاوەڕوانی ئەو رۆژەیش دەکات بیرۆکەی نیشتمان لەسەر دەستی ئەو پیاوانەتان کە داوای ئاشتی و بەسەربازنەکردن و خۆپڕچەك نەکردن دەکەن، لەناوتاندا بپوکێتەوە، تا جەنگتان لەدژ رابگەیەنێ، ئەوکاتە پێویستی تەنیا بە کۆششێکی کەم دەبێ تا داواکانی بەسەرتاندا بسەپێنێ.

لەڕووی بازرگانی و پیشەسازیەوە لە ئینگلتەرە ناترسین، بەڵکو ئەو لەو دوو رووەوە لە ئێمە دەترسێ، رەنگە بەگژاچوونەوەیشی بۆ ئێمە شتێکی حەتمی بێ.

ئێمە نامانەوێ وڵاتێکی وەك مەراکیش زەلیل هەراسان بکەین، چونکە هامبرگ چیتر پێویستیەکانمان پڕ ناکاتەوە و پێویستمان بە بەندەرێکی جەنگیی بازرگانیی گەورە هەیە، چاومان بەڕاست و چەپدا گێڕا لەنزیکی خۆمان جگە لە بەندەی (ئەنفرس)مان نەدی کە بەو شێوەیە بێ، سەرباری زۆریی ماڵە بازرگانی و پرۆژە دەریایی و بانکەکانمان لە (ئەنفرس) پێمان وایە ئەوە لە بەندەرێکی لەو شێوەیەدا لەنزیك ئینگلتەرە بەس نیە، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتە بازرگانیەکەمان دەسەڵاتی سەربازیشمانی لەگەڵ بێ، بەلجیکیەکان ئەو چاوتێبڕینانە دەزانن، سیاسیی ناسراو مسیۆ (ئەدومن بیکار) لە وتارێکیدا لە پەرلەمانی بەلجیکی بەدرێژی باسی کرد. ئێمە نکولی لەوە ناکەین بەلجیکا بەیەکگرتنی لەگەڵ هۆڵەندا دەتوانێ نەمانی دووا بخات، بەڵام نەیزانی دواجار نەتەوە بچوکەکان شوێنێکیان لەژێر خۆردا نیە.

بەدڵنیاییەوە ئینگلیز بەحوکمی سروشت بەرەنگاری ئەو دەستبەسەرداگرتنە دەکەن و جەنگمان لەدژ رادەگەیەنن، بێگومان ئێوەیش دەچنە پاڵیان، بەڵام لەبەرئەوەی ئێوە ئەوکاتە لە ئەمڕۆ لاوازتر دەبن پێدەچێ رۆڵتان تەنیا دابینکردنی خەرجی ئەو جەنگە وێرانکەرە بێ. تا ئەوکاتەیش ئەو جەنگە بەرپا دەبێ دەبینین کێشە ناوخۆیی و سیاسیەکانتان بڕستتان لەبەر دەبڕن، نالێبوردەیی و مەیلتان بۆ چەوساندنەوە

گەیشتۆتە ئاستێك سەرجەم نەتەوە ئازادەکان رقیان لێتان بێ، وادیارە ئەوەی لای نەتەوە لاتینیەکان ماوە تەنیا هەستی رق و کینە و حەسوودییە، وا دێتە بەرچاوم ئێوە بۆ نزمترین پلە دادەبەزن لەکاتێکدا پێشتر پلە یەك بوون، وا دەبنە نەتەوەیەکی لاواز کە باج باری سەرشانی قورس کردوە و هیچیی نەماوە جگە لەو ماڵەی هەوڵی هێشتنەوەی دەدەن.

ئێوە بۆ ئەوەی رێگە لە داخزانتان بگرن پێویستە واز لە کینە سیاسی و ئاینیەکانتان بێنن و شێوازەکانی پەروەردەتان بگۆڕن و گیانی هەرەوەزیتان تێدا بێ، ئێوە بە خاوەن هونەر و شۆڕەسواری دەربڕین ماونەتەوە، ئەم جۆرە سیفەتانەیش ئەگەرچی لە رابردوودا بەسوود بوون بەڵام وایان لێهاتووە هیچ رۆڵێکیان لە رەوتی زانست و پیشەسازی و ئابووریی ئێستادا نیە، میتۆدە تەکنیکیەکان لە جیهانی نوێدا باون، ئەو میتۆدانەیش چ لە کاروباری جەنگ و چ لە کاروباری پیشەسازیدا وردیەکیان گەرەکە بەبێ کاری سیستماتیك و بەردەوام و کۆڵنەدان و پشوودرێژی بەدەست نایەن، وادیارە بێزەبتی و ناوردی لای نەتەوە لاتینیەکان هەر دەمێنن، تەماشای پیشەسازییە گەشاوەکەتان بکەن تا ببینن چۆن لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پیشەسازی و میتۆدەکانی ئێمە بەچەند ساڵێك لە خەبات کۆڵی دا، هەروەها هێزی دەریاییتان بەحاڵ ماوە، دابەزینی نرخی پشکەکانی کۆمپانیا دەریاییەکانتان لە کاتێکدا نرخی پشکەکانی کۆمپانیا دەریاییەکانی ئێمە بەرز دەبێتەوە، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە.

بەڵگە ئینسانی و ئاشتیانەکان رۆڵێکی گەورەیان لە وتارەکانتاندا هەیە، دەسەڵاتی سۆشیالیستیەکانیش لەسەر ئەوانە دەوەستێ، بەڵام ئەوان لە خواستە باوەکانی ئابووری لە جیهان لەم سەردەمەماندا کاریان چییە؟ کاریان وەك پاڕانەوەی خەڵکی ناپۆلییە لە گڕکانی (فیزۆڤ) تا رێگە لە هەڵچوونی بگرن، بەڵام گڕکان بەخوێندنی نزا دانامرکێ، بەهەمان شێوە خواستەکانی ئابووریی باڵادەست بەسەر نەتەوەکانیشدا بەکاریگەریی وتاردان رێڕەویان ناگۆڕن، ئەوەتا ئەڵمانیا خەریکە ژمارەی کوڕی زۆر دەبێ لەکاتێکدا ئێوە ژمارەی کوڕتان کەمە، هەروەها زۆر بەرهەم دروست دەکات کە پێویستیان بە بازاڕ هەیە بۆ فرۆشتنیان، مەحاڵە ئەوەیشی لە ئایندەی نزیکدا بۆ بکرێ، چونکە جیهان بچوك بووەتەوە و دەستمان لە رۆژهەڵات بەربوو کە ژاپۆن لەڕووی ئابووریەوە دەستی بەسەردا گرت، لەبەرئەوە چاومان بۆ لای دراوسێکانمان وەردەگێڕین، چی لە خۆمان زیاد بێ لە کاڵا دروستکراوەکانمان و لە رۆڵەکانمان هەناردەیان بۆ دەکەین بۆ ئێوە، ئەمڕۆ چاوەڕوانی ئەو ئایندە نزیکە دەکەین کە تێیدا بەهۆی ئەو دابەشبوون و فەوزایەی لەناوتاندایە بەتەواوی لاواز دەبن و ناتوانن لەدژی ئێمە بەرگری بکەن، سوننەتەکانی مێژوویش ناگۆڕێن، چارەنووسی لاوازەکان راماڵینانە لەبەردەم بەهێزەکاندا، هیچ پێشکەوتنێك بەبێ ئەوە نەکراوە، هیچ شتێك بەسەر گوتەکەی (برینوس)دا نەهاتووە کە بەر لە دوو هەزار ساڵ درکاندی و بوو بە پەند کە دەڵێ: "قوڕ بەسەر دۆڕاو!".

ئەوە قسەکانی ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانییە بوو، دەکرێ وەڵامی بۆچوونەکانی بدەینەوە، بەڵام وەڵام چ سوودێکی هەیە لەبەردەم بیروباوەڕی مرۆڤدا کە بەڵگە کاری تێناکات؟ لە پاریس نزیک بووینەوە و هەستم بەوە دەکرد قسەکانی ئەو فەیلەسوفە شتێك راستییان تێدایە، بەڵام من تەنیا بەدەم زەردەخەنەوە شانم بۆ جوڵاند و ئەو هەستەم کرد کە هەر گەشتیارێك لەکاتی نزیککەوتنەوە لە شیوێکی تاریك هەستی پێدەکات.

## دەروازەی شەشەم

# پەرەسەندنی پاشاگەردانی و

# بەگژاچوونەوەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی

## بەشی یەکەم

## پاشاگەردانیی کۆمەڵایەتی

کونسوڵ (مارسیوس سنسورینوس) کەسێکی ئاشتیخواز و هەواداری هیومانیزم نەبوو، بەڵکو لەوانە بوو نەفسیەتی دوژمنانی دەناسی، کاتێ لە دەروازەکانی قرتاجە نزیك کەوتەوە دەوڵەمەندترین شاری جیهانی کۆن و گەشاوەترینیان بوو لە هونەر و بازرگانی و ئاشتیخوازاندا. پاش ئەوەی (سنسورینوس) سوودەکانی ئاشتی بۆ ئەوانە باس کرد و نەفرەتی لە ماڵوێرانیەکانی جەنگ کرد، ئەنجا وەك دەرەنجام پێی وتن: "چەکەکانتان دابنێن و بیاندەنە دەست من، رۆما ئەرکی پاراستنتان دەگرێتە ئەستۆ"، ئەوانیش بەگوێیان کرد، پاشان پێی وتن: "کەشتییە جەنگیەکانتان بدەنە من، چونکە زۆرن و مەسرەفیان زۆرە، چونکە پاش ئەوەی رۆما بەڵێنی دا لەدژی دوژمنانتان بەرگریتان لێبکات، ئیتر هیچ سوودێکیان نیە"، خەڵکە بەستەزمانەکە ئەوەیشیان بەگوێ کرد، جا وتی: "ملکەچکردنەکەتان جێی سوپاسە، تەنیا ئەوە ماوە داوای قوربانیدانێکیترتان لێ بکەم ئەویش ئەوەیە رۆما —بۆ رێگرتن لە هەر یاخیبوونێك— فەرمانی پێکردم قەرتاجە وێران بکەم، رێگەتان پێدەدات لە هەر شوێنێکی بیابان کە خۆتان هەڵیبژێرن نیشتەجێ ببن بەو مەرجەی هەشتا پلە لە دەریاوە دوور بێ"، ئەوکاتە قەرتاجنەییەکان مەترسی رێبازی ئاشتییان زانی و بێهوودە هەوڵیان دا بەرگری لە خۆیان بکەن، قەرتاجە بەدانیشتوانەکەی ناویەوە سووتێنرا و ناوی لە مێژوودا نەما.

ئەو چیرۆکە زۆر پەندی تێدایە، پێم وابێ پاش مانگرتنەکەی فەرمانبەرانی پۆستە بەخەیاڵی سەرۆك وەزیرانیشماندا هاتووە، ئەو وتارەی لەبەردەم پەیکەری (گامبتا) پێشکەشی کرد ئەم گومانەی بۆ هێنام، کە تێیدا وتی: "هەق تەنیا بۆ بەهێزەکانە، ئایندە تەنها بۆ خاوەن بوێری و هەڵمەتەکانە، هەر کۆمەڵگەیەك خاتری فەرمانبەرانی یاخیبوو بگرێ شایانی سووکایەتی سەرجەم خەڵکە، سەرکوتکردنی یاخبوونەکەیان زەرورەتێکە سەلامەتیی نەتەوە دەیخوازێ".

خۆشبەختانە ئەم لەهجەیە دژ بە لەهجەی گەورە بەرپرسێکیتر بوو کە بۆ چارەسەری یاخیبوونی فەرمانبەران و هەرەشە و گورەشەی کرێکاران و مانگرتن و وێرانکارییان تەنیا ئەم رستە تەمومژاویەی درکاند "پێویستە حساب بۆ ئەوە بکرێ کە رووی دا، پێویستە پیاو کوڕی کاتی خۆی بێ و پشت بە چینی کرێکاران ببەستێ". قسەکەیشی بە تکاکردن لە کابەردەستان کە بە "بەختەوەران" وەسفی کرد، کۆتایی پێهێنا کە بەبەخشندەیی مامەڵە لەگەڵ کرێکاران و فەرمانبەران بکەن. ئەم زمانە لە رواڵەتەکانی فەلسەفەی نوێیە کە داوای خۆشەویستیی مرۆڤایەتی دەکات، کە زیاتر شایستەی ئەوەیە —وەك جۆرج سورێل دەڵێ— ناوبنرێ "فەلسەفەی دووڕوویی و ترسنۆکی".

لە وەڵامی کرێکاران و فەرمانبەرانیش بۆ ئەم قسەیە بێئاگا نین، هەرکات هەست بکەن دەسەڵات لێیان دەترسێ لە سووکایەتی و هەڕەشەکردندا پێی لێ رادەکێشن، لە کەمترین بەرەنگارییکردنی دەسەڵاتدارانیشدا پەنا بۆ مانگرتن و تێکدان و سوتاندن دەبەن، جێی داخە ترس بەسەر پیاوانی حکومەتدا زاڵە، ئاشکرایشە هەر ترسە سوپاکانی شکاندوە و زەمینەی بۆ شۆڕشەکان ساز کردوە.

قسە دروستەکانی سەرۆك وەزیرانی پێشوو کاریگەریی گەورەیان دەکرد ئەگەر لە رۆژانی مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستەدا بیوتایە، ئەوکاتە بەرگریکردن ئاسان بوو، ملکەچکردن بۆ ئەو یاخیبووانە هیچ بەرهەمێکی نەبوو ئەوە نەبێ وای لێکردن هەست بەهێزیی خۆیان بکەن و سووکایەتی بە پیاوانی حکومەت بکەن، چونکە حەشامات —وەك میکیافیلی دەڵێ— سوپاسگوزاری ئەوە نابن شتێکی بەزۆر لێ وەربگرن. قسەکەی (میکیافیلی) لەبەر کۆنیەکەی لەبەرچاو نەگیرا، لە سەرەتادا رێگەی ملکەچکردن گیرایەبەر، هەر زوو رۆژنامەی رەسمی هەواڵی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی پۆستەی بڵاو کردەوە، بەڵام کاتێ داواکانیان زۆر بوون حکومەت ناچار بوو رایبگەیەنێ کە لە ملکەچکردن بەردەوام نابێ.

پاشان فەرمانبەرانی پۆستە داواکانیان زۆر بێڕەوشتانە و بە هەڕەشەکردنی چەندبارە لە حکومەت بە مانگرتن دەربڕی، کاتێ فەرمانبەرانیتریش بینییان سەرکەوتن یاوەری سیاسەتی هەڕەشە و گوڕەشەیە، ئەوانیش دەنگیان هەڵبڕی و داواکانیان راگەیاند، کە جێبەجێکردنیان پێویستی بە دووقاتکردنی بودجە و لێرەیشەوە دووقاتکردنی باجەکان دەکرد.

بێگومان پیاوانی پەرلەمان و وەزیرەکان بەکەمی نەبێ گوێ بە ئەنجامەکانی لاوازییان نادەن، ئەوان دەزانن لەکاتی دەرکەوتنی ئەو ئەنجامانەدا ئیتر جڵەوی حوکمڕانی ناگرنە دەست، بەڵام کاتێ ویست و داواکان بەخێرایی زۆر بوون ناچار بوون بۆ مودارای رای گشتی هەندێ بەرەنگاری لە خۆیان پیشان بدەن.

وەنەبێ مانگرتنی دووەمی فەرمانبەران بێسوود بووبێ، با جەماوەر بەراورد لەنێوان مانگرتنەکانی پۆستە و هێڵی ئاسنیندا بکات، تا بزانێ چی لەژێر سیستمی سەندیکاییدایە و ئیتر با مەردانە لەبەرانبەر سەرجەم شۆڕشگێڕاندا رابوەستێ.

پێویستە بزانین چۆن چاونەترسانە بەرگری لە خۆمان بکەین، چونکە ترس هۆی سەرجەم ئاشوبە خوێناویەکان و ئەو تاکڕەوییە فیکرییەیە لێی دەکەوێتەوە، ئایا فەرمانبەرانی پۆستە و مامۆستایان ئەوەیان دەوت کە لە رۆژنامەکان بڵاویان کردەوە ئەگەر دڵنیا نەبوونایە لەو ترسەی وتارەکانیان دروستی دەکەن؟ ئایا دروستە رێگە بە فەرمانبەرانی دەوڵەت بدرێ بنەما نانیشتمانیەکان بڵاو بکەنەوە و ئەو رێبازە لەناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە کە داوای چەکداماڵین و بەسەربازنەکردن دەکات، واتە بە لەبەریەك هەڵتەکاندنی پایەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین؟. ئایا بێدەنگبوون راستە لەئاست زۆر لەو مامۆستایانەی بەو وشانە گوزارشت لەناو ناخیان دەکەن کە یەکێك لە راسپێراوەکانیان لە مەجلیسێکی گشتیدا بەم شێوەیە شەکری

شکاندوە: "من بۆ رزگارکردنی نەداران داوا دەکەم مامۆستایان ببنە ئەندام لە کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران، هەروەها رق لە چینی ناوەڕاست لە دڵی منداڵاندا بچەسپێنرێ".

کارێکی بێهوودەیە مشتومڕ لەگەڵ خەڵکانێکی سەرلێشێواو بکەین کە هەندێ سەرکردە چاوی دڵیان کوێر کردوون، ئەو خەڵکانە کە زۆر باسی ستەمدیدەیی دەکەن لەڕاستیدا سەر بە تاقمێکی نایابن لە رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست، لەو شتە سەیرانەی بەرگوێمان کەوت ئەوە بوو سەرۆکی مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستە دەیوت گوایە ئەو لە نەدارانە، لەکاتێکدا مووچە ساڵانەکەی دەگاتە شەش هەزار فرەنك، هەروەها لەگەڵ ئەوەی مووچەی خانەنشینیەکەی لانیکەم سێ هەزار فرەنك دەبێ، ئەگەر رێبازی سەندیکایی سەربکەوێ مووچەی ئەو جۆرە فەرمانبەرانە وەك مووچەی بچوکترین کرێکاری لێدێ.

لەکاتی مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستەدا شتێکی سەیرمان دی، ئەویش ئەوە بوو بەشێك لە حکومەت لە بەشەکەیتری یاخی بوو، ئەی حکومەتی وڵات لە چ شتێك پێکدێ؟ حکومەت تەنیا لە پەرلەمان کە یاسا دادەنێ، یان تەنیا لە کابینەی وەزارەت کە فەرمان بەجێبەجێکردنی یاساکان دەکات، پێکنایەت، بەڵکو لە یەك ملیۆن فەرمانبەریش پێکدێ کە راستەوخۆ یاساکان جێبەجێ دەکەن و دەسەڵاتی راستەقینە لەنێوانیاندا دابەش بووە، ئەگەر ئەو فەرمانبەرانە بەیداخی یاخیبوون بەرز بکەنەوە دەوڵەت لەناو دەچێ، ئەگەر بکرێ دەست لە وەزیرەکان هەڵبگیرێ ئەی چۆن دەست لە فەرمانبەرانی حکومەت هەڵدەگیرێ کە ژمارەیان دەگاتە یەك ملیۆن؟ گۆڕینیان بە هیتر زەحمەت نیە، ئەگەر مرۆڤ پێویستی بە کۆششی ساڵانێکی زۆر هەبێ تا ببێتە میکانیکی یان ئاسنگەرێك، بەڵام تەنیا هەوڵی چەند هەفتەیەکی دەوێ تا ببیتە سەرۆکی دیوان یان فەرمانبەری پۆستە یان باجگرێك، ئەگەر لەنێو ئۆردوی فەرمانبەراندا کەسانێك هەبن —وەك فەرمانبەرانی تێلیگراف— کە کارەکەیان پێویستی بە هەندێ شارەزایی هەیە لە میکانیکدا، بەڵام ئەوانە ژمارەیان کەمە.

(ئیبکتیت) دەڵێ: "ئەوەی پیاوان نیگەران دەکات ئەو بۆچوونانەیە بەدەوری شتەکاندا دەسوڕێنەوە، نەك شتەکان خۆیان". بەم جۆرە گوتەیە گوزارشت لە مەترسیەکانی ئێستا دەکات، ئەم مەترسییانە لە شتەکان خۆیاندا نین، بەڵکو لەو وەهم و بیرکردنەوانەدایە کە بەدەوری ئەو شتانەدا دەسوڕێنەوە.

وەهمەکانن نەتەوەکان دادەمەزرێنن و دەیانخەن، مێژوو سەلماندویەتی بۆ لەقکردنی ئەو دەسەڵاتەی هەندێ وەهم هەیانە پێویست بە هەڵگیرساندنی چەندین جەنگ دەکات، کە چەندین سەدە دەخایەنن و وەك روبار خوێنیان لەبەر دەڕژێ. گوزەرانی کرێکاران لە هیچ سەردەمێکدا لەم سەردەمە باشتر نەبووە، هیچ کاتێکیش وەك ئێستا کرێکاران بێزارییان دەربڕیوە، گونجاندن لەنێوان بەرژەوەندیەکاندا قورس نیە، بەڵام ئەوەی گونجاندن تێیدا ئاستەمە بریتییە لە رق و کینە و حەسودی کە سیاسیەکان لە حەشاماتدا

وەشاندویانە، بەهۆی پەتای دەروونیەوە بێزاری بووەتە دیاردەیەکی گشتی و سۆشیالیزم و سەندیکایی و ئاژاوەگێڕی بوونەتە تریاکی سەرجەم نەخۆشیەکان.
ئەو گرووپیانەی لەم ڕێبازانە تێرن لە تێکەڵەیەك لە پەرۆشانی سەرچڵ، دەمارگیرانی بەجۆش و خرۆش، دەرچووانی تووڕەی قوتابخانەکان، ئاشقانی گرینۆکی مرۆڤایەتی و لەشکرێك لە گێلە پیاوان کە هەرکەس بانگیان بکات شوێنی دەکەون، پێکدێ.
بیروباوەڕە نوێکانی وەك سۆشیالیزم و سەندیکایی و ئانارشیزم لەسەر ئەو شێوەیە دادەمەزرێ کە شوێنکەوتوانی ئایندەی پێ دەبینن، ئەم شێوەیە بەو وەهمەی تێیدایە فاکتەرێکی بەهێزە لە ڕەوت و جوڵەدا.
زێدە هەڵمەتی حزبە شۆڕشگێڕەکان زادەی ترسنۆکیی کاربەدەستانە کە ماشەڵا پرنسیپێکی شوومیان لە مرۆڤایەتیدا هەیە، ئەنجامەکانی ئەو لاوازییەیش وا لەبەرچاوان دیارە، لەکتێبێکدا کە سەرکردەی سۆشیالیست مسیۆ (جۆرج سورێل) بڵاوی کردۆتەوە و ناویناوە "ڕامان لە سیاسەتی توندوتیژی"، هاتووە: "گەورەترین فاکتەر لە سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا بریتییە لە لاوازیی حکومەت، سەرانی سەندیکایی پێویستیان بە کاتێکی زۆر نەبوو تا دەرك بەوە بکەن، ئەوانە کرێکاران فێر دەکەن داوای مینحە و بەخشیش بۆ ڕۆڵەکانی چینی ناوەڕاست نەکەن، بەڵکو پێویستە داواکانیان بەسەر ئەو چینەدا فەرز بکەن، ئەویش بەپشت بەستن بە هیچ و پووچیی ئەو چینە، سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیش لەسەر هیچ و پووچیی چینی ناوەڕاست دامەزرابێ کە لەئاست هەڕەشە و گوڕەشەدا ملکەچ دەبێ، بەحەتمی ئەو بۆچوونە بڵاو دەبێتەوە کە دەڵێ ئەو چینە چارەنوسی مەرگە و لەناوچوونی ئەگەر ئەمڕۆ نەبێ سبەی ڕوودەدات".
چەندە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان هەست بە ترس لە دڵی کاربەدەستاندا بکەن هەڕەشە و گوڕەشەیان زیاد دەکات، بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئەو پرۆگرامە تازەیەیە کە "حزبی کانتۆنی سینی سۆشیالیزم" بڵاوی کردۆتەوە و تێیدا هاتووە: "حزب بۆ بەردەوامیی خەباتی خۆی —کە تا زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگە و سیستمی سەرمایە کۆکردنەوە و دەستگرتنی نەداران بەسەر ماددە و ئامێرەکانی بەرهەمهێناندا کۆتایی نایەت— سەرجەم ئامرازەکانی کارکردن بەکار دێنێ، لە بەشداریکردن لە شەڕەکانی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی مانگرتنی گشتی و هاندان بۆ یاخیبوون".
پرسیاری ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بەدیهاتنی خەونەکانیان لەو دڵڕەقە دەمارتوندانە ناکەین، چونکە ئەوان دوورتر لە لوتی خۆیان نابینن و جگە لە تێکدان بیر لە هیچیدی ناکەنەوە، لەکاتێکدا ئەگەر خواوەندێکی شەڕخواز بەیەك گوژمە سەرجەم ئاواتە شۆڕشگێڕانەکانی بهێنایەتە دی و کۆمەڵگەی بەگوێرەی هەوا و ئارەزووی ئەو سەندیکاییانە بگۆڕیایە، ئەوا بەشی کرێکار ئەوکاتە لەوەی ئێستا خراپتر دەبوو.

شۆڕشگێڕەکان گرنگی بە ئایندەی دوور نادەن و بایەخیان لە گرتێبەردانی عەوامدا قەتیس بووە، زۆرجاریش لەوەدا سەردەکەون، سۆشیالیستە دەستووریەکان هەڵە دەکەن لەوەی گومانیان وایە ئەوان ئەوە دەقۆزنەوە، هەروەها زۆر بەهەڵەدا دەچن کاتێ پێیان وایە بەهەندێ بەخشیش کە ئەوان بایەخیان پێنادەن، تووڕەیی فەوزەویەکان هێور دەکەنەوە وەك کڕینی هێڵی ئاسنین و سەپاندنی باج لەسەر داهات. ئایا هیچ گومان لەو لایەنەدا هەیە کە ئاپۆرای کرێکاران رووی تێدەکەن، ئاخۆ روو لە دانەرانی ئەو ریفۆرمە بەتاڵانە دەکەن یان لە سەندیکا شۆڕشگێڕەکان، کە پێشنیاریان تەنیا وێرانکردنی کۆمەڵگەیە لەڕێی شەڕێکی ناوخۆوە.

جگە لە فاکتەرە ئابووریەکان کە لێرەدا لێیان ناکۆڵمەوە یەك فاکتەری رۆشن هەیە لەوەی چینەکانی کرێکاران روو لە شۆڕشگێڕەکان دەکەن، حەشامات دوودڵ نابن لە هەڵبژاردن لەنێوان کاربەدەستانی ترسنۆك کە لەبەردەم هەموو هەڕەشەیەکدا سەر شۆڕ دەکەن، لەگەڵ ئۆتۆکراسیەتی کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران، واتە بەغەریزەی خۆی روو لەو لایەنە دەکات کە دەسەڵاتی بەهێزی پێوە دیارە و هیچ شتێك نایلەخشێنێ.

نکوڵی ناکەین لەوەی سەندیکایی شۆڕشگێڕی چ هێزێکی گەورەی هەیە، سەندیکایی شۆڕشگێڕی ئاپۆرای کرێکاران کە لەژێر جەوریدا دەناڵێنن بەهەندێ شێوە هەڵدەسوڕێنێ کە تاکڕەوترینی تاکڕەوەکان نایانکەن، ئەگەرچی پیاوانی کەمدوون، بەڵام دەزانن چۆن لەلایەن بەڕواڵەت یاخیترین حەشامات لە سیستمەوە گوێڕایەڵی دەکرێن، ئەوان وتارە درێژەکان بۆ دڵلاوازان بەجێدێڵن و بەکەمتر لەوە رازی نابن کە چاوساغی رەوت و جوڵەیان بن، لیژنەیەکی گشتییان هەیە رێنمایی و فەرمان بە مانگرتن دەردەکات، فەرمانی مانگرتنیش لەڕێی راسپێراوێکەوە بەکرێکاران رادەگەیەنێ بەبێ ئەوەی لەسەری بێ هۆکان روون بکاتەوە، هەر کرێکارێك سەرپێچی فەرمانی مانگرتن بکات هاوڕێکانی ئەیکوژن، کێمان هەیە بەسەرهاتی ئەو عەریفە نەزانێ کە وێرای لە (هیر سیرانج) بەشوێن جلەکەیدا بگەڕێ پاش ئەوەی سەندیکا دەریکرد، ئەگەر پۆلیس فریای نەکەوتایە و لە دۆخێکی پەرێشاندا لە دەستی هاوڕێکانی قوتاریان نەکردایە کوژرانی مسۆگەر بوو، کرێکارێکی توتنیش هەمان چارەنووسی هەبوو کە بە مووچەیەکی زیاتر لەوەی سەندیکا بڕیاری دابوو رازی بووبوو.

فەرمانەکانی لیژنەکە ئەگەر لەوپەڕی گەمژەیی و نادروستیشدا بن گوێڕایەڵی دەکرێن، ئەوە بوو کرێکاران لە (هازبروك) بەفەرمانی راسپێراوێکی سەندیکا چەندین مانگ لە مانگرتن بەردەوام بوون، هۆی مانگرتنەکەیش ئەوە بوو یەکێك لە بەڕێوەبەرانی کارگەی دروومان ویستبووی ئامێرە کۆنەکانی بگۆڕێ بە ئامێری پێشکەوتووتر کە دە ساڵە لە ئەمەریکا بەکار دەهێنرێن. ئەگەر ئامێرە ئاسنینەکان پێشتر دانەهێنرانایە گومانم هەبوو ئێستا، کە باری دەروونی و لاوازیی کاربەدەستان بەو شێوەیە دەبینم، دابهێنرانایە.

نموونەی لەو جۆرە گرنگە بۆ ئەوانەی باوەڕیان وایە جەماوەر توانای بیرکردنەوەی عەقلانی هەیە، بێگومان باشتربوونی سەرانی یەکێتیی کرێکاران لە دەرککردنیاندایە بەوەی حەشامات عاقڵ نابێ و تەنیا بەگوێی کەسانی خاوەن هێز و هەژموون دەکات، ئەوان وا ئەمڕۆ سیستمی هەڵبژاردنی گشتی ڕەت دەکەنەوە و داوای مافی کەمینەکان دەکەن، واتە مافی خۆیان، وەختێکی زۆر تێناپەڕێ تا بابەتی ئەو مافە کەمە دیموکراسییە تەواو دەبێ و حەشاماتیش ڕەزامەندانە نەك بەزۆر پێی ڕازی دەبن.

مەترسی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان تەنیا لەو توندوتیژیەدا نیە کە دەیسەپێنن، بەڵکو لەو فەوزا دەروونیەدایە کە بەکاری پەتا لەنێو سەرجەم چینەکانیشدا بڵاو دەبێتەوە، هەر بە پەتا فەرمانبەرانی پۆستە مانیان گرت، کاسەلێسانی شارەوانیی لیۆن مانیان گرت، مامۆستایان یاخی بوون و سەندیکاکانی فەرمانبەران دامەزران و...هتد.

حکومەتیش لەو ڕووەوە مل بۆ هەڕەشە کەچ دەکات وای لە یاخیبووان کرد باوەڕیان وابێ ئەو ڕێگەیە بەسە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، لەو ڕووەیشەوە بەرژەوەندییە ناکۆکەکان پەرلەمانتارانیشی پەرت کردکە لە هەر یاخییەکدا دەنگدەرێکیان دەبینی، لەبەرئەوە خواستەکانی ئابووریيان پشتگوێ خست و کەوتنە دانانی یاسای جیاواز بەگوێرەی ویستی یاخییان، ئەگەرچی ئەو یاسادانەرانە بەداخن بۆ تاڵانکردنی کارگەکان و کوشتنی سەربازان و هەڵتەکاندنی پیشەسازیەکان، بەڵام پێیان وایە بەسینەفراوانی و گیانی لێخۆشبوونەوە مامەڵە لەگەڵ یاخییان بکرێ، واتە بەدانانی هەندێ یاسا کە پێیان وایە بەسن بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر کار بەرەزامەندانە و بێوەییانە و لێخۆشبوون لەوانەیش لەکاتی مانگرتندا خەڵکیان کوشت و کارگەکانیان سوتاند.

بەم شێوەیە بارێکی دەروونی مەترسیدار بەسەر پەرلەمان و چینی ناوەڕاستدا دێ، سەردەکێشێ بۆ ئەو فەوزایەی بەدەستیەوە گرفتارین. مسیۆ (ریمۆن پوانکارە) لە وتارێکی بەنرخدا ئاماژەی بۆ ئەنجامەکانی ئەوە کرد، تێیدا وتی: "بەردەوام نکوڵی لەو سەرابە دەکەین کە ش–سۆشیالیستەکان دەڵێن بەدیهێنانی دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ لە یەکسانیی تەواو و پشووی تەواو بەهرەوەر بێ، بەڵام ئایا ئێمەیش بەبێ ئەوەی هەست بکەین کارەکەیانمان بۆ ئاسان نەکردون؟ بەڵێ ئێمە گاڵتە بە خەیاڵپڵاویەکانیان دەکەین و ناڕەزایی لەدژی سیاسەتە چەواشەکارەکەیان دەردەبڕین، بەڵام بە پێبەخشینی جۆرەها دیاری هەوڵ دەدەین هەڵچوونیان دابمرکێنینەوە".

ئێمە خەمبارین کە هەر ئەم بەرپرسە سیاسییە خۆی کارێکی کرد بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی ئەو بارە دەروونییە زاڵە کە لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێدا، لەگەڵ ئەوەی هاوڕێکانی لە ئەنجومەنی پیران پشتیان بەو بەست لە شکستهێنان بە پرۆژە مەترسیدارەی باس لە کڕینی هێڵە ئاسنینەکانی غەرب دەکات، بەڵام نائومێدی کردن و وازی لە خەبات هێنا. لەوەوە دژیەکیەك لەنێوان قسەکانی کاربەدەستان و ڕەفتاریاندا

دەبینین، سەرۆك وەزیرانێکمان دی لە وتارێکیدا ناڕەزایی لە دژی "وڕێنەی تاوانکاریانەی سەندیکاکان" دەربڕی، پاشان زانیمان "وازی لە یارمەتیدانیان بەپارەی نەتەوە نەهێنا لەکاتێکدا بانگەوازی خەڵکیان دەکرد بۆ پرنسیپی بەسەربازنەکردن".

لە سیفەتەکانی نەتەوە لاتینیەکان لەم کاتەدا لەدەستدانی ئیرادە ودابەزینی ئەخلاقە، وەك زانراویشە نەتەوە مەزنەکان بە دابەزینی ئەخلاق لە مێژوو دەسڕێنەوە، نەك بە دابەزینی زیرەکی.

ڕووداوەکان –جگە لە هۆ دیار و ڕاستەوخۆکانیان– کۆمەڵێ هۆی شاراوەیشیان هەیە، ئەوەیش لەو درەختە شاراوانە دەچێ کە لەپشت نەمامە دیارەکانەوەن، لەو توندوتیژییە جێسەرنجەی لەو قەیرانە سیاسیانەی ئێستادایە کۆمەڵێ فاکتەریدی پەیدا دەبن، واتە ئەوانە ناونیشانی تێکچوونی قووڵن لە دەروونەکاندا.

هێندە بەسە مرۆڤ چاو بە دەوروبەریدا بگێڕێ تا بزانێ لەم کاتەدا هەڵوەشانەوە تووشی سەرجەم هێزە ئەدەبیەکان بووە کە بڕبڕەی شتی نەتەوەن: قەیرانێك لە خێزاندا کە خەریکە لەبەریەك هەڵدەوەشێ و تاکەکانی بەخاوی زیاد دەکەن، قەیرانێك لە پێداویستیەکاندا کە لەگەڵ کەمکردنی ئامرازەکانی بەدەستهێنانیاندا زیاد دەکەن، قەیرانێك لە دەسەڵاتدا کە کەس ڕێزی ناگرێ، بنەمایەك لە یەکسانیدا کە دژی هەرچی باشترینێکە، قەیرانی ئەخلاق کە کزبوونی زۆربوونی تاوانی لێدەکەوێتەوە، قەیرانێك لە ئیرادەدا کە تادێ لاواز دەبێ، قەیرانێك لە فەرمانبەراندا کە هەموو ڕۆژ یاخی دەبن، قەیرانێك لە دادوەراندا کە ناوێران دادپەروەری بەرقەرار بکەن، قەیرانێك لە مامۆستایاندا کە فەوزا فێری قوتابیان دەکەن، قەیرانێك لە سەندیکاکاندا کە تووڕەیی و بێزاری دەبەخشنەوە و داوای ڕقبوونەوە لە نیشتمان و سوپا و سەرمایە و تواناکان و...هتد دەکەن.

ئەگەر تەماشای پلیکانەی کۆمەڵایەتی بکەین، دەبینین سیستم لەناو دەچێ و بنەمای دەسەڵات لەسەرجەم پلەکانیدا نامێنێ، جێگەی داخیشە سەرکردەکان تەنیا بە خۆبەدەستەودان وەڵامی ئەم کەوتنە دەدەنەوە، هەروەها ئەوانەی لە ڕابردوودا بکە و نەکەیان بەدەست بووە تەنیا بیر لە سەرکزی و ملکەچکردن دەکەنەوە.

مامۆستای مێژوو لە سۆربۆن مسیۆ (ئولار) نموونەیەکی نوێی لەسەر ئەم دۆخە ڕۆحییە هێناوە، شیاوتر بوو مسیۆ ئولار لەباتی ئەو گردۆڵکە کاغەزە نادروستانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە شۆڕشی فەرەنسی کۆی کردنەوە، ئەو نموونەیە بکاتە بەڵگە لەسەر ڕۆحی حەشامات.

ئەو مامۆستایە کە شەیدای چاکییەکانی حەشامات بوو ناچار بوو سندوقەکەی لە یەکێك لە وێستگە گەورەکانی پاریس دابنێ تا ڕۆژی دووەم داوای بکاتەوە، کاتێ هاتەوە بۆ وەرگرتنی بینی لە شوێنی دانانەکەدا چوار حەماڵ بەهێمنی دێن و دەچن، ئەو چوار کەسە بەسیمایدا وا تێگەیشتن ئەو لەو گەشتیارانە نیە کە ئومێدی دەسکەوتنی بەخشیشیان لێ دەکرێ، لەبەرئەوە بەبێ گوێپێدانی لە پیاسەکرنەکەیان

بەردەوام بوون، کاتێ ئۆقرەی لەبەر برِا سکالآی بردە لای سەرۆکی حەمالّەکان، ئەویش دانی پێدانا کە راست دەکات، ئەوەیشی وت کە دەسەلآتی بەسەر ژێردەستەکانیدا نیە و تەنیا ئەوەندەی پێدەکرێ خۆی سندوقەکەی بداتەوە و تەنیا تا بەردەرگای وێستگەکە بۆی بگوێزێتەوە، دوای ئەوەی حەمالّەکان زانییان چی کراوە لە سەرۆکەکەیان توورِە بوون کە لە دەسکەوتنی بەخشیشێکی کەم بێبەشی کردون و پرِ جوێنیان کرد و هەرِەشەیان لێکرد سندوقەکە لەجێی خۆی دابنێتەوە، ئەویش بەداوای لێبوردنەوە ملکەچیان بوو.

دەزانم نابێ پشت بەقسەی مامۆستایانی بکرێ کە کاریان زیاتر دەتوانن کۆکردنەوەی بەلّگەنامەیە شەرحکردن و پەند لێ وەرگرتنیان، بەلآم ئەمە رێگر نیە لەوەی باوەرِ بەو رووداوە بکەین کە ئەوانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە بەدرۆیان نەخستۆتەوە، رۆژانەیش شتی لەو جۆرە روودەدات.

فەوزای کۆمەلآیەتی تەنیا لەنێو چینە نزمەکانی کۆمەلّگەدا ناقەومێ، بەلّکو بەکاری پەتای دەروونی لەنێو موحافیزەکارانیشدا روو دەدات، مەترانی پاریس خۆی کرد بە برای یەکێك لە سەرانی کۆمەلّەی یەکێتیی کرێکاران، لە کۆنگرەیەکی کاسۆلیکیدا یەکێك لە قەشەکان بەحەماسەوە بەرگری لە مافی مانگرتن کرد، واتە لە یاخیبوونی فەرمانبەران، لە رۆژنامەی "تان"دا هاتووە: "لەنێو قەشەکاندا کەسانێك هەن بەرگری لە نزمترین پرنسیپەکان کە زۆر رقیان لە کۆمەلّگەیە و گەورەترین فەوزا دەنێتەوە، دەکەن".

لە مەیلیاندا بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی سووك و بێنرخ لای عەوام هیچ جیاوازی لەنێوان سۆشیالیستە پەرِگیرەکان و موحافیزەکاندا –کە پێویستە پارێزەری کۆمەلّگە بن– نیە، ئەو رۆژنامەیە نووسی: "موحافیزەکاران یارمەتی لەبەریەك هەلّوەشاندنی سیستمی کۆمەلآیەتی دەدەن کە لە هەرکەسێتر زیاتر سوودی لێ دەبینن، ئەگەر باش لە شتەکە تێبفکرانایە دەیانزانی لەم جۆرە هەولّدانەیان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی سیاسییان لە وەهمدان، چونکە سەندیکایی و شۆرِشگێرِەکان سوودیان لێ دەبینن بەبێ ئەوەی هیچیان پێ ببەخشن".

بلآویی پاشاگەردانی لای ئێمە بە بلآوبوونەوەی پرنسیپە نانیشتمانیەکان دەردەکەوێ، وەزیرەکانمان لە وتارەکانیاندا کە تێیاندا ستایشی مامۆستایان و ئوستادانی زانکۆ دەکەن لە روالّەتی کەسێکدا دەردەکەون کە باوەرِی وایە بازنەی بلآوبوونەوەی پرنسپە نانیشتمانیەکان کە داوای بەسەربازنەکردن و چەکداماڵین دەکەن، زۆر سنووردارە، مەبەستیان لە خستنە وەهم و شاردنەوەی راستیەکان چییە؟ ئایا چاکبوونەوە لە شاردنەوەی نەخۆشیدایە؟

مسیۆ (ریمۆن پوانکارە) سەرباری حەزەرەکەی، لە وتارێکدا کە تازە پێشکەشی کرد، دوودلّی نەکرد لە روونکردنەوەی تیراوێبوونی نەخۆشیەکە، ئەوە بوو پاش ئەوەی باسی ئەوەی کرد ئەو نانیشتمانییانە کە

رازی نین بەرگری لە فەرەنسا بکەن دژی بێگانە بەحەماسەوە بانگەشە بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی ناوخۆ دەکەن تا حزبەکەیان سەربکەوێ، وتی:

"ئایا مسیۆ (هێرڤی) پیاوێکی سروشت شاز و لە شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزووەکانیدا نامۆی؟ گەڕانمان بە یاداشتەکانی هەندێ لە کۆنگرەکاندا پیشانمان دەدات بەداخەوە ئەو لە بیرکردنەوە و تەرزی دەربڕینیدا تەنیا نەبووە، ئێمە زیادەڕەوی لە کاریگەریی ئەودا ناکەین، بەڵام نامانەوێ بە ئینکاریکردن ئەو کاریگەرییە لەناو ببەین. لەکاتێکدا مسیۆ (هێرڤی) بە وتارەکانی شتە حەرامەکان پێشێل دەکات دەبینن (بیبل) لە ریشتاگدا دەڵێ: "دڵنیا بن ئەگەر ئەڵمانیا هێرشی بکرێتە سەر سەرجەم رۆڵەکانی نیشتمان چەك هەڵدەگرن و بەرەو رووی دوژمن هێرش دەبەن، چونکە نیشتمان نیشتمانی خۆمانە، سوێندتان بۆ دەخۆم بەرگری لێدەکەین تا لەناودەچین یان سەردەکەوین".

چۆن لەئاست زمانی ئەو سۆشیالیستە فەرەنسییە و زمانی ئەو ناکەین ئەڵمانیەدا قسەکەی (ئیدگار کینی)مان بیر ناکەوێتەوە کە دەڵێ: "ئەگەر فەرەنسا بوو بە ئینتەرناسیونال، دەبێتە دەسکەلای ئارەزووەکانی سەرجەم نەتەوەکان".

بەڵێ پێویستە ئەم پەیڤە لەبەر بکەین، چونکە نانیشتمانیبوون لەم سەردەمەی ئێمەدا و لەو ئەوروپایەی تێیدا دەژین هیچ نیە جگە لە گزی و فزی و تەنیا بۆ دورگەیەکی وەهمی دەست دەدات کە رابردووی نەبێ — وەك ئەوەی (فالديك روصو) باسی کردوە— لە ناوەڕاستی دەریایەکی گەورەی نەناسراودا، کە هێندە بەپیتە بەشی ژیانی دانیشتوانەکەی دەکات، بەڵام هەژارە، هەژاریەك پەرۆشیی کەس لەناویدا نابزوێنێ.

مێژوو زۆر نموونەمان لەبارەی چارەنووسی ئەو نەتەوانەی کەوتونەتە فەوزا پیشان دەدات، بەڵام تەنیا هەندێ شتی رابردوومان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەوانەیە بەسەر ئێستادا پیادە نەبێ، لەبەرئەوە لە کاروبارەکانی ئێستا دەکۆڵینەوە و دەڵێین: ئەمەریکای باشور بیست و پێنج کۆماری ئیسپانی تێدایە، بەسەرنجدانیان تێدەگەین دۆخی ئەو نەتەوانەی دەکەونە فەوزا چی بەسەر دێ پاش داماڵرانیان لە رەوشتەرزی و ئاسایش و سیستم. ئەو کۆمارانە لە قۆناغی هەمەجیەت نزیك کەوتنەوە، ئەگەر بێگانە دەستیان بەسەر پیشەسازی و بازرگانیەکەیدا نەگرتایە بەتەواوی دەچوونە ناو ئەو قۆناغە، لەناویاندا باندی چەکدار دەبینی بێپەروا تۆوی دووبەرەکی و خراپە دەوەشێنن تا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن و جڵەوەکەی رادەستی سەرۆکەکەیان بکەن، دەسەڵاتی ئەو سەرۆکەیش زۆر ناخایەنێ، چونکە هەر زوو باندی خراپەکاریتر سەرهەڵدەدەن و دەیکوژن، بەم شێوەیە تادووایی.

بەم پوختەیەی خوارەوە کە هەندێ رۆژنامە بڵاویان کردۆتەوە، دەزانین ژیانی کۆمەڵایەتی لەو کۆمارانەدا بەچی گەیشتوە:

"تێلیگرافە ئەمەریکیەکان پێمان دەڵێن کۆماری (نیکاراگا) کەوتۆتە حاڵەتێك لە پاشاگەردانی کە پاساوە بۆ دەستوەردانی ویلایەتی یەکگرتووەکان لە کاروبارەکانیدا، باس لەوە دەکەن کۆماری ناوبراو لەدژی سەرۆکەکەی (زیلایا) راپەڕیوە و هێشتا خۆپیشاندانەکان لە شەقامەکانی (ماناگا) و (کورنیتو) بەردەوامن کە خەڵك بەتفەنگ شەڕ دەکەن، هەروەها ترسی ئەوە هەیە زیندانیيانی سیاسی کە لە زیندانەکاندا جێگەیان نابێتەوە بکوژرێن، بەجێهێڵران تا لەبرسا بمرن، چەندین لیژنە پێکهێنران بۆ رێگرتن لە راکردنی سەرکۆمار، لە (راما) سەرکەوتن یاوەری لایەنگرانی سەرۆکە، کە ژەنراڵ (فاسکیز) زۆر لە یاخیبووانی کوشت.
ویلایەتە یەکگرتووەکان سوور دەبێ لەسەر سزادانی سەرۆك (زیلایا) کە لەڕووی جینائیەوە رێساکانی مافە نێودەوڵەتیەکانی پێشێل کردوە و رازی نابێ مەکسیك لە قایمکردنی پایەکانی ئاشتی لەوێ لەگەڵیدا بەشدار بێ تا پاش سزادانەکە".
پێمان سەیرە ئەو خەڵکە ناچار بە جێبەجێکردنی گرێبەندەکانیان دەکرێن، چونکە رێزگرتنی گرێبەند پێویست بەوە دەکات ئاستێکی باڵا لە شارستانیبوونیان تێدا بێ کە تێیاندا نیە، ئێمە خوازیارین ویلایەتە یەکگرتووەکان باڵ بەسەر ئەو کۆمارانەدا بکێشێ تا ئاستی رۆڵەکانیان بەرز بکاتەوە، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەوەی توانی لە چەند ساڵێکدا وڵاتی (کوبا) بگۆڕێ بۆ وڵاتێکی بەختەوەر لەکاتێکدا لەژێر باری گرانی ئەو پاشاگەردانیەی لە حوکمی ئیسپانیەوە کەوتبووەوە دەیناڵاند، سەلماندی سیستم و ئاسایش چ نیعمەتێکی گەورەن.
بەدیدی ئێمە نەتەوە لاتینیەکان کارێکی باش دەکەن ئەگەر بیر لە نموونەکەی (کوبا) بکەنەوە، هەروەها لەوەی هەندێ سیفەتی ئەخلاقی لە لاتین لەناو دەچن، کە هیچ نەتەوەیەك بەبێ ئەوان نامێنێ.

## بەشی دووەم

## تەشەنەسەندنی تاوان

بڵاوبوونەوەی فەوزای کۆمەڵایەتی زیادبوونی تاوانی لێ کەوتۆتەوە، چاوگێڕان بەو وتوێژانەی بەم دواییە لە پەرلەمان دەربارەی تاوانەکان و سزای لەسێدارەدان کران بێسوود نابێ، کە پیشانمان دەدات خەتیبە زرنگەکان چەند بەئاسانی وڕێنە دەکەن کاتێ ڕێگە عاتیفیەکان دەکەنە چاوساغی خۆیان.

بەڵگەی جۆراوجۆریان هێنایەوە بۆ پاراستنی بکوژان لە سزای لەسێدارەدان، من لەنێویاندا بەڵگەکانی یەکێك لە نوێنەرە ئیشتراکیەکان دەخەمە روو، بەلای ئەوەوە تاوانەکان زۆر نابات بنبڕ دەبن "ئەگەر رۆڵەکانی وڵات لەژێر ئاسمانی خۆردا ئەوەیان دەست کەوت کە ئازادانە پێی بژین و لەلایەن سیستمی پارەداریی توندەوە ستەمیان لێ نەکرێ، کە لێی رزگار نەبوون". ئەگەر لە هێزی ئیشتراکیەکان بکۆڵینەوە دەبینین بریتییە لە گومانەبوونیان لەم جۆرە قسە قۆڕانە.

ئەمانەیش ئەو بەڵگانەن کە لە ئەنجومەنی نوێنەران دژی سزای لەسێدارەدان خرانە روو:

* سزای لەسێدارەدان زیانبەخشە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە ناپارێزێ و نابەرپرسان سزا دەدات.

* سزای لەسێدارەدان ئەخلاق راست ناکاتەوە و بۆ ئەوە ناگونجێ ببێتە پەند.

* سزای لەسێدارەدان تاوانێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە مرۆڤ مافی ئەوە نیە ژیانی یەکێکیتر لەناو ببات.

* سزای لەسێدارەدان جگە لە بنەمای تۆڵەکردنەوە بەهیچیدی تەفسیر ناکرێ.

* دەرکەوت زۆر لەوانەی لەسێدارە دراون شێت بوون، جا لەو رووەوە ئاسەوارەکانی شێتی بەگشتی تا پاش لەسێدارەدان نازانرێن، پێویستە ئەو سزایە هەڵبوەشێنرێتەوە لەترسی لەسێدارەدانی شێتێك یان پیاوێکی نابەرپرس.

* سزای لەسێدارەدان زیاتر ئەو کەسەی جێبەجێ دەکات ناشیرین دەکات تا ئەوەی بەسەریدا جێبەجێ دەکرێ.

* سزای لەسێدارەدان کاری لە رەوتی تاوانەکان لە وڵاتانی جیاواز نەکراوە.

بۆ سەلماندنی کاریگەرنەبوونی سزای لەسێدارەدان لەسەر رەوتی تاوانەکان پشتیان بە ئامارەکان بەستبوو، لەکاتێکدا تاوانەکانی کوشتن پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایە بەکردەوە ٣٠٪ زیادی کردوە، تاوانەکانیتر لە پێنج ساڵدا دووهێندە بوون، ئەمەی خوارەوە ئەو بەڵگەنامانەیە مسیۆ (بیر) سەرۆکی لیژنەی چاکسازیی دادوەری لە ئەنجومەنی نوێنەران خستنیە روو:

ئەگەر تەماشای ئەو تاوانانە بکەین کە ئەنجام دراون نەك ئەو تاوانانەی حوکمیان تێدا دراوە، دەبینین لە ساڵی ١٩٠١دا (٧٩٥) تاوان، لە ١٩٠٥دا (١٣١٣) تاوان و لە ساڵی ١٩٠٧دا (١٤٣٤) تاوان ئەنجام دراون.

کەواتە قسەکەی من راستە کە دەڵێم چەندە سزای لەسێدارەدان هەڵبوەشێنینەوە ژمارەی تاوان زیاد دەکات، بکوژان پاش ئەوەی دەزانن لەسێدارە نادرێن لە ئەنجامدانی تاوان بێخەم دەبن.
لەبەر زۆربوونی تاوانەکان بەم شێوەیە ئەنجومەنە گشتیەکان –جگە لە سیانیان– داوایان لە پەرلەمان کرد سزای لەسێدارەدان هەڵنەوەشێنێتەوە، داوایان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش کرد سزاکە جێبەجێ بکات.
ئەو وتاربێژە لە روونکردنەوەکەیدا پشتی بە رادەی ئەو ترسە بەست کە لەئەنجامی سزای لەسێدارەداندا بەسەر دڵی تاوانباراندا زاڵ دەبێ، هەروەها داننانی تاوانباران بەوەی لەترسی ملقرتێن خۆیان لە تاوان لاداوە، دیسان قسەی پارێزەران کە ئەرکی بەرگریکردن لە گوناهکارانیان گرتۆتە ئەستۆ.
پاڵنەری ئەو گەنگەشانە بریتییە لە مەسەلەی بەرپرسیارێتی "تەبیعە" کە ماوەی پەنجا ساڵە زۆر کاری لە رەوتی سزاکان کردوە و ئێستا بەنزیکەیی شتەکە روون بووەتەوە، چونکە مرۆڤ تووشی بەرپرسیارێتی نابێ مەگەر بەویست و هەڵبژاردن کارەکەی کردبێ (واتە مريد و مختار بێ)، زانا و فەیلەسوفان ئەمرۆ باوەڕیان بە بوونی ئیرادە و ئیختیار لە مرۆڤدا نیە، لەبەرئەوە پێیان وایە تاوانکار لە کارەکانی بەرپرسیار نیە.
مرۆڤ لەڕووی فەلسەفیەوە لە کردەوەکانی بەرپرسیار نیە، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لێیان بەرپرسیارە، کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بەفەتارەت نەچێ ناچارە بەرگری لە خۆی بکات و لەسەری نیە گوێ بە وردەکاریەکانی ئەودیو سروشت بدات، ئەگەرچی بەهرەوەرنەبوونی دزی بکوژ لە میزاجێکی عەقڵی هاوشێوەی میزاجی (پاستۆر) کاری ئەو نیە، مامەڵەی کۆمەڵگە لەگەڵی جیا دەبێ لە مامەڵەی لەگەڵ پاستۆر، هەروەها مەڕ لەگەڵ ئەوەی بەرپرسیار نیە لەو وەسفانەی پێی ناسراوە، بەڵام وەسفەکانی حوکمی سەربڕینی لەلایەن قەسابەوە بەسەردا دەسەپێنێ.
پەیبردن بە جیاوازی لەنێوان بەرپرسیاربوونی کۆمەڵایەتی و نابەرپرسیاربوونی فەلسەفی کاتێکی زۆری ویست، ئەو جیاوازییە لەو کۆنگرانەی بەستران بۆ لێکۆڵینەوەی روون بوویەوە، نەخاسمە لەو کۆنگرەی پزیشکانی شێتان ساڵی ١٩٠٧ لە جنێڤ گرێیان دا، لێرەدا پوختەی ئەو بۆچوونانەی تێدا وتران و (گورمون) بڵاوی کردونەتەوە، دەخەمە روو:
"پێویستە سزای شێتان و هاوشێوەکانیان بدرێ ئەگەر حورمەتی یاسا کۆمەڵایەتیەکانیان شکاند، جا توانای هەڵبژاردنیان هەبووبێ یان نەیانبووبێ، جا ئەگەر دروست بێ واز لە بنەمای بەرپرسیاربوونی ئەدەبی بهێنرێ ئەوا دروست نیە واز لە بنەمای بەرپرسیاربوونی کۆمەڵایەتی بهێنرێ، هەروەها ئەگەر تاوانکار تاوانێکی ئەنجام دا، هەست بەوە بکات یان نەیکات، ئەوا مەترسییە و پێویست دەکات لە کۆمەڵگە دوور بخرێتەوە، ئەگەر بەرپرسیاربوونی کۆمەڵایەتی نەبوایە هیچ شارستانێتیەك دانەدەمەزرا.
تەنیا پزیشکان و زانایانی سزاکان نین کە بەرگری لەم تیۆرانە دەکەن، بزانە مسیۆ (فاغیە) چی دەڵێ: "ئایا (سولیان) لەڕووی ئەدەبیەوە بەرپرسە؟ نەخێر، چونکە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ جۆرەکانی ئاژەڵ

لەڕووی ئاژەڵیبوون و نەبوونی سیخورمەی ویژدان و لەدەستدانی گوێپێدان، مرۆڤ بۆ ئەوەی وەك ئەوە بكات (سولیان) كردویەتی دەبێ خاوەن مۆخێكی شازی وەك مۆخی ئەو بێ، مۆخی (سولیان) لەبەر شازیەكەی پێویست بە بڕین دەكات.

سزای لەسێدارەدان بەشتێكی گونجاو دەبینم، چونكە بۆ لەناوبردنی وەحشی دڕندە كە ئاماژەیە بۆ مەترسیەكی بەردەوام و بۆ چاوترسێنكردنی باقی وەحشە ترسناكەكان، بەسوودە، من لەو كەسانەم دەڵێم توندترین سزا بەسەر تاوانكاراندا بسەپێنرێ نەخاسمە ئەوانەیان نەخۆشن، ئەوانە مەترسیدارترین كەسن و سزادانیان زۆر نەخۆش شیفا دەدات".

گومان لەوەدا نیە زۆر لە بەرەڵا و نیمچە شێت و شەرابخۆران و هەست تێكچووان لە سزا دەترسن و چەندە سزا زیاد بكات زیاتر دەتۆقن، كۆمەڵێ چەقۆكێش هەن پێویستە قەت لە تیغی ملقرتێن رزگاریان نەبێ، مەبەستم لە چەقۆكێشان ئەو دڕندانەیە كە لە گەڕەكەكاندا هەر لەبەر كوشتن خەڵك دەكوژن، ئەوانە بە شەش مانگ بەندكردن حوكم دەدرێن، پاش بەردرانیان هەر زوو دەگەڕێنەوە سەر كسمی جارانیان.

پێویستی بە (كوشتن بۆ كوشتن) ئەگەر بەتوندی لێی نەدرێ و لەناو نەبرێ گەشە دەكات و توند دەبێ، ئەوە (پماله)یەكی بۆماوەیە و لە هەموو كاتێكدا ئامادەیە بۆ دەركەوتن، شارستانیەكان و هاوشێوەكانیان ئەو پێویستییە بە راوكردن تێر دەكەن كە لەڕاستیدا رواڵەتێكە لە رواڵەتەكانی پێویستی بۆ كوشتن، دادوەرێكی گەورە –كە خۆی لە راوچییانە– وەسفی سایكۆلۆژیەتی راوچی كردوە كە هیچ لە سایكۆلۆژیەتی چەقۆكێشانی بكوژ جیاواز نیە لەوەدا نەبێ كارەكە بەسەر جۆرەكانی ئاژەڵدا جێبەجێ دەكرێ، دەڵێ: "راوچی بێبەزەییانە نێچیر راو دەكات، چەندە لە كوشتنی ئەو حەیواناتە دڵڕفێن و باڵندە جوانە ناسكانەدا رۆبچێ زیاتر چێژ دەبینێ، ئەگەر بیەوێ خۆی لە خوێنڕشتنیان بگرێتەوە ناتوانێ، ئای لەو بەدبەختی و نەگبەتییە ! ".

چەقۆكێش وەك راوچی وایە چێژێكی زۆر لە كوشتن دەبینێ و ناتوانێ خۆی لێ بگێڕێتەوە، دەبا پێش ئەوەی لەناومان ببات لەناوی ببەین.

ئێمە تێبینی دەكەین بۆچوونی پزیشكان و زانایانی سزادان لە بابەتەكەدا لە چەند ساڵێكدا گۆڕانێكی گەورەی بەسەردا هاتووە، تا ماوەیەكی كەم پێش ئێستا تاوانكاران بە شێت و نابەرپرسیار دادەنران، بەڵام ئەمڕۆ –ئەگەرچی بەكەسانی هەست تێكچوو دادەنرێن– بە بەرپرسیار و شایستە بۆ جێبەجێكردنی توندترین سزا بەسەریاندا دادەنرێن، ئەگینا دەستگیركردنیان سوودی نابێ، چونكە پاش ئەوەی ماوەیەكی كەم لە گرتووخانە بەسەر دەبەن، ئازاد دەكرێن، جا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لەپێناویدا گیران.

لەگەڵ لایەنگرانی رێبازە نوێیەكە هاوڕام لە زەرورەتی بەتوندی سزادانی تاوانكاران، نەخاسمە ئەوانەی ئالودەی تاوان بوون، پێشتر لە "گۆڤاری فەلسەفی"دا نووسیومە: "تاوانكاران سەرجەمیان بەرپرسیارن"،

گەیشتمە ئەو ئەنجامەی پێویستە ئەو تاوانکارانەی وەك هەلقۆستنەوە تاوان دەکەن سزایەکی جەستەیی قورس بدرێن، ئەو تاوانکارانەیش بە ئالوودەبوون ئەنجامی دەدەن نەفی بکرێن بۆ وڵاتێکی دوور لەبەرئەوەی چاککردنیان مەحاڵە، هەروەها روونم کردەوە کە دەکرێ ئالوودەبووانی تاوانکاری بخرێنە ناو یەکەکانی تەمێکردن کە بەزۆر کاری تەختکردنی رێگە و راکێشانی هێڵی ئاسنینیان لە ناوەڕاستی ئەفریقیا پێ دەکرێ.

کەم جێبەجێکردنمان بۆ سزای لەسێدارەدان وای لێدەکات کاریگەریەکی کەمی هەبێ، رۆژانە ئەنجامدانی تاوان زیاد دەکات، کەمکردنەوەمان بۆ جێبەجێکردنی نەبووەتە مایەی کەمکردنەوەی ئەنجامدانی تاوانەکانیتر، بۆیە جێی خۆیەتی بزانین چۆن ئەو تاوانانە قەلاچۆ بکەین، ئێمە ئەنجامدەرانیان بە سزای بێسوود سزا دەدەین، واتە بە بەندکردن و کاری قورس، هەرچی سزای کارە قورسەکانە بەهۆی پرنسیپەکانمان لە بواری مرۆڤایەتیدا گۆڕاون بۆ سەیران، بەندیخانەیش گۆڕاوە بۆ ماڵی رازاوە، داواکارێکی گشتی لە یەکێك لە دادگە باڵاکان بۆی روون کردمەوە کە بەندیخانە تازەکان لە خانووی زۆر لە خەڵکی چینی مامناوەند باشترن، لەبەر ئەوەی هەموو ئامرازەکانی حەوانەوەی وەك روناککردنەوە بە کارەبا و گەرمکردنەوە بەبۆری و ئاوی گەرم و سارد و ژووری خۆشتن و باخچەی سەیران و..هتدییان تێدایە، هەروەها باسی ئەوەی دەکرد خەڵکانێکی دیوە هەندێ کەتنیان ئەنجام داوە تا لە شەش مانگی زستاندا لەو بەندیخانانەدا بەند بکرێن، کە هەموو ئامرازەکانی خۆشگوزەرانییان تێدایە جگە لە ئازادی.

لە ئینگلتەرە لەگەڵ ئەوەی سزاکان ماوەیان کورتە بەڵام بەشێوەیەکی توند بەسەر تاوانباراندا جێبەجێ دەکرێن بەشێوەیەك کار لە دەروونیان دەکات، وەك ئەوەی ناچار بە ئەنجامدانی کاری قورس دەکرێن و بە قامچیی نۆ دەم قامچیکاری دەکرێن. ئەم رێگەیە ژمارەی تاوانی لە ئینگلتەرە کەم کردۆتەوە، بەشێوەیەك لەندەن کە –وەك مسیۆ لاکسان روونیدەکاتەوە– باندێکی چەقۆکێشی تێدا بوو، پاش شەلاقکاریکردنی ئەوانەیان دەستگیر کران، باندەکە پەرت بوو و نەما.

مسیۆ (لاکاسان) دەڵێ: "دەزانین پاریس بەهۆی ئاسانکاریی دادوەرەکان و داواکاری گشتییەوە پەیڕەوی سیستمێکیتر دەکات، بەڵام کام لەو دوو سیستمە باشترە؟ سیستمی سزادانی جەستەیی یان سیستمی زیادەڕەوی لە لێخۆشبوون؟ بەدڵنیاییەوە سزای جەستەیی کاریگەری لەسەر ئالودەبووانی تاوان زیاترە. لە دانیمارك پاش ئەوەی دەستدرێژیکردنە سەر خەڵك زیادی کرد ساڵی ١٩٠٥ سیستمی جەڵد لێدان دانرا، خوازیارین یاسادانەرانیشمان سیستمی سزای جەستەیی بێننە ناو فەرەنسا پاش ئەوەی ئەزموون کاریگەریی باشی لە ئینگلتەرە سەلماند و دەریخست ئەوە باشترە لە مانەوە بۆ چەندین مانگ و ساڵ لە بەندیخانەدا".

بێگومان سووککردنمان بۆ سزاکان و بێتوانایی دادوەرەکانمان دەبنە مایەی زیادبوونی تاوان، یاساکانی کاریش لە کارگەکان هۆیەکە لە هۆکانی زیادبوونی تاوانباران، چونکە ئەو یاسایانە –وەك لە بەشێکیتردا روونم کردەوە– تەنیا بێکاریی هەزاران لاو فەرز دەکەن کە بەپیشەی شەقاوان رازی دەبن کاتێ دەبینن بێکارن، هەروەها ئەو بایەخەی بە بەندکراوان و دوورخراوان دەدرێ بڵاوبوونەوەی تاوان و بەتایبەت کوشتن زیاتر دەکات.

لە کۆبوونەوەیەکی ئەم دواییەی ئەنجومەنی شارەوانی پاریسدا ئەندامێکی ئەنجومەن بێزاری دەربڕیوە لە زۆربوونی دەستدرێژیی شەوانە لە پاریس، والی پاریس مسیۆ (لیبین)یش وەڵامی دایەوە کە ئەوە زادەی لاوازیی دادوەرەکان و لێخۆشبوونی بەردەوامە لە تاوانباران، پاشان باسی ئەوەی کرد "وڵات ئەمڕۆ دروێنەی ئەو تۆوی هیومانیزمە بەبەزەییە دەکات کە چەندساڵێکە وەشاندویەتی".

سەختبوونی نەخۆشی دەبێتە هۆی چارەسەر، هەرکات سەخت بوو زەینقورسەکان کە سۆز بەسەریاندا زاڵ بووە پەنا بۆ وانەکانی ئەزموون دەبەن، کاتێ خوێنڕشتن لە گەڕەکەکانی شارە گەورەکاندا زیاد دەبێ، کاتێ باندە شەقاوەکان خراپە لە گوند و کێڵگەکاندا بڵاو دەکەنەوە و مرۆڤ بەئاستەم دەتوانێ شەو بەبێ چەك لەناو پاریسدا بسوڕێتەوە، ئەوکاتە کاربەدەستان بیر لە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ بەرگریکردن لە گیانی خەڵك دەکەنەوە.

بەڵام لەبارێکدا ئەوە لەکاتێکدا روودەدات یاسای سزادانی پێویست نەبێ و هەرکەس ناچار بێ بەرگری لە خۆی بکات، ئەوکاتە –وەك بڕیاردەری لیژنەی دادوەری لە ئەنجومەنی نوێنەران رایگەیاند– گەل خۆی توند هەڵمەت دەبات و دەست دەداتە کوشتنی تاوانکاران بەبێ دادگەییکردن.

بڕیاردەری ناوبراو رایگەیاند: قەزاوەتی خەڵك قەزاوەتێکی هەڵەشە و بێبەزەییانە و بنبڕ و پشتشکێنە، شتێکی نەشیاوە ئەوانەی بکە و مەکەیان بەدەستە مافی کۆمەڵگە لە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ بەرگریکردن لە خەڵك بۆ کەسانێکی نابەرپرس بەجێبێڵن، نەشیاوە دەسەڵاتدارانی گشتی رێگە بەخەڵك بدەن بەدەستی خۆیان ماف و تۆڵەی خۆیان بسێنن، لەو رووەوە متمانەیان بە پاراستنی یاسا نەبێ".

یەکێك لە فاکتەرەکانی زیادبوونی تاوان ترسنۆکی دادوەرەکانمانە کە لە تۆڵەسەندنەوەی تاوانکاران دەترسن و تەنیا لەسەر ئافرەتان کە گوناهی سووکیان کردوە توندی دەنوێنن، دادوەرێك لە وتوێژێکدا ئاماژەی بەمە داوە، ئەمەی خوارەوەی لێ دەگوێزینەوە: "لە رێگەی (مرافعات) دەکۆڵنەوە نەك لە سزاکان، ئایا نازانن سزاکان بەهۆی تەسریحی کۆتبەند و هەڵوەشاندنەوەی بەندکردنی ئیحتیاتەوە بۆ نیوەی ئەوەی پێش پەنجا ساڵ هەبوو دابەزیون؟ دەتانەوێ رێگە ئینگلیزیەکان جێبەجێ بکەن، ئەوە پێویست بە پەیڕەوکردنی سزاکانی ئینگلیز دەکات لە جەڵد و کاری قورس و چەوساندنەوەی هەرکەس کەتن و تاوانێك ئەنجام بدات بەهۆیانەوە دەسەڵات لاواز بکات و پیاوانی ئاسایش بخاتە دۆخێك تێیدا شەو نەکەنەوە،

پیاوانی پۆلیس لە لەندەن نە شمشێر نە دەمانچە هەڵناگرن و بەتەنیا بە هەندێ گەڕەکدا دەسوڕێنەوە کە پیاوانی پۆلیسی ئێمە بەگەل نەبێ و بەچەکەوە نەبێ ناتوانن تێیاندا بسوڕێنەوە، جا هەرکات بڕیارتان دا سزایەکی ببڕ و پڕبەپێست بۆ تاوانەکان دابنێن، هەرکات دۆخی پیاوانی پۆلیسمان وەك دۆخی پیاوانی پۆلیسی لە ئینگلتەرەی لێهات، ئەوکاتە لە ڕێگەی (مرافعات) دەکۆڵینەوە".

هەر بەڕاستی چاوترساندنی تاوانکاران بە توندترین سزا –وەك ماکسیول لە کتێبی "تاوان و کۆمەڵگە"دا ئاماژەی پێداوە– تاکە دەرمانی تەشەنەسەندنی تاوانەکانە، تەنانەت شێتیش لە هەڕەشەی سزادان دەترسێ.

گەیشتن بە فەرزکردنی سزای پێویست، پێویستی بە چاکبوونەوەی جەماوەر لە نەخۆشیی مرۆڤایەتی و دادوەرەکان لە ترس هەیە، چەند ئاماژەیەکیشمان هەیە وامان لێدەکات ئومێدمان بەو چاکبوونەوە هەبێ، وەك ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی لەکاتی بەخاکسپاردنی تەرمی بەردەستێك کە بەدەستی چەقۆکێشێك کوژرا، وتی: "ئەوەی بەتایبەت بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە ڕێگە بەو پرنسیپانەی گوایە ئینسانین نەدەین بمانگرن، چونکە ئەوانە جگە لە لاوازکردنی فریاکەوتن و پیاوەتی تێماندا هیچیان لێ ناکەوێتەوە و زیان و تێکدانیان لە چەقۆکێشەکان خۆیان زیاترە".

تەواو لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕام، بانگەشەکارانی هیومانیزم لە دزەکان مەترسیدارترن، تا ئەوکاتەی ئەم ڕاستییانە بڵاو دەبنەوە دەبینین هیومانیزم لە بڵاوبوونەوەی بەردەوام دەبێ، جێکردنەوەی ئالوودەبووانی تاوانەکان لە ریزەکانی سوپادا بە یەکێك لە ڕواڵەتە شوومەکانی ئەو ڕێبازە دادەنێن، مرۆڤ سەری لە مێشکی سەخیفی ئەو سەرۆکە سوڕ دەمێنێ کە بنەمای دەمجکردنی ئالوودەبوونی تاوان لە بنکە سەربازیەکانی تێدا سەوز بووە، هەندێ کات هەندێ یەکەی سوپا سەد چەقۆکێشیان تێدا بووە کە بەجۆرەها تاوان حوکم دراون، لەبەرئەوە بوونیان لەو شوێنانە ئەم ڕووداوانەی خوارەوەی لێ کەوتەوە کە ڕۆژنامەی (جۆرناڵ) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٠٩دا بڵاوی کردەوە:

لە مانگی کانونی یەکەمی دواییەوە لەکاتی نیوەڕۆدا دوو پیاو بەشێوەی پاڵخستن دزییان لێ کراوە، کە خەڵکی (مونتارجی) شتی وایان بەخۆوە نەدیوە، هەروەها ماڵی فەرماندە بەگوێرەی ڕێساکانی دزەکان دزی لێکراوە، هاوڵاتیەك لەلایەن دوو سەربازەوە کە نەیناسیون نێوان هەردوو شانی زامدار کراوە، هەشت ڕۆژ لەمەوبەریش تەرمی سەربازێك دۆزرایەوە کە لە نۆکەندەکە کەوتبوو، ڕەفتاری ئەو سەربازە چەقۆکێشانە وامان لێدەکات ئەو ڕووداوانە بدەینە پاڵ ئەوان.

ئەگەر ڕای گشتی ئاڵای یاخیبوون بەڕووی ئەو یاسا شوومەدا بەرز نەکاتەوە و پێی هەڵنەوەشێنێتەوە، هەوادارانی هیومانیزم هەڵوەشاندنەوەی سوپا دەگەیەننە مەنزڵ.

نوێنەری جیرۆند مسیۆ (شومە) سەلماندی بۆچوونی وردە کاتێ روونیکردەوە سزا جەستەییەکان بۆ کەمکردنەوەی تاوانەکان زەرورن:

"داوای لێبوردن لە خاوەن دەروونە هەستیارەکان دەکەم ئەگەر هەندێ گومانم خستە دڵیان: من لەو کەسانەم داوای سزادانی جەستەیی ئەو شەقاوانە دەکەم کە دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵك، چونکە مرۆڤ بەر لەوەی فەلسەفە بکات پێویستی بەژیان هەیە، گرێکوێرەکە لە زانینی ئەوەدا نیە ئایا تاوانکاران بەرپرسیارن یان نا بەڵکو لە مەترسییاندایە، هیچ رۆژێك تێناپەڕێ نەبینین هەندێ شەلاتی و چەقۆکێش (اوباش) هەر لەبەر کوشتن خەڵکانێکی بێتاوان دەکوژن، ئەگەر لەڕووی سایکۆلۆژیەوە لێیان ورد بینەوە دەبینین کەسانی تەمەڵ و بێئابڕون کە پێیان خۆشە وەك بار بەسەر کچانەوە بژین تا ئەوەی لە کارگە و دامەزراوەکاندا کار بکەن. چەقۆکێش دەکوژێ تا بدزێ و بەزۆریش هەر لەبەر کوشتن دەکوژێ، زۆرجار چەقۆکێشێك گرەو لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات لەسەر کوشتنی یەکەم پیاو لە چینی ناوەڕاست کە بەوێدا تێدەپەڕێ، لەبەرئەوە پێویستە دژی چەقۆکێشان بەرگری لە خۆمان بکەین و ببینین چ ئەخلاقێکیان هەیە، لە سوودەکانی سزا جەستەییەکان ئەوەیە ئەو کەسەی بەسەریدا جێبەجێ دەکرێ زیاتر زەلیل دەکات تا ئەوەی ئازاری بدات، ئەو چەقۆکێشەی شانازی بە بەندکردن و تەنانەت بە خنکاندنەوە دەکات، شانازی بەوەوە ناکات بۆ نموونە بیست جەڵدی لێدراوە".

لەکاتێکدا ئەو سزایانە دەکەینە یاسا، پارێزەرانی چەقۆکێشان زیاد دەبن، ئەوەتا رۆژنامەیەك راگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە کە خامەی خاتوونێکی پزیشك نووسیوێتی تێیدا دەڵێ ئەو باوەڕی بە "رێبازی چەقۆکێشی" هێناوە، ئەوەیش بەکاریگەریی چەقۆکێشێك کە فێری کردوە "راستگۆیی و پاکی جگە لە پاراستنی دەوڵەمەندان بەکەڵکی هیچیتر نایەن، هەروەها پیشەی چەقۆکێشەکان پڕە لە چێژی لەناکاو". پاشان ئەو خاتونە راگەیەنراوەکەی بەوە کۆتایی دێنێ کە دەڵێ: "بوونی ژمارەیەك چەقۆکێش لە سوپا شۆڕشگێڕەکەماندا کێشە نیە". ئای کە نموونەیەکی دیارە لەسەر ئەو شپرزیەی فێرکردن لە دەروون نەخۆشەکانیدا دروست دەکات!.

تەنیا ئەزموونە ئەنجامی پرنسیپەکانمان لە مرۆڤایەتیدا پیشان بدات، کاتێ مەترسی توند دەبێ و ژمارەیەکی پێویست لە مرۆڤدۆستان سکیان دەدرێ، سۆز و بەزەیی لە دڵماندا نامێنێ و بەشوێن شیفابەخشترین رێوشوێندا دەگەڕێین، ئەوکاتە سزا جەستەییەکان دەدۆزینەوە، جا کاتێ چەقۆکێشان —کە ژمارەیان لە پاریس گەیشتۆتە سی هەزار کەس— دەبینن باخچە تازەکانی (کالیدۆنیا) و ئەو بەندیخانانەی هۆکانی حەوانەوەیان تێدایە گۆڕاون بۆ جەڵد لێدان و کاری قورس و ملقرتێن، ئیتر قەدری عافیەت دەزانن و کارکردن لە کارگەکانیان لە دزیکردن و کوشتن بەلاوە باشتر دەبێ، ئەوکاتە پاریس بەچەند هەفتەیەك لە

چەقۆکێشەکان پاك دەبێتەوە، یاسادانەرەکانیشمان دان بەوەدا دەنێن هیومانیزم شوومترین ڕێبازە بۆ تاك و کۆمەڵگەکان و بەهێزترین فاکتەری دواکەوتنە.

## بەشی سێیەم

## کوشتنی سیاسی

کوشتنی سیاسی –کە لەم ڕۆژانەدا زیادی کردوە– رواڵەتێکە لە رواڵەتەکانی ئەو فەوزا کۆمەڵایەتیەی ئێستا و ناونیشانی شڵەژانێکی سایکۆلۆژیانەی گەورەیە.

گەورەترین هەست کە کوشتنی سیاسی لە جەماوەردا فەرزی دەکات ئەوەیە ئەنجامێکی کرداری لێ ناکەوێتەوە، جا کوژراوەکە چ قەیسەری روسیا بێ یان پاشای ئیتاڵیا یان ژنە ئیمپراتۆری نەمسا یان سەرکۆماری فەرەنسا یان پاشای پورتوگال، واقیعەکە ئەوەیە دەستبەجێ کەسێکیتر لە جێگەی دادەنرێ بەبێ ئەوەی هیچ لەو سیستمەی کوژراوەکە نوێنەرایەتی دەکات بگۆڕێ، بگرە زۆر جار کوشتنی سیاسی دەبێتە مایەی کاردانەوەی پاڵپشت بۆ سیستمی ناوبراو.

وادیارە ئەم جۆرە راستییانە جۆرە بەلبەلیەك لە لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی کارپێکراودا دروست دەکەن کە دەڵێ سەرچاوەی تاوانەکان بەرژەوەندیی شەخسین، وەك تۆڵەکردنەوە و تەماع و...هتد.

کەواتە تاوانە سیاسیەکان لە فاکتەری دوور لە بەرژەوەندیی شەخسی و گشتیەوە پەیدا دەبن، جا چۆن دەروونناسیی ئێستا دەتوانێ ئەم تاوانانە تەفسیر بکات؟

گەیشتن بەوە، پێویست دەکات لە بڵاوبوونەوەی هەندێ بیروباوەڕ (معتقد) و دەسەڵاتیان بەسەر دەروونەکاندا بکۆڵینەوە: زەرورەتی ملکەچکردن بۆ بیروباوەڕێك –جا ئاینی بێ یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی– غەریزەیەکی خۆسەپێنە بەسەر زۆر لە دەروونەکاندا، ئەوانە پێویستیان بە بیروباوەڕێك هەیە کە ژیانیان بەشێوەیەکی میکانیکی بەڕێوە ببات و ئەرکی بیرکردنەوەیان لەکۆڵ بکاتەوە، ئەمەیش مانای ئەوەیە ئەوانە چاویان لە بەکۆیلەکردنی فیکرییە نەك ئازادیی فیکر.

عەقڵ کاریگەری لەسەر بیروباوەڕە بەهێزەکان نیە، ئەگەر تەماشای حەقیقەت بکەیت بیروباوەڕێك لەو بیروباوەڕە گەورانەی مرۆڤ تەسلیمیان بووە و گەورەترین ئاینەکانیان لەسەر دامەزراوە، نادۆزیتەوە لە عەقڵەوە پەیدا بووبێ، بیروباوەڕەکان کاری ژمارەیەکی کەم لە کەسانی دێوانەن، بڵاوبوونەوەیشیان تەنها و تەنها بەهۆی شوێنکەوتوە دڵ پڕ لە ئیمانەکانیانەوە بووە کە هێندە بەهێز بووە کە بەس بووە بۆ گۆڕینی ناڕاستییە ئاشکراکان بۆ راستی درەوشاوە و بەکۆیلەکردنی دەروونەکان.

بەهێزیی ئیمانی ئەو شوێنکەوتوانە وایان لێدەکات بەگوێرەی ئەوەی ئیمانەکەیان پێیان دەڵێ بجوڵێنەوە و گوێ بە بەرژەوەندیی شەخسییان نەدەن، جا لەو رووەوە ئیمان دەیانخەوێنێ لە قوربانیدان بەهەمووشتێك لەپێناو سەرکەوتنیدا قسور ناکەن، لەبەرئەوە رۆڵێکی گەوریان لە مێژوودا گێڕاوە.

ئەوان –وەك لە کتێبی رۆحی ئیشتراکیەتدا روونم کردەوە– خەڵکانێکن غەریزەیەکی ئاینی گەشەکردوویان تێدایە بەهۆیەوە پێویستیان بە ملکەچکردن بۆ مەوجودێك یان هەر دروشمێکی ئاینی هەیە کە لەپێناویدا

هەرچی هەیانە بیکەنە قوربانی، هەر گرووپێکیشیان خەیاڵی بە کۆمەڵگەیەکی فیردەوسیەوە دەکات نزیك لە بەهەشتەکانی ئەودنیا کە باوباپیرانمان خەونیان پێ دەبینین، لەنێویاندا عەدەمی و فەوزەویەکان بە نموونەی شیاو بە تێڕامان دادەنێین، لە مێشکی سەرەتایی ئەوانەدا کە ئاکاری دینداریی بۆماوە بەسەریدا زاڵە و عەقڵ و لۆژیك کاری تێناکات، ئیمانی باوباپیران لەشێوەی بەهەشتی دنیاییدا خۆی دەردەخات، کە حکومەتێك کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات دەتوانێ ناهەقی نەهێڵێ و وەك خواوەندە کۆنەکان قودرەتێکی بێسنووری هەیە.

پەیامبەر (الرسول) زۆر مەترسیدارە، ئەویش لەبەرئەوەی ناتوانێ عەقڵانی بیر بکاتەوە و پێویستی بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی هەیە و لە حەقیقەتی شتەکان بێئاگایە، کاریگەریشی لەسەر حەشاماتێك هەیە کە توانای بیرکردنەوەی عەقڵانی نیە و بۆچوونەکانی بەکاریگەریی تەنینەوە (العدوی) وەرگرتوە. لەو هەڵە گەورانەی لەناو نەوەی ئێستادا باوە ئەو باوەڕەیە دەڵێ حەشامات عەقڵ و مەنتیق کاری تێدەکات، لەکاتێکدا —وەك پێتر لە جارێك روونم کردەوە— ئیمانی خۆی تەنیا بە جەختکردنەوە و دووبارەکردنەوە و هەژموون و پەتا وەردەگرێ. حوشامات گوێ بەوە نادەن ئیمانەکەیان پێچەوانەی رۆشنترین بەرژەوەندیەکانی خۆی و درەوشاوەترین راستیەکان بێ، چونکە خەڵك لای ئێمە ئیمان بە بیروباوەڕەکان دێنن و دەیانکە رێپیشاندەر بۆ هەستان و دانیشتنیان، زۆرجار جیهان بەکاریگەریی پێچەوانەترین بیروباوەڕ بۆ عەقڵ و راستی، ژێراوژوور بووە، لەم رووەوە رۆڵی بیروباوەڕەکان لە ئایندەیشدا هەروەك رابردوو دەبێ.

بەم جۆرە راستییانە کوشتنی سیاسی راڤە دەکەین، کوشتنی سیاسی ئەگەرچی تووڕەمان دەکات بەڵام تووشی سەرسوڕمانمان ناکات، مەبەستی گەورەی پەیامبەری ئیماندار ئەوەیە وا لە خەڵك بکات هاوباوەڕی بن و بەهەر نرخێك بووە هەموو ئەوانە لەناو ببات کە رێگە لەوە دەگرن، هەست بەپێویستیەکی توند دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئیمانەکەی و راگەیاندنی ئەو هەواڵە خۆشە بەجیهان کە مرۆڤ لە تاریکیی شەقاوەت رزگار دەکات.

پێویستی بە تێکدان، لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی میزاجی دەروونیی پەیامبەرە، ئاخۆ هیچ پەیامێك سەری هەڵداوە بەبێ کوشتنی هەندێ خەڵك و روخاندنی هەندێ شت؟ پەیامبەر بۆ ئەوەی بەسەر دوژمنانی ئیمانەکەیدا زاڵ بێ سڵ ناکاتەوە لە کوشتنی هەزاران بێتاوان و فرێدانی بۆمبێکی زۆر بۆ ناو یەکێك لە شانۆ پڕ لە خەڵکەکان یان شەقامێکی قەرەباڵغ، گرنگی ئەم داستانانە چییە مادام پەیامبەر کار بۆ نوێکردنەوەی مرۆڤ، قایمکردنی پایەکانی راستیەکان و روخاندنی شتە ناڕستەکان دەکات؟!

وەك سەرەتا، ئەو پەیامبەرە بکوژانە لە چینە نزمەکانی کۆمەڵگە نابن، بەڵکو بەزۆری لەو خوێندەوارانەن کە لە زانکۆکاندا وانەیەکیان خوێندوە لەگەڵ میزاجی دەروونی سادەیاندا ناگونجێ، رەنگە هەندێ جار لەو خەوندارانە بن کە پرنسیپی نوێکردنەوەی کۆمەڵگە لە دڵیاندا چەسپیوە، تورکمادا و رافایاك و مارا و

روبسبیر خۆیان لەو کەسانە داناوە کە مرۆڤایەتییان خۆش دەوێ، ئەوانەی خەونیان تەنیا بەختەوەریی مرۆڤ و قوربانیدانە بەخۆیان لە پێناویدا.

رۆمبرۆزۆ دەڵێ: "شێت و هەڵنەران لە هەموو سەردەمێکدا دەرکەوتون تەنانەت لە سەردەمەکانی هەمەجیەتیشدا، ژیانی خۆیان لەناو ئاینەکاندا دەبینی، بەڵام ئەمڕۆ بوونەتە حزبی سیاسی و باندی ئانارشیستی، لە جەنگەکانی خاچپەرستاندا موجاهید بوون پاشان بوونە یاخی، پاشتر بە قوربانیانی ئیمان و زەندەقە.

ئەگەر لەم رۆژانەدا –بەتایبەت لای نەتەوە لاتینیەکان– یەکێك لەو دەمارگیرانە سەرهەڵبدات، ئەوا لەوەڕگەیەك بۆ پەرۆشیەکەی نابینێتەوە لە مەیدانی کۆمەڵگەدا نەبێ، چونکە ئەو مەیدانە پڕە لە پرنسیپی ناجێگیر کە دەرگا بۆ حەماسەتی ئەو دەمارگیرانە بەکراوەیی لەسەر پشت دەهێڵێتەوە، وا دەبینن سەد سەرکردە لە سەرکردەکانی دەمارگیری ەسەر مەسەلەیەك لە زانستی لاهوت یان ئەودیوسروشتدا کۆدەبنەوە، ئەوەیش بەپێچەوانەی بۆ نموونە پرسێکی ئەندازەییە، چەندە پرنسیپ نامۆ بێ –بەگوێرەی نامۆییەکەی– هێندە خەڵکی شێت و پەرکەمداران بەدوای خۆیدا رادەکێشێ، نەخاسمە ئەگەر سیاسی بێ، کە هەموو سەرکەوتنێکی شەخسی دەبێتە شکانێکی گشتی یان سەرکەوتنێکی گشتی بەگوێرەی دۆخەکان، ئەو پرنسیپە تا مردن دەست لە بەرۆکی هەوادارە دەمارگیرەکانی بەرنادات و دەبێتە پاداشتێك بۆیان لەسەر ئەو ژیانەی لەپێناویدا لەدەستی دەدەن یان ئەو ئازارەی لەپێناویدا دەیچەژن".

پرنسیپە فەوزەویەکان ژمارەی کوژراوانی کوشتنی سیاسی زیاد دەکات، هەمووان رووداوی کوشتنی دەرگاوانی وەزیرەکەی هیند لەلایەن قوتابیەکی هیندیی گرێدراو بە پرنسیپەکانی یەکێك لە رۆژنامەکان دەزانین، کە تێیدا هاتووە: "کوشتنی سیاسی تاوان نیە ئەگەرچی ئەوە لە سۆز و رێزی دۆستانمان بێبەشمان دەکات، سەرجەم ئەو کەسانەی لە کۆتی وەهم و خەیاڵاتی بەتاڵ رزگاریان بووە بکوژ بە پاڵنەری سیاسی بە تاوانبار دانانێن، بەڵکو بە تۆڵەسێنی مرۆڤایەتی دادەنێن". لە بەنگال لە ساڵێکدا ٣٢٩ تاوانی سیاسی روویان داوە.

ئەو تاوانانەی کوشتن کە ئانارشیست و پوچگەراکان و باقی پەیامبەران لە سی ساڵی کۆتاییدا ئەنجامیان داون زۆر زۆر بوون، هیچ ئاماژەیکیش نیە بۆ ئەوەی کەم دەکەن، بەڵکو هەموو ئاماژەکان وامان لێدەکەن باوەڕمان وابێ زیاد دەکەن. دێوانە مەترسیدارەکان کە لە رابردوودا ئاینەکان بەسەریاندا زاڵ بوون ئەمڕۆ روویان بەرەو دنیای سیاسەت وەرگێڕاوە و قسە لەگەڵ کردنیان بێهوودەیە، یان دەبێ لەناویان ببەین، یان لەناومان دەبەن.

## بەشی چوارەم

## چەوساندنەوەی ئاینی

رق و کینە ئاینییەکان یەکێك لە فاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی فەوزای کۆمەڵایەتین لە فەرەنسا، حکومەتیش کاتێ خەڵکانێکی دەمارگیری ئاشق بە ئاژاوە و هەراوهۆریا ئیغرایان کرد چووە ناو قۆناغی چەوساندنەوە ئاینییەکان، چوونە ژوورەوەیەك مایەی خەم و خەفەتە، بەوە سەلماندنی تەواو لە دەروونناسی و مێژوو بێئاگایە.

چەوساندنەوە ئاینییەکان بەتایبەت لە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت و لە یاسای دەستگرتن بەسەر موڵك و سامانی ناوەندە ئاینیەکاندا دەرکەوت. رق دڵەکانن بەبەردەوامی کوێر دەکات، دەردەکەوێ زەینکوێری زۆر بەهێز بووە تا یاسای جیاکردنەوە دانرا کە مەبەست پێی تەنها بێبەشکردنی پیاوانی ئیکلیرۆس بوو لە موچەیەکی مامناوەند کە پێی بژین.

هیچ شتێك هێندەی ئەو یاسایە بۆ سەر سیستمی کۆماری مەترسیدار نیە، پیاوانی ئیکلیرۆس لە دادوبێدادکردنیان لە دەست یاساکە هەڵەیان کرد پاش ئەوەی کۆتەکانی سەریان کرانەوە و دەرگایەکیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ کرایەوە کاسۆلیکترین پاشاکانمان پێی نەبەخشیون، ئایا مرۆڤ تەسەوری یاسایەکی هەڵەشانەتر لەو یاسایە دەکات کە ئیکلیرۆس لە دەسەڵاتی زەمەنی ئازاد دەکات و دامەزراندنی ئوسقوفەکان بە پاپا بسپێرێ، لەکاتێکدا پێشتر حکومەت هەڵیدەبژاردن و دەیخستنە ناو دەستی خۆی.

هەروەها هیچ شتێکیش نامەردانەتر نیە لە چەوساندنەوەی پیاوانی کەنیسە و دەرکردنیان لە ماڵەکانیان و مەحرومکردنیان لە سەرچاوەی بژێوییان، سیاسیەکانی ئەڵمانیا دیدەفراوانی خۆیانیان سەلماند بە پاراستنی پیاوانی ئاینی لە ئیلزاس و رێزگرتن و زیادکردنی موچەکانیان وەك رێگە خۆشکردن بۆ کردنەوەی ئەو وڵاتە لەڕووی ئەدەبیەوە.

دەبوو حکومەت کەمێك هەوڵی بدایە بۆ بەدەستهێنانی دڵی پیاوانی ئیکلیرۆس و کردنیان بە لایەنگری کۆمار، چونکە پیاوانی ئیکلیرۆس پرنسیپێکی سیاسییان نیە بەرگری لێ بکەن، بەڵام چی بکەین لەو دەمارگیریەی بووەتە پەردەی سەرچاومان و وامان لێدەکات بڕیارێك بدەین پێچەوانەی رۆشنترین بەرژەوەندیەکانمانە و بێئاگاین لەوەی شەڕی هێزە ئەدەبیەکان بە زۆر و توندوتیژی ناکرێ.

ئەو یاسایانەی داوای دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانی ناوەندە ئاینیەکان دەکەن نەك هەر هەڵەشانەن، بگرە هێمان بۆ ستەمێکی وەحشیانە و بێتوانایی لە تێگەیشتن لە هەندێ رێسای ویژدان، سەلماندیان ئەو یاسایانەی ئەخلاق تێکدەدەن چ فەسادێك لە ئەخلاقی ئەوانەدا دێنێتە کایە کە جێبەجێیان دەکەن.

دەزانین پاڵنەری دەرکردنی ئەو یاسایانە حەزی دەستگرتنە بەسەر ئەو ملیار فرەنکەی وادەزانرا ناوەندە ئاینیەکان هەیانە، پاشان دابەشکردنی بەشێکی وەك موچەی خانەنشینی بەسەر کرێکاراندا بەتەمای

بەدەستهێنانی دەنگەکانیان لە رۆژانی هەڵبژاردندا، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوە بوو ملیارەکە لەبەرچاوان ون بوو و کرێکارانیش زیاتر رقیان لە کۆمەڵگە هەستا، چونکە سافکردن (تصفیە)ی سامانی ناوەندە ئاینیەکان تەنیا دوازدە ملیۆن فرەنك دەرچوو، بابەتەکە زیانێکیتریشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەویش ئەوەبوو دەرهێنانی پەیمانگە و دامەزراوەکان کە ناوەندە ئاینیەکان سەرپەرشتییان دەکرد لەدەست ئەو ناوەندانە، ئەرکی خەرجی ئەو دامەزراوانەیشی خستە ئەستۆی گەنجینەی دەوڵەت.

ئەوانەی لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە سوودمەند بوون بریتین لە مەئمورانی سافکردن و موزاریبەکان، ئەوانە دەوڵەمەند بوو، بەشێوەیەك تەنانەت دانەری ئەو یاسایانە مسیۆ (کومب) ناچار بوو دان بەوەدا بنێ کە جێبەجێکردنیان شتێکی چەتەگەریانەیە.

مسیۆ (ویجیسمانسە) راپۆرتێکی خستە بەردەم ئەنجومەنی پیران، کۆمەڵێ ژمارەی تێدا بوو مایەی خەم بوون، باسی ئەوەی دەکرد هەندێ دادگە ۱۰۰ هەزار فرەنك کرێی داوەتە مەئمورانی سافکردنی حسابات لەسەر سافکردنی حساباتی ٦۰۰ هەزار فرەنك، یەکێك لە مەئمورانی سافکردن ۱۰ هەزار فرەنك کرێی لەسەر سافکردنی ۲٥۰۰۰ فرەنك دەست کەوتوە، مەئمورێکیتر لە (نیس) ۱٦۰۰۰ فرەنکی دراوەتێ بەبێ ئەوەی هیچ کارێك بکات، ئابەو شێوەیە.

بەڵام ئەو گوژمانەی مەئمورانی سافکردن و پارێزەرانیان لووشیان داون لەپاڵ ئەو قازانجانەی خاوەن پیشەسازیەکان لەو موزایەدانەدا دەستیان کەوتوە کە بەئاشکرا نەکراون، هیچ نین، ئەوەتا مسیۆ (دوفیلین) لە دانیشتنێکی ئەنجومەندا لە ١٤ی کانوونی دووەمی ۱۹۰۹ کۆمەڵێ نموونەی دیار و راستی لەسەر ئەوە هێنایەوە، لەوانە: پیاوێك دێری (بوا)ی بە دوو ملیۆن و ٦۰۰ هەزار فرەنك کڕیەوە، دەستبەجێ بە هەشت ملیۆن فرەنك قازانج فرۆشتیەوە، هەروەها پیاوێکیتر دێری (وازو)ی سێقات کەمتر لە نرخی خۆی کڕیەوە.

وەنەبێ لەو دەست تێکەڵکردنانەیش بێئاگا بین کە ئەنجومەنی نوێنەرانیان هێنایە هەژان و وایان لێکرد بە وەزیری داد بڵێ سیستمی قەزاییمان هەندێ پارەخۆری و لەشفرۆشیی تێدایە، هەر بەو تێوەگلانە دادگەکان بڕیاریان بۆ هاوڕێیەك لە هاوڕێکانی مەئمورانی سافکردن دەرکرد نیو ملیۆن فرەنك بدات بە نرخی کارگەی (شارترون) و مارکە بازرگانیەکەی، لەکاتێکدا نرخەکەی بەرەسمی بە هەشت ملیۆن فرەنك مەزەندە کراوە.

لەوەیش ئاگەدارین یەکێك لە باندەکانی سافکردن لەبەر لرفدانی پێنج ملیۆن فرەنك زیندانی کراوە.

هەرچی ئەوانەن ماڵەکانیان لێ زەوت کرا کەس بیری لە چارەنووسیان نەکردەوە، زۆربەیان کەوتنە هەژاریەکی سەخت، هەندێکیان پێنج ساڵ چاوەڕوانی دەسکەوتی کۆمەکیکردنیان دەکرد کە کاربەدەستانی دەوڵەت گفتیان پێدان، بەڵام –کورد وتەنی "دەستیان لە پێیان درێژتر"– هیچیان دەست نەکەوت، ئەویش بەبەڵگەی ئەم گوتەیەی خوارەوە کە لە نووسراوێك وەرمان گرتوە سەرۆك وەزیران لە مانگی تەمموزی ۱۹۰۸دا بۆ وەزیری مەعاریفی گشتی ناردوە "رێگەم بدە پێت بڵێم من ناتوانم تا کۆتایی ساڵ

بەرپرسیارێتیی بەجێهێشتنی ئەو ئافرەتانە لە خراپترین دۆخی هەژاریدا بگرمە ئەستۆ کە لەو قەرەبووکردنەوەی یاسا گفتی پێدان بێبەش بوون".

لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش شتی راستی لەو شێوەیە باس کراوە، ئاخۆ ئەگەر سۆشیالیزم سەربکەوتایە و ماڵ و سامانی کاربەدەستانی زەوت بکردایە، ئەو کاربەدەستانە مێژوونووسێکیان دەست دەکەوت بەزەییان پێیاندا بهاتایەتەوە و بۆ بەدبەختییان بگریابان؟ خوازیارم مێژوونووسێك نەدۆزنەوە بەزەیی بۆیان بجوڵێ، چونکە ئەوەی لە شیرەشیری هەندێ لە دەمارتوندانی ئاژاوەگێڕ دەترسێ و رازی دەبێ بە زەوتکردنی ماڵی خەڵك، شایانی سۆز و بەزەیی نیە.

لە وتارێکدا کە لە ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەش کرا و رۆژنامەی رەسمی بڵاوی کردەوە، هاتووە: "لە سەرۆك وەزیران دەپرسم: کێ نانی پیاوانی ئاینی دەدات کە فەرمانبەرانی سافکردن سامانەکانیان لێ دەماڵێن، بەڕای ئێوە چۆن پێویستیەکانیان دابین دەکەن؟

ئەوان موچەی خانەنشینییان نادرێتێ و هیچ سەرچاوەیەکی بژێوییان نیە، ئەمرۆ کە بەڕێوەبەری (ستانیسلاس) —کە قەشەیەکە تەمەنی گەیشتۆتە شەستساڵ— لەتە نانێکی دەست ناکەوێ و بەناچاری دەستی داوەتە پیشەی فێرکردن تا بژی، شەش جار داوام کردوە موچەیەکی خانەنشینی پێ ببەخشرێ بەتایبەت کە ئەو بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکە دوو ملیۆن فرەنکی لێ خوراوە.

ئەی کێ نانی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە مەسیحیەکان دەدات کە سامانەکانیان لێ سەندراوە، بەو پارانە دەژیان و منداڵانی نەتەوەیشیان فێر دەکرد؟ ئەمرۆ دەزانین ملیارەها فرەنکی ناوەندە ئاینیەکان بەکار هێنراوە بۆ دەرکردنی کچە قدیسەکان و زۆر لە پیاوانی ئاینی کە هیچ خەمیان نیە جگە لە کاری خێر و فریاکەوتنی هەناسەساردان و پاراستنی منداڵان.

بەو شێوەیە جۆرەها شێوەی دەرکردن و زەوتکردن و روخاندنتان ئەنجام دا، بەوە هەندێ گیرفانتان پڕ پارە کرد، ئای بەڕێزانم، چەند بێچارەین و بەرپرسیارێتیی ئێوە چەندە گەورەیە !".

لێرەدا ئەو وتارە پڕ لە رق و تووڕەییانەی سەبارەت بە داماڵینی سامانی ناوەندە ئاینیەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆری سەرزەوی نووسراون ناگوێزمەوە، تەنیا گوتەکانی پیاوێکی گەورە و کاندید بۆ سەرۆکایەتی کۆماری وڵاتەکەی لە رۆژنامەیەکی بەرازیلیدا دەگوێزمەوە کە رۆژنامەکە سەر بە ئیکلیرۆسیش نیە، دەڵێ: دەبینین فەرەنسا کە تارمایی ئیکلیرۆس لەسەر گیانی گران بوو، پاشەوپاش دەگەڕێتەوە و جۆرەها ستەم و چەوساندنەوە دەکات، سەرباری بۆیاخە دەرەکیەکەی ئازادییەکەی لە سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە بۆ سیستمێکی ئیستیبدادیی تۆقێنەر، وەك ئەوەی پیاوانی ناوەندە ئاینەکانی لە وڵات پێ دەرکرد. ئەوەتا دەرکراوانی چەوساندنەوە کە لەودیو دەریاکانەوە روویدا لە ئامێزی ئەمەریکادا جەم دەبن، لەوێ ناوەندە

ئاینیەکان بەبێ ترس و بەکامەرانی بڵاو دەبنەوە، هەروەها دەستوپێوەندی حەبری ئەعزەم و کۆمەڵی کاردیناڵەکان لەبەردەم خوانی پرۆتستانی "رۆژفێلت"دا دادەنیشن.

هیچ مرۆڤێکی ویژدان ئازاد ناتوانێ سەرکۆنەی لادانی دەوڵەت لە رێگەی دادپەروەری و گرتنەبەری رێگەیەکی ئەخلاق تێکدەر نەکات بەزەوتکردنی موڵکی تایبەتی تاکەکان، وەك کارگەی (شارتروز) کە خەڵکانێك بەماڵی خۆیان و کاری شەخسی خۆیان دایانمەزراندوە، زەوتکردنی ماڵ و سامانی کەسانێك لەسەر ئەوەی پرنسیپە ئاینیەکانیان لە پرنسیپەکانی کاربەدەستان جیاوازە، کارێکی وەحشیانەیە و پێچەوانەی ئەدەب و رێساکانی ئینسافە.

ئیتر کۆمەڵگە لەسەر چ بناغەیەك دادەمەزرێ پاش ئەوەی سووکایەتیکردن بە مافەکان گەیشتۆتە ئەم ئاستە؟ لەبەرئەوە کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی هەمەجیەت کە ماف تەنیا بۆ بەهێزە.

هەندێ لە نوێنەرانی چەپ کەوتنە سەرکۆنەکردنی چەوساندنەوەی ئاینی کە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ببیستە مسیۆ (لابوری) —کە یەکێکە لەوانە— چۆن لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران دەدوێ:

سیاسەتی نائیکلیرۆسیی ئێستا مانای بەرگریکردن نیە دژی پێڕاکێشانی پیاوانی ئیکلیرۆس وەك خەڵك گومان دەبەن، بەڵکو دەویستری سووکایەتی بە هەر کەس بکرێ کە ئیمانێك یان رایەکیتری فەلسەفی هەیە، لەبەرئەوە بەرهەڵستی ئەو دووڕووانە ئەکەم کە دەیانەوێ ئاینەکان لەناو ببەن لەکاتێکدا پارێزگاریی لە سروشتە ئاینیەکانی تایبەت بەخۆیان دەکەن، ئەرکی دەوڵەت نیە هەوڵ بدات یەکێتیەکی ئەدەبی بێنێتە کایە، واتە بانگەوازکردن بۆ زەندەقەیەکی رەسمی کە کاربەدەستان خۆیان رێزی ناگرن، ئەو تاڵاوە بەسە کە فەرەنسا چەشتی کاتێ لویسی چواردەیەم ویستی خەڵك لەسەر مەزەبی کاسۆلیکی کۆبکاتەوە.

بێگومان نەوەکانی داهاتوو هەر بەو شێوەیە حوکم لەسەر ئەو چەوساندنەوە ئاینییەی ئێستا روودەدات — وەك داماڵینی سامانی ئیکلیرۆس و ناوەندە ئاینیەکان— دەدەن کە ئێمە حوکمی پێ دەدەین لەسەر دادگەکانی پشکنین و هەڵوەشاندنەوەی مەرسومی نانت، دەسەڵاتدارانی ئەمرۆ کۆمەڵێ بەڵگە و پاساو دەخەنە روو هاوشێوەی ئەوانەیە لویسی چواردەیەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو مەرسومە خستنیە روو، کە بەحساب هێنانەکایەی یەکێتیەکی ئەدەبی و سیاسییە لە وڵاتدا.

لەوانەیە هۆیەکی زانستیی رواڵەتی وەك بەڵگە بهێنرێتەوە نەك بۆ پاساودانی داماڵینی سامانی ناوەندە ئاینیەکان بەڵکو بۆ روونکردنەوەی هۆی بەردەوامبوونی، ئەویش ئەوەیە لەبەرئەوەی ناوەندە ئاینیەکان هەندێ رێنمایی ئاینی ناڕێکیان بە تازەپێگەیشتوان دەوتەوە، وا باش بوو کۆمەڵێ مامۆستا جێیان بگرنەوە کە لەسەر کتێبە زانستییە قوتابخانەییەکان دەرچوون.

بیرۆکەی لەم جۆرە شیاوی فیترییەکانە، کە ئاگەداری پەرەسەندنەکانی دەروونناسیی نوێ نین، ئەم زانستە سەلماندویەتی نرخی بیروباوەڕ بەو کارانەیە ئیحایان دەکات نەك بە بەها عەقڵیەکانیان.

کەواتە گرنگ نیە بیروباوەڕ ڕێك بن یان ناڕێك، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هانی خەڵك دەدەن بۆ کەوتنە ڕێ و جوڵان. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناوبەناو ئاینێکی نوێ سەرهەڵدەدات کە شیاوی ڕێزگرتنە، لەبەرئەوەی هانی خەڵك دەدات بۆ کارکردن، لەو ئاینانە ئاینی (مورمون)ـە کە سوودی بەئەمەریکا گەیاندوە، لەبەرئەوەی بووەتە بایسی دامەزراندنی زۆر شاری گەورە و گەشاوە لە هەندێ شوێن کە چۆڵەوانی بوون. ئازادیخوازانی فیکر کە هێرش دەکەنە سەر بیروباوەڕ هیچ لە کاریگەریی ئاینەکان تێناگەن. ئەگەرچی ئاینەکان لەڕووی عەقڵیەوە تەنیا کەمێك حەقیقەتیان تێدایە، مێژوو پێمان دەڵێ گرنگترین شارستانێتیەکان لەسەر ئەوانە دامەزراون، هەروەها ژیانی ملیۆنان کەسیان بە زوهد و دڵسۆزی و لەخۆبوردەیی و خۆشویستنی خەڵك رازاندۆتەوە، کە شتی وا بە ڕێبازەکانی فەلسەفە ناکرێ. کەواتە ئاینەکان هێزن و پێویستە سوودیان لێ وەربگیرێ نەك وێران بکرێن، هەروەها نابێ پیاوانی ئاینی بچەوسێنرێنەوە مەگەر کاتێ ئەوان بیانەوێ بیروباوەڕەکانیتر بچەوسێننەوە.

ئاینەکان -کە ئومێدی گەورە لە دەروونەکاندا دروست دەکەن و پاڵپشتی لاوازان و بێبەشان لە ژیانی خۆش دەکات- داڵدەی هەناسەسارد و بێنەوایانن لە هەموو کاتێکدا، کەواتە با ئەو خاوەن خەیاڵانەی خواوەندەکان و پەرستنیان هێناوەتە کایە بە کەسانی چاکەکار لەگەڵ مرۆڤ دابنێین، زانست کە ناسینی، دەستی لە شەڕکردنیان هەڵگرت و دان بە ڕۆڵی گەورەیاندا دەنێ، چونکە لە رابردوودا فاکتەری دامەزراویی ئەخلاقی نەتەوەکان بوون، ئەوان ئەگەرچی لە ئایندەدا دەگۆڕێن بەڵام تا مرۆڤ پێویستی بە ئومێد هەبێ لەناو ناچن.

## بەشی پێنجەم
## کێشەی کۆمەڵایەتی

ستکۆکهۆڵم بە شارە پڕ نهێنیەکان دانراوە لەبەرئەوەی کەوتۆتە پارچەیەکی پڕ تەمومژ و خەڵك لە رابردوودا بەوپەڕی دنیایان دادەنا، رێبەرەکان دەڵێن گوایە لە شاری ڤێنیسیا دەچیّ، بەڵام گەشتیاران لێکچوون لەنێوان ئەو دوو شارەدا نابینن، ئەوان پاش ئەوەی چاویان بە شوێنە گرنگەکانی روناك دەکەنەوە هەرگیز تێیدا نامێننەوە، ئەو گەشتیارنەی روویان تێکردوە بەڕێکەوت دیمەنێکیان دیوە کە لەوانەیە لە ئایندەدا بینبینن، بەڵام کەس تائێستا هاوشێوەی نەدیوە.

حیکایەتەکە ئەوەیە ئەو پایەتختە رۆژێ لە رۆژان بووەتە جیهانێك پلەبەندییە کۆمەڵایەتیەکان تێیدا ئاوەژوو بوونەتەوە، وەستابەنا تێیدا خاوەن داهات و میری دەرەبەگ بووەتە وەستابەنا، ئەندازیاران عارەبانەیان راکێشاوە و سەرمایەدارەکان شەقامەکانیان گسك داوە، قوتابیان کەشتییان لێخوڕیوە و دادوەران گەتەرەکانیان ماڵیوە.

ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە چ هێزێکی سیحریەوە پەیدا بووە؟ ئایا ئەوە کاری شەیتانەکانە کە وەك لە ئەفسانەکانی (ئەسکەندەناڤیا)دا هاتووە لە ئاسمان و زەوی و دەریادا نیشتەجێن؟ بێگومان نەخێر، چونکە شەیتانەکان –تەنانەت خواوەند (یان ئاین)یش– هێندە هەژموونیان نیە بیرمان ئاوەژوو بکەنەوە و وامان لێبکەن بەو شێوەیە بجولێینەوە.

لەپڕ ئاوەژووکردنەوەی پلەبەندییە کۆمەڵایەتیەکان و شێوەکانی ژیان توانایەکی شاراوەی بەهێزتر لەوان کردویەتی، ئەویش زەرورەتی بەرگریی کۆمەڵایەتییە، ئەو زەرورەتە بەیەك تەکان توانیویەتی دەروونەکان بگۆڕیّ و بە قورسترین پیشەکان پابەندیان بکات.

سەندیکای نێونەتەوەیی کرێکاران لە سوید بەپشتبەستن بە هێزی گەورەی و گوێڕایەڵیکردنی کوێرانەی کرێکاران بۆی، بە راگەیاندنی فەرمانی مانگرتنی گشتی جەنگی دژی کۆمەڵگە راگەیاند، ئەوکاتە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە هەستی کرد وڵاتەکە لە مەترسیدایە و پێویستە دژی داواکاریەکانی بەربەرییە نوێکان بەرگری بکریّ.

بەڵیّ، دەکرا حکومەت مل بۆ داواکانی سەندیکا کەچ بکات ئەگەرچی نەزۆکیش بوون، وەك سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا لە مانگرتنی یەکەمە فەرمانبەرانی پۆستەدا ملی کەچ کرد، بەڵام ئەوە تەنیا زیادکردنی مەترسی حاڵەتەکەی لیّ دەکەوێتەوە، واتە زیادبوونی مانگرتنەکان کە پایەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەڵدەتەکێنن و خەڵکی گەجەر و گوجەر جێگەی گەورەکانیان دەگرنەوە، هەروەها لەترسی روودانی هەموو ئەمانە رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست ناچار بوون بەرگری بکەن، لەبەرئەوە خۆبەخۆ لە کارگە و پەیمانگەکاندا جێگەی کرێکارانیان گرتەوە و داوای هیچیشیان لە حکومەت نەکرد.

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ لە کێشەدا، سەرباری ئەو کۆششە گەورانەی سەندیکا کردی بۆ زەلیلکردنی کۆمەڵگە و دانانی لەژێر چەپۆکی خۆیدا، مانگرتنە گەورەکە لەناوبرا. سوید بەو بەرگریکردنە شکۆدارە گەورەترین خزمەتی بە شارستانێتی کرد، چونکە چینە سەرکردەکان زانییان چۆن بەرگری لە خۆیان بکەن. مانگرتنی ناوبراو سوودێکیتریشی هەبوو، چونکە پەردەی سەر چاوی خاوەن خەونە بەرتەسکەکان، ئاشقانی مرۆڤایەتی لابرد سەبارەت بە مەترسیەکانی سۆشیالیزم کە هەڕەشەمان لێ دەکات، لە ڕۆژنامەیەکی سویدیدا هاتووە "باشترین ئەنجامی ئەو مانگرتنە ئەوە بوو سەرجەم توخمە ناسۆشیالیستەکان، واتە پێنج لەسەر شەشی دانیشتوانی وڵاتی لەژێر یەك بەیداخدا کۆکردەوە و دژی مەترسی سۆشیالیزم ئاراستەی کرد".

پاشان ئەم بەرگرییە بەبێ یەکگرتنی سەندیکاکانی خاوەنکاران و هاوسۆزیی رای گشتی سەری نەدەگرت، سوودەکەیشی لەبەرئەوە بوو زۆربەی رۆڵەکانی چینی بۆرژوازی (چینی ناوەڕاست) لەوێ راهێنان لەسەر کارە دەستیەکان دەکەن وەك هاڕین و دارتاشی و سواقدان و لەحیمکردن و کوتان و ...هتد.

ئەوەی پێویستە تێبینی بکرێ ئەوەیە چینی ناوەڕاست (لە سوید) هاوشێوەی دەستە خوشکەکەی لە فەرەنسا سیفەتی خۆبەدەستەوەدان و ملکەچی تێدا نیە، جا ئەگەر چینی ناوەڕاستمان بیر لە یەکگرتن نەکاتەوە تا بەرگری لە خۆی بکات، لە نزیکترین کاتدا ماڵ و سامانەکەی لێ دادەماڵرێ و لەناو دەچێ. لەوانەیە وا بێتە بەرچاومان مانگرتنی گشتی و یاخیبوونی فەرمانبەران لەو بابەتانەنلە هۆی جیاوازەوە دروست دەبن، بەڵام باش وردبوونەوە پیشانمان دەدات لەڕاستیدا رووداوگەلی هاوشێوەن و زادەی یەك یاسای دەروونیی هاوبەشن لەنێو سەرجەم نەتەوەکاندا، ئەویش ئەوەیە هەرکات یەکێك لە چینەکانی کۆمەڵگە هەستی بە زیادبوون هەژموونی خۆی کرد دەستبەجێ بەرەو بەکۆیلەکردنی چینەکانیتر دەڕوات. زیادبوونی هەژموون کە پێشەکیی قووتدانە کاتێ روودەدات هاوسەنگیی هێز لەنێوان رەگەزەکانی کۆمەڵگەدا نامێنێ، ژیانی نەتەوەیش وەك ژیانی تاکەکان بەهاوسەنگیی هێزە بەرانبەرەکانی نەبێ بەردەوام نابێ، جا ئەگەر هاوسەنگی تێکچوو نەخۆشی روودەدات، ئەگەر تێکچوونیش بەردەوام بوو مردنی بەدووادا دێ.

کەمترین نیگا بۆ مێژوو پیشانمان دەدات هەرکات هەژموونی چینێکی کۆمەڵایەتی زیاد بکات، بەرەو زاڵبوون بەسەر چینەکانیتردا هەنگاو دەنێ، پاش ئەوەی رۆما لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا لەڕێی سوپاکانیەوە دەستی بەسەر جیهاندا گرت و هاوسەنگی لەنێوان ئەنجومەنی پیرانەکەی و سوپاکانیدا نەما، ئەو سوپایانە بوونە سەردار، ئەو سەردارییە زیادی کرد تا کار گەیشتە ئەوەی دانان و داگرتنی ئیمپراتۆرەکان لە تەخت بکەوێتە دەست سوپا.

رووداوی قووتدان پاش ماوەیەك لەلایەن زۆر لە رەگەزە کۆمەڵایەتیەکانی وەك میرە دەرەبەگەکان و ئیکلیرۆس و پاشاکانەوە ئەنجام درا، کاتێ هاوسەنگی لەنێوان ئەو چینانەدا نەدەما، یەکێکیان چینەکانیتری قووت دەدا. دیارە پوکانەوە چینە زاڵەکەیشی دەگرتەوە، ئەوە بوو کاتێ پاشایەتی لە فەرەنسا نرخی هاوسەنگی نەزانی لە وجود سڕایەوە.

کەواتە ئەو بنەمایەی داکۆکی لە پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی نێوان رەگەزەکانی کۆمەڵگە و رەواجنەدان بە رەگەزێك لەسەر حسابی رەگەزەکانیدی دەکات، بنەمایەکی سیاسیی بنچینەییە، ئەگەر پاشایەتی لەبەر ئینکاریکردنی لەم یاسایە لە وجود سڕایەوە ئەوا کۆمارەکەیشمان دەسڕێتەوە ئەگەر دەرگا واڵا بکات کۆمەڵەی یەکێتیی کرێکاران و سەندیکاکانی فەرمانبەران هەژموونیان زیاد بکات.

بەڵگەی راستیی یاسای ناوبراو لە هەموو کاتێکدا دەردەکەوێ، وڵاتی یۆنان بەڵگەیەکی زەقی لەو بارەوە پێشکەش کرد، ئەویش کاتێ چینێکی رەسمی بەسەریدا زاڵ بوو و بەهۆیەوە دەسەڵاتی رژێمی سەربازیی رەهای بەسەردا سەپا.

دەمەتەقێی زارەکی و ملکەچکردن لەکاتی ئاشوبەکاندا چیتر بوونەتە شتی بێکەڵك، چونکە ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم کۆمەڵێ دوژمنداین کە خاوەن بەرنامەی روونن لە تێکداندا، ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنن کەس لە خراپەیان قوتار نابێ، نووسەرێکیان دەڵێ: "سەندیکایی شۆڕشگێڕی دژی سوپا و نیشتمانە"، نوێنەرێکی ئیشتراکی لە وتارێکیدا کە لەم دواییەدا پێشکەشی کرد "هانی ئەو لاوانەمانی دا کە داوای خۆ رێکخستنیان لە ریزەکانی سەربازیدا دەکرد، چاو لە کرێکارانی بەرشلۆنە بکەن کە بوون بە سەربازیان رەت کردەوە و لە دەسەڵاتی سەربازی یاخی بوون".

ئەوە ئەو جەنگەیە سەرانی چینی کرێکاران کە هەندێ لە پەرلەمانتاران و زۆر فەرمانبەر و مامۆستایشی تێدایە، دژی سیستمی کۆمەڵایەتی بەرپایان کردوە، ئەوەیش بەمەستی بەلای خۆدا راکێشانیان هاوپەیمانییان دەکات —وەك هەندێ لە دەوڵەمەندەکان دەیکەن— پیشانی دەدات لە رێساکانی دەروون بێئاگایە، جەنگێکی لەو شێوەیە یان ئەوەتا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی یەکێك لە دوو لایەنەکە یان تیاچوونی و ناوەندێك لەئارادا نیە، دۆڕانیش بە هاوپەیمانیکردن دوور ناخرێتەوە، جگە لەو وێرانیەی سەرەنجام لە هاوپەیمانیەکە دەکەوێتەوە، دەبێتە مایەی ریسواییەك لە ئێستا و رقی نەوەکان لە ئایندەدا.

کەواتە شاردنەوەی ترس بە وتاری درۆزن لەبارەی مرۆڤایەتی سوودی نابێ و کەس نە لە بوێژان و نە گوێگران متمانەیان پێی نیە، هیچ شتێك لە رێگەی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەم کاتەدا سادەتر نیە، کە بریتییە لە هەڕەشە و گوڕەشە و بەدەستهێنانی ویستەکان لەو رێگەیەوە. لە بەشێکیتردا روونم کردەوە ئەو ترسەی دروستی دەکات گەورەترین فاکتەرە لە بڕیارەکانی پەرلەماندا.

ئەو ڕێوشوێنانەی سۆشیالیستەکان دەیانسەپێنن داراییمان هەرەس پێ دێنن، بەڵام کێ خەمی ئەم هەرەسهێنانەیەتی کە ئێمە بەنزیك و ئەوان بەدووری دەبینن؟
بەڵام ئێمە هەموو ڕۆژ ئاکامەکانی ئەو یاسایانەی بەکاریگەریی ئانارشیست و سۆشیالیستەکان دانراون دەبینین، بۆ نموونە کڕینی هێڵی ئاسنینی خۆرئاوا کە سەرباری نەیاریی ژوورەکانی بازرگانی ڕوویدا، لەباتی ئەو سەرکەوتنەی ئەوانەی پێشنیاریان کرد چاویان لێی بوو، باری سەر بودجەی دەوڵەتی قورس کرد.
مسیۆ (دومەر) ڕوونیکردەوە کورتهێنانی ئەو هێڵانە ٣١ ملیۆن بووە لە ساڵی ١٩٠٩ و ساڵی ١٩١٠ دەبێتە ٥٠ ملیۆن، چارەنووسی سەرجەم ئەو پرۆژانەی دەوڵەت ئەنجامیان دەدات لەبەر نەبوونی هەستی بەرپرسیاریی لای فەرمانبەران و بێموبالاتیيان لە بەڕێوەبردنیان بەو شێوەیەی پێویستە، هەر بەو شێوەیە دەبێ.
زیانی گەنجینەی دەوڵەت کە وەهمدارانی زانستە تیۆرییەکان دەیسەپێنن زیاد دەکات، کڕینی هێڵی ئاسنینی خۆرئاوا هیچی نەکرد جگە لە سەلماندنی ڕۆڵی شوومیان، حکومەت بۆ دامرکاندنەوەی دەمارگیریی هەندێکیان و بێئاگا لەوەی ئەو کڕینە سوود بەکەس ناگەیەنێ، شانی دایە ژێر خەرجی پەنجا ملیۆن فرەنك لە هەر ساڵێکدا، کە –وەك مسیۆ (بودنوت) ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ڕوونیکردەوە– ئەو خەرجە دوای دە ساڵ دەبێتە یەك ملیار فرەنك.
بەڵام ئەوە تەنیا سەرەتاکەیەتی، لە ئایندەدا کورتهێنانی بودجە بەکاریگەریی ئەو پرنسیپانەی پەرلەمان بەڕێوە دەبەن زیاتر دەبێ، ئیتر هیچ لەبارەی ئەو یاسایانەوە ناڵێین کە هێشتا دانەنراون وەك پرۆژەیاسای قۆرخکردنی خوێندن، کە سەد و پەنجا ملیۆن فرەنك لەسەر بودجە دەکەوێ.
هەرکات داماڵینی ماڵ و سامان شێوازێکی تاکڕەوانەی وەرگرت ئیتر لە هیچ سنوورێکدا ناوەستێ، یاسای نوێ زۆر بوون کە ئەگەرچی بەناوی مرۆڤایەتیەوە دانراون دەبنە مایەی داماڵینی سامان، هیچ یاساناسێك ناتوانێ ئەو یاسایە بەو سیفەتە وەسف نەکات کە کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسنین ناچار دەکات موچەی خانەنشینی کرێکاران زیاد بکەن لەکاتێکدا پێشتریش موچەی خانەنشینیی باشیان داونەتێ، جا چۆن ئەوە ناکات کە دەبینێ خەرجی هێڵی ئاسنینی (پاریس–لیۆن–مەرسیلیا) بەتەنیا ساڵانە بووەتە دە ملیۆن.
بۆ دانانی ئەم جۆرە یاسایە تەنها ئەوەندە بەسە سەندیکاییەکان هەڕەشەی مانگرتن لە پەرلەمان بکەن، جا لەو ڕووەوە پەرلەمان لەبەردەم چاوسوورکردنەوەدا مل کەچ دەکات، ساویلکەییە بۆ بەرگریکردنی کۆمەڵایەتی پشتی پێ ببەسترێ.
کرێکارانی هێڵی ئاسنین بینییان پەرلەمان تا چ ڕادەیەك ملکەچیان بوو، لەبەرئەوە کۆبوونەوە بۆ دانانی پرۆژەیاسایەك تێیدا داوای زیادکردنی کرێکانیان بکەن، ئەو زیادەیە بەگوێرەی مەزەندەی ئەوان دەگاتە هەشتا ملیۆن فرەنك، جێی خۆیەتی لە تێچوونەکەی بکۆڵینەوە. ئەگەر تەماشای کۆمپانیای (پاریس–لیۆن–مەرسیلیا) بکەین دەبینین هەر ساڵێکبیست و پێنج ملیۆن فرەنك لەسەری دەکەوێ، جا ئەگەر ئەم

چەردەیە لەنێوان پشکەکانیدا دابەش بکەین کە ژمارەیان ٨٠٠ هەزارە، ئەوا هەریەکەیان ٣١ فرەنك و ٢٥ سەنتیمی بەردەکەوێ، جا بیرکەوە !.

کەواتە ئەو خاوەن پشکەی ئەمڕۆ ٥٦ فرەنك قازانج دەکات لە ئایندەدا تەنیا ٢٤ فرەنك و ٧٥ سەنتیم قازانج دەکات، واتە کەمتر لە نیوەی داهاتی ساڵانەی، پشتبەستنیشی بە گەرەنتیکردنی دەوڵەت بۆ سوود بێهوودەیە، چونکە ئەو گەرەنتییە ساڵی ١٩١٤ نامێنێ.

شتێکی سروشتییە سۆشیالیستەکان بەو زیانەی بەر خاوەن پشکەکان دەکەوێ دڵخۆش بن، کە ئەگەر لە بابەتەکەیان بکۆڵیایەتەوە دەیانزانی هەندێ لەو خاوەن پشکانە لە کرێکاران و فەرمانبەرانی بچوکن، کە ساڵانێکی زۆر هەندێ پارەیان پاشەکەوت کردوە بۆ کڕینی چەند پشکێك.

دەبا ئەو خاوەن پشکانەیش بزانن چۆن بەرگری لە خۆیان دەکەن، با هەوڵی دروستکردنی رایەکی گشتی بدەن لەڕێی ئەو کۆبوونەوە گشتیانەی دەیانکەن، هەروەها لەڕێی دیدارەکانیان لەگەڵ پەرلەمانتارانی دەستڕۆیشتوو کە بەرگریکردن لە داهاتە هەڕەشەلێکراوەکەیان دەگرنە ئەستۆ.

کارە دیارەکانمان بەزۆری ئەنجامی هەندێ هێزی شاراوەن کە عادەتەن بە شوێنەوارەکانیان نەبێ نایانزانین، تەنیا کارەکانی خۆیشمان بەسەردا ناسەپێنن، بەڵکو ئەو بەڵگانەیش دەسەپێنن کە بۆ روونکردنەوەی ئەو کارانە زەرورن.

ئەگەر لەو فاکتەرانەی جوڵان ورد بینەوە کە لە ماوەی سی ساڵدا کاربەدەستان بەڕێوە دەبەن، دەبینین بۆ سێ فاکتەر دەگەڕێنەوە، یەکەم: ترسی زۆر لە دەنگدەران. دووەم: چەوساندنەوەی کەمینەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی دڵی دەنگدەران. سێیەم: کاریگەریی پرنسیپە سۆشیالیستیەکان. جا با لەم سێ فاکتەرە بکۆڵینەوە.

هەرچی ترسە لە بەشێکیتردا لێی دووام، پێم وایە کەس نکوڵی لە کاریگەریی گەورەی ناکات، رۆڵی ترس لە یەکەم مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستەوە بەئاشکرا دەرکەوت، کە بینیمان وەزیرەکان و پەرلەمان بەسەرکزی ملکەچی داواکانی فەرمانبەرانی یاخی بوون.

هەروەها فاکتەری چەوساندنەوەیش کەس نکوڵی لێ ناکات، زۆربەی وەزیرەکان بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتیان پشتیان بەوە بەستوە، لە رۆژنامەیەکی گەورەدا هاتووە: "حوکمی (فالدیك روسو) لە سایەی یاسای دژ بە ناوەندە ئاینیەکاندا سێ ساڵ بەردەوام بوو، هەروەها حوکمی مسیۆ (کومب) بەسایەی یاسای تایبەت بە داخستنی قوتابخانە ئاینیەکان و دەرکردنی راهیبەکان بەردەوام بوو، مسیۆ (روفیە)یش بەسایەی یاسای جیاکردنەوەی کەنیسە لە حکومەت جڵەوی حوکمی بەدەستەوە مایەوە".

فاکتەری سێیەم کە هەژموونی سۆشیالیستییە رۆڵێکی گەورەی هەیە، لە تیۆرە سۆشیالیستیەکان — بەکاریگەریی تەلقین و دووبارەکردنەوە و تەنینەوە— دیانەتێك گەڵاڵە بووە کە رێنماییەکانی لە موعتەقەدە

کۆنەکان نالێبوردانەترن، خەڵك تەنانەت ئەوانەیش باوەڕیان پێیان نیە لێیان تێر (مشبع) بوون بەبەڵگەی ئەوەی ناوێرن بەگژیاندا بچنەوە، وەك ئەوەی ئێمە لە قۆناغێکی هاوشێوەی سەدە بەراییەکانی مەسیحیەتدا بین کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زۆری، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو.

هەژموونی سۆشیالیزم دانانی زۆر یاسای مەترسیداری فەرز کردوە، لەوانە یاسای کڕینی هێڵە ئاسنینە غەربیەکان، زۆر لە رادیکاڵەکان لەڕووی مەراییەکردنەوە بۆ سۆشیالیستەکان کڕینی ئەو هێڵانەیان خستۆتە بەرنامەی خۆیان، کاتێ وەختی دەنگدانیش هات رادیکاڵەکان –بەبێ گوێدانە ئانجامە خراپەکانی کە زانایانی ئابووری باسیان دەکرد– لە دەنگپێدانی دوانەکەوتن.

هەروەها هەر لە پرنسیپە سۆشیالیستیەکانەوە زۆر یاسا پەیدا بوون کە بوونە مایەی لەبەریەك هەڵوەشانی بیروباوەڕە ئەدەبیەکانمان و بازرگانی و دامەزراوەی دەریایی و پیشەسازیمان، لەوانە یاسای کار لە کارگەکاندا، کە دەرچوون (التخرج)ی هەڵوەشاندەوە، بەوەیش زۆر لە قوتابیانی گۆڕی بۆ چەقۆکێش.

ئەو فاکتەرانە لە کاری خۆیان بەردەوام دەبن مادام چینە سەرکردەکان لەسەر سستی و خەمساردییان بەردەوام بن، ئەو فاکتەرانە رۆڵیان دەبێ لە یاسای باجی داهات کە جێبەجێکردنی لەسەر بنەمای پشکنین دامەزراوە، ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی کرد و ئێستا لە ئەنجومەنی پیران لە تاوتوێکردندایە، بەردەوامیی سیستمی کۆماری لەسەر دانان یان رەتکردنەوەی ئەو یاسایە وەستاوە، فەرەنسا ئەگەرچی زۆر بەرگەی تاکڕەوی گرتوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگەی یاسایەکی فرە ستەمی وەك ئەم یاسایە ناگرێ.

کەس نیە نەزانێ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە ژیانی تاکەکان سەخت دەکات، ئەگەر وایە ئەی چی وای لە پەرلەمان کردوە دەنگ بە یاسایەك بدات کە داراییمان دەهەژێنێ؟ پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەمان دایەوە، دووبارەکردنەوەی ئەوەی پێشوویش بێسوود نابێ.

بەباشزانینی ئەو یاسایە زۆر هۆی دەروونی هەیە: یەکەمیان چاوسوورکردنەوەی لیژنەکانی هەڵبژاردنە، کە لەبەر بێئاگاییان لە یاساکانی ئابووری پێیان وایە دەکرێ باج لەسەر چینێك فەرز بکرێ و لەسەر یەکێکیتر فەرز نەکرێ، پاشان رێگەی پشکنینی میری کە یاسای ناوبراو بەبێ ئەوە جێبەجێ ناکرێ لە هۆکانی دانانیەتی. دیسان یەکێك لە هۆکانی دانانی ئەوەیە سۆشیالیستەکان حەز دەکەن سامانی خەڵك بزانن تا کاتێ بوونە زۆرینە بەیاسایەك دەست بەسەر سامانی سامانداراندا بگرن، وەك ئەو یاسایەی بەهۆیەوە دەست بەسەر سامانی ناوەندە ئاینیەکاندا گیرا.

چارەنووسمان لەسەر ئەوە دەوەستێ لاوان بیر لە چی دەکەنەوە و چی دەڵێن و چی دەکەن، ئەو لاوانە گەیشتنە گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵایەتی و لەبەردەمیاندا بینییان بیروباوەڕەکانی رابردوو هەڵوەشاونەتەوە و پایەکانی کۆمەڵگە لە هەرەسدان، جا ئەوانیش کاتێ بەهایەکی باڵا نەما بەرگری لێ بکەن و بینییان زنجیرەبەندیی ئاستەکان و سیستمەکانی خێزان و موڵکایەتی و نیشتمان و سوپا لە داڕوخاندان، ئەو

باوەڕەیان لەلا دروست بوو کە هەر هەولێك نەزۆکە، باوەڕێکی لەو جۆرەیش ئەخلاق لەناو دەبات، کە خەڵك بەهۆیەوە لەژێر باری توندوتیژی و چەوساندنەوەدا دانیان بەخۆیاندا گرتوە.

ئەم دۆخە لیکی لە دەمی شۆڕشگێڕانی رژاند کە هیچ دابونەریتێکیان نیە و بیر تەنیا لەم ساتی ئێستا دەکەنەوە و خولگەیەك بۆ ژیان نادۆزنەوە جگە لە تالآنکردنی ئەو سامانەی کەسانیتر بەرەنج و زەحمەت پەیدایان کردوە، جا کاتێ دەمارگیری بۆ خێر بەرەنگاری نەکات هەر زوو دەمارگیری بۆ شەڕ بەهێز دەبێ.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا لاوانی چینی ناوەڕاست هێشتا باشترین رۆڵەکانی نەتەوەن، لەبەرئەوەی دەستیان بەجڵەوی زانست و پیشەسازی و ئەدەبیات و هونەرەوە گرتوە، بەڵام باشترین بە باشترین نامێنێتەوە ئەگەر ئەخلاقی لەدەست دا، کاتێ تایبەتە خەڵکەکەی نەتەوەی رۆمانی لە سەردەمی دوواییدا ئەخلاقە تۆکمەکانیان لەدەست دا، ئیتر نەیانتوانی بەرەنگاریی چاوچنۆکی بەربەرەکان، کە ورەبەرز بوون، بکەن و دەسەڵاتەکەیان لەناوچوو.

سەرباری رواڵەتی شتەکان کێشە و ململانێکانی ئایندە تەنها بریتی نابن لە ململانێی ئابووری، بەڵکو ململانێ دەبن لەپێناو پرنسیپەکاندا، یان دەکرێ بڵێین لەنێوان ئەو هەستانەیش کە لەو پرنسیپانە دەکەونەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەو هەست و شعورانەی لە سەرجەمیان ئەخلاقی نەتەوە پێکدێ بەخاوی نەبێ ناگۆڕێن، بەڵام بینراوە لە تەمەنی نەوەکاندا چەند جارێك گۆڕاوە، بەم شێوەیە پەروەردە توانی لە ماوەی کەمتر لە سەدەیەکدا ئەڵمانیا بگۆڕێ، بەڵێ وەك جارجار دەوترێ مامۆستایانی قوتابخانەکان جەنگەکان نابەنەوە، بەڵام دەتوانن دەروونێك پێبگەیەنن، کە ببێتە بایسی بەزین لەو جەنگانەدا.

## بەشی شەشەم

## قەدەرە نوێکان و لەناوبردنی قەدەر

قەدەرەکانی نەوە بەلێکۆڵینەوە لە پرنسیپە رێکخەرەکانی کە لێبڕانەکانی بەڕێوە دەبات و ئاراستەی دەستنیشان دەکات، دیاری دەکرێ. ئەی ئەو پرنسیپانە لەکوێ دەدۆزینەوە؟ لای گرووپ نایاندۆزینەوە چونکە گرووپ خاوەن شەهواتن نەك پرنسیپ، ئاخۆ لای خاوەن قەڵەمەکان پەیدا دەبی کە کتێب دادەنێن و وتار دەدەن؟ ئەوانەش بەزۆری گوزارشت لە پرنسیپە بەڵگەنەویستەکان دەکەن تا سەرنجی بیسەرانی وتارەکانیان و خوێنەرانی کتێبەکانیان رابکێشن.

سەرباریی زەحمەتیی هەڵێنجانی پرنسیپە باوەکانی قۆناغێك، بەڵام دەکرێ بەئاشنابوون بە بۆچوونەکانی مامۆستایانی قسەبیستراو تا رادەیەك پەییان پێ ببرێ، خوتبەکانی کەسانی وەك مسیۆ (لافیس) و مسیۆ (بیارلوتی) ئاماژەن بۆ ئەوەی چاوساغانی لاوان لەم کاتەدا گرنکی پێدەدەن.

هیچ لەو خوتبانەدا نیە هاندەر یان خەمڕەوێن بێ، چونکە لە رۆحێکی تێر بە رەشبینی (یاخود بڵێین نوقڵانەلێدانی خراپ)ـەوە هەڵقوڵاون، ئەوەی بەتایبەت تێیاندا دەبینرێ بریتییە لە باوەڕ بە بێهوودەیی تێکۆشان و زەرورەتی خۆبەدەستەوەدان لەبەردەم رووداوەکان و دانان بەوەی زانست توانای هەڵماڵینی پەردەی سەر نهێنیەکانی ئەو گەردوونەی نیە کە دەوری داوین، وادیارە رێبازێك تاریك لە قەزا و قەدەر بەسەر دڵی ئەو بیرمەندانە زاڵ بووە لە کۆتاییەکانی ژیانیاندا، لەکاتێکدا لە جۆشی لاوێتییاندا لێوانلێو بوون لە ئومێدی جوان جوان.

ئەو ئاوازانەی ئەو مامۆستایانە و ئەندامانی کۆڕی زانستی لە قەزا و قەدەردا دەیانهێنن گەورە سیاسیەکانیش لەم کاتەدا هاوشێوەیان دێنن، ئەوەتا لە وتوێژێکدا کە ئەم دواییە کراوە سەرکۆماری پێشوو مسیۆ (لوبە) وتوێتی: "رەوتی موقەدەری شتەکان لەسەروو عەزیمەتی پیاوانەوەیە، لۆژیکێکی شاراوەی پڕ نهێنی هەیە بەڕێوەمان دەبات"، پاشتر دەبینین رەوتی موقەدەری شتەکان و ئەو لۆژیکە پڕ نهێنییە لە چ رەگەزێك پێکدێن.

مسیۆ (بیارلوتی) گەورەترین ئەندامی کۆڕی زانستییە خەم دایگرت، وەك ئەوەی بەزمانێکی تەبا ناڵەی سیفری نەمری سلێمان دووبارە بکاتەوە، ئەوەی مسیۆ لوتی لە هەموو شت زیاتر بە خەوشی دادەنێ لە زانستدا بێتواناییەتی لە روونکردنەوە و تەفسیرکردنی شتەکاندا، ئەم نووسەرە بەناوبانگە باوەڕی بەتوانای مرۆڤ نیە بۆ بەرگری لەخۆکردن لەبەردەم مسیبەتەکانی رۆژگار و رووداوەکانیدا، ئەوەتا دەڵێ: "وەستان لەبەردەم ئەو تەوژمە راماڵەرەدا ئاستەمە کە دەیەوێ هەموو شت نزم بکاتەوە، تا هەموو دەچنە یەك ئاست".

لەو کەسانە نیم باوەڕیان بە ڕوودانی ئەو یەکسانییە هەیە، بەبڕوای من چەندە شارستانێتی پێش بکەوێ جیاوازیی خەڵك لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا زیاد دەکات، لە کتێبێکیتردا هۆکانی ئەو جیاوازییە پلەبەپلەیەم ڕوون کردۆتەوە و باسی ئەوەم کردوە ماوەی نێوان فیکری زانا و فیکری نەزان، لەنێوان عەقڵی ئەندازیار و عەقڵی دروستکەردا هەموو ڕۆژ زیاد دەکات، ئەو یەکسانکردنەی باس دەکرێ لەنێوان دیاردەکاندایە نەك لەنێوان کەسەکاندا، ئەگینا چۆن ئەو کاپتنەی لە ئەستێرەکانەوە ئەوە دەخوێنێتەوە کە پێویستە بۆ خۆلادان لەترسی نقومبوون کەشتیەکەی بەچ ئاراستەیەکدا ببات، لەگەڵ ئەو کەشتیەوانە یەکسان دەبن کە ئەگەر بەتەنیا بەجێبهێڵرێ بەحەتمی نوقم دەبێ؟ جیاوازیی دەروونی لەو قەدەرە زاڵانەیە کە هیچ تاکڕەویەك لەناوی نابات.

وەنەبێ مسیۆ (لافیس) ڕەشبینی یاخود نوقڵانەدانی خراپ (التطیر) و باوەڕی بەقەزا و قەدەر لە مسیۆ (لوتی) کەمتر بێ، بەڵام کاتێ مسیۆ (ریمۆن پوانکارە) قسەی کرد لەسەر گەشبینیەکەی سەرزەنشتی کرد و وتی: "قەڵس دەبم بەوەی دەبینم باوەڕتان وایە چەند پرنسیپێکی کۆنی سادە بەسن بۆ قیادەکردنی خەڵك لەم سەردەمەدا".

مەبەستی مسیۆ (لافیس) چ پرنسیپێکە؟ لەبەرئەوەی نەیدەزانین ئاماژەی بۆ نەکردن، تارماییەکی دووریان لێیەوە دەرکەوت و ترساندی و وتی: "دەوڵەت و کۆمەڵگە لە مەترسیدان، دیموکراسی بووەتە ئاوێتەیەك لە غەریزە و شەهەوات و خەیاڵات کە نە دەزانیت چی دەوێ و نە دەزانیت باری کۆمەڵگە لە ئایندەدا چۆن دەبێ. کاتێکیش بەهۆی ئەو یاسا و سیستم و عادەتانەی پەیدا دەبن تەنگاو بوو و جوڵەی تێکەوت، دەستی دایە کوتانەوەی سیماکانی کۆمەڵگەی ئێستا تا هەموو شت تێیدا بەرەو کەوتن چوو، بەم شێوەیە ئەو کاتە نزیك کەوتەوە کە تێیدا دەوڵەتان خەرجە جەنگی و خەرجە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە دەکەن، بەرەبەیانی ڕۆژ لەوێیە".

ئایا ئەو پێغەمبەرە مەزنە نازانێ مەترسیەکانی هەندێ ناڕاستییان تێدایە؟ ئایا لەبیری چووە کێشەی لەوجۆرە لەناو سەرجەم نەتەوەکاندا ڕووی داوە وەك ئەسینا و ڕۆما و فلۆرەنسا؟ جا کاتێ ئەو کێشە ناوبراوانە بەیەك شێوە لەلایان دووبارە بوونەتەوە، ئەنجامی هاوشێوەیان تێیاندا لێ کەوتۆتەوە. بەڵێ، بەربەریەت زۆربەی وەخت ناوی خۆی گۆڕیوە، بەڵام پێویستە لە ناوەوە و دەرەوە شەڕی لەدژ بکرێ، پاشان ئەم شەڕە لە فاکتەرەکانی پێشکەوتنە و مەترسیدار نابێ مەگەر پارێزەرانی سیستمە کۆمەڵایەتیەکە پێشوەخت چاوەڕوانی بەزین بکەن، جا لەو ڕووەوە ئەوکاتە بەحەتمی دەشکێن، ئەوا شایستەی تیاچوونن. دەشێ بەستەزمانان و سۆشیالیستەکانی لاتین و دەرچووانی زانکۆکانیان لە وڵاتی "بەرەبەیانی ڕۆژ"دا کە مسیۆ (لافیس) خەیاڵی کردوە، ڕێك بکەون، بەڵام ئەوە مانای بەکۆیلەکردنی لاتین و تاڵانکردنی ماڵ و

سامانیانە لەلایەن نەتەوە هاوسێکانەوە کە چاویان لە دەستکەوتنی ملیارات و لەناوبردنی رکابەرە دۆڕاوەکانە.

ئەم راستییە ئازاربەخشانە پشت بەهەندێ تەماعکاری دەبەستن کە خەونەکانی خەیاڵپڵاوان رێگەیان لێ ناگرن، چونکە ئەوانەن تا ئەمڕۆ حوکمی جیهانیان کردوە و تاهەتایەیش حوکمی دەکەن.

لایەنەکانی نوقڵانەلێدان و تەسلیمبوون تەنیا لەو خەڵکانەدا نابینرێ، بەڵکو فێرکردنی قوتابخانەیشمانی گرتۆتەوە، کاتێ مامۆستا خۆبەدەستەوەردەر نەبێ و باوەڕی بە قەزا و قەدەر نەبێ، دەچێتە ریزی کۆمەڵی یاخییان، بەم شێوەیە زۆر لە مامۆستاکان لەم کاتەدا لە سەرانی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕین.

رێبازی قەزا و قەدەر کەلەپووری رابردووی کۆنە، فەلسەفە و ئاینەکان نەمریان کردوە، زۆر فیرقەی پرۆتستانتی لەسەری دامەزراوە، هەروەها فیرقەی (جانسینوس)ی لەسەر دامەزراوە کە دەڵێ خوا لە ئەزەلەوە خەڵکانێکی بۆ سوتاندن و هەندێکیتری بۆ رزگاربوون خەلق کردوە، ئەگەر رێبازی جەبری کە لەسەر زانستی نوێ دامەزراوە بەرواڵەت پاساو دەداتە رێبازی باوباپیران لە قەزا و قەدەردا، ئەوە لەبەر تێکەڵبوونێکە لەنێوان دوو رێبازەکەدا، چونکە جەبریەتی زانستی دەڵێ رووداو زادەی چەند هۆیەکی رابردووە و هەرکات ئەو هۆیانە گەڕانەوە ئەو رووداوە دەردەکەوێ بەبێ ئەوەی هیچ مەوجودێکی باڵا کاری لەوەدا هەبێ. پێشینان سەرجەم هێزە سروشتیەکانیان داوەتە پاڵ مەوجودێکی باڵا، ئەویش لەلایەك لەبەر بێئاگاییان لە بەیەکەوە بەسترانی ئەو هێزانە و لەلایەکیترەوە بەتەمای گۆڕینی رێڕەویان لەڕێی ئەنجامدانی نوێژ و خوێندنی نزا و چاوەزارەوە.

با –لەبەر ئاستەمیی حەلکردنی– بابەتی کۆڵینەوە لە تیۆری ئیرادە بۆ زانایانی میتافیزیك بەجێبێڵین و لەڕووە زانستیەکەوە لە بابەتەکە بڕوانین، کە دەیسەلمێنێ سەرچاوەی قەدەر نەزانینی راستیەکانە و هەرکات زانیمان چۆن ئەو رەگەزانەی قەدەریان لێ پێکدێ شی بکەینەوە، نامێنێ.

قەدەرەکان سێ جۆرن: جۆری یەکەم قەدەرە سروشتییە جێگیر یاخود نەگۆڕەکانن، وەك قوچەك و رووداوەکانی کەشوهەوا و جوڵەی هەسارەکان، ئێمە ئەگەرچی ناتوانین بیانگۆڕین بەڵام دەتوانین یاساکانیان دەستنیشان بکەین و بەر لە روودانیان هەواڵیان بزانین و تا رادەیەك خۆمان لە بەردەمیاندا بپارێزین. جۆری دووەم قەدەرە گۆڕاوەکانن، وەك نەخۆشی و برسێتیەکان کە پێشتر ملیۆنان مرۆڤیان دەکوشت، ئەم قەدەرانە چەندە زانست پێشبکەوێ و رەگەزەکانیان شیبکاتەوە و هەریەك لەو رەگەزانە بەتەنیا بگرێ و هێرشی بکاتە سەر، بەرەو نەمان دەچن. جۆری سێیەم قەدەرە دروستکراوەکانن، مێژوو پڕە لەو قەدەرانە، لەو رووەوە هۆ پاش ئەوەی پێکدێ بەحوکمی زەرورەت ئەنجامەکەی بەدوای خۆیدا دێنێ شەڕکردن لەگەڵ ئەو قەدەرە دروستکراوانە سەختە، بۆ زاڵبوونیش بەسەریاندا پێویستە بە

قەدەریتری دروستکراو بەرەنگاری بکرێن کە هێزیان لەوان کەمتر نەبێ، ئەمە ئەو کارەیە پیاوە مەزنەکان دەیکەن.

لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی زانست لە رووداوەکاندا —کە پێشتر بە قەدەر نەگۆڕ دانرا— شێوەی شیبوونەوەی هەندێ قەدەر و نەمانیانمان پیشان دەدات، تا پێش چل ساڵ هەر کەسێك ئەندامێکی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی پاریس ببڕایەتەوە لە چەند رۆژێکدا دەمرد، دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکان دەبوونە قوربانی زەردە تا (الحمى الصفراء)، بەلاّم ئەمڕۆ کە گرێی ئەو قەدەرانە کراونەتەوە، دەرکەوتوە هۆی مردنی ئەو کەسانەی  هەندێ میکرۆب بووە و ئەگەر رێگریەکانی بۆگەنبوون بەکار بهاتایە لەناو نەدەچوون، هەمان شت بۆ زەردەتا و تاعونیش راستە.

شتی لەو جۆرە زۆر زۆرە، هۆڵەندیەکان توانیان لەرێی کۆششێکی زۆرەوە لە لافاو رزگاریان ببێ، پروسیا توانی لمی (پومیرانیا) و خاکی نەوتینی (براندبێرگ) بگۆڕێ بۆ دارستانی جوان و کێڵگەی بەپیت.

ئەوەی سەبارەت بە قەدەرە سروشتیەکان وتمان بەسەر قەدەرە مێژووییەکانیشدا پیادە دەکرێ، ئەو قەدەرانە سەرباری ئەو دژواریەی هەیانە لەکاتی داتاشینیان لە رۆحی گەل و رابردووە سیاسیەکەی، لە حوکمی ئەو یاسایە قوتاریان نابێ کە دەڵێ قەدەرەکان بە شیکردنەوەی رەگەزەکانیان لەناو دەچن.

هەموو لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی مێژوومان پاڵپشتی ئەوە دەکات، ئەگەر تەماشای جەنگی ١٨٧٠ بکەین و سەرجەم فاکتەرە سایکۆلۆژیەکانی شی بکەینەوە، دەبینین بەزینمان تێیدا شتێکی حەتمی بوو، هەروەها دەکرا کەسانێکی خاوەن هەستبەرز ئەو رەگەزانەی شکستەکەیان لێ پێکدەهات یەك بەیەك لەناو ببەن، پێش لەوەی بەهەموویانەوە ببنە شتێکی قورس و پشتشکێن.

هەڵە دەروونیەکان —هەروەها بێتوانایی لە پێشبینیکردنی ئایندە— سەرچاوەی ئەو قەدەرە فەوتێنەرانەن کە کاریگەرییان لەسەر زۆر نەوە قورسە، هەر بەهۆی هەڵەی لەو جۆرەوە، لەوانە لەدەستدانی گیانی رامان و تێبینیکردن و ئاشنانەبوون بە میزاجی دەروونیی ژاپۆنیەکان، رووسیا شکا و پێدەچێ ئەو ئەنجامانەیش بەدووایدا دێن چارەنووسی ئەورووپا بگۆڕن.

قەدەرە دروستکراوەکان —بۆ نموونە وەك ئالودەبوون بە مەیخواردنەوە— زۆر زۆرن. لەگەڵ ئەوەی ئالوودەبوون بە مەی لەنێوماندا بڵاو بووەتەوە و چواریەکی ئەوانەی داواکراو بوون بۆ خزمەتی سەربازی بەهۆی عەیبەکانی ئەو چواریەکەوە کە بەمیرات لە باوانی ئالودەوە بۆیان گوێزراوەتەوە، نەکرانە سەرباز، کەچی ناتوانین وەك پێویست کار لە قەدەری ئالودەبوون بکەین، پاشان دەوڵەت ناچارە خەڵك هان بدات مەی بخۆنەوە لەترسی ئەوەی نەوەك کورتهێنانێکی گەورە لە بودجەکەیدا روو بدات.

زۆر نابات ئەو قەدەرانەی دەیانهێنینە کایە هێندە عاسی دەبن ژێربارکردنیان مەحاڵ دەبێ، مسیۆ (کروبی) وەزیری بازرگانی پێشوو نموونەیەکی بەسوودی لەسەر ئەوە هێناوەتەوە، لە کتێبێکیدا کە تازە بڵاوی

کردۆتەوە ئەو فەوزایەی روون کردۆتەوە کە لە خزمەتگوزارییە ئیدارەکاندا هەیە، باسی ئەوەی کردوە هەوڵی داوە کاروبارەکانی بەو شێوەیەی پێویستە رێك بخات، بەڵام لە کۆششەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەویش بەهۆی ئەو ناکۆکییە بەردەوامەی لەناو فەرمانبەران و ئەو تێکەڵ و پێکەڵێەی لە بەرپرسیارێتیەکان و ئەو نایەکێتییەی لە سەرکردایەتیدا هەیە و...هتد.

مسیۆ (کروبی) سەرباری ئەو دوو ساڵەی وەزیری بازرگانی بووە نەیتوانیوە گۆڕانکاریەکی شایانی باس بکات، ئەوەی کتێبەکە بخوێنێتەوە دەبینێ بەتەواوی لەسەر هۆکانی بێتواناییەکەی نەوەستاوە، بەبەڵگەی ئەوەی بۆ چارەسەری دۆخەکە پێشنیاری "گۆڕینی لایەنەکانی دیموکراسی بە چاککردنی سیستمی هەڵبژاردن"ی کردوە.

دەشێ قەدەرە عاتیفیەکان لەرووی ئەنجامەکانیانەوە مەترسی بن، لەپێناویاندا رێبازی ئینسانی کە لە رواڵەتەکانی مەسیحیەتی پاشکەوتوو بووەتە یەکێك لە گەورەترین ئەو بەڵایانە لەم سەردەمەدا بەسەر فەرەنسادا هاتووە، ئەو رێبازەیە کە پایەکانی بنیاتی کۆمەڵایەتیمان دەخوات، ئەویش لەرێی ئەو یاسایانەی دەیانسەپێنێ و دەبنە مایەی بەرپابوونی شۆڕشی توندوتیژ، هەرئەوە وای لە کاربەدەستان کرد بڕیار بدەن چەقۆکێشان بچنە ناو ریزی سەربازان، با چوونەکەیشیان مایەی لەبەریەکهەڵوەشانی سوپا بێ، هەر ئەویشە پاڵمان پێوە دەنێ پارێزگاری لە تاوانبارانی چەقۆکێش بکەین لە هەندێ بەندیخانەدا کە ئامرازە نوێکانی حەوانەوەیان تێدایە.

بەکاریگەریی رێبازی ئینسانی (هیومانیزم) ژمارەی پیاوکوژان زیاد دەکات تا دەگاتە سێ هێندەی پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر، ئەو بکوژانەی قوربانیەکانیان سووتاند لەسێدارە نەدەدران ئەگەر بەهۆی تەقینەوەی تووڕەیی رای گشتی نەبوایە، کەس هێندەی بەناو مرۆڤدۆستان بۆ نەتەوە بەڵا نین، ئەو جۆرە کەسانە پیاوی پێشکەوتن نین بەڵکو پیاوی روخێنەری هەرچی چالاکی و بەربەستی بەردەم هەر پێشکەوتنێکن.

پێم وایە سوودی ئاگەداربوون لە دەروونناسی لە تەختکردنی قەدەرەکان دەستی بەدەرکەوتن کردوە، لە دەتەقەێیەکمدا لەگەڵ مسیۆ (هانوتو) کە یەکێکە لە وەزیرە بەرێزەکانی دەرەوەمان، پێی گوتم بۆ پیاوی سیاسی لەکاتی ئەنجامدانی کاروبارەکانی وەزیفەکەیدا، هیچ شتێك لە دەروونناسی گرنگتر نیە.

دەروونناسی کاربەدەستان تەنیا فێری ئەوە ناکات چۆن چۆنی رووبەڕووی ئەو قەدەرانە ببنەوە کە ژیانی نەتەوەکان کۆت دەکەن، بەڵکو فێریشیان دەکەن چۆن رووداوەکان ئاراستە بکەن. گەورە سیاسەتمەدارانی وەك ریشیلۆ و کافور و بسمارك و شا ئێدوارد توانیویانە رێچکەی شتەکان ئاراستە بکەن، هەروەها بەفەزڵی ئاشنابوونیان بە دۆخەکانی دەروون و ئاگەدارییان لە خواستەکانی ئاین و کۆمەڵایەتی و ئابووری، قەدەرەکانی مێژوو تەخت بکەن.

سەرباری ئەو بێتواناییەی لە مرۆڤدایە لەئاست تەختکردنی ئەو قەدەرانەی لە هەندێ دۆخ دەکەونەوە کە ئەو دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێ، بەڵام پیاوی بزان سوودیان لێ دەبینێ وەك چۆن کاپتن سەرەڕای ئاراستەی با سوود لەو بایە وەردەگرێ، ئەڵمانەکان کە بینییان زیادبوونی بەرهەم و رکابەریی مەترسیدار بوونەتە شتێکی حەتمی، بەم شێوەیە توانییان کۆمەڵێ سەندیکای بەرهەمهێنان بێننەکایە تا رێگە بگرن لەوەی بکەونە ناو قەیرانە داراییەکان، بەڵام لەبەر دەرکنەکردنمان بە زەرورەتی گردبوونەوەی پیشەسازی، دەبینی بەکۆمەڵێ یاسای ستەمکارانە شەڕ لەگەڵ سەندیکاکانی بەرهەمهێناندا دەکەین، کە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا یارمەتییان دەدات.

ئەگەر سوود لەو قەدەرانە وەرنەگرێ کە لە یاساکانی سروشتەوە سەرچاوە دەگرن بەڵکو بەرەنگارییان بکات، ئەوا نسکۆی گەورە روودەدەن، کە نەوەکانی ئایندە زەمەنێکی زۆر بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

پێشتر ئاماژەمان بۆ جەنگی ساڵی ١٨٧٠ کرد، کە ئەو فەرەنسیانەی لەبیریان کردوە کەم نین،

مامۆستایەکی خانەی باڵای مامۆستایان لە رۆژنامەی (تان)دا ئاماژەی بەوە داوە هەندێ لە قوتابیان نایزانن لەکاتێکدا هێشتا کاریگەری لە ئەوروپا هەیە و ئێمە هێشتا ٤٥٠ ملیۆن فرەنك سوودی پازدە ملیارەکە دەدەین کە ناچار بووین تێیدا خەرج بکەین، یەکێك لە ئەنجامەکانی شکانیشمان لەو جەنگەدا خەرجکردنی پەنجا و سێ ملیار فرەنك بوو بۆ خۆپاراستن لە شەڕی ئەو هێرشانەی دراوسێ براوەکانمان ماوەی چل ساڵە یەکبین هەڕەشەی ئەنجامدانیمان لێ دەکەن.

ئەو بەڵایانەی سیاسییە بێئاگاکان دەبنە بایسی روودانیان و رادەی پێویستی وڵات بە پیاوانی مەزن دەبینین، کە دەزانن چۆن لە دۆخی ئێستادا ئایندە دەخوێننەوە و قەدەرەکان تەخت دەکەن.

زۆر لە سیاسیەکان لەم خولەی پەرلەماندا سیاسەت بە هونەری وتاربێژی دادەنێن، بەڵام ئەوانە ئەگەر بەوردی لە بابەتەکە ورد بوونایەتەوە دەیانبینی ئەو سەرکەوتنەی لەسەر داڕشتەی بریق و باق دامەزرابێ کاتی دەبێ، ئەو وتاربێژییەی پشت بە قسەکردنی لوس و پاراو ببەستێ پێویست بە ناسینی کەسەکان و شتەکان ناکات، کە بۆ وەرگرتنی بڕیارە دروست و کاریگەر و خێراکان پێویستە، هەروەك کۆششێکی بەردەوامی لە خاوەنەکەی ناوێ، کە بۆ بەردەوامی سەرکەوتن پێویستە.

سیاسییەکانی ئێستا ئەنجامی کارەکانیان نابینن، ئەگەر ئەمڕۆ ئینگلتەرە گرفتاری زەحمەتیەکی زۆرە لە زیادکردنی باج کە بۆ بەهێزکردنی کەشتیگەلەکەی لەبەرانبەر مەترسیی ئەڵمانیادا پێویستە، لەبەر بێتوانایی سیاسیەکانیەتی لە خوێندنەوەی ئایندە، چونکە ئەوان بوون رازی نەبوون پاش جەنگی فەرەنسا و ئەڵمانیا کۆنگرەیەك ببەسترێ داواکاریەکانی ئەڵمانیا دیاری بکات و رەوتی ئایندە بگۆڕێ. بسمارك گرێدانی ئەو کۆنگرەیەی بە دێوەزمەیەك دەبینی و –وەك لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات– بەیانی و ئێوارە بیری لێ دەکردەوە، چونکە دەیزانی "لە بەروبومی سەرکەوتنەکانی بێبەشی دەکات". ئەگەر ئەو کۆنگرەیە

ببەسترایە ئەنجامێکی هاوشێوەی ئەنجامەکانی کۆنگرەی بەرلینی لێدەکەوتەوە کە دوای چەند ساڵێك گرێ درا و رووسەکان –کە بەسەر تورکەکاندا سەرکەوتبوون– ناچار کران واز لەو ناوچانە بێنن چاوی تێبڕیبوون، راستیەکەی کۆنگرەی ناوبراو سەرباری شکانی ئێمە رێگەی بە دەوڵەتێك نەدەدا هاوسەنگیی ئەورووپی تێکبدات، ئایا لە بەرژەوەندیی ئینگلتەرە و نەمسا و رووسیا بوو دەوڵەتێکی گەورە لە ناوەڕاستی ئەورووپا دابمەزرێ؟.

بەهۆی ئەو ماوە کورت کورتانەی پیاوانی سیاسی تێیاندا جڵەوی کاروبارەکان دەگرنە دەست، چارەنووسی نەتەوە لاتینیەکان گومانی کەوتۆتە سەر، ئەوەیش وادەکات ئەوانە تەنیا بیر لەم ساتەی ئێستا بکەنەوە و خەمی ئایندەیان نەبێ، سیاسەتێك تەنیا خەمی ئێستای بێ سیاسەتێکی دواکەوتووە و خراپترین ئاکامی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

سەرکەوتن لە دنیای سیاسەتدا بەدووربینی و چاوبڕینە ئایندە دەبێ، ئیمە دامەزراندنی موستەعمەرەی کۆنگۆ لەلایەن بەلجیکەوە بە نموونەیەکی دیار لەسەر دووربینی دادەنێین: دۆخی ئەفریقیا ماوەی چل ساڵ بوو نادیار بوو، لەبەرئەوە ژمارەیەك پێشەنگی بوێر دەستیان دایە دۆزینەوەی، ئەوکاتە پاشایەکی خاوەن بەسیرەتی فراوان سەرۆکی بەلجیك بوو و دەرکی بەوە کرد ئاسیا لە کۆتی ئەورووپیەکان رزگاری دەبێ و ئایندەی ئەوان لە ئەفریقیایە، لەبەرئەوە دەستی کرد بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێك لە ناوەڕاستەکانیدا، کە زۆری نەبرد رووبەرەکەی گەیشتە نیوەی رووبەری رووسیا، ئەوەیش بوو بە فاکتەرێکی گەورە بۆ دەوڵەمەندبوونی بەلجیکا.

خوازیارم خوێنەر لە موتالاکردنی ئەمەی رابورد فیکرێکی سەبارەت بە قەدەرەکان بەدەست هێنابێ جیاواز لەوەی لە کتێبەکان وەریگرتوە، ئەوەی بەهۆی کەمتەرخەمیی باوباپیرانەوە پەیدا بووە دەکرێ بە عەزم و ئیرادە زەلیل بکرێ، جێی داخە ئێمە هێشتا قەدەری دروستکراو خەلق دەکەین کە رۆڵەکانمان تالاوی ئەنجامە خراپەکانیان دەچێژن، ئەگینا ئاخۆ بانگکردنی خەڵك بۆ پرنسیپە نانیشتمانیەکان و ئەو پرنسیپانەی هانی پاشاگەردانی و بەسەربازنەکردن دەدەن و دانبەخۆداگرتنمان لەسەر فەرمانبەرانی یاخی و کەڵەکەکردنی یاسای زیانبەخش بەپیشەسازی و بەخشینی پەروەردەیەکی دواکەوتوو بەماددە و ماناوە لەلایەن مامۆستایانی قوتابخانەکانەوە، جگە لە خراپترین ئاکام چییان لێ چاوەڕاوان دەکرێ؟ ئاخۆ رقی لاوان لە باشترینبوون کە مەزنی نەتەوە بەوانەیە و گوێنەدان بە شتە گەورەکان و تەسلیمبوونی کوێرانە و گیانی بەسووك سەیرکردن و پیلانگێڕی و لەدەستدانی ئەدەبی رێکخەری عەزیمەتەکان، بێ باج دەڕوات؟ لەبەر ئەم شتانەیە ئێمە دادەبەزین و ئەڵمانیا، کە رێگەی جیاواز لە رێگەی ئێمە دەگرێتە بەر، بەرز دەبێتەوە.

مەترسیی گەورە لەوەدایە گەلەکەمان شوێن ڕێگەیەك بکەوێ ئامرازەکەی شۆڕش و ئاکامەکەی فەوزا بێ، ڕۆڵی سەرکردەکانی ئێمە ئێستا قەتیس بووە لە: پاراستنی بێتوانایی، کەمسیستمی، راونانی کوێرانەی خەڵکانی دەستەبژێر، هەوڵدان بەدوای یەکسانی لە نەهامەتی و بەدگوزەرانیدا، دەستگرتن بەسەر سامانەکاندا کە کۆڵەکەی کارن و هەڵگیرساندنی ئاگری حەسودی و ئارەزوو لە دڵەکاندا.

لەکاتی کۆبوونەوەی ئەم هۆیانە لە پوکانەوەدا دەبینی چاوپۆشی لە گەشەی لەشکرێك لە شۆڕشگێڕانی دەمارتوند دەکەین کە هیچ شتێك لە دابونەریت و پرنسیپ و ویژدانی باشیان پێوە دیار نیە و تەنیا بەدوای تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیان و جێبەجێکردنی حەزەکانیاندان، لە روخاندن و تێکدان، ئێمەیش تەنیا بە کزە گومان و خەمساردی و خۆبەدەستەوەدانی ئابڕووبەرانە بەرانبەریان دەبینەوە، چەندە ئەوان زیاتر هەڕەشە بکەن ئێمە زیاتر ملکەچ دەبین، بەم شێوەیە ئەو ساتە نزیك بووەتەوە کە ترازووی هێز تێیدا نالەرزێ.

ئەگەر بەم کتێبە توانیبێتم هەندێ کەس تێبگەیەنم ئەوا ئەو هەوڵە زۆرەی لە دانانیدا داومە بەفیڕۆ نەچووە، بەڵام من بەزۆری تەنیا هەندێ راستیی سادەم تێدا باس کردوە کە هەر کەسێك دەتوانێ پاش بیرکردنەوەی ورد و رامانی باش پەییان پێ ببات، وا ئەو نەتەوانەی لە رابردوودا لە دوای ئێمە بوون و ئێستا پێشمان کەوتون لێیان ئاگەدار دەبن، بەبەڵگەی ئەوەی لە راگەیەنراوی سەرکردەکانیاندا دێ و دەکرێ لەو وتارەی سەرۆکی بەناوبانگی کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان (رۆزڤێڵت)دا لەسەری بوەستین، کە لە کۆلێژی سۆربۆن لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٠ پێشکەشی کرد، ئەویش پێشێلکردنی پرنسیپەکانی یەکسانی و مەترسی رێبازە ئیشتراکیەکان و باشتربوونی رەوشت بەسەر زیرەکی لە ژیان و هەندێ راستیتری روون کردەوە. لە وتارەکەیدا هاتووە:

"پێویستە لەبیرمان نەچێ زیرەکی چەندە زۆر بێ و رۆشنبیری چەندە بەرز بێ و رەشاقە چەندە بڵند بێ بۆشاییەك پڕ ناکاتەوە کە لە سیفەتە بنچینەییەکانی ئەخلاقدا روو بدات، سیفە ئەخلاقیەکانیش کە سەروەریی نەتەوەیان لەسەر دادەمەزرێ بریتین لە دان بەخۆداگرتن و سەنگینی و هەستی بەرپرسیارێتی و مەیل بۆ یەکگرتن و جوامێری و ئازایەتی، ئەگەر ئەم سیفەتانە لاواز بوون نەتەوە ناتوانێ خۆی بەرێوە ببات و رێگە لە بێگانە بگرێ دەست لە کاروبارەکانی وەربدەن.

زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین سۆشیالیزم مایەی وێرانکردن و تێکدان و ژمارەیەکی بەرچاو خراپە و ستەم و فەسادی ئەخلاقە، پێویستە پاش ئەوەی زانیمان یەکسانی وجودی نیە، ئیتر درۆ نەکەین و بڵێین خەڵك یەکسانن.

له رابردوودا زۆر کۆمار دامەزران و پاشان بەهۆی دابەشبوونی ڕۆڵەکانیانەوە بۆ هەژار و دەوڵەمەند و هەوڵدانی هەرلایەك بۆ دەستگرتن بەسەر جڵەوی چارەنووسدا، پوکانەوە. چەندە یەکێکیان لە رقی ئەویتریان و دڵسۆزی تەنیا بۆ سیستەمی کۆماریدا رۆبچێ، ئەجەلی ئەو سیستەمە نزیك دەبێتەوە".

ئەمانە کۆمەڵێ راستین ساڵانێکی زۆرە بێپەروا روونیان دەکەمەوە، لەبەرئەوە پێویستە دووبارە بکرێنەوە تا لە دەرووندا بچەسپن، چونکە کەم روودەدات دەروونەکان پرنسیپەکان تەنیا لەبەر راستییان قبولّ بکەن، بەڵکو پرنسیپەکان پاش ئەوە بەسەریدا زاڵ دەبن کە لەڕێی دووبارەکردنەوەوە دەچنە ناو قووڵاییەکەی، کە بزوێنەرەکانی هەستانەوە و جوڵە تێیدا گەشە دەکەن.

## بەشی حەوتەم

## بەرگریی کۆمەڵایەتی

فەوزا و کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی لەو نەتەوانەدا روودەدات کە هەوڵ دەدەن پەیوەندیەکانیان بە رابردووەوە بپچڕن، بەوەیش میزاجی دەروونییان لەدەست دەدەن.

دەزانین رۆحی نەتەوە لە تۆڕێك لە دابونەریت و بیروباوەڕ و هەست و شعوری گشتی و ئەفسانە پێکدێ، کە بەبۆماوە جێگیر بووە، ئەمە ئەو رۆحەیە بەشێوەیەکی لاشعوری ئاراستەی هزر و رێڕەومان دیاری دەکات، بەهۆی ئەوەوەیە نەتەوەکان هاوشێوە بیر دەکەنەوە و لە رێگە سەرەکیەکانی ژیاندا وەك یەك رێ دەکەن. کۆمەڵگە ناتوانێ بمێنێتەوە ئەگەر پایەکانی دامەزراو نەبن لەرێی جێگیریی ئەو رۆحە نەتەوەییەی لەسەری دەوەستێ، نەتەوە کە تا ئەوکاتەی رۆحێکی نەتەوەیی بەدەست هێنا بەربەری بوو، کاتێ ئەم رۆحەی تێدا پوکایەوە، زۆر نابات دەگەڕێتەوە قۆناغی هەمەجیەت. رۆما کاتێ رۆحە نیشتمانیەکەی لەدەست دا خۆی لەدەست دا، ئەو فاتحانەی لەسەر داروپەردوی رۆمایش دەسەڵاتی خۆیان دامەزراند پێویستیان بە چەندین سەدە هەبوو بۆ بەدەستهێنانی رۆحێکی نیشتمانی کە بەهۆیەوە لە تاریکاییەکانی کێوییبوون دەربچن.

ئەمرۆ دەبینی لە یەکێك لە قۆناغە مەترسیدارەکانی مێژووداین کە بیروباوەڕە ئاینی و سیاسی و ئەخلاقیەکان کە ئاراستەی فیکر و رەوتمان دیاری دەکەن، وردە وردە لەناو دەچن بەبێ ئەوەی هێشتا جێگرەوەیەك بۆ جێگرتنەوەیان گەڵاڵە بووبێ. شتێکی ترسناکە خواوەندەکانی نەتەوە بپوکێنەوە، ئەگەر بکرێ کەمێك لە خەڵك نازانمگەرا (لاأدريين) بن، بەڵام ئەوە بۆ کۆمەڵەکان ئاستەمە، کە بەبەردەوام پێویستیان بە نموونەی باڵا هەیە دڵیان پڕ لە ئومێد بکات.

بەڵێ لەوانەیە هەندێ جار خواوەندەکان بگۆڕێن بەڵام قەت نامرن، چونکە پاش تێپەڕینی کاتێکی کورت بیروباوەڕێکی نوێ جێگەی بیروباوەڕە کۆنەکە دەگرێتەوە کە بەکاریگەریی رۆژگار رزیوە، ئەمڕۆیش خەریکە تەعالیمی سۆشیالیزم جێگەی تەعالیمی ئاینی دەگرێتەوە، هێزی خۆیشی لە بەئاسانی پەیوەندیکردنی بە بیروباوەڕە بۆماوەکانەوە وەردەگرێ، چونکە حکومەتی باڵادەست لە رواڵەتەکانی خواوەندە کۆنەکانە کە باوباپیرانمان باوەڕیان پێیان هەبوو، ئەگینا ئاخۆ هیچ جیاوازیەك هەیە لەنێوان ئەو بەهەشتەی سۆشیالیستەکان خەونی پێوە دەبینن لەگەڵ ئەو بەهەشتەی لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس کراوە. دوو بەهەشتەکە هیچ جیاوازییان نیە، نەتەوە رەسەنەکان تەنیا ئەو بیروباوەڕانەیان دەبێ کە بۆیان ماونەتەوە با ناوی ئەو بیروباوەڕانەیش جیاواز بێ، ئەو هەست و شعورانەی جێگیربوونیان لە دڵەکاندا چەندین نەوەی ویستوە، لەپڕ لەناو ناچن. لەبەر ئەم هۆیەیە سۆشیالیزم کە میراتگری دیانەتی مەسیحییە دەچێتە دڵی حەشامات و دڵی خەڵکی سادە پڕ دەکات لەو ئومێدانەی خواوەندە پیرەکان پێیان نابەخشن و لەو وەهم و خەیاڵانەی زانست باسیان ناکات.

پەیامبەرانی سۆشیالیزم رقێکی گەورەیان بەرانبەر رێبازە کۆنەکان لە دڵدایە، پیاوانی ئیکلیرۆس و سۆشیالیست و ئانارشیتستەکان و...هتد رواڵەتی لێکنزیکی یەك رێچکەن و رۆحیان لەژێر قورسایی وەهمگەلی هاوشێوەدا دەناڵێنێ، هەروەها لەبەر ئەو یەکێتیەی لەنێوان میزاجی دەرونییاندایە یەك مەوجودات دەپەرستن، یان یەك کۆمەڵە پێویستی تێر دەکەن بەئامرازی هەندێ لێك جیاواز.

ئەگەر ئەوانەی ئاینی سۆشیالیزم بڵاو دەکەنەوە تەنیا بە بڵاوکردنەوەی ئاشتییانەی بۆچوونەکانیان وازیان بهێنایە زۆر مەترسیدار نەدەبوون، بەڵام ئەی چی بکەین لەکاتێکدا وەك هەموو پەیامبەرەکان رێگەی زۆرلێکردنی خەڵك بۆ باوەڕهێنان بە نموونە باڵاکانیان دەگرنەبەر، کە پێیان وایە مرۆڤ نوێ دەکەنەوە.

ئەو رق و کینەیەی کۆمەڵگە دەیخاتە ئەو دەروونانەی ئاکاری دینداریکردنی بۆماوە بەسەریاندا زاڵە بەخێرایی لەنێوان کرێکاراندا بڵاو دەبێتەوە، ئەگەرچی ئەوانە ئەمڕۆ لەچاو رابردوو بەختەوەرترن کەچی سیستمی ئێستا نەفرەتباران دەکەن وەك کە مەسیحییە بەرایییەکان نەفرەتبارانی جیهانی کۆنیان دەکرد، کە سەرەنجام لەناویان برد.

لەگەڵ ئەوەی هێرش بۆ سەر کۆمەڵگە توندە بەڵام دەبینین بەرگریکردن لاوازە وەك ئەو بەرگرییەی بتپەرستان لە دژی ئاینی مەسیحی لە رۆژانی بڵاوبوونەوەیدا دەیانکرد، ئەمڕۆ تایبەتە خەڵکەکە باوەڕیان بە پتەویی ئەو پرنسیپانە نیە کە سیستمی کۆمەڵگەیان لەسەر دامەزراوە —وەك ئەوکاتەیش باوەڕیان نەبوو— ئەوان لەبەر بێزارییان لە کارتێکەرە بۆماوەکان و لە خواستەکانی سەردەمی ئێستا، بە داماڵراو لە لێبڕانێکی بەهێز و ئامادە بۆ کارکردن بە هەندێ بۆچوونی گشتی دەردەکەون، جا لەو رووەوە ئەو بۆچوونانە بێئەندازە گۆڕاون، کەمترین رووداو تێیاندا دەبێتە هۆی تەقینەوەی رق و تووڕەیی و جۆش و خرۆش.

لەو رووەیشەوە کاربەدەستان هەڵگری پرنسیپی ئەوتۆ نین کە رێگە لە ناسەقامگیریی دەروونییان بگرێ و چرایەکیشیان نیە رێگەیان بۆ روناك بکاتەوە، لەباتی ئەوەی حەشامات ئاراستە بکەن بەشوێنیاندا پەلکێش دەبن. بەم شێوەیە تایبەتە خەڵکی نەتەوە وردە وردە هەژموونیان لەدەست دەدەن، تا سەرەنجام هیچ هەژموونیان نامێنێ.

ئەوەی ئەو پرنسیپانە بڵاو دەکاتەوە کە گوزارشت لە غەریزەکانی عەوام دەکەن و ئامانجیان وێرانکردنی کۆمەڵگەیە نیمچە شێتن کە بە زەعیم و پەیامبەر وەسفیان دەکەین، ئەوانە بەگشتی کەم عەقڵ بەڵام زۆر عینادن و ئامادەن قوربانی بە بەرژەوەندییە شەخسیەکانیان بدەن لەپێناو سەرکەوتنی ئەو مەبدەئە باڵایەی لە دڵیاندا ریشەی داکوتاوە، هەروەها ئەوانە لەبەرئەوەی بەڵێنی بەهەشت بە حەشامات دەدەن کاریگەریی گەورەیان لەسەر رۆحی هەیە، چونکە بەهەشت ئومێدە و ئومێدیش هەمیشە گەورترین بزوێنەری جوڵەیە.

پەیامبەران کە خەیاڵەکانیان دەیانخەوێنن ئەوانیش حەشامات دەخەوێنن و پاڵی پێوە دەنێن بۆ پڕدانە سەرجەم سەختیەکان بەخێرایی، میزاجی دەروونیی حەشامات لە ماوەی چەندین سەدەدا نەگۆڕاوە، زیرەکی ئەگەر توانای گۆڕینیشی هەبێ بەڵام توانای گۆڕینی هەست و ئارەزووەکانی نیە کە چاوساغی راستەقینەی خەڵکن.

مایەی خەمە پەیامبەران تەنیا بە پەیامبەران دەشکێن، هەروەها پەیامبەرانی فەوزا زۆرن لەکاتێکدا پەیامبەرانی سیستم ژمارەیان کەمە، چونکە وەهم دڵ کێش دەکات، بەڵام راستییە ساردەکان ئاگری پەرۆشی و لەسەرکردنەوە لە کەسدا هەڵناگیرسێنن، پاشان چاندنی تۆوی وەهم لە دڵدا لە چاندنی راستیەکان ئاسانترە، ئەگەر بەکرێکارەکانتان وت خاوەن کارەکە دزە و شیاوی ئەوەیە کارگەکەی بسوتێنرێ هەر زوو باوەڕتان پێدەکەن، بەڵام ئەگەر بۆتان روون کردنەوە خاوەنکارەکە ناچارە کرێ کەم بکاتەوە لەبەرئەوەی پێست زەردەکان لە ئاسیا هەمان ئەو بەرهەمانەی ئێوە بە نرخێکی هەرزانتر دروست دەکەن، گوێ ناگرن.

تا ئێستا وەهمەکان بوو کە جیهانیان ژێراوژوور کردوە، زۆر دەوڵەتی مەزن بەکاری هەندێ پرنسیپی عاتیفی کە ئەمڕۆ ئێمە بە تەواو بەتاڵیان دەبینین، نەماون، لەبەرئەوە ئومێدمان نیە عەقڵ لە ئایندەدا رۆڵێکی گەورەتری هەبێ لەوەی لە رابردوودا هەیبووە، جا با خۆمان بۆ گرفتاریی دەسەڵاتی زاڵی وەهمەکان ئامادە بکەین، چونکە وەهمەکان پاش ئەوەی وردە وردە لە دڵدا دەچەسپن، بۆ ماوەیەکی درێژ بە ریشەداکوتاوی دەمێننەوە و کەس ناتوانێ پێشبینی رادەی تێکدەرییان بکات.

لە بەشێکی رابردوودا روونم کردەوە ستەمکاریەکانی شۆڕشی فەرەنسی لە هەندێ پرنسیپی فەلسەفیەوە پەیدا بوون، کە وایان لە گەل کرد غەریزەی بەربەریەتی یەکەم کە لە قووڵایی دڵی تاکەکانیدا پاڵیداوەتەوە، بە بنچینەیەك بۆ مافی نوێ دابنێ، خەڵك لەم سەردەمەیشماندا پێیان وابوو ئەوان بەنووری عەقڵ بەڕێوە دەچن، لەکاتێکدا واقیع ئەوە دەگەیەنێ ئەوان دژایەتیی عەقڵیان کردوە و غەریزە بۆماوەکانیان کاتێ لە هەر سڵەمێن (رادع)ێك رەها بوون بوونەتە چاوساغیان، ئێمە قۆناغی ترس بەناونیشانی نزمترین غەریزەکان دادەنێین، ترس کینایەیە بۆ باڵادەستی غەریزی بەسەر عەقڵیدا نەك بریتی بێ لە باڵادەستی عەقڵی وەك پیاوان و مێژوونووسانی وێنایان کرد.

سەرکەوتن بەسەر غەریزە بۆماوەکاندا لە مێژوودا شتێکی تازەیە، کۆششەکانی کۆمەڵگەکان بۆ بەرهەڵستیکردنی غەریزە سروشتییە ئاژەڵیەکان بووە بەهێزی دابونەریت و یاساکان، دەکرێ بەسەر ئەو غەریزانەدا زاڵ بین بەڵام بەبێ ئەوەی لەناویان ببەین، جارێکیتریش دەرکەوتنەوەیان بەکاریگەریی هەندێ هاندەری وەك بۆ نموونە سۆشیالیزم ئاسانە.

لەڕاستیدا جموجوڵە گەورەکانی گەل زادەی عەقڵ نەبوون بەڵکو بەزۆری خەبات بوون لەدژی عەقڵ. ئەوەی هەوڵ بدات بە مەنتیقی عەقڵی ئەوە روون بکاتەوە کە بە مەنتیقی غەریزەکان کراوە، وا لە خۆی دەکات هیچ لە مێژوو تێنەگات، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمەیش هەر گەڕانەوە بوو بۆ حوکمی غەریزە وەحشیەکان کە دەیانەوێ کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە تێکبشکێنن، ئەوەی خاوەن دەروونە وەهم کوێرکردوەکان بە پێشکەوتنیان دانا لەڕاستیدا گەڕانەوەیە بۆ شێوە دواکەوتووەکانی ژیان.

هەموو شارستانێتیەك پێویستی بە هەندێ فشار و زۆرکاری هەیە، نەتەوەیش بەشارستانی نابێ تا نەزانێ چۆن بەرەگەی ئەو فشار و زۆرکارییە بگرێ، ئەگەر سڵەمێنە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکان نەبوونایە نەتەوەکان لە قۆناغی هەمەجیەت دەرنەدەچوون، کاتێکیش ئەو سڵەمێنانە لاواز دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغانە.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە زادەی شارستانێتین بە کۆششێکی سەرەمڕ نەبێ نامێنن، یەکێك لە فاکتەرە گەورەکانی پووکانەوە ئەوەیە رۆڵەکانی نەتەوە پشت بکەنە درێژەدان بەو کۆششە، ئەو بێتواناییە لەنێوان چینە خوێندەوارەکانی نەتەوەدا تەشەنەی سەندوە، لەبەردەم مسیبەتە کۆمەڵایەتیەکاندا چەك دادەنێن وەك چۆن پێشتر لەبەردەم نەخۆشیەکاندا خۆبەدەستەوە دەدرا، کە سەرەنجام زانست بەسەریاندا زاڵ بوو.

گومان کە هۆی لاوازیمانە رووی لە پەیامبەرە شۆڕشگێڕەکان نەکردوە، پشتەستنیان بە سەرکەوتنیان لە فاکتەرەکانی هێزیان بووە، لەگەڵ ئەوەی کرێکاران هەندێ بەختەوەری و ئاسووردەییان بەدەست هێناوە بەڵام رێبازگەراکان لەڕێی دووبارەکردنەوەوە وایان لێکردون باوەڕیان وابێ ئەوان کلۆڵ و چارە رەشن، کاتێ میراجی دەروونیی کرێکاران کەوتە ئەوەی وردە وردە بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی غەریزە بەراییەکان، ئەو میزاجە خەریکە وەك میزاجی دەروونی هەمەجیەکانی لێ دێ.

گێڕانەوەی کرێکار بۆ قۆناغی شارستانێتی ئاسان نیە، لەبەرئەوە پێویستە بەهای زیرەکی و سەرمایە و کاری بۆ بسەلمێنرێ و وای لێبکرێ بەدبەختیی خۆی لە سیستمە کۆمەڵایەتییە تازەکەدا ببینێ کە بۆی کێشراوە، بەڵام ئەو سەرگەورانە لەکوێن کە بتوانن رێنوێنی بکەن بۆ ئەو شتانە؟

پێویستە رۆڵەکانی چینی ناوەڕاست پشت بەخۆیان ببەستن، نەك لەسەر کۆمەڵگەی بێ پرنسیپی رێکخەر، یان لەسەر حکومەتی لە پەلوپۆ کەوتوو، هاوشێوەی وڵاتی سوید ریزەکانیان رێك بخەن بۆ بەرگریکردن دژی یاخیبوونی چینی کرێکاران، ئەزموون حکومەتی سویدی قاڵ کردوە و فێری کردوە مافی مانگرتن کە رێگە بە کەمینەیەکی یاخی دەدات سەرجەم بەرژەوەندیەکانی وڵات رابگرێ و تۆوی فەوزا لەناو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، لەگەڵ شارستانێتی ناگونجێ، هەروەها وای لێکرد پرۆژەیاسایەك بداتە پەرلەمان بۆ گرێبەندە هاوبەشەکان و سزادانی توندی هەر مانگرتنێك ببێتە کارەسات بۆ وڵات و دانانی دادگەیەکی داوەریکردن بۆ یەکلاکردنەوەی هەر ناکۆکیەك لەنێوان کرێکاران و خاوەنکاراندا.

ئەگەر ئێمە یاسایەکی لەو شێوەیەمان هەبووایە مانگرتنی فەرمانبەرانی پۆستە و مانگرتنی کەشتیەوانان — کە خەریك بوو دەریاوانیی بازرگانیمان لەناو ببات— روویان نەدەدا.

خەریکە ئەزموون وا لە کاربەدەستانی فەرەنسایش دەکات ئەو جۆرە هەنگاوە بنێن، بەڵام بەر لە دانانی یاسای ناوبراو پێویستە هەندێ گۆڕان بەسەر میزاجی دەروونیماندا بێ، ئینکاری لەوە ناکەین راڕایی و شلوشۆڵیی چینی ناوەڕاستمان رێگرن لەوەی بیر لە بەرگری لەخۆکردن بکاتەوە، بەڵام توندیی هێرشەکانی سەری لەوانەیە ناچار بەوەی بکات. مسیۆ (جۆرج سورێل) دەڵێ: "کاتێ خاوەن سەرمایەکان دەبینن هیچ لە گرتنەبەری رێگەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی نابەنەوە و دەزانن بەباشی ئامۆژگاری نەکراون، پەنا بۆهیمەت و چالاکیی رابردوویان دەبەنەوە، کەواتە تەنیا چینی کرێکارانن چینی ساماندارانن ناچار بە پەنابردن بۆ توندی لە ململانێ پیشەسازیەکەدا دەکەن".

ئەوەی گەرەکیەتی بژی با بەبەهێزی بمێنێتەوە، لەو قۆناغەی جیهان تازە پێی تێناوە کەس ناتوانێ پارێزگاری لە شتێك بکات کە نەزانێ چۆن بەرگری لێ بکات، چینی ناوەڕاستی ئێمە ئەگەر دەیەوێ لەو کێشانەی تادێ قوولێ دەبنەوە سەربکەوێ، دەبێ خۆی بە هەندێ چاکە بڕازێنێتەوە و واز لە هەندێ ناتەواوی بێنێ، زیادەڕەوی لە چێژبینین لە شتە بەنرخەکان و کەمالیاتەکان کە کرێکار پێی وایە بەرهەمی کاری خۆیەتی رقێکی وای لەلا دروست دەکات کە سەرجەم وتارە ئیشتراکیەکانیش ئەوەیان پێ ناکرێ.

ئەگەر بەراورد لەنێوان چینی ناوەڕاستی ئێمە و چینی ئەریستۆکراسیەکانی ئینگلیز لەم ساتەدا و چینی ئەریستۆکراسیی فەرەنسی کۆندا بکەین دەبینین چینە ناوەڕاستەکەی ئێمە بەخێرایی پیر دەبێ، هەروەها تەنیا بەو رەگەزانە ماوە کە لە چینی خوارووەوە وەریاندەگرێ و پێیان بەهێز دەبێ. ئەوەیشمان بەلاوە زۆر سەیر نیە، چونکە چینە ئەریستۆکراسییە کۆنەکان تەنیا بەهۆی مافە بۆماوەکانیان دەمان کە پێویستیان بەوە نەبوو خاوەنەکەی هیچ باشتربوونێکی هەبێ، ئەوەیش بەپێچەوانەی ئەریستۆکراسیەتی زیرەکی کە بەبێ چاکتربوونی عەقڵی تاکەکانی دانامەزرێ، لەو رووەیشەوە یاساکانی بۆماوە زوڕەیەتی تایبەتە خەڵکی نەتەوە بۆ نموونەی ناوەڕاست دەگێڕنەوە —وەك لە کتێبی (نهێنی پەرەسەندنی نەتەوەکان)دا روونم کردۆتەوە— ئەوا چینی تایبەتە خەڵك ناچار دەبێ پشت بەو چینە ببەستێ کە لە دوایەوەیە.

کەواتە سروشت هەندێ جار یەکسانکەرە، بەڵام نەك بەو شێوە سۆشیالیستەکان خەون دەبینین، چونکە سروشت زوڕیەتی دەستەبژێری خەڵك لە ئایندەدا دەگێڕێتەوە بۆ ئامێزی یەکسانی، بەڵام سۆشیالیستەکان خوازیارن دەستبەجێ خەڵك یەکسان بکەن.

وادیارە رۆحی بەرگریکردن ئەمڕۆ لە پۆلە باڵاکانی چینی ناوەڕاستدا دروست نابێ، بەڵکو لە پۆلە نزمەکانیدا وەك دوکاندار و وردە فرۆشان، ئەوانە کە هەڕەشەیان زۆریان لەسەرە و بەرگرییان کەم بووە، دەرکیان بە زەرورەتی پشت بەخۆبەستنیان کردوە، لەبەرئەوە دەستیان کردوە بە رێکخستنی کاروبارەکانیان تا شان

بدەنە ژێر ئەرکەکانی ململانێکە، ئەوان ئێستا دەبنە ئەندامی سەندیکاکان و کۆمەڵە پێکدێنن و بەنیازی پێکهێنانی یەکەی تایبەتن بۆ پاراستنیان، کە لەوەدا چاو لەو نموونەیە دەکەن سوید پێشکەشی کرد.
ئەوەیش تەنیا تایبەتە بە بەرگریکردنی راستەوخۆ دژی ستەمکاریەکان، بایەخدارتریش دەبوو ئەگەر لەسەر هەندێ پرنسیپی نەگۆڕ دابمەزرایە کە بتوانن لەناو ئەو فەوزایەی دەمانجنێ بمانخەنە سەرپێ و رێگەمان بۆ روناك بکەنەوە و دنەمان بدەن بۆ خەباتکردن لەدژی ئەو هێزانەی وردە وردە پایەکانی بنیاتە کۆمەڵایەتیەکە هەرەس پێ دێنن.
ئێمە ئاتاجی پرنسیپی نەگۆڕی لەو جۆرەین، ئەوەی سەیری رۆژنامەکان بکات رووداوی ئەوتۆ دەبینێ کە ناونیشانن بۆ هەندێ باری دەروونی کە مایەی سەرسوڕمانی پیاوانی ئایندە دەبن، ئای چ کارێکی سەخیفانە بوو ئەوەی خۆپیشاندەران کردیان کاتێ لەگەڵ نوێنەرەکەیان رێگەیان لە رۆیشتنی شەمەندەفەری خێرای (فیلنوف لروا) گرت، تا کۆمپانیاکە ناچار بکەن وێستگەیەکیان بۆ دابمەزرێنێ!
کاتێ بێنرخکردنی یاساکان دەبێتە شتێکی گشتی و بنەمای دەسەڵات نامێنێ و سیستم کە بناغەی شارستانێتییە لەبەریەك هەڵدەوەشێ، ئەوکاتە نزیك دەبێتەوە کە تێیدا کۆمەڵگە لە بناغەکەی تێدەگات، ئەمرۆ هیچ شتێك جگە لە هێز شیاوی رێزگرتن نیە، فەرمانبەر لەبەردەم سەرۆکەکانیدا لوتبەرزە، کەشتیەوان لەبەردەم کاپتنەکەیدا، کرێکار لەبەردەم وەستاکەیدا، هەروەها دەسەڵاتە کۆنەکان هەموو رۆژ پێگەکەیان لەدەست دەدەن، قازیەکان دادپەروەرانە حوکم نادەن و ساماندااران لە دزان ناپارێزن، حکومەت پارێزگاری لە رۆڵەکانی نیشتمان دژی توندوتیژ و دڵڕەقان ناکات، هیچ چالاکیەك پیشان نادات جگە لە چەوساندنەوەی راهیبان و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانەکانیاندا.
ئەوە شارستانێتیەکە خەریکە بەچۆکدا دێ، هاوشێوەی ئەو رووداوانە لە کۆتاییەکانی سەردەمی (دیرکتوار)دا پاش فەوزایەك کە دە ساڵی خایاند، روویان دا. بەڵێ، دەستی ئاسنینی ناپلیۆن توانی سیستم بگێڕێتەوە بەڵام قوربانیەکی زۆر درا، ئایا ئێمە ئێستا لە دۆخێکداین بتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەزموونانە؟
کەواتە رێگر چییە؟ روو لە کێ بکەین؟ با روو لە خۆمان بکەین نەك لە پیاوانی حکومەت و یاسادانەران، ئەو دەسەڵاتدارە یاسادانەرانە کە ئازادی و پێگە و هێزی خۆیان لەدەست داوە، چییان پێدەکرێ؟ ئەوان جگە لە گوێڕایەڵیکردنی ویستی لیژنەکان وەك گوێڕایەڵیکردنی بەندە بۆ گەورەکەی، بیر لە هیچیتر ناکەنەوە.
مسیۆ (ریمۆن پوانکارە) لەم دوواییەدا روونیکردەوە ئەو نوێنەرەی هەندێ جار لەبەردەم پەرلەماندا خۆبەزلزانە، تەنیا دەلاڵێکە "هیچ هەنگاوێك نانێ بەبێ ئەوەی گوێی لە زڕەی زنجیری بەکۆیلەکرانەکەی بێ" و چاوتروکانێك لە "سوژدەبردن لەبەردەم دەسەڵاتی لیژنەکانی هەڵبژاردندا" دوا ناکەوێ.

کەواتە ئەو نوێنەرەی هەڵبژێردراوە و ئیتر جگە لە خەمی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی لە خەمی هیچیتردا نیە و بۆ ئەو مەبەستە مل بۆ نزمترین غەریزکانی حەشامات کەچ دەکات، ئەو کەسە لەڕاستیدا مەترسییە لەسەر کۆمەڵگە.

بێمانایە دان بەوەدا نەنێین جڵەوی کاروبارەکان بەدەست عەوامەوەیە، عەوامیش لەو رووەوە بەرژەوەندییە خودییەکانیان نازانن و ئیرەیی (حەسوودی)ش بەسەریاندا زاڵ بووە، خەونیان تەنیا دەستگرتنە بەسەر سامانەکان –کە بەرهەمی زیرەکین– و هەڵوەشاندنەوەی گشت باشترینەکان، تا کار گەیشتە ئەوەی داوای داماڵینی سەرمایەکان بکەن کە هچ پیشەسازیەك بەبێ ئەوانە پێش ناکەوێ، ئەوەتا دارایيمان بەکاریگەریی ئەوان رۆژ بەڕۆژ بەرەو مایەپووچی پاشەکشە دەکات، حوکمی مێژوو لەسەر ئەو کۆیلانە قورس دەبێ کە شوێن ئەو جۆرە گەورانە دەکەون و هیچ هەوڵێك نادەن بەرچاوی خۆیان روناك بکەنەوە.

کۆیلەکانی حکومەتی میللی پێیان وایە ئەوان بە یاسا کۆمەڵگە نوێ دەکەنەوە و یەکسانی بەرقەرار دەکەن و سامان لە دەست خاوەنەکانیان دەردێنن، بەتاڵیی ئەم مەیلانەمان روون کردەوە کە یاسادانەرانمان بەبێ بێزاربوون هەوڵیان بۆ دەدەن، هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی یاسا تەقدیرکراوەکانی سروشت و بەرقەرارکردنی یەکسانی لەکاتێکدا سروشت جیاوازبوونمان بەسەردا دەسەپێنێ، بەزیانی حکومەت تەواو دەبێ، وەك هەوڵی ئەو خاوەن کارگەیەی دەیەوێ یاساکانی حیکمەتی سروشتی و میکانیك پێشێل بکات.

لێرەدا گەڕان بەدووای ئەو رێسا ئەدەبیانەی کۆمەڵگەکانی ئایندە ئاراستە دەکەن سوودی نابێ، ئەرکی سەرشانمانە گرنگیی تایبەت بە دیراسەکردنی رێسا باوەکانمان و ئامرازەکانی بەردەوامبوونیان و چۆنێتیی رووبەڕووبوونەوەی پاشاگەردانی، بدەین.

ئەو بنەما رێکخەرانەی توانای سەرکردایەتیکردنی گەلیان هەیە، ئەگەر تۆکمە و رێزگیراو بن مەرج نیە ژمارەیان زۆر بێ، ئەوە بوو پەرستنی رۆما کە نموونەی باڵای رۆمان بوو، نهێنیی مەزنی رۆما بووە تا ئەمڕۆ کە ئەو پەرستنەی تێدا لاواز بووە.

ئێمە هەروەها پێویست تێبکۆشین بۆ بەرگریکردن لە پرنسیپی نیشتمانی، کە ناونیشانی سیستمە ئەخلاقیەکەمانە، ئەم پرنسیپە لە فەرەنسا بە فیتی سۆشیالیستەکان کەوتۆتە بەر لێدان، چونکە دەزانن ئەگەر ئەو پرنسیپە –کە بناغەی بنیاتی کۆمەڵایەتییە– هەرەس بێنێ، ئەوا بنیاتە کۆمەڵایەتیەکە بەیەك تەکان دەڕوخێ.

زۆر لقە پرنسیپیتر لەو پرنسیپە ناوبراوە دەبنەوە نەخاسمە ئەو پرنسیپەی دەڵێ نەتەوە بەبێ سوپا و زنجیرەی ئاستەکان و رێزگرتنی دەسەڵات و پێگەیشتنێکی دەروونی نابێ، حزبێکمان نیە نکوڵی لەم ماکانە بکات جگە لە حزبی شۆڕشگێڕەکان، چونکە سەرجەم حزبەکان دەیانەوێ ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین بەردەوام بێ.

خۆشەویستیی نیشتمان ئەو بەستەرە کۆمەڵایەتییە راستەقینەیەیە کە نەتەوە بەبێ ئەوە هیچ هێزێکی نیە، نیشتمان ناونیشانی کەلەپووری سەدەکانی رابردووە، لەو رووەوە ناتوانین بەبێ ئەو بژین، دەبا لەپێناویدا بژین، سەرانی کودەتا تورکییە نوێکە هەر بەوە خۆیان لای خەڵك خۆشەویست دەکرد کە داوای نیشتمانپەرستییان لە خەڵك دەکرد، لە راگەیەنراوێکیاندا هاتووە: "نیشتمان لای هەموو مرۆڤێکی ویژدان زیندوو لە باوك و دایك پیرۆزتر و لە هەموو شتێکی جیهان ئازیزترە".

جێی داخە نیشتمانپەرستی کە مەزنیی رۆمای لەسەر دامەزرا و یارمەتیی ئەڵمانیا دەدات تا پشکێکی گەورەی لە پێشکەوتندا هەبێ، لە وڵاتەکەی ئێمە رووی لە لاوازی کردوە. لە ئەڵمانیا لەناو چینە خوێندەوارەکاندا بڵاو دەبێتەوە، لە ئەمەریکایش لەڕێی زانکۆکان و لەنێو چینەکانی عاممەیشدا لەڕێی مامۆستا بچوکەکانەوە، جا ئاخۆ لە فەرەنسایش پشت بە ئوستاد و مامۆستاکان ببەستین تا ئەو کارەمان بۆ بکەن؟ پێمان وانیە ئەوە بکرێ.

کاتێ مامۆستایان دەچنە ریزی سەندیکاکان کە داوای رقبوونەوە لە سوپا و نیشتمان لە خەڵك دەکەن، دەبێ چاوەڕوانی چی بین لەو نەوانەی لەسەر دەستی ئەوان پێگەیەنراون؟ کاتێ خەڵك نەفرەت لە وڵاتەکەیان دەکەن و لە یاساکانی یاخی دەبن، ئیتر کۆمەڵگە پشت بە چ کۆڵەکەیەك دەبەستێ تا زیندوو بمێنێ؟

ئەوە راستیەکەیە، لە دووبارەکردنەوەیشی ماندوو نابین، سۆشیالیستەکان راگەیاندنی پرنسیپەکانیان کە کفر بە سەرمایە و سیستمی ئێستا دەکەن دووبارە دەکەنەوە، بەکاریگەریی دووبارەکردنەوە توانیویانە حەشامات بە راستیی تیۆرەکانیان قانع بکەن، لەڕاستیدا حەقیقەت لە دڵەکاندا ریشە داناکوتێ تا زۆر دووبارە نەکرێتەوە، ئەگەر ئەوانەی بەرگری لە کۆمەڵگەی ئێستا دەکەن بە باوەڕێکی ئاگرینی وەك باوەڕی شۆڕشگێڕەکان زاخاو درابن و بەهەمان هیممەتی ئەوان بڵاویان بکردایەتەوە، ئەوانە بەخێرایی دەشکان.

ئەو ساتە نزیك بووەتەوە کە تێیدا پێویستە هەریەك لە پارێزەرانی کۆمەڵگەی ئێستا لای خۆیەوە ببێتە پەیامبەری بەرگری لە بنیاتی کۆمەڵایەتی دژی بەربەریەتی تێکدەرانی سۆشیالیستەکان، چونکە سەرکەوتنی ئەوانە دەبێتە مایەی ئیفلاسی گشتی و شەڕی ناوخۆ و داگیرکردنی وڵات لەلایەن بێگانەوە، بەرگریکردن لە نیشتمان و بەگژاچوونەوەی فەوزا بووەتە ئەرکێك کە نابێ کەس خۆی لێ بدزێتەوە.

ئەو رێسا ئەدەبیانەی لە بنەمای نیشتمان دەتاشرێن، بۆ دامەزراندنی بنیاتی کۆمەڵایەتیی نەتەوە بەسن، هێزیشیان لەسەر رادەی کاریگەرییان لەسەر دەروونەکان دەوەستێ، ئەگەر پشتبەستنیان تەنیا بە یاساکان بێ لاواز دەبن.

ئەوە دەستوور و سیستم و کەشتیگەل و سوپاکان نین کە یەککگرتن لەنێوان بەشەکانی نەتەوەدا دروست دەکەن و مەزنی پێدەبەخشن، بەڵکو هێزی راستەقینەی نەتەوە لە نموونە باڵاکانیدایە. نموونەی باڵا (المثل

الاعلى)يه كه –سەربارى شاراوەييشى– شته بەرچاوەكان دێنێته كايه و دەروونەكان رابەرايەتى دەكات، نەتەوە بۆ ئەوەى نموونەيەكى بالا بەدەست بێنىٚ زۆر سەدە دەبينىٚ، كاتێكيش ئەو نموونەيە لەدەست دەدات دەكەوێته ناو قۆناغى هەمەجيەت.

كاريگەرترين فاكتەرەكانى پووكانەوە تێماندا پاشەكشەى ئەخلاقە، ئەمرۆ ژمارەى ئەو تايبەته خەلَكانە زۆر بوون كه سەربارى پێويستيى زۆريشيان پێى ئەخلاقى چالاكى تێياندا لاواز بوو و راڕايى و رابواردن لايان بالادەسته.

هەرچى شۆڕشگێڕه دەمارتوندەكانن كه دەمارگيريەكەيان چالاكيەكى پىٚ بەخشيون، زۆر مەترسيدارن، ورە لاوازەكان لەبەردەم ورەى بەهێزياندا دەچەمێنەوە، مەترسيەكەيان نەگەيشتۆته ئەو رادەيەى له ئايندەدا پێى دەگات، ئەو كۆمەلَگەيەى هەموو رۆژ هەولٚ دەدەن كۆلەكەكانى هەلَتەكێنن هێشتا بەسايەى هەندىٚ دابونەريتى كۆمەلايەتى ماوەتەوە، كه له رابردووەوە بۆى هاتوون.

واديارە تەنيا مردووەكانن كاريگەرييان لەسەرمان هەيه و يارمەتييان بۆمان بەردەوام نابىٚ، كاريگەريى رابردوويش بەبىٚ بوونى يارمەتيدەرێك له ئێستادا نامێنىٚ.

كاتى ئەوەيه دواى روونكردنەوە درێژەكەمان له دەرگاى ئەنجامگيرى بدەين، ئەوەيش به روونكردنەوەى ئەوەى رووداوە سروشتى و ژيانى و كۆمەلايەتيەكان شوێنكەوتەى زەرورەتێكى بالادەستن.

جيهانى مەعريفه نيو سەدەيه ئاسۆكانى فراوان بوون، ئەو دۆزينەوانەى لەو ماوەيەدا كراون كۆمەلىٚ تيۆريشيان بەمەبەستى تەفسيركردنيان بۆ زياد كراوە، پاشان زانستى نوىٚ واز له هەولَى دۆزينەوەى توخمێكى جێگير له جيهان و نيشانەيەك كه به تێپەڕينى سەردەمەكان نەگۆڕىٚ، دێنىٚ،.. ئيتر هەموو شت له ديدى ئەودا لەناو دەچىٚ، تەنانەت ماددە كه پێى وابوو نەمرە ئەبەديەتەكەى لەدەست دا، بەو شێوەيه بێبارى (التقلب) جێگەى ريشەداكوتاوى و چەسپاوى دەگرێتەوە.

ئاستەمه پەى به هۆى هۆكانى شتەكان ببەين، ئەوەى دەتوانين بيزانين پەيوەنديى رووداوەكانه بەيەكترەوە. ئەزموونەكان (پوانكارە)يان بۆ ئەم ئەنجامه دووره قوولَه چاوساغى كرد كه "هەموو حەقيقەتێك لەم جيهانه رێژەييەماندا درۆ و بوهتانه".

زانست به وازهێنانى له شەرحه سادەكان لەجێى سونەنه[١٠] گشتييه گەورەكان كۆمەلىٚ عيللەى زۆر بچوكى دانا، فێرى كردين جيهانى سروشتى و جيهانى زيندەگى و جيهانى كۆمەلايەتى دەستكردى كۆمەلىٚ زاتياتى بچوكن، ئەو زاتياتانەيش تا تەنها بن هيچ كارێكيان نيه و لەكاتى چوونيان بۆ پالٚ يەكتر زۆر بەهێز دەبن،

---

[١٠] سونەنه گشتيەكان (السنن العامه)، بەماناى ياسا گشتيەكان ئەو بوارە دىٚ. زۆرجار بۆ چەندين وشەى زمانێكى بێگانه تەنيا وشەيەكى كوردى هەيه، بۆ نموونه لەبەرانبەر وشەكانى (ناموس، سنه ياخود سنن، قانون) له كورديدا هەر وشەى (ياسا)مان هەيه. زۆر نموونەيتريش هەن. جا بەكارهێنانى يەك وشه بۆ ئەو چەند وشەيه كار له جوانيى دەقەكه دەكات، لەبەرئەوە وەرگێڕ ناچار دەبىٚ جاروبارەئەو وشانه وەك خۆيان به رێنووسى كوردى بنووسێتەوە، بەتايبەت كاتىٚ ئەو وشانه لاى خوێنەرى كورد ئاشنا بن و له زمانى رۆژانەدا بەكار بێن. وەرگێڕ.

بەم شێوەیە وڵاتان دامەزراون و شارەکان پێکهاتوون، رووەك سەوز بووە و ژیان ماوە و مرۆڤ تەلاری شارستانێتیەکانی بنیات ناوە.

هەروەها زانست بەروونکردنەوەی رۆڵی زۆریی هۆ یاخود عیللەکان و پێکەوەبیان لە دروستکردنی رووداوەکان و پەرەسەندنیاندا، ئەوەیشی سەلماندوە کە زاتیاتە جیاوازەکان لە گەردیلەی سروشتی و گەردیلەی زیندەگی بەبێ کاریگەری دەمێننەوە ئەگەر هێزێکی رێکخەر لەنێوان کارەکانیاندا پێکنەهێنن.

لە سەرنجدانیشمان بۆ رەگەزەکانی بازنەی سروشتی یان بازنەی زیندەگی (حیوی) یان بازنەی کۆمەڵایەتی، دەبینین هێزە رێکخەرەکان بۆ دیاریکردنی ئاراستەیان گرنگن، هەرکات ئەو هێزانە کار لەو رەگەزانە نەکەن، ئەمانەی دووایی دەبنە تۆزێکی بێکەڵك، هێزی رێکخەری خانەی خاوەن ئەندام بریتییە لە ژیان، هەرکات ژیان وەستا مردن دێ، لە تاکەکانی کۆمەڵگەیشدا بابەتەکە بەهەمان شێوەیە.

هێزە رێکخەرەکانی بازنەی بەشەری بریتین لە بیروباوەڕەکان و نموونە باڵاکان و...هتد، ئەم هێزانە –ئەگەر توانیشیان ناویان بگۆڕن– نامرن، هەموو نەتەوەیەك لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا پێویستی بە بیروباوەڕ و شمشێر و زانست و خەیاڵ هەبووە، جا ئەگەر لە یەکێك لەو هێزە رێکخەرانە مەحروم بوو و ملکەچی هەندێ هێزی مۆلەقی خاوەن ئارەزوو بوو، تووشی فەلاکەت دەبێ.

لەنێو ئەو هێزە جیاوازانەی مرۆڤ بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو هێزانەی دەوریان داوە لێیان بەهرەمەندە، باسی ئیرادە دەکەین، چونکە ئیرادە بووە کە شتە سەرسوڕهێنەکانی زانست و هونەرەکان و هەرچی شارستانێتیەکانی پێ رازاوەتەوە، لە عەدەمەوە هێناوەتە کایە.

ئەگەر لە زنجیرەی مێژوو ورد بینەوە و لە چۆنێتی گەیشتنی هەندێ نەتەوە بە پلەی بەرزی شکۆ و مەزنی و ئەو شێوەیەی سەرانی فیکر گرتویانەتە بەر بۆ ناچارکردنی جیهان بە تەسلیمبوون بە نهێنی و شاراوەکانیان، بکۆڵینەوە، دەبینین هەموو ئەوە کردەی ئیرادەیەکی بەهێزە، پاشان ئەگەر لە هۆی فەوتانی زۆر لە نەتەوەکان و سەرەنجام ملکەچبوونی رۆما –کە پاشای جیهان بوو– بۆ حوکمی بەربەرەکان بکۆڵینەوە، دەبینین بەهۆی لاوازیی ئیرادەوە بوون.

کەواتە ئیرادە سەرداری تاك و گەلانە، دەبا ئامانجی پەروەردەیش بەهێزکردنی ئیرادە بێ نەك لاوازکردنی، زەحمەتی لە بەدەستهێنانی ئیرادەی کاتیدا نیە بەڵکو لە بەدەستهێنانی ئیرادەی بەردەوامدایە، ئیرادەی بەهێز بێئومێدی لە دەرووندا ناهێڵێ، بەهۆیەوە مرۆڤ چیا لەبن دێنێ و هەموو شت دادەهێنێ.

ئەگەر مێژووی نوێ هەندێ نەتەوەمان پیشان دەدات بەرز دەبنەوە و هەندێ دەوەستن و هەندێکیش دوادەکەون، ئەوا بەباشی وردبوونەوە بۆمان دەردەخات هەموو ئەوە زادەی جیاوازییە لە ئیرادەی ئەو نەتەوانەدا، ئەوەی لە جیهاندا باڵادەستە ئیرادەیە نەك قەدەر.